# تەمەنێک

گۆرانی، ئاواز، مۆسیقا و خۆشخوانی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# تەمەنێک

## گۆرانی، ئاواز، مۆسیقا و خۆشخوانی

بەشی یەکەم لە ژیاننامەی باکووری



کتێب: تەمەنێک گۆرانی، ئاواز، مۆسیقا و خۆشخوانی - بەشی یەکەم لە ژیاننامەی باکووری
نووسینی: باکووری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٧٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
پیت لێدان: تریسکە ئەحمەد
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٤٧٧)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# پێشەکی

ئەم بیرەوەرییانەم کە لێرەدا، لەم کتێبەدا دەیاننووسم، لە ڕاستیدا نووسراون... وەنەبێ دانیشم و سەرم بخەمە ناو هەردوو لەپی دەستم و تێفکرم و شت بهێنمەوە بیری خۆم، ئینجا بیاننووسمەوە! نەخێر.

ئەو شتەی دەیخوێنیتەوە، خوێنەری بەڕێز، ڕۆژانە لەو (ڕۆژژمێرانە)ی کە لە سەرەتای هەموو ساڵێک دەردەچن و من دەمکڕین، ئینجا لە ژێر ئەو (ڕۆژ و مێژووە)ی کە لە لاپەڕەکانی (ڕۆژژمێرەکە)دا دەنووسرێن وەک ئەو نموونانەی دوای ئەم قسانە نیشانم داون. من تێبینی و ڕووداو و هەواڵ و تەنانەت (کەش و هەوا)شم دەنووسی... و بەدرێژایی ساڵانی ژیانم هەر لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە تاکو ئەمڕۆش، بەردەوام لە لاپەڕەکانی ڕۆژژمێرەکانم دەنووسییەوە. وایان لێ هات دوو سندوق پڕبوون لەو ڕۆژژمێرانە! هەڵسام چیم کرد؟ چەند دەفتەرێکی گەورەم کڕی و دەستم کرد بەگواستنەوەی ناوەڕۆکی یا نووسینەکانی ناو ڕۆژژمێرەکان بۆ ناو ئەو سیجلانە... ڕەنگە سێ ساڵی پێ چوو تا زانیاری و بیرەوەرییەکانی سەرەتای یەکەم ڕۆژژمێر تا کۆتایی ساڵی١٩٧٥م نووسییەوە...

لە پاشان، سەیرم کرد ئەو مەساحە بچکۆلەی کە بۆ هەر ڕۆژێک تەرخان کراوە لە نێو (ڕۆژژمێرەکان) زۆر کەمە و بچووکە: زۆر جار بەشی هاتوچۆ و چالاکی و چاوپێکەوتنم لەگەڵ برادەران و گفتوگۆم لەگەڵیانا، ناکات! بۆیە ئینجا بۆ هەر ساڵێک، لە سەرەتاوە، دەفتەرێکی ئاسایی... وەک ئی قوتابیان کە ٢٠٠ - ٣٠٠ وەرەقەی تێدابێ، لەوانەم دەکڕی و ئیتر ڕووداوەکانی ڕۆژانە و کەش و هەوا و... تاد، بەفراوانی و درێژی دەمنووسینەوە.

جا، لە ساڵی ١٩٩٧دا لە مانگی ئابی ئەو ساڵە، لە گۆڤاری «ڕامان»ەوە ویستیان چاوپێکەوتنێکم لەگەڵدا بکەن. کاک ئازاد و کاک مەحموود زامدار گوتیان وێنە و بیرەوەریت. پێویست دەبێت، ئەگەر بتوانی بۆمان ئامادە بکەیت! ڕۆژی پاشتر سێ (سجل)ی گەورەی وەک سجلی (تەجنید) و دە دوانزە دەفتەری زیاتر لە سەد وەرەقە لە هەریەکیان و زەرفێکی گەورەی پڕ لە وێنەی فۆتۆگرافی... ئەمە جگە لەوەی کە لە ناو دەفتەر و سجلەکانیشا، لەگەڵ هەر هەواڵێک یا بیرەوەرییەک، وێنەکەم دانابوو... ئەوانەم هێنا و لەسەر مێزەکەم دانا... گوتم (فەرموون... ئەوانە بیرەوەرییەکانم... لێیان هەڵێنجن...) ئەوانیش، لە ڕاستیدا واقیان ورما! کەس شتی وای نەکردووە!



بەهەرحاڵ، دەشڵێن «هەموو شتێک پێویست نییە لە بیرەوەرییاندا بنووسرێ»... بەڵام وابزانم لەم بیرەوەرییانەمدا، خوێنەر وەڕس نابێ و شتی بەسوود و بەکەڵکیشیان تێدایە... وەک سەرچاوە بۆ هەندێ کەسی کە بیانەوێ سوودیان لێ وەرگرن و هەروەهاش هەندێ لە بیرەوەرییەکانیش ڕەنگە زەردەخەنەیەک یا دڵخۆشییەک یا ڕەحەتییەک بەخوێنەران ببەخشن!.

ئەم بەشەی - یەکەم - بیرەوەرییەکانم... لە ڕۆژی لە دایکبوونمەوە دەست پێ دەکەن: «چونکە وەختە بڵێم ئەو ڕۆژەشم لە بیرە!!» تا دوا ساڵانی پەنجاکان دەگرێتەوە و، هیوادارم تەمەن ڕێ بدا و بەهیممەت و یارمەتی خۆشەویستانم هەڤاڵانی دەزگای ئاراسی چاپەمەنی لە هەولێر و هاوڕێی بەڕێز و نازدارم کاک بەدران ئەحمەد حەبیب و هەموو کارمەندەکانی ئەم دەزگایە گرنگە، ئەم بەرهەمەم دەکەوێتە بەردەست خوێنەرانی کورد.

تەمەنیان درێژ بێ و تەندروستییان هەمیشە باش بێ و خوا پاداشتی کارەکانیان بداتەوە کە بۆ خزمەتی وشەی کوردی دەکەن.




وێنەی (١)



الخميس
٧ شباط ( فبرودي ) غ
١٣ رمضان ه ٢٥ كانون ثاني ش
ياشر بزراعة البطاطة

الجمعة
٨ شباط ( فبرودي ) غ
١٤ رمضان ه ٢٦ كانون ثاني ش
ولادة الامام الحسن بن علي [ ع ] سنة ٣ ه
هياج الرياح الجنوبية
بالعدل ثبات الملك

السبت
٩ شباط ( فبرودي ) غ
١٥ رمضان ه ٢٧ كانون ثاني ش
أوان غرس الأشجار الدائمة الأوراق ــ اختلاف الرياح

الاحد
١٠ شباط ( فبرودي ) غ
١٦ رمضان ه ٢٨ كانون ثاني ش
غزوة بدر الكبرى سنة ٢ ه
انكسار قوة البرد ــ أوان تقليم الكروم
أطلب الجار قبل الدار

وێنەی (٢)

**تێبینی:**

لە وێنەی (یەک) - کۆپی بەرگی ناوەوەی ڕۆژژمێری (المفکرة العصریة)یە ئی ساڵی ١٩٦٣ کە هێشتا (زەعیم عەبدولکەریم قاسم) حاکمی عیراق بوو، ئەگەرچی ناوی ڕەسمی (سەرۆک وەزیران) بوو. بەڵام لەو ساڵەدا، تەنها مانگێک و حەوت ڕۆژ حوکمی کرد و سەرکردە بوو چونکە لە ٨ی شوبات بەعسییە فاشیستەکان ئینقیلابێکی خوێناوی جەرگبڕیان بەرپا کرد و عەبدولکەریم و هەزارەها هاووڵاتییان شەهید کرد. جا لە خوارەوەی واتا وێنەی (٢) بیرەوەرییەکانی خۆم نووسیوە بەعەرەبی ئی ڕۆژی ٨ و ٩ و ١٠ی شوبات.



مفكرة اندريوس باكوسي
مدرس خ متوسطة الجمهورية
اربيل

هوشیار محمد حاجی عزیز قەفتان
١٩٧٠
روژ ژمێری هاوسەر
ساڵی سێ یەم

بە ڕەزامەندی ( وزارة الثقافة والاعـلام )
لە چاپ دراوە

چاپخانەی کامەران ـ سلیمانی تلفون ٦٠٨

وێنەی (٣)





چوار شەمە
١٨ ی مارت
١١ محرم ٢٧ ی ڕەشـەمە

هەینی
٢٠ ی مارت
١٣ محرم ٢٩ ی ڕەشـەمە

پێنج شەمە
١٩ ی مارت
١٢ محرم ٢٨ ی ڕەشـەمە
مزدە بێ ، سـاڵ گەڕایەوە

شەمە
٢١ ی مارت
١٤ محرم ١ ی نـەورۆز
جەژنی پیرۆزی نەتەوەی کورد
( سەری ساڵی کوردی ٢٥٨٢ )
جەژنی دایک
ئاگری نەورۆز کرایەوە

وێنەی (٤)

**تێبینی:**

لێرەدا، ئەمجارە وێنەی بەرگی ڕۆژژمێری (هاوسەر)م داناوە کە ئی ساڵی (١٩٧٠)یە لە ساڵانی شەست و حەوت بەولاوە دەردەچوو.

لە خوارەوەش (واتا وێنەی ژمارە ٤) لە لاپەڕەکانی ڕۆژانی ١٨ و ١٩ و ٢٠ و ٢١ی مارت (ئادار)، بیرەوەرییەکانی ئەو ڕۆژانەم نووسیوە لە ناو ڕۆژژمێرەکەم. لە ڕۆژی ١٨ی مانگ لەگەڵ کاک فوئاد ئەحمەدی گۆرانیبێژ و هاوڕێم، لەسەر دەعوەتی ئێزگە، بەترومبێلی کاک فوئاد چووینە بەغدا و لە ئوتێل کەیفی دابەزین. ڕۆژی ١٩ی مانگ پڕۆڤەمان دەکرد بۆ ئاهەنگی نەورۆز. بەشەو بەتەنیا چوومە ماڵی هاوڕێم ئەفسەری کورد (زەعیم وەحید بامەڕنی) - ٢١ی مانگ و ٢٢ی مانگ ئاهەنگەکان بەردەوام بوون.



روژژمێری پیرەمێرد
نەریمان
چاپی یەکەم
ساڵی
١٩٧١ ی زایینی
١٣٩٠ ـ ١٣٩١ ی کوچی
٢٦٧٠ ـ ٢٦٧١ کوردی ـ مادی ـ
١٣٤٩ ـ ١٣٥٠ فارسي ـ هیجري شمسی ـ
بەیارمەتی ( ڕیکخراوی ماموستایان ) چاپکراوە
نرخي ١٥٠/ فلسە
لەچاپخانەی [ المینـــاء ] لەبەغدا چاپکراوە
طبعت بموافقة وزارة الثقافة والاعلام
هيئة رقابة المطبوعات

وێنەی (٥)



سێشەمە ١٣ تەموز (غ) ٢١ جمادی الاولی
٢٢ پووشپەڕ [ك] تیر [ف] ١ تەمموز «ش»
٣،١٢ سر ٥ ٧،١١
چوارشەمە ١٤ تەمموز «غ» ٢٢ جمادی الاولی
٢٣ پووشپەڕ (ك) تیر (ف) ٢ تەمموز (ش)
شورشی [فرنسە] ورووخاندنی باستیل ١٧٨٩ ز
بیرەوەری شورشی عیراق ٩٥٨ ز
خواهەقی بزنی بێ شاخ ئەسێنێ ١٤٧

وێنەی (٦)

**تێبینی:**

وێنەی ٥ بەرگی ناوەوەی (ڕۆژژمێری پیرەمێرد)ە، ساڵی ١٩٧١. وێنەی ٦ لە مێژووی (سێشەممە ١٣ی تەمووز) نووسیومە کەوا ئەدیب و نووسەر کاک (مەم) هەواڵی گوازتنەوەی شوێنی بەڕێوەچوونی (کۆنگرەی نووسەران) لە (ناوپردان)ەوە بۆ هەولێری پێ ڕاگەیاندم چونکە فڕۆکەی حکومەتی بەعس ناوپردانیان (قصف) دەکرد. ڕۆژی ١٤ی تەمووزیش، کاک ولیەم یوحەننا و کاک ئەنوەر قەرەداغی و مناڵە هونەرمەند (تۆفیق)م دەعوەت کردبوونە ماڵەوە بۆ نیوەڕۆ. ئەوان هاتبوونە هەولێر لەگەڵ تیپەکەیان.


وزارة الداخلية
مديرية الشرطة العامة
استمارة رقم (٣)
المملكة العراقية
شهادة الجنسية العراقية
أوصاف حامل الشهادة

وێنەی دیوی یەکەمی «جنسیەی عیراقی»م




تفصيل هوية حاملها

٨ - الجنسية التي كان عليها الاب قبل نشر قانون الجنسية العراقية لسنة ١٩٢٤ — عثمانية
٩ - الجنسية التي كانت عليها الام قبل نشر قانون الجنسية العراقية لسنة ١٩٢٤ — عثمانية
١٠ - الديانة
١١ - المهنة او الحرفة
١٢ - محل الاقامة المعتاد — كويسنجق
١٣ - متزوج أو اعزب أو ارمل — اعزب

وێنەی دیوی دووەمی (پشتی) جنسیەی عیراقیم

**تێبینی:**

ئەم شەهادەیە (بەڵگەیە)ی جنسیەم لە ساڵی ١٩٥٠ وەرگرتووە، وەک لە دیوی یەکەمی نووسراوە . ئەوکاتەش من قوتابخانەی دواناوەندی (ثانویە)م تەواو کردبوو - خەریکی موعامەلەی چوونم بۆ بەغدا، بۆ کۆلیجی (دار المعلمین العالیة) بووم. جا لەبەر ئەوەی کە موعامەلەکەی (جنسیەی عیراقی)م دەکرد، هێشتا قوتابی بووم، بۆیە لە بڕگەی (١١ یانزەم) لە پشتەوەی جنسیەکە، کە (المهنة او الحرفة)یە، نووسراوە (تلمیذ) - دوا بڕگەش نووسراوە (اعزب)... چونکە هێشتان ژنم نەهێنا بوو.


الحكومة العراقية
دفتر الجنسية نفوس
للذكور
مأمور نفوس قضاء كويسنجق
دفتر الجنسية النفوس
لكونه حائز على الجنسية العراقية وسجل في سجل النفوس
اعطي له هذا الدفتر في

بەرگی یەکەمی «پێشەوەی» دەفتەری نفووسم

لاپەڕەی یەکەمی دەفتەری نفووسم کە لە ساڵی ١٩٣٧دا دەرچووە، لە کۆیە

**تێبینی:**

زۆر چاک – وەک دوێنێ بێ – لە بیرمە کە لەگەڵ ڕەحمەتی باوکم چووم بۆ لای ئەو کاتبەی کە ئەو دەفتەر نفووسانەی دەنووسی، لەبەر ئەوەش کاتبەکە هەر لە گەڕەکەکە، نزیک مزگەوتی ئەو گەڕەکە، کورسی و مێزێکیان بۆ دانابوو، خێزانەکانی گەڕەکەکەی – خێزان بەخێزان – سەرۆکەکەیان کە دەچووە لای و ناوی ئەندامەکانی پێ دەگوت لەگەڵ زانیارییەکان... ئەویش دەفتەری بۆ هەر ئەندامێک ڕێک دەخست. ماڵی ئێمەش لە حەوشی ماڵی ڕەحمەتی (کاک تەمەر عەبدولواحید) بووین، یەکەم حەوش بوو لە گەڕەکی (قلعة) – بۆیە یەکەم خێزان بووین ناومان نووسرا.



| | |
|---|---|
| الاسم والشهرة | ادريس |
| تاريخ ومحل الولادة | ١٩٢٨ كويسنجق |
| اسم الأب | اسرائيل (٩) |
| اسم الأم | ايشا – (٩) |
| الدين | الاشوري |
| المهنة وهل يقرأ ويكتب | |
| هل متزوج وله زوجة او زوجات | |

| الاوصاف الجسمية | |
|---|---|
| لون العين | نرجسي |
| لون الوجه | حنطاوي |
| العلامة الفارقة الثابتة | بلا |

| المحل الذي سجل فيه | |
|---|---|
| اللواء | اربيل |
| القضاء | كويسنجق |
| الناحية | كويسنجق |
| المحلة او القرية | قلعة ١٢٨/٢/٢ |
| رقم المركز | ١/ – |
| نوع المسكن | = |

لاپەڕە «٢ دوو و ٣ سێ»ی دەفتەر نفووسم

**تێبینی:**

باوکم، لەو زەمانەی ئەم دەفتەرەی تیادا ڕێکخرا، هێشتا سادە بوو... جیاوازی نێوان (قومية) و (دين)ی نەدەکرد و نەیئەزانی بەدڵنیاییەوە چی بوو! بۆیە کە کاتبەکە لێی پرسیوە: دیانەتتان چییە؟ یەکسەر گوتوویەتی (اثوری)... ئەو کاتە دیارە لای (خەڵک)ی ئاشووری باو بووە کە (ئاشووری و دیان–واتا مەسیحی) هەر یەک واتا –مانای– هەبووە! بۆیە لەبەرامبەر بڕگەی (الدين)، نووسراوە(اثوری)! کەچی دەبووایە بنووسرێ (مسيحي).





وێنەی کتێبێکی کۆنی ئایینییە بەزمانی ئاسووری چاپ کراوە، کەوا کتێبێکی کۆنی ئایینی مەسیحییە، تەراتیل و قودداس و سروودی جۆراوجۆری تێدایە کە باوکم جاروبار تێیدا دەیخوێند. ئەم کتێبەش، کە ئەمە لاپەڕەی یەکەمێتی، لە دوای بەرگی پێشەوەی هاتووە کە لە مووسڵ ساڵی ١٩٢٣ چاپ کراوە و هەر ئەو ساڵیش باوکم لە مووسڵ بووە، کڕیویەتی. جا باوکم لەو کتێبەی مێژووی لە دایک بوونمان – ئێمە منداڵەکانی خۆی و خزمان و هەندێ ڕووداویشی بە(ڕۆژ و سەعات و مانگ و ساڵ) تۆمار کردووە. ناوی ئەم کتێبەش (قدەمواتەر)ە.



ئەمەش لاپەڕەیەکە لەو کتێبە ئایینییەی لە لاپەڕەی پێشتر باسم کرد. لەم وەرەقەیە باوکم بەزمانی ئاسووری (ئاشووری) و بەدەستخەتی خۆی، مێژووی لەدایکبوونی (من) و هەردوو براکانم (فیلیفوس = فیلیپ) و طیماطیوس (طیمە)ی نووسیوە. بەگوێرەی ئەم نووسینەش من شەوی یەک شەممە لەسەر دووشەممە ٥/١١/١٩٢٨ لە شاری (کۆیسنجاق – عیراق) لە دایک بوویم.





تەرجەمەی (١) بەم جۆرەیە:

دەڵێ: ئەم (قدەمواتەرە، ئی ئیسرائیل خەمۆی خەڵکی صاتیبەگی، وڵاتی (وان)ە).

تەرجەمەی (٢) دەڵێ: میللەت (واتا ئاسوورییەکان) گەیشتنە (بەعقووبە) لە مێژووی (١٩١٨)دا.

تەرجەمەی بەشی (٣)ی سەرەوەی لاپەڕەکە:

لەم لاپەڕەیەدا، لە کتێبە ئایینییەکەی، باوکم زۆر بەخەمبارییەوە باسی کوژرانی باوکی خۆی دەکات و دەڵێ:

لە تەمووزی ساڵی ١٩١٥ ڕەحمەتی (خمۆ کوڕی یۆنان) کوژرا لەسەر سنووری گوندی (صاتیبەگ)ی سەر بەویلایەتی (وان)ی تورکیا، بەغەدر شەهید بوو لەگەڵ (مەلائیکەتانە). نووسرا بەدەست: ئیسرائیل خەمۆ.




باوكم، بەرەحمەت بێ، زۆر زەوقانی و ڕۆشنبیر و هونەرمەندی دەنگخۆش بوو – من زۆر لە خەسڵەتەكانی ئەوم وەرگرتووە. زمانی ئینگلیزی و ئاسووری بەقسەكردن و خوێندن و نووسین زۆر باش دەزانی. لەم لاپەڕەیەدا، بەئاسووری و ئینگلیزی دەڵێ:

«ئەم كتێبە كڕاوە لە (مووسڵ) بەدەستی ئیسرائیل كوڕی خەمۆی خەڵكی دێی (صاتیبەگ)- بە(٤) ڕوپیە، لە ١٤/٨/١٩٢٤».

هەندێ هەواڵی تریش ئی خزمان... لەم لاپەڕەیەدا هاتووە.






لەسەر ئەم پارچە كاغەزە، دیسان باوكم ناوی باو و باپیرانی نووسیوە بەزمانی ئاسووری و لە پشتەوەی كاغەزەكەش بەپیتی عەرەبی هەمان ناو نووسراون. جا بەگوێرەی ئەم نووسراوە، باب و باپیرانم ئەوانەن:

باوكم ئیسرائیلە كوڕی خەمۆ، كوڕی یۆنان، كوڕی ئۆدیشۆ، كوڕی یوخەننا ، كوڕی (مەلیك داوود)ە.

مەلیك، لەقەبێك بووە بەكارهێنراوە لە وڵاتی خۆیان، لە شار و دێیەكانی ویلایەتی (وان). مانایەكەش ئەوە دەگەیەنێ كە ئەو پیاوە وەک ئاغا یاخود پیاوێكی گەورەی گوندەكە بووە... دەسەڵاتی تایبەتییان هەبووە و ئەو (مەلیک) و ئاغایانە میری هەڵیدەبژاردن. لە خوارەوەش ئیمزای باوكمە بەخەتی خۆی. ئەم كاغەزەی وەک خۆخافڵاندنێكی كورت بووە نووسیویەتی لە ١١/١٠/١٩٥٧.



وێنەی باوکم، پۆلیسی سوارە،
لە کۆیسنجاق، ساڵی ١٩٣٤
گیراوە، ژمارەی سەر سینگی
(٢١٥)ـەیە.



وێنەی من و دایکم، ساڵی ١٩٣٠ لە
کۆیە – قشلەی کۆیە





وێنەی من، لەبەر هەیوانەکەی ژوورەکانمان، لەناو
قشلەی کۆیە، لە ١٩٣١/١٢/١ گیراوە.
تەمەنم ٣ ساڵ و (٥٥) رۆژە وێنەکەش، ئامۆزایەکی
باوکم (ئیشایا)ی ناوبوو، هاتبوو بەسەردان، بۆ لامان،
بەشی ناوەوەی باکوور و رۆژئاوایی قشەلە دیارە



وێنەی باوکم و دایکم "فیلیپ"ی برامی لە باوەشە. من لە تەنیشت باوکم دانیشتووم. لە
رۆژی ١٩٣٣/١١/٢ لە کۆیە گیراوە – تەمەنم ٥ ساڵ، کەم ٣ رۆژە.

# شوێن و مێژووی لەدایکبوون و بنەماڵە

باوکم: ئیسرائیل خەممۆ یۆنان - لە دێی (صاتیبەگ)ی سەر بەویلایەت، یا پارێزگای (وان)ی تورکیا، لە ساڵی ١٩٠٤ لە دایک بووە. بەڵام ئەم ساڵەی لەدایکبوونی لە خۆیەوە، لە کاتی (إحصا)ی ساڵی ١٩٣٧ کە لە کۆیە بووین، تەمەنی خۆی، دوای حیسابێکی زیهنی (ذهنی)، لە مێشکی خۆیەوە، بەمەزەندەی خۆی لەو ساڵە، واتا ١٩٠٤ لە تورکیا لە دایک بووە. چونکە لە تورکیا بەدەرکردن و شەڕ و ڕاونان دەرکران، لە ساڵانی شەڕی جیهانی یەکەم، لە نێوان ١٩١٤ - ١٩١٨ و کە هەڵاتن هیچ بەڵگە و وەرەقەی تاپۆی موڵک و خانوو و باغ و بێستان کە هەیانبوو و بەڵگەنامەی (ڕەگەزنامە) و دەفتەری (تەسکەرەی نفووس) و... تاد، هیچیان لەگەڵ خۆیان هەڵنەگرتبوو... خوا خوایان بوو بەسەلامەتی بگەنە شوێنێک و لە ئاگری شەڕی سەفەربەرلک و هێزەکانی عوسمانی ڕزگاریان بێ!

دایکم: ئینیار لازار عەبدال، لە دێی (خەراشک)ی سەر بە(وان)ی تورکیا لە دایک بووە و بەگوێرەی تەقدیری باوکم، کە زانیاری دایە کاتب نفووس لە کۆیە لە ١٩٣٧/٢/٦، ساڵی ١٩١٠ی بۆ ساڵی لەدایکبوونی دایکمی چەسپاندووە... هەڵبەتە بەهەمان شێوەی لە سەرەوە باسم کرد. دایکم چ دەفتەر نفووسی لەگەڵ خۆی لە تورکیاوە نەهێناوە تاکو بڵێین، ئەو ساڵە (١٩١٠) تەواوە.

باوکم و دایکم، لە کاتی هەڵاتن لە وڵاتی تورکیا و بەرەو سنووری عیراق کە هاتوون لەگەڵ باوک و خزمان و هەموو کۆچکەرەکان... یەکتریان نەبینیوە - هێشتا دایکم مناڵ بووە... لە دەوروبەری ٨ ساڵیدا بووە، باوکم ٨ - ١٠ ساڵێک لەو بەتەمەنتر بووە.

ئاسوورییە هەڵاتووەکان (کۆچڕەوەکان)، وەک باوکم لە بیرەوەرییەکانی خۆی، لە کتێبە ئایینییەکەی، بەدەستنووسی خۆی، بەزمانی ئاسووری، دەڵێ: «میللەتی ئاسووری لە ساڵی ١٩١٨ گەیشتنە «بەعقووبە» باشە! بۆچی «بەعقووبە»؟. ئاسوورییەکان، نەزان و نەفام، بێ سەرەک عەشیرەتی ڕۆشنبیر و تێگەیشتوو، بەفیتی ئینگلیزەکان لە تورکیاوە بەرەو سنووری مووسڵ هاتن... لەوێوە بۆ ئەو خیوەتگایەی کە بۆیانیان ئامادە کردبوون لە دەشتایی لە نزیک شاری «بەعقووبە»، ٥٠ پەنجا هەزار ئاسووری، گەیشتنە ئەوێ و هەر خێزانێک و دووانیان لە خێوەتێک پەست. لەو شوێنە ئینگلیزەکانیش خیوەتی خۆیان هەبوو و دەستیان کرد بەدابەشکردنی ئازووقە و زەخیرە و خواردن و جلوبەرگ و سابوون...



تاد، بۆ هەر خێزانێک، بەگوێرەی ژمارەی ئەندامەکان.

ئەم حەکایەتە، مێژوویێکی دووردرێژە... لە تاقەتی مندا نییە... و جێگاشی ئێرە نییە. بەڵام ئەوەندەی پێوەندی بەمنەوە هەبێ ئەوەیە کە بڵێم... باوکم لەو خیوەتگایە دایکمی لە بەعقووبەی بینی... و خواستی. پاش ئەوەی خیوەتگایەکە هەڵوەشایەوە و لەگەڵ حکوومەتی تازە دامەزراوی ڕژێمێکی نوێ... ڕژێمی پاشایەتی لە عیراق، ساڵی ١٩٢٣ و بوونی مەلیک فەیسەڵی یەکەم، بەیەکەم مەلیکی عیراق... ئاسوورییەکان وەک هاووڵاتی ئاسایی عیراقی قبووڵ کران... ئینگلیزەکانیش دەستیان لێ بەردان و هەر کەسە ئازاد بوو چۆن بژی و چی بکا. هەندێکیان بوونە عەسکەری (لیڤی) وەک باوکم، لە مووسڵ، ساڵی ١٩٢٢ ماڵی باوکم و ماڵی دایکم چوونە مووسڵ. لە مووسڵ باوکم دایکمی هێنا و بوو بەهاوسەری لە ساڵی (١٩٢٣) هەروەک لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی و لە ١٩٢٥ کیژێکیان بووە، لە پێش من ناویان لێ ناوە (راخێل = راخێ) بەڵام زۆر ناژی و دەمرێ پێش ئەوەی من لە دایک ببم. لە مووسڵ بەرەو هەولێر دێن و لە گوندی عەنکاوەی سەر بەهەولێر، نیشتەجێ دەبن.



قشلەی کۆیە. وێنەکە لە خوارەوە، لە دامێنی قشلەوە گیراوە.
من لەو ژوورە لە دایک بوویم کە بەسەهم (▼) ئیشارەتم بۆ داوە... کە لە نزیک قوللە (قولغ)ی پێشەوەی لای ڕاستی قشلە بوو. بەداخەوە لایەنێکیان، بەگوللەتۆپ، دەروازە (مدخل)ە سەرەکییەکەیان ڕووخاند... (ئاوام بیستووە!) کێ تۆپی لێدا؟



وێنەیەکی شاری کۆیە و قشلەکەی لە دوورەوە دیارە کاتێ هێشتا ئاوەدان بوو. ئەمەش دەروازەکەی قشلەی کۆیەیە، پێش ڕووخاندنی بەتۆپ! سەد مخابن و سەد حەیف – من ئەم قشلەیەم بەقەد ژیانی خۆم، بەقەد باوک و دایکی خۆمم خۆش دەویست، بەو خوایە! مامم دەرمان لە سەرەتای چلەکانا، دەستی بەچاندنی دار و درەخت کرد لە خوارەوەی – وا ئێستاش هەندێکیان ماون.

مامم (دەرمان خەمۆ) لە ١٥/١٠/١٩٢٦ دەبێتە پۆلیس و باوکم لە ٦/٦/١٩٢٧ بووە (پۆلیس). پێیان دەگوتن (عەسکەر شەریف) واتا سەربازی (شریف) گوایا سەربازی مەلیک فەیسەڵ بوون کە ئەویش کوڕی (شەریف حسێن)ی مەلیکی حیجاز بوو.

بەڵام هەموو ئاسوورییەکانی کە بوون بەپۆلیس، لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر، نەقلی (کۆیسنجاق) کران. لە کۆیەش، هەر خێزانێک ژوورێک یا دووانیان دانێ لە ناو قشلەی کە تەرخان کرا بۆ پۆلیسی (سوارە = خیالە). ئەوە بوو هەموو ژوورەکانی لای دەستی ڕاستی قشلە، واتا لە کاتی چوونە ژوورەوە، بەدەستە ڕاست، پڕ بوون لە خێزانە ئاسوورییەکان کە پیاوەکانیان پۆلیسی سوارە (خیالە) بوون، جا ئەو لایەی قشلە وەک گەڕەکی لێ هات جا من و فیلیپی برام لەو قشلەیە لە دایک بووین. من لە ٥/١١/١٩٢٨ و فیلیپی برام لە ٢٩/١٢/١٩٣٢. ئەمما (طیمە = طیماطیوس)ی کوڕی سێیەم، لە ماڵی ڕەحمەتی (کاک تەمەر عەبدولواحید) هاتە دنیاوە، لە ٧/٣/١٩٣٦ دیارە لەو ساڵەدا، بەفرمانێکی دیکەی حکوومەت بڕیار درا کە خێزانە



ئاسوورییەکان لە قشلە نەمێنن و بچنە خوارەوە بۆ ناو شار. هەر خێزانە ئازادە بۆ خۆی خانوو بەکرێ بگرێ و لێی نیشتەجێ بێ. چونکە ئەو ساڵە، گرتووخانە (توقیف) کرایەوە لە قشلە. ژوورێکی قایم و تایبەت وەک (سجن الموقوفین) تەرخان کرا، کە هەر لە بن دەرگا (مدخل)ەکەی قشلە بوو، بەدەستە ڕاست، دەرگای پێک هاتبوو لە شیشی ئاسنی ئەستوور و کێلوونێکی ئاسن بەکلیلێکی ئاسنی گەورە کلیل دەدرا... و لە ژێر دەرگا گەورەکە (مدخل)دا بوو، پێش ئەمەی بچیتە حەوشەوە. بەرامبەری ژووری حەپسخانەش، ژووری حەرەسەکان بوو.

## وەسفێکی ناوەوەی قشلە

کە لە دەرگای سەرەکی بچووبایتە ژوورەوە... (دەرگاکە تاقێکی گەورەی بەرز بوو... ئەمە «مدخل» بوو لە ژێریەوە دوو کۆسپی درێژ هەبوون لە لای ڕاست و لای چەپ، بۆ دانیشتن. پۆلیسەکان، کاتی ئیسراحەت لەسەر ئەو سەکۆیانە دادەنیشتن، یا ڕادەکشان. هاوینان دەیانڕشاند... بایەکی فێنکی هەمیشە هەبوو.) دوای چەند هەنگاوێک، ئینجا دەرگایەکە بوو، دوو لا بوو. لە داری ئەستوور وەک ئاسن ڕەق دروست کرابوون. شەوان، دوای قەپاتکردنیان، لە دیوی ژوورەوە، کاریتەیەکی ئەستووری درێژ دەخرایە بەر هەریەک لە دەرگاکان و ئیتر بە(تۆپ) نەدەکرانەوە. ئینجا دوو ژووری بەرامبەر یەک هەبوون: لای ڕاستەکە (سجن) بوو. لە لای چەپ ژووری حیراسات بوو کە دەچوویتە حەوشەکە، بەلای ڕاستەوە تا ئاخیری، دوو ژوور دوو ژوور بەرامبەر یەک و لە هەیوانێکی ڕێک، دروست کرابوون. ئەمانە بۆ عەسکەر و جەندرمە حەوانەوە بوون. بەڵام لە بیستەکانا خێزانی پۆلیسە ئاسوورییەکانیان تێدا نیشتەجێ بوون دوای سپی کردن و تەعمیر کردنیان. لە ژێر دیواری (باکووری)، لە دوای ئاخیر ژوور، خێزانە ئاسوورییەکان، تەندوورێکیان بۆ خۆیان دانا بوو، لە ژێر کۆلیتێکی بەبەرد و قوڕ، بۆ نان کردن. ئینجا لەوێوە کە بەرەو ڕۆژئاوا بچووبای بەچەند هەنگاوێک، مەزار یا مەرقەدێک، لە ناو گومبەتێک هەبوو ناوی (باپیر فەقێ ئەحمەد بوو) هەر ڕۆژەی یەکێک لە ئافرەتە ئاسوورییەکان مەرقەدەکە، لە دەرەوە و لە ژوورەوە دەیانڕشاند و گەسکیان لێ ئەدا. دوای ئەم مەرقەدە تا ئاخیری ئەو دیوار ژوورێکی درێژ (هۆڵ)ێک بوو بەدرێژایی دیوارەکە بوو... پەنجەرەی بۆ دیوی ژوورەوە و دەرەوەی قشلەیان هەبوو. ئەمە ڕەنگە تەویلە بووبێ بۆ هێستر و ولاغی جەندرمەکان... بەڵام ئەو کاتەی ئێمە لەوێ بووین، پڕ بوو لە هەزارەها قوتووی درێژۆکەی پڕ لە جۆرە

دەرمانێکی ژەهراوی، زۆربەشیان بەتاڵ بوون بەڵام بۆنیان هەر دەهات. چەندین جار هێستری پۆلیسەکان، کە ئاگایان لێیان نەبووایە، هەر بەلەوەڕین دەگەیشتنە ئەو ژوورە کە بێ دەرگا بوو و لە زۆر شوێن دیواری ڕووخا بوو، لەوێ گیایان دەخوارد... بەڵام هەر ئەو ڕۆژەی گیاکەیان خواردبا، دەتۆپین. ئینجا بەچەند پۆلیسێک ڕایان دەکێشانە دەرەوە و بۆ پشت قشلە بەلای چەپیەوە، فڕێیان دەدایە خوارەوە. لەوێ گۆمێک هەبوو لاشەی هێسترەکە... غلۆر دەکرایە ناو ئەو گۆمە. ناویان لێنابوو (گۆمی صەیان)، ئێستا یانەی فەرمانبەرانی لێ دروست کراوە.

کابرایێکیش هەبوو ناوی مام (قالە پاشا) بوو... پیر بوو، کوڕێکی ناوی (زاهیر) بوو. قالە پاشا بەتەمەن بوو، بێ کار و کاسبی بوو. کە ئەو هێسترانە دەتۆپین و فڕێ دەدرانە ناو ئەو گۆمە... کە ناوی (گۆمی سەیان) بوو، مام قالە پاشا باوکی زاهیر، دەچوو هێسترەکەی کەور دەکرد. واتا جوان، ڕێکوپێک، پێستەکەی لە لەشی هێسترە مردووەکە لێ دەکردەوە... کەوری دەکرد و لە دوای خۆی ڕایدەکێشا ماڵەوەی. ئینجا ڕۆژی دوایی دەیفرۆشت... ئێمەی مناڵە پۆلیس زۆر لەو ژوورە یاری و هاتوچۆمان دەکرد. خوا ئێمەی پاراست!!



وێنەم لەبەر هەیوانەکەمان گیراوە لە قشلە لە پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٣١/١٢/١ واتا تەمەنم ٣ سێ ساڵ و ٢ دوو مانگە. لە دواوەم دیوارە ڕووخاوەکەی ڕۆژئاوای قشلە و کەلاوەکە دیارە کە لە پاشان چەند ئاودەسخانەی لێ دروست کرا، بۆ مەوقووفەکان).

بێمەوە سەر باسی قشلە - دیواری لای ڕۆژئاوای قشلە کەلاوە بوو... دیواری ژووری تێکوپێک دراوی لێ بوو... بەکەڵک هیچ نەدەهاتن... خەرابە بوون... لەو ساڵانەی کە گرتووخانە (توقیف) لە قشلە کرایەوە، لە ژێر ئەو دیوارەیان هەندێ ئاودەسخانەیان دروست کرد بۆ حەپسەکان. ڕۆژی دووجار، بەیانیان و ئێواران، حەپسەکانیان دەردەهێنان لە ژێر چاودێرییەکی باشی پۆلیسەکان کە لە هەموو لایەکەوە دەورەیان ئەدان، بەرەو ئەو ناوەیان دەبردن، هەندێکیان، لە بیرمە زنجیری ئەستووریان لە پێیەکانیان بەسترا بوون. کە لە باوکم پرسی ئەوانە بۆچی زنجیرتان لە پێیان بەستوون؟ دەیگوت: ئەوانە قاتلن! خەڵکیان



کوشتووە. حوکمیان زۆرە... لەوانەیە ئەگەر وەها توند نەبەسترێنەوە، هەڵبێن لە دەستمان و ئێمە مەسئوول دەبین.

لە قوللەکەی لای چەپی دیواری ڕۆژئاوای قشلە، کە بەرامبەر شێخ جامی بوو، چەند ژوورێکی چاک هەبوون، ڕێکوپێک بوون و بەڵام پیس و پۆخڵ، پڕ لە بەرد و خۆڵ و پیسایی... چونکە ئیشیان پێیان نەبوون... ئیهمال کرابوون... بەڵام ئێمە کە منداڵ بووین و ماڵمان هێشتا لە قشلە بوو، جاروبار دەچووینە ئەوێ یاریمان دەکرد.

ئینجا واوە بێینەوە بەرەو دیواری قشلەکە کە لە باشووریەتی، بەرامبەر هەرمۆتە و ڕووبار و دەشتی کۆیە... ئێرە سەرانسەر تەویلەیەک بوو (اسطبل) بەدرێژایی دیوارەکە... دەیەها ئاخوڕی بەگەچ تێیدا دروست کرابوون. پۆلیسەکان لەم تەویلەیە هێسترەکانیان دەبەستنەوە و ئالیکی وڵاخەکان لەسەر حیسابی حکوومەت بوو. ساڵانە بەڵێندەرێک (مقاول)،چەند لۆرییەک جۆ و کای دابین دەکرد بەگوێرەی ژمارەی وڵاخەکان... هەندێ ساڵ زۆر دەبوون... هەندێ ساڵ کەم دەبوونەوە. خزمەتچییەکی (کەنناس)ی تایبەتیش هەبوو، ئیشی هەر ئەوە بوو ڕۆژی سێ یا چوار جار ئالیک (کا و جۆ) لە پێش هەر هێسترێک، لە ناو ئاخوڕەکەی خۆی ڕوو بکات... پۆلیسەکانیش، هەر شەوە چوار نەفەر، نۆبەتچی تاوڵە (اسطبل)ەکە دەبوون، لە لیستە (جدول)ی دابەشکردنی حیراسەت و ئیشەکان لەسەر پۆلیسەکان، ئەم خەفارەتە ناوی (تاوڵەچی) دەنووسرا. دەبووایە ئەو شەوە: لە هاوینان، لە دەرەوە، نزیک دەرگای سەرەکی تاوڵەکە جێگایان ڕابخەن و لێی بنوون.

بەزستانانیش، هەر لە ناو تاوڵەکە، دەنووستن. جا بەزستانان ئاگریان بەدار سووتاندن لە ناو تەنەکەیەک دەکردەوە و چایان بۆ خۆیان لێ دەنا و حەکایەتی خۆش خۆشیان دەکرد. من چەند جارێ لەگەڵ باوکم دەنووستم لە ناو تاوڵەکە تاکو لەبەر ئاگرەکە دانیشم و گوێ بدەمە چیرۆک و حەکایەت و هەندە لاوک و حەیران کە پۆلیسی دەنگ خۆش هەبوون، دەیانگوتن.

هەڵبەتە حەوشی قشلەکە زۆر گەورە بوو... قەبرستانێکی گەورە بوو... ڕەنگە ئەوانە هەموو جەندرمە و عەسکەر بوون کە لەو شەڕانە کوژرابوون کە لەو ناوچەیە ڕوویاندابوو!

ئینجا بادەینەوە بەرەو دیواری پێشەوەی قشلە کە ڕووی لە شار و لە چیای هەیبە سوڵتانە... ئەمە هەمووی ژووری ڕێکوپێک و بەگەچ سپی کراو سەربانێکی فراوان و خۆش ساڵانە بەقوڕ و کا، سواخ دەکرا... ژوورەکان تەرخان کرابوون بۆ: بەربەر (حلاق) و سەراج



وێنەی «گۆریل ئۆمۆ»ی باوکی «یۆخەننا»، پۆلیسی سوارە لە کۆیە ۹٥٤/٥/۲۳ گیراوە منالەکەش «ولسن»ی نەوەیەتی - کوڕی «بنیامین دەرمان»ە.)

(قالتاخ دروو) و مەشجەب (ژووری چەک)ی پۆلیسەکان... تاد. لەوەتی منالیمەوە و تا (گەوریل)ی پۆلیس لە کۆیە ڕۆیی، هەر ئەو بوو (ئامیر) مەشجەب. کلیلی ژووری چەک... تفەنگ و ڕەختە و فیشەکدان... تاد، لە لای گەوریل بوو. ڕوتبەشی (ئۆنباشی) بوو... خەتێکی سووری لەسەر شکلی (ژمارە: ۷) لەسەر قۆڵی چاکەتی لای ڕاستی دەبەست:

لەسەر دەروازەکەی دەرگای قشلە و ژووری حەپسخانە و ژووری ئێشکگرەکانی سجن... نهۆمی دووەمیان لەسەر دروست کرابوون، دوو قادرمەی گەچ لە لای ڕاست و لە لای چەپ بە ۱۰ تا ۱٥ پلیکانەیان هەبوو، بەسەر دەکەوی... ئەم نهۆم (قات)ی دووەمە پێکهاتبوو لە هەیوانێک... دوو دەرگای هەبوو بۆ سەربانەکانی لای ڕاست و لای چەپ... ئینجا مەدخەلێکیش ڕاست و ڕاست دەچوویتە هۆڵێکی چوارگۆشە: بەسێ ژووری جوان دەورە درابوو... دەرگای هەرسێ ژوورەکە بۆ ناو هۆڵەکە کرابوونەوە... پەنجەرەی گەورەی ڕێک و جوانیش لە ژوورەکانەوە دەیانڕوانییە شاری کۆیە: هەندێکیان بەرامبەر چیای هەیبە سوڵتان و هەندێکیش بەرامبەر ڕەز و باخەکانی حەمامۆک و ئەوانی لای ژووری لای ڕاستیش دەیانڕوانییە دەشتی کۆیە!

لە سەرەتای چلەکانا، ژمارەیێک عەرەبی فەلەستینی (نفی) کران بۆ کۆیە، لەو



دیمەنی قشلەی کۆیە - بەشی پێشەوە (مدخل). ژوورەکانی سەر دەروازەکە دیارن بەپەنجەرەکانیانەوە. بەردەمی قشلە هەمووی درەختی لێ چاندرا بوو و بێستانی خیار و گوندۆرە و ترۆزی و تەماتە و کودی... تاد لێ دەچێنرا.

ژوورانەیان هێشتنەوە وەک دەستبەسەر بەڵام کەمێک ئازادی بزووتنەوە و چوونە خوار و پیاسە کردنیان هەبوو... لە ژێر چاودێری پۆلیسەکان. هەندێکیان ژن و ماڵیان هەبوو... لە ناو شار



خانوویان بەکرێ گرتبوو. هەفتەی جارێک دەیانهێنانە لایان و لە حەوشی قشلە یا لە ژوورێک، ئەگەر سەرما و زستان بووایە، دادەنیشتن لەگەڵ ماڵ و منالیان لە ساڵی ۱۹٤۱ فرمانی گەڕانەوەیان بۆ دەرچوو و گەڕانەوە بەغدا و فەلەستین. هەروەها هەندێ جار چەند سەربازێکی ئینگلیز و هیندی و ئاسووری بەجێیبێک و یەک دوو زیلی عەسکەری دەهاتن لەو ژوورانە چەند ڕۆژێک دەمانەوە و زیارەتی دەوروپشتی کۆیەیان دەکرد.

ئەم قشلەیە تایبەت بوو بەپۆلیسی سوارە (خیالە) - خۆیان و وڵاغەکانیان ئێرە بوو شوێنی وەزیفەیان و ئیدارەیان. هەر شەو و ڕۆژێک، واتا ۲٤ سەعات، حەرەسەکان دەگۆڕان. هەر وەجبەیە لە ۳ سێ پۆلیس و ئامیر حەرەسێک کە خەتێکی سووری لە شانی ڕاستی دەبەست لەسەر شکلی ژمارە (۷) و پێیان دەگوت (ئۆنباشی). ئەمەش زاراوەیێکی عەسکەری عوسمانی بوو بەکار دەهێنرا. وشەی تریش هەبوون بەکار دەهێنران وەک: یووزباشی، بینباشی. چاوەش و باشچاوەش... تاد.

هێشتا ماڵمان لە قشلە بوو، لە پۆلی یەکەم لە قوتابخانەی دووەمی کۆیە قەید کرام و بەیانیان لەگەڵ ئامۆزاکەم ڕەحمەتی (بنیامین)ی کوڕی مامم دەرمان، بەڕێگایەکی بەردەڵان و خۆڵەپۆت و پڕ دڕک و دار، دەهاتینە خوار و بەناو کۆڵانەکانی کۆیە تا دەگەیشتینە قوتابخانە. نیوەڕۆش بەم چەشنە دەگەڕاینەوە و بەهەورازەکەیدا بەسەر دەکەوتین... و بۆ ماڵەوەمان.

کە لە قشلە بووین، فەڕاشێکی جوولەکەمان بۆ تەعین کرابوو لە لایەن ئیدارەی قەزاوە. کوڕێکی گەنج بوو، جلی کوردی، دەستووری کۆیییانی لەبەر دەکرد و جەمەدانییەکی خەت خەتی، جوان لە سەری خۆی دەبەست، ناوی (عەزرا) بوو. هەموو بەیانییەک دەهات، ماڵ بەماڵ پێیدا دەچوو، لەسەر کاغەزێک داواکارییەکانیانی دەنووسی، بۆ ئەوەی لە بازاڕ بۆیان بکڕێ. هەر ماڵەش پارەی دەدایێ بەقەد ئەو شتەی ویستوویانە: شەکر - چا - سەوزە... گۆشت، برنج... تاد.

پاش یەک دوو سەعات، عەزرا دەگەڕایەوە ئینجا شتەکانی دابەش دەکرد بەسەر ماڵەکان.

کە ماڵەکان هاتنە خوارەوە، عەزرا نەما. خۆی (فنیش) کرد. گەنجێکی تر تەعین کرا، ناوی (زاهیری مام برایمی دووکانچی) بوو. ئەو کوڕە زۆر موخلیس بوو... هەتا ساڵانی

شەڕی دووەمیش، تا ساڵی ١٩٤٢ لە بیرمە، زاهیر هەر دەهاتە لامان و دەیپرسی: چیتان دەوێ؟...

لە پاشان ئەویش بووە عەسکەر، وابزانم، ئیتر حکومەت فەڕاشی بۆ خێزانە ئاسوورییەکان تەعین نەکردەوە... باوکم خۆی دەچووە بازاڕ و شتومەکی پێویست بووایە دەیکڕی. هەروەها پۆلیسەکانی دیکەش ئاشنای بازاڕ بوون و، هەریەک خۆی پێداویستییەکانی خۆی دەکڕین.

ژمارەییێک ناوی ئەو پۆلیسە ئاسوورییانەی کە لە کۆیە بوون لە بیرم ماون... ئەوانە بوون:

١- باوکم: ئیسرائیل خەممۆ.

٢- مامم: دەرمان خەممۆ.

٣- گۆریێل ئۆمۆ (کۆیییەکان دەیانگوت: گەوریل).

٤- ئیبراهیم ئیسحاق، بە(ئیچۆ) مەشهوور بوو.

٥- عەمانوێل زومایە (ئەممۆ) (ئەوەیان لە قشلە لەگەڵمانا نەبوو... لە پاشان هات بەخۆ و بەخێزانییەوە و لەگەڵ ماڵی گوریل لە خانوویێکی «مەلا سابیر» نیشتەجێ بوون).

٦- نەمرود یەعقوب (یاقو).

٧- عەزیز هورمز.

٨- تۆماس جانۆ.

لە پۆلیسە موسڵمانەکانیش ئەوانەم دێتەوە بیر:

١- عەبد جاسم: دۆستێکی خۆشەویستی هەموو ئاسوورییەکان بوو. زۆر تێکەڵی خێزانەکانیش بوو و ئافرەتەکانی بەپێکەنین دەهێنا بەقسە و نوکتەی خۆش و تەمسیل کردن لە پێشیان و دەنگیشی خۆش بوو.

٢- چاوەش (دوو خەت) عومەر ئاغا.

٣- ڕەسووڵ گەردی (حەیرانبێژ).

ئەوەش کە هات، ئێمە لە شار بووین، لە قشلە نەمابووین.

وێنەی لاپەڕە ٨ ڕەسووڵ گەردییە بەڵام بەجلی عەسکەری، نەک پۆلیسی سوارە. دیارە (انضباط عەسکەری) بوو. لە تەنیشتیشیەوە (حاجی حەمە شەریفە)، خوایان لێ خۆش



بێ. لە ساڵی ١٩٤٤ لە هەولێر ئەم وێنەیە گیراوە.



ساڵی ١٩٤٤ لە هەولێر گیراوە

٤- ئۆنباش: مەولود حاجی محەمەد: سوورە و چاو شین بوو، بەڵام چاوی کزبوون زۆر چاک نەیدەبینی، بۆیە هەندێک جار بانگیان دەکرد (مەولودە کوێر). ئێمەی منداڵی زۆر خۆش دەویست. ڕاوی دەنایین و دەیگرتین و ڕوومەتمانی توند بەددانی دەگەزت!

٥- ئۆنباشی: عوسمان...: پیاوێکی سوورە و مەیلەو بەژن کورت بوو، تورکمان بوو، چاو شین بوو.

٦- پۆلیسی (ناڵبەند) – وەستا قادر – تورکمانی خەڵکی کەرکووک بوو هێستری پۆلیسەکانی (ناڵ) دەکرد. لە قشلە ژوورێکی هەبوو، کەرەستە و ناڵەکانی لێ دادەنا.

لە چلەکانا چەند پۆلیسێکی عەنکاوەیی، کلدانی هاتنە کۆیە و پۆلیسی (پیادە = مشاة) بوون: ئەوانەم لە بیر ماون:

١- عیسا مەرقۆس – کاتب بوو لە بەردەستی معاون پۆلیس.

٢- شەمعون یەعقووب.

٣- لورس (لۆرەنس) مەتی.

چەند پۆلیسێکی سوارەش هاتن وەک:

١- بویا مەربێن.

٢- ڕەحیم مەرقوس.

لە چلەکان ژمارەی پۆلیسی سوارە و پیادە لە موسڵمانەکان زۆر بوون و ئاسوورییەکان زۆربەیان خۆیان فنیش کرد و چوونە کەرکووک و بەغدا، لەوێ خەریکی کاری تر بوون و دەژیان. ئەوانەی مانەوە: باوکم (ئیسرائیل)، مامم (دەرمان)، ئیبراهیم ئیسحاق، تۆماس جانۆ، عەزیز هرمز، گۆریێل ئۆمۆ. ئینجا (ئەسکەندەر زەیا)ش کە پۆلیسی سوارە بوو لە هەولێرەوە لە ساڵی ١٩٤١ خۆی نەقلی کۆیە کرد. تاکە کوڕێکی هەبوو ناوی (هرمز) بوو.

له ناوه‌ڕاستی چله‌کانا: مامم ده‌رمان (فنیش بوو)، به‌ماڵه‌وه چوونه که‌رکووک. (بنیامین)ی کوڕی له کۆمپانیای نه‌وت .I. P. C دامه‌زرا. عه‌زیز هرمز – نه‌قل کرا بۆ لای ڕواندز – ئیبراهیم ئیسحاق، ئیستیقاله‌ی دا و چووه که‌رکووک و له .I. P. C دامه‌زرا. ماینه‌وه ئێمه:

١– ئیسرائیل خه‌مۆ. ٢– گۆریێل ئۆمۆ. ٣– ئه‌سکه‌نده‌ر زه‌یا. ٤– تۆماس جانو.

ئه‌سکه‌نده‌ریش ئیستیقاله‌ی دا به‌ڵام هه‌ر له کۆیه مایه‌وه و وه‌کاله‌تی (مشروبات) فرۆشتنی وه‌رگرت و دوکانێکی بچووکی کرده‌وه، له پشت قوتابخانه‌ی سه‌ره‌تایی یه‌که‌م، له‌و کۆڵانه‌ی که بۆ گه‌ڕه‌کی (جووله‌کان) ده‌چوو، که پێشتر خمخمانه بوو!

له بیرمه، له ساڵانی چله‌کانا، جاروبار ئاغایه‌ک، یا پیاوێکی ناسراوی کۆیه، ئه‌مری گرتن (توقیف)ی ده‌هات. جا له قشله وه‌ک (اقامة اجبارية) موعامه‌له‌ی له‌گه‌ڵدا ده‌کرا. هه‌ندێ جار هاووڵاتی ئاساییش (عادی) توقیف ده‌کران، له‌سه‌ر سیاسه‌ت. به‌ڵام ئه‌م ئاغا و پیاو ماقووڵ و سیاسییانه، له ژووری به‌ندیخانه‌که به‌ند (حه‌پس) نه‌ده‌کران. یه‌کێکی وه‌ک (عه‌زیز ئاغا)ی خراپه، یه‌ک دووجار ته‌وقیف کراوه – کاکه سوور و شێخ جه‌نگی و هه‌روه‌تر و له ناوه‌ڕاستی چله‌کانا مامۆستایه‌کی ئێمه‌ش، عه‌ره‌ب بوو (جواد المعماری)ی ناو بوو، له‌سه‌ر مه‌شروب زۆر خواردنه‌وه و سه‌رخۆش بوون له نادی کۆیه، ئه‌مه‌یان ده‌خرایه ژووری حه‌پسخانه‌که، له‌گه‌ڵ حه‌پسه‌کان... ئێمه‌ی قوتابی ده‌چووینه (مواجهه)، ئه‌و له پشت شیشه ئه‌ستووره‌کانی ده‌رگای ژووری حه‌پسخانه ڕاده‌وه‌ستا و ئێمه له ده‌ره‌وه... جا خۆی به‌خۆی پێده‌که‌نی و دوو وشه‌ی زۆر به‌کارده‌هێنا: (نعم... باشه!) و ده‌یگوت (السجن للرجال!) و پێده‌که‌نی، به‌ڵام ده‌وڵه‌مه‌نده‌کان، وه‌ک له ماڵی خۆیان بن ئاوابوون. ته‌نانه‌ت پیاوه‌کانی خۆشیان له‌گه‌ڵیانا چه‌ند ڕۆژێ له قشله ده‌مانه‌وه.

خواردن و نوێنی نووستنی (یاتاغ) و سه‌ماوه‌ر و چا و شه‌کر و ڕۆژانه‌ش که‌باب ده‌چووه قشله. پۆلیسه‌کانیش به‌سینی بۆیان ده‌هات. ئێمه‌ش، مناڵه پۆلیسه‌کان هه‌ندێ جار ته‌سادوفی ده‌کرد له کاتی خواردن له‌وێ ده‌بووین و، که‌بابمان ده‌خوارد!



## ژیانی خێزان و مناڵه ئاسوورییه‌کان له قشله

ژیانمان له قشله – چ ئافره‌ته‌کان و چ ئێمه‌ی مناڵه‌کانیان، تا ئه‌و ڕۆژه‌ی هاتینه ناو شار، ژیانێکی زۆر خۆش و به‌تام بوو. که ئێواره داده‌هات، ده‌رگاکه‌ی قشله‌که داده‌خرا، ده‌رگایه‌کی (دووده‌ری) بوو، له دار ته‌خته‌ی زۆر ئه‌ستوور دروست کرابوون که گولله‌ی تفه‌نگ کون به‌ده‌ری نه‌ده‌کرد. هه‌ر بزماره‌ی پێوه بوو نیو کیلۆ قورسایی ده‌بوو، له‌سه‌ر شێوه‌ی (کوارگ) بوون یاخود بڵێیم وه‌ک (چه‌تر)ی باران بوون. سه‌ده‌ها له‌و بزمارانه به‌هه‌ردوو ده‌رگاکانه‌وه بوو. جا که داده‌خران، دوو کاریته داری زۆر ئه‌ستووریش ده‌خرانه پشتیان و قایم ده‌بوون، ئیتر به‌تۆپ نه‌ده‌کرانه‌وه. به‌م جۆره، قشله ده‌بووه موڵکی ماڵ و منداڵ و پۆلیسه ئاسوورییه‌کان. ئینجا، هه‌ر دوو سێ خێزان، له ماڵی یه‌کێکیان کۆ ده‌بوونه‌وه به‌شه‌وانی زستانان و شه‌وچه‌ره‌ی گوێز و مێوژ ده‌خورا... و چیرۆکی خۆش خۆشیان ده‌گێڕایه‌وه... ئه‌وانی که له کاتی مناڵییان، له گونده‌کانی خۆیان، له باب و باپیران و خزم و دۆستیان گوێ لێ بووبوون! له‌به‌ر چرا و فانووس و سۆبه‌ی دار... ئه‌م ژیانه‌م زۆر پێ خۆش بوو. ئێمه‌ی مناڵ هه‌ریه‌که و له ته‌نیشت دایکی داده‌نیشتین و گوێمان لێیان ڕاده‌گرت. پێکه‌نیبان، ئێمه‌ش پێده‌که‌نین... ئێمه گرامافۆنمان هه‌بوو، زۆر جاران قه‌وانمان گوێ لێ ده‌بوو. به‌شه‌وانی هاوین، له سه‌ربانی ژووره‌کان... هه‌ر ماڵه و له سه‌ربانی ژووری خۆی، چه‌ند باره هێستری له پنجی (شاوشینک)یان ده‌کڕی و له‌سه‌ریه‌ک کۆیان ده‌کردنه‌وه و ده‌یانپه‌ستن و ده‌یانکردنه که‌پرێک و ئینجا نوێن و دۆشه‌ک و بالیفیان له‌سه‌ر ئه‌و (که‌پره) ڕاده‌خست و له‌سه‌ری ده‌نووستن. شه‌وانی قشله‌ی هاوینان زۆر سارد و خۆش بوون. هه‌میشه بایه‌کی زۆر فێنکی هه‌بوو. شاوشینک بۆنی خۆش بوو.

شاوشینک ئه‌و پنجه دره‌خته‌یه که باده‌مچه ده‌گرێ. باده‌مچه که ئیشک ده‌بێ، له ناو (خێواوک) دایده‌نێن بۆ ماوه‌ی مانگێک، ناوکی شیرین و خۆش ده‌بێ، وه‌ک قه‌زوان. لقه پنجه‌که‌ش، که په‌لکی زۆر که‌م و ورده، هه‌ر به‌پنجی گیای گه‌سک (به‌له‌هجه‌ی کۆییان: گێسک) ده‌چێ، درێژ و نه‌رم و بۆنێکی خۆشی ته‌ڕی هه‌یه که له‌سه‌ری بنووی به‌شه‌و، خه‌وت زۆر خۆش ده‌بێت.

جا که ده‌چووینه سه‌ربانه‌که و پێش ئه‌وه‌ی بچینه ناو جێگای نووستنمان، له‌وسه‌ر تا ئه‌وسه‌ر پیاسه‌مان ده‌کرد و له‌سه‌ر شووره‌که‌یه‌وه، سه‌یری شارمان ده‌کرد، وا به‌هێمنی و بێ ده‌نگ و تاریک، ڕاکشاوه... له دامێن شاخی هه‌یبه سوڵتان. شاری ئه‌و وه‌خته، له

گەڕەکی دیانانەوە، لە باشوورەوە و... تا تەمتەمان و باخچەکانی سەرەتای (ئاشان) – وەک گوندێکی گەورە بوو. لە پێشەوە، هەر لە خوار قشلە، گومرگە کۆنەکە بوو کە وابزانم گەورەترین بینایە بوو لە کۆیە – بەشکلی چوارگۆشە بوو، پێشەوەی بەرامبەر دەروازەکەی تاقێکی گەورەی لەسەر بوو. سێ لای تاق بوون و کراوە بوون – جا لە پێش ئەو دەرگایە گۆڕەپانێکی گەورە هەبوو... لەوبەری گۆڕەپانەکە، بەرامبەر دەرگای گومرگ، قەسریماڵی حاجی کاکەمین بوو، بەڕەحمەت بێ. باوکی بەکر و عومەر و زاهیر و مەجیدی حاجی کاکەمین.

دیسان کە بەیانیان بەئاگا دەهاتم، دەچوومەوە لای شوورەکەی بانەکە و سەیری (کۆیە)م دەکرد. ئەوەندە لام خۆشەویست بوو! وا جوان ڕاکشا بوو، بەهێمنی و ئاسوودەیی... تاوێک سەیری ڕۆژهەڵاتی شارم دەکرد... ڕیزە چیای هەیبە سوڵتان بەرەو حەمامۆک درێژ بووبۆوە... باخ و باخچە و ڕووباری، دەوری شاریان دابوو لە حەمامۆکەوە تا ئۆمەر خوچان... کە سەیری لای باشووری شارم دەکرد... تا چاو حوکمی دەکرد دەشتایی بوو... تەنها قەبرستانەکەی غەریبان، کە هەندێ درەختی زەیتوون و تووی لێ ڕوا بوو، باقی تر تا ڕیزە چیاکانی کۆسرەت و بەرەو خوار تا ڕووباری کۆیە... هەر دەشتایی بوو... لە دووریشەوە، بەشێک لەو دەشتە کرابووە فڕۆکەخانە... لەسەر زەوییەکەی، لە ناوەڕاستیدا، بە(گەچ) (بەلەهجەی کۆییانە = گێچ)ی سپی، بەپیتی ئینگلیزی، زۆر بەگەورەیی نووسرا بوو (KOI) بۆ ئەوەی لە ئاسمانەوە فڕۆکەوان بزانێ ئێرە (کۆیە)یە.

جا بەو بەیانە، کە هەندێ ڕۆژ زووتر لە خەو هەڵدەستام و سەیری شارەکەم دەکرد، لە هەندێ لاوە، لە مزگەوتەکان گوێم لە دەنگی بانگدان دەبوو کە دەیانگوت (الله اکبر)... پاش کەمێک گوێم لە زەنگی کاروان دەبوو، لە حەمامۆکەوە شۆڕ دەبوونەوە بەرەو ئاشان و ئینجا بەرەو شار. زۆر جاران لەگەڵ زەنگەکە یەکێک لە کاروانچییەکان حەیرانێکی تێ هەڵدەکرد و پاش ئەو یەکی تر دەهات، لەگەڵ کاروانێکی تر، بەستەیەکی خۆشی دەگوت.

هەڵبەتە ئەو حەیران و بەستانە و بانگەش، هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم، بەڵام دەنگەکان و شێوەی گوتنەکەم زۆر لە لا خۆش بوو. ئینجا کەڵەشێر (کەڵەباب)یش دەستی بەخوێندن و بانگدان دەکرد. سەیرە دەنگی دەیەها کەڵەباب لە شارەکەوە دەهاتە گوێم بەو بەیانییە سەحەرە. کە خۆر لە پشت هەیبە سوڵتانەوە سەری دەردەهێنا و یەکەم تیشکی لە دەموچاوم و لە شوورە و بەیداغی سەر قشلەی دەدا. لەو کاتەش تەیروتوار و بولبول، لە



ئاسمانا دەفڕین و بەچریکە و خوێندن و سەماکردن و باڵەفڕکە، بەسەر سەرما دەهاتن و خێرا تێپەڕ دەبوون! ئینجا، سەیری خوارەوەم دەکردەوە، دەمدیت، تاک تاک، جووت جووت خەڵک: پیاو... گەنج... بەرە بەرە لە کۆڵانەکان دیار دەکەوتن و پاشان لە کۆڵانێکی تر ون دەبوون... هەر لەو کۆڵان، یەکێکی تر... دووانی تر، دیار دەکەوتن... دەڕۆیشتن، بۆ ئەملا و ئەولا... بەرەو شوێنی کارکردنیان و ڕزق پەیداکردنیان دەچوون. جار جارەش، گوێدرێژێک بەبارە دارێکەوە لە جادە سەرەکییەکە لای ئەدا ناو کۆڵانێک و خاوەنەکەی بەدوایا، لە پێش چاوم بزر دەبوونەوە.

ئینجا لە بانەکەوە، دەهاتمە خوارەوە... تاوێکیش لەسەر قادرمەکان دادەنیشتم... دنیا فێنک! بیرم لەو هەموو شتە دەکردەوە! لە هاویندا، ئێواران پۆلیسەکان دوای دەرگای قشلە داخستن، تەختەکانیان لە بەردەم ژوورەکان، لە حەوش دادەنا و ڕیزیان دەکرد. ئینجا بوتڵی (شووشە)ی عەرەق لەسەر مێزێک دادەنرا و پەرداغ و مەزە... ڕیز دەکرا. گوریێل، عەزیز، باوکم، ئیبراهیم ئیسحاق، عەبد جاسم... نەمرود یاقو،... دەستیان بەخواردنەوەی مەشروب دەکرد! ژنەکانیش لە لایەک کۆدەبوونەوە... لەسەر ڕایەخ و بەتانیە و ئێمەی منالیش لەوسەر بۆ ئەوسەر بەغاردان دەچووین و دەگەڕاینەوە... هاوار و چریکە و پێکەنینمان... حەوشی قشلە خامۆشەکەی دەهێنایە خرۆش! باوکم ناوە ناوە لاوکێکی تێ هەڵدەکرد و یاخود گرامافۆنەکەمانی دەهێنا گۆڕەپانەکە و لەسەر مێزێکی بچووک دایدەنا و قەوان لە دوای قەوانی بۆ لێ دەدایین. دونیایەکی بێ تەنگوچەڵەمە بوو... ژیانێکی سادە... بێ ترس و لەرز! چەند خۆش بوو، بەو شەوە تاریکە کە تەنها دوو سێ فانۆس نەبێ ئەو دەوروپشتەیان ڕووناک دەکردەوە، باقی دیکەی حەوشەکە، کە پڕیش بوو لە قەبر و قەبرستان و بەردە شاخ... دەنگی دەدایەوە لەگەڵ گوێندەکان و ئەو مۆسیقایەی کە لەگەڵ بەستە و لاوکەکان لێ دەدرا. حاڵەتەکە... تێکڕا، شتێکی سیحراوی... فریشتەیی کاری دەکردە جەستە و هۆشم!! عەبد جاسم، ئینجا هەڵدەستا سەرپێیان و بەهۆی سەر گەرم بوونیەوە، هەڵدەپەڕی و چەقەوانەی لێ ئەدا و دوو سێ ڕستەی (سروود)ێکی ئاشووری کە پێشتر لەبەری کردبوو، دەیگوت بەلەهجەیەکی تێکەڵوپێکەڵ و دەیگوت:

ئەخنی سوورایێ        قەطلەخ قوردایێ
بشموخ مەرشمون...

کە ئەوە سەرەتای سروودێکی (حماسی) ئاشوورییە، عەسکەری لیڤی کە لەگەڵ ئینگلیزەکان دابوون، دەیانگوت... گوایا بەناوی (مارشمعون) پاتریارک، دەڕۆن بۆ شەڕ!.



وێنەی عەبد جاسم بەجل و بەرگی (تەق تەق)یان.

کاتێ (بنیامین)ی ئامۆزام، کە تەمەنی بە(٥) ساڵ لە من گەورەتر بوو، دەچووە بەرخوێندنی کەنیسە، لای قەشە، هەندێ جار، باوکم لێی داوا دەکرد منیش لەگەڵ خۆیا بباتە کەنیسە. زۆرم پێ خۆش دەبوو، کە بەدوایدا دەکەوتم بەناو کووچە و کۆڵانە بەرد و خۆڵەکان و خوار و خێچەکاندا دەڕۆیشتین و عەزرای فەڕاشیش لە دوامان، ئاگاداری لێمان دەبوو، نەک منالان لێمان بدەن، کە دەگەیشتینە ژوورەکەی مام قەشە و قەشەم دەدی بەجلوبەرگ و ڕۆبە ڕەشەکەی و ڕدێنە سپییەکەی و کلاوە خڕەکەی سەر سەریەوە، جۆرە (خشوع)ێک و هەست بەکامەرانییێکم دەکرد. من هیچ لە دەرس و وانەکان تێنەدەگەیشتم. بەڵام هەر دەرسەکان و تێکەڵبوونەکە لەگەڵ ژمارەییێکی تازەی قوتابییانم پێ خۆش بوو و جەزبی دەکردم.

باوکم باش ئایینی خوێندبوو، ئینجیلی هەموو دەخوێندەوە. تەراتیلەکانی بەئاوازەکانەوە دەزانی و دەیگوتن بۆمان. بۆیە زۆر حەزی دەکرد ئێمەش فێرە ئەو تەراتیل و ئاوازانە بین و فێرە نووسین و خوێندنی زمانی خۆمان بین!

یەکەم خانوو لە ناو شار، باوکم بۆی بەکرێ گرتین، دوای ئەوەی فرمانی هاتنە خوارەوەی خێزانی پۆلیسە ئاسوورییەکان دەرچوو لە (١٩٣٤) لە لایەن حکوومەتەوە، خانوویێکی زۆر بچووک: دوو ژووری بچووک و هەیوانێکیان لە بەینا بوو... لەگەڵ حەوشێکی سێ چوار مەتر چوارگۆشە، کە دەکەوتە نزیک بازاڕە گچکەکەی دوکانی فەقێ سەلیم و پلکە ئەستی لێ بوو. پاشان خانوویێکی بچووک: دوو ژوور و هەیوانێکی بچووک و حەوشێکی بچووک بوو کە لە پشت گومرگ (ئیدارە) کۆنەکە بوو، لە گۆڕەپانێک کە بەچەند کۆڵان دەورە درا بوو وەک ماڵی تەمەر و عەولا دەروێش و حەمەدەمینی چیلکەدارفرۆش، مێردی پلکە خەجێ و ماڵی مەلای ڕەش و مزگەوتی مەلا عەبدوڵڵای باوکی عصام الدین... لە گەڕەکی قەڵات... لەولای تری گۆڕەپانەکە حەسارێکی گەورە بوو، پڕ بوو لە دار ئەسپیندار... لە خوار ئەو حەسارەش، کۆڵانێک بوو، یەک لە ماڵەکان ماڵی (کاک سدیق)ی باوکی عوسمان و کەمال... (کەمال لە شەستەکانا بووە مامۆستای ئینگلیزی و دوایی ئەمری خوای بەجێ هێنا ) کاک عوسمان لە ژیانایە.



عوسمان، لە مەکتەبی (سەرێ) قوتابی بوو. لە فورسەکان شەیتانی دەکرد و دەچووە سەر قادرمەکانی بۆ کۆشکەکە بەسەردەکەوتن، کە ژووری (مودیری) لێ بوو. جا (فەرەجوللای) فەڕاش هاواری دەکرد (ئوسمانە کوڕ... وەرە خارێ). ئەو کاک (سدیق)ەش بەڕەحمەت بێ، لێرە لە هەولێر، لە ساڵانی شەستەکانا... و سەرەتای حەفتاکانیش، زۆر جاران دەهاتە گەڕەکی شۆڕش، بۆ ماڵمان و سەری لێ دەداین... و نیوەڕۆ هەمیشە پێکەوە نانمان دەخوارد، ئینجا بەڕێم دەکرد، دەچووە لای عوسمانی کوڕی. عوسمان ئەو کاتە لە (جمعیەکانی بناء المساکن) سەرۆکی جەمعیە بوو.

ئەو خانووە کە باسم کرد دووەم خانووە چووینە ناوی، خاوەنەکەی ناوی (سابیری حەمە لیلە) بوو. ئەو خانووەی بە(ڕەهن) دابووە (مەلای ڕەش)، کە ماڵیان نزیکمان بوون. ئینجا باوکم لە (مەلای ڕەش)ی بەکرێ گرتبوو. مەلای ڕەش کوڕێکی گەنجی هەبوو ناوی (ڕەفیق) بوو... هەزار ڕەحمەتی لێ بێ. زۆر دەهاتە لامان و... بەهۆی ئەوەوە دایکم و من، فێرە کوردی بووین. زۆر قسەی لەگەڵمانا دەکرد و دەرسی دەدامێ بەعەرەبی و بەکوردی.



ساڵی ١٩٣٥ لە قوتابخانەی (کویسنجق الثانیة) قەید کرام لە پۆلی یەکەم. یەک مامۆستا دێتەوە بیرم لەو ساڵەدا و ساڵی دواتریش، کە مامۆستا (جەلال حەوێز) بوو. ئەم مامۆستا جەلالە، عوودێکی هەبوو، لە ڕۆژانی دەرسی سروودمان هەبووایە، بەو عوودەوە دەهاتە پۆلەکەمان و سروودەکانی بەعوود بۆ لێ ئەداین و ئاوازەکانی فێر دەکردین.

**تێبینی:**

کە لە ساڵی ١٩٥٧ لە کۆیە تەعین بووم وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی لەقوتابخانەی (متوسطة کویسنجق للبنین) و مامۆستای موسیقای واجیم دامەزراند، مامۆستا جەلالیش دەچوومە لای، لە دوکانی (بابەکە)... وتی: ئەو عوودەم هەر ماوە... بەڵام هەندێ نوقصانی هەیە.

وتم: بمدەیێ، من بۆت تەواو دەکەم! ئەوە بوو عوودەکەی بۆ ناردم. سەیرم کرد پشتی لە یەک دوو جێگا تەقیوە. زەندەکەی دەرچووە. ژێیەکان (اوتار)ی زۆریان نەماون، یا پسا بوون. منیش هەمووم بۆی تەواو کرد و ژێیەکانم هەبوو، بۆم بەستن و بۆم نارد. زۆر

مەمنوونم بوو. وتی: بۆ خۆم لە ماڵەوە جاروبار لێ ئەدەم و خۆم دەخافڵێنم.

جا لە منداڵیمەوە، ئەو عوودەی مامۆستا جەلال حەویز، شکلەکەی و دەنگەکەی، لە مێشکم و خەیاڵم مایەوە. هەموو هەستم لە لای ئەوە بوو... حەزم دەکرد عوودم هەبێ و گۆرانی بڵێم....

مەلای ڕەش، دایکم و باوکم و منی زۆر خۆش دەویستن باوکمی فێرە کوردی دەکرد. ژنێکی هەبوو ناوی (خەدیجە) بوو... کەڵەگەت و جوان... زۆر جاران، دایکم دەیناردمە ماڵیان. نەوت و مێوژ و گوێز و قەسپیان دەفرۆشت، لێم دەکڕین! ئینجا لەو حاڵەتانە، تاوێک لە مامۆستا مەلای ڕەش ڕادەمام و لە هەیوانەکەی بەردەرگایان ڕادەوەستام و ئەویش خۆی و سوختەکانی، لە حەوشەکە، لەسەر عەرد لە ژێر کەپری مێو دادەنیشتین و دارێکی درێژی بەدەستەوە بوو... سوختەکانی فێرە خوێندنی ئاینی دەکردن. ژنێکی تری، بچووکتری هەبوو... لەو زەمانە هێنای، ناوی (هەمین بوو) کورتیلە و خڕوپڕ بوو!

لەگەڵ ماڵی قەشەی هەرمۆتەش، خوا لێخۆشبوو، (قەشە انطوان) زۆر تێکەڵ بووین و جەنابیشی هەموو خێزان و منداڵ و پۆلیسە ئاسوورییەکانی ڕێز لێ دەگرتن و خۆشی دەویستین. باوکم زۆر ڕێزی لە قەشە دەنا... ئێمەی منداڵەکانی هەموومان لە لای ئەو قەشە، لە کەنیسەی هەرمۆتە، (تعمید) کراوین. لە لای باوکم تەنها دیانەتەکە گرنگ بوو. زۆر گوێی نەئەدایە مەسەلەی (قەومیەت). پێی خۆش بوو کە (ئاسووری) بوو... زۆریش باسی جورئەت و شەجاعەتی خەباتکەرە ئاسوورییەکانی دەکرد، چۆن بەرەنگاری هێرشی عەسکەری عوسمانی دەبوونەوە و لە کاتی هەڵاتنیان، شەڕیان دەکرد و عەسکەریان دوا دەخست تاکو خێزان و منداڵەکان دوور بکەونەوە و لە مەترسی دوور بن!

لە بۆنە و موناسەبەتی (تعمید)کردنی یەکێک لە منداڵەکان، دەبووە ڕۆژی خۆشی و سەیران. هەموو ماڵەکان دەچووینە هەرمۆتە بەپێیان... دوای مەراسیمی تەعمید، لە کەنیسە، هەموو دەچووینە ناو باخچەکانی و ژێر درەختی هەنار و زەیتوونەکان، لەوێ چێشت لێ دەنرا و نیوەڕۆش قەشە و خێزانی دەهاتنە لامان و نانی نیوەڕۆیان لەگەڵ ئێمە دەخوارد. تا درەنگی عەسر ئینجا، دەگەڕاینەوە کۆیە.

ماڵێکی جیرانی ماڵی قەشە (انطوان)، پیرەژنێک بوو و کوڕێکی گەنجی هەبوو ناوی (شمعون) بوو. بەتایبەتی ئەو ژنە، دایکم و منیان زۆر خۆش دەویست. زۆر جاری وا بووە، لە بیرمە، (شمعون = پێمان دەگوت: شموونە) دەهات و دوو گوێدرێژ، یا هێستری



بەتاڵی دەهێنا و ئێمەی دەبردە هەرمۆتە... لە لای دایکی، دادەبەزین... تا ئێوارە ئینجا کاک شموون، لەگەڵمانا دەهاتەوە کۆیە... ئێمەی دەگەیاند و دەگەڕایەوە هەرمۆتە. ماڵێکی تر، ماڵی (وارینە) بوو، دایکی ئیسرائیل - بێوەژن بوو. مێردی ناوی یەلدە بوو، زوو مردبوو. ئەو ژنە منداڵەکانی: کوڕ و کچێکی هەبوو، بەفرۆشتنی هەنگوین و ماست و هەروەها (عارەق) و (شەراب)یشی دەردەهێنا بەخێوی کردن. زۆربەی مەشرووبەکە، باوکم و گۆریل باوکی یوخەننا و ئەوانیتر، لێیان دەکڕی. کە جەژن دادەهات لەگەڵ باوکمان دەچووینە ئەو ماڵانە لە هەرمۆتە و جەژنە پیرۆزەمان لێیان دەکرد. ئینجا وارێ و ماڵی شموونە و ماڵی قەشە و یەکدوو دۆستی تری باوکمان کولیچە و هێلکەی ڕەنگاوڕەنگیان دەدایێ، زۆرمان لا خۆش بوو.

لە پۆلی دووەمەوە، ساڵی **١٩٣٦** قوتابخانەمان گوازترایەوە بۆ خانووەکەی (حەمەشین)، باوکی (عومەر حەمەدەمین) کە لەگەڵ مندا قوتابی بوو. لەو ساڵەش (طیمە)ی برام هاتە دونیا و (سینەم)ی پلکم لە بەغداوە هاتە لامان بۆ یارمەتیدانی دایکم. ماڵیشمان لە ماڵی «کاک تەمر» بوو.

لەگەڵ ماڵی مامم (دەرمان) و ماڵی گوریل باوکی (یوخنا)ی خزمان...

لەو ساڵە مامۆستایەکمان بۆ هات خەڵکی عەنکاوە بوو ناوی (لۆقا دمیانۆس) بوو، دەرسی (حیساب)ی پێ دەگوتین. بەزەبر و بەخۆشی توانی هەموومان (جدول الضرب)مان پێ لەبەر بکات تا ١٢ × ١٢. زۆر خراپیش لە قوتابی دەدا و تەنانەت فەلاقەشی دەکردن. یەک دووجار بنیامینی ئامۆزامی فەلاقە کرد، ئەویش هەڵات لە قوتابخانە و چیتر نەگەڕایەوە.

لە پۆلی سێیەم **١٩٣٧** دەرسی کوردیمان هەبوو، کتێبێکی تایبەتمان هەبوو بۆ خوێندن. هەر جارەی (املاء)مان هەبووایە، من (١٠)م وەردەگرت.

لەو ساڵە بوو قوتابخانەی شەوانی سەرەتایی کرایەوە زۆربەی پۆلیسەکان، خۆیان نووسی و ئیتر هەموو شەو، منیش لەگەڵ باوکم و گۆریل و ئەوانی دیکە دەچوومە مەکتەبی شەو لە لای باوکم لەسەر رحلەیەک دادەنیشتم... جا من باوکمم فێر دەکرد. ئەو شتەی مامۆستا لەسەر سەببوورەی دەنووسی، من دەمزانی و بۆ باوکم ڕوون دەکردەوە... بەتایبەتی حیساب...

ئەوەی ڕاستی بێ من لەبەر یەک شت زیاتر هەوەسم دەبوو بچم، نەک لەبەر باوکم یا

دەرسەکان. بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە من (عەنەتریک)ەکە بەدەستەوە بگرم و پێی کەم و پێش خۆم و باوکم ڕووناک بکەمەوە لە ناو کۆڵانە پڕ چاڵ و بەرد و دار و کەند و کۆسپ. عەنەتریک یان (ئەلەتریک) ناوی ئەو لایتانە بوو کە بەپاتری و گلۆپێکی بچووک، بەدەستمانەوە دەگرتن و پێمان دەکردن. جا ئەوساکە نەوعێکی پان هەبوو هەندی ناولەپی دەست بوو. لە پێشەوە (عدسە)یەکی خڕی هەبوو، گلۆپێکی بچووک لە ژێرییەوە بوو. دیوی دواوەی قەپاغێکی پان دەکرایەوە و پاتریە پانەکەشی تێدا دادەنرا و قەپاغەکەی پێوە دەدرا. ئینجا بەسویچێکی بچووک لە دیوی پێشەوە، لایتەکە دەکرایەوە یان دەکوژێنرایەوە!.

لەو ساڵەش، ١٩٣٨، لە پۆلی (٣ سێ) بووم هەر لەگەڵ ماڵی مامم، لە حەوشە گەورەکەی خانووی (کاک تەمر عەبدولواحید) بوو. گەنجێکی جوانکیلە بوو... دایکی هەبوو ناوی (رابعە) بوو... بانگمان دەکرد (یا ڕابی). برایەکی لە خۆی بچووکتری هەبوو ناوی (غەفوور) بوو دوو خوشکیشی هەبوو: فاتم و گولێ. تەمەر زگورتی بوو هێشتان. زەویوزار و بێستان و گا و گۆلکیان هەبوو... بێستان و زەوییەکەیان، کە لە باوکیانەوە بۆیان مابۆوە، لە دامێن چیای باواجی بوو ناوی مەنتیقەکە (زرێبار) بوو. گۆمە ئاوێکی گەورەی تیادا بوو، دەیانگوت کاتی خۆی برووسک لێی داوە... ئینجا زستانان پڕ ئاو دەبوو تا درەنگی هاوین ئاوەکە دەمایەوە و سوودیان لێی وەردەگرت بۆ ئاودانی دار و درەخت و کشتوکاڵ. جاروباریش دەچووینە ئەوێ بۆ سەیران و لە بەهارێکی درەنگیش بووایە، بنیامین و ڕەجەب و هەندێ هەڤاڵانیان، مەلەیان لە گۆمەکە دەکرد. زۆریش قووڵ بوو. بۆیە ئێمە نەماندەوێرا بچینە ناویەوە.

حەوشەکەی ماڵی (تەمەر) باخچەیەکی گەورەی تیا بوو پڕ بوو لە درەختی هەنار و مێو و هەنجیر. باوکم و هەڤاڵانی جاروبار لە ژێر کەپرەکە دادەنیشتن شەوانی هاوینان و مەشروبیان دەخواردەوە لەگەڵ (صبری باشچاوەش) و گۆریل و عوسمان ئونباشی.

چوار ژووری زۆر گەورەشی تیا بوو. ژوورەکان درێژ بوون و کەوتبوونە لای ڕۆژهەڵاتی حەوشەکە. حەوشەکە و باغەکە لە لای ڕۆژئاوا بوو. ژووری یەکەم کە لە هەوراز بوو بەلای باکووری حەوشەکە، ئێمە - ماڵی ئیسرائیل - تێیدا نیشتەجێ بووین. ژووری دووەم، لە خوار ئێمەوە، کە بەیەک دوو پێپلیکان بۆی دادەبەزین، ماڵی مامم (دەرمان)ی تێدا بوو. ژووری سێیەم، پۆلیسێکی سوارەی شکاکی موسڵمانی تێدا بوو، شکاک بوون، هەر



خەڵکی تورکیا بوون ئەوانیش. پیاوەکە ناوی (حەمە صالح شکاک) بوو. ژنەکەی ناوی (صافیە خان) بوو، یەک کچیان لەگەڵدا هەبوو ناوی (صبیحە) بوو، زۆریان خۆش دەویست، هێشتا نەچووبووە قوتابخانە. کیژێکی تریان هەبوو بەمێرد چووبوو لە سلێمانی نیشتەجێ بوو، ناوی (گورجی) بوو. ئەم (گورجی)یە ژنێکی جوان و مەیلەو شلومل بوو، سپی و سوور،... کوڕێکی هەبوو ناوی (جەمال عەزیز) بوو لەگەڵیا بوومە برادەر و لەگەڵیا... زۆر خۆشمان ڕادەبوارد. دەنگیشی خۆش بوو گۆرانی قەوانەکانی عەرەبی دەگوت وەک (للناصریة - تاذین - وین رایح وین...). سەبیحەکەش، پاش چەند ساڵێک، کە (حەمە صالح)ی باوکی نەقلی ڕانیە بوو و ماڵیان گوازتەوە ئەوێ، مامۆستایەک ناوی (ئیسماعیل سەرهەنگ) بوو، خواستی و بووە ژنی مامۆستا و لە ڕانیە مایەوە، ژووری چوارەمی خوارەوە ماڵی کاک تەمەر، خۆی، تێیدا دەژیان. عەمبارێکی گەورەش بۆ گەنم و جۆ هەر لەوێ بوو. ئەوساکەش لە کۆیە، هەر دوو قوتابخانەی سەرەتایی لێ بوو. قوتابخانەی یەکەم (مدرسة کویسنجق الاولی) بوو پێی دەگوترا (مەکتەبی خوارێ). ئەمەیان لە سەرەتای بازاڕ بوو، بیدایە گەڕەکی جوولەکان، لە پشت ئەو قوتابخانەیە دەستی پێ دەکرد. هەروەها بازاڕی ئەوسای کۆیەش لەوێوە دەستی پێ دەکرد. یەک دوو دوکانی ئاسینگەر بەرامبەر دەرگای حەوشەکەی بوون.

قوتابخانەی دووەم (مدرسة کویسنجق الثانیة) بوو پێی دەگوترا (مەکتەبی سەرێ). ئەوەل جار لە حەوشێک بوو، کەمێک نزیکی لەو کۆڵانەی کە بۆ (حەمامی گچکە) دەچوو و بۆ گۆڕەپانەکەی بەردەم ماڵی مەلا حەوێز ئاغا و کاکە زیاد... و بۆ لای سەرا و بازاڕ. لەوێ من پۆلی یەکەم بووم. لە مامۆستاکانم، مامۆستا جەلال حەوێزم قەت لە یاد ناچێ. چونکە ئەو دەرسی سروودی فێر دەکردین. جا، وەک پێشتر باسم کرد، عوودێکی هەبوو، دەیهێنا پۆلەکەمان و بەعوودەوە فێرە سروودی دەکردین وەک سروودی:

ئێمە کە منداڵ و نەوجەوانین
هەموو بەقوربانی کوردستانین

لەگەڵ سروودی:

ئەی تۆپەکە... فوتبۆڵەکە
من دێم لە دەستم ڕامەکە

لە ساڵی ٩٣٧/١٩٣٦ بوومە پۆلی دووەم (پێشتریش باسم کرد). قوتابخانەشمان

گوازتییەوە حەوشێکی تر کە خاوەنەکەی ناوی (حەمەشین) بوو. ناوی ئەسڵی (حەمەدەمین) بوو. کوڕێکی، (عومەر)ی ناو بوو، لەگەڵ ئێمە قوتابی بوو: عومەر حەمەدەمین.

لە بیرمە دەموچاوێکی سووری هەبوو... پڕیشی قینچکەی (حب الشباب) بوو، کە هەندێکیان کێم (جەراحەت)یشیان تێدا هەبوو، سەری قینچکەکان زەرد هەڵدەگەڕان.

لە حەوشەکەمان، هەر چوار خێزانەکان، شەوانی زستان، لە لای یەکێکیان کۆدەبوونەوە و زۆربەی جاریش لە لای مامۆژنم بوو و، ئیتر باس و خواس و قسە و قسەلۆکی ژنانیش قەت تەواو نەدەبوو... جاروباریش دەکەوتنە سەرپشت لەبەر پێکەنینان! ئێمەی مناڵانیش، لە قوژبنێکی ژوورەکە، دوور لە ژنەکان، دادەنیشتین و یاریمان دەکرد. من دەبووم بەمامۆستا: سەبیحەی صالحی شکاک و ڕۆمێی کچی مامم دەبوون بەقوتابی... ئەو یارییە پێمان دەگوت: مەکتەبلیانێ! زۆرم حەز لێی دەکرد. ئەو ساڵە، نزیک ئیمتیحانی سەری ساڵ، نەخۆش کەوتم. لە بیرمە زۆر نەساغ بووم... هەمیشە تایەکی گەرمم لێ بوو. وابزانم (تایفۆئید)م گرتبوو... لە قوتابخانەش دوورکەوتم و لە ئیمتیحان (راسب) بووم و مامەوە لە پۆلی سێیەم.

ساڵی **١٩٣٨/٩٣٧** باوکم گوازترایەوە بۆ مەخفەری پۆلیسی (دەربەندی گۆمەسپان)، لە نزیک ئەشکەفتەقا، لە لای ڕاستی ڕێگای نێوان کۆیە و هەولێر. هاوین باوکم ماڵەوەی بردە ئەوێ. من و (بنیامین)ی ئامۆزام چووینە ماڵمان لە دەربەند. شوێنێکی زۆر دڵگیر و خۆش بوو. مەخفەرەکە لەسەر گردێکی بەرز دروست کرابوو بەبەرد و گەچ. دەرگاییێکی ئاسنینی گەورەی هەبوو. شەش نەفەر پۆلیسی سوارەی لێ بوو. یەکیان باوکم بوو. دووەمیان مام مەعرووف بوو، باوکی (مەجید و حەمید) کە ئەوانە لەگەڵما، لە کۆیە قوتابی بوون. سندووقی قەوان، (گرامافۆن)یان هەبوو. شەوان لە بەردەم مەخفەرەکە دادەنیشتن و ئێمەی مناڵەکانیش لە دەوری سندووقەکە کۆ دەبووینەوە و قەوانی کاوێس ئاغای بۆ لێ دەداین. لێپرسراوی مەخفەرەکە، ماوەیەک عومەر ئاغای باشچاوەش بوو. ئەو نەقل بوو، ساڵی **٤١/١٩٤٠** مەجید باشچاوەش بووە لێپرسراوی مەخفەر. یەک لە پۆلیسەکان ناوی (صدقان) بوو، عەرەب بوو. ئەو ئیشوکاری ئەوە بوو، چوار بەرمیلی بچووکی دەهاویشتە سەرپشتی هێسترێک و ڕۆژی چەند جارێ شۆڕ دەبۆوە و دەچووە سەر ڕووبارەکە و بەرمیلەکانی پڕ ئاو دەکرد و ئینجا بەرەو ماڵە پۆلیسەکان بەسەر دەکەوتەوە،



ئاوەکەی دابەش دەکردە سەر ماڵەکان. چەند جارێ گوێم لێ دەبوو، دایکم بەسەریدا دەیقیژاند: کوڕە، یێتیم (واتا هەتیو) ئێمە ئاومان نییە، بێنە ئەو سەفەرە ئاوە بدە مە! ئەو (واتا صدقان) دەیگوت:

– «یمّە – ئەوە بۆ ماڵ باشچاوەش. ماڵ باشچاوەش ئاو نەخواردیە!». واتا ماڵی باشچاوەش، ئاوم بۆیان نەبردووە.

کە دەوامی قوتابخانە دەستی پێ کردەوە، ساڵی دیراسی **٣٩/١٩٣٨** لە پۆلی سێ بووم، من و بنیامین، گەڕاینەوە کۆیە. دایکم و براکانم لە دەربەند مانەوە. من لە ماڵی مامم دابەزیم و ئەو ساڵەم بەسەربرد لە لایان. بەڵام زۆرم پێ ناخۆش بوو لە دایکم و براکانم دوورکەوتمەوە. زۆر جار بەشەوان، لە ژێر لێفەکەم، بەوسکێ و بێ دەنگی غەریبیم هەڵدەستا و دەگریام. بەڵام کە ڕۆژ دەبۆوە، لەگەڵ ئامۆزام دەچوومە مەکتەب و دوای نیوەڕۆش لەگەڵ مناڵەکانی تر بەیاری ڕامدەبوارد و دایکم و باوکم و براکانم لە بیر دەچوون.

کاک تەمەر جووتیاری هەبوون، پاییزان جووتیان بۆی دەکرد و زەوییان دەکێڵا و گەنم و جۆیان بۆی دەچاند. جا شەوان هەر لە ماڵی تەمەر دەمانەوە و دەنووستن. ئەوانە، یەکیان ناوی مامم خدر بوو، تا بڵێیی سادە و پیس و پۆخڵ بوو. ڕدێن و سمێڵی هێشتبۆوە... دایکم و مامۆژنم زۆر سوعبەت (واتا گەمە)یان لەگەڵ دەکرد... و لە بنەوەش دەیانگوت: بەخوا ئێستا ڕیش و سمێڵت پڕ لە ئەسپێنە!. یەکێکی تر، ناوی حەسەن یا حوسێن بوو... حەیرانی باش دەزانی. شەوان لە دەوری ئاگردان، لە ژوورەکەی ماڵی کاک تەمەر دادەنیشتین و حەیرانی بۆ دەگوتین و دۆمبەلانمان لە ناو ئاگرەکە دەبرژاند.

هەروەها، پیاوێکی تر هەبوو، شمشاڵی زۆر خۆشی لێ ئەدا، ساڵی یەک دووجار بەدیار دەکەوت و دەهاتە ماڵی کاک تەمەر و چەند شەوێک دەمایەوە. جا بەشەوان، شمشاڵی لێ ئەدا و حەکایەتی دەگێڕایەوە، پێیان دەگوت (بەیت). کەمێک شمشاڵی لێ ئەدا و ئینجا، بەدەو، ڕووداوەکەی دەگێڕایەوە.

کابرایەکی تریش هەبوو دەهاتە ماڵیان، کوردی تورکیا بوو. بەکوردی ئەولای قسەی دەکرد و... کەم کەمە لێی تێدەگەیشتم. ئەو کابرایە لێوی خوارەوەی، بووبووە دوو بەش. ڕەنگە جێی گوللە یان خەنجەر و شتی وا، لە کاتی شەڕ، ئاوا شەق کرابوو. جا پێمان دەگوت: مەمەد سێ لچ، یا مەمەند لچ خوار. ناوی مەمەند بوو... (لچ) بەلەهجەی

کۆییـیـان بە(لێـو) دەڵێن. مـەمەد هەمـبـانەیەکی هەبوو، لە کونێکی بەشی خـوارەوەی زوڕنایەکی تێـدا پەست بوو قـامـیی کـردبوو. کـونێکی سەرەوەش، پارچە قامیشێکی کورتی، کە ڕەنگە چوار ئینج دەبوو، لە کونەکەی پەستبوو. وەک ئەو ئامێرە مۆسیقـایانەی هونەرمەندانی سکۆتلاندە بەکاریان دێنن بۆ ژەنینی ئاوازی میللی خۆیان، مەمەدیش هەمبانەکەی پڕ لە هەوا دەکرد بەفووی خۆی. قامیشە کونەکە وا جوان دەگونجا لەگەڵ لێوە قەرشتەکەی خوارەوە... دەتگوت هەر بەئانقەست بڕیویەتی تاکو ئەو لوولە قامیشەی لە ناو دانێ. ئینجا کە هەمبانەکە پڕ با دەبوو، لە زوڕناکەوە دەهاتە دەر. مەمەندیش بەپەنجەکانی، کە لەسەر کونەکانی زوڕناکە گەمەی پێ دەکردن، خۆشترین ئاوازی گۆرانی تورکی و کوردی بۆ لێ دەدایین. لە بیرمە یەکێک لە گۆرانییە تورکییەکان ئەوە بوو تێیدا بەئاواز دەیگوت:



هەمبانەیەکی مۆسیقا ژەنین، وەک هەمبانەکەی (مەمەد لچ خوار) کە دەهاتە ماڵی خوا لێخۆشبوو (تەمەر عەبدولواحید) لە کۆیە لە ساڵانی سییەکانا دەبێ سکان بکرێ).

یووری یارم یووری — ئەسمەر یارم یووی
شمدی گێچتی بوڕادا — ئەسمەر گولم یوری...

دواییش ساڵانی کە گەورە بووم، زانیم ئەمە گۆرانییەکی بەناوبانگی فۆلکلۆری تورکیاییە – ئەمڕۆش، جاروبار لە ڕادیۆکانی تورکیا و لە کەناڵە ئاسمانییەکانی تەلەفزیۆنەکانیان، بەگرووپ و کۆرال، ئەو گۆرانییەم زۆر جار گوێ لێی دەبێ و دەیبینم.

ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت. هەموو ئەو کەسانەی ناویان دەهێنم و باسیان دەکەم، لە خوای گەورە داوا دەکەم، جێگایان بەهەشت بێ و خوای گەورە لە گوناهەکانیان خۆش بێ، بۆ خاتری گەورەیی خۆی.

یەکەم جار کە سەفەرم کرد بۆ دەرەوەی شاری کۆیە، بەترومبێل، لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٧ بوو. لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی بووم، لە (مەکتەبی سەرێ!) واتا





قوتابخانەی سەرەتایی دووەمی کۆیە (مدرسة كويسنجق الثانية) بەترومبێلێکی وەک ئەوەی لەم وێنە دایە، کە بە(تەنتە) بوو. واتا سەقفی (چادر) بوو.

من و باوکم و حەمەدەمینی زاوای کاک تەمەری خاوەن حەوشەکەمان، کە مێردی (فاتم)ی خوشکی بوو، لە پێشەوە، تەنیشت سایق دانیشتبووین. جانتا و کەلوپەلی هەموو نەفەرەکان، هەندێکیان لە دوای ترومبێلەکە، لەسەر شوێنێک وەک چارپایەی ئاسن، دەبەستران، هێشتا سەیارەی مۆدێلی بە(سندوق) لە دواوەیان نەبینیبوو.



هەولێری ساڵانی سییەکان، لە دوورەوە

کەلوپەلیش ئەگەر زۆر بووایە و لە پشت ترومبێلەکە جێی نەبووایە، لەسەر (چامرلوغ)ەکانی هەردوو تەنیشتی (بۆدی) سەیارەکە دەبەستران وەک لە وێنەی پێشوودا دیارە. لەو حاڵەتەش نەفەرەکان دەبووایە بەسەر کەلوپەلەکە کەوتبان چووبانە ناو ترومبێلەکە، چونکە دەرگاکان نەدەکرانەوە، هەروەهاش لە کاتی دابەزینیان!

کاک حەمەدەمین دەنگی خۆش بوو، گۆرانی بۆ دەگوتن لە ڕێگا، ناوە ناوە. ئێوارە بوو گەییشتینە کەسنەزان. لەوێوە هەولێرمان لێ بەدیارکەوت و دووکەڵێکی شینی بەسەر شارەکەدا داپۆشیبوو... هەڵبەتە ئەوەش دووکەڵی سەدەها سۆبەی دار و ئاگردان و تەندووری نان بوو... کە دەچووە ئاسمان. چونکە وەرزەکە زۆر سارد بوو... چەندی باسی هەستی خۆشی خۆم بکەم، کەمە! زۆر حەزم لە سواربوونی ترومبێل دەکرد. جا کە باوکم ئیجازەی وەرگرت بۆ ١٢ ڕۆژ و ڕازی بوو لەگەڵ خۆیا بمباتە بەغدا، هەر لە خۆشییانا وەخت بوو بفڕم!

گەییشتینە ناو شاری هەولێر، شەو بوو. یەکسەر من و باوکم چووینە گەراجی کەرکووک و بەڕێ کەوتین بۆ کەرکووک، بەتاکسییەک. لە دوورەوە، بەو شەوە، ڕووناکی ئاگری نەوتی I. P. C دیار بوو. باوکم، لە پێش نەفەرەکان لێی پرسیم: دەزانی ئەو ڕووناکییە




وێنەی قەڵاتی کەرکووک و پردە کۆنەکەی و بەستی "خاسە"، لە ساڵانی ئاوەدانیدا. وێنەکە لە ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم گیراوە.

چییـە؟ منیش یەکسـەر وەڵامم دایەوە و گـوتم کـە ئەوە ڕووناکی ئاگـرە لە نەوتی (باباگـوڕگـوڕ)ەوە دەردەچێ! نەفـەرەکـان گـوتیـان: ئافـەرم وەڵڵا زیرەکە! باوکم بەم قسانە پێکەنی و گوتی: ئەمە یەکەم جارە دەچیـتە کـەرکـووک! هەی ئافـەرم کـوڕم. چۆنت زانی؟ – وتم: مـامـۆسـتـامـان ئەو زانیارییانەی داینێ.

(مامـۆستـاکـانمان، بەڕاستی زۆر باش و پڕ زانیـــــاری بوون. لە پۆلی سێ: لە قوتابیانی لەگەڵمدا بوون، هەندێکیانم لە بیرە: بابە شێخ عـزاللە «سەروچاوی سپی و سـوورە و چاوی کـز بوون»، جـەمـالی وەهاب، فـایق حـاجی جـەلال، اندریا فـتـومی...) بگەڕێمەوە سەر سەفەرەکەم بۆ بەغدا، لەگەڵ باوکم، کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٧ بوو، منیش پۆلی سێیەم بووم:

شەو کە گەیشتینە کەرکووک...



وێنەی مام (ئەرموش) و خێزانی (ئیستر)ی ژنی و لە دواوەیان – (شلیمۆن)ی کوڕیان و (هایکانوش)ی کچیان... منداڵەکانیش: نەوەی مام ئەرموشن: هی کوڕی گەورەی (ئەپرم) ئەمانە لە کەرکووک دەژین. بەڵام مام ئەرموش و خێزانی کۆچی دواییان کردووە.

باوکم کە مـاڵە خزمـەکـانی چاک نەدەزانی لە کـێندەرێنە، لە یەک دوو کـەسی پرسی کـە لەسەر جادە دەڕۆیشتن. کەسیان ئەو خزمانەی باوکمیان نەناسی. بەڵام یەکێک گـوتی: مـاڵی وەسـتـا (ئالـتـون)ی شوفێر پێ دەزانم. باوکم داوای لێ کرد نیشانمان بدات و دنیا شەوە. چاک بوو پیاوەکە پێشمان کەوت تا چووینە مـاڵەکـەیان. وەسـتـا ئاڵـتـون و خـێـزانی بەخـێـرهاتنیـان کـردین و، ژنەکەی زوو چێشتی بۆ ئامـادە کـردین و چای خـوراوە و



ئینجا وەستا ئاڵتون، عارەبانەیەکی بۆ گرتین و بەعارەبانچییەکەی گوت کە ئەدرێسەکە لە کوێیە... عارەبانچی زۆر چاک ئێمەی بردە بەردەم ئەو ماڵەی باوکم دەیویست بچێتە لایان، کە ماڵی (مام ئەرموش) بوو، کە خزمی بوو، لە (کوڕە ئامۆزا)کانی باوکم بوو. کوڕێکی هەبوو، تەمەنی نزیک تەمەنی بنیامینی ئامۆزام بوو و ناوی (ئەپرم = واتا ئەفرام) بوو. کچێکیشی هەبوو ناوی (ساتۆ) بوو. ژنەکەی (ئیستر) ئەرمەنی بوو، بەئەصل.

مـاڵی مام ئەرموش، حەوشێکی (شەرقی) بوو لە نزیک مـاڵی (نەفـتچییەکـان) لە (بگلر)، شەو لە لایان ماینەوە و ڕۆژی پاشتر، دوای زیارەتی هەندێ خزمانی دی کە لە کەرکـووک، لە I. P. C کـاریان دەکرد، بۆ ئێوارە (تکیـتی شـەمـەندەفەر)یان بۆ بڕین و بەعـارەبانە چووینە ئێستگە (محطە)ی شەمەندەفـەر و لە فـارگـۆنێک لێی دانیـشتین – خـزمـان خـواردنیـان بۆ ڕێگا، بۆمـان کردبوو...



عەرەبانە = پەیتوون

کە شـەمـەندەفـەر (هۆرن)ی لێـدا... من فـڕیم لە خـۆشـییـانا. ئەو سـەفـەرە هەم سـواری عـارەبانە بووم کـە پێـیـان دەگوت (پەیتوون).

بۆ یەکـــەم جـار و هەروەها ئەوەش شەمـەندەفـەر، وا سـواری بووم و دوای هۆڕنەکە... جوولایەوە بەهێـواش! گـوێم لە پێـچکە ئاسنەکانی بوو کە لەسـەر (سکە) دەخزین. ئـینجا ڕۆیـیشـتنەکـەی وردە وردە خێراتر دەبوو... ئاوا ئیتر سورعەتی خۆی وەرگرت... بڕۆ!. شەو داهات... لە ناو فارگۆنەکە هەر دوو کـەس لەسـەر کـورسـیـیـەک دانیـشـتـبوون... قـسـەیان دەکـرد و جگەرەیان دەکێشا و چەرەز (تۆ کودی، تۆ شـفـتی، تۆ گندۆرە... برێشکە)یان دەقـــرچاند و دەخـــوارد... نزیـکی نیوەشەو، هەندێک جێگایان بۆ خۆیان ڕاخـست لەسـەر ڕەفـەکـان، لە هەوراز



دیمەنێک لە وێستگەی شەمەندەفەری هەولێر

سەری موسافیرەکان، کە ئەو ڕەفانە، بەئەصل، تەرخان کراوە بۆ جانتا و کەلوپەلی نەفەرەکان. هەندێکیش هەر لە جێوە، لەسەر کورسییەکەیان، بەلادا دەچوون و خەویان لێ دەکەوت و هەندێ جار ڕادەچەنین و سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆیان دەکرد و دیسان، لەسەرەخۆ... خەویان لێ دەکەوتەوە و بەلادا دەچوونەوە. باوکم هەر بەئاگا بوو وەک من. من لە خۆشیانا کەم خەوم لێ دەکەوت... باوکیشم، هەر جارەی لە مەحەتەیەک، شەمەندەفەرەکە وەستابایە، دەچووە خوارەوە و پاش دەمێک دەگەڕایەوە، یا پورتەقال، یا سێو یا شتی تری بۆ دەهێنام.

لە پەنجەرەکەی تەنیشتمەوە سەیری شەوی تاریکی دەرەوەم دەکرد. هیچم لێ دیار نەبوو! تاریکستان زیاتر نەبوو! جار جارە لە دوور... زۆر لە دوور، لە ناو بۆشایی شەوی تاریک... هەندێ ڕووناکی گڵۆپی کارەبایی کزم دەبینی، دەمزانی ئەمە... ترومبیلێکە بەو شەوە سەفەر دەکا، یا چایخانەیەکە... یا ماڵێکە فانۆسیان پێ کردووە!...

بەیانی زوو لە خەو ڕاچەنیم... دنیا کەمێک ڕووناک بووبوو! سەحەر بوو! لە پەنجەرەوە سەیری زەویم کرد! ئای چۆن بەغار و خێرا بەرەو پشتەوەمان هەڵدەهات!

کە گەییشتینە بەغدا، ڕۆژ بڵند بوو لە ئاسمانا. هاتینە خوار و باوکم عارەبانەیەکی گرت و سوار بووین و بەناو شەقامەکانی بەغدا بۆ ماڵی ئامۆزایەکی باوکم (اوراهام = ابراهیم) لە (کمپ الگیلانی) دادەنیشتن، چووینە ئەوێ. نانی بەیانیان دەخوارد، هێشتا من تەقە تەقی (ویل)ە ئاسنەکانی شەمەندەفەر و چپە چپی پێی ئەسپەکانی عارەبانەکەیان ڕادەکێشا، لە ناو گوێکانم دەزرینگانەوە... خزمان خەنی بوون و منیان زۆر ماچ کرد و، باوکم کەوتە قسە و چاک و خۆشی و ئەحواڵ پرسین لەگەڵیانا.



لە ڕاستەوە: شەماشەوەردە، ئامۆزای باوکم مام ئۆراها
هەر لە خزمە نزیکەکانی باوکم
من (باکووری) – لە هەشتاکان ئەم وێنەیە گیراوە

دوو ڕۆژ ماینەوە لە بەغدا و هەندێ جلک و دیارییان بۆ کریم، ئینجا ئێمەیان بردە گەراجی (حەبانیە - پێیان



دەگوت: سنّ الذبان). ماڵی باپیرم لەوێ دەژین لەگەڵ یەک دوو ماڵە ئامۆزای باوکم و هەندێ خزمی دیکە! کە گەییشتینە (سیطرە)ی (حبانیە) لە باوکمیان پرسی بۆ کێ دەچن! ئەویش ناوەکانی پێ گوتن. ئەوانیش، یەک دوو عەسکەری لیڤی، ئاسووری بوون، خزمەکانیان ناسین و هێشتییان بچینە ژوورەوە...



لە ڕاستەوە: شەماشە وەردە، من لە ناوەڕاست، مام نەمرود، برای مام ئۆراها لە هەشتاکان، لە ئاهەنگی گواستنەوەی (لیندا) پلکەزام، لە بەغدا، ئەم وێنەیە گیراوە

دەڵێم ژوورەوە چونکە شارۆچکەی (سنّ الذبان) هەمووی بە(سیم = وایەری ئاسن) و دڕک دەورە درابوو. یەک دوو دەرگا هەبوو کە خەڵک و ترومبیل دەیانتوانی بەناویاندا بڕۆنە ژوورەوەی سیم، ئەویش بەپسوولەی تایبەت. خێزانی باپیرم پێکهاتبوو لە: باپیرم (لازار) کە باوکی دایکم بوو، هەروەها (ستتوو) کە زڕدایکی دایکم بوو. دایکی ئەسڵی دایکم، لە کاتی هەڵاتنیان لە تورکیاوە، لە ڕێگا مردبوو. هەروەها باپیرم لەو ژنەی... دوو کچی تری هەبوو. کە زڕخوشکی دایکم بوون. من پێشتر باپیرم دیتبوو – چونکە جارێک هاتبووە کۆیە بۆ سەردانمان لە ساڵی ١٩٣٥، من زۆر منداڵیش بووم، بەڵام لە بیرمە. بۆیە هەر دەمناسی. خانووەکەیان وەک (بەنگەڵە) – دیوار و تووتیا بوو – بەڵام زۆر ژیکەلە و گەرم و خۆش بوو. پلکەکانم و داپیرەشم منیان زۆر خۆش ویست. باپیرم لە کەمپی ئینگلیزەکان، ئیشی دارتاشی (نەجاری) دەکرد و دەستی خاوێن و کارەکانی زۆر پوختە و ڕێک بوون. سەرۆکەکانی لێی ڕازی بوون. مەعاش و گوزەرانی زۆر باش بوو.

ئەو چەند ڕۆژەی لە حەبانیە ماینەوە خۆشترین ڕۆژانم بوون. بیرم دەکردەوە: ئێمە ئەو هەموو خزمانەمان هەیە و هەموویان من و باوکمیان خۆش دەویستن، بۆچی ئەوەندە دوور کەوتووینەتەوە لێیان؟ بەباوکمم دەگوت با ماڵمان بهێنینە ئێرە. ئێمەش لێرە بژین. ئێرە خۆشە. ترومبێلی زۆرە. پایسکل هەیە. عەرەبانە هەیە. بەزمانی خۆمان قسەم لەگەڵ دەکەن.

ڕۆژێکی یەکشەممە کە لەوێ (عطلە)یە، باپیرم و باوکم و منیشیان لەگەڵ خۆیان برد،



باپیرم (لازار عەبدال – بەشال و شەپک و باوکم ئیسرائیل خەممۆ – سترە و پانتۆلی لەبەرە
١٩٣٧/١٢/٧ حەببانییە



من و باپیرم
١٩٣٧ حەببانییە
١٩٣٧/١٢/٧



من و باوکم و پلکە بچووکەکەم (ڕەوشێ)
١٢/٧/ ١٩٣٧ حەببانییە



پلکم (رەوشێ) و من، لە هەمان سەفەرم بۆ لایان، لە حەببانییە زستانی ١٩٣٧ داپیرەم لە دوورەوە دیارە لەبەر هەتاو دانیشتووە.





وێنەیەکی باپیرم و خێزانی:
داپیرم (ستتو)، باپیرم بەشەبقەوە، پلکی بچووکم (رەوشێ) و پلکی گەورەم سینەم – لە حەوشی خۆیان لە حەببانییە
کەمپی ئاسوورییان
١٩٣٧/١١/١

چووینە بەغدا بەترومبیلێکی (پاسی دار).. لە بەغدا هەندێ جلوبەرگ و دیاری تر، باپیرم بۆی کڕین: بۆ دایکم و فیلیپ و طیمەش. هێشتا خوشکم نەبوو – بۆ دایکم چەند کراسێک و قاتی بچووک و جلی منالآنە بۆ هەردوو براکانم. منیش سەرم سووڕمابوو لە بەغدا، سەیری ترومبیلەکانم دەکرد... ئێوارە گەڕاینەوە حەببانیە و پاش چەند ڕۆژێ، خواحافیزیمان لێ کردن و هەموویان بۆمان گریان. منیش زۆر پلکە بچووکەکەم خۆش ویست و زۆری بۆ گریام.

لەم سەفەرەمدا، ڕۆژێک چووینە ئەو شوێنەی باپیرم کاری لێ دەکرد. یەک دوو شەوان مالّی (ئیشایا)ی ئامۆزای باوکم دەعوەتیان کردین. لەم دەعوەتە، شەماشە (وەردە) برای بچووکی (ئیشایا)ی ئامۆزای باوکم، دوای ئەوەی یەک دوو سروودم بەعەرەبی و کوردی بۆی گوت، دوو کتێبی (ئینجیلی) دامێ، بەعەرەبی نووسراون، (الكتاب المقدس)، یەکیان بۆ خۆم، ئەوی تریش گوتی: ئەوەشیان بەرە بۆ (بنیامین)ی ئامۆزات. لەسەر هەردووکیشیان، بەزمانی ئاسووری نووسی کە ئەم کتابە دیارییە بۆ فلان... ئینجا مێژووەکەش لەسەریان نووسیوە و دەڵێ: ئەمە دیارییە... وەک



شەقامی سەرەکی لە بەغدا، لە سییەکاندا



باپیرم "لازار عەبدال" لەگەڵ شەماشە وەردە، ئامۆزای گچکەی باوکم، لەو شوێنەی ئیشیان لێ دەکرد، لە سن الذبان / حەببانییە
لە ١٩٣٨/١٢/٢٤

بیرەوەرییەک لە منەوە (وەردە عودیشۆ) بۆ ئەندریۆس ئیسرائیل: لە شەوی ١٩٣٧/١٢/٧ - ئیمزا.

جا ئەوەکەی من بەرگی سوور بوو و تاکو ئەمڕۆ کە ئەو بیرەوەرییە دەنووسم (ڕۆژی دووشەممەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٢) هێشتا ماومە و وەک خۆیەتی... نوێیە. ئەوەکەی بنیامینی ئامۆزام بچووکتر بوو، بەرگی سپی بوو و ئەویش ماوە، بەڵام بەداخەوە بنیامین کۆچی دوایی کرد.

ئەوانە سێ برا بوون ئەمڕۆ هێشتا لە ژیانا ماون. ئیشایا، گەورەکەیانە، لە لەندەن دەژی، لە ماڵی کوڕی (دانیال = دەنی)، دووەمیان ناوی (هنەر)ە ئەوە پلکی بچووکمی خواست، واتا (ڕەوشێ) و ئێستا لە ئوسترالیا دەژی. سێیەمیان، بچووکەکەیان (شەماشە وەردە) لەگەڵ خێزانی لە ئەمریکا دەژی.



دوو وێنەی قەیاغەکەی (تەق تەق) لە ساڵی ١٩٥٠ گیراوە، پێش دروستکردنی جسرەکە.
«ئەمە وێنەی یەکەمە کە ئەوەتا بەسەرکەوتووین، خۆمان و سەییارە و... کەلوپەل. دووەم کەس لە ڕاستەوە، خوا لێخۆشبوو هورمزی کوڕی ئەسکەندەری پۆلیس، لەگەڵمانا بوو بەرەو کۆیە دەچووین. وێنەکان بەکامێرای ئەو گیراون. لە تەنیشت هورمزەوە، ماری خوشکمە و ئینجا من و ئینجا قەیاخچییەکە.

بەیانی ڕۆژی گەڕانەوەمان، باپیرم لەگەڵمانا هات تا گەراج، لە سەییارەیەکی (پاس)ی تەختە سوار بووین، من و باوکم، لە پێشەوە. باپیرم کرێی سەفەرەکەی داین تا بەغدا. من زۆر پەست بووبووم. هیچ قسەم نەدەکرد. هەر بیرم لەو ڕۆژە خۆشانە





قەیاغەکەی "تەق تەق" بەتەواوی دیارە لە ناوەڕاستی زێیەکەی تەق تەق و ئێمەی لەسەر سوار بووین و ئەوا دەمانپەڕێنێتەوە بۆ لای دێی تەق تەق. ساڵی ١٩٥٠.»



دەکردەوە و ئاگام لە خۆم نەبوو. گەییشتینە بەغدا. شەوێک دیسان لە ماڵی خزمان ماینەوە. ڕۆژی پاشتر بەشەمەندەفەر گەڕاینەوە کەرکووک. بەیانی گەییشتینە کەرکووک، یەکسەر بۆ گەراجی کۆیە بەعەرەبانە و ترومبیلی کۆیەش حازر بوو، سوار بووین. لە تەق تەق خۆمان و ترومبیلەکەمان و یەک یا دوو ترومبیلی تریش بەنەفەرەوە، هەموو چووینە سەر قەیاغ و پەڕینەوە ئەوبەری زێی تەق تەق، کە گوندەکەی لێیە. ئینجا سواری ترومبیلەکانمان بووینەوە و یا (الله) بۆ کۆیە. دایکم و ماڵی مامم زۆر کەیفیان هات بەگەڕانەوەمان و من کتاب موقەددەسەکەم دایە بنیامین، ئەویش زۆر پێی خەنی بوو.

کە گەڕامەوە قوتابخانە، لە پۆلی سێ بووم، منداڵە برادەرەکانم لە کاتی پشووی بەینی دوو دەرسان، لە دەورەم کۆدەبوونەوە و پرسیاریان لێ دەکردم: سواری شەمەندەفەر بوویت؟ چۆنە؟ درێژە؟ ئاگری نەوتی کەرکووکت دیت؟ کەرکووک چەند دوورە لە بەغدا؟ قەرەغانت دیت؟ خۆش بوو؟ شەو هەر لە ناو شەمەندەفەر نووستی؟

هەڵبەت لە پۆلی سێیەمی ئەو زەمانە، لە دەرسی زانیاری یا جوگرافیا بوو، یەک لە بابەتەکان ئەوە بوو: چۆن سەفەر دەکەی لە هەولێرەوە بۆ کەرکووک؟ چۆن سەفەر دەکەی لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا؟ چۆن لە بەغداوە دەچیتە مووسڵ؟ جا لە وەڵامەکانا دەبووایە بڵێیت: بۆ نموونە: لە کەرکووک سواری شەمەندەفەر دەبین و لەسەر (سکە) دەڕوا. یەکەم (محطە) دەگەینە: بەشیر، دوایی: عەلی سەرا، ئینجا: هەفتەغار «دەنووسرا: إفتخار»، ئینجا طوزخورماتوو، ئەسکی کفری، قەرەتەپە، قەرەغان... ئیتر ئا بەم جۆرە... تا باب الشرقی – بەغداد! بۆیە قوتابییەکان ئەم شتانەیان لێ دەپرسیم.

تا چەند مانگێکیش، سەفەرەکەم لە خەون و لە واقیع، بەخەیاڵ دەبینی: پلکی بچووکم... خزمان... شەماشە وەردە و لوتفی لەگەڵما!

لە قوژبنی هەرە دووری حەوشە گەورەکەی ماڵی (تەمەر) کە تێیدا بووین، بەلای ڕۆژئاوا و لە لای چەپەوە لەسەر داوای دایکانمان تەندوورێکیان دامەزراندبوو هەر چوار ماڵ نانیان لەوێ دەکرد، بەنۆبە! ڕۆژێک بۆ ئێمە، ڕۆژێک بۆ ماڵی مامم... تاد.

جا لەسەر تەندوورەکە، بانێک هەبوو لەسەر شکلی سێکوچکە... چونکە تەندوورەکە لە قوڕنە: «قوژبنەکە» بوو بۆیە دەبووایە بانەکەی سێکوچکە (مثلث) بێ.



وێنەی سێ خزم، کە عەسکەری لیڤی ئینگلیز بوون:
ئەوەی لە ناوەندیانە لەسەر کورسی دانیشتووە، "ئیشایا"ی ئامۆزای باوکمە، برای "هنەر" و "شەماشە وەردە" پێشتر ناویان هات لەو نووسینەم – لە سییەکاندا گیراوە

ڕێگای چوونە سەر ئەو بانەش موجازەفە بوو. چونکە دەبووایە لە سەربانی سەرەکی خانووەکە، کە دەکاتە سەربانی هەر چوار ژوور و ژووری بن دەرگای کە تەویلە بوو، لەگەڵ بن دەرگا، کە ئەویش دووروودرێژ بوو:

لە سەربانی ئەوانەوە، بەسەر سواندەی شوورەکەی حەوشەکە... کە شوورەیەکی زۆر درێژیش بوو و زۆر بڵندیش بوو، بەسەر ئەم سواندەوە بڕۆین و خۆمان تەرازوو بکەین، ئەگینا بەردەبووینەوە یان بۆ لای چەپ کە کۆڵانێکی پڕ بەرد و چاڵ و خۆڵ بوو یان دەکەوتینە لای ژوورەوەی حەوشەکە... تێکوپێک دەشکاین. چونکە سواندەکە زۆر بەرز بوو! جا بەسەر ئەو شوورەیە و لەسەر سوانەکەی، هەموو شەو، بنیامین و من و غەفووری برای کاک ئەمەر و (ڕەجەب)یش هاوڕێیەکی دیکەمان بوو، دەچووینە سەربانی تەندوورەکە، بەهاوینان و لەوێ یەک دوو سەعاتمان بەسەردەبرد، گوێمان لە قەوانەکانی گرامافونی چایخانەی (سەعدی ئاغا) ڕادەگرت، کە لە دامێن تەلانی قشلەی دانابوو،



وەک دیوارێکی بەبەرد و قوڕ، ئینجا سەریشی کەپر بوو. ئێواران پڕ دەبوو لە خەڵک... شوێنێکی فێنک بوو... گوڵیان لێ دەچاند و دەیانڕشاند... جا دەنگی قەوانەکان دەگەیشتە لامان زۆر ساف و ڕێکوپێک... چونکە گرامافۆنەکەی لە نەوعی (بۆریەدار)ەکان بوو. شاریش خامۆش بوو. ترومبێل نەبوو، هەرا نەبوو!

باسی (ڕەجەب)م کرد، لە سەرەوە، حەز دەکەم زیاتر لە بابەتییەوە بدوێم: ناوی ڕەجەب عەبدوڵلا بوو. دایکی (ڕەجەب)، (سەیید ئامین)ی ناو بوو. خەڵکی بەغدا یا شارەکانی دیکەی (جنوب) بوو، یان دەوروبەری شاری کەرکووک بوو... چونکە لەگەڵ ڕەجەبی کوڕی هەندێ جار بەعەرەبی جنووبی بەغدا و شیعەکانی قسە دەکرد. جاری واش هەبوو دەیکردە تورکی. ڕەجەبیش هەردوو زمانی دەزانی و جگە لە کوردیش. دایکی ڕەجەب، سەیید ئامین، لە شوێنی خۆی، مێردی یا مردبوو، یا تەڵاقی دابوو. کابرایێکی کۆیی لە سەفەرێکی، تووشی سەیید ئامین دەبێ و ڕازی دەبێ مێردی پێ بکات. عەبدوڵلا دەیهێنێتە کۆیە، پێم وایە ڕەجەب کوڕی (هەقی) عەبدوڵلا



«ئەم وێنەیەش هەندێ خزمن، ئەوەی لە ناوەڕاست دانیشتووە (خۆشابە)یە، خاڵی حەقیقی منە. واتا برای دایکمە لە بابی و لە دایکی... دایکیان هەر لە تورکیا مردووە، پێش ئەوەی بگەنە عیراق. خاڵم دواجار، ساڵی ١٩٤١ لە مووسڵم بینی. لەوێوە ئیتر نەمانبینی. بیستمان وەختێک لە (عبادان)ی ئێران، لە کۆمپانیای نەوت ئیشی دەکرد. ئێستاش هیچی لێ نازانین.
دووەکەی تر، هەردووک ناویان (نیسان)ە، خزمن لەگەڵ دایکما. ئێستا لەو باوەڕەدا نیم، لە ژیانا مابێ – ڕەنگە مناڵەکە ئێستا مابێ و لە ٧٠ ساڵ تەمەنی زیاتر دەبێ. چونکە وەک نووسراوە، لە ١٩٣٨/١٢/٢٤ گیراوە: ئەمڕۆش ئێمە لە ساڵی (٢٠٠٢ز) داین! ناشزانم کوڕی کێیە لە خزمانمان.»

نەبوو، وابزانم کە سەیید ئامینی هێنا، کوڕی هەبوو... واتا ڕەجەب کوڕی شەخسێکی دیکە بوو. چەند ساڵێک لە لای عەبدوڵڵا دەمێنێ و دوایی تەڵاقی دەدات. ژوورێکیان بۆ دەگرێ لە حەوشێک، دایک و کوڕ لەوێ ژیانێکی نەمردی و نەژیاوی بەسەر دەبەن. بەڵام، لە قسان، ساڵی جارێک ڕەجەب دەچووە لای عەبدوڵڵا و خەرجی و یارمەتی بۆ دایکیشی، وەک نەفەقە، دەنارد.

ڕەجەبیش، هەر لەگەڵ ئێمە، دەهاتە ئەو قوتابخانەیە کە ئێمە تێیدا دەمانخوێند، لەگەڵ بنیامینی ئامۆزام، لە یەک پۆل بوون و بوون بەهاوڕێ. ماڵی ڕەجەبیش نزیک ماڵی تەمەر بوو، کە ماڵی مامم و ئێمەی تێدا بووین. ڕەجەب وەختە بڵێم لە بەیانییەوە، لە مەکتەب هەر لەگەڵمانا بوو، کە دەگەڕاینەوە ماڵەوەش، ئەو دەهاتە لامان و زۆر جاران لەگەڵ بنیامین نیوەڕۆ نانی دەخوارد و ئیتر دەمایەوە... پیاسەیان دەکرد بۆ دەرەوە بۆ لای ئاشان و حەمامۆک، یان بۆ زرێبار و تۆبزاوە و هەرمۆتە... لەگەڵ هەندێ گەنجی تر وەک: غەفووری برای کاک تەمەر و ڕەفیق ئیسماعیل (ڕەفیق دوببەمان پێ دەگوت - کەمێک قەڵەو بوو)... هەندێ جار حەمەدەمینی عەبباسی و برادەرانی لەگەڵیانا یەکتریان دەگرتەوە و بەشەوانی هاوینان لەسەر جادەکەی سەرەکی... تا حەوزی بەللووعە دەچوون بەگۆرانی گوتن و چەپڵە لێدان، دەشگەڕانەوە و لەسەر هەندێ شاخی گەورە هەبوون لە دامێنی تەلانەکەی گردی قشلە دادەنیشتن، کە لە پشت ماڵی قایمقامی ئەو زەمانە و بەرامبەر حەوشەکەی ئێمە بوو. جا، دوو شێت هەبوون ئەوسا: یەکیان کابرایێکی بەتەمەن بوو، سەلکی (أصلع) بوو، ناوی (مەلا صالحە شێت) بوو... بەدایم قۆرییەکی فافۆنی چای بەدەستەوە بوو. هەر دەیگوت: ئایا... ئایا... ئایا و دەرۆییشت و سەری نزم دەکردەوە و بەپێکەنینەوە، سەیری بەرپێی خۆی دەکرد. ئەوی تر منداڵێک بوو، (ڕەسوولە شێتی) ناو بوو، زۆر پیس و چڵکن و چرمن بوو. هەردوو چاوی کز بوون و لەبەر مێش و پیسایی، دەموچاوی دیار نەبوون. قەت مێشەکانی لەسەر چاوی کش نەدەکردن. ڕەجەب، هەر کامێکی لەو دووانەی بدیتبا لە کۆڵان، دەیهێنا حەوشی ئێمە - ماڵی کاک تەمەر -. ئیتر هەموومان دەورەمان لێی ئەدا و، ڕەجەب گاڵتەی لەگەڵا دەکردن و ئێمەی بەپێکەنین دەهێنا.

ڕەجەب و بنیامین، هەمیشە پێکەوە دەچوونە دەرەوە... بۆ پیاسە... بۆ ڕاوە ماسی لە ڕووبارەکەی حەمامۆک، یا ڕووباری هەرمۆتە و ڕووبارێکیش ئاوەکەی بەشێک لە زرێبارەوە دەهات وەک جۆگەیەکی گەورە و بەشێکی لە کانییەکەی (تووشی خەلاری) و بەشێکیش لە تۆبزاواوە بەجۆگەیەکی تر دەبوونە یەک ڕووبار و بەرەو ڕێگای نێوان کۆیە و





وێنەی "بنیامین"ی ئامۆزام لە ١٩٥٢ لە کەرکووک وەرگیراوە

هەرمۆتە دەڕژا و بەو کەندومەندانەدا تاکو دێی شیلە و تا ڕووباری کۆیە. ئەو ئاوانە دائیمی بوون... هاوینان کەم دەبوون، بەڵام زستان و بەهار دەژیانەوە و ئاوەکە زۆر دەبوو و هەمیشەش ماسی لە ناو گۆمەکاندا هەبوو و دەژی! هەندێکیان ١٢ - ١٥ ئینج درێژ بوون.

گەلێ جار منیش بەدوویان دەکەوتم، دەچووینە حەمامۆک و ئینجا بەرەو گەلییەکەی کە شاخی باواجی باڵی بەسەردا کشاوە و ئاوی ڕووبارەکەی حەمامۆک بەو گەلییەدا دێتە خوار و ئینجا بۆ ناو ڕەز و باغەکانی سەروچاوەی حەمامۆک و تا خوارەوەی شاری کۆیە. بەسەر چیای باواجی دەکەوتین، لەودیو دەهاتینەوە خوارەوە و بۆ ئەو گەلییەی درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە گوندی تۆبزاوە... ئینجا لەوێوە دەگەڕاینەوە ماڵەوە بەڕێگای ئاسایی... ڕێگای ترومبێل.

کە (ماسی)یان دەگرت بەقولاب یان بەگوونیە و سەبەتە و... شتی تر، من کۆم دەکردنەوە... ئینجا کە نیوەڕۆ دادەهات و برسیمان دەبوو، ئاگرێکمان دەکردەوە و ماسییەکانمان دەبرژاندن و دەمانخواردن. تا ئێوارە دەگەڕاینەوە ماڵەوە. جا وەرە لەو ژیانە خۆش و سادە و هێمنە... ژیانێکی بەتام و خۆش بوو. هەندێ جار ڕەجەب و بنیامین هەربەکە و بارە چیلکەیەکیشیان لە کۆڵی خۆیان دەنا و لە چیا شۆڕ دەبووینەوە بۆ شار.



وێنەی "شەمشات"ی مامۆژنم: دایکی بنیامین درمان - لە ماڵی "بنیامین"ی کوڕی گەورەی، لە عەنکاوە لە ساڵانی شەستەکان

جێی سەیرانمان زیاتر لە کێڵگەکەی کاک تەمەر، لە زرێبار دەبوو. کە بڕیار دەدرا بەشەو کەوا بۆ بەیانی بچینە سەیران، لە هاوین، یا لە بەهار: بەیانی زوو بەخوو و بەسەماوەر و عەلاگەی پڕ خواردن و عەلاگەی دیکەی لە قاپ و

ئیستیکان و پێویستی تر، بەرێ دەکەوتین، بەپێیان، بۆ ئەو شوێنە دڵگیرە. ئێمەی مناڵ، هەریەکە و شتێکمان هەڵدەگرت. کە دەگەییشتینە گردی (مەلای ڕەش)، ڕێگاکە کەمێک ناخۆش دەبوو... پێچ و سەرکەوتن و بەناو جۆگەی وشک و بەرد و خۆڵدا بۆ لای ڕاست بامان دەدایەوە و ئیتر دەکەوتینە پشت گردەکەی (مەلای ڕەش) و شارمان لێ بزر دەبوو، لە دووریشەوە، بەلای چەپ، لە قەد و دامێنی چیای باواجی، کۆلیتەکەی (زرێبار) بەدەردەکەوت!

کە دەگەییشتینە ئەوێ، ئەگەر ماڵی کاک تەمەر لەوێ بووانایە، بەپیامانەوە دەهاتن... یا (هەیبەت)ی خێزانی تەمەر (دایکی ستار و جەبار)... بەدەم بەپێکەنینەوە دەهاتە خوار و بەخێرهاتنی دەکردین... هەمیشە جگەرەشی دەکێشا!

دایکم و مامۆژنم و ئافرەتەکانی تر خەریکی ئامادەکردنی خواردنی نیوەڕۆ دەبوون و هەندێک سەماوەری زەردیان دەکوڵاند هەندێک ئاویان دەهێنا... جۆگە ئاوێک، لە حەمامۆکەوە بەرەو زرێبار دەهات. جگە لەویش، بەدرێژایی زستان و بەهار و تا هاوینیش دادەهات، لەو گۆلە ئاوەی کە لە خوار کۆلیتەکەوە بوو، جۆگە ئاوێکی تر دەردەچوو و بەرەو خوار، بەرەو ئەو ناوچانەی چێندرا بوون، دەخشی و ئاوی دەدان. ئێمەی منالیش، بەیاری کردن و ڕاکردن و بەسەر شاخ کەوتن و بەرد فڕێ دانە ناو گۆلە ئاوەکە و... ئا لەم بابەتانە، خەریک دەبووین تا خواردن ئامادە دەکرا و بانگیان دەکردین بۆ خواردن.

گۆلەکەش زۆر قووڵ بوو، لە هەندێ شوێن لە دوو بەژنیش تێپەڕ دەبوو. ڕەجەب و بنیامین و ڕەفیق دوببە و غەفوور و مەلا عیسام... ئەوانە مەلەیان دەزانی و ئەوسەر و ئەوسەری گۆمەکەیان دەکرد بەمەلە (باسکە و مەلە بۆقێ و لەسەر پشت... تاد. ئێمە: من و یوخەننا و هورمز... نەماندەوێرا بچینە ناو ئاوەکە... مەلەمان نەئەزانی.



غەفوور عەبدولواحێد، باکووری، ستار تەمەر
شۆڕش - هەولێر ١٠/٦/٢٠٠٣



مەخفەری پۆلیسی دەربەندی گۆمەسپانیش، لە قوژبنێکی مێشکمدا جێی هەیە و هەمیشە باسی دەکەم... پێشتر ناوم هێنا بەشێوەیەکی سەرپێی... ئێستاش زیاتر لەسەر وەسفی سروشتی شوێنەکە و هەندێ بیرەوەرییەکانم پێدادەچم: ساڵی **١٩٣٨** باوکم گواسترایەوە بۆ ئەوێ.

مەخفەرەکەی دەربەند، بەرامبەر گوندی (ئەشکەفت سەقا)یە لە لای ڕاستی جادەی کۆیە - هەولێر. لە ناوەڕاستی ئەو مەنتیقەیە دایە. کەوتووەتە سەر گردێکی گەورە و پان و بەرین، بەتایبەتی درێژبۆتەوە بەلای ڕۆژهەلات و باشووری ناوچەکە... بەڵام پێشەوەی، واتا لای ڕۆژئاوای، کە بەرامبەر ڕێگای ترومبێلی نێوان کۆیە و هەولێرە... بەڵام زۆریش دوورە لە ڕێگاکەوە... کەمێک لە خوار مەخفەرەکە شۆڕ دەبێتەوە بەلای ڕۆژئاوایدا... چەند کۆلیتێک، بەناو (خانوو)ن بۆ خێزانی پۆلیسەکان دروست کراون... بەناڕێکی و هاکەزایی! یەک ڕووی لە ڕۆژهەلاتە... دوو ڕوویان لە باشوورە... دوو ڕوویان لە باکوورە دەنۆڕنە چیای سەفین، ئا بەم جۆرە! لە گردی مەخفەرەکە بەرەو ڕۆژئاوا لە دوای ڕووباری دەربەندەکە، دەشتاییەکەی گوندی گۆمەسپانە و تا دەگاتە گردۆلکەکانی بەردەباز لەسەر ڕێگای هەولێر... گوندی گۆمەسپانیش زۆر ساف و چاک دیارە... لە خوارەوەی گردەکە... ڕووباری دەربەندی گۆمەسپانە... کە ئاوەکەی لە بناری سەفین و لە نزیک و دەوروبەری گوندی (خۆران)ەوە بەرەو ئەو عەردە دێ و بەخواروخێچی و بەناو بەرد و شاخی گەورە گەورەدا تا دەگاتە سەر ڕێگای ولاغ و هاتوچۆی نێوان گردی مەخفەر و گوندی (دەربەند) کە دەکەوێتە لای ڕاستی مەخفەرەکە و لە ناو چاڵ یا دۆڵێکی مەیلەو گەورەیە و گوندەکە ئەو کاتە لە دەوری ٢٥ - ٣٠ ماڵێک دەبوون - پشت گوندەکەش تەلانێکە و هێواش هێواش بەرز دەبێتەوە... دەبێتە چیایەک، ناوەکەیم لە بیر نەماوە... جاروبار، دەچووین (مازی لە پنج و درەختەکانی )مان لێ دەکردەوە و گەمە و یاری تایبەتیمان بەو مازییانە دەکرد.

ڕووبارەکە بەهاران زۆر بەرین بوو، گۆمەکانی، ماسی چاکی تێدا دەژین - هاوینی ئەو ساڵە، دوای قوتابخانە، من و بنیامین چووینە ئەوێ چونکە باوکم ماڵی بردبووە ئەوێ و لە یەکێک لەو خانووە قوڕانە دەژین کە بەتانۆک شوورەیێکی بۆ کردبوو وەک حەوش و لەسەر ئەو شوورەش کەپرێکی گەورەی هەر بەلق و گەڵای دار چروو دروست کردبوو، هەم بۆ سێبەر، کە بەڕۆژ هەر لە ژێریا دانیشتن و خواردن دەبوو، بەشەویش لەسەر کەپرەکە دەنووستین.

جا هەموو ڕۆژێ، بنیامین و من، لە بەیانییەوە بەرەو ڕووبار شۆڕ دەبووینەوە و بنیامین هیوایەتی ماسی گرتن بوو. قولابی هەبوو و هەویرمان دەبرد بۆ قولابەکە... تا عەسر زۆرمان ماسی دەهێناوە ماڵەوە و دایکم سماقی پێیان دادەکرد و ئینجا لە ناو ڕۆن سووری دەکردنەوە، ئەوەندە بەتام و خۆش بوون لەگەڵ نان و تەڕەپیاز... مەپرسە! بەلای چەپی مەخفەرەکەش دەشتاییەک بەرەو گوندی (ئەشکەفت سەقا) ڕاکشاوە و ڕێگای ئۆتۆمبیلیش دەتوانی پێیدا بچێ، بەڵام پڕە لە گاشە بەرد و تاسەی قوڕ و خۆڵی قووڵ... دەبێ شۆفێر زۆر لەسەرەخۆ باژوا. لەو سەرەڕێیەش... کە دەشتاییەکی پانە... خەڵکی گوند، هاوینان، خەرمان و جۆخینی گەنم و جۆی لێ ڕادەخەن. جا لەو کاتانە... زۆر لام خۆش دەهات، کە بەدزی باوکم دەچوومە سەر ئەو جۆخینانە بۆ ئەوەی سواری (جەنجەڕ) بم. بەڵام ئەگەر باوکم بهاتبایە ماڵەوە و نەیدیتبام، یەکسەر دەهاتە سەر جۆخینەکان... ئەیزانی من لەوێم! ئیتر کە چاوم پێی دەکەوت! هەڵێ کوڕە هات! دوو پێم هەبوو، دووی تریشم قەرز دەکرد و غاردە، بۆ ماڵەوە و خۆم دەشاردەوە! باوکم زۆری خۆش دەویستم! حەزی نەدەکرد بەو گەرمایە و لەبەر هەتاوی هاوین، من سواری (جەنجەڕ) بم!

هاوینێکیان، باوکم و مەجید باشچاوەش و مام مەعرووف، بەشریکی، بێستانێکی گندۆرەیان چاند لەسەر ڕێگای مەخفەرەکە کەوا شۆڕ دەبێتەوە بۆ سەر ڕووبار... ئیتر ئەو هاوینە من و فیلیپی برام و کوڕەکانی مام مارف: مەجید و حەمید... هەر لە ناو بێستانەکەت دەدۆزینەوە... هەر گندۆرەمان دەخوارد.

لەسەر ڕووبارەکەش، لەسەر ڕێگای گوندی (خۆران)ەوە کە دێ و بۆ هەولێر دەچێ بەکاروان لە دووی کاروان بەیانیان زوو گوێمان لە زەنگی زەنگوڵەکانیان دەبوو، کە هێشتا ئێمە لەسەر کەپرەکە خەوتبووین. هەروەها هەندێ جار یەکێکیان حەیرانێکی تێ هەڵدەکرد، سوبحانەڵڵا، هەموویان دەنگیان خۆش بوو، ئەوی بەم ڕێگایە دادەهات و دەڕۆیی!

سەیریش لەوەدایە، لەو خانووانەی کە تێیدا دەژیاین، بەهاوینان، ڕۆژ نەبوو لە هەر ماڵێک، بەلای کەمییەوە مارێک نەبینن. چونکە ناو خانووەکان فێنک بوون، ئیتر یا لە ژێر (ساپیتەکان) خۆی شۆڕ دەکردەوە، یا لەسەر عەرد، لە قوژبنێک خەوی لێ دەکەوت! بەڵام نە ماڵ و خێزانەکان تخوونیان دەکەوتن یا ئەزیەتیان دەدان، نە ئەوانیش (واتا مارەکان) تخوونی ماڵ و مناڵ دەبوون. وەک بڵێی (کەوی) بووبوون و نەدەترسان – کە



یەکێکیان هەست پێ دەکرد، بەیەواشی لێی دەخزین و بۆ لایەک دەچوون و خۆیان لە کونێک یا لە چاڵێک، لە نێو دیوار یا لە ژێر عەرد دەشاردەوە – لە بیرمە چەندین جار، دایکم کە دەچووە سەر سەبەتەی نان بۆ ئەوەی چەند نانێک بهێنێ و بیانڕشێنێ بۆمان بۆ خواردنی نیوەڕۆ، لەناکاو زیرەیەکی لێوە دەهات و بەغار دەهاتەوە دەر لە خانووەکە... دەیگوت لە ژێر دەستم، کە نانەکەم هەڵگرت، مارێک خۆی لوول دابوو وەک ئەستوورک و لێی خەوتبوو!! کە دەچووین زوو، هەندێ جار مارەکەمان دەدیت و بۆ خۆی، لەسەرەخۆ، لەسەر نانەکەوە خۆی شۆڕ دەکردەوە خوارەوە و لە ژێر لاقمانەوە بە(لەنجەولار) بەرەو تاریکایی دەچوو! قەت، ڕۆژێک لە ڕۆژان، دوو ساڵ زستان هاوین ماڵمان لەوێ مایەوە و لەگەڵ ماڵە پۆلیسەکانی تریش، ئەو مارانە بەیەکێکیان نەداوە... قەت نەمانبیست.

دەروێش قادرێک هەبوو، سەرکار بوو، ئەویش ماڵی لەولاوە... نزیک ماڵە پۆلیسەکان بوو، لە خوار جۆخینەکان! دەهاتە ماڵمان و هەموو ماڵەکانی تر. خاتری هەبوو لای ماڵ و خاوخێزانەکان. پرچی سەری کردبووە چەند (کەزی)یێکی درێژ و بەسەر هەردوو شانیدا هاتبوونە خوارەوە... جگە لە ڕیش و سمێڵی درێژی! جا ئەو دەروێش قادرە، هەر ماری بدیبایە، هاوارێکی دەکرد و دەیگوت: (حەی)! مارەکە لە جێی خۆی ڕەق ڕادەوەستا و نەدەبزووت. دەروێش قادریش دادەهاتەوە و بەهێواشی مارەکەی دەگرت و بڵندی دەکردەوە و کەمێک گەمەی لەگەڵ دەکرد و پاشان دەیهاویشتە باخەڵی. چەندین جار کە نیوەڕۆیان دەهاتە ماڵمان، و سڵاوی دەکرد، ئینجا بەباوکمی دەگوت: ئەها ئیسرائیل، تەماشاکە! ئینجا مارێکی لە باخەڵی، بەرپشتینەکەیەوە دەردەهێنا و باوکم دەترسا و دەیگوت: کوڕە دەروێش دوورکەوە لێم! بەدایکمی دەگوت: بینە (ئانیەر) دەستت بینە بزانم چەند نەرم و جوانە! دایکم خۆی لادەدا و دەیگوت: کوڕە بێتیم (واتا هەتیو) ئەوە چییە، ئەتو هەموو جار مار دەینی بۆمان! بڕۆ بەملاوە خۆت و مارەکەت، ئەمرت نەمینی!. دەروێش، وەک کوڕی ماڵ بوو، پێدەکەنی! و دادەنیشت، مارەکەی دەهاویشتەوە بەرپشتی! جا جیرانێکمان هەبوو پۆلیس، خەڵکی عەنکاوە بوو، گەنج بوو، خۆی و ژنەکەی بوون. تازە ژنی هێنا بوو. خۆی ناوی (پەتروس) بوو، خێزانەکەی، ژنێکی سپی و بەژن خڕوپڕ بوو ناوی (سەحۆ) بوو. دەروێش زۆری گاڵتە لەگەڵیانا دەکرد. پەتروس دەیگوت، بەکوردییەکی (نشاز) چونکە هێشتا باش فێرە کوردی نەبووبوو! دەیگوت: «دەروێش... یەتیم: ژنم حاملەیە. بترسێنی، مناڵەکەم بمری، قوربانی یەک گوللەت دەکەم».

دەروێش: «ها ها... وەڵڵا ژنەکانم دەتخۆن، بەخواردن!» دەروێش وابزانم دوو ژنی

هەبوو! بنیامین پێش کۆتایی عوتلەی پشووی هاوین گەڕایەوە ماڵەوەیان لە کۆیە. زۆرم پێ ناخۆش بوو، چونکە بەدرێژایی ڕۆژ پێکەوە بووین و لەو دەشت و کێو و ڕووبارانە ڕۆژمان ڕادەبوارد. کە ئەو چۆوە، من مامەوە. ئیتر لەگەڵ کوڕەکانی مام مەعرووفی پۆلیس، یاریم دەکرد: مەجید و حەمید، دراوسێشمان بوون.

پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی ١٩٣٨/١٩٣٩، کە من هەر لە پۆلی سێیەم مابوومەوە و پار (ساقط) بووبووم. جا باوکم و مام مەعرووف بەهێسترەکانی خۆیان من و مەجیدی هاوڕێیم، هەریەکەمان لە پشت باوکییەوە سوار بووبووین و ئێمەیان بردە گوندی (ئەشکەفت سەقا) چونکە لەسەر جادەی ترومبێل بوو لە نێوان هەولێر و کۆیە. ئەو شەوە لە ماڵی ئاغای گوند کە ڕەحمەتی (مامەند ئاغا) بوو، ماینەوە. یەکەم جاریشم بوو لە دیوەخانی ئاغایان دانیشم. بۆ نانی (عیشا) جەماعەتێکی زۆر لە دیوەخان، میوانی هەبوون، پێکەوە لە ناو چەند سینییەک نان خورا. هەر چوار پێنج کەس لە دەورەی سینییەک کۆ بووینەوە، پلاوساوار بەگۆشتمان خوارد. ئینجا چای سەماوەر، یەکێک هەر لە ناو دیوەخانە بوو، لە لای دەرگای دیوەخان، چای تێ دەکرد و یەکێکیش بەسینی دابەشی سەر میوانەکانی دەکرد. دوایی قسە و باسی ڕاو کرا و باسی بێستان و شتی تر تایبەت بەژیانی خۆیان کرا... و ئینجا یەکێک حەکایەتێکی دەگێڕایەوە باسی (میرزا محەمەد یا ئەحمەد)ی دەکرد و ناوی خدری زیندەی دەهێنا... تا خەومان لێ کەوت و چەند کەسانێک مانەوە و من و مەجید و باوکمان لەگەڵیانا، لە دیوەخان نووستین.

بۆ بەیانی، چاوەڕێمان کرد لەسەر جادەکە، کە بەشێکی نزیکی کیلۆمەترێک کاتی خۆی قیرتاو کرابوو، لەگەڵ منالانی (ئەشکەفت سەقا) ڕامایین چۆن یارییان دەکرد... ئینجا لە دوورەوە، لە هەولێرەوە قەمارەیەک هات و باوکم و چەند کەسێک دەستیان بەرز کرد و ترومبیلەکە لە لامان ڕاوەستا. باوکم و مام مەعرووف لەگەڵ سایقەکە قسەیان کرد و ئەویش شوێنی بۆ کردینەوە و بەمجۆرە بەرەو کۆیە بەرێ کەوتینەوە.

من ئەو ساڵە، لە ماڵی مامم مامەوە... لە پۆلی سێیەم دەوامم کرد. زۆر هەستم بەغوربەتی دەکرد ئەگەرچی لەگەڵ ماڵی مامم زۆر ئینسیجامان هەبوو... وەک یەک خێزان بووین.

بەیانییان لەگەڵ بنیامین دەچوومە مەکتەب... لە کاتی پشوودانی بەینی دوو دەرسان، دەچوومە لای بنیامین کە ئەو لە ژووری پۆلی پێنجەم بوو، لە کۆشکەکە... هەندێ قوتابی



لە کاتی فورسە ئەزیەتیان دەدام و لێ نەدەگەڕان لەگەڵ برادەرەکانی خۆم یاری بکەم و ڕاکەم... ئەوان پاڵیان پێوە دەنام لە دواوە و بەریان دەدامەوە... من خۆم وەک مەلێکی غەریب دەدیت لە ناو قوتابییەکان. من چاکەت و پانتۆڵم لەبەر دەکرد و سیدارەم لەسەر دەنا... بۆیە هەندێکیان، لە دواوە شەقازیلەیەکیان لە سیدارەکەم دەدا و بەریان دەدایەوە و ڕایان دەکرد خۆیان لە پشت ئەم و ئەو دەشاردەوە! من هەندێ جار پێدەکەنیم و هەندێ جار فرمێسکم لە چاو دەهاتنە خوار، بەدەست خۆم نەبوو.

لە ماڵەوەش، مامۆژنم زۆر پەستی دەکردم و داوای لێ دەکردم دەرس بەکچە گەورەکەی (ڕۆمێ) بدەمەوە، کە لە پۆلی یەکەم ئەو ساڵە قەید کرابوو لەگەڵ کچی حەمە ساڵح شکاک (سەبیحە) پێکەوە دەچوونە قوتابخانە. ماڵی حەمە ساڵحیش هەر لە هەمان حەوش بوون، لە ماڵی کاک تەمەر.

ژنەکەی محەمەد ساڵح شکاک، سافیە خان، لە ڕەمەزانی ئەو ساڵە، هەموو ئێواران پێش بەربانگ پارەی دەدامێ و داوای لێم دەکرد لە بازاڕ، فرنێک هەبوو نانی بەڕۆن و بەکونجی جوانی دەکرد... سێ چوار ئەستوورکم لەوانە بۆ دەکڕی و دەمهێناوە. ئەوان کوڕیان نەبوو.

زۆر شەوان وا دەبوو کاک تەمەر دۆستێکی هونەرمەندی دەبووە میوان وەک: مەمەدی سێ لچ و مام (برایم)ی شمشاڵژەن و یەکێکی تر حەیرانبێژ بوو، ناوەکەیم لە بیر نەماوە.

جا ئەو شەوە کە یەکێکیان دەهات، لە دەورەی ئاگردانێک کۆ دەبووینەوە، لە قوژبنێکی هەیوانە گەورەکە، نزیکی عەمباری گەنم و جۆ... دادەنیشتین و مەمەند لچ خوار، هەمبانەکەی دەردەهێنا و فووی تێ دەکرد بەلوولەیەکی قامیشی چوار پێنج ئینجی کە پەستبوویە ناو کونێکی سەرەوەی هەمبانەکە و بەقیر و شتی تر دەورەی کونەکەی گرتبوو تا هەوای لێ نەیێتە دەرەوە. لە خوارەوەش، لە کونێکی دیکەی هەمبانەکە، زوڕنایێکی تێ پەستبوو و بەهەمان شت دەورەی زوڕنا و کونەکەی چاک قایم کردبوو. جا کە هەمبانەکە پڕ هەوا دەبوو، لە زوڕناکەوە، لە خوارەوە، دەهاتە دەرەوە و مام (مەمەد)یش بەپەنجە ڕەنگینەکانی زوڕنای بۆ لێ دەدایین. جا ئەو مەمەندە (یا مەمەد) خەڵکی کوردستانی تورکیا بوو... گۆرانی و لاوکی زۆر خۆشی کوردی و تورکی ئەو زەمانی بۆ لێ دەدایین: یەکێک لە بەستە تورکییەکانی کە زۆرم پێ خۆش بوو، تیایدا ئەو چەند ڕستەیەم لە بیر ماون:

یوری یارم یوری ئەسمەر یارم یوری
شمدی گیچێ بوڕادا گۆزم یارم یوری

ئەگەر مام برایمی شمشاڵژەنیش بهاتبایە... ئەوەش شمشاڵێکی زۆر نایاب و ئاوازی بەسۆزی لێ دەدا... لە لاوک و حەیران و بەیت و پەستەی فۆلکلۆری. بەو شێوە زستانەکەمان ڕابوارد، لەگەڵ حەیرانەکانی ئەو کابرایە، کە ئەویش جووتیاری ماڵی کاک تەمەر بوو... هەروەها لە ژێر ژیلەمۆی ئاگردانەکەدا بەڕوو، پەتاتە و هێلکە و ئەگەر وەرزی خۆی بووایە (دۆمبەلان)یان دادەنا و دەبرژاند و لەگەڵ برێشکە و شتی تر دەمانخواردن... گوێز و مێوژ و قەسپیش، لەولا بوەستێ... کاک تەمەر گەنجێکی جوان و بەزەوق بوو. هەر لەگەڵ بەزمی ئاواز و لاوک و حەیران و گۆینده برادەر دەبوو. هەر لەو ساڵانەی ئێمە کرێچی بووین، ژنی هێنا. ناوی (هەیبەت)ی کچی مەلا ئەحمەد بوو، خوشکی بەڕێز سەعیدی مەلا ئەحمەدی ڕۆشنبیر و هونەردۆست و قوتابی زیرەکی برادەرمان. کاک تەمەر و براکەشی (غەفوور) و هەردوو خوشکەکانی (گوڵێ و فاتم) نەچووبوونە مەکتەب و نەخوێندەوار بوون. کاک تەمەر دوو کوڕی بوو: ستار و جەبار و بەڵام بەداخەوە، لە پەنجاکانا، کوژرا... یا هەیبەت، ڕووی سپی بێ، وەک پیاو، شوێنی کاک تەمەری گرتەوە و کێڵگە و زەویوزار و بستان و فەلاحەتییەکەی زۆر چاک بەڕێوە دەبرد تا کوڕەکانی هەراش بوون.

(تێبینی: کاتێ لە ساڵی (١٩٥٠) ماڵمان گوازتەوە بۆ کەرکووک وە دەستم دابووە نووسینی چیرۆکی کورت بەعەرەبی و بۆم بڵاو دەکرایەوە. ئەوە بوو، چیرۆکی - یا ڕووداوی - کوشتنی کاک تەمەری ڕەحمەتی، چۆنیان بۆ گێڕامەوە، بەو شکلە لە ڕۆژنامەی (العالم العربي)م بڵاو کردەوە کە لە ڕۆژی ٢/١٠/١٩٥٢ دەرچوو... باسی (زرێبار) و ناوچەکەم زۆر جوان وەسف کردووە و شاخی باواجی و گۆلە ئاوەکە و... ئینجا باسی ڕووداوەکە... جا نازانم ڕاست بوو ئەوەی من ئاگاداری کرام و نووسیم؟ یان بەجۆرێکی دیکە بوو! بەڵام چیرۆکەکە، ڕێکوپێک بوو).

ئەو ساڵە بوومە پۆلی چوار، کە ساڵی ١٩٣٩/١٩٤٠ بوو. ماڵیشمان گوازتەوە حەوشێکی تەنیشت ماڵی تەمەر لەسەر جادەکە. تەنها حەوشێکی درێژ و دوو ژوور لەو سەرەی هەورازەوە، کە پشتی دوو ژوورەکە، باخچەی (مام وەیسی) بوو. سەوزەی لێ دەچاند. دواتر لە شوێنی باخچەکە، قوتابخانەی ناوەند (متوسطه)ی کۆیەی لێ دروست کرا.



لەو هاوینە، داپیرم لە دایکمەوە ناوی (ستتو) بوو لە مووسڵەوە هات بۆ سەردانمان. چونکە دنیا گرانی بوو و جیهان بەرەو شەڕێکی گەورە و هەڵدێر دەڕۆیی... هیتلەر، موستەشاری ئەڵمانیا و سەرۆکی (حیزبی نازی) هێرشی لە هەموو ئەورووپا دەکرد و ملیۆنەها گەنجی ئەڵمانیای خستبووە ژێر چەک و هەر خەریکی چاکتر کردنی فڕۆکە جەنگییەکان و بەرهەمهێنانی جۆرەها دەبابە و تۆپ و... تاد بوو.

جا لە مانگی ئەیلوول داپیرم دایکم و باوکمی ئیقناع کردن کە من و فیلیپی برام، کە تەمەنی حەوت ساڵ کەمێک زیاتر بوو، لەگەڵ خۆی بمانباتە مووسڵ. ئەوان گوزەرانیان چاکتر بوو. باپیرم نەجاری (دارتاشی) دەکرد لە (عین زاله) لە کۆمپانیای نەوتی ئەوێ. ئەوە بوو هەموو لایەک ڕازی بوون و من و فیلیپیش زۆر خەنی بووین. بەنیسبەت من، دەمزانی لە مووسڵ دەبێ بەعەرەبی بخوێنم... ئەگەرچیش لە کۆیەش هەر زۆر دەرسەکانی عەرەبی بوون! بەڵام من هۆشم لە لای پلکەکانم بوو. دەمزانی منیان خۆش دەوێ و مسۆگەر کەیفخۆشم دەکەن، فیلیپ تێ نەدەگەییشت. وای دەزانی، چۆن دەچێتە میوانداری لەگەڵ دایکما، جاروبار، بۆ ماڵە دۆستان و جیرانان، سەعاتێ، دووان و دەگەڕێینەوە ماڵەوە... فیلیپ وای لێک دابووەوە! کەیفیشی دەهات چونکە ئەیزانی بەترومبێل دەڕۆین. سواربوونی ترومبێلیش لای هەموو منالێکی کۆیی، شتێکی خۆش بوو. هەموو حەزمان دەکرد سواری ترومبێل بین و بڕۆین... دوور بڕۆین!

هەر بۆ نموونە: مەجیدی حاجی کاکەمین، ئاشی ئاگری هێنابووە کۆیە و خانووێکی دانابوو، لەسەر شەقامەکەی خوار قشلە... بەرامبەر قەبرستانەکەی تەلانەکەی لای ڕاستی قشلە. ئەم ئاشە بەنەوت ئیشی دەکرد. بۆیە مانگی چەند جارێ، بەلۆری نەوتی دەکڕی لە هەولێر یا کەرکووک بۆی دەهات بەتەنەکە. هەر جارەی لەوانەیە سەد تەنەکە یا زیاتری بۆ دەهات. زۆر جاران لۆرییەکە بەشەو دەگەییشتە کۆیە! جا هەر منالّ و گەنجی ئەو گەڕەکە بوون و دەهاتن ئەو تەنەکانەیان دەهێنا خوارەوە بەبەلاش. سایقی لۆرییەکە و کاک مەجیدی خاوەن ئاش دەیانگوت: "یاڵڵە مندالّینە! ئەوی تەنەکان بهێنیتە خوار سواری لۆری دەبێ تا گەراج. ئەوی نەینیتە خوار، سواری ناکەین. بەم جۆرە هەر بەچاو چووقاندنێک، تەنەکەکان دەهاتنە خوار. ئینجا شوفێر دەیگوت: یاڵڵە مندالّ سوار بن. کاکە دەبووە هەرایەک و هەیت و هاوارێک، مەپرسە! هەموو بەسەر لۆری دەکەوتین و گوێمان لەوە نەبوو هەموو پێ و قۆندەرە و جلکەکانیشمان دەبوون بەنەوت. گرنگ ئەوە بوو سواری لۆری بین. دەچووینە گەراج و لە ڕێگا تا ئەوێ گۆرانی و چەپڵە لێدان بوو.



هەردوو پلکەکانمان "خوشکی دایکمان" لەلای ڕاستەوە "ڕەوشێ" پلکی بچووکمان و لە تەنیشتی "سینەم"ـە، پلکی گەورەمان لە مووسڵ ساڵی ١٩٣٩ گیراوە.

ئینجا لە گەراج دادەبەزین و بەپێیان، بەو شەوە تاریکە، بەناو دار و بەرد و چاڵی ناو کۆڵانە خواروخێچەکان، دەگەڕاینەوە ماڵەوە! بەڵام زۆر کەیف خۆش.

بەنیسبەت من، لە جاری یەکەمەوە لێ ڕاهاتبووم بچمە سەفەر و لە دایکم و براکانم دوور بکەومەوە و گەورە بووم. بەڵام (فیلیپ)ی بەستەزمان، بچووکترین منداڵی خێزان بوو ئەوسا! هەمیشە بەدایکمەوە نووسا بوو... لێی دوور نەدەکەوتەوە. بەشەویش لە ناو جێگا دەبووایە لەگەڵیا بنوێ. بۆیە، دوای ئەوەی گەییشتینە مووسڵ و فیلیپ پلکەکانی دیتن و باپیرمانی دیت و ماچیان کرد و لە کۆشیان نا... ئیتر، بەلای ئەوەوە، ئەو مەراسیمە کۆتایی هات و سەیری ئەولا و ئەملای دەکرد بەبێ دەنگی. دیار بوو بەدوای ڕوومەت و ڕوخساری دایکی خۆی دەگەڕا، کە لە ناو دەموچاوی ئەوانەی لەوێ بوون، دا نەبوو! بۆ شەو، پلو (وامان گاز دەکرد) زۆر غەریبی هەڵسابوو، فرمێسک لە چاوی قەتیس مابوو! من قسەی خۆشم بۆ دەکرد و چۆن لە سبەینێوە بەخۆشی ڕائەبوێرین و شتمان بۆ دەکڕن، تا، بەزۆر، خەوی لێ کەوت.

پاش چەند ڕۆژێ، باپیرم بردمی بۆ لای (قەشە یوسف بیت قلێتا) و لێی داوا کرد، لە قوتابخانەیەک قەیدم بکات و پێشیان بڵێت ئاگایان لێم بێ چونکە لە ناو کوردەوارییەوە هاتووم و عەرەبی باش نازانم.

بۆ سبەینێ وەسیقەکەم برد لەگەڵ باپیرم بۆ لای قەشە یوسف و ئەویش لەگەڵمانا هات و چووینە قوتابخانەیەک کە نزیکی ماڵیان بوو، هەرچەند شەقاوێک ڕۆیشتین و بەدەرگایەکدا چووینە ژوورەوە، لەسەر لەوحەکەی نووسرا بوو: (المدرسة العراقية للبنين) – چووینە ژووری بەڕێوەبەر کە لە قاتی دووەمدا بوو... کاتبەکەی بانگ کرد و وەسیقەکەمی دایێ... قەید کرام... یەکسەر منیان نارده پۆلی چوارەم. قوتابییەکان هەموو ئاوڕیان لێ






دامەوە و سەیریان دەکردم. لە پێشەوە لای قوتابییەک چۆل بوو... لەسەر (رحلەکە) دانیشتم. تا نیوەڕۆ... چوومە ماڵەوە... زۆر دوور نەبوو... هەر یەک شەقامی ڕاست و ڕاست بوو. خۆم ماڵەکەم ناسییەوە. لە قاتی سەرەوە بووین... ژوورێکمان گرتبوو. هەیوانێکی لە پێش بوو. لەوبەری هەیوانەکەش ژوورێکی تر بوو، ماڵی خاوەن کۆشکەکەی تیا بوو. لە خوار ژوورەکەی ئێمە، بەلای ڕاستەوە، چایخانەیەک بوو لە سەرەتای ئەو جادەی بۆ گەڕەک و مزگەوتی (نەبی شیت) دەچێ. تا نیوەشەو قەوانی لێ ئەدا.

بۆ بەیانی لەگەڵ پلکم چووینە ناو بازاڕێک چەند دوکانی کتێب و قیرتاسیەی لێ بوو. چەند دەفتەر و قەڵەم و کتێبی (القراءة العربية)ی بۆ کڕیم. جادەکە ناوی (شارع النجفي) بوو. دائیرەی پۆستەخانە (بريد وبرق وتلفون) هەر لە سەرەتای جادەکەوە بوو. لەو ساڵەدا کە لە مووسڵ خوێندم، زۆر شتم بینی و فێر بووم کە پێشتر نەمدیبوون یا نەمدەزانی یا هەستم پێ نەکردبوون. یەک لەو شتانە: بوونی ماڵمان – واتا ماڵی باپیرم کە لەگەڵیانا دەژیم – لەسەر چایخانەیەک، کە هەر لە بەیانییەوە، تا نزیکی نیوەشەو، خەڵکی تێدا دەبوون و لێی دادەنیشتن، لەم چایخانەیەدا گرامافۆنێکی بە(بۆڕیە)یان لەو سەرەوە دانا بوو، قەوان لە دوای قەوان لێیان دەدا. قەوانی (محەمەد عەبدولوەهاب) کە یەکەم جار لەوێ گوێم لە ناوی و لە دەنگی بوو و دەنگەکەیم زۆر خۆشویست.

لەو گۆرانییانەی کە لەو چایخانەدا زۆر لێ دەدران و هەریەکەی ڕۆژێ لەوانەیە زیاتر لە ١٠ دە جارانم گوێ لێ دەبوو و هەموویانم لەبەر کردن بەوشەکانیان و بەئاوازەکانیانەوە،

قەوانی: يا وابور قولي رايح على فين،

قەوانی: عندما يأتي المساء،

قەوانی: يا دنيا يا غرامي،

قەوانی: أحب عيشةُ الحرية

هەروەها گۆرانی: (یاما ارق النسیم) کە گۆرانیبێژی ئافرەتی میسری (لیلی مراد) بەدەنگێکی زۆر ناسک و پڕ سۆزەوە دەیگوت لەگەڵ گۆرانی (یا قلبي مالك كده حيران)... ئەو گۆرانیانەش هەموویان لە فلمێکی سینەمایی (محەمەد عەبدولوەهاب)دا بوون بەناوی (یحیا الحب) کە لە ساڵی ١٩٣٨دا لە میسر بۆ یەکەم جار نیشان درا لە سینەماکانی (قاهیرە).



محەمەد عەبدولوەهاب
١٩٣٤

جگە لەوانەش هەندێ قەوانی گۆرانیبێژی عیراقی - پیاو و ژن - لێ دەدران وەک گۆرانییەکانی (حضیری ابو عزیز) و محەمەد گوبانچی بەتایبەتی گۆرانییەکەی (یا حلو یا بو السداده...) و گۆرانییەکانی (زکیە جورج) وەک قەوانی: (خایب علی خطي انا... لبنیە، رجلي تزوج فوگ راس مریّة)... ئەوەندەم گوێ لەم قەوانانە بوو بەدرێژایی ئەو چەند مانگەی لەو کۆشکەدا بووین، وام لێ هاتبوو بەڕێوە دەڕۆیشتم و ئەو گۆرانییانەم لەگەڵ خۆما دەگوت!

شتێکی تر کە ئەو ساڵەی لە مووسڵ دیتم و زۆرم لە لا سەیر و خۆشیش بوو، ئەویش دیتنی پۆلیسی هاتوچۆ لە ناوەڕاستی فولکەکان بە جلە جوانەکانیان و شەپقە سەرنج ڕاکێشەرەکانیان. زۆر جار لەگەڵ برادەرەکانم ئەوەمان کردبووە یاری! من وەک پۆلیس لە شوێنێک ڕادەوەستام و ئەوانیش دەبوون بەسایق و ترومبێلیان لێ دەخوڕی. جا کە نزیکم دەبوونەوە، ئەبوایە ئیشارەتم بدەنێ بۆ کام لا دەچن، ئنجا من ئیشارەتم دەدانێ کە بڕۆن، یا ڕاوەستن... ئەو جلوبەرگەی ئێستای پۆلیسی هاتوچۆ، بەلامەوە چ ڕەونەق و جوانی تیادا نییە و تەعبیر لە کارەکەیان ناکات.

هەر ئەو ساڵەش زانیم کەوا لە جیهانا و لە وڵاتانی دنیا، بەتایبەتی وڵاتە مەسیحییەکان، لە کۆتایی سەری ساڵ و پێشوازی کردن لە ساڵی نوێ بەئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا و سەما و خۆشی ساڵێک بەڕێ دەکەن و ساڵێکی (نوێ)ش پێشوازی لێ دەکەن و یەکتر ماچ دەکەن...

ئەوەش بەمجۆرە بوو: ڕۆژێک هەستم کرد و بینیم وا لە ماڵەوە، داپیرم و هەردووک



پلکەکانم دێن و دەچن و ماڵ و ژوورەکەی دانیشتن ڕێک دەخەن و پاک دەکەنەوە و میوەیەکی زۆر کڕاوە و چەند مەنجەڵێکیش لەسەر پریموزان بلقە بلقیانە و... ئێوارە داهات مێزێک ڕازایەوە... پرسیم لە پلکی بچووکم (ڕەوشێ)، ئەرێ ئەوە چییە وا مەشغوولن؟ کێ دێتە لامان؟ ئەویش پێکەنی و وتی: ئەدی سەری ساڵ نییە؟ نازانی ئەمڕۆ ٣١ کانوونی یەکەمی ساڵە... (ساڵەکە وەک پێشتر گوتم ساڵی ١٩٣٩) بوو. ئینجا وتم: جا چییە ئەگەر وابێ؟ گوتی: ئاخر میوانمان دێن و سەری ساڵی تازەیە و دەبێ بەخۆشی ڕایبوێرین. تۆش دەبێ سروودمان بۆ بڵێی!... قسەم نەکرد. خەریکی یاریکردن بووم لەگەڵ فیلیپی برام. کە ئێوارە داهات... دوو سێ خێزان، بەجیا جیا هاتن. ژن و مێرد و منداڵ... ژوورەکە پاش سەعاتێک پڕ بوو لە میوان. گرامافۆنەکە ئامادە کرا و بوتلی مەشرووب و پەرداغ دانرا. دەست کرا بەخواردنەوە... چەرەز و میوە و مەزە پڕی سەر مێزەکە بوو...



پۆلیسێکی هاتوچۆی ساڵانی
چلەکان و پەنجاکان

جا لەوانەی کە هاتبوون، پیاوێکی خڕیلە بوو، کولمەکانی خڕ و پڕ بوون و دەمی هەر بەپێکەنین بوو. ئەو پیاوە ناوی (تۆماس یوماران) بوو، دەستی کرد بەلاوک گوتن: بەکوردی بادینی... لەهجەی کوردی کوردستانی تورکیا و بەستەی بەئاشووری و ئەوانیتر چەپڵەیان لێ ئەدا. پاشان قەوانیان دانا، هەندێ قەوانی تورکی و ئەرمەنی و ئاسووری... پلکم و یەک دوو کیژی گەنجی تر سەمایان دەکرد.

سەعات ١٢,٠٠ گڵۆپەکان کوژانەوە... و بوو بەهەرا و هەلهەلە. کە ڕووناکی هاتەوە... ئینجا یەکتریان ماچ کرد و ئێمەی منداڵانیان ماچ کردین و هەریەکەش پارە یا نوقڵ و دیاری دیکەیان لە دەستمان دەنا. بەڕاستی شەوێکی خۆش بوو. یەکەم جار بوو زانیم کە سەری ساڵ (احتفال)ی بۆ دەکرێ. منیش یەک دوو سروودی عەرەبیم بۆ گوتن بەم جۆرە زانیم کە ساڵی ١٩٣٩مان بەڕێ کرد و ساڵێکی تازە: ساڵی ١٩٤٠ دەستی پێ کرد، لە دوای ئەم نیوەشەوە.

(تۆماس یوماران) ئەو گۆرانیبێژە ئاسوورییەی باسم کرد، کە لەو ئاهەنگەدا لاوکی

دەگوت، ئەوە ناوی بوو (تۆماس یومارەن) دەنگی زۆر خۆش بوو و کۆیەم دەهاتەوە بیر و گۆرانییەکانی (سێوە دیان)م دەهاتنەوە یاد. ئینجا غەریبیم هەڵدەستا!

هەروەها ئەو ساڵە، چەندین جار، مامۆستایەک دەهاتە قوتابخانەکەمان، ئامێرێکی مۆسیقای لەگەڵ خۆی دەهێنا، پێیان دەگوت (ئەکۆردیۆن)، سروودی پێ فێر دەکردین. دوایی زانیم ئەو مامۆستایە ناوی (حەننا پتروس)ە و دانەری چەندین سرووده. نامیلکەیەکیشی داینێ هەریەک لە ئێمە، کە ئەو سروودانەی تێدا بوون... زۆرم پێ خۆش بوو. ناوی سروودەکە نووسرا بوو ئینجا نووسرا بوو: نظم (فلان) ناوی شاعیرەکە و بەرامبەریشی نووسرا بوو تلحين (فلان) ناوی ئاواز دانەرەکە. لەو ناوانەی دێنەوە بیرم ناوی (سعید شابو) و (فليفل اخوان) و ناظم پطرس: ئەوانە وەک ئاواز دانەر بوون.



سەعید شابو

شەوان لە ماڵی باپیرم، ئەگەر میوانێک بهاتبایە، دادەنیشتن باسی شەڕیان دەکرد، شەڕی جیهانی دووەم... باسی ئەڵمانیا و هیتلەر و چەرچل دەکرا... و باسی بەریتانیا و ئینگلیز دەکرا... کێ سەرکەوتووە و کێ زەرەری کردووە و عەسکەری زۆر لێ کوژراون ئەسیریان زۆر لێ گرتوون... باسی گرانییان دەکرد... من گوێم دەدایە قسەکان... بەڵام زۆر تێ نەدەگەییشتم.

ماڵی بێوەژنێکی ئاسووری، کەمێک دوور بوو لێمان، لە گەڕەکی دەوواسە بوون. دوو کوڕی هەبوو. یەکیان گەنج بوو، ناوی (نادر) بوو. ئەوی دیکە، لە تەمەنی ئێمە بوو کەمێک لە من بەتەمەنتر بوو، ناوی (ئەفرام = بەڵام ئێمە گازمان دەکرد: ئەپرم) چونکە پیتی (ف) لە زمانی ئاسووری دەبێتە (پ). جا (سینەم)ی پلکم لەگەڵ (نادر)دا، حەزیان لەیەک بوو و یەکتریان خۆش دەویست. بۆیە، نادر، هەر بهاتبایەوە مووسڵ، (خۆی لە - عێن زالە - کاری دەکرد)... جا کە حەفتەی جارێک دەهاتە مووسڵ، دەهاتە ماڵی باپیرم و پاشان ئێمەی دەبردە ماڵی خۆیان بەعارەبانە... هەندێ جاریش بەپایسکل دەهات. لە گەڕانەوە، من لە دوایەوە سواری پایسکلەکەی دەکردم و فیلیپی برامی لە پێش خۆی دادەنا.





نادر، مێردی پلکم سینەم

ئەوانیتر بەپێیان... بەپیاسە دەهاتن. لە ماڵی (نادر) ڕادیۆنەکی گەورەیان هەبوو، جا باپیرم و نادر و جیرانی تریان دادەنیشتن گوێیان لە دەنگوباسی شەڕەکە ڕادەگرت.

کاتی ئیمتیحانی سەری ساڵ داهات، باوکم هات، دایکم و طیمە و (ماری) لەگەڵ خۆی هێنان. دوای یەک دوو ڕۆژ، ئەو گەڕایەوە دەربەند و دایکم و مناڵەکان مانەوە، تا ئیمتیحانم تەواو بوو و (ئیکمال) بووم لە دەرسی (تاريخ). جا باپیرم، بەیانییەکی بەعارەبانە ئێمەی بردە گەراجی هەولێر و سەییارەی بۆ گرتین و بەڕێی کردین.

کە گەییشتینە هەولێر دایکم پرسی لە ماڵە مەسیحییەکان. چووینە ماڵی خێزانێکی ئەرمەنی، دەکەوتە گەڕەکی (عارەبان). دواییش چووینە ماڵە پۆلیسێک ناوی ئەسکەندەر زەیا بوو، لە نزیک کۆڵانەکانی تەنیشت قشلەی (سوارە) هەر لە گەڕەکی عەرەبان ئەو (ئەسکەندەر)ە ژنێکی هەبوو زۆر ڕەش بوو. دەڵێن کاتی خۆی نەخۆش کەوتووە و دختۆرێکی (میللی) دەرمانێکی میللی دەستکردی خۆی دەداتێ و بەم جۆرە ڕەش دەبێ. بەڵام پیاو و ژنێکی زۆر چاک و بەلوتف و بەڕەحم بوون. یەک کوڕیان هەبوو ناوی (هورمز) بوو. ئەو کابرایە خەبەری نارد بۆ باوکم، کەوا مناڵەکانت لە مووسڵەوە هاتوونەتە هەولێر و لە لای ئێمەن لە فلاّن شوێن. چاوەڕێت ئەکەن. دوای دوو ڕۆژ باوکم لە دەربەندەوە هات و بۆ بەیانی گەڕاینەوە دەربەندی گۆمەسپان. پاش چەند ڕۆژێک (بنیامین)ی ئامۆزاشم هات. ئیتر (عطله)یەکی هاوینی زۆر خۆشمان ڕابوارد. بەڕۆژ دەچووینە سەر ڕووبارەکە و لە گۆمەکان ماسیمان دەگرت و مەلەمان دەکرد تا نیوەڕۆ. بەشەو لە بەردەرگای مەخفەرەکە، پۆلیسەکان دادەنیشتن و ئێمەش، مناڵە پۆلیسەکان، لەگەڵیانا. یا باس و خواسی دنیا و شەڕیان دەکرد. شەڕی ئەڵمانیا و ئینگلیزیان پێ دەگوت. هەندێ شەویش مام (مەعرووف) باوکی مەجید و حەمید، گرامافۆنەکەی دەهێنا ئەوێ و لە ژێر شەوقی مانگەشەو گوێمان دەگرت لە قەوانەکانی کاوێس ئاغا و مەریەم خان و دایکی جەمال و تۆماس یوماران...

هەفتەی جارێک هەندێ ڕۆژنامەیان دەهێنا بۆ مەخفەر. مەجید باشچاوەش

دەیخوێندنەوە و دەیدانە باوکم. باوکیشم دەیگوت وەرە بۆم بخوێنەوە. ڕۆژنامەی (البلاد، الزمان، الاستقلال،...) هەندێکیان بوون.

جا لە ژووری باشچاوەش، لە قاتی دووەمی مەخفەرەکە، کە ژوورێکی بچووک بوو. مێزێک، کورسییەکی لە دواوە بوو، لە پێشەوەش قەنەفەیەکی تەختە... دۆلابێکی داریش لە قوژبنەکەی تەنیشت کورسییەکە بوو، سجلات و فایلاتی مەرکەزەکەی تێدا بوو. لەوێ لەسەر مێزەکە من و باوکم دادەنیشتین و هەواڵەکانی ڕۆژنامەکانم بۆی دەخوێندەوە کە بەعەرەبی بوون. خۆم زۆرم سوود لەو خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامانە وەرگرت.



ڕووبارەکەی دەربەندی گۆمەسپان

جا کە هەواڵی سەرکەوتنی ئینگلیز و (حلفاء)م بۆ باوکم دەخوێندەوە، زۆر کەیفخۆش دەبوو و جوێنی بەهیتلەر و هێزە دڕندەکانی دەدا. هەر لە ئەوەلەوە باوکم ئینگلیزی خۆش دەویست و ماوەیەک لەگەڵیانا، وەک Boy لە خێوەتگاکانیان، لە بەسرە و بەغدا و مووسڵ، کاری کردووە و ئینگلیزی بەقسە و بەنووسین، بەشێوەیەکی باش فێر بووە، بۆیە ماوەیەک لەگەڵ یەک لە ئەفسەرەکان، لە بەسرە، وەک (مترجم)یش کاری کردووە.

کە پشووی هاوین خەریکی کۆتایی نزیک دەبۆوە و، بنیامین پێش من چووبۆوە کۆیە، باوکم بڕیاری دا کە بەماڵەوە بگەڕێینەوە کۆیە. بەیانییەک سێ هێستر و ئەسپێکی لە گوندانەوە بۆ بەکرێ گرتبووین و، هاتن دوو کاروانچییان لەگەڵدا بوو، هەموو کەلوپەلەکە و یاتاغی نووستن... لە هێسترەکان بار کرد و ئەسپەکەش زین کرابوو، ئەوە تەنها بۆ من بوو کە سواری بم.

لە دەربەندەوە کەوتینە ڕێ بەرەو ئەشکەفت سەقا. لەوێشەوە بۆ دێگەڵە. من سواری ئەسپەکە بووبووم و لە پێشەوە، هەر بەجادەی ترومبێلدا دەڕۆییشتین. جادەکەش زۆر خۆڵ و تۆز و بەردی تیا بوو... قیرتاو نەکرا بوو. بۆ نیوەڕۆ، گەییشتینە (دێگەڵە) زۆر ماندوو





دایکی جەمال



تۆماس یوماران



کاوێس ئاغا

بووین. لە ماڵی موختاری دێ دابەزین کە دۆستی باوکم بوو. ئەویش زۆر جاران دەهاتە ماڵمان، چ لە کۆیە، یا لە دەربەند. وابزانم ناوی (ئەحمەد) یان (محەمەد بەگ) بوو. لە بیرمە دوو پەنجەی ناوەڕاستی یەک لە دەستەکانی، پێکەوە نووسا بوون. واتا پێستێکی تەنک لە نێوانیاندا بوو هەردوو پەنجەی پێکەوە بەستبۆوە – لەوێ نانی نیوەڕۆمان خوارد و ماستاو و چای و میوەمان خوارد. دوو سەعاتێکمان پێ چوو.

گوندی دێگەڵەش لە خوارەوە بوو لە ناو دۆڵەکە و لەسەر ڕووبارێکی جوان و ئاوی زۆر و ساف و خۆش. ترومبێل بەلۆفە پێچاوپێچ و لە ڕێگایێکی بەردەلان و خۆڵە پۆت و پڕ لە چاڵ و تەسسەی گەورە و بچووک، بەهێواشی شۆڕ دەبوونەوە تا دەگەیشتنە سەر ڕووبارەکە. ئینجا بەهاوینان کەپر و چایخانەی لەسەر ئاوەکە دروست دەکرا و خاوەن ترومبێل و نەفەرەکان دادەبەزین و دەموچاویان دەشوشت و خۆیان فێنک دەکردەوە و چایان دەخوارد لەگەڵ ئاوی سارد. چونکە ڕێگا لە هەولێرەوە تا دێگەڵە سەعات و نیوێک و بۆ لۆری دوو سەعاتیشی دەخایاند، لە ژێر چققەی هەتاوی نیوەڕۆ، خەڵک دەسووتا لە گەرمان. هەروەها لە کۆیەوەش بۆ دێگەڵە، بەهەمان شێوە، زۆری دەخایاند و دیسان بەلۆفە، ترومبێل دەهاتنە خوارەوە. لەسەر ڕووبارەکە دەحەسانەوە بەتەواوی، ئینجا جارێکی تر، بۆ باقی ڕێگاکە، ملیان لێ دەنا و سەد جار بیسمیللا و ناوی خوایان دەهێنا.



وێنەی ترومبێلێکی ساڵانی سییەکان



ئەو ڕێگایە تا سالانی سەرەتای شەستەکانیش هەر قیر نەکرابوو. ئەوەتا لەم وێنەیەدا، ئەوا سەیری دێی دێگەڵە دەکەین لە خوارەوەیە، من و ماری خوشکم لە سەفەرێکمان لە کۆیەوە بۆ هەولێر دەڕۆییشتین لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٩ بۆ سەردانێکی خزمان، ئەم چایخانەیە، کە دەکەوتە سەرەوەی گردەکەی کە دەنوارێتە دێگەڵە، لێی ڕاوەستاین بۆ حەسانەوە و ئاو و چا خواردنەوە دوای ماندووبوونێکی زۆر لە ڕێگا پڕ بەرد و تۆز و تاسەکە. تەنها ئەوەندە بوو، لەو ساڵەدا، ترومبێل نەدەچوونە خوارەوەی گەلی، بەڵکو هەر لە هەورازی گوندەوە، پردێک لەسەر ڕووبارەکە دروست کرا و لەوبەریش ڕێگاکە لە هەولێرەوە بۆ ئەوێ دەهات و (لۆفە)کان، لە هەردوو لاوە نەمان. بەڵام گوندی دێگەڵە زەرەرمەند بوو. خەڵکەکەش ئەغلەب هاتنەوە سەرەوە و خانووی تازەیان لەوێ کرد و دێگەڵە بەجارێ کەسی وای تیادا نەما، بەتایبەتیش لە سالانی هەشتاکانا و لە شەڕی نێوان حکوومەتی عێراق و ئێران و ناویشی کرا بەگوندی – ناحیەی – شۆڕش...

ئینجا با بگەڕێمەوە سەر باسە سەرەکییەکەم. لەو کاتەی لە ماڵی ئەحمەد بەگ، موختاری دێگەڵە ئیسراحەتمان دەکرد ، یەکێک لە پیاوەکانی هات، کە موختار ناردبووی بۆ ئەوەی ئەگەر ترومبێل لە هەولێرەوە بێن و شوێنی دوو نەفەریان هەبێ، ئاگادارمان بکات تاکو لەگەڵیانا بەترومبێل بچینە کۆیە، چونکە بەڕاستی، نە دایکم و نە من، تاقەتمان نەما بوو سواری هێستر و ئەسپ بین. بەتایبەتی دایکم، چونکە لەسەر کەلوپەل و نوێن و یاتاغ کە لەسەر پشتی هێسترەکە بەسترابوونەوە، لەسەر ئەوانە دادەنیشت و (فیلیپ)ی براشم لە ناو کۆشی دادەنا! ئینجا زۆریش بەیەواشی دەڕۆیشتین و ڕێگا هەر تەواو نەدەبوو.

گوتم ئەو پیاوە هات و گوتی ئەوا ترومبێلێکی (قەمارە) هات و نەفەری هەبوو لێرە



دابەزی و شوێنی دوو نەفەری هەیە بۆ کۆیە! مەپرسە چەند خەنی بووین. یەکسەر هەڵساین و سوپاسی موختارمان کرد و دوعاخوازیمان لە خۆی و خێزانی کرد و ترومبێلەکە هات و ئێمە لە حەوزی پشتەوە سوار بووین. ترومبێلەکە تەنتە، واتا چادری هەبوو... واتا (سقفی) ئاسن و تەنەکە نەبوو، چادرێکی سپی وەک سەقفی بۆ دەکرا... ئەمە بۆ هاوینان فێنک بوو.

ولاغەکان و کەلوپەلەکەمان ڕێگای خۆیان گرتبوو، پێشتر بەڕێ کەوتبوون. کە ئێمە بەترومبێل ڕۆیشتین، لە پاش ماوەیەک بینیمانن و سەلاممان لێیان کرد و زانیان کەوا ئێمە بەترومبێل ڕۆیشتین.

گەیشتینە کۆیە و لە ماڵی مامم دابەزین و سەماوەریان بۆ لێناین و چا و نان و پەنیرمان خوارد و منداڵەکانی مامم و مامۆژنم زۆر بەگەرمی و خۆشی باوەشیان بۆ کردینەوە. دوای یەک دوو سەعات پێش ڕۆژ ئاوابوون، من و بنیامین و ڕەجەب، بەرەو پیلی کاروانەکەمان چووین بەپێیان، تا گەیشتینە سێتاقەکەی نزیک تۆبزاوا کە لەسەر ڕێگای نێوان کۆیە و هەولێر بوو، بەرامبەر گوندی هەرمۆتە، لە دوورەوە، لەبەر سێبەری سێتاقەکە دانیشتین و بنیامین و ڕەجەب جگەرەیان دروست دەکرد لە کاغەزی دەفتەری (بافرە) کە تایبەت بوو بۆ پێچانی تووتن لە ناویا بۆ دروستکردنی جگەرە. ئینجا جگەرەکەیان دەکێشا و قسە و گاڵتە و فشەمان دەکرد، زیاتر لە سەعاتێک چاوەڕێمان کرد، تا کاروانەکان گەیشت و بردمانە ماڵەوە. ماڵیشمان ئەمجارە لە ماڵی تەمەر نەبوو. خانووێکی تازە دروست کرابوو، لە تەنیشت ماڵی تەمەر، لەسەر جادە... جادەکە دەچێت بۆ حەمامۆک. خاوەنەکەی ناوی (وابزانم) محەمەد مەڕوان بوو، شوفێر بوو، خانووەکەی دوو ژوور بوو لە سەرەوەی حەوشەکە... یەکێکیان ئێمە بەکرێمان گرتبوو، ئەویتر ماڵی خاوەن حەوشەکەی تێدا بوو. هاوینەکە لەوێ ماینەوە. بەڵام کە قوتابخانە دەستی پێ کردەوە، لە مانگی تشرینی یەکەم لە ساڵی دیراسی ١٩٤٠/١٩٤١ بوو، ئێمە لە ماڵی مامم خانووێکی ترمان گرتبوو لە خوارەوەی مزگەوتەکەی ماڵی مەلا عەبدوڵڵا باوکی مەلا عیسام (حسام الدین)، کە لە ژێر تاقەکەی (حاجی عەولا بەگیان پێ دەگوت) و لەوسەر تاقەکە دەچوویە دەرەوە، بۆ لای ڕاست، دەرگایەکی گەورەی (دوو دەری) و ئەویش لەسەر شێوەی تاق بوو. گوازتمانەوە ئەو خانووە. جا ماڵی ئێمە لە ژوورێکی بەقادرمە بەسەر دەکەوتین بەلای ڕاستی حەوشەکە بوو. تەنها هەیوانێک و ژوورێک نسیبی (نصیبی) ئێمە بوو.

ماڵی مامم لە خوارەوە، بەلای دەستە چەپی دەرگای سەرەکی واتا (مدخل) بوو، دوو ژوور و هەیوانێکیان حجز کرد. هەر لەوێش، بەلای ڕاستی هەیوانەکەیان، ژوورێکی گەورەی تر هەبوو... بەڵام ئەمە شوێنی مریشک و ئاژەڵ بەخێوکردن بوو، وەک (تەویلە - اسطبل) بوو، کە ئاودەستخانەش هەر لەو تەویلەیەدا بوو. لە ناوەڕاستی حەوشی، حەوزێکی خڕی بچووک هەبوو، بۆڕی ئاوی سەرەکی لەوێ بوو، لە ناوەندی حەوزەکە.

تێبینی:

ئەم خانووە، لە ساڵی ١٩٥٧ کە من بوومە مامۆستا لە کۆیە و ماڵمان گەڕایەوە کۆیە - لە کەرکووکەوە - لەو خانووەدا ماڵی سەعدی ئاغا کرێبوویان و لەوێدا نیشتەجێ بوون. ڕۆژێکیان کاک سەلاح سەعدی ئاغا، کە ئەویش لە ساڵی ١٩٥٩ دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی، هەر لە بەشی ئینگلیزی، لە (دار المعلمین العالیة) دەرچوو و بووە مامۆستای زمانی ئینگلیزی و لە کۆیەش تەعین بوو، جا ڕۆژێک بۆ نانی نیوەڕۆ، منی دەعوەت کرد و چوومە ماڵیان، لەگەڵ باوکی بەڕێزی، کە مرۆڤێکی زۆر سەخی و دڵ گەورە و بەلوتف بوو و زۆر شاد بووم بەدیتنی و نیوەڕۆیەکی (چەورمان) پێکەوە خوارد. هەزار هەزار ڕەحمەتی خوایان لێ بێ هەردووک، چونکە سەعدی ئاغاش و کاک سەلاحیش بەداخەوە زوو وەفاتی کرد و جوانەمەرگ بوو. گەلێکم سوو بۆوە. چونکە کە پێکەوە بووین لە قوتابخانە، زۆر یەکترمان خۆش دەویست. ئەم باسە دوایی زیاتر فراوانتر باسی دەکەم».

وەک لە پێشتر باسم کرد، من کە لە مووسڵ ئیمتیحانی سەری ساڵم دا، لە یەک وانە (اکمال) بووم کە ئەویش مێژوو (تاریخ) بوو. قەت لە سەری ساڵەوە، من هیچ تێنەدەگەیشتم بەعەرەبی، مامۆستا چی دەگوت... چی شەرح دەکرد... قەت لێی حاڵی نەبووم. جا کە هاتمەوە قوتابخانە ئازیزەکەی خۆم... قوتابخانەی دووەمی سەرەتایی (کۆیسنجاق) سەیرم کرد مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری، بەڕێوەبەرە. ئەو ساڵی کە چوومە مووسڵ، لە پۆلی (٣ سێ)وە، هاشم ئەفەندی ناوێک مودیر بوو. دیارە کاتێ کە من لە پۆلی چوارەم، لە مووسڵ، دەمخوێند، مامۆستا زەکی کرابوو بەمودیر. مامۆستا زەکی، یەکەم ڕۆژ کە دەوامم کرد، مامۆستایەکی نارد لەگەڵما، بۆ ژوورێک و پێی گوت: «مامۆستا دنحا، دە تۆ بڕۆ ئیمتیحانی کە.» ئەو مامۆستایەش نوێ بوو. کە چوومە مووسڵ، ئەو ئەفەندییە مامۆستامان نەبوو. بەڵام دیار بوو زۆر (عاطفی) بوو... یەکسەر منی خۆش ویست... چەندین پرسیاری لێ کردم هیچم نەزانی. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەگەر



مامۆستا دنحا نەبووایە و مامۆستایەکی لە کۆنەکان و بێ بەزەیی بووایە... بەخوا دوو نمرەشم وەرنەدەگرت. مامۆستا دنحا هەر پرسیاری زۆر ئاسانی لێ دەکردم و دەیویست شتێک بڵێم! بەڵام هیچ! لەو دیوارە دەنگ دەهات، لە من نەدەهات. ئەویش هەر پێدەکەنی. گوتی ئەوە نابێ تۆ هەر هیچ نازانی! با بڕۆین! من زراوم چوو. بردمیە لای مامۆستا زەکی، لە ژووری بەڕێوەبەر، لەسەر کۆشکەکە بوو، بەرامبەر ژوورەکانی پۆلەکان، کە لە حەوش بوون. مامۆستا زەکی لە مامۆستا دنحای پرسی: «ها... چۆنە؟.» مامۆستا دنحا پێکەنی... گوتی، خراپ نییە... ناوەندییە... ئەوە (٥ پێنج)م بۆ داناوە!» مامۆستا زەکی گوتی... ئێ ئاخر هەر وا دەبێ! لەوێ بەعەرەبی شەرحیان کردووە. قەیناکا. باش دەبێ!» ئینجا بەمنی گوت: «بڕۆ کوڕم لە سونفی (صنفی) پێنج دانیشە. ناجیح بووی.» ئۆ خوایە جێتان فیردەوس و بەهەشتی خوای گەورە بێ! ئەوانە بوون مامۆستای پەروەردەکاری ڕاستەقینە!

کە چوومەوە ماڵەوە و پێم گوتن (ناجیح) بووم، باوکم و دایکم فڕین لە خۆشیانا! باوکم ماچی کردم و گوتی: ئافەرین، کوڕی گەورەم! - بەڕاستی باوکیشم زۆر حەزی دەکرد من هەمیشە ناجیح بم و دائیما دەیگوت: ئەگەر ئەو کراسەی بەرم بفرۆشم، ناهێڵم لە قوتابخانە دابڕێی.» قسەکەشی هێنا جێ و منیش لەبەر قسەکانی ئەو زیاتر حەزم دەکەوتە سەر خوێندن و دەمویست باوکم پەشیمان نەبێت لەو ئەرکەی کە بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی، من پێ بگەیێنی و ببمە (شتێ) لە دواڕۆژدا.

ئەو ساڵە واتا ساڵی خوێندنی ١٩٤٠/١٩٤١ من لە پۆلی (٥ پێنجی) سەرەتایی، لە قوتابخانەی دووەمی کۆیسنجاق، لە حەوشی ماڵی حەمەشین دەوامم کرد.

لە مامۆستاکانمان: جگە لە جەنابی بەڕێوەبەر: زەکی ئەحمەد هەناری و هەروەها مامۆستا دنحا یەلدا (شەقلاوەیی بوو) و کیژی خواجە ئەبرەهەی خواست و گوازتیەوە، ناوی (کاترین) بوو. لەو (کاترین خان)ە کوڕێک و کچێکی بوو - کوڕەکەی (نەبیل)ی ناو لێنا و کیژەکەی (باسیمە) کە هەردووک و دایکیان لە ژیانا ماون تا ئەو کاتەی من ئەو بیرەوەریانەی خۆم دەنووسمەوە - ٢٠٠٢/٣/٧ نەبیل دکتۆرە



مامۆستا زەکی ئەحمەد ساڵی ١٩٢٧ گیراوە لە ساڵی ١٩٤٠ بەڕێوەبەری قوتابخانەی دووەمی کۆیە بوو.

پسپۆری (ئەشیعە)یە لە هەولێر، باسیمەش شووی کردووە.

لە مامۆستاکان، دیسان مامۆستایەکی دەڤەری بادینان بەناوی (م. مستەفا) بوو - کورتیلە و چاوی خێل و ئەسمەرانی بوو. دەرس (حیساب و هەندەسە)ی پێ دەگوتین. (پێمان دەگوت: مستەفا ئەفەندی ئەزبەنی)، مامۆستایەک ئینگلیزی پێ دەگوتین، ناوی (سەیید ئەحمەد) بوو، مامۆستا شەفیق سابیر - سروودی پێ دەگوتین، ئەو مامۆستایە منی زۆر هان دا بۆ گوتنی سروود. یەکەم قوتابی کە سروودەکە لە دەمی مامۆستاوە فێر دەبوو، من بووم. ئینجا من دەمگوتەوە... پاشان باقی قوتابیان فێری دەبوون.



مامۆستا شەفیق سابیر، مامۆستای سروودمان بۆ لە سەرەتایی لە قوتابخانەی دووەمی کۆیە ١٩٤١/١٩٤٠ ئەم وێنەیە لە ١٩٥٨ لە هەرمۆتە گیراوە

مامۆستا زەکی هەناریش دەرسی دەداین. مامۆستا دنحا یەلدا (قراءة)ی عەرەبی پێ دەگوتین. مامۆستا شوعە (ریاضە) وەرزش - (جوولەکە بوو). مامۆستا (صهیۆن)، وابزانم خالی یان مامی شووعە ئەفەندی بوو - واتا ئەویش جوولەکە بوو. بەڵام دەرسی بەئێمە نەدەگوت.

لەو قوتابیانەی کە لە پۆلی پێنجەم لەگەڵما بوون:

١- یوخەننا گۆریل (لە تەنیشتم) دادەنیشت لە پێشەوە.
٢- کەریم مستەفا (شارەزا).
٣- جەمال سەیید ئەحمەد بەرزنجی. (برای سەیید ئەنوەر).
٤- ڕەجەب عەبدوڵلا.
٥- مەحموود حەمەزیاد ئاغا.
٦- عەبدە کەریم.
٧- سەمەد موحێدین.
٨- جەوهەر خدر هیرانی.
٩- عەبدولرەحمان تەها.
١٠- مەجید مەعرووف.

لەو دیمەنانەی هەمیشە لە یادمن و لە بیرم ناچن، دیمەنی تۆپی ڕەمەزانانە.





وێنەی سەیید جەمال سەیید ئەحمەد، قوتابی بوو لەگەڵما لە ١٩٤١/١٩٤٠

کە مانگی ڕەمەزان دادەهات، خۆشترین شت لای ئێمەی مناڵ ئەو ساتانەی پێش فتارکردنەوە بوو. کۆمەڵێک مناڵ و گەنجیش، بەتایبەتی خەڵکی گەڕەکی قەڵات، دەچووینە (قشلە). تۆپەکە، یەکێک بوو لە تۆپەکانی (خاڵە ڕەجەب)، بەباڕووت دەتەقییەوە و دەتەقێنرا. ئەو تۆپە لە بن دیواری نزیک قەبرستانی لای ڕاستی قشلە بوو - واتا نزیک (قوللە)ی لای ڕاستی بەنیسبەت دەرگای قشلە. لەوێ، لەسەر عەرد چەسپێنرا بوو، لە بەینی شاخە بەردی زۆر گەورە، سەعاتێک پێش بەربانگی (مەغریب)، حەمە عەبۆ دەهات، کیسەیەک کە بەقەدەرایی (کیلۆ)یەک باڕووتی تێدا بوو، دەیهێنا و دەیخستە ناو دەوی تۆپەکە و بەکاریتە دارێک پاڵی بەکیسەکەوە، دەنا تا دەچووە بن تۆپەکە - ئینجا هەندێ پەڕۆی (وشک)ی تێ دەپەست، دیسان بەکاریتە دارەکە... تا خوارەوەی... یاخود بڵێین تا بنی کونی تۆپەکە و لەگەڵ باڕوودەکە، بەچەند جارێ، بەکاریتەکە، ئەو پەڕۆیەی ئیشکانەی جوان دەپەست. ئینجا پاش ئەوانە، هەندێک پەڕۆی دی، کە تەڕی دەکردن بەئاو، کەم کەمە، دەیخستنە ناو لوولەکە و بەدارەکە دەیپەستن. لێرەدا، هەندێ لەو هاوولاتییانەی کە لەوێ ئامادە دەبوون، بۆ سەیرکردن، ئەوانیش جاروبار یارمەتی حەمە عەبۆیان دەدا و پەڕۆیەکانیان جوان، بەبەکارهێنانی هێز، بەکاریتەکە، دەیانپەستە ناو لوولەی تۆپەکە... ئەو عەمەلیاتە دەوامی دەکرد تا نزیک بانگی مەغریب... ئینجا حەمە عەبۆ، لە کونی (تیزی) تۆپەکە، ئەویش کونێکی بەقەد فراوانی ئەستوورایی بزمارێکی ئەستوور دەبوو، لە بن بنی تۆپەکە، باڕووتی تێ دەکرد و وەک خەتێک باڕوودەکەی درێژ دەکردەوە بۆ لای پشت تۆپەکە... ئەو باڕووده لە کونی تیزەکەدا، بەشیشێک تێی دەپەست تاکو دەیزانی، بەدڵنیاییەوە، کە ئەو باڕووده گەیشتە کیسە باڕوودەکەی ناو تۆپەکە. لێرەدا، هەموو شت ئامادە بوو بۆ تەقاندنی تۆپەکە. ئیتر هەموومان، لەسەر گردی قشلەوە، سەیری شاری کۆیەمان دەکرد و چاومان لە گومبەتی مزگەوتی گەورە دەچەقاند، کە لەو شوێنە بەرزەوە، لە قشلەوە، ئەو شوێنەی تۆپەکەی لێ بوو، زۆر ڕوون و جوان و ساف گومبەتەکە دیار بوو. پێش یەک دوو دەقیقەی پێش بانگ، مەلای گەورە، بەسەربانی مزگەوت دەکەوت و لە تەنیشت گومبەتەکە دەوەستا، یان

پیاسەی دەکرد. ئێمەش هەموو هاوارمان دەکرد: (مەلا هات. مەلا هات) حەمە عەبۆ ئامادە دەبوو. شخاتەکەی حازر دەکرد. کە سەعات تەواو دەبوو... بەدەقیقە... مەلا لە سەربانی مزگەوتی گەورە، لە تەنیشت گومبەتەوە، کە بەرامبەر قشلە بوو، پارچە قوماشێک یا خاولییەکی بەرز دەکردەوە و دەیهەژاند... ئەمە ئیشارەت بوو بۆ تەقاندنی تۆپەکە. ئینجا حەمە عەبۆ شخاتەکەی پێ دەکرد و لە باڕوودەکەی دەدا کە لەسەر زەوی، لە پشت تۆپەکە، وەک مارێکی ڕەش ڕاکشا بوو... ئیتر باڕوود ئاگری دەگرت و فشە فشی دەکرد و وەک مار دەخزی تا دەگەیشتە کونی (تێزی) تۆپەکە و دەچووە ژوورەوە. لێرەدا ئاگری کونەکە فشە فشی زیاتر دەبوو و ئاگر و دووکەڵی باڕوودەکە بەرز دەبۆوە و لە ناکاو هەرچی پەڕۆ و پارچە قۆندەرە و کڵاشی کە لە کونی تۆپەکە پەسترا بوو، بەدەنگێکی گەورە... وەک گرمەی هەورێکی ئەستووری زستان، گرمەی لێوە دەهات و پەڕۆکان دەکەوتنە ئاسمان و هەندێکیان هێشتا ئاگریان پێوە بوو و دەسووتان... لە ئاسمانا پەرتوبڵاو دەبوونەوە و ئینجا دەهاتنە خوارەوە. کۆیە هەموو چاوەڕێی ئەو ڕووداوە خۆشەی دەکرد، هەموو ئێواران... ئینجا مەلاکانی هەموو مزگەوتەکان بانگی ڕۆژئاوا (مەغریب)یان دەدا و ئەوانی بەڕۆژوو دەبوون، ڕۆژوویان دەشکاند.



تۆپی ڕەمەزان بە باڕوود و پارچە پەڕۆ دەتەقێنرا

ئەم بەزمە، بۆ ٣٠ ڕۆژ، بەدرێژایی مانگی ڕەمەزان، هەموو ئێوارەیەک دووبارە دەبۆوە و ئێمەی منداڵ و گەنج و پیاو، لە لامان خۆشترین و بەتامترین ساتەکانی ڕۆژانی مانگی ڕەمەزان بوون!

بەشەوانیش، نزیک بەرەبەیان کاتی (سحوور) زۆر جاران بەئاگا دەهاتین لەبەر دەنگی دەهۆڵ و زوڕنای عەزیز زوڕناچی و دەهۆڵ لێدەرەکە. بەڵێ. ئەوسا، سحوور نەک تەنها بەدەهۆڵ لێدان یا تەپڵ لێدانی وشک بوو. بەڵکو دەهۆڵ و زوڕنا لێ دەدرا. باوەڕ بکەن، شەوان لە هەموو مەیدانێکی بچکۆلە... لە ناو گەڕەکەکان، گەنج و پیاو و منداڵ لە ماڵان دەردەهاتن و شایییان دەبەست لەسەر دەنگی زوڕنای (عەزیز زوڕناچی) و دەهۆڵەکەی، تا تاوێکی باش، ئینجا بەڕێیان دەکردن و، بەدوایان دەکەوتین تا دەگەیشتینە گۆڕەپانێکی



تر، لە گەڕەکێکی تر. لەوێش بەهەمان شێوە، کوڕگەل دەردەچوون لە دەرگاکان و شایی دەبەسترا و لەسەر نەغمەی زوڕنا و دەهۆڵ شایی دەکرا. هەموو کۆڵان و گەڕەک و گۆڕەپانەکانیش بەفانۆسی نەوت ڕووناک دەکران. هەر لە مەغریبەوە، زەمانێک قالە برایم و دواتریش (یوخەننا گۆریل)، ئەو فانۆسانەیان هەموو ئێوارەیەک پڕ نەوت دەکرد و شووشەکانیان جوان پاک دەکردەوە بەپارچە پەڕۆیەک و، دایاندەگیرساندن. بەم جۆرە شارەکە تا بەیانی، کوچە و کۆڵانەکانی ڕووناک بوون، هاتوچۆ بەشەوان هەر هەبوو تا درەنگ.

بۆ ڕۆژی یەکەمی جەژن، چ جەژنی ڕەمەزان، یا جەژنی قوربان، مەراسیمی تایبەت هەبوو، دەبووایە بکرێ، بەم جۆرەی خوارەوە:

بەیانی جەژن، قوتابییانی هەردوو مەکتەب، (واتا قوتابخانە) هەر لە حەوشی مەکتەب ڕیز دەبوون، ئینجا بەسروودی نیشتمانی گوتن دەڕۆیشتن و مامۆستاکانیش لەگەڵیانا، دەچوونە حەوشی سەرای حکوومەت. ئەو سەرایە زۆر کۆن بوو بەداخەوە تێکیان دا... لەو حەوشە، هەموو قوتابیەکان ڕیز دەبووین و مۆزەفەکانی حکوومەت و قایمقامیش بەرامبەرمان، لەبەر سێبەری تاقەکانی هەیوانەکەی سەرەوە دەوەستان. جەنابی مەلای گەورە، دەهات. خوتبەیەکی دەخوێند مەلا محەممەدی جەلی زادە، خوتبەیەکی دەدا، لە کاغەزێک نووسرا بوو.

لە خوتبەکەدا جەژنی لە خاوەن شکۆ، مەلیک و وەسی (وصي) و (عائلەی مالکە) و هەموو گەلانی موسڵمانی دنیا و عیراق دەکرد و دوعای بۆ تەمەن درێژی (جەلالەتی مەلیک) دەکرد. پاشان قایمقامیش وتەیەکی دەخوێندەوە... ئینجا قوتابییان بەتێکڕایی سروودێکیان دەخوێند کە ستایشی مەلیکی دەکرد وەک سروودی:

ملیکنا ملیکنا نفدیك بالارواح

یاخود ستایشی (عەلەم) - ئاڵای عیراقی دەکرد وەک:

یا علم الامة إنا معك إنا معك

حتم علینا أن نتبعك...

ئینجا هەموو جەژنی یەکتریان پیرۆز دەکرد...



وێنەی دیواری سەرای کۆنی کۆیە، لە ناوەندی شار

پاشان، لە هەر قوتابخانەیەک، دوو قوتابی ڕێکوپێک هەڵدەبژێردران: یەکیان سندووقێکی بچووکی تەختەی بەکاغەز و سمغ (کەتیرە) جوان قەپات کرابوو، تەنها لە سەرەوە، کونێکی درێژووکەی تێدا دەکرا کە بەقەد درهەمێک بخرێتە ناو سندووقەکەوە، ئەوە قوتابییەک هەڵی دەگرت. قوتابییەکەی تریش یەک کیسە، بەسەدان، پارچە کاغەزی وەک (پوول)ی پۆستە، ڕەسمی فڕۆکەیەکی دوو باڵی لەسەر کێشرا بوو... لە ژێر وێنەکەش نووسرا بوو: (جمعیة الطیران العراقیة) هەندێ جاریش، ئەو ڕەسمانە، ڕەسمی (عانە)یەکی واتا (٤ فلس)ی لەسەر بوو... لە ژێرەوە دەنووسرا: (جمعیة الهلال الاحمر العراقیة) جا ئەو قوتابیانە، دەگەڕان یەکەم ڕۆژی جەژن، ئەو پارچە کاغەزانەیان بە(دەمبووس)ێک لە سینگی چاکەت یا کورتەکی پیاوەکان قایم دەکرد و پیاوەکەش دەبووایە بەگوێرەی حاڵی خۆی و ئیمکانیاتی باخەڵی، کەمێک پارەی فڕێ بدایە ناو سندووقەکە. قوتابییەکان بۆ کۆتایی ئەو ڕۆژە پارە و سندووقەکەیان دەبردەوە مەکتەب و تەسلیمی لیژنەی لێپرسراو لە قوتابخانەیان دەکرد.

لە بیرمە لە یەکێ لە جەژنەکان، من و کاک فەیسەڵ حەمدی ئەو ئیشەما کرد. من کاغەزەکانم بەدەمبووس لە سینگی خەڵکەکە قایم دەکرد. (فەیسەڵ)یش سندووقەکەی پێ بوو. جا لە بیرمە - وەڵڵاهی، وەک دوێنێ بێ، چووینە بەردەرگای مزگەوتی گەورە... دوای نوێژ، هەرچی دەهاتە دەر، جەژنە پیرۆزەمان لێ دەکردن و ڕەسمی فڕۆکەکەم بەیاخەی کورتەکەکەیان بەدەمبووس دەچەسپاند. وەڵڵاهی لە بیرمە زۆر باش، مەلا حەوێز ئاغا، هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، کە دەمبووسەکەم لە یاخەی قایم کرد، یەک دیناری شینی لە باخەڵی دەرهێنا و خستیە ناو سندووقەکە.



بەڵێ، ئاغاکانی کۆیە، بەڕاستی خەمخۆری خەڵک بوون. لە کاتی تەنگانە و ناخۆشی، بەشداری خەمەکانیان دەکردن. بەڵام هەڵبەتە، بەرژەوەندی خۆشیان دابین دەکرد، مەلا حەوێز ئاغای غەفووری، نائیبێکی پەرلەمانی عیراقی هەمیشەیی بوو. لە هەموو زرووفێک، یا لە (مجلس النواب) نائیب بوو، یا لە (مجلس الاعیان) - عین - دەبوو، نوری سەعید زۆری خۆش دەویست. مەلا حەوێزیش باش بوو، مەرد بوو، بێ دەخل بوو. خەڵکی ئەزیەت



نەداوە... لە دوای **١٩٥٧**یش زۆر جاران دەچوومە دیوەخانەی و کابرایەکی بەزەوق و سادەم هاتە پێش چاو. ڕەفاقەتیمان زۆر توند بوو. کە هاتمە هەولێریش و ئەویش بەماڵەوە هات، زۆر شەوان یان لە ماڵی خۆیان، لە پشت سینەمای سەلاحەدین، یا لە ماڵی ئێمە - نزیک قایمقامیەت بووین - یا لە ماڵی برادەری هەردووکمان، محەمەد مەجید - خاوەن دوکانی فرۆشتنی کەلوپەلی سەیارە بوو... وە لە کاتی (فۆلکس واگن) هەبوو - باوکی نەسرەدین مەشهوور بوو. شەوانە دادەنیشتن، کۆنکانمان دەکرد. هەزار سڵاو لە گیانیان بێ! ڕەحمەتی خوایان لێ بێ. لەو ساڵەی کە من لە پۆلی پێنجەم دەمخوێند، ماڵی (ئەسکەندەر زەیا) باوکی هورمز، کە پێشتر باسیانم کرد، کاتێ کە لەگەڵ دایکم و براکانم لە مووسڵەوە هاتینە هەولێر و لە ماڵیان ماینەوە، پۆلیسی سوارە بوو لە هەولێر، جا ئەسکەندەر گوازرایەوە بۆ کۆیە و بەماڵەوە هاتن و هورمزیش لە قوتابخانەی ئێمە قەید بوو لە پۆلی سێ بوو، بەمەزەندەم، بووینە برادەری زۆر خۆشەویستی یەکتر. ئەسکەندەر هەر ئەو کوڕەی هەبوو. مناڵیان نەدەبوو. ئەسکەندەر زیرەک بوو. خەتێکی وەرگرت، واتا بوو بە(ئۆنباشی) - یاخود (شرطي اوّل). پاش ماوەیەک کردیانە ئینزیبات (انضباط) - پارچە قوماشێکی ڕەشی لە قۆڵی ڕاستی دەبەست، دوو پیتی (أ - ش) بەڕەنگێکی سپی لەسەر قوماشەکە نووسرا بوو، کە مانای (انضباط شرطة) بوو. لەو ساڵانەی شەڕدا، قاچاخچی زۆر بوون. ئەسکەندەر، بەشەوان، دەچووە سەر ڕێگاکانی کاروانچیان کە بۆ کۆیە دەهاتن وەک ڕێگای ئاشان و فەقێیان و هەیبە سوڵتان و پردەکەی ناو باخچەکانی سەر ڕێگای (چاک)ی دەروێش خدر. جا قاچاخچی دەهاتن و شتی قاچاخیان پێ بووایە، ئەسکەندەر لەپڕ دەردەکەوت.



گومبەتەکەی سەر "چاکی" دەروێش خدر لە کۆیە
ساڵی ١٩٧٦ گیراوە

وەک (شبح)ێک بەدەمانچە ڕەشەکەی بەقەد لاقە بزنێک دەبوو، دەهاتە پێشەوەیان و هاواری لێیان دەکرد:

- کوڕە ڕاوەستن - ئەمن ئەسکەندەر ئینزیباتم...

ئەوانیش دەوەستان و ئەسکەندەر بارەکانی دەپشکنین! جا ئەگەر شەکر و چا و شتی دیکەی

بدۆزیباوە... ئیتر نانی دەکەوتە ڕۆنەوە! لەگەڵیانا لەسەر مەبلەغێک پارە (بەرتیل) ڕێک دەکەوت و بەرەڵڵای دەکردن. ساڵێ پێ چوو، ئەسکەندەر پارەیێکی باشی پاشەکەوت کرد. ئینجا هەستا خۆی (فنیش) کرد... واتا دەرچوو لە خزمەتی پۆلیسایەتی. وەکالەتی (مەشرووبات) فرۆشتنی وەرگرت و دوکانێکی کردەوە لە پشت قوتابخانەی یەکەمی سەرەتایی، لەو کۆڵانەی کە بۆ گەڕەکی جوولەکان دەچوو. دوکانەکە... کونێک بوو، بەکونە ئەشکەوتێک دەچوو... تاریک و بچووک. پێشتر (خومخانە) بوو – موڵکی جوولەکان بوو – لەوێ جل و کراسی خامیان لە (خم) دەدا کە ڕەنگێکی شینی تۆخ، یاخود (نیلی) تۆخ دەبوون و زۆربەی ژنە کرمانج لە دێهاتەکان ئەو جۆرە کراسانەیان لەبەر بوو... هەرزان بوو. دنیا گرانی بوو. جا لەو کونە... (کە گوتمان دوکانە)، ئەسکەندەر عارەق و شەرابی دەفرۆشت و هەندێ موشتەری، هەر لەوێ دەیانخواردەوە و دەڕۆیشتنەوە.

بەهارێک ئەسکەندەر و خێزانەکەی هەمووماڵە پۆلیسە ئاسوورییەکان کە لە کۆیە مابوون، دەعوەتمانی کرد بۆ دێری (مەربێنە قەدیشە) کە لەسەر تەلانێکە بەرامبەر دێی تۆبزاوە... وتی لەوێ دوو بەرخان دەکەمە خێر. ئەوە بوو بەیانییەک هەموو ماڵەکان و منداڵەکانیان، بەڕێ کەوتن، بەپێیان... بەرەو تۆبزاوە ڕێگای ترومبێل نەبوو. بەڕێگایەکی بەینی دامێنی چیای باواجی و گردێکی تر کە ڕێگای کاروان و کەر و وڵاغ بوو، وەک عەسکەر، یەک لە دوای یەک، چونکە ڕێگاکە تەسک بوو... ئەگەر لاتبدابایە، ئەوا پڕ بوو لە دڕک و بەرد و چاڵ...

گەیشتینە دێرەکە و پێشتر ئەسکەندەر دوو بەرخی ناردبوو لەگەڵ قەسابێک... بەرخەکان سەربڕان بەنیەتی قوربان و خێر بۆ ئەو پیاوچاکە، بۆ ئەوەی ژنەکەی منداڵێکی دیکەی ببێ! لە ناو دێرەکە، شەمع و مۆم پێکرا و دایکی هورمز بەسەر دیوارێکی (نیاز) بەسەر کەوت و لەسەر دیوارەکە چەند مۆمێکی چەسپاند و داگیرساند. هەموو ژنەکان دوعایان کرد و نوێژیان کرد بەشکم خودای گەورە، بۆ خاتری ئەو پیاوچاکە، منداڵێکی تر بداتە (چیلێ: ئەمە ناوی دایکی هورمز بوو)، پاش زیارەتەکە هاتینە دەرەوە و چووینە خوارەوە بۆ ناو ڕەزەکە... ئیتر لەوێ مەنجەڵ لەسەر ئاگر دانرا و چێشت لێنان دەستی پێ کرد. ئێمەی منداڵ و هەرزەکاریش: کوڕ و کچەکان بڵاوەمان لێ کرد لە ناو ڕەزەکە و بۆ سەر ڕووبارەکە... ئیتر جۆرەها یاریمان دەکرد تا نیوەڕۆ، کاتێ خواردن ئامادە بوو، کەسوکارمان بانگیان کردین و چووینە لایان... سفرە لەسەر گیا و ژێر درەختەکان دانرا بوو... هەموومان دەورەمان لێ دا و ساوار بەگۆشت بەرخێکی خۆشمان خوارد.



وەڵڵاهی سوێندتان لەسەرم نییە، دوای کەمتر لە ساڵێک، گوتیان (چیلێ) حامیلەیە... زگی هەیە! بەخوا ئەوە بوو، کیژێکیان بوو، ناویان لێ نا (شوکریە) بۆ سوپاسکردن بۆ خوا و مەربێنە قەدیشە: هورمز و باوکی و دایکی هەموو مردوون خوا عافویان کات. بەڵام (شوکریە) ماوە و ئێستا لە ئەمریکایە، مێردی کردووە و خۆی حەکایەتی خۆی باش دەزانێ!

لەو ڕۆژەوە، ئێمەی مەسیحییەکان... بەتایبەتی ئەو چەند خێزانە ئاسوورییە باوەڕێکی پتەومان بە(کردەوە)ی چاکی ئەو (پیاوچاکە) هەیە و زوو زوو زیارەتی دەکەین چ هەر بۆ سەیران بێ یان بۆ (نیازێک) و پاڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییێکی زەحمەت یا دەرچوون و سەرکەوتن بەسەر تەنگوچەڵەمەییێک بێ.



حەوشی دێرەکە هەمووی بەکەڵەکە بەرد و شاخی گەورە شوورە کرا بوو... بەدەرگاییێکی تەسک لە ناو شوورەکە دەچووینە ناو حەوشەکە... حەوشەکەش هەمووی خۆڵ و دڕک و دار بوو. دوو درەختی زەیتوونی تیادا ڕوا بوو دیار بوو تەمەنیان زۆر زۆر بوو... تەنها سێبەری ئەو زەیتوونانە جێی دانیشتن بوون بۆ هاوینان...

دەرگای چوونە ناو دێرەکەش زۆر بچووک و نەوی بوو... وەک ئەوەی لەم وێنەیەدا دیارە کە (سەبا)ی کوڕم و (فابیان)ی کوڕی یووسفی برام وا دیارن، لەسەر چینچکان دانیشتووە، ئەمەش لە زیارەتەکەمان بۆ ئەوێ، لە هاوینی ساڵی **١٩٧٨** گیراوە، پێش ئەوەی ڕژێمی سەدام، لە کاتی شەڕی لەگەڵ ئێران، دێرەکە بتەقێنێتەوە و خاپووری کات.

بەڵام، دوای ڕاپەڕینی کوردستان، دێرەکە دەستکاری کرا و تەعمیر کرا بەیارمەتی خێرخوازانی مەسیحی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئێستا حەوشێکی ڕێکوپێک بەشوورەیەکی جوان... دیوارێکی بەرین و سپی کراو، دەورە دراوە. شوێنی حەسانەوەی هەیە و، لە دەرەوەش باخچە و سەوزاییەکی جوان لە گوڵ و درەخت لە پێشەوەی بۆ چێنراوە. ئاوی پاکی هەیە بەبەللوعە (حنفیە) لە سەرچاوەییێکی پاک بۆی دێ.

یەکێک لەو ڕووداوانەی چاکم لە بیرە و یادم ناچێ، ڕۆژی وەک دوێنێ بێ، مردنی



دەرگای دێری مەربێنە قەدیشە کۆنەکە

(مەلیک غازی) بوو، قەت لە بیرم ناچێ.

ڕۆژێکی چوارشەممە بوو (٥ی نیسانی ساڵی ١٩٣٩)، ئێمە بەخاووخێزانەوە - ماڵی ئێمە و ماڵی مامم و ماڵی گەوریبیل - لە بەیانییەکەیەوە چووبووینە سەیران، بۆ (زرێبار) - کێڵگەکەی ماڵی کاک تەمەری خاوەن حەوشەکەمان. لەوێ بەدرێژایی ئەو ڕۆژە بەهار و هەتاو و خۆشە، زۆر خۆشمان ڕابوارد... هەر خواردن و چای سەماوەر و گەڕان بەناو ئەو تەلان و جۆگە و ناو گیا و گوڵی نیسانی ڕەنگین بوو...

ئێوارە دەگەڕاینەوە لە سەیران و کە گەیشتینە نزیک ماڵەوە، ماڵی (تەمەر) کە یەکەم خانوو بوو کە دەچووینە ناو شار، کە لە (قولەتێن)ی نیزامان ڕەت بووین، باوکم لە قشلەوە دەهاتە خوار، بەو ڕێگایەی لا تەنیشتی، کە بەرەو (قولەتێنی نیزامان) شۆڕ دەبۆوە، هەر بەتەنها بوو، لە دوورەوە پەنجەی لەسەر لێوەکانی دانا و ئاماژەی ئەوەی بۆ کردین، کە وسکت بین و بەبێ دەنگی و بێ هەرا و هۆریا بچینە ماڵ و هێمنی بپارێزین! ئێمەی منداڵ - من تەمەنم ١١ ساڵان دەبوو - نەمانزانی باسی چی دەکات، ئەوەڵ جار! بەڵام کە لە نزیک دایکەکانمان بۆوە... بەهەموو ژنەکانی گوت: خەبەرمان بۆ هات مەلیکیان کوشتووە! مەلیک غازی، دەڵێن ئینگلیزەکان کوشتیان - برۆنە ماڵ و دەرگای پێوەدەن و سکووت بن. بەخۆی گەڕایەوە قشڵە... سەیری بەیداغی سەربانی قشڵەمان کرد، عەلەمەکەیان هێنابووە خوارەوەی تا نیوەی عەموودەکە! لە ناوەڕاستی عەموودەکە بەسترا بوو. ئەمە ئاماژە بوو بۆ مردنی گەورەپیاوانی حکوومەت.

دوای یەک دوو ڕۆژ، ڕۆژنامە و هەندێ وێنەی ترومبێلی مەلیک و مەراسیمی ناشتنی و لەگەڵ هەندێ وێنەی کوڕە تاقانەکەی (مەلیک فەیسەڵی دووەم) کە هێشتا زۆر منداڵ بوو... بڵاوکرانەوە و گەیشتنە کۆیە... خەڵک و ئێمەی قوتابیش سوومان بۆوە و من زۆر زیاتر تەئسیری لێ کردم و بەدیققەت سەیری وێنەکانی منداڵیی فەیسەڵم دەکرد - چۆن سواری ترومبێلێکی منداڵانە بووە و پێدەکەنێ... وێنەیەکی تری لەگەڵ (خاڵی) (وصي - عبدالله) بوو... لە (اشاعات)ی خەڵک و لە هەندێ سەرچاوەی (ڕەسمی) بەنهێنی و





مەلیک غازی

هەندێکیشی لە کەسایەتییەکانی خۆیان زیاتر بە(وەتەنی - وطني) دەژمارد، تۆمەتی کوشتنی مەلیک (غازی)یان بەئینگلیزەکانەوە دەلکاند و بەسەریاندا دەسەپاندن.

کۆیە و بوومە پۆلی پێنجی قوتابخانە کۆنەکەی خۆم کەوا هێشتا هەر لە حەوشەکەی (حەمەشێن) - قوتابخانەی دووەمی کۆیسنجاق، ماڵیشمان لەگەڵ ماڵی مامم بووین لەو حەوشەکەی نزیک تاقی حاجی عەوڵا بەگ (ماڵی سەعدی ئاغا). مامۆستای ئینگلیزیمان (مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری) بوو. من لە مووسڵ، پلکم سینەم ڕۆژانە، ئەگەر دەرفەتی هەبووایە هەندێ وشە و ڕستەی ئینگلیزی فێر دەکردم. ئەو ئینگلیزی باش دەخوێندەوە لە کتێبێکی بچووکی ئینگلیزی کە کاتی خۆی، لە بەغدا، لای قەشەیێک خوێندبووی. جا کە هاتمە کۆیە... من لە هەموو قوتابییەکان باشتر ئینگلیزییەکەم دەخوێندەوە... مامۆستا زەکی دەیگوت: «هەتیم ئەندۆ... ئەمن شکم لە وەسیقەکەت هەیە و (تلاعب)ی تێدا کراوە... ئەتو ئەو ئینگلیزییە باشە کوو دەزانی؟ لە کێ فێر بووی؟». منیش وەڵامم دایەوە و دەمگوت: «پلکم دەرسی دەدامێ. ئەو ئینگلیزی چاک دەخوێند و دەنووسی.».

مامۆستا زەکی لە هەمان کات، بەڕێوەبەری قوتابخانەشمان بوو. بەڵام، لە سەرەتای ساڵ، لەبەر نەبوونی مامۆستای باش لە ئینگلیزی، خۆی بەئێمە و پۆلی شەشەمی دەگوتەوە، تا مامۆستایەکمان بۆ هات ناوی (سەید ئەحمەد) بوو - ئەگەر هەڵە نەبم - ئینجا ئەو دەرسی ئینگلیزی وەرگرت و پێمانی دەدا.

لەو ساڵە، واتا لە ١٢ نیسانی ١٩٤١، ڕەشید عالی بووە سەرۆکی وەزیران و بزووتنەوەیەکی دژی ئینگلیزەکانی بەرپا کرد، خۆی و هەندێ لە وەزیرە ئەفسەرەکان، ناویان لێنا (حركة رشيد عالي الگيلاني). شەڕ داگیرسا لە نێوان عیراق و ئینگلتەرا و (وصي) هەڵات بۆ بەسرا و خێزانی مەلیک، چوونە هەولێر، لە باداوە، لە ماڵی مەلا ئەفەندی مانەوە. ئینگلیزەکان بەغدایان داگیر کرد و (وصي) هاتەوە. ئینقیلابچییەکان هەریەکە و بۆ لایەک هەڵاتن. عائیلەی مەلیکیش گەڕانەوە پایتەختی خۆیان... ڕەشید عالی و چوار ئەفسەر لەگەڵ بوو بە(غیابی) مەحکەمە کران و حوکمی ئیعدامیان بەسەر سەپێندرا کە هەر کاتێ بگیرێن، ئیعدام بکرێن.

لە دوا دوای ساڵی دیراسی ١٩٤١/١٩٤٠ کە هێشتا لە مووسڵ بووم پڕۆژەی (فتوة) دەرچوو... هەمـوو ڕۆژانی دووشـەمـوان، دوای نیـوەڕۆ، بەجلی (کـشـافـە)وە دەچووینە ساحەیەکی گەورە نزیک زێی دیجلە، لە نزیک (المستشفى العسكري) ئەمڕۆ، یان بڵێین نزیک بینایەی (محاکم) کە ئەوسا چۆلستـان بوو، هیچ خانوو و جادەی لێ نەکرا بوو... لەوێ تەدریبی (عـەسکەری)یان پێ دەکـردین. هەر ٢٠ قـوتابییـەک، سەربازێک (واتا جندی)یەک لەسەرمان بوو مەشقی پێ دەکردین.

جـا کـە هاتمە کـۆیەش، لێـرەش (لە کـۆیە) دیار بوو قـانوونەکـە (تطبـیق) دەکـرا. قـوتابییـەکـانیـان دابەش کـرانە سەر چەند (سریە)یەک هەر (سریە) لە چوار (حضیرە) پێکهاتبوو... هەر (حضیرە)ش ١٠ قوتابی بوون. واتا (سریە) ٤٠ قوتابی بوو. بەجلی (کشافە) لێرەش، لە حەوشی قـوتابخانە و لەو ساحەی نزیک (قولەتێن) نیزامـان... بەرامبەر بینایەی (إنحسار)ی ئێستا، لەوبەری جادەی حەمامۆک، کە ئێستا گەڕەکێکی گـەورەیە... لەو سـاحـەیەی کـە لەوێ بوو مـەشـقـیـان پێ دەکـردین. ئەم ڕژێـمـە: (نظام الفتوة)یان پێ دەگوت:



مامۆستایەکی قوتابخانە
بەجلوبەرگی "فتوة" لە سەرەتای
چلەکاندا

مامۆستاکانیش ئەبووایە جلکی (خاکی) لەبەر بکەن... پانتـۆڵی درێژ و چاکـەتی بەچوار یا پێنج قـۆپچە و لەسـەر شـانیـشـیـان (کـتـافـیـە) هەبوو، هەندێکیـان خـەتێکی بەقـومـاشی سپی بریقـەدار وەک ئاوریشـمی سـپـیـیـان دەبەست، هەندێک دوو خـەت و هەبوو سێ خـەت و چوار خـەت. لە قـوتابیـانیش (آمر حضـیرة) دوو خـەتی سپی درێژی خواری لەسـەر قـۆڵی ڕاستی چاکـەتەکـەی دەبەستن، (نائب آمر حـضـیـرة)ش یەک خـەتی سپی دەبەست. بەم بۆنەشەوە لە بیرمە کە من بە(آمر حضیرة)یەک هەڵبژێردرام دوو خەتم لە چاکەتەکەم بەستبوو، ئەوەندەم پێ جوان بوون و خـۆم بەشـتـێـک دەزانی و (سـەرم گـەورە) بووبوو. لە پێش باوکم و دایکم و خزمان خۆم وەک (پیاو) نیشان دەدا و ئەوان بەپێکەنینەوە (تعلیق)یان لێ ئەدا و... بەڵام مەدحیشیان دەکردم. (آمر سریة) چوار خەتی دەبەست. وەکو خەویش، لە پێش چاومە، تارمایی یەکێک لە قوتابییەکانم دێتەوە پێش چاو کە بەمەزندەم، ئەوی ئامیر سریەکەمان بوو، ناوی (حەمەدەمین قادر ڕواندزی) بوو... ئەگەر بەهەڵە نەچوو بم و





مامۆستا شەفیق سابیر

خەونەکەم ڕاست بێ. جا حەسوودیم پێی دەبرد کە چوار خەتی سپی لەسـەر شانی خـۆی بەسـتبـوو. ئەوەشم هەر لە بیرە و ئەمەیان ڕاستە، وەک دوێنێ بێ، بەڕێز مەحمـوود ئاغای کاکە زیاد ئاغـا، نائیبی (من) بوو، یەک خـەتی سپی بەسـتبـوو. حەکـایەتی هەڵبـژاردنی منیش بۆ (منصب)ی ئامـیـر حـەزیرە (آمـر حضـیـرة) لە پێشنیـازی مـامـۆستا شـەفـیـق سابیر بوو، چونکە من لە سروود وتندا دەنگم خۆش بوو و زووترین کـەس ئاوازەکانم لەبەر دەکرد و هەروەهاش کوڕێکی فەقیرۆکەی بێ دەخل و بێ دەسـەڵاتیش بووم و وەک دەڵێـن (مـەند و عـاقل) بووم. کاک شەفیق زۆری خۆش دەویستم هەروەها بەڕێوەبەری قوتابخانەکەشمان!

ئینجا ڕۆژێک مامۆستا زەکی (بەڕێوەبەر) کۆی کردینەوە و وتی: کوڕانی من، ئەوا شەڕ لە نێوان حکوومەتەکەمان (عیراق) و ئینگلیزی (بەتفەڕ) – واتا بەدڕەفتار – بەرپا بووە. دەبێ ئێمە بچووک و گەورە دیفاع لە عیراقمان بکەین.»

ئینجـا، دوای ئەوەی وتی کـە لەوانەیە فـڕۆکـەکـانی ئینگلیـز بێن شار بۆمبـەردوومـان بکەن... دەبێ نەترسین، تەنهـا ئەوەندەیە تا پێـمـان بکرێ خـۆمـان بشـارینەوە... لە ژێر درەختەکان، لە باغەکان، یا لە ژێر شوێنی... یا خانووی دوو نهۆم... یا هەر شوێنێک بزانین کەوا بۆمبا تەئسیری لێ ناکات و فڕۆکەکان نەمانبینن. (ڕۆژێکیان بەڕاستی فڕۆکەیەک هات، پۆلیسـەکانی قشلە، بەتفەنگەوە لە دەورەی «علم»ەکەوە وەستان. بەڵام چ نەقەوما، ئەلحەمدولیللا». هەروەها داوای کرد لەو کەسەی (تطوع) دەکا و ناوی خۆی بنووسێ، ئینجا دەنێردرێتە هەولێر یا کەرکووک بۆ مەشقی عەسکەری و دوایی دەکـرێ بەسـەربازی خـۆبەخـتـکەر (جندی مـتطوع) لەوانەشـە بنێـردرێ بۆ شـەڕ. جـا زۆر باش لە بیـرمـە، لە قوتابخانەی ئێمە، قوتابییەک هەر لە پۆلی ئێمە بوو، ناوی (جەوهەر خدر هیرانی) بوو... بەڵام بەتەمەن گەورە بوو... وەک (ڕەجـەب عـەبدوڵڵا) کـە ئەویش ئەو سـاڵە لە پۆلی پێنج مـابۆوە (واتا سـاقط) بوو... جـا ئەو جـەوهەرە و ڕەجـەب و کوڕێکی تر ناوی (شێخ محێدین) بوو، ئەگەر ناوەکەم بەهەڵە نەنووسـیـبـێ – ئەوان لە ڕەحلەکـانی دوایی، لە پشـتـەوە



جەوهەر خدر هیرانی

«دواوه» دادەنیشتن. قوتابی (جەوهەر خدر) هاتە پێش و ناوی خۆی نووسی و (تطوع)ی کرد. پاش چەند ڕۆژێ، دوای ئەوەی، چەند قوتابییەکی دیکەش وابزانم، لە لای ئێمە و لە قوتابخانەی (اولی) خۆیان بەخت کردبوو بۆ پاراستنی (وطن!)، قوتابیانی هەردوو قوتابخانەکان و زۆر لە خەڵکی شار، ڕۆژێک پێمان ڕاگەیاندرا کە بچین بۆ بەڕێکردنیان.

ئەوە بوو هەموو خەڵکەکە لەمبەر و ئەوبەری جادەی بەردەرکی سەرا واتا نزیک (سەرشووران)، کە ئەمە بوو تاکە جادەی سەرەکی ناو شار و خۆڵیش بوو، قیرتاو نەکرا بوو. لەوێ ڕاوەستاین... قوتابییەکان هەموو بەجلی (کەشافە) و لەدواوەمان پیاو و ژن وەستابوون... دوای کەمێک قایمقام و مەلای گەورە و پیاو ماقووڵ و موەزەف لە سەرا دەرچوون ئەو قوتابیانەش کە بووبوونە (متطوع) بۆ دیفاعکردن لە عیراق، لەگەڵیان بوون. لەوسەری ئەو حەشاماتە وەستان و مەلای گەورە و قایمقام هەریەکە و لە وتاریاندا، ئەو (متطوع)انەیان بە(قارەمان) لە قەڵەم دا و ستایشیان دەکردن و کە ئەگەر لە شەڕیشدا کوژران، ئەوە (شەهید) دەبن لە ئاسمانا، لە لای خودا. ئیتر سواری سەیارەکان بوون و بە(هەلهەلە)ی ژنان و بژی بژی، بەڕێ کران!

مامۆستاکانمان، کاتێ لە مووسڵ گەڕامەوە و لە قوتابخانەکەی خۆم (مدرسة كويسنجق الثانية) و لە حەوشیماڵی حەمەشین، ساڵی دیراسی ١٩٤٠/١٩٤١ دەوامم کرد، ئەوانەن کە ناویانم لە بیر ماوە:

١- مامۆستا زەکی ئەحمەد هەناری - بەڕێوەبەر.
٢- مامۆستا دنحا یەڵدا - عەرەبی.
٣- مامۆستا شەفیق سابیر - وەرزش و سروود.
٤- مامۆستا مستەفا بامەڕنی - خەڵکی دەڤەری بادینان بوو - دەرسی حیساب و هەندەسەی پێ دەگوتین.
٥- مامۆستا سەید ئەحمەد وەلی - ئینگلیزی.
٦- مامۆستا شوعە مەخلووف...
٧- مامۆستا تۆفیق ناوێک، کەمێک دەشەلی.
٨- مامۆستا هاشم سدیق - ماوەیەک بەڕێوەبەر بوو.
٩- مامۆستا بەکر ئاغا (وابزانم بەکر سدیق) بوو.
١٠-



فەڕاشمان، فەرەجوڵڵا بوو.

قوتابییەکان، هەندێکیان کە ناویانم لە بیرە، لە پۆلی پێنجەم، ئەوانە بوون:

١- یوخەننا گۆرێل - لە تەنیشتم دادەنیشت، لە پێشەوەی ڕیزی یەکەمی بەرامبەر دەرگا - چاوی کەمێک (کز) بوون.
٢- جەوهەر خدر هیرانی.
٣- جەمال سەیید ئەحمەد بەرزنجی.
٤- ڕەجەب عەبدوڵڵا.
٥- مەجید مەعرووف.
٦- عومەر حەمەدەمین (یان حەمەشین).
٧- مەحموود زیاد ئاغا.
٨- ...... شێخ محی الدين.
٩- کەریم مستەفا ئاغا (شارەزا).
١٠- عەبدە حاجی کەریم.
١١- سەمەد محی الدين.
١٢-

لە بیرەوەرییەکانم ئەو ساڵە: مامۆستا (مستەفا) کە بادینی بوو، دەرسی (حیساب و هەندەسە)ی پێ دەگوتین - واجیبی دەداینێ... چەند پرسیارێک کە بۆ سبەینێ (حل)یان بکەین. جا بۆ سبەینێ هەرچی حەلی نەکردبان، چوار داری توندی لە دەستی دەداین. من و یوخەننا گوریلی خزم و هاوڕێم، کە لە پێشەوە دادەنیشتین هەموو ڕۆژێ، کە دەرسی حیسابمان هەبووایە، یەک و چوار دارمان دەخوارد! چونکە هەردووکمان (زفت) بووین. قەت ڕۆژێ یەک پرسیارمان لە ماڵەوە حەل نەکرد و هیچمان لە دەرسەکە نەدەزانی و تێ نەدەگەییشتین. مامۆستاکەش، بەڕەحمەت بێ، ڕۆژێ لە خۆی نەپرسی، یا لە ئێمەی نەپرسی، بەزمانێکی خۆش و بڵێ: ئەرێ وەرن، کوڕم، ئێوە بۆچی نازانن؟ بۆچی پرسیارەکان وەڵام نادەنەوە؟ دەبووایە تێمان بگەیەنێت، ڕێگامان نیشان بدات، چۆن ئەو پرسیارانەی لە کتێبەکەدا بوون حەلیان بکەین. ئەوەندە بوو، چوار دارەکەی لێ دەداین بەهەموو هێزی خۆیەوە - کابرایەکی چاو خێل و کورتیلە و ڕەش ئەسمەر بوو، سەرێکی خڕیلەی گچکەی هەبوو - ئینجا دەچووە سەر سەبوورەکە و پرسیارەکانی یەکسەر دەنووسی

و وەڵامەکانی دەنووسییەوە و دەیگوت: یاڵڵا (نقل)یان کەن بۆ ناو دەفتەرتان.

لە یادە زۆر خۆشەکانم:

لە مانگی نیسان، ئەگەر ڕۆژەکەی خۆش بووایە، بەیانی زوو لە بەردەرگای قوتابخانە، لە حەوشەکە ڕادەوەستاین و هەر مامۆستایەک بهاتبایە ژوورەوەی حەوشەکە، چەپڵەمان بۆی لێ ئەدا و هاوارمان دەکرد: سەیرانە... سەیرانە... سەیرانە...

تا مامۆستا زەکی... مودیر دەهات، چەپڵەی توندمان بۆی لێ ئەدا و هاواری توندترمان دەکرد: سەیرانە... سەیرانە... ئەویش زوو نەرم دەبوو... خۆشی حەزی لە سەیران و خۆشی بوو... جا دەیفەرموو: باشە، ئەوا کردمانە سەیران (چەپڵە و هەرا...)... بڕۆنەوە ماڵەوە، خواردن و چا و نان بۆ خۆتان بهێنن و زوو وەرنەوە. کە هەموومان دەگەڕاینەوە مەکتەب و خواردنمان لەگەڵ خۆمان دەهێنا، ئینجا لە حەوشی مەکتەب ڕیز دەبووین و دوو دوو دەچووینە دەرەوە و بەسروود گوتنەوە، بەناو کۆڵانەکاندا دەڕۆیشتین. دایکان و باوکان دەهاتنە بەردەرگای ماڵ و بەدرێژایی کۆڵانەکان... بەدەم بەپێکەنینەوە... هەریەک بەپەنجە ئاماژەی بۆ کوڕی خۆی دەکرد... و ئێمەش سەیرمان دەکردن و پێدەکەنین... سەیرانەکانیش لە هەرمۆتە، یان حەمامۆک، یا شاخی مشکە یا ئۆمەر خوچان دەکران و بەدەم بەگۆرانی گوتن و سروود دەڕۆیشتین تا جێی سەیرانەکە. لەوێ هەندێ ئامۆژگاری دەکراین ئینجا هەرکەسە و خۆی و برادەرانی، لە ژێر درەختێ، ئاگر دەکرایەوە و چای لێ دەنرا و هێلکەی برژاو و شتی تر دەخورا.


سەیید ئەنوەر سەیید ئەحمەد لە گەنجایەتیدا

زۆر بەیانیان، لە ڕیزی سبەینان، مامۆستا شەفیق و مامۆستا (دنحا) منیان دەردەهێنا و لە ناوەندی حەوشەکە، لە ناوەڕاستی قوتابییەکان ڕادەوەستام و سروود (نشید)ی عەرەبیم دەگوت. مامۆستایان هەموویان دەنگمیان لە لا خۆش بوو. هەروەها قوتابی (سەید ئەنوەر سەید ئەحمەد بەرزنجی) کە ئەو پۆلێک لە پێش مندا بوو، ئەویش دەنگی زۆر خۆشی هەبوو. ئەویشیان دەردەهێنا و لە ناو ڕیزی بەیانیان سروودێکی زۆر خۆش هەبوو، جوانی دەگوت، نیوە دێڕی یەکەمم لە بیر ماوە دەڵێ:



هيا نهوضاً للعلى  الى الهدى خيرُ الملا
كي تُرجعوا مجد الأُلى.........

سروودەکە ئاوازێکی هێمن و ئیقاعێکی قورس و لەسەرخۆی هەبوو.

«تێبینی: بەڵام کاک (سەید ئەنوەر) لەو کاتەی ئەم بیرەوەرییانەم دەنووسەوە (نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٢) داین، بەڕێزی زۆر نەخۆشە و لە ناو جێ لە ماڵەوەیە... یەک دوو مانگ من و هاوڕێم (حەمەعەلی شێخ نوری - کۆیی) چووینە ماڵیان و سەردانێکمان کرد و موسەجیلەکەم برد لەگەڵ خۆما و لەسەر جێگاکەی دانیشتم، لە تەنیشتی، هەندێ گفتوگۆم لەگەڵیا تۆمار کرد و، مەقامێکی بۆ گوتم و تۆمارم کرد، لە یەکێک لە بەرنامەکانی خۆم، کە لە ڕادیۆی دەنگی هەرێمی کوردستان، هەفتانە پێشکەشی دەکەم، بەشێک لەو گفتوگۆیە و مەقامەکە و هەندێ ستایشی دینی دیکەی کە لە (مەولوودان) گوتوویەتی، لە بەرنامەکەم پێشکەشم کرد.»

ئەو ساڵە... ساڵی ١٩٤٠/١٩٤١ هێشتا هەر لە تەمەنی «منالی» بووم و (شەیتانم پێ پێنەکەنی بوو)... ژنانی جیرانمان و ئەوانەی دەچووینە ماڵیان بەمیوانی لەگەڵ دایکم، زۆریان خۆش دەویستم. ڕۆژانی جەژنی دیانان (مەسیحییەکان) لەگەڵ باوکم و منالەکانی دیکەی خزمانمان وەک (یوخەننا و هورمز) ئەوانیش باوکیان دەهات، دەچووینە جەژنە پیرۆزانەی مەسیحییەکانی ناو شاری کۆیە، لە گەڕەکی دیانان - ماڵ بەماڵ دەچووین... جا ژنەکان کولیچە و ئەگەر جەژنی (هەڵسانەوەی مەسیح) بووایە هێلکەی سەوز و سوور و ڕەنگاوڕەنگیان دەدایتێ... پاش سەردانی چەند ماڵێک، کیسەیەکی پڕ کولیچە و هێلکەمان کۆ دەکردەوە و هەر دەمانخوارد لە ڕێگا... لە کۆڵانان، لە ماڵ بۆ ماڵ... ڕۆژی پاشتر دەچووینە هەرمۆتە! باوکم و گەوریل و تۆماس... بەنیەتی خواردنەوەی (عارەق) دەچوون. جا لە هەر ماڵێک، ئیستیکانێکیان بۆ تێ دەکردن و دەیانخواردەوە وای لێدەهات، پێش گەڕانەوەمان بۆ ماڵەوە، بۆ کۆیە، بەعزێکیان سەرخۆش دەبوون: بەتایبەتی ئەگەر دنیا خۆش بووایە و باران و قوڕ نەبووایە، هەموو گەنج و عارەقخۆری هەرمۆتە و میوانە کۆییەکان، کە دەهاتنە ماڵەکانی هەرمۆتە بەنیازی جەژنە پیرۆزە، ڕوویان لە باغەکانی زەیتوون و هەنار و هەنجیرەکان دەکرد و لە ژێر درەختەکان، کۆمەڵ کۆمەڵ دادەنیشتن و دەستیان دەکرد بەخواردنەوەی عارەقی (قاچاغ)ی هەرمۆتە... ئینجا سەریان گەرم دەبوو دەستیان دەکرد بەگۆرانی گوتن. لە کۆڕێکدا، لە بیرمە خواجە سێوە... واتا شەماشە سێوەی گۆرانیبێژ، لەگەڵ مەربێن و باوکی (خواجە ئەبرەهە)، دادەنیشتن و

خەڵکی زۆریش لە دەورەمان، وەک بازن (دائیرە) خڕ (کۆ) دەبوونەوە، ئینجا (کاکە سێوە) کە مەست دەبوو، دەنگی هەڵدەبڕی و مەقامی زۆر خۆشی دەگوت. من شەیدای دەنگی سێوە بووم. زۆر جار لە جەژنان، باوکم بەیانی زوو هەڵی دەستاندین و لەگەڵ خۆیدا دەیبردینە کەنیسە و گوێمان لە (قودداس)ی جەژن دەبوو. شەماشە سێوە، بەدەنگە نێرینە و نەبراتە جوانەکانی لەو قوڕگەی کە دەتگوت بۆ ئەم تەراتیلانە خەلق کراوە، کە بەئاوازە ئاسمانییەکان (سواغ) دراوە... ئیتر لەو کەنیسەیە، من لە لام، وامئەزانی کەسی تێدا نییە جگە لە سێوە. کە بۆ جەژنی قیامە، تەرتیلەی (قوم و شەپیر)ی دەچڕی، چاو نەدەما، ژن و پیاو فرمێسک نەڕێژن... دەیەها سروودی ئایینی و تەواشیحم گوێ لێ دەبوو لەم خاڵە سێوەیە و لە منالییەوە عاشقی دەنگی بوو بووم.


سێوە

لەو سەیرانانە گۆرانی لە دوی گۆرانی دەگوت. من و باوکم دەچووینە ناو ئەو خەڵکە و دادەنیشتین و باوکم لەگەڵیانا دەکەوتە خواردنەوە و مەست دەبوو... ئەویش جاروبار دەنگی هەڵدەبڕی، لاوکێکی کاوێس ئاغای دەگوت...

ئێوارە درەنگ دەگەڕاینەوە کۆیە، باوکم و گەوریل و... ئەوانیتر، سەرخۆشی تەواو بوون بەلا دادەچوون. لە هەندێ جەژن، ماڵی قەشە (ئەنطۆن)، باوکی کاک (حەننا ئەنطون)ی مامۆستا و ڕۆشنبیر، کە ئێستا خانەنشینە و لە عەنکاوە نیشتەجێیە، دەعوەتیان دەکردین و شەو لە دیوەخانە درێژەکەی تەنیشت کەنیسە، بەشەو لەگەڵ ژن و پیاوەکان، هەموو وەک یەک خێزان، خەریکی قسە و باس و خواس و گوێ ڕاگرتن لە مام قەشە و برێشکە خواردن... شەومان ڕادەبوارد.

هەندێ جاریش، هەر خۆمان، خێزانە ئاسوورییەکان ئەگەر (تەعمید)کردنی یەکێک لە منالە تازە (بووەکان)یان هەبووایە، هەموو خێزانەکان دەچووینە هەرمۆتە و دوای مەراسیمی تەعمید و سەیران کردن لە باخچەکان، بەشەو دەگەڕاینەوە دیوەخانی مام قەشە (انطوان) و لەوێ دەنووستین. ئەو جۆرە ڕابواردنانەم زۆر پێ خۆش بوون، چونکە (قەرەباڵغی) باوک و دایکەکانمان و دانیشتنیان بەیەکەوە، ئێمەی منالەکانیش دەرفەتمان بۆ دەڕەخسا کە پێکەوە بین... ئینجا بەڕۆژ لە ناو باخچەکان و لەسەر کارێزەکەی هەرمۆتە و ڕووبارە قەشەنگەکەی پیاسەمان دەکرد... ئێوارەش گوێمان لە پیاوەکان ڕادەگرت و



ئەگەرچی قسەکانیشیان تێ نەدەگەیشتین، بەڵام قەرەباڵغییەکە خۆش بوو... عارەق خواردنەوەش لەو جۆرە بۆنانە سروشتی بوو... گۆرانی گوتنیش هەر دەبوو.

لە ماڵە دیانەکانی کۆیە، ماڵی خواجە ئەبرەهە (خواجە ئیبراهیم) باوکی برادەرانم، خوالێخۆشبووان (مەربین و ئیسحاق)، کە ئەو کات قوتابی بوون، بەتایبەتی (مەربین) لەوانەیە هەر لە تەمەنی خۆم دەبوو، کە چوومە قوتابخانەی خوارێ، لە پۆلی (شەش) بووە هاوڕێم. هەروەها ماڵی (ئێلیا سوور)ە و خێزانەکەی زۆر زۆر من و فیلیپی برامی خۆش دەویستن. هەندێ جار، نەک لە جەژنە، هەر بەمیوانی دەچووینە ماڵیان، کە دوا خانوو بوو لە گەڕەکی دیانان... پشتەوەی چۆلایی بوو، لەوێ کەیفم بەمام ئێلیا دەهات کە دەمبینی وا لە ڕۆخ چاڵێک دانیشتووە و هەردوو قاچەکانی شۆڕ کردووەتە ناو چاڵەکە و لە سەرەوەی چاڵەکە ئامێری سادەی دروستکردنی (جاجیم)ی دامەزراند بوو و دەمدیت چۆن جاجیم دروست دەکات لەو ڕستە داوە ڕەنگاوڕەنگەی کە هەر دیانەکان خۆیان، لە باخچەکان، دەیانڕستن لە خوری. هەروەها لە ماڵە دیانەکان، ماڵی سلێمانە (سێمانە) و ماڵی مام فەتووحی، کە ئەویش کوڕەکەی (ئەندریا) برادەرم بوو و لە قوتابخانە تا پۆلی پێنجەم هەر پێکەوە بووین. دایکی مام فەتووحیش ناوی (تۆتە شنە) بوو. تۆتە: مانای (داپیرە)یە، بەسریانی. (مامانی) هەموومان بوو، ئێمەی منالە ئاسوورییەکان تا کۆچی دوایی کرد. لە دوای ئەو پوورە (وارێ)ی خەڵکی هەرمۆتە، کە بێوەژن بوو، مێردی ئەمری خوای کردبوو، ناوی یەڵدا بوو. کوڕێکی هەبوو ناوی (ئیسرائیل) بوو. جا ئەم (وارێ)یەش تا هاتینە هەولێریش، لە ساڵی ١٩٦٠ بەولاوە دەهاتە لامان و چەند شەوێک لە ماڵمان دەمایەوە و لەگەڵ دایکم، کە زۆری خۆش دەویست، بەدرێژایی کاتی بێ ئیشی دایکم، لەگەڵیا دادەنیشت و باس و خواسی کۆیەیان دەکرد.

تەنانەت هەر ئەو پلکە (وارێ)یە بوو، کە لە دوای چوونی جەیشی عیراقی و داگیرکردنی کۆیە و هەڵاتنی کۆییەکان لە ساڵی ١٩٦٣ و ١٩٦٤، هاتە ماڵمان و خەبەری کۆچی دوایی (خاڵە سێوە)ی نەمری بۆ هێنام!

هەر لەو ساڵانەدا لە دوای شەڕی ڕەشید عالی گەیلانی، لە لایەن ئینگلیزەکانەوە مەکتەبەیەک کراوە بەناوی (دائرة العلاقات العامة) لە ژوورێکی یانەی فەرمانبەران. ئەو کاتەش (ئەسکەندەر زەیا) پۆلیسی ئاسووری خانەنشین، باوکی هورمزی برادەرم (متعهدی) یانەکە بوو. لەگەڵ هورمز یا بەتەنیا دەچووم بۆ ئەو مەکتەبەیە گوێم دەگرت لە ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤاری ڕۆژنامەی عەرەبییان بۆ دەهات و لەسەر مێزێکیان دادەنان و

هەموو کەس بۆی هەبوو بچێت بە(بەلاش) دانیشێ و جەریدە و گۆڤار بخوێنێتەوە، لە ڕادیۆش گوێمان دەگرت لە گۆرانییە کوردییەکان کە (محطە)ی بەغدا بۆ ماوەی چارێگە سەعاتێک پەخشی دەکرد لە ڕادیۆی بەشی کوردی، کە تازە دامەزرا بوو. ژوورەکەی عیلاقات، دەرگای ئەودیوی بەرامبەر مزگەوتی گەورە بوو و ئەو کاتە کاک (کەمال سادق) برای مامۆستا (تایەر سادق) موەزەفی ئەوێ بوو. مانگی جارێک گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) دەهات و دەمانکڕی. هەروەها گۆڤاری (الطالب - المختار من ریدرز دایجست، فتاە الرافدین...) و ڕۆژنامەی (الوطن) و (الشعب) و ئەوانیترمان دەکڕین.

لە پێش هاوردنی (ئاشی ئاگر) بۆ کۆیە لە لایەن کاک مەجیدی حاجی کاکەمین، خەڵک باراشیان لە ئاشەکانی ئاو لێ دەکرد. هەر لە حەمامۆکەوە تا ڕەزەکانی ئاشان و تەمتەمان، نزیکی (١٠ دە) ئاشی ئاو زستان و هاوین، بەئاوی حەمامۆکەوە و ئاوی ئەو ڕووبارەی کە لە چیای باواجیدا دەهاتە خوار، دەگەڕان و بەشەو و بەڕۆژ!! کە باراشمان دەبوو، بەیانی، مەلا بانگدان، دایکم سەماوەری چای و خواردن و نانی حازر دەکرد و حەماڵێکمان تێ دەگەیاند، ڕۆژێک پێشتر، جا دەهات و باراشەکەی لە گوێدرێژەکەی بار دەکرد و ئێمەش بەدوای دەکەوتین، هەر بەپێیان، تا دەگەییشتینە ئاشەکە. بەزۆری لە ئاشی (ساغە) کە دۆستی باوکم بوو، باراشمان دەبردە ئەوێ. شوێنێکی بەرز بوو، دیارتر لەسەر هەموو ناوچە و ڕێگای کاروانچی و کوورەچییەکانیش، بەبەردەم ئاشەکەوە ڕەت دەبوون. لە لای ڕاستیشەوە، بەرامبەر کێڵگەی (زرێبار) بوو... دیمەنێکی زۆر جوان و سیحراوی بوو. تەقە تەقی ئاشەکەم ئەوەندە لە لا خۆش بوو بەهەموو مۆسیقای دنیام نەدەگۆڕییەوە، هەروەها دەنگی ئەو ئاوەی لە ژێر ئاشەکەوە، وەک تاڤگە، دوای سووڕاندنی بەردە ئاشەکە، دەهاتە خوارەوە و خووڕەی دەنگێکی بەرز و مۆسیقایی لێوە دەهات. نانی بەیانی و نیوەڕۆمان لەوێ دەخوارد تا عەسرێ ئینجا باراشەکە دەهاڕدرا و دەبووە ئارد و دیسان شۆڕ دەبووینەوە بەڕێگا دلڕفێنەکەی ئاشان و بەرەو حەوزی بەللوعە و ئینجا کۆڵانەکان... تا دەگەییشتنەوە ماڵەوە و وەک ئەوەی لە سەیرانێکی خۆشی دەهاتینەوە. کۆڵانەکانی شار، بەشەوان، بەفانۆسی (لالە) پێ دەکران. لەسەر هەر کۆڵانێک لەو شوێنانەی دوو ڕێ تێکەڵ بووبوون و لە ژێر تاقەکان، لێرە و لەوێ فانۆس هەڵدەواسران. لە بەلەدیەوە، کرێکارێکی تایبەت تەعین دەکرا بۆ ئاگاداری کردنی ئەم فانۆسانە. لە پێش ڕۆژ ئاوابوون، تەنەکە نەوتێک و قادرمەیەکی بچووک و ڕاحاتی و پارچە پەڕۆیەکی هەڵدەگرت و کۆڵان بەکۆڵان، فانۆس بەفانۆس بەسەری دەکردنەوە. فانۆسەکەی دەهێنا خوار، شووشەکەی بەپەڕۆیەکە پاک



دەکردەوە و نەوتی تێ دەکرد و لە شوێنی خۆی هەڵیدەواسییەوە و پێی دەکرد. کە شەو دادەهات ئەو فانۆسانە سوودیان زۆر هەبوو بۆ ڕووناککردنەوەی کۆڵان و گەڕەکەکان و بۆ هاتوچۆکەرانی شەوان، ئەوانی لە چایخانەکان یا لە میوانداری و لە ماڵە خزمان دەهاتنەوە. هەروەها بۆ پۆلیسەکانی کە شەوانە، لە هەر گەڕەکێک دوو پۆلیس دەگەڕان بۆ پاراستنی ژیان و موڵکی خەڵک و نەبادا دز و جەردە هەوڵدەن خراپە بکەن و ماڵان ببڕن و شت بدزن... پێیان دەگوتن (دەورییە). جا ڕووناکی کۆڵانەکان گرنگی هەبوو بۆ مەسەلەی ڕەحەتی هاووڵاتیان. من کە بەنیوەشەو جاروبار بەخەبەر دەهاتم و گوێم لە دەنگی پێی ئەو پۆلیسانە دەبوو و لەگەڵ یەک قسە و باسیان دەکرد تا لە ماڵمان ڕەت دەبوون، هەستم بەجۆرە هێمن و خامۆشی شار و سەلامەتی خەڵک دەکرد... زۆر جاران باوکم کە نۆرەی دەهات و دەبووە (دەورییە) و لەو گەڕەکەی کە ئێمەی لێ بووین خەفەر بووایە، بەو نیوەشەوە، بەهێواشی، خۆی و هاوڕێیەکەشی دەهێنا ماڵەوە و لە ژوورەکەی تر، چایان لێ دەنا و جگەرەیان دەکێشا و ئیسراحەتێکی کورتیان دەکرد و ئینجا دەچوونەوە سەر کاری خۆیان و لە کۆڵانان دەسووڕانەوە!

گەلێک شەوان، منداڵانی نزیک فانۆسەکان، لە ژێریانا کۆ دەبوونەوە و دادەنیشتن و گۆرانییان دەگوت یان یەکێکیان چیرۆکێکی بۆ دەگێڕانەوە تا کاتی نووستن، بڵاوەیان لێ دەکرد. جاری وا هەبوو ژووری نووستنمان، پەنجەرەیەکی لەسەر کۆڵان دەبوو و بەتەسادوفیش فانۆسێک لەوبەر دیوارەکەی بەرامبەر ژوورەکەمان، فانۆسێکی لێ هەڵواسرا بوو. کە دەنووستین و فانۆسی خۆمان دەکوژاندەوە، تیشکی ڕووناکی ئەو فانۆسەی (بەلەدیە) لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەکەمان و مەیلەو ڕووناکی دەکردەوە... هەتا بڵێم ئەو ڕووناکییە وای لێ دەکردم بەخۆشی و بێ ترس، بنووم و خەوێکی خۆش بخەوم تاکو بەیانی. ئینجا بەیانیان، هەر هەمان ئەو برادەرە، کرێکارە، بەسەر فانۆسەکاندا دەسووڕاوە و یەکە یەکە دەیکوژاندنەوە! هەندێ جار، لە شەوانی زستان و ڕەشەبا، زۆربەی فانۆسەکانی کە بای بەهێز دەیگرتنەوە، لە خۆیانەوە دەکوژانەوە!

بەزم و ئاهەنگی بووک گواستنەوەش زۆر هەرایەکی خۆشی پەیدا دەکرد. کابرایەک بەکرێ دەگیرا، ئاوێنەیەکی گەورەی لەسەر شکلی لاکێش (مستطیل) لەسەر پشتی دادەنرا و ئەو بەهەردوو دەستان کە بۆ لای پشتەوەی درێژ دەکردنەوە، ئاوێنەکەی دەگرت و هێدی هێدی بەناو کۆڵانەکاندا دەڕۆیشت و دوو کەسیش لەولا و ئەملای بووک، قۆڵیان دەگرت و لە دوای کابرای ئاوێنە هەڵگرەکە هەنگاویان دەنا و ئینجا لە دواوەیان ئافرەت و

ژن و منداڵ بەهەلهەلە و هەڵڵا هەڵڵا و چەپڵە دەڕۆیشتن و گۆرانی تایبەت هەبوو دەیانگوت، وەک:

هاتینەوە و هاتینەوە بووکمان هینا و هاتینەوە

جا کە دەگەیشتنە بەردەرگای ماڵی زاوا، لە سەربانی دەرگا، زاوا و برادەر و خزمان و گۆرانیبێژانی دەنگ خۆش ڕادەوەستان. کە بووک نزیک دەبۆوە، قاپێکی پڕ لە نوقڵ و چوکلێت و هەندێ پارەی خوردە: ١٠ فلس و عانە و ٢٠ فلسی و کەم وا دەبوو درهەمیان تێدا بێ، فڕێیان دەدایە دوور، پشت بووکەکە تاکو منداڵ خەریکی کۆکردنەوەی شەکرۆکە و پارەکە بن و لەگەڵ بووک، قەرەپەستە نەکەن و بەدەرگادا نەچنە حەوشەوە! گۆرانیبێژەکانیش دەستیان دەکرد بەگوتنی بەستەی خۆشی وەک: لەبەر نازی چاوبازان و شلە و خانان... تاد. یەک دووجار تەسادوفی کردووە، خاڵە سێوەم بینیوە لەگەڵ گۆرانیبێژەکان و ئەو گۆرانییانەی دەگوت.

لە ساڵی ١٩٤٠/١٩٤١ ماڵمان، وەک پێشتریش باسم کرد لە لاپەڕەکانی تردا، لەو حەوشە بووین کە (تاقی حاجی عەولا بەگ) دیوارێکی بوو و ژووری ئێمەی لەسەر ئەو تاقە بوو. ماڵی مامم لەگەڵمان بوون لە هەمان حەوش. جا بەهاوین لە سەربان دەنووستین. لە دوورەوە، سەربانی ماڵی حاجی ئەسعەدی برای حاجی کاکەمین (باوکی عومەر و بەکری حاجی ئەمین) کە بەدەستی کابرایەک ناوی عەدەی دورسنی بوو، بەخەنجەر کوشتی لە حەوشە گەورەکەی (ئیدارەی تووتن)ی کۆن، کە لە گۆڕەپانەکەی خوار قشلە و نزیک (یان بەرامبەری) ماڵی حاجی کاکەمین بوو.

جا بەشەو لە سەربانی ماڵی حاجی ئەسعەد، ڕادیۆیان دادەنا و میوانەکانی دیوەخانەکەی، لە ژێر ڕووناکی یەک دوو فانۆسی نەوعی (لۆکس) دادەنیشتن و گوێیان لە ڕادیۆکە ڕادەگرت و هەموو ماڵەکانیش لەو گەڕەکەدا، هەر لە ماڵی حاجی ئەسعەدەوە تا ماڵی ئێمە و دوورتریش، بەشەو دەنگی ڕادیۆکە دەهات. کە سەعاتی (بیگ بێن) لێی دەدا لە سەعات (نۆ)ی شەوی لای خۆمان، لە ڕادیۆ دەنگی زەنگی سەعاتەکە دەهات و پاشان بێژەر (مذیع)ی ڕادیۆکە بەدەنگێکی قەبە و ئەستوور دەیگوت:

(هنا لندن هیئة الاذاعة البریطانیة). ئینجا هەواڵەکانی شەڕی نێوان (حلفاء – بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا) و (دول المحور – واتا ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و یابان)ی دەخوێندەوە. ئینجا هەندێ گۆرانی و قەوانی خۆشی عەرەبی، ئی (عبدالوهاب و ئەسمەهان و گوبانچی و ئوم کەلسوم)یان لێ دەدا و لە پاشان دیوەخان چۆڵ دەبوو و





یونس بەحری خەڵکی مووسڵ بوو، کە لە ساڵی ١٩٤٠ـەوە، بێژەر بوو لە بەرلین لە ئەڵمانیا



ڕەشید عالی گەیلانی

ڕادیۆیان دەکوژاندەوە و شار خامۆش دەبوو و منیش بەو دەنگە خۆشانە و ئەو قەوانە بەتام و چێژە پڕ سۆزانە خەوم لێ دەکەوت. هەندێ جاریش لە ڕادیۆکە، ئێزگەی (بەرلین)یان دەکردەوە، لەوێش دەنگی موزیعەکەیان، کە کابرایێکی عیراقی بوو ناوی (یونس بحری) بوو، هاواری دەکرد: هنا برلین. حيّ العرب! ئینجا هەواڵەکانی دەخوێندەوە و هێرشی دەبردە سەر ئینگلیز و ئەمریکا.

لەو ماوەیەی کە ڕەشید عالی گەیلانی بەهاندانی هیتلەر و موفتی فەلەستینی، ئینقیلابی دژی ئینگلیز کرد... خەڵکی شاری کۆیە... بەهەڵخەڵەتاندنی دیعایە و شیعاراتی ئەڵمانیا، مەیلیان گۆڕی بۆ لای ئەڵمانیا و دژی ئینگلیز دەدوان، تەنانەت منداڵەکانیش، ناوە ناوە، دە دوانزەیەک کۆ دەبوونەوە بەکۆڵانەکاندا دەڕۆیشتن و هاواریان دەکرد:

لائیلاهە ئیلا الله ئینگلیز بشکێ ئینشاڵڵا!!

ساڵی ١٩٤١/١٩٤٢ بوومە پۆلی شەش. ئەو ساڵە، لە بەخت ڕەشی من بوو و زۆر پەست بووم و خەمم خوارد چونکە هەموو قوتابیانی پۆلی شەشەمیان ناردینە قوتابخانەی خوارێ – ناو بازاڕ – واتە (مدرسة کویسنجق الاولی)، پۆلەکەشمان لە قاتی دووەم بوو. ئەگەرچی ئەو بینایە زۆر گەورە بوو و فەراح بوو... باخچەیەکی خنجیلانەی لە پشتەوە هەبوو. بەڵام من قوتابخانەکەی خۆم، لە حەوشی ماڵی (حەمەشێن)م پێ خۆش بوو. زۆر لە برادەرانم لەوێ مان وەک هورمز و فیلیپ و طیمەی برام و یوخەنناش ئەو ساڵە (ساقط) بوو لە پۆلی پێنجەم مایەوە لە قوتابخانەی (سەرێ – ماڵی حەمەشێن)! ماڵیشمان ئەو ساڵە گوازتەوە حەوشێکی بچووک، دوو ژوور و هەیوانێک، موڵکی (ڕەشید) ناوێک بوو، خزمی مامۆستام (شەفیق سابیر) بوو، لە تەنیشت قەبرستانی (قازیلان) بوو. لەوێشەوە بۆ مەکتەبی (نوێ)م کە لە ناو بازاڕ بوو، زۆر دوور بوو بەنیسبەت ئەوساکەی من... کوچە و کۆڵانی زۆر ناخۆشم دەبڕی، شۆڕ دەبوومەوە لای حەمامی (گچکە)ی ماڵی حەمەزیاد ئاغا و

ئینجا بۆ لای سەرای کۆیە و ئینجا چایخانەی (ئیسماعیل عەرەب) و مزگەوتی گەورە... تا دەگەیشتمە قوتابخانە! بەزستانەکە زۆر عەزابم کێشا لەبەر باران و قوڕ و چلّپاو شێلان!

بەڕێوەبەری قوتابخانە مامۆستا (سابیر ئیسماعیل) بوو، مامۆستای وەرزش (فەخری سامی) بوو، مامۆستایەکی خڕیلەی سەر خڕ، بەڵام بەزەوق و منالّی جوان و لووسکەی خۆش دەویست. زۆر جاران (ئەگەرچی من گوێم نەدەدایێ) نوقرچەی لێ دەدام و ڕوومەتمی بەدوو پەنجان دەگوشی... ئەوەش لە کاتی دەرسی وەرزشمان هەبووایە و ئەگەر لەسەر قادرمەکان تووشم بووایە بەتەنیا بوومایە. بۆ ئیستیعراز، ئەو فێری (العاب السویدیە)ی دەکردین. بەیانیان زوو دەبووایە بچینە مەکتەب، نیو سەعاتی پێش دەرسی یەکەم، لە حەوشەکە ئەو قوتابیانەی بەشداری مەشقەکە بووین، ریز دەبووین، جا ئەو تەمرینەکانی لە پێشمانا، یەکە یەکە دەکرد و زۆر سووکەڵە هەڵدەزەقییەوە، ئینجا ئێمەش وەک ئەو تەمرینەکانمان دەکرد. هەمیشە من و یەک دوو قوتابی سوور و سپی و لووسی وەک من و واحید نەشئەت... لە پێشەوە دادەمەزراندین، لە پێش چاوی خۆی و سەیری لینگ و لەشی ناسکی دەکردین... (ها ها ها) - هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، خاوەن ژن و منداڵیش بوو! بەڵام (بیژی)ش بوو!

مامۆستای (الاشیاء والصحة)، مامۆستا (حەمەدەمین مەعرووف) بوو. هەروەها دەرسی زانیاری و کشتوکاڵی پێ دەگوتین. ئەگەر بەهار بووایە ڕۆژ هەتاو بووایە، دەیبردینە (باخچەکە) و لەوێ گوڵ و ڕووەکە جیا جیاکانی نیشان دەداین و بۆی شەرح دەکردین.


مامۆستا تاهیر سەعید

مامۆستای ئینگلیزی، مامۆستا (تاهیر سەعید) بوو، چاوەکانی خێل بوون و لەشێکی زۆر لەڕ و لاوازی هەبوو و مەیلە کورتیلەش بوو. منی خۆش دەویست چونکە لە ئینگلیزی زۆر باش بووم. جگەرەی زۆر دەکێشا، نێوان پەنجە گەورەکانی زەرد هەڵگەڕا بوو.

مامۆستا حەمید ساڵح بێتووشی - دەرسی دین... یا وەرزش، سروودی: (تا دەست لە مل هیوا نەکەم)ی فێر کردین و من لە دەمی ئەو فێری بووم. کابرایەکی درێژ بوو! لە هەموو مامۆستاکان درێژتر بوو.



مامۆستای (مێژوو - تاریخ) مامۆستا مەجید نورەدین بوو، برازای مەلای گەورەی کۆیە (مەلا محەمەدی جەلی زادە)، خوایان لێ خۆش بێ. مامۆستا (ڕەفعەت عیزەت سامی) کە برازای مامۆستا فەخری سامی بوو، تازە دەرچووبوو لە قوتابخانەی مامۆستایان و نەقلی کۆیە کرا و دەرسی عەرەبی پێ دەگوتین. دەرسی ئەویشم زۆر خۆش دەویست. خۆشی گەنجێک بوو دەموچاوی پڕ لە (حب الشباب) بوون و هەندێ قینچکەکانی سەر لووت و ڕوومەتەکانی، زەرد دەچوونەوە لەبەر (کێمی) کە تیایاندا دەزایەوە! بەڵام ڕۆح سووک بوو و بەعەرەبی قسەی لەگەڵ دەکردین و زۆر جوانی تێ دەگەیاندین.

مامۆستا (مەجید حەمەد بەگ)یش دیسان ماوەیەک دەرسی مێژوو - تاریخی پێ دەداین و کتێبی (تاریخ العرب)ی دانانی (عیزەت دەروەزە)ی پێ دەگوتین. گەنجێکی جوانی خڕیلە و کورت و بەڵام سوور و سپی و ڕوومەتی خڕ و جوان بوو. ڕۆنی لە پرچی سەری دەدا و بەشانە زۆر جوان توالێتی دەکرد. لەگەڵ (فاتح ڕەسووڵ کەبابچی) بەینیان زۆر خۆش بوو. کاک فاتیح لە قوتابییەکانی پۆلەکەمان بوو. هەروەها لە قوتابییەکانی تر: جەمال کەریمی حەمە مەلا و کەمال کەریمی حەمە مەلا و سەعیدی مەلا ئەحمەد و واحید ڕەزا و عەبدولخالق فەتاح و ئەمجەد شێخ نوری و مەربێن خواجە ئەبرەهە و دنحا فەرەنسی و کەریم مستەفا (شارەزا) و بەکری حاجی کاکەمین و فەیسەڵ حەمدی (کوڕی مەئمووری بەرید) و واحید حەمدی تەنەکەچی و واحید نەشئەت و مەجید عومەر و سەعید عەبدوڵڵا و مەحموود ئاغای حەمەزیاد ئاغا و حسام الدین طەبیب و تاهیر ئیسماعیل و هەموو قوتابی گەورە بوون... من لەوانەیە بچووکترین کەس بووم...

هەندێک لەو قوتابییانە (موحاڕەبەیان) دەکردم... بۆیە لە فورسەی بەینی دەرسەکان، نەدەچوومە خوارەوە بۆ ناو حەوشەکە و هەر لە سەرەوە، لە هەیوانە درێژەکەی دەمامەوە کە هەموو ژوورەکان دەرگایان لە ناو ئەو هەیوانە بوو. پۆلی شەشەم دوو بەش (شعبة) بوو. شوعبەی (أ الف) کە منی تیادا بووم و شوعبەی (ب باء)یش لە تەنیشتمان، بەلای ڕاستەوەمان بوو.

ماڵمان وەک گوتم، لە کۆڵانی قەبرستانی (قازیلان) بووین. بەرامبەر ماڵمان، دەرگای ماڵی (حەمەدەمین عەباسی) بوو. جیرانی باش بوون. حەمەدەمین دەنگی خۆش بوو. یەکێک بوو لەو گەنجانەی لەگەڵ ڕەجەب و بنیامینی ئامۆزام و حسام الدین (مەلا عیسا) و ڕەفیق ئیسماعیل... بەشەوانی هاوینان لەسەر جادەی ئاشان پیاسەیان دەکرد و

گۆرانییان دەگوت. جا هەندێ شەوان لەگەڵ دایکم دەچووینە ماڵیان و بەقسە و برێشکە و مێوژ و قەسپ خواردن شەوچەرەمان لەگەڵیانا دەکرد. هەروەها، لە تەنیشتەکەی لای چەپمان ماڵی دوو بێوەژن، دایک و کچ: پلکە خەجێ (دایک... پیرەژنێکی پرچ سپی، بەڵام روومەت سپی و سوور و بەدین و بەرەحم بوو) کچەکەش ناوی (یا گورجی) بوو، ئەوەیان قەڵەو و ئەسمەر بوو... ئەویش بەتەمەن بوو... مێردی ئەمری خوای کردبوو، کورێکی هەبوو ناوی (بەکر) بوو.

ئەوانە، هەردوو ژنەکان مانگی یەک دووجار، دایکم ئاردی دەبردە ماڵیان، زۆر نزیک بوون... چەند شەقاوێک لێمانەوە دوور بوون. جا نانی ساجیان بۆ دەکردین. تا چەند ساڵێکیش، دوای ئەوەی لە لایان رۆیشتین و چووینە حەوشێکی تر، هەر ئەوان نانەکەیان بۆ دەکردین هەزار رەحمەتییان لێ بێ.


لە ڕاستەوە: حەمەگەمحان و حەمەدەمین عەباس دوو هاورێ و شریکی دێرین بوون

هەر لەو ساڵە ماڵمان گوازتەوە حەوشی (عەولا دەروێش)ی نزیکی ماڵی کاک تەمەر. ئەو ساڵە من و ئەنوەر تاهیر بەکر، ئەویش باوکی پۆلیس بوو... ماڵمان جیرانی یەک بووین، لە تەنیشت ماڵی (کاک تەمەر) کەمێک خوارتر، چونکە لە قازیلانەوە گواستمانەوە ماڵی (عەولا دەروێش)، لە خوار ماڵی کاک تەمەر بوو، بەرامبەر قورنە (سووچە)کەی دائیرەی گومرگ، کە دیوارەکەی بەرامبەر شار بوو.

من دەمزانی خراپم وەلام دابۆوە لە تاقیکردنەوەی (وزاری) ئەو ساڵە، چونکە (هێلانە)م گۆڕا بوو و مەکتەب (قوتابخانە)کەم بەدڵ نەبوو.

وێنەی لاپەڕە ١٠٠ گەڕەکی (قەڵات)ی شاری کۆیەیە، لە ساڵانی نزیک پەنجاکان: ژ (١) سەربانی ماڵی (کاک تەمەر) و حەوشە گەورەکەی دیارە کە لە چلەکان و پێشتر هەمووی دار هەنار و کەپری (مێو - ترێ) بوو - لە چلەکانا ماڵمان لێرە بوو. سەربانەکەی دیارە کە هاوینان، سێ ماڵ لەسەری دەنووستین. ژ (٢) ماڵی (ئەنوەر تاهیر)ی هاوڕێم بوو، خوارتر، ژ (٣) دیسان ماڵی ئێمە بوو (لە حەوشی عەولا دەروێش) لە ساڵی ١٩٤٢. ژ (٤) بەشی دواوەی بینایەی (دائیرەی گومرگ - ئینحیسار)ی کۆنە. ژ (٥) ماڵی قایمقام بوو. ژ (٦) خانوویێکی تر، کە لە دوای خانووەکەی کاک تەمەر،




بەشی باکووری گەڕەکی قەڵاتی کۆیە - دائیرەی (انحصار) دیارە لەلای چەپ

دیسان ئێمە گواستمانەوە. ژ (٧) قوتابخانەی (متوسطە)ی کۆیە لە پەنجاکان.

هاوینەکەی ئەو ساڵە... واتە ساڵی ١٩٤٢ ئەسکەندەر باوکی هورمزی هاوڕێم، یانەی مووەزەفانی بە(تعهد) گرتبوو. ژوورێکی یانەکە، دەرگایان بۆ کردەوە کە دەکەوتە بەرامبەر مزگەوتی گەورە، بازاڕی شار. ئەم ژوورە کرایە (دائرة العلاقات الثقافیة البریطانیة) - واتا دائیرەی پەیوەندییە رۆشنبیرییەکانی بەریتانیا - ئەویش دائیرەیەکی (ئیعلامی) بوو، کورسی و قەنەفە و مێزی لێ دانرا بوو. رۆژانە رۆژنامەکانی بەغدا و گۆڤارە کوردییەکانی وەک (دەنگی گێتی تازە) و عەرەبییەکانی وەک (الوطن، الزمان، البلاد) و هەندێ گۆڤاری جوانی رەنگاورەنگ و کاغەزی لووسی سپی و چاپێکی جوان و رێکوپێک وەکو: اخبار الحرب والعالم - گۆڤارێکی درێژ بوو بەقەد دوو گۆڤاری ئاسایی دەبوو - هەروەها گۆڤاری (فتاة الرافدین) و (النفیر)، (المستمع العربي) و زۆر چاپکراوی تر... جا ئێمەی قوتابی و گەنجانی شار دەچووینە ئەوێ دوای نیوەڕۆیان... دادەنیشتین، گوێمان لە ڕادیۆی کوردی و بەغدای عەرەبی دەگرت و گۆڤار و رۆژنامەمان دەخوێندەوە... هەمووی بەخۆڕایی! کاک کەمال سادق، برای (رەحمەتی) مامۆستا تاهیر سادق و رەحمەتی سدیق سادق، لێپرسراوی ئەم دائیرەیە بوو، کە دائیرەیەکی (ئیعلامی) بەریتانیا بوو، بۆ دیعایەکردن بۆ وڵاتە سوێندخۆرەکان (دول الحلفاء) کە لەگەڵ ئەڵمانیای نازی، شەڕێکی جیهانیان، کەوتبووە نێوانیان هەر لە (٢ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٩یەوە). ئەم جۆرەیان ئەو بەشە ئیعلامییانە، لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی عیراق هەبوون. سینەمایان دەهێنا و فلیمی شەڕ و شتی تر وەکو زانیاری جۆراوجۆری عیلمی و رۆشنبیرییان پیشان دەدا بەهۆی ترومبێلێکی تایبەت کە مەکینەی سینەماکەی تێدا دائەنرا و شاشەکەشی (سەفەری) بوو، لوول دەدرا.

گۆڤاری زۆر جوان و ڕەنگین و بەکاغەز و چاپێکی ڕەنگاوڕەنگ دەهاتە ئەو دائیرەیە و بەبێ پارە هەموو کەس، گەنج و پیر بۆیان هەبوو بچن دانیشن، کورسی و مێز و تاخم قەنەفەی باشی لێ بوو لەگەڵ ڕادیۆش. زۆر جاران دەچوومە ئەوێ، دوای قوتابخانە. هەندێ لەو گۆڤارانەم هێشتا ماون، وەک (الطالب)، دەنگی گێتی تازە، النفیر، اخبار الحرب والعالم، فتاة الرافدین و المستمع العربي. مامۆستا (عبدالمجید لطفي) لە (فتاة الرافدین) گۆشەیەکی هەبوو مانگانە بڵاو دەکرایەوە.



افهميه !

يافتاتي .

لكيما يسود الحب وينتشر الوئام في حياتك يجب أن تروضي نفسك على قبول مافي الحياة حين لايمكن تغييرها .

أوه .. لقد أردت أن أقول شيئاً آخر . أردت أن أقول إن عليك كسيدة أن تفهمي زوجك وفهمك لزوجك هو الأساس القويم الذي ترتفع عليه صروح السعادة المنتظرة لمستقبلك .

ويتطلب فهمك له أن تضحي من أجله قليلا فقد يحب زوجك بعض الهوايات التي لاتسرك كما قد تكون لك بعض الرغبات التي تزعجه ، ولكن هذا الحاجز يزول إذا عرفت كيف تروضين نفسك . والمسألة بسيطة جداً .. أظهري حبك للأشياء التي يحبها زوجك فقد يحب زوجك الطيور أو الأرانب أو جمع الطوابع ، وقد تكون جميع هذه الأشياء مصدر إزعاج لك ، ولكن إظهارك الحب لها يعطيك قيمة لدى زوجك تعطي بدورها على مايرى لديك من مزعجات .

ليس بمقدورنا يافتاتي التسلط على الرغبات المختلفة وتعيين وجهة واحدة لها كما نحب والسعادة تتطلب منا أن نجعل للأشياء التي لا نحبها قيمة عالية أحياناً من أجل الذين نحبهم .

كنت أحب المطالعة كثيراً وكانت تحب الزهور وبمرور الزمن وجدت أن هناك بوناً بين عواطفنا .. إن عدم اتحاد ميولنا قد ظهر بصورة محزنة في حالات كثيرة ولكنني فكرت بعد حين فيما يجب أن أعمله وأفلحت .. جلبت لها بذوراً كثيرة لزهور مختلفة وأخذت أعتني عناية صادقة بحديقتها الصغيرة وأرشدها إلى مايجب أن تفعل لإبقاء زهورها نضرة وكثيرة ، مستفيداً من خبرة أصدقائي وما أجده في الكتب .. فكانت النتيجة ..

كانت النتيجة يافتاتي أني بدأت أحب الزهر إلى جانب حبي للكتب وأخذت هي تحب الكتب إلى جانب حبها للزهور .

وهذه الحقيقة مهمة جداً ، فالحياة ليست كلها كتباً ولا كلها زهوراً ، بل إن هناك أشياء يجب أن نحبها كما قلت من أجل الآخرين .

بغداد

عبد المجيد لطفي




وێنەی بەرگی ژمارەیەکی گۆڤاری (فتاة الرافدین) ئەم گۆڤارە لە شاری (بەسرا)ی، بەندەری عیراقی، لە لایەن دەزگای پروپاگەندەی بەریتانی دەردەچوو تا کۆتایی شەڕی جیهانی دووەم بەردەوام بوو.

جا ئەو هاوینەی ساڵی ١٩٤٢ بەشەو دەچوومە یانەی فەرمانبەران، یارمەتی مام ئەسکەندەرم دەدا لەگەڵ کوڕەکەی (ڕەحمەتی هورمز)، بۆ پاککردنەوە و ڕیزکردنی کورسییەکان و مێزەکان و هێنان و بردنی ئیستیکانی چای و گلاصی ئاو و... تاد. بەشەویش من گوێم دەدایە ڕادیۆکە و گۆرانی خۆشی عەرەبی لە ئێزگەکانی عەرەبی، وەک ئێزگەی بەغدا و، شەرق لئەدنا (محطة الشرق الادنی للاذاعة العربیة) کە لە جەزیرەی قوبرس (قبرص) بوو و لە (یافا)ی فەلەستین پەخش دەکران وەک گۆرانی ئەسمەهان و محەمەد عەبدولوەهاب و ئوم کەلسوم و لەیلا موراد و سیهام رفقی و فەرید ئەترەش...

لەو ماوەیە سوودێکی زۆرم وەرگرت، لە سێ لایەنەوە:





محەمەد عەبدولوەهاب



ئەسمەهان

یەکەم: ئەسکەندەر ڕۆژانەی دەدایێ لەجیاتی ماندوو بوونەکەمان، من و هورمزی کوڕی.

دووەم: من زۆر گۆرانی تازەی عەرەبی فێر بووم، چونکە، ئەگەر ئیش نەبوایە و کاتێک هەموو دەچوونەوە، تەنها (قومارچییەکان) دەمانەوە، من لە (قاوەجاغەکە – واتا ژووری سەماوەر و چای... شتی پێویست، لەگەڵ ئەسکەندەر و چایچییەکە – ناویم لە یاد نەماوە – دادەنیشتم گوێم دەدایە ڕادیۆکە... گۆرانییەکانی عەبدولوەهاب و ئوم کەلسوم و فەرید و لەیلا موراد و... تاد، هەموویان فێر بووم و بۆ خۆم و برادەران لە هەندێ بۆنە و سەیران دەمگوتنەوە زۆر بەرێکوپێکی.

سێیەمیش: هەر گۆڤار و ڕۆژنامەی بهاتبانایە بۆ دائیرەکەی (علاقات – پێوەندییەکانی بەریتانی) لە لای کاک کەمال سادق، دەمکڕین و دەمخوێندنەوە... کاتێکم زانی، دوای چەند مانگێک ژمارەییەکی زۆرم کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەم کۆ کردەوە و لە دۆڵابێکی دار ڕیزم دەکردن... کاتێکم زانی (مەکتەبە)یەکم بوو. لەوساوە هەر خەریکی کۆکردنەوەی هەموو جۆرە کتێب بووم و خولیا (هیوایە)تی کۆکردنەوەی کتێب بووە یەکەم هیوایەتم. جا لەوە بەولاوە، کە دائیرەکەی عیلاقاتی ئینگلیزی نەما، خۆم لە شوێنی تر دەمکڕین و کۆم دەکردنەوە. ڕۆژانەش لە بەردەم دۆڵابەکە دادەنیشتم و کتێبەکان و گۆڤارەکانم دەهێنانە دەرەوە و پەڕەکانم هەڵدەدانەوە و شتی سەرنجی ڕاکێشابام دووبارە و سێ بارە دەمخوێندنەوە... بەم جۆرە خوێندن و ئیملای کوردی و عەرەبیم زۆر چاک و بەهێز بوو. مامۆستاکانی عەرەبی لە قوتابخانەی ناوەندی کۆیە و سانەوی هەولێر زۆر ستاییشی

(اسلوب)یان دەکردم و پاشەڕۆژێکی باشیان بۆم دیاری دەکرد و پێشبینیان دەکرد کە دەبم بەنووسەرێکی باش، ئەگەر بەردەوام بم.

نزیکی تەواوبوونی پشوو (عطلە)ی هاوین بوو، کاتێکم زانی فەڕاشی قوتابخانەکەمان هات و گوتی: تۆ ئیکمالی لە (حیساب و هەندەسە). مودیر گوتی ئاگاداری بکەوە نەوەک لە بیری چووبێ. فلانە ڕۆژ ئیمتیحانی (اکمال) دەست پێ دەکا. تۆ فلانە ڕۆژ تاقیکردنەوەت هەیە، لە بیرت نەچێت! من حەپەسام. بەڵام ماڵی (ئەنوەر تاهیر بەکر)یش ڕۆیشتبوون، وابزانم بۆ هەولێر. باوکی گوازترابۆوە بۆ ئەوێ. ئیتر ئەوە بوو، بەگوێرەی قسەی فەڕاشەکەمان هەر دوو ڕۆژم هەبوو بۆ خوێندن.

هیچم پێ نەکرا... ئیمتیحان هات. بەساردی و بێ ئەهمیەت دان چووم ئیمتیحانەکەم دا، بەڵام زانیم وەڵامەکانم هەموویان چەوت و غەڵەت بوون... کە نەتیجە هاتەوە، هەڵبەت پێشتریش دەمزانی، (ساقط) بووم و لە پۆلی شەشەم مامەوە. ساڵی دووەمم لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی دیکە، کە لە پۆلی پێنجەمەوە هاتن، دانیشتم بەمەلوولی و غەمگینی...

تا ماوەیەک، تاکو هەندێ ڕەفیقی ترم بۆ پەیدا بوون... ماڵیشمان گوازتەوە بۆ خانووێکی بچووک کە خاوەنەکەی حاجی ئەسوەد بوو، دایکیشی ناوی (حاجی فاتم) بوو... ژنێکی قەڵەو و ڕووخۆش بوو. ڕەحمەتی ئەسوەد دوکانی هەبوو و هەروەها لە ماڵەوە جۆرە سابوونێکی خۆماڵی (محلی)یان دروست دەکرد. جا خانووەکەشمان لە بەرامبەر خانووی خۆیان بوو... کۆڵانێکی تەسکمان لە بەینا بوو... لە کۆتایی کۆڵانەکەش، کەمێک لەولاتر و لە پشت خانووەکەمان قولەتێنێکی ژنان هەبوو، کە دەکەوتە سووچی (زاویە)ی خوارەوەی ڕۆژهەڵاتی باخچە و بێستانی (مام وەیسی). ڕۆژانە، ژن و کیژی هەرزەکار بەبەردەم دەرگای ماڵمان هاتوچۆیان بوو... دەچوونە قولەتێنەکە دەستنوێژیان دەشوشت و نوێژیان دەکرد و ئینجا دەگەڕانەوە... بۆیە کۆڵانەکەمان بەهەمیشەیی هاتوچۆی ژنان و قسە و قسەڵۆکیان نەدەبڕا. لە قوتابییەکانی هاوڕێ لەو ساڵە، ساڵی ١٩٤٣/١٩٤٢ کە ناویان دێتەوە بیرم: فاتیح ڕەسووڵ - لە دەرسی تاریخ زۆر باش بوو. کتێبی مێژووەکەی نووسەری عەرەب (عزە دەروەزە)مان دەخوێند. مامۆستاشمان، ڕەحمەتی مەجیدی حەمەد بەگ بوو، گەنجێکی خڕکەلەی کورتیلەی ڕوومەت سوور و سپی و جوان و پرچی سەری هەمیشە دەبریقایەوە هەندێ ڕۆنی (برێل کریم)ی لێ دەدا و شانەی دەکرد. هەمیشە زەردەخەنەی لەسەر لێوان بوو و لەگەڵ (فاتیح ڕەسووڵ) بەینیان زۆر خۆش بوو.





مامۆستا محەمەد ئەمین مەعروف

لە مامۆستاکانمان، مامۆستا (حەمەدئەمین مەعرووف) بوو. باوکی (وەستا مەعرووف) دوکانی بەربەری (حلاق)ی هەبوو. مامۆستا حەمەدئەمین مامۆستایەکی تا بڵێیی لێهاتوو و کوردپەروەر بوو. لە ماددەی خۆی زاڵ بوو. دەرسەکانی خۆش بوون و زۆر جوان بۆی ڕوون دەکردینەوە، زۆر جاران دەیبردینە باخچەکەی قوتابخانە، کە لە دیواری پشتەوەی بینایەکە بوو، لەوێ باسی ڕووەک و بەشەکانی (گوڵ) واتا بەعەرەبی (اقسام الزهرة) و بەشەکانی درەختی بۆ شەرح دەکردین.

لە قوتابییە باشەکانی پۆلی شەش فەتاح مەولوودی پۆلیس بوو، عەبدولخالق فەتاح بوو، مەربینی خواجە ئەوراها بوو، حسام الدین طیب بوو، وابزانم تەمەنی لە هەموو قوتابییەکان گەورەتر بوو. ناویان لێنابوو (حسام الدین شعب)... زۆر لە سیاسەت دەدوا و کوردێکی دڵسۆز بوو. ئەو و فاتح ڕەسووڵیش هەمیشە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و عەرەبییان بەدەستەوە بوو. فاتیح ڕەسووڵ جەریدەی (الاهالي) دەخوێند و کاک حسام الدین گۆڤاری (گەلاوێژ)ی بۆ دەهێنام.

مەربێن دەنگێکی ئەستوور (قەبە)ی هەبوو... لە پشووی نێوان دەرسی دووەم و سێیەم، بەعادەتی ٢٠ دەقیقە بوو... زۆر درێژ بوو! جا ئەو لە شوعبەی (ب) بوو، من لە شوعبەی (أ) بووم. لە فورسە دەهات، پیلی دەگرتم و پێکەوە پیاسەمان لە هەیوانەکەی سەرەوەی قوتابخانەکەمان دەکرد، کە زۆر درێژ بوو... لەوسەر تا ئەوسەر دەچووین و دەهاتین، گۆرانییەکی دانا بوو لەسەر یەکێک لە ئاوازەکانی (کەنیسە)،



شاری کۆیە لە ڕۆژێکی باراناوی - ساڵی ١٩٥٦.

نازانم خۆی ڕێکی خستبوو، یا لە یەکێکی تر فێری بووبوو، ئەویش منی فێر کرد. گۆرانییەکە دەڵێ:

سێ مانگمان مایە     لە بۆ ئیمتیحانی عامە
ستەدی ستەدی یا فتی     ئێگزەمنێشن قد أتی

ئەو ساڵە مامۆستایەکمان بۆ هات، مامۆستا (کەمال جەمیل) بوو ناوی - باوکی (واتا جەمیل ئەفەندی) کابرایەکی بەتەمەن و بەقەڵافەت بوو... (عرضحال)چی بوو... لە دوکانێکی بەرامبەر چایخانەکەی (ئیسماعیل عەرەب). لە تەنیشت دوکانەکەی ئەو، خمخانەیەک هەبوو، جوولەکە کاریان تێیدا دەکرد، دوکانەکان لە ژێر بانێک بوون دوو سێ ستوونی لە ژێر بوون وەک لەم وێنەیەدا دیارن.


مامۆستا تاهیر سادق

یەک دوو کابرای (جوو) لەوێ جل و شرواڵی کرمانجان، بەتایبەتی ژنە کرمانجیان لە (خم) دەدا. کەمال ئەفەندی ئەوەندە لاواز بوو هیچ گۆشت بەدەموچاو و لەشی نەبوو. قوتابییەکان ناویان لێ نابوو (کەمال بێ قوون)... نازانم ئێستاکە... لەوانەیە وەفاتی کردبێ. هەزار ڕەحمەتی لێ بێ! بەینی لەگەڵماندا خۆش بوو و دەم بەپێکەنین بوو. هەروەها مامۆستایەکی تر (تاهیر سادق)ی ناو بوو، بەعەکسی مامۆستا کەمال جەمیل بوو: کەڵەگەت، بەقەڵافەت، سوور و سپی... سیدارەیەکی خوری (مەرەز)... واتا قاوەیی لەسەر دەنا، وەک (لباد) وابوو.

شەڕی جیهانیش بەردەوام بوو، بەڵام لەشکری ئەڵمانی، دوای ئەوەی ئەورووپای هەموو داگیر کردبوو، ئینجا وردە وردە، بەرەو شکستی دەڕۆیی... ڕۆژانە، لە ڕادیۆ و لە هەواڵەکانمان گوێ لێ دەبوو کە لە فلانە شار کشاونەتەوە، فلانە وڵات لەشکری (سوێندخۆرەکان - حلفاء) واتا ئینگلیز و فەرەنسا و ئەمریکا، داگیریان کردوون و ئازاد کراون... وێنەی (مستەر چەرچل) سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، لێرە و لەوێ، لە کۆڵانەکانی کۆیە و ناو دوکانەکانی بازاڕ و لە چایخانەکان، لە دیواران لێ درا بوو، بەخۆی و بەسەلکە ڕووت و گەورەکەی و (سیگار چرووت)ێکیشی هەمیشە لە نێو لێوان


مستەر چەرچل



و بەدوو پەنجە گەورەکانی دەستی ڕاستیشی وێنەی پیتی (حرف)ی Vی یان بڵێین ژمارە (٧)ی عەرەبی دروست کردبوو کە کورتەی وشەی (Victory) ئینگلیزییە، بەمانای (سەرکەوتن) و لە خوار وێنەکەشی بەعەرەبی نووسرا بوو (إننا لمنتصرون).

بەبۆنەی (گرانی) و شەڕی جیهانی، حکوومەت وەزارەتێکی نوێی دامەزراند بەناوی (وزارة التموين). پێشتر، لە مانگی تشرینی دووەم (١٩٤٢) بەڕێوەبەرایەتی تەموینی گشتی (مديرية التموين العامة)یان هێنابووە وجوود، کە سەر بەوەزارەتی مالیە بوو. وەزارەتی مالیە بۆ یەکەم جار لە مانگی مارت ١٩٤٤وە باسی لێوە کرا، کاتێ نوری سەعید سەرۆکی وەزیران بوو. ئەوە بوو (مجلس النواب) بڕیاری دامەزراندنی وەزارەتی تەموینی دا - یەکەم وەزیری تەموین، لە ساڵی ١٩٤٤ دامەزرا و یەکەم وەزیری تەموین، ناوی (ارشد العُمري) بوو. سەرۆکی وەزیران: حەمدی پاچەچی بوو. ئەوە بوو مەعاشی مووەزەف و پۆلیسی کەمێک زیادەی هاتە سەر بەناوی (غلاء المعيشة) بۆ نموونە، تا ئەو ساڵانەی چلەکان، پۆلیس مانگی ٣,٠٠ سێ دیناری وەردەگرت. بەم پێیە (٤) چوار دینار مەعاشی پۆلیس زیاد کرا و بووە ٧,٠٠ حەفت دینار - ئەگەر خەتێکی وەرگرتبا، نیو دیناری زیاتر وەردەگرت. یانی ٧,٥٠٠ حەفت دینار و نیو. پێیان دەگوت: ئۆنباشی - وشەیەکی عوسمانی بوو هێشتا لە عیراق بەکاردەهێنرا...

لەو ساڵانەدا زوو زوو، لۆرییەکی زیلی عەسکەری ئینگلیز و جیبێک دەهاتنە کۆیە... هەندێ جار دوو یا سێ لۆری پڕ دەهاتن و بەسەر قشلە دەکەوتن و لە بەردەم قشلە، کە شوێنێکی زۆر پان و درێژ بوو، لە نێوان هەردوو (قوللەکان) و دەروازەی سەرەکی. لە ناوەوە چادریان هەڵدەدا و تێیدا دەژین و دەخەوتن... خواردنیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا. قوتووی گۆشت و شیر و پاکەتی جگەرەی خۆیان... بۆ یەکەم جار ئەو جۆرە جگەرەمان دیت: هەندێک ناویان (ڤی) بوو. لەسەر هەردوو لای پاکەتەکە، عەلامەتی (V) پیتی ڤی ئینگلیزی هەبوو، گەورە، بەدرێژایی درێژی ڕووی پاکەتەکە. پاکەتێکی تر هەبوو ناوی (سیزەرس) بوو... ڕووی ڕەنگی سوور بوو و وێنەی (مەقەس)ێکی لەسەر دروست کرابوو. جۆرێکی تر ناوی (پلێیەرز) بوو (Players)، لەسەر هەردوو ڕووی پاکەتەکە وێنەی کەشتییەوانییەکی شەپقە لەسەر (واتا بحار)، کەردێنیکی درێژی هەبوو و لە ناو ئەڵقەیەک (دائیرە) دروست کرابوو کە وێنەی چووپێکی سپی بوو لەوانەی کە لە کاتی تەنگانە، بەکار دەهێنرێن لە لایەن کەسانێک کە بکەونە ناو ئاو و مەلەوان نەبن، بەهۆی ئەم (چووپە) بەسەر ئاو دەکەون، تا یەکێک بێ و ڕزگاریان بکات لە خنکان... ئەو

کاپتنەی کە سەرۆکایەتی ئەو عەسکەرانەی دەکرد هەمیشە ئینگلیزێک بوو، بەڵام عەسکەرەکان، هەندێ جار (هیندی) بوون خاوەن ڕدێن و ڕەنگ ئەسمەری تۆخ و ڕەش، پێیان دەگوتن (گورگە). هەندێ جاریش هەموویان گەنجی سوور و سپی بوون لە پۆلۆنی و سکۆتلاندی و فەرەنسی و ئەمریکی... تاد. بەڵام سەرۆکەکەیان هەمیشە ئینگلیز دەبوو و کابرایەکی (ئاسووری)ش هەمیشە لەگەڵ ئەو کاپتنانە هەبوو، بۆ (ترجمە) کردن. بۆیە هەر جارێکی ئەو سەربازە بیانییانە بهاتنایە، زوو باوکمیان تەکلیف دەکرد کە ببێ بە(مرافق)یان... چونکە ئینگلیزیش و ئاسووری و کوردی و عەرەبی دەزانی. ئیتر لەگەڵ خۆیان، چ بەسواری هێستر، یا بەجێبێک، دەیانبرد لەم دێ بۆ ئەم دێ، لە ناوچەکە دەگەڕان... باوکم شوێنەکانی نیشان دەدان. چەند جارێ لە بیرمە، داوایان لێ دەکرد، بیانباتە سەر ڕووباری (جەلی) و ناوچەکەی ئەوێ... ئەوان هەمیشە نەخشە (خريطة)یان هەبوو.

جا ئێمەی مناڵە ئاسوورییەکان... ڕۆژانی هەینی و پشوودان... ئەو جۆرە یارییەمان دەکرد کە لاسای ئەو کاپتنە و عەسکەرەکان بوو. من دەبوومە کاپتنە ئینگلیزەکە... یوخەننای کوڕی گەوریل دەبووە (مترجم)ی من و ئەوانی تر عەسکەر... بۆ ئەوەی یارییەکەمان تەواو بە(واقیع)ەکە بچێ، من جگەرەم دروست دەکرد، لە تووتن و کاغەزی تەنکی دەفتەری سیغارە کە هەبوو، لە سوریاوە دەهات ناوی (بافره) بوو... پاکەتی بچووکم لە مقەووا دروست دەکرد و لە هەر پاکەتێک سێ جگەرەی بەدرێژایی (٢ ئینج)م لە ناوی دادەنا و قەپاتم دەکرد. ئینجا یا وێنەی پیتی (V) ڤیم بەڕەنگ لەسەری دروست دەکرد، یا وێنەیەکی تر لەوانی کە لەسەر پاکەتی ئەسڵییەکاندا هەبوو.


لە چەپەوە: یەکەم؛ بنیامین – ئامۆزامە. دووەم: یۆحەننا گەوریل – خزممە

جا دەچووینە پشت قشلە و لە سووچێکی ژێر دیوارێک، من لە شوێنێک، لەسەر بەردێکی پان دادەنیشتم – یۆخەننا لە نزیکم... ئەوانی تر لە دوورەوە هەندێ ئیشوکارم پێیان دەسپارد... کە دەهاتنەوە هەندێ میوە وەک (ترێ) یا پارچە سێو یا پارچە هەرمێ و



شتی تر، کە ئەوانیشم، لە ماڵەوە، دەپێچایەوە، بەجۆرێک وەک (قوتووی – معلبات) بن... ئەمانە و هەریەکە پاکەتێ جگەرەشم دەدانێ، کە گوایا، ئەوە (واشێن = واتە زەخیرەی) ئەو ڕۆژەیانە.

هەندێ جاری دیکە یاری (قوتابخانە)مان دەکرد. من دەبوومە مامۆستا و ئەوان قوتابی و دەرسی حیساب و خوێندن و... بابەتەکانی ترم بۆیان شەرح دەکرد. ئینجا تاقیم دەکردنەوە و (کارت)ی ئەنجام (نەتیجە)کانیشم دەدانێ... وا دەبوو یەکێکیان (اکمال) دەبوو... یەک (ساقط) دەبوو... تا ئێوارە دەگەڕاینەوە ماڵەکانمان... ئەم جۆرە یارییانە، هەر لە نێوان خۆمانمان دەکردن. مناڵە (کۆیی)مان لەگەڵ خۆمان شریک نەدەکرد... دوور لە شوێنانەی مناڵی دیکەی لێ بێ، وەک ناو قشلە، یا دەوروبەری، لە شوێنێکی وا کە کەس بەوێدا تێناپەڕێ.

ڕۆژانی دی، پیاسە و پیاسە دەچووینە ئەو گەلییەی، لە خوار (سەیید جامی)یە... سەر ئاوەکەی کە لە ژێر چیای باواجی و بەزرێبار و (تووشی خەلار)دا دەهات و بەجۆگەیەک، زۆر پاک بەناو هەندێ شاخی ئەو جێیەدا دەڕۆیی بۆ لای هەرمۆتە و شیلە و ئەو ناوە. لەسەر ئەو بەرد و شاخانە دادەنیشتین... سەیرانمان دەکرد... خواردنمان دەبرد. ئەم شوێنە بە(کانی گاوان) مەشهوور بوو، ئەوسا. کە گەورەتر بووین، لە ساڵی ١٩٤٤ و هەورازتر، کە باوکی هورمز (مام ئەسکەندەر) دوکانی فرۆشتنی (مەشروباتی) کردەوە، هورمز نیو قاپ (واتا نیو شووشە = بطل) عارەقی دەهێنا و هەندێ خواردن و تەنها من و ئەو، بەبێ ئەوانی تر، دەچووینە سەر ئەو ئاوە و دادەنیشتین عارەقمان دەخواردەوە و جگەرەی پاکەتی (یەنیجە)ی تورکیش پەیدا بووبوو... پاکەتێکی دەهێنا و، جاروبار دەگەڵ مەشرووبەکە سەر و جگەرەیەکیشمان دادەگیرساند... دنیا ئی خۆمان بوو! لەوپەڕی کامەرانیدا دەژیاین! خۆزگەم بەو زەمانە و بەو ڕۆژانە! هورمز ڕووحی لە لام بوو. منی زۆر خۆش دەویست لەبەر ئەوەی لە ماڵەوەیان مناڵی دیکەیان نەبوو...


حوزەیرانی ١٩٥٥ لەگەڵ کاک هورمز لە سەیرانێک لەسەر جۆگەئاوێک لەناو باخێک لە کۆیە

بەتەنیا بوو... تاقانە بوو. جا، یەکەم کەسیش کە بایەخی پێدا و یاری لەگەڵدا کرد من بووم، لەو ڕۆژەی کە لە ماڵیان دابەزین، من و دایکم و فیلیپی برام کاتێ لە مووسڵ دەگەڕاینەوە و هاتینە هەولێر و لە ماڵە مەسیحیمان پرسی، ماڵی ئەسکەندەریان نیشان داین و چووینە ماڵیان. ئەسکەندەر و (چیلێ)ی ژنی زۆریان خزمەت کردین، تا ترومبێلمان دەست کەوت و ئێمەی بردە دەربەندی گۆمەسپان، چونکە ماڵمان لەوێ بوو... باوکم گواسترابۆوە بۆ دەربەند. جا کە ماڵی ئەسکەندەر هاتنە کۆیە، یەکەم منالی وەک تەمەنی خۆی، هەر من بووم چونکە پێشتر، وەک گوتم، یەکترمان ناسی بوو...

ئیدی لە کۆیە، جگە لەو کاتانەی لە قوتابخانە ڕامان دەبوارد بەیەکەوە... چونکە لە پۆلی دوو بوو، وابزانم، هەر لە هەمان قوتابخانەکەی سەرەتایی دووەم، لەگەڵما دەوامی کرد و بەیانی زوو دەهاتە ماڵمان... ماڵمان لەسەر ڕێگای بوو، ئینجا من و ئەو پێکەوە دەچووینە مەکتەب. دەشگەڕاینەوە پێکەوە. دوای نیوەڕۆیانیش و ڕۆژانی هەینی و عوطلەکانیش، هورمز هەر دەهاتە لام و ئینجا پێکەوە دەگەڕاین... بۆیە دایکیشی منی زۆر خۆش دەویست چونکە من هورمزم خۆش دەویست و یاریم لەگەڵدا دەکرد و دەچوومە ماڵیان و نەمدەهێشت بەتەنیا بێ!

نەک هەر لە کۆیە، کە لە ساڵی **١٩٤٦** گواستمانەوە بۆ هەولێر... دەهاتە لامان و چەند ڕۆژێ دەمایەوە. کە چووینە کەرکووک، هورمز مانگی هیچ نەبێ جارێک سەری لێ ئەداین و چەند ڕۆژێ لە لامان دەمایەوە و دایکم و براکانیشم لەگەڵیا زۆر تەبا بوون و گونجا بوون.

(**تێبینی:** کە چوومە بەغدا، بۆ خوێندن، دەهاتە دار المعلمین العالیة و یەک دوو ڕۆژ دەمایەوە لە ئوتێل... دەچوومە لای و پێکەوە لە بەغدا دەگەڕاین. هەوەسی بەسینەما نەدەهات! تاقەتی نەبوو دوو سەعات لەسەر یەک لەسەر کورسییەک دانیشێ. دەمبردە بارەکان و شوێنی ڕابواردن و خواردن و خواردنەوە، وەک شەقامی (ابو نواس) و مەشرووبمان دەخواردەوە و ماسی (مەسگوف)مان دەخوارد... ئینجا دەچووینە (گوگ نەزەر!)... هەوەسی بەئافرەتە (قەحپەکان) دەهات... هەندێ جار دەمایەوە لەگەڵ یەکێک و من دەگەڕامەوە بەشی ناوخۆیی (القسم الداخلي) کۆلێجمان.





ساڵی ١٩٥٥ کە قوتابی کۆلێج بووم، لە بەغدا و مەتی ئامۆزاشم تازە هاتبوو، ساڵی یەکەمی بوو، هومرز هاتە لام، ئەم وێنەی بەکامێرای خۆی بۆمان گرت: لە ڕاستەوە مەتی، مامۆستا عەبدولکەریم دوجەیلی (عەرەبی پێ دەگوتین)، ئینجا من و هومز.



ئەم وێنەیەش لە هەمان زیارەتی هورمز بۆ لام لە بەغدا، لە گەڕانێکمان بۆ (شارع ابونواس) لەبەردەم (ملهی السلکت) ئەم وێنەیەمان گرت، بەکامێرای خۆی، ساڵی ١٩٥٥



ئەم وێنەیە، لە ژوورەکەمان لە ماڵی (عاشوور ئەفەندی) لە کۆیە، ساڵی ١٩٥٧ کە تەعین بووم لە قوتابخانەی ناوەندی، من و ماری و یوسف کە لە پۆلی چواری سەرەتایی بوو، لەو ژوورە دەژیاین.

ساڵی ١٩٤٣/١٩٤٤ ماڵمان لە خانووەکەی (حاجی فاتم)ی دایکی حاجی ئەسوەد بوو... حەوزێکی بچووکی تێدا بوو، پڕمان دەکرد لە ئاوی بەللوعە و من و فیلیپ و طیمە، بەهاوینان دەچووینە ناو ئاوەکە و مەلەمان دەکرد هەر لە جێوە، چونکە حەوزەکە بچووک بوو... دەبووایە هەر دانیشی. ڕۆژێ لەناکاو لە ئاوەکەدا... دەستم بۆ لای ناو ڕانانم برد و بەلای دەعبا بچووکەکەم... دەمویست بیشۆم و بچمە دەرەوە... لەناکاو تووشی حالەتێکی زۆر خۆش هاتم... کە دەستم پێی کەوت... ڕەق بووبوو... جارێکی تر دەستم دایە و هەندێ شێلام... هەمان شت... زۆرم پێ خۆش بوو... هاتمە دەرەوە... جلکم لەبەر کرد...

ماڵمان لەسەر ڕێگای ئەو قولەتێنە بوو کە ژنانی گەڕەکەکە دەچوونە ئەوێ دەستنوێژیان دەشت و نوێژیان دەکرد. لەو ڕۆژەوە هەستم کرد کە ئەم حالەتەم ئەوەیە کە پیاو بەژن دەبەستێتەوە و حەز دەکا لەگەڵیا ڕابوێرێ. ئیتر لە بەردەرگای حەوش دەوەستام، کە ژن و کچ دەهاتن و دەچوون سەیری لەش و سینگیانم دەکرد... بەشەو لە ناو جێگام، هەر بەخەیاڵی ئەوەی لەگەڵ کچێکم، خەوم لێ دەکەوت... ئینجا تێگەیشتم یانی چی کە یەکێک لێی دەپرسیم (تۆ شەیتانت پێ پێکەنیوە؟) زانیم چۆن شەیتان هەموو شەو، پێم پێدەکەنێ!! خەونم بەکچانەوە دەبینی و لەگەڵیانا خۆش و ڕەحەت دەبووم، کەچی کە لە خەو هەڵدەستام، دەمزانی ئەوە شەیتان بوو! خۆی کردبووە ئەو ژنە! پەکووە! چ خۆش بوو!.

ئەمە وا، لە قوتابخانەش، کە پۆلی یەکی (متوسطة) بووم و ئەو ساڵە زۆر خۆش بوو لە لام. قوتابخانەکەمان زۆر دوور بوو لە شار - دەبووایە بچمەوە سەر شووران و مزگەوتە کۆنەکەی (خانەقا) و ئینجا شۆڕ دەبوومەوە لەوێوە بۆ لای گۆڕەپان (ساحە)ی یاری فوتبۆڵ و ئیستیعرازی ساڵانەی قوتابخانەکان. جا لە بەینی ساحەکە و قەبرستانی غەریبان، بینایەکی قوڕ هەبوو، بەئەسڵ، دەیانگوت، تەویلە بوو... تەویلەی هێستر و ڕەشەوڵاغ و حەیوانەکانی ماڵی کاکە زیاد ئاغا بوو... هەندێ دەسکارییان کرد و بەکرێ دایانە حکوومەت و کردی بەقوتابخانەی ناوەندی کۆیە (مدرسة متوسطة کویسنجق). بەتایبەتی زستانان کە کەش و هەوا سارد و باراناوی و ئەغلەب بەفریش دەباری و من لە مەسەلەی جلوبەرگ فەقیر بووم. زۆرم سەرما دەبوو. باوکم قاتێک جلکی عەسکەری (لیڤی) ئینگلیزی هەبوو، زۆری لەبەر نەکردبوو. بردمانە لای بەرگدرووێک بۆی بچووک کردمەوە و لەبەرم کرد، زۆر باش گەرم بوومەوە... قوماشەکە زستانی بوو. بەڵام مەسەلەکە ئەوە بوو کە تاقە قوتابی بووم جلی عەسکەریم لەبەر بوو... قوماشی خاکی. لە سەرەتاوە زۆر ناخۆش بوو... قوتابییەکان... هەندێکیان پێم پێدەکەنین و دەیانگوت هێشتا ناوت




من، قەمسەلەی (عەسکەری لیڤی)م لەبەرە ١٩٤٤

نەهاتۆتەوە بۆ عەسکەری... لە ئێستاوە جلی عەسکەریت لەبەر کرد. دوای مانگێک... شتەکە ئاسایی بوو، ئیتر کەس باسی نەدەکرد! دوو مامۆستامان لە هەولێرەوە بۆ هاتن:

یەکێکیان مامۆستا جەلال شەریف بوو، دووەم مامۆستا مستەفا شێخ نیعمەتوڵڵا. مامۆستا (عەلی مظفر)یش هات لەبەر نەبوونی مامۆستا، ئەو ئینگلیزی پێ دەگوتین. باش بوو لە ئینگلیزی، ئەگەرچی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوو و لە قوتابخانەی سەرەتایی ئوولا (مدرسة کویسنجق الاولی) موباشەرەی کردبوو، میلاکی لەوێ بوو، بەڵام یا بەتەنیسب بوو یا بەموحازەرات دەهاتە (متوسطە). مامۆستا شەوکەت محەمەد (کەچەڵ بوو) سیدارەی ڕەشی، بەخواری لەسەر دەنا، بەڕێوەبەرمان بوو. مامۆستایەکی خەڵکی سلێمانیشمان هەبوو ناوی (جەلال نیهال) بوو، دەرسی علوم عامەی فێر دەکردین.


مامۆستا جەلال شەریف

دەرسەکەی زۆر خۆش بوو لە لام. کە لەو خانووەی حاجی فاتم دابووین، کەمێک هەورازی ماڵمان، دوو سێ دوکان هەبوون، پێیان دەگوت (بازاڕە گچکەلۆکە) دوکانێکیان... وەک ئەشکەوتێکی تاریک بوو... دەرگایەکی بچووک هەبوو. پیرەژنێک لە ناویا، هەر لە نزیک دەرگاکە، لەبەر ڕووناکی، حەسیرێکی خورما و، هەندێ مێوژ و قاپێکی گوڵەبەڕۆژە و هەندێ نوقڵ و شەکرۆکە و... دانا بوو، ناوی (پلکە ئەستی) بوو. لە هەورازی ئەو، دوکانێکی باشتر هەبوو، کەمێک لە عەردەکە بەرزتر بوو، وەک لەسەر سەکۆیەک بێ، خاوەنەکەی ناوی فەقێ سەلیم بوو... ڕدێنی هەبوو... چاوی کلی ڕەشی تێ دەسوا و پرچی سەری وەک (سۆفی) درێژ بوو... ئەویش هەر قەسپ و گوێز و مێوژ و شەکر و چا و برنجی دەفرۆشت...

بەرامبەر فەقێ سەلیم، لەوبەری کۆڵانەکە، دوکانی قەسابێک بوو... وابزانم ناوی (ئەحمەد قەساب) بوو، ڕۆژێ یەک حەیوانی سەر دەبڕی: مەڕ، بزن، بەرخ... چۆنی ڕێک کەوتایە... لە خوار ئەویش چایخانە بوو... بەڵام ئیشی نەدەکرد... زوو

زوو خاوەنەکەی دەگۆڕا... بەجێیان دەهێشت، چونکە زۆر کەم خەڵک لێی دادەنیشتن! لە کۆڵانێک، نزیکی ئەو بازارە بچووکە ماڵی (حاجی تایەر) بوو، باوکی (جەلالە کەڕ و کەمال و ئەنوەر).


مەلا ئەنوەر

(**تێبینی:** ئەنوەر هاتە متوسطە و بووە قوتابیم – هەزار ڕەحمەتی لێ بێ – گوێی مۆسیقای هەبوو... لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی بەشداری دەکرد و وەک گۆرانیبێژ. دواییش ناویان لێ نا (مەلا ئەنوەر) و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کرد، بەشی مۆسیقا. بووە چاکترین قانوونژەن و مەقام زان... بەڵام زوو بوو زوو کۆچی دوایی کرد!) هەروەها لە نزیک ئەو ناوە، ماڵی برادەرێکی باوکم هەبوو ناوی (خورشید بەگ) بوو. کوڕەکەی ئەویش زوو کۆچی کرد ناوی ( تەها خورشید بەگ) بوو، ماڵیان نزیک بوو.

هەندێ جار خورشید بەگ و کوڕێکی حاجی کاکەمین بێجگە لە مەجید و عومەر و بەکر، ناوەکەیم لە یاد نەماوە، گەنجێکی جوان بوو، دوکانی هەبوو، لە تەنیشت دەرگای مزگەوتی گەورە... لە ناو بازاڕ، لەو شوێنەی ئێستا، کاک جەلال جۆبار دوکانی داناوە. ئەو دووانە هاتنە ماڵمان و لەگەڵ باوکم، هەندێ شەو ڕایاندەبوارد دەیانخواردەوە... جا کە مەست دەبوون، باوکم داوای لێ دەکردم سروود و گۆرانییان بۆ بڵێم! منیش بۆم دەگوتن زۆر کەیفیان خۆش دەبوو و چەپڵەیان بۆ لێ ئەدام و من زۆر خەنی دەبووم... وەکو دەڵێن: سەرم پێ گەورە دەبوو.

(**تێبینی:** ئەو خورشید بەگە، لە ساڵی **١٩٥٧** کە من بوومە مامۆستا لە قوتابخانەی ناوەندی کۆیە، کوڕەکی بووە قوتابیم ناوی (تەها) بوو. تەها خورشید... ژیکەڵە بوو... ڕووح سووک بوو... بەهرەی هونەری پێوە دیار بوو. منیش هانم دا و لەگەڵ قوتابییەکانی دیکە کە تیپی مۆسیقای باواجیم لێیان دروست کرد... تەها لە بەشی گۆرانی، وەک کۆرس، لەگەڵ مەلا ئەنوەر و ئەوانی تر، بەشداری دەکرد. هەروەها، تەها خورشید لە نواندن (تەمسیل)یش بەهرەی پێوە دیار بوو... لە شانۆگەرییەکان دەورم دەدایێ).

قوتابییەکانی پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ناوەندی کۆیەی کوڕان، لە ساڵی **١٩٤٣/١٩٤٤** کە لەم وێنەدا دیارن... ئەوانە بوون:





وەستاوەکان، لە ڕاستەوە:

١- بەکر حاجی کاکەمین.

٢- کاکە فەرەنسی.

٣-

٤- جەمال کەریم حەمە مەلا.

٥- سەعید عەبدوڵڵا (هەردوو دەستەکانی لەسەر ملی من داناوە).

٦-

٧-

٨-

٩-

١٠-

١١- مامۆستای وەرزش.

دانیشتووەکان (ڕیزی ناوەند) – لە ڕاستەوە:

١٢-

لە تەنیشتی ژمارە (١٢) – عەبدە کەریم (دەستەکانی لە کۆشی خۆی داناون)

* تەنیشت عەبدە:

* ئینجا (من) لەسەر چۆک وەستاوم و لە دواوەم (سەعید عەبدوڵڵا) هەردوو لەپی دەستی لەسەر ملم (یان شانم) داناوە.

* ئینجا لە تەنیشت من: سەمەد (صمد) محی الدین (سەری سفر لێداوە).

* لە تەنیشت (صەمەد...)...

*

ژمارە (١٩) جەمال سدیق.

ئینجا ئەو سێ قوتابییەی لە پێشەوە دانیشتوون، لە ڕاستەوە:

٢٠- تاهیر ئیسماعیل نەجاڕ.

٢١- ئەمجەد شێخ نورەدین (تۆپەکەی بەدەستەوە گرتووە).

٢٢- مستەفا عەبدولکەریم (ئێستا لە هەولێر شوێنی چاکردنەوەی تەلەفزیۆنی هەیە) نزیکی بارەگای (نووسەرانی کورد).

٢٣- ...........؟

* ئەم وێنەیەش لە بەردەم قوتابخانەمان (ناوەندی کوڕان) گیراوە لە کۆیە. لە دواوەشمان، گەڕەکی (سەرشووران) و هەندێ خانووی ئەوساکە دیارن. قوتابخانەکەمان – ئەو وەختە – دوور بوو لە شار، وەک لە وێنەکەدا دیارە. ئەمڕۆ، گەڕەکێکی – یان بەشێکی گەورەی شارە – نەخۆشخانەی جمهوریش، هەر لەو ناوچەیە. چونکە کاتێ ئێمە هێشتا قوتابی بووین، ئەم نەخۆشخانەیە تازە دەست بەدروستکردنی کرا، لە نێوان ساڵانی، ١٩٤٤/١٩٤٥ و ١٩٤٦ – من پۆلی سێیەم بووم و وەک کرێکاریش لە ساڵی ١٩٤٦، چەند ڕۆژێ ئیشم تێیدا کردووە و بە(عارەبانە). کەرپووچ یا گەچ یا خۆڵم دەکێشا ڕۆژانەش چوار پەنجایی بوو... جا ئەو نەخۆشخانە هەرچەند هەنگاوێک لە دیواری ڕۆژهەڵاتی قوتابخانەکەمان بوو. ژووری ئێمە، کە پۆلی سێ بووین (١٩٤٥ - ١٩٤٦)، پەنجەرەکانی دەیانڕوانییە شوێنی کار کردن و... کوورەی گەچیان هەر لەوێ دروست کردبوو و لێمان دیار بوو لە پەنجەرەکانەوە. لە کاتی پشووی نێوان دەرسەکان، یا ئەگەر (شاغیر)مان هەبووایە، دەچووینە دەرەوە و بۆ لای عەمەلە و کرێکارەکان دەچووین و وەستایەکان هەموو عەرەب بوون، خەڵکی مووسڵ بوون و بەعەرەبی قسەیان لەگەڵ دەکردین!



لە ساڵی دیراسی ١٩٤٤/١٩٤٥ بوومە پۆلی دووەم. هەمان مامۆستاکان دەرسیان دەداینێ. شەڕی جیهانیش، بەرەو تێچوونی هیتلەر و میحوەرەکەی بەخێرایی هەنگاوی دەنا. لە هەموو جەبهەکانی جەنگ لەشکر و هێزەکانی (حلفاء) سەردەکەوتن و شار لە دوای شار لە وڵاتانی داگیرکراو، ئازاد دەکران و میللەتان پێشوازییان لێیان دەکرد و سوپاسیان دەکردن... بەڵام دوای چی؟ دوای ئەوەی وڵاتەکان و شار و دێهاتەکان و ژێرخانە و زەوی و کێڵگە... هەموو بەسەر یەکا کاول و خاپوور بووبوون و کرابوونە کاول و خەرابە! گرانییەکی مەترسیداریش باڵی کێشابوو بەسەر هەموو وڵاتانی جیهان و ئەم دونیایە... خەڵک و فەقیر بەتایبەتی، سەریان لێ شێوا بوو... کار و کاسبی بەجارێ نەما بوو! ئێمەش، ئەگەرچی دوور بووین لە مەیدانەکانی شەڕ و پێکدادان، بەڵام فەقیری و هەژاری و بێ کاری بەشێوەیەکی فراوانتر بڵاو بووبۆوە. خۆ شاری کۆیە، هەر لە خۆیەوە، لە زەمانی پێش شەڕیش هەر دوور بوو لە ئاوەدانی و بازرگانی و یەک تاکە کارگە... یا شوێنی کارکردن لە شار نەبوو. ئەوەندە هەبوو کار و کاسبی سادە و ئیشی دەست لە بازاڕدا، وەک ئاسینگەری و دارتاشی و دروستکردنی خەنجەر و کڵاش و شتی ئا لەم جۆرانە... لێرە و لەوێ، لە بازاڕە قەیسەرییەکاندا هەبوو، هەروەها دروومانی جلوبەرگی پیاوانە... دەیەها بەرگدروو هەبوون... بەڵام ئەم کارانە ژمارەییێکی زۆر کەمی خەڵکی دەگرتەوە... ئەی ئەوانی تر؟ کرێکاریش زۆر کەم بوو... خانووبەرە دروستکردن هەر نەبوو! پاییزان، کاری قوڕکاری و سواخکردنی سەربانان زۆر دەبوو... چونکە هەموو خانووەکان، سەربانەکانیان (قوڕ) بوون... دەبووایە ساڵ نا ساڵ بەقوڕ و تێکەڵکردنی (کا)، سواخ بکرێنەوە...

ئەوەش ماوەکەی ئەم کارە کورت بوو... ژمارەی ئەوانی ئەو کارەشیان بەر دەکەوت، کە ڕۆژانەکەش زۆر کەم بوو، ژمارەیان کەم بوو. چاندنی دانەوێڵەش زۆر کەم بوو... پارە نەبوو. جووتیار بەگرانی لەسەری دەوەستا... چونکە زەوی موڵکی ئاغایان بوو...

لەو ماوەیەدا، چووینە حەوشێکی تر، نزیکی گەڕەکی مزگەوتی (منارە) بووین. حەوشەکە چوار ژووری گەورە بەڵام تاریکی تێدا بوو. چاکترینەکەیانمان بۆ دانیشتن و نووستن و حەوانەوەی خاووخێزانەکەمان تەرخان کرد. یەکێکیش وەک (مخزن) بۆ جەوکە و گۆسکە و تەنەکە و زەخیرە و نان کردن و خۆ شوشتن و... لەم بابەتە شتانە تەرخان کرد. منیش ژوورێکی کە بچووکترینیان بوو، بۆ خۆمم تەرخان کرد. مێزێکمان هەبوو لەگەڵ دوو کورسیم لێ دانا... دۆڵابێکی بچووکیشم هەبوو پڕ بووبوو لە کتێب و گۆڤاری غەیری قوتابخانە... ئەوەشم وەک (مەکتەبە) بەکارهێنا و کتێبەکانم تیایدا ڕیز کرد و ژمارەم بۆ

دانان و ڕۆژانە لە بەرامبەریا دادەنیشتم و کتێبم دەخوێندەوە. ئەو کتێبانە شتی باشیان تێدا بوو کە برادەران وەک هاورێ و دۆستی موخلیسم، کاک (حسام الدین طیب) کە مانگانە گۆڤاری (گەلاوێژ)ی خۆی دەدامێ، دوای ئەوەی کە لە خوێندنی دەبۆوە. من بۆ خۆم دام دەنا و دەمخوێندەوە، لە بەرگی یەکەمەوە تا دوا بەرگ هەروەها گۆڤاری دەنگی گێتی تازە کە لە (دائرة العلاقات)ی بەریتانی بەدەستم دەکەوت و باقی گۆڤارەکانی دیکە. هەروەها کتێبی (خلاصة تاریخ الکرد وکردستان)ی ئەمین زەکی بەگم بەدیاری بۆ هات لە لایەن برادەران. خولاسە، زۆربەی کاتم لە ژوورەکەما بەسەر دەبرد و جاروباریش، ئەگەر ئیمتیحانمان هەبووایە، یەک دوو برادەر دەهاتنە لام، وەک کاک کەمال کەریمی حەمە مەلا، برای کاک جەمال کەریمی حەمە مەلا و هەروەها برادەرە دیانەکانم، (کاکە فەرەنسی)




گۆڤاری گەلاوێژ



مێژوونووسی گەورەی کورد
"ئەمین زەکی بەگ"ی نەمر

کوڕی خواجە فەرەنسی، کە باوکی پیاوێکی ناسراوی دیانەکانی کۆیە بوو و لە نێو موسوڵمانەکانیش بەڕێز و موحتەرەم بوو... ئەگەر ئەو، ئەگەر خواجە ئەبرەهە، ئەگەر مام ئێلیا سوور و خواجە سەمەنی... و قەشە و شەماشە سێوە... ئەمانە شوێنی تایبەتییان هەبوو لە نێو کۆمەڵگەی شاری کۆیە...

لە پۆلی دووەم، لە وانەی (هەندەسە و کیمیا) هیچ تێنەدەگەیشتم. هەندەسە، مامۆستا حوسێن عەقراوی پێی دەگوتین (دوو برا بوون: حوسێن و عەلی-ن) جا یەکێکیان مامۆستا بوو، ئەویتر قوتابی بوو لەگەڵمانا. وتم: مامۆستا حوسێن... مامۆستا بوو. جا قوتابییەکە، واتا (عەلی) خەتی دەستی (واتا دەستخەتی) زۆر جوان بوو. نووسینێکی وەک (خطاط)ی دەنووسی! زۆربەمان داوامان لێی دەکرد، لەسەر کتێب و دەفتەرەکانمان،



ناومان بەخەتە خۆشەکەی بنووسێ! دەرسی کیمیاش مامۆستا و بەڕێوەبەر (کاک شەوکەت) پێی دەگوتین... زۆربەی جاران نەدەهاتە دەرس. بەموڕاقیبی دەگوت بێ دەنگ دانیشن، موتالا (مطالعة) بکەن، من ئیشی ئیدارەم هەیە.

هەندێ جار دەهات، جگەرەکەشی هەر لە نێوان لێوانی، بەدەست نەیدەگرت. کەمێک ڕمووزی کیمیا و موعادەلەیەکی بۆ دەنووسین... دوای دە (١٠) دەقیقە، دەچۆوە ژووری خۆی، ئیدارە، یاخود هەندێ جار، لە ١٠ یا ١٥ دەقیقە پێش کۆتایی دەرسەکە دەهات! بەم جۆرە، من یەکێک بووم لەو قوتابییانەی، بەجرە جڕ، سەری ساڵ (٥٠ پەنجام) وەرگرتبوو... واش بزانم، هەر خێری پێ کردبووم...

لە بەهارا، زۆر لە دەرسەکان، لە دەرەوەمان دەخوێندن! مامۆستا دەیبردینە سەر گردەکەی (غەریبان) کە زۆر نزیکی دیواری ڕۆژئاوای بینایەکەمان بوو، لەوێ لەسەر گیایەکە دادەنیشتین و دەمانخوێند، لەبەر هەتاو و کەش و هەوا خۆشەکەی بەهاری کۆیەی ڕەنگین.

جادەی ترومبێلی کە لە هەولێر و کەرکووکەوە دەهاتن، بەلای ئێمەدا تێدەپەڕین و بۆ شار دەچوون بەناو کەلێنەکەی سەرشووران... یا کە لە شارەوە بەرەو هەولێر و کەرکووک سەفەریان دەکرد!! ڕێگاکەش قیرتاو نەکرا بوو... هەندێ جار، ترومبێلەکان دەوەستان و لە شوێنێک یا لە شەخسێکیان، لە ئێمە دەپرسی، چۆن و لە کوێ دەتوانن چاویان پێ بکەوێ، یا لە دائیرەیەکیان دەپرسی، لە کوێیە؟ دووجار، دوو قوتابی تووشی ئەم جۆرە پرسیارە بووین بەڵام لە کەسانی بێگانە و بەئینگلیزی پرسیویانە و جا وەڵامی قوتابییەکانم تا ئێستا لە بیرە و پێدەکەنم هەر جارەی دێنەوە یادم!

جاری یەکەم: ترومبێلێک لە هەولێر یا لە کەرکووکەوە دێ و لە سەر جادەکە، نزیک قوتابخانەمان ڕایدەگرێ و لەو کاتە قوتابییەک لەسەر جادەکە، کتێبی بەدەستەوە دەبێ و بەپیاسەکردن دەرسەکەی دەخوێنێ. لە نێو سەیارەکە پیاوێکی ئینگلیز دەبێ و لەو قوتابییە پرسیار دەکا و بەچ حالێک تێیدەگەیەنێ کەوا (قایمقامی) دەوێ... دەیەوێ بچێتە لای. قوتابییەکەش گۆیا ئینگلیزی دەزانێ و لە وەڵاما، پێی دەڵێ: It is in the circle.

کابرای ئینگلیز پێدەکەنی و لێ دەخوڕێ... قوتابییەکە هات بەکەیف خۆشی ڕووداوەکەی بۆمان گێڕایەوە... مامۆستای ئینگلیزی، مامۆستا عەلی موزەفەر بوو (وابزانم) ئەویش پێکەنی و وتی:

ئاخر It is بۆ ئینسان بەکار ناهێنرێ، بۆ ئاژەڵ و بێ ڕۆح و (حیوانات و جمادات)

بەکار دەهێنرێ. هەروەها تۆ ویستووتە بڵێی: وا لە دائیرەیە! بەڵام وشەی Circle بۆ دائیرەی هەندەسی (واتا ئەڵقە) بەکار دەهێنرێ. بۆ دائیرەی حکوومەت دەبی بڵێی (... in the office).

جاری دووەمیش، دیسان کابرایەکی بیانی لە سەیبیارەیەکا، لە قوتابیێکی تر دەپرسێ... بەچاکی گفتوگۆیەکەم لە یاد نەماوە، ئەوەندەم لە بیرە: قوتابییەکە وشەی (arithmetic) کە مانای (حیسابە... واتا عیلمی حیساب و ژمارە...). کەچی قوتابییەکە بەمانای: لەسەر حیساب... واتا ئەو (پارە) کە دەدات، لەسەر حیسابی خۆی! جا وابزانم ڕستەکە بەو جۆرەی گوتووە:

on my arithmetic.

یەک لەو دوو قوتابییانە، بەدڵنیاییەوە دەڵێم: کاک تاهیر ئیسماعیل نەجار بوو. ئێستا لێرە، لە هەولێرە و لەمێژە لە ئەمریکاوە، بەڵگەنامەی – ماستەر –ی لە کشتوکاڵ هێناوە، لە یەکێک لە بەشەکانی ئەم (دائیرەیە – لە بەشی دارستان)دا مووەزەف بوو، تا ماوەیەکی زۆر... ئێستا ڕەنگە خانەنشین بووبێ!.

چەند ڕۆژێک، لە پێش جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٥، برادەرمان و ڕەفیق صنفمان، کاک حوسامەددین تەییب، کەوا گەنجێکی نیشتمانپەروەر و ڕۆشنبیر و مەیلەو عەسەبییش بوو، لە گەورەترین قوتابیانی پۆلەکەمان بوو، پۆلی دووەمی ناوەندی، وەرەقەیێکی دامێ وتی ئەمە بخوێنەوە و چاک لەبەری کە. سەیرم کرد دەمەقالەیەک بوو بەناوی (دەمەتەقێی دوو منالی کورد)ی شاعیری کوردی ناوداری ئەوسا، (قانیع)ی تێدا نووسرا بوو. حوسامەددین (وەفاتی کردووە بەرەحمەت بێ) گوتی: ئەم دەمەتەقێیە من و تۆ، لە بەردەم جەماوەرەکە دەیلێین. من پرسیارەکان دەکەم، تۆش وەڵامەکانم دەدەیتەوە – گوتیشی کەوا لە (شاخی شکە) سەیران و ئاهەنگێکی گەورە دەکرێ ڕۆژی نەورۆز و هەموو خەڵکی شار دەچنە ئەوێ – سروود دەگوترێ – شایی و ئاگری نەورۆز لەوێ دەکرێتەوە. لە بیرمە، سەرەتا دەمەتەقێیەکە بەم جۆرە بوو.(*)

– ئەی کوڕ نەوەی کێی؟

– نەوەی شێرانم.

– تۆ لە کام هۆزی؟

(*) بڕوانە دیوانی شاعیر قانع.



– لە هۆزی کوردانم.

– بۆ ڕەنگت زەردە؟

– دەردم گرانە... (تا دوای بابەتەکە)

ئەوە بوو ئیتر هەموو ڕۆژێ، لە قوتابخانە و، لە پشووی نێوان دەرسەکان، یا ئەگەر دەرسێکی (شاغر)مان هەبووایە، لە قوژبنێک، لە ژوورێکی بەتاڵ، بەدوو قۆڵی: من و کاک حوسامەددین تەییب، پرۆڤەمان دەکرد تا زۆر چاک دەورەکانمان لەبەر کرد و بێ کاغەز دەمانگوتەوە.

ڕۆژی جەژنی نەورۆز، ١٩٤٥/٣/٢١، بەیانییەکی هەتاو و بەهارێکی یەکجار خۆش بوو. لە ڕێگامدا بۆ قوتابخانە، دەمدی هەر خەڵک بوون کۆمەڵ بەکۆمەڵ، خاووخێزان، بەناو کۆڵانەکاندا دەڕۆیشتن... هەر سەماوەر بوو، سەبەتە بوو پڕ لە خواردن و میوە و بەتانیە و دۆشەگۆکە... مناڵ و هەرزەکارەکان هەڵیانگرتبوون و لە پێش خێزانەکانیاندا بەرەو دەشت و دەرەکەی باخەکانی (ئۆمەر خوچان) و (شاخی مشکە) و ڕووبارە پڕ ئاوە زیبوینەکەی و هاژە هاژی ئاوەکە، ڕوویان کردبوو.

ئێمەش دوای ئەوەی هەموو قوتابییان ئامادە بوون، بەڕیز، لەگەڵ مامۆستاکانمان و بەڕێوەبەر، ڕەحمەتی مامۆستا (شەوکەت عەبدوڕەحمان) بەڕێ کەوتین... بەچەپڵە و سروودی جۆراوجۆر ڕوومان لە شوێنی ئاهەنگ و سەیرانەکە کرد. حەشاماتێکی گەور... سەیرانکەرانێکی زۆر ڕژابوونە ئەو ناوە، جلی سەوز و سووری کیژۆڵە و ئافرەتی ڕازاوەی جوان و نەشمیلە، لە نێو گیا و گوڵ و گوڵزار و ژێر درەختەکان... تابلۆیەکی قەشەنگیان دروست کردبوو... لە شوێنێک، چەند مەنجەڵێکی گەورە لەسەر ئاگر دانرابوون و چەند ئافرەتێکی کابانی بەزەوق و چالاک خەریکی چێشت لێنان بوون بۆ هەموو ئامادەبووەکان... بچووک و گەورە...

لە شوێنێکی تر، کەمێک بەرز، کە دەیڕوانییە دیمەنی ڕووبار و دار و درەختەکان و لە پەنا شاخە زلەکان... بەرامبەر بەزنجیرە چیای هەیبەسوڵتان، مافوور و لاکێش و بالیف ڕاخرا بوون و ڕیز کرابوون... میوانان و پیاو ماقووڵ و مامۆستا و موزەفەکانی دائیرەکان، جووت جووت، کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتن و لەوێ شوێنیان بۆ دیار دەکرا و لێی دادەنیشتن. هەندێ گەنج لە خزمەت میوانەکان وەستا بوون: ئاوی سارد، جگەرەیان پێشکەش میوانەکان دەکرد!

لە بەردەم میوانەکان یەک دوو ڕادیۆی گەورە دانرا بوون تاکو دەنگ لە میکرۆفۆنەکەوە بۆ سەماعەکانیان بچێت و لەوێوە خەڵکەکە گوێیان لە بڕگەکان بێ.

دوورتریش، لەملاتر، میکرۆفۆنێک، کە هەر ئەویش (سماعە)یەکی ڕادیۆ بوو، وا وەستایانە گۆڕدرا بۆوە تا کاری میکرۆفۆن ئەنجام بدات. جیهازەکانیش هەموو بەپیلی (پاتری) گەورەی ترومبێل کاریان دەکرد. چونکە وزەی کارەبا هێشتا لە (کۆیە) شتێک بوو خەونیشمان پێوەی نەدەبینی!! جارێ ڕێگاکانی کە (کۆیە)یان بەهەولێر و کەرکووک دەبەستەوە، قوڕ و تاسە و بەردەڵان و خۆڵەپۆت بوون... بەزستانان، زۆر جار، ترومبێل بەدوو ڕۆژ دەچووە کەرکووک یا هەولێر... یا لەوێوە دەهاتە کۆیە! جا کارەبا؟؟... هەر باسی لێوە مەکە!

ئیتر بەرنامەکەی داڕشترا بوو لە لایەن لیژنەی نەورۆز دەستی پێ کرد. قورئانی پیرۆز خوێنرایەوە... وتاری بەخێرهاتن و... نەورۆز و مێژووی ئەم جەژنە کوردییە و شیعر و سروود و... هەروەها (دەمەتەقێ)یەکەی من و کاک حوسامەددین... بەرنامەیەکی تێروتەسەل بوو. ئینجا دەست کرا بەدابەشکردنی خواردن... هەموو ئەوانەی هاتبوونە سەیران... خواردنی نیوەڕۆیان لەسەر حیسابی لیژنەکە خوارد... خواردنەکەش ساوار بوو لەگەڵ برنج... هەندێ یاری کرا... لە دوا بڕگەی پرۆگرامەکە ئاگرکردنەوە بوو. چەندین بارە دار لەسەر یەک کۆ کرابوونەوە و دانرابوون بەبەرزی چوار مەتر... زیاتریش جا مامۆستا (شەوکەت)ی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان، کەسێکی دیکەی نەبینی لە من زیاتر... هاواری کرد: ئەندریۆس، تۆ بچۆ لە لای دارەکان بوەستە و ئاگات لێیان بێ! بەم جۆرە منی لەوێ (چاند!) و خواردن بۆ من نەما بوو... هەرواش، تاکە کەس بووم بەبرسێتی گەڕامەوە ماڵەوە! ئەوە بوو یەک تەنەکە نەوتیان بەسەر دارەکان داکرد و، لە نێوان چەپڵە و سروود لە سەدەها قوڕگی گەورە و بچووک کە لە گۆڕەپانەکە لە دەورەی ئاگرەکە کۆ بووبوونەوە، ئاگر لە دارەکان بەردرا و بووە چەپڵە و هەلهەلە و بژی... بژی و... تاد. ئەمە نزیکی ڕۆژ ئاوابوون بوو... ئیتر دوای وتار و سروود و جەژنە پیرۆز کردن لە هەموو لایەک و لە کورد و کوردستان... وردە وردە، سەیرانکەران، بەرەو شار و ماڵ بەڕێ کەوتن، هەر بەسروود و گۆرانی و چەپڵەڕێزان! شەوقی گڵپەی ئاگرەکەش تا درەنگ، دوای خۆر ئاوابوون هەر مابوو. چەندین گەنج و خاوەن زەوق و دەنگخۆشانیش، هەر لەو ناوە مانەوە و بەمەی خواردنەوە و گۆرانی وتن، ساتەکانی شەویان بە خۆشی لە جەژنی نەورۆز ڕابوارد.

لێرەدا شتێکم هاتەوە بیر کە وابزانم هەر بەیانییەکەی ڕۆژی نەورۆز بوو، قوتابییەکانی



خۆمان، پێش هاتنی بەڕێوەبەر (مامۆستا شەوکەت) و مامۆستاکان، تەگبیرێکی نوکتەئاسایان کرد. قوتابییەکیان ناوی (جەمال سەدیق) بوو لە بەردەم دەرگای قوتابخانە، لە دەرەوە، لەسەر زەوی لە ناو گیاکە درێژ بوو، دەستەسڕێک یا پشتێنێکی ڕەنگ سووریان بەسەر دەموچاو دادا و دایانپۆشی. قوتابییێکیش یا دووان بوو، بەغاردان چوونە ماڵی مامۆستا شەوکەت - بەڕێوەبەر - دووریش بوو لە قوتابخانە! پێیان وت «مامۆستا خێراکە زوو وەرە ئەوە قوتابییەکیان کوشتووە - یا بریندار کراوە... لە بەردەم قوتابخانە...» مامۆستا دەشڵەژێ، نازانێ چۆن پیجامەکە داکەنێ و پانتۆڵەکە لەبەرکا و کراس و چاکەتی بەخێرایی لەبەر دەکا و بوینباغە چڵکنەکەشی هەر لە ڕێگا لە مل دەبەستێ و بەورگە پڕ و خڕەکە و سیدارە خواروخێچەکە... بەکۆڵاناندا، لە دوای قوتابییەکان وەک سەرخۆش بەولا و بەملادا... هەنگاو دەنێ چونکە هەندێک خڕیلە و قەڵەو بوو! لە سەرشوورانەوە ئێمە کە لە دەورەی (جەمال سدیق) کۆ بووبووینەوە، بینیمان وا بەخێرایی غلۆر دەبێتەوە بۆ لامان! سەرشووران بەرزایی بوو... مەکتەبمان لە خوارەوە بوو. لەوانە زیاتر لە کیلۆمەترێکیش دوور بوو! هەرکە هات ئێمە ڕێگامان بۆ چۆڵ کرد تا هاتە سەر لاشەکە! بەسەرسووڕمان و بەهاوار و عەسەبیەت و هەناسەبڕکەوە هاواری دەکرد. چی قەوماوە! بڵێن! ئەمە کێیە؟ کام قوتابییە - وتیان جەمال سدیقە! داهاتەوە بەهێواشی و بەترسەوە، دەستەسڕەکەی لەسەر دەموچاوی لابرد! قوتابییەکە جوولایەوە و وابزانم پێکەنی! ئیتر جەنابی مودیر لەبەر عەسەبیەت و ماندووبوون و ئەو شانۆگەرییە کۆمیدییەدا، نەیزانی بڵێ چی! هەرهەندە هات و هاواری کرد و جوێنی دا و چووە ژوورەکەی خۆی هەر بەمڕە مڕ! ئەو ڕۆژە باس هەر ئەو باسە بوو! تا ئەمڕۆش، جاروبار، کە تەسادوف لەگەڵ یەکێک لەو قوتابییانەی ئەوسا، کە ئێستا هەموو پیرن، کۆ دەبینەوە... یا لەسەر شەقام یەکتر دەبینین و دوای چاک و خۆشی و چەند و چۆنی، باسەکە دەمانباتەوە ئەو کاتە و زۆربەی جاران باسەکەی (کوشتنی!) جەمال سدیقی فەقیر و شەوکەتە کەچەڵی بەڕێوەبەر، بەڕەحمەت بێ، دێتە ناو باسان و پێی پێدەکەنینەوە!

گۆڤاری گەلاوێژم زۆر خۆش دەویست. کە سەری مانگ دەهاتە کۆیە، زۆر هەوڵم دەدا زوو بەدەستم کەوێ و بیخوێنمەوە. کە بەدەستم دەکەوت، هەر ئەو ڕۆژە دەبووایە لە بەرگی یەکەمییەوە تا دوا بەرگی، بەئیعلاناتیشەوە و بەناوی (باوەڕ پێکراوانی) گەلاوێژیشەوە... هەموویم بخوێندبایە! ئای چەندم لەزەت لە نووسینەکان و شیعرەکانی (دیوانی گەلاوێژ) و چیرۆکی ژمارە و... تاد وەردەگرت. جگە لە گەلاوێژ، لە (دائرة العلاقات العامة)ی کە

بەسەرپەرشتی باڵیۆزخانەی بەریتانیا کرابۆوە لە کۆیە، لە ژوورێکی یانەی فەرمانبەران، ژمارەییەک ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە دەهاتن و دەمکڕین. زۆریش هەرزان بوون وەک گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)، أخبار الحرب والعالم، الطالب، المختار، النفير، المستمع العربي و، زۆر شتی تر. وام لێهات (مودمن) بووم لەسەر خوێندن. لەگەڵ کتێبی مەکتەب زۆر بەینم نەبوو... هەندێکیانم هەر خۆش نەدەویست! کتێبەکەی (التاريخ العربي) لە دانانی (محمد عزة دَروَزَة)م زۆر خۆش دەویست و کتێبی العلوم بەتایبەتی باسەکەی لەسەر ئەستێرە و (الكواكب ) و علم الفلك... و کتێبی (جغرافية العراق)ی (طه الهاشمي)... ئەوانەم زۆر دەخوێندنەوە و تام و چێژم لێیان وەردەگرت!

دۆڵابێکی داری بچووکمان هەبوو ڕەنگە مەترێک زیاتر بەرزایی بوو دوو دەرگا بوو، پانایی لە مەترێک کەمتر بوو... قووڵاییشی هەر ٤٠ سانتیمەترێک دەبوو... ئەوەم کردە مەکتەبە پڕم کرد لەو کتێب و گۆڤارانە... هەر کاتیشم هەبووایە لە بەرامبەری دادەنیشتم و کتێب و گۆڤارەکانم دەهێنایە دەرەوە و هەندێکم لە هەر یەکێک دەخوێندەوە و دیسان دەمگەڕاندنەوە ناو دۆڵابەکە...




بەرگی ژمارە یەکی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵانی چلەکان.
نووسینێکی مامۆستا مستەفا شێخ نیعمەتوڵڵای لەنێو وتارەکاندا دیارە کە لە بابەت (جوگرافیای کوردستانی عێراق"ە، کە بەزنجیرە، بڵاوی دەکردنەوە

لە مامۆستایەکانم کە زۆرم خۆش دەویستن و ئەوانیش منیان خۆش دەویست: مامۆستا جەلال شەریف... زۆریش ئەو وتارانەی لە (گەلاوێژ) لە بابەت پەروەردەی (منداڵ)ەوە بڵاوی دەکردنەوە، بەحەز و ڕەغبەتەوە دەمخوێندنەوە... مامۆستاکەی تر، خوالێخۆش بوو (مصطفى شێخ نعمەالله) بوو کە جوغرافیا و عەرەبی دەداینێ! لە عەرەبییەکە، هەستمان دەکرد، کە زانیارییەکانی لە بابەت (قواعد)ەوە، تێروتەسەل نەبوون. بەڵام لە دەرسی جوغرافیا، جگە لەوەی ناو کتێبەکە، شتی زیاتریش بۆمان ڕوون دەکردەوە. هەروەها، ئەویش لە (گەلاوێژ) زنجیرە وتارێکی بڵاو دەکردەوە لە ژێر عینوانی (جوگرافیای کوردستانی عێراق)... کە هەمووم دەخوێندەوە. ئەم مامۆستایە نەخۆشی وەرەم (سل الرئوي) هەبوو... زۆر ڕەنگ زەرد و لاواز بوو... هەمیشە ساقۆ (قاپوت)ێکی لەبەر دەکرد... سەرمای نەبێ! هەزار






ئەم وێنەیەم لە کاک نەژاد عەبدوڵڵا وەرگرتووە، خاوەنی مەکتەبەی (هاوڕێ) لە هەولێر منداڵەکە "نەژاد عەبدوڵڵا عەزیزە"ـە، باوکی، مامۆستا بوو لەگەڵ ئەم تاقمە ژمارە (٧) لە دواوەیە مامۆستاکانی قوتابخانەی (اولی)ی سەرەتایی هەولێر لە ساڵی ١٩٤٠/١٩٤١. مامۆستا مستەفا شێخ نیعمەتوڵڵا یەکێکیانە، لە پشت منداڵەکە، لەسەر "چینچکان"دا نیشتووە. ئەم وێنەیە پێش هاتنی مامۆستا بۆ کۆیە گیراوە

ڕەحمەتی لێ بێ، کە لە کۆیەوە گەڕایەوە هەولێر، بیستمان وەفاتی کرد و زۆرم سوو بۆوە! دواتریش لە ساڵانی نەوەتەکان وتارێکم لە بابەتییەوە نووسی لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لە دوو ژمارەی بڵاو کرایەوە! مامۆستای وەرزش، هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، ئەویشم زۆر خۆش دەویست کە مامۆستا (حەمید ساڵح بێتووشی) ناو بوو. وەرزش و تەمارینی پێ نەدەکردم. حەزم لە وەرزش نەبوو. داوای لێ نەدەکردم پانتۆڕی ڕەشی (شۆرت)ی (ریاضە) لەبەر کەم. لە دەرسی ئەو، بۆ خۆم لەو دەشت و دەرەی دەورەی قوتابخانەکەمان پیاسەم دەکرد و کتێبێکم دەخوێندەوە، تا دەرسەکە تەواو دەبوو.

عادەت بوو لە جەژنەی لە دایکبوونی عیسای مەسیح و جەژنی (قیامە)دا، دیانەکانی کۆیە دەچوونە هەرمۆتە و ڕۆژی دواتر، هەرمۆتەییەکان دەهاتنە کۆیە، بۆ مەبەستی جەژنانە پیرۆزکردن و هەروەها زیارەتی خزمان و دۆستان لە هەردوو لا. جا لە ڕۆژی چوونی کۆیییەکان بۆ هەرمۆتە، باوکم و گۆریێل (باوکی یوخەننا و شمۆئیل) و تۆماس و ئیبراهیم ئیسحاق (ئیچوو)... ئێمەی کوڕەکانیشیان لەگەڵیانا دەچووینە گوندی هەرمۆتە... دەچووینە جەژنە پیرۆزکردن لە مام قەشە (ئەنتۆن)ی باوکی کاک (حەننا ئەنطوان)ی

مامۆستا. لە پاشان جەژنانەی چەند دۆستێکی وەکو (شمعون - مام شموونە) و (وارێ)ی بێوەژن، دایکی خوالێخۆش بوو (ئیسرائیل)...

لە ماڵی وارێ باوکانمان عارەقیان وەردەگرت، چونکە وارێ عارەقی قاچاغی دەردەهێنا و دەیفرۆشت، بەو پارەیە دوو منداڵەکەی بەخێو دەکرد... ڕەحمەتی لێ بێ! هەروەها (مامان)یشی دەکرد. پێمان دەگوت (هەتە وارێ) یانی (پلە... یا پلکە وارێ). وە بۆ وەردیەی خوشکم، ئەو مامانی دایکمان بوو.

جا لەگەڵ خەڵکی تر دوای نیوەڕۆ، هەموو دەچووینە ناو باخچەکانی گوندەکە، لە ژێر زەیتوون و درەختەکانی تری هەنار و هەرمێ... دادەنیشتن... ئیتر هەرکەسە و لەگەڵ هاوڕێکانی خۆی لە لایەک سفرەیان ڕادەخست و پەرداغی عارەق تێ دەکرا و دەخورایەوە... دوایی ئینجا دەبووە گۆرانی گوتن و شایی و هەڵپەڕکێ دەبەسترا...

لە یەکێک لەو دانیشتنانە... منیش ناوە ناوە فڕێکم لە پەرداغەکەی باوکم لێ ئەدا و هەستم کرد سەرخۆش بووم! ئەو خەیاڵاوییەم لە لا خۆش بوو... ئێوارە کە گەڕاینەوە ماڵەوە... من ڕشامەوە! دایکم توورە بوو و هاواری کردە سەر باوکم، وتی: «کوڕەکەش فێرە عارەق خواردن بکە، دەی وەک خۆت! بەڵام باوکیشم هەر پێدەکەنی و دیار بوو دیمەنەکەی منی... سەرخۆشی پێ خۆش بوو! ئەمە لە جەژنێکی بەهار بوو... دیارە جەژنی (قیامە)ی ساڵی ١٩٤٣ بوو، کە یەکەم جار عارەقم خواردەوە...! لێرەدا وێنەی (یعقوب افندي)م لە پێش چاوە کە سیدارەییێکی لەسەر دەنا و موەزەف بوو لە گومرگ. تووتنی فەحس دەکرد. لە مەسیحییەکانی ماردین بوو... ئەوە سەرخۆش دەبوو، هەڵدەستا سەرپێ، بوتڵە عەرەقەکەی بەدەستێک بەرز دەکردەوە، بەدەستەکەی تری پێکەکە... ئینجا فڕی لە پێکەکەی دەدا و گۆرانی عەرەبی مووسڵاوی و ماردینی دەگوت و سەماشی دەکرد! دەنگی ئەو وەختە لەو گۆرانیانە خۆش بوو. دەنگی ئەستوور و پیاوانە بوو! ئەو یەعقووب ئەفەندییە ژنی یەکەمی وەفاتی کردبوو، کە وابزانم هەر لە خۆیان بوو، دواتر بووە زاوای مەسیحییەکانی کۆیە و ژنێکی دووەمی لەوێ هێنا. کوڕێک و کچێکی جوانکیلەی هەبوو.

یەعقووب ئەفەندی پارەییێکی چاکی دەست کەوت لە ساڵانی چلەکانا لە فەحس کردنی تووتن. ئاغاکان و خاوەن تووتنەکان پارەیان دەدایێ بەدزی تاکو لە ڕۆژی فەحس کردنی تووتنیان بەدەرەجەی (مومتاز)، یان دەرەجە (اولی)یان بۆ حیساب بکات و هەروەها خۆی فەردەکانی لە (قەپان) دەدا و هەر فەردەی چەند کیلۆیەکی زیاتر لە قورسایی فەردە



تووتنەکەی بۆ دەنووسین - بەم دوو حاڵەتەش هەر فەردە تووتنێک نرخی دەگەیشتە دووجار هەندی نرخی ئەصڵی خۆی! - مام یەعقووب بەماڵەوە، لە دوای شەستەکانا، گوازتیەوە بۆ هەولێر و هەر لە هەولێر کۆچی دوایی کرد!.

هەر لەو ساڵانەی چلەکانا و کە تووتن زۆر دەچێنرا و حکوومەت بەنرخێکی باش لە (فەلاح)ەکانی دەکڕی و لەبەر ئەوەی دائیرەی (انحصار)ە کۆنەکە پڕ بووبوو، خاوەن تووتن خانوو یا ژووریان لە ماڵان بەکرێ دەگرت و فەردە تووتنەکانیان لەو ژوورانە دەپاراستن تا ڕۆژی فەحسیان بێت، ئینجا ژوورەکانیان چۆڵ دەکرد و تووتنەکەیان دەگوازتەوە ئیدارە - گومرگی کۆن - دوای فەحسیش، ڕۆژانە کاروانی لۆری ئەهلی و عەسکەری دەهاتن و تووتنیان بار دەکرد و دەیانبردە کەرکووک، لەوێشەوە بەشەمەندەفەر، بۆ بەغدا و بۆ کۆمپانیاکانی جگەرە - پاکەتی جگەرەش زۆر جۆریان و ناویان هەبوو - خۆشترینیان و چاکترینیان:

١- پاکەتی (ترکی) بوو لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای کابرایەکی کورد بوو وابزانم ناوی (عبداللطیف) بوو - یا (لوتفی)... پاکەتەکە وەک سندووق بوو موقەووا بوو. ٢٠ جگەرەی تێدا بوو - جگەرەکانیش پان بوو.

٢- پاکەتی (غازی) کە ئەویش زۆر باش بوو ڕەواجی هەبوو، ٢٠ جگەرەی تێدا بوو، جگەرەکان خڕ (اسطواني) بوون.

٣- لوکس ابو العگال - پاکەتەکەی کاغەز بوو. ٢٠ جگەرەی خڕی (اسطواني) تیا بوو.

٤- لوکس ملوکی - پاکەتەکەی سندووق و لە مقەووا دروست کرابوو - ٢٠ جگەرەی خڕی تێدا بوو.

٥- النهضة - هەر وەک ئەوان.




٦- خصوصي - ٢٠ جگەرە - پاکەتی کاغەز بوو.

٧- العرب - ٢٠ جگەرە - پاکەتی مقەووا - سندووق بوو.

٨- النخیل - ٢٠ ج.

هەرزانترین جگەرە پاکەتی جگەرەی (العرب) بوو، بەعانەیەک



گومرگی کۆنی کۆیە کە لە چلەکانا تووتنی تێدا دەپارێزرا و فەحس دەکرا و لێرەوە بە لۆری ئەهلی و عەسکەری دەنێردرایە بەغدا

(واتا ٤ فلس) بوو! هەندێکیـــان پاکــەتی بە(٦ شــەش) فلس بوو، گــرانتــرینیــان، جگەرەی (تــرکی) بوو، پاکـــەتی بە ١٠ و ١٢ فلس بوو. (ئەم نرخانە لە سالآنی ٣٨ و ٣٩ و ٤٠ و تـا ١٩٤١ وا بـوون). دوای ئەوە نـرخـەکـان زیادیان کـرد. لەگەڵ هەڵگیرسان و توندوتیژ بوونی شــەڕی جـیــهــانی دووەم. وابوو لە سالآنـی ناوەڕاستی چلەکان: ١٩٤٥ و ٤٦ و هەورازتر، نرخی پاکەت گەیشتە ١٦ – ٢٤ فلس و دواتر بووە (٣٢ فلس) من و بنیـامین (ئامـۆزام) و یوخەنناى کـوڕی گەوریـل، کە خزم بووین و باوکـمان پۆلیس بوون: هەرسـێکـمـان فـێـر بووین چۆن جگەرە (قـامـیش) پڕ کەینەوە لە تووتن بۆ باوکمان، چونکە لەبەر گرانی نرخەکانی پاکەت، قـامیشیان دەهێناوە مـاڵەوە، مـەبەست جـۆرە کـاغـەزێکی جگەرە بوو، لـوول درا بوو بەقـەوارەی جگەرەیەکی ئاسایی، لە لایەکی ئەو لوولەیە، کـە وەک قـامـیشە دار بـوو، قـونچکێکی بەکـاغـەزی تێ پەسترا بوو، کە درێژایی دوو سانتیمەترێک دەبوو. باقی لوولە کاغەزە – قـامیشـەکە ٦ سـانـتـیـمـەتر دەبـوو، بەتاڵ بوو. جـا تـووتنیـشـمـان دەکـڕی و لە ناو ئەو لـوولە کـاغـەزەدا دەمــانپــەست و تیــمــان دەکــرد تا چاک پڕ دەبـوو و دەبووە جگەرەیەک. ڕۆژێ ٢٠ تا ٣٠ جگەرەمان بۆ باوکمان ئامادە دەکرد و ئەوانیش قوتوویەکی (معدن)ی تایبەتیان کڕیبوو بۆ جگەرە، جگـەرەکـانیـان لە ناو قـوتووەکـە ڕیز دەکرد و لـەگـەڵ خـۆیانیــان هەڵدەگـرت. لە کـاتی پێـویست، جگەرەیان لەو قوتووانە دەردەهێنا و بەشخاتە پێیان دەکرد و دووکەڵەکەیان بەبا دەکرد. زۆر جار ڕێک دەکەوت تـووتنی باشیان دەکڕی و بۆنی جگـەرەکـە لە ئـی پاکـەت خـۆشتـر دەبوو. جـا ئێـمـەش، هەرسێکمان، بەبەردەوامی ئەم کارە، فـێر بووین، جاروبار، هەریـەکـە و جگـەرەیەکـمـان دادەگـیـرسـان و بەدزی باوکـمـان کاتێ لە ماڵ نەبوونایە، جگەرەکانمان دەخوارد!!






لە جەژنەکانمان، کەمێک پارەی جەژنانەمان بۆ دەهات، جا هەرسێکمان و هەندێ جار (ڕەجەب)یش لەگەڵمانا، پاکەتێکمان بەشەراکەت دەکڕی لەگەڵ شخاتەیەک و بەرەو هەرمۆتە بەڕێ دەکەوتین، لە ڕێگا ناوە ناوە سێ یا چوار جگەرەمان دەکێشا... دەچووینە مـاڵی (وارێ)ی مـامـانی دایکانمان، لەوێ کـولیـچـە و چای دەرخـوارد دەدایـن و ئـینجـا دەچووینە ناو ڕەزەکان و سەر ڕووبارەکە و... تا ئێوارە دەگەڕاینەوە، پاکەتەکەشمان تەواو دەکرد.



سەیرانێک لە باخچەکانی زەیتوونەکانی دێی "هەرمۆتە"



من و بنیامینی ئامۆزام، کە هەردووک گەنج بووین، ساڵی ١٩٥٠ لە کەرکووک گیراوە. بنیامین "هەزار ڕەحمەتی لێ بێ" وەک ڕابەرێک پارێزەرێک، برایێکی گەورە بوو بۆ من. لە دەرەوەی ماڵی خۆمان بنیامین "قدوە"م بوو. زۆرم خۆش دەویست. ئەویش هەروەک برایێکی بچووکی خۆی مامەڵەی لەگەڵما دەکرد. هەستی دەکرد کەوا مەسئوولە بەرامبەر بەمن و دەبێ ئاگادارم بێت.

لەگەڵ بنیامین و ڕەجەب عەبدوڵڵا، هەموو ڕۆژانی هەینی یا جەژن یا هەر پشوو (عطلة)یەک هەبووایە، بەهاوین و بەزستان، دەچوومە گەڕان: گەڕانەکە ئەغلەب بۆ لای حەمامۆک دەبوو. بەناو باغ و ڕەزەکان و هەر بەڕۆخی ڕووبارەکەدا، دەڕۆیشتین و ڕەجەب نوکتەی زۆری لا بوو... قسەی سەیروسەمەرەی دەگێڕایەوە... ئێمەش پێدەکەنین! ئەم کوڕە (ڕەجەب)ە دایکێکی هەبوو ناوی (سەیید ئامین) بوو. کوردی باش نەدەزانی... بەعەرەبی و بەتورکی زیاتر لەگەڵ ڕەجەبی کوڕی دەئاخافت. لەگەڵماڵی ئێمە و ماڵی مامم و هەموو ماڵە ئاسوورییە دیانەکان تەبا بوو و دەهاتە لای دایکم و مامۆژنم و ئەوانی دی... دادەنیشتین و سەربوردەی خۆی بۆیان دەگێڕایەوە، بۆ سەیید ئامین. ئێمەش زۆر یارمەتیمان دەدا... مەبەستم ماڵە پۆلیسە ئاسوورییەکان، زیاتر لەبەر خاتری (ڕەجەب) چونکە برادەرێکی دڵسۆزمان بوو، هەمیشە لەگەڵمانا بوو... تەنها بۆ نووستن دەچۆوە ماڵی خۆیان.

(**تێبینی:** بۆ جاری دوایی، پێش مردنی، لەو ساڵانەدا، پێش مردنی بنیامینی ئامۆزاشم، ڕەجەب و منداڵەکانی، ڕۆژێک، ئێمە لە ماڵی بنیامین بووین، لە خانووەکەی لە عەنکاوە... لە ژێر کەپرەکەی بەردەرگایان دانیشتبووین، هەر ئەوەندەمان دیت ڕەجەب بەپێکەنینەوە، لەگەڵ منداڵەکانی هات... زۆر بەگەرمی پێشوازیمان لێ کردن و (ڕەجەب)م بەگەرمی و بەهەموو دڵمەوە، لە باوەشم گرت و یەکترمان ماچ کرد. ئینجا دانیشتین... و باس هەر باسی ڕۆژانی خۆشی ژیانمان لە (کۆیە) بوو! دوای ئەوە... هەردووکیان، کۆچی دواییان کرد، بەداخەوە، هەزار هەزار سڵاو لە گۆڕیان بێ و لە ڕووحی پاک و مرۆڤی سادە و ساکار و بێ حیلە و حەواڵە!

ئەم شوێنە، کە ڕووباری حەمامۆکە، خوار کانیلەکە، شوێنێکی دڵگیر و فێنک بوو... ئەغلەب عەسرانی هاوینان، من و کاک هورمز ئەسکەندەر (هاوڕێیەکی دڵسۆزم بوو - هەزار ڕەحمەتی لێ بێ) دەچووینە ئەوێ و کەرەستەی خۆمان کاک هورمز ئامادەی دەکرد و لێی دادەنیشتین، لەسەر ئاوەکە و، دەوروپشتمان بەجۆرەها درەخت و





دڕک و تووتڕک دەورە درا بوو، وەک (لۆج)ێکی تایبەت بوو، تا درەنگی شەو کاتمان بەقسەی خۆشی گەنجایەتی... ڕادەبوارد. ئەم وێنەیە هاوینی ساڵی (١٩٥٥) کاک هورمز بەکامێرای خۆی بۆی وەرگرتووین - هورمز وێنەگرێکی فۆتۆگرافی زۆر چاک بوو. زۆر بەزەوق بوو.

جا کاک هورمز جۆرە جگەرەیەکی تازەی دەکێشا، ناوی جگەرەی (یەنیچە) بوو لە تورکیاوە دەهات. بۆنی جگەرەکە خۆش بوو... ئەو پاکەتەشی دەهێنا و جگەرەی (یەنیجە)شمان بەبا دەکرد. ئەوە ساڵانی چلەکانی بەبیر دەهێنامەوە کاتێ بۆ یەکەم جار، هەر بەهۆی (هورمز)ەوە، ئەم جگەرەیەم بینی و کێشام... ئەمەش بەمەرجێ من حەزم لە جگەرەش نەبوو کە بەبەردەوامی بیکێشم! بەڵام کە هورمز یا یەکێکی تر پاکەتی لە پێش ڕاگرتبام و بیگوتبایە (فەرموو!)، جگەرەکەم وەردەگرت و دەمخوارد، جا غازی بووایە یا تورکی یا ئینگلیزی!!.

لەو هاوینەدا مام ئەسکەندەر، باوکی هورمز، یانەی فەرمانبەرانی کۆیەی گرت بە(تعهد)، جا عەسران من و یوخەننا و هورمزی کوڕی، یانەکەمان ڕێک دەخست، باخچە و فریزەکەمان دەڕشاند و کورسییەکانمان لە بەرسێبەری دیوار و درەختە کەمەکان ڕیز دەکرد. چایەچیش چای ئامادە دەکرد. ئەسکەندەریش (باڕ)ەکەی ڕێک دەخست بەفر و ئاو و پەرداغەکان و دۆڵکەکانی ئامادە دەکرد... مەزە و خواردنیش لە ماڵەوە، دایکی هورمز ئامادەی دەکرد و دەینارده نادی. ئیتر بەشەو زۆر خۆش بوو. لە هەر سووچێک و لە ناو فریزەکە، چەند مامۆستا و فەرمانبەر دوو دوو سێ سێ چوار چوار... لەسەر مێزێک دادەنیشتن و مەشرووبیان دەخواردەوە، تا درەنگی شەو... جاروباریش، یەکێکی دەنگخۆش و گۆرانیزان، لە ناو یەکێک لەو کۆمەڵانە هەڵدەکەوت و بەدەنگێکی خۆش و نزم وردە وردە گۆرانی عەرەبی و مەقامی کوردی دەگوت. لە بیرمە یەکێک هەبوو، موەزەفی مالیە بوو، وا مەزەندە دەکەم، یا لە بەلەدیە بوو، ناوی خورشید بوو.

ئەم خورشیدە (یان خورشید بەگ) هەندێ گۆرانی عەرەبی، وەک (عليك صلاة الله وسلامة)ی ئەسمەهان و گۆرانی (فريد الاطرش و محمد عبدالوهاب)ی زۆر خۆش و بەبێ نشاز دەگوتن... من لە دوورەوە دەوەستام و گوێم لێی ڕادەگرت و حەزم لە دەنگی دەکرد.

لە کاتی بێ ئیشی، دەچوومە قاوەجاغەکە، لە لای چایەچییەکە دادەنیشتم، بەتایبەتی بەزستان ئەوێ زۆر خۆش بوو... ڕادیۆیەکی گەورەی فیلیپس بوو یان Pye بوو، دانرا بوو، ئەسکەندەریش هەر لەوێ ئیسراحەتی دەکرد... من گوێم لەو گۆرانییانە ڕادەگرت کە بڵاو

دەکرانەوە... ئەوساش هەمـوو ئێزگـەکـان، ڕۆژی جـارێک یا دووجـار (ئەخـباریان) بڵاو دەکردەوە... بەرنامەکانی دیکەیان هەر هەمووی گۆرانی بوون، کە لە فیلمەکانی سینەما و یا ئاهەنگی گۆرانی وەرگیرا بوون... قسە و قسەڵۆکی پروپووچ و بێ کەڵک زۆر زۆر کەم بوون. تەنها بەرنامەی ڕۆشنبیری و باسی شیعر و شاعیرە گەورەکان، یا وتارێکی نووسەر و ناسراوێکی وەک تەها حوسێن، ابراهيم المازني، العـقاد، مـيـخائيل نعـيـمـة، يوسف السباعي، وصافي و هەندێ شیعری جەواهیری... ئا لەم بابەتانە، مانگی جارێ دووجارت گوێ لێ دەبوون. زیاتری کاتی ڕادیۆکـــان بەگـــۆرانی پڕ دەکرانەوە.




ئـەسـکـەنـدەر ڕۆژانـەی دەدایـنێ و بـەشـــەویش لـە قـومـارچیـیـەکـانی نادی، بەخـشـیش و (برە)مـان بۆ دەردەچوو. بەو پارەیە منیش گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دەهاتنە (دائرة العلاقات...) کە لە ژوورێکی (نادی)یەکەدا بوو، لە کـاک (کـەمـال سـادق)م دەکـڕین. چونکە ئەو لێپـرسـراوی ئەو دائیـرەیە بوو. بەم جـۆرە دۆلابێکم بۆ کـتێـبـەکـانم تەرخـان کـرد و ڕیزم دەکـردن لە ناویا. ئینجـا بەرۆژ لە بەردەم (مكتبة)کەم دائەنیشـتم و دەمـخوێندەوە. هەر گۆڤـارێکی بەدەستم کەوتبایە، لە بەرگی پێشـەوەی تا بەرگی دوایی، وتار بەوتار، وێنە بەوێنە دەمـخـوێندنەوە و سـەیرم دەکـردن. دەنگی گێتی تازە بەکوردی و (اخبار الحرب والعالم) بەعەرەبی زۆرم دەخوێندنەوە و تام و چێژی ئەدەبیم لێیان وەردەگرت.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ەوە، لەشکری (محور) – چاک هەرەسی هێنا بوو... هەر ڕۆژە لە شـارێک و لە وڵاتێک شکسـتی دەهێنا و ئەفـسـەر و عـەسکەرەکـان بەسـەرشۆڕی تەسلیمی (حلفا) دەبوون. ئەوە بوو (هیتلەر) خۆی کوشت لە خەفەتان... ئەڵمانیای نازی نەما، لە دوای ئەمە بەماوەیەکی کورت، یابانیش تەسلیم بوو. لە ٩ی مایس (أيار)ی ئەو ساڵە... (١٩٤٥) شەڕ بەتەواوی وەستا و کۆتایی هات لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە و بووە ڕۆژی شـادی و خـۆشی تەنانەت لە وڵاتی ئەڵـمـانیـا خـۆی، چونکە ئەوەندە میللەتەکەیان، وەک هەموو میللەتان، تووشی ئەزیەت و برسی و کوشتن و شار تێکدان...



کاسبی نەمان بووبوون، ئەوانیش... هەناسەیان هاتەوە بەر.

لە عیراقیش حکوومەت گۆڕا و ئازادییەکی کەم درایە ڕۆژنامە و حیزبەکان... یەکی وەک (عـەزیز شـەریف) ڕۆژنامە و گـۆڤـاری (الوطن)ی بڵاو دەکردەوە و زۆر شتی تیایاندا بڵاو دەکـرایەوە بەنیـسـبـەت ئێـمـە لێ ڕانەهاتـبـووین... وەک ڕەخنەگـرتن لە حکوومـەت و لە وەزیرەکان و هەندێ کاری چەوت ئاشکرا کردن... تاد.

منیش لە لای کاک (زاهیر سەعید)ی برای مامۆستامان تاهیر سەعید، ئیشتراکم کرد و جەریدەکانی بۆ دادەنام و هەمـوو ڕۆژێ دەچوومە دوکانەکەی، کە هەر لە تەنیشت دائیـرەی (عـلاقـات عـامـة)کـەی کـەمـال سـادق بوو، بەرامـبـەر بەزارکی بازاڕ... شـوێنی سـەراج و ناڵبـەندەکـان...، هەوراز دەرگـای مزگـەوتی گـەورە و نزیکی تـەکـیـەی شێخ حوسـامـەددین تاڵەبانی.

چەند خـێـزان و پـیـاوی فـەلەسـتـینی نەفی کـرابوون بۆ کـۆیە و لە ژوورەکـانی سـەرەوە نیشتەجێ بووبوون. یەکیان بەتەمەن بوو، عەینەکی هەمیشە لە چاو بوو... ناوەکەیم لە یاد نەمـاوە. هەمـوو ئەوانی تر ڕێزیان لێی دەگـرت و خـزمـەتیـان دەکـرد و بانگیـان دەکـرد «اسـتـاذ». یەکـێکیـان جـاروبار بەباوکـمی دەگـوت: «تکایە، ئەزیەت نەبێ کـوڕەکـەت بێ کاغـەزێکم بۆ بنووسێ!» نەخوێندەوار بوو. جا دەچووم، ژنەکەی و مناڵـەکـانی کـە وردیلە بوون، لە دەورەم کۆ دەبوونەوە. ئینجا کە لێم پرسی، بۆچی بە«استاذ» یا ئەوانی تر ناڵێی کـاغـەزت بۆ بنووسن؟ وتی: ئاخر هەندێ شت هەیە، پێوەندی بەخـۆمـەوە و بەخـێـزانمەوە هەیە... نامەوێ ئەوان بیانزانن!.

ئوستادەکە، هەر جارەی بچووبامە لای – لە ژوورێکی تایبەت دەژیا – هەندێ گۆڤاری مـیـسـری دەدامێ وەک: الهـلال، الاثنين والدنـيـا... زۆرم هـەوەس پێـیـان دەهات و بەتام و چێژەوە دەمـخوێندنەوە. هەر لەوێوە ناوی نووسەرە گەورەکانی میسری وەک (طه حسين، محمود العقاد، ايليا ابو ماضي، مي، جبران خليل جبران، سهير القلماوي...م ناسێن و بەزەوق و شەوقەوە بەرهەمەکـانیـانم هەزم دەکرد و ڕەغبەتی خوێندنەوەی بابەتی عەرەبیم زیاتر خۆشویست.

شتێکی سەیریش تووش بووم لەگەڵ گەنجێکیان، ئەویش ئەوە بوو: کچە کۆییێکی جوان و کـامل و نازدار و لە خێزانێکی بـاش و ناسراو مەلا زادەش، دایکی لەو مـاوەیە وەفـاتی کردبوو. کچەش بەتەنیا ماوە لە ماڵەوە وەک کابان، سێ چوار برای هەبوو... باوکی مابوو لەسەرخۆ بوو. زۆربەی ئێواران – عـەسر – دەچووە سەر قەبران بۆ زیارەتی قەبری دایکی.

فەلەستینییە گەنج و زگورتییەکان، عەسران لە سەربانی قشلە پیاسەیان دەکرد و سەیری ژن و ئافرەت و زیارەتکەرانی قەبرستانەکە و دیمەنی لای هەرمۆتە و تەق تەق و ئەو ناوەیان دەکرد. یەکێکیان جوانکیلە و بەژن درێژ و پرچ شانەکراو و پۆشتە بوو. لەگەڵ ئەو کچە پێوەندی کردبوو... ئەو لە سەربانەوە و کیژەش لە خوارەوە! بەئیشارەت و بەچاو و زەردەخەنە و... ئا لەم بابەتە، یەکتریان خۆشویست. دیار بوو... بەدزی، نازانم چۆن و کەی و لە کوێ، لەگەڵ یەک دانیشتبوون و مەجالیان بۆ ڕەخسا بوو قسە و دڵداری خۆیان بۆ یەکدی ئاشکرا کەن. کچە ناوی گەنجەکەی دەزانی و هەروەها ئەدرێسی خۆی دابوویێ و لە بیرمە کوڕە خەڵکی (جنین) بوو. جا کە ئەمری گەڕانەوەی فەلەستینییەکان هات و هەموو گەڕانەوە، کوڕە داوای لێ کردبوو کاغەزی بۆ بنووسێ. کچەش یەک کەلیمە عەرەبی نەدەزانی، نە بنووسی و نە بخوێنێ، دراوسێشمان بوون کاتێ کە ماڵمان لە ماڵی (حاجی فاتم)ی دایکی کاک ئەسوەد بوو، ڕەحمەتی خوایان لێ بێ ئەوانیش ماڵیان نزیک دوکانی فەقێ سەلیم بوو لە بازاڕە گچکەکەی باسم کردووە. جا دەیناردە دووم، بەشەو بچمە ماڵیان. کە دەچووم برا گەورەکەی کە باش دەیناسیم و ئێستاش ماوە و لە هەولێرە و، جاروبار یەکتر دەبینین و چاک و خۆشی دەکەین. ئەوسا هەرزەکار بوو. برا گەورەکەی تریشی هەر ماوە و لە کۆیەیە. باوکیان و برا بچووکەکەی، شەش حەوت ساڵێک دەبێ کۆچی دوایی کردووە - هەزار ڕەحمەتیان لێ بێ -.

جا کچەکە جۆرەها میوە و چەرەز و شیرینی لە پێش دادەنام و کاغەز و قەڵەم و زەرفەکەشی حازر دەکرد. جا ئەو بەکوردی دەیگوت و من بەعەرەبی بۆم دەنووسی. ئینجا ناوە ناوە دەیگوت: ئەی دەستەکانت خۆش بن. قوربانی ئەو دەستانەت بم دە لە بۆم بخوونەوە بزانم چت نووسییە! منیش دەمخوێندەوە... زۆر کەیفی دەهات.

جا ئەدرێسەکەش و زەرفەکەی دەدامێ بۆم دەنووسی و... هەڵدەستام دەڕۆیشتم. هەڵبەتە ئەو شەوانە زۆر دووبارە دەبوونەوە و هەمیشە دەیزانی چ شەوێک باوکی درەنگ دەگەڕێتەوە... ئەو شەوەی منی دەعوەت دەکرد. جا کە وەڵامی کابرای فەلەستینیش دەهات، ئیتر لە خۆشییانا دەفڕی و دەینارد بەشوێنما، بەزووترین کات و بۆم دەخوێندەوە دووجار و سێ جار تا وای لێ هات سۆر و مۆر دەبۆوە لە خۆشی قسە خۆشەکانی و هەموو کاغەزەکە... وشە بەوشەی لەبەر دەکرد. ئێستا ناوی کچەکەشم لە بیر چووە و نازانم ماوە یان نەء. بەڵام دەڵێم ئافەرین کیژە! چۆن توانیت لەگەڵ ئەو گەنجە عەرەبە ئەو پێوەندییە گەرمە ببەستیت! ناویم لە بیر نەماوە و هەتا ئەگەر بێتەوە بیریشم، هەر نایڵێم، کاتی



خۆی دایکیان زۆر دایکمی خۆش دەویست و دەچووینە ماڵیان. ئەگەر کۆچی دوایی کردووە، ڕەحمەتی خوای لێ بێ.

کە فەلەستینییەکان، ئەمر هات بگەڕێنەوە بەغدا ڕۆیشتن، قامووسێکی تورکی - ئینگلیزی زۆر گەورەم لێیان ستاند بەدینارێک و تا ئەو ساڵانە لە لام بوو. ڕۆژێک مامۆستا (عادل مصطفی)ی (مشرف اختصاص) پێش ڕاپەڕین لێی ستاندم کە ماوەیەک سەیری بکا و دوایی بمداتەوە... بەداخەوە کاک عادل کۆچی دوایی کرد و قامووسەکەی منیش لەگەڵیا... نازانم لە ماڵەوەیانە... ماوە... نەماوە؟؟ شەرم دەکەم بچمە ماڵیان لێی بپرسمەوە و وەری بگرمەوە. قامووسەکەش لەسەری نووسراوە:

(تورکجەدەن انگلیزجەیە لوغەت کتابی) و ناویشم لەسەری نووسیوە. من لە دەرسی (کیمیا) کە ڕەحمەتی مامۆستا شەوکەت کە بەڕێوەبەریش بوو، ئەو دەرسی کیمیای پێ دەگوتینەوە. من هەر قەت یەک دەنکە وشە و زاراوەیەک و موعادەلەیەک تێ نەدەگەیشتم. ساڵیش کە تەواو بوو، بەجرە جڕ و وابزانم مامۆستاش زۆری یارمەتی دابووم لە نمرەکانم، ئینجا (٥٠ پەنجا) کە دەرەجەی نەجاح بوو وەرمگرت. بەم جۆرە ئەو ساڵەش قورتار بووم و چوومە پۆلی سێی ناوەندی (متـوسطة). هەر لە ساڵی ١٩٤٥/٤٤ دەست کرابوو بەدروستکردنی نەخۆشخانەیەکی باش و گەورە بۆ کۆیە. هەر لە ساحەکەی تەنیشتی لای ڕاستی بینایەی قوتابخانەکەمان کوورەی گێچیان هەڵکەند و دامەزراند و وەستاکان هەموو خەڵکی مووسڵ بوون و کرێکارەکانیش کۆیی.

ساڵی ١٩٤٦/١٩٤٥ لە پۆلی سێ دەوامم کرد. مامۆستا جەلال شەریف (تاریخ اوروبا الحدیث)ی پێ دەگوتین لەگەڵ ئینگلیزی. بۆ تاریخەکە کتێبمان نەبوو، دەرسێک پێی دەنووسینەوە، دەرسێک لەبەرمان دەکرد و شەرحمان دەکرد. مامۆستا (خوالێخۆشبوو) مستەفا شێخ نیعمەتوڵڵا دەرسی (عەرەبی) پێ دەگوتین لەگەڵ جوگرافیا. لە عەرەبی زۆر باش نەبوو، بەتایبەتی لە ئیعراب کردنی ڕستەکان. زۆر جار دەوەستا و سەیری وشەکەی دەکرد و تێدەفکری، ئینجا دەیوت: ئەمە (حال)ە... بەڵام یەک دوو قوتابی زۆر زیرەک و باشمان هەبوو وەک (عبدالخالق فتاح، مجید عومەر، فەتاح مەولود، ئەمجەد شێخ نورەدین... ئەوانە هەندێ جار لەگەڵ مامۆستا دەکەوتنە موناقەشە و وشەکەیان بەجۆرێکی تر (اعراب) دەکرد. ئینجا مامۆستا دەیگوت: دەزانن... ئیعراب دەگۆڕێ: هەندێ جار وشەیەک بە(ظرف) و هەندێ جار بە(صفە) و هەندێ جار بە(حال) ئیعراب دەکرێ! ئەمە جائیزە!... ئێمە متمانەمان بەقسەکانی دەکرد و نەدەکرد... دەمانزانی (اختصاصی) خۆی

نییە و لەبەر نەبوونی مامۆستای عەرەبی، وا ئەم دەرسەی بەسەردا فەرز کراوە. بۆیە (بەگوێی مامۆستامان) دەکرد و لائیلاهە، ئیلاڵڵا!.

ئینجا مامۆستایەکی عەرەبی (سەیر)مان بۆ هات ناوی (محمد جواد المعماری) بوو، تا بڵێی ناشیرن... پیس و پۆخڵ و پانتۆڵ و چاکەتێکی شڕ و دڕاوی لەبەر بوو... کراسێکی پیس و بۆینباغێکی پیستر و خواروخێچی لە مل دەبەست. لە یانەی فەرمانبەران ژوورێکی بچووکیان دابوویێ و مام ئەسکەندەر بەزەیی پێ دەهات، نە کرێی لێ دەستاند نە هەق و نرخی خواردن و خواردنەوە. ئەویش خواردنی هەر نەبوو، بەڵام لە بەیانییەوە (فطور)ی بەعەرەق دەکردەوە! دەهاتە قوتابخانە سەرخۆش و بەلادا دەچوو بۆنی (عارەق)ی لە دەوی دەهات. بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر لە زمانی عەرەبی و قواعید و ئینشا (متمکن) بوو... لەسەر تەختە ڕەشەکە، کە دەینووسی، هەموو پیت و حەرفەکان وەک یەک، لەسەر خەتێکی ڕاست وەک ئەوەی بە(مسطرە) خەتی ڕاکێشا بێ... دەتگوت لە چاپ دراوە! دیار بوو لە نادی قسەی هەلەق و مەلەقی دەکرد... موەزەفەکان لە لای قایمقام شکایەتیان لێی کرد... ئەویش چەند جارێ بانگی دەکرد و ئامۆژگاری دەکرد کە «تۆ مامۆستای... دەبێ نموونە بیت بۆ قوتابییەکانت... تاد». دیار بوو سوودی نەبوو. قایمقام ئەمری کرد (توقیف)ی بکەن. ئەوە بوو پۆلیسەکان بەپێیان بردیانە گرتووخانەکەی لە قشلەی سوارە بوو. عەسرێ من و یوخەننا و قوتابی تر چووینە لای. هاتە پشت دەرگای حەپسخانەکە و لەو دیوی شیشەکانەوە هەر پێدەکەنی و وتی: «اشكركم، للسؤال عني! لا تهتمون... السجن للرجال... السجن للشجعان... للابطال...». سەیر ئەوەیە دوای چەندین ساڵ و کە قوتابی (دار المعلمين العالية) بووم لە بەغدا، ڕۆژێ چاوم پێی کەوت، هەر هەمان کەسایەتی... پیس... سەرخۆش، پرچی مووی سپی تێکەوتبوو زیاتر (مجعد) بووبوو. بەڵام منی ناسییەوە... وتی ناوت (فلان)... و (بعدك حلو... مثل ايام المدرسة!!).

ساڵی ١٩٤٦ ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەم ڕۆژی (هەینی) بوو. مامۆستا (جواد المعماری) لە پێنجشەممەوە، ئێمەی قوتابی پۆلی سێی پێی ڕاگەیاندین کە سبەینێ ٦ی کانوونی دووەمە جەژنی سوپای عێراقە و... دەبێ هەمووتان بێن، (احتفال) بەم ڕۆژە دەکەین.

ئەوە بوو ڕۆژی پاشتر هاتینە قوتابخانە و ئەویش هات بەتەنیا. هیچ لە مامۆستاکان، یان قوتابیانی دیکە نەهاتبوون. تەنها ئێمە... چووینە ژووری پۆلەکەی خۆمان و هەروەک دەرسێکی عەرەبی ئاسایی... مامۆستا هاتە ژوورەوە... دەستی کرد بەقسەکردن... لە بابەت



دامەزراندنی سوپای عێراق و هەندێ لە (شهداء) و ئەفسەرە گەورەکان ناوی دەهێنان... قسەی زۆر ڕێکوپێکی دەکرد... زیاتر لە سەعاتێک و... تەواو.

ئەمە یەکەم جار بوو کە ئەوەمان زانی... مانای چی جەژنی سوپا و بۆچی تا ئێستا ٦ی مانگی کانوونی دووەم، هەموو ساڵ (عطلە) بوو. ئەمە و هەروەها لە بیرم چوو بڵێم، کە ساڵی پاریش، ١٩٤٥ شاعیر مەعرووف روسافی (معروف الرصافي) کۆچی دوایی کرد. دیسان هەر مامۆستا جواد، دەرسێکی تەواوی عەرەبی، باسی ژیان و ئەدەب و شیعرەکانی دەکرد و گوتی کەوا ئەو شاعیرە بە(اصل) کوردە. دەبێ ڕێزی لێ بنێین. هەندێ لە شیعرەکانی، بەبێ کاغەز، لەبەر، بۆی دەخوێندینەوە... زۆر حەزمان لە شێوەی گوتنی شیعرەکانی کرد... و هەموو (فاتحة)مان بۆ (رصافي) خوێند. ئەو دوو بۆنەیەم لە مامۆستا (محمد جواد المعماری) زانی و درکم پێیان کرد.

بەنیسبەت مامۆستا حسێن عەقراویش ڕووداوێکم لە بیرە... جارێکیان ئێمەی بردە (مختبر)ە سادە و چۆڵەکەی قوتابخانە... یەکەم جار بوو دەچووینە ئەم ژوورە. لە بیرم نایێ مامۆستا شەوکەت، کە کیمیای پێ دەگوتین، ڕۆژێک هەر بۆ پیشاندان، ئێمەی بردبێتە ئەو ژوورە. مامۆستا حسێن لە بەردەم جیهازێک وەستا... هەمووی بۆڕی ناسکی شووشەی ڕاست و چەماوە و زاویە... بوو. ڕەحەتی و کاسەی بچووکی فەرفووری هەبوو... شووشەییێک سپرتۆی تێدا بوو... هەندێ مادەی هێنا وەک کبریت و شەب و شتی وابوون... والحاصل نەمانزانی چی دەکرد. وابزانم (غاز)ی (کلۆر)ی بۆ (تحضیر) دەکردین. پارچە لۆکەیەکی لە سپرتۆیەکە تەڕ کرد و شخاتەیەکی لێدا و لە ژێر جیهازەکە داینا... لە ناو شووشەیەک بڵقە بڵق پەیدا بوو چوونە ناو بۆڕییە شووشە باریکەکان... و لە ناکاو جهازەکە تەقییەوە بەدەنگێکی بەرز، وامانزانی ژوورەکە ڕما! غازێکی تیژ بەژوورەکەدا بڵاو بۆوە و دووکەڵ لە دەرگا و پەنجەرەکان دەردەچوو... هەموومان، بەمامۆستاوە... بەکۆخە کۆخ هەڵاتینە دەرەوە بۆ ناو حەوشەکە. کەپوو (لووت) و قوڕگمان دەزووورایەوە. مامۆستا حوسێن، لە پاشان، لە دەرسدا، بۆی شەرح کردین کە ئەوە غازەکە بوو... ئەو غازە ژەهراوییە... خەڵک دەکوژێ ئەگەر زیاتر لە دەقیقەیەک بچێتە هەناسەوە.

وەزارەتی (تەموین) دامەزرا... قوماش و شەکرێکی ڕەشی وەک (ساوار) و کەمێک چایان بەبلیت (بطاقە) و بەگوێرەی ژمارەی ئەندامی خێزان، دابەش دەکرا. ماڵمان گوازتەوە خانووێکی تر بەکرێمان گرت لە (حاجی سمایل)، دوکانچی بوو لە بازاڕ، نزیک مەیدانی خوارێ. حاجی سمایل ژنێکی زۆر لە خۆی بچووکتر و ناسکۆڵە و نازداری

خواست بەتەماحی پارەی حاجی، کچەکەیان دایێ و مارەی کرد. جا گەنجەکان کە ژنەکەیان دەدیت، لە کۆڵان، ئاهی ساردیان هەڵدەکێشا!! بەتەسادوف لەو خانووەی تازەمان ژوورێک لە حەوشەکە زیاد بوو، پێویستمان پێ نەبوو.

پۆلیسێکی (پیادە - مشاة) لەگەڵ ماڵی قایمقامی نوێ (عبدالقادر ڕەشید) کە خەڵکی کەرکووک بوو، نەقلی کۆیە کرا و ئەو ژوورەی لێمان بەکرێ گرت. ئەو پۆلیسە ژنێکی پیری ناشیرینی لەڕولاوازی هەبوو، گۆیا زۆر بەدین بوو - ٢٤ سەعات خۆی لە ژوورەکە پەستبوو - نەدەبایە من و براکانم ببیبینین! حەرام بوو. مێردەکەی زۆر لەگەڵی ماندوو بوو. دەیگوت: کچێ ئەمانە منالن... جیرانمان... پێغەمبەر فەرموویەتی کە دەبێ جیرانمان خۆش بووێ! سوودی نەبوو. قایمقام خزمی ئەو پۆلیسە بوو، ناوەکەم لە یاد نەماوە. هەر لە ماڵی ئەوان بوو، هیچ منالی نەبوو. بەڵام عبدالقادر ڕەشید دوو کوڕی هەبوو، هەردووک لەگەڵمانا ساڵی ١٩٤٥/١٩٤٦ لە پۆلی سێی (متوسطة) دەیانخوێند:

سیف الدین - گەورەکەیان - و صلاح الدین - هەردووک زیرەک بوون، ڕێگامان یەک بوو، بەیانییان پێکەوە دەچووینە مەکتەب و نیوەڕۆش پێکەوە دەگەڕاینەوە. پۆلیسەکە بەقایمقامی گوتبوو (واسطة)ی بۆکردبووین، دەفتەرێکی تەموین، بۆ ٤ چوار نەفەر، بەناوی منەوە کرا. باش بوو (حصە)ی چوار نەفەر زیاتر شەکر و چا و سابوون و قوماش و ئەوەی هەبوو وەرمان دەگرت، ئینجا بەشیشی نەدەکردین، چونکە، بەناشوکری نەڵێم، خواردنمان ڕۆژانە، سێ جەم، نان و چای بوو.

لە حەوشەکەی کاک تەمەر، کە زەمانێک ئێمە و ماڵی مامم بەکرێمان گرتبوو لە سییەکان و چلەکان، ئێستا ماڵی (صبری باشچاوەش) گرتبوویان و تێیدا بوون. سەبری باشچاوەش سێ خەت و تاجی هەبوو، قەڵەو و ورگ ئەستوور و سەر خڕ و گەورە. کوڵمەکانی خڕ و سوور دەچوونەوە... کابرایەکی بەزەوق بوو... عارەقی چاک دەخواردەوە. کاتێ کە ئێمە لەو حەوشە بووین، ئەو لە خانوویەکی دیکە بوو. بەڵام زۆر جاران دەهاتە لای باوکم و مامم و گەوریل. جا لە حەوشەکە کەپرێکی مێوی خۆش هەبوو. عەسران ژنەکان دەیانڕشاند و پاکیان دەکردەوە و چای عەسر لەوێ دەخورایەوە. باوکم و سەبری چاوەش و ئەوانی تر، بەشەو لەوێ عەرەقیان دەخواردەوە. ئەو سەبری باشچاوەشە کچێکی ئەسمەری خوێن شیرینی هەبوو تەمەنی مێردکردنی بوو... موراهیقە بوو!! سەیفەدین و سەلاحەدینی کوڕەکانی قایمقام، هەردووک لەگەڵیا خەریکی ئیشارات و بەتەمای دەستبازی بوون... بەڵام هەریەکە دەیویست تەنیا لەگەڵ ئەوا دۆست بێ! جا هەردوو برا



شەڕیان بوو لەسەر (کیژە ئەسمەرێ)... بەداخەوە ناوەکەم لە یاد نەماوە... ئێمە لەگەڵیا تێکەڵی خێزانیمان هەبوو... دەهاتنە ماڵمان: دایک و کچ، ئێمەش دەچووینە ماڵیان... کچە لەگەڵما قسە و قسەلۆکمان هەبوو بەڵام نەک دڵداری. جارێ من زۆر دوور بووم لەم کەینوبەینە و ئەم باسانە.

بەڵام فەڕاشێکی ماڵی قایمقام، ناوی (محەمەد شەڵتە) بوو... هەر لە تەمەنی کوڕەکانی قایمقام بوو... ئەو کاغەزی لە بەینی کیژە و کوڕەکان دەهێنا و دەبرد... یانی (پۆستەچی)یان بوو. ڕۆژانی هەینی هەردوو برا و محەمەد بەبەر دەرگای ماڵی تەمەر (واتا ماڵی سەبری باشچاوەش) بەرەو بازاڕ شۆڕ دەبوونەوە... بەبەهانەی کڕینی دەفتەر و قەڵەم و... شتی تر. کە دەگەیشتنە نزیک دەرگاکە، (دەروازەیەکی گەورە بوو - دوو دەرکەی داری گەورە بوو)، محەمەد فیکەیەکی تیژ و درێژی لێ ئەدا. ئەمە ئیشارەت بوو بۆ کچەکە، تاکو بێتە بەردەرگا! ئیتر کە دەهات، لەوێ قسە و زەردەخەنە لە نێوانیان و کاغەزی دڵداری دەگۆڕدرایەوە...! خۆشە زەمانی گەنجییەتی!!.

باسی بیتوێن و تووتن چاندن و مەلاریام لە بیر چوو بیگێڕمەوە پێشتر کە باسی تووتن و یەعقووب ئەفەندی و دائیرەی (انحصار) و پاکەتی جگەرەم کرد.

لەو ساڵانەی چلەکان، نرخی تووتن باش بوو. حکوومەت پارەی باشی تەرخان کرد بۆ تەشجیعی فەلاحەتی تووتن. لە کۆیە خەڵکێکی زۆر، بەماڵ و خێزانەوە ڕوویان لە دەشتی بیتوێن، لەودیوی چیای هەیبە سوڵتان، لە نێوان چنارۆک و ڕانیە کرد - لەوێ ئاوێکی زۆر هەیە و زەوییەکی پان و بەرین و بەبەرەکەتیش هەیە. دیارە چاندنی تووتن ئاوی زۆر و گەرمای دەوێ. ئەو دوو مەرجانەش لە (بیتوێن) هەبوون. ئەوە بوو، وەختە بڵێم کۆیە چۆل بوو.

باشە. چوون... چاندیان، بەڵام چی ڕووی دا؟ لەبەر ئاوی زۆر و ئاودانی ئەو هەزارەها دۆنمە و چاندنی تووتن بووە هۆی زیادبوونی مێشوولەی (ئەنوفیلس) کە نەخۆشی مەلاریا بڵاو دەکاتەوە.



هەروەها ئاوی خواردنەوەی ساف و شیرینیش کەم بوو، ئەوانە بوونە هۆی نەخۆش

کەوتنی سەدان کەس: پیاو و ئافرەت و منداڵ و گەنج... نەخۆشییەکەش دەرمانی کەم بوو... یان هەر نەبوو. بۆیە سەدان کەس گیانیان لە دەست دا. هەر مەیت بوو دەهاتەوە کۆیە! خەڵکەکە دەمردن هێشتا تووتن شین بوو. جاریٰ بەرهەمەکەیان پارە و پوولی نەهێنا بوو بۆیان. بەداخەوە زۆر (خەڵکی شار، ئەوانەی کە نەشچووبوونە بیتوێن، لە خەفەتان نەخۆش دەبوون... پیرەکان بەرگرییان نەدەکرد و دەمردن! جا گۆرانیش لەسەر ئەم بارودۆخە بڵاو بۆوە... یەکێکیان، لە کۆپلەیەکیدا دەڵێ:

چەندم پێ گوتی کچێ خەجێ مەچووە بیتوێنێ
ئاوی ناسازە کچێ خەجێ هەر دەتفەوتێنێ

هەروەها دەیەها وتار و بابەت لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکان بڵاو دەکرانەوە لەسەر وەزعی تووتن... تووتن و ڕووداوەکان... سوود و زەرەری. جەمالی کەریمی حەمە مەلاش، لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) دوو وتار لە دوو ژمارەی جیا جیای بڵاو کردەوە لە ژێر عینوانی: (استفادەی دەشتی بیتوێن و زەرەری)!. هەروەها (کاک فاتح ڕەسوول)یش نامیلکەیەکی لەسەر تووتن بڵاو کردۆتەوە.



لەم وێنەیەدا، کاک جەمال کەریمی حەمە مەلا و "من" "بە قاتە سپییەکەم" لە پشت قشلەی کۆیە گرتوومانە لە مانگی مارت "ئادار"ی ١٩٤٦ هەردووکمان لە پۆلی سێی ناوەندی بووین



## گواستنەوەمان، بەخاووخێزانەوە بۆ هەولێر

لە کۆتایی، تاقیکردنەوەی (بکلۆریا)ی ئەمساڵ، بۆ پۆلی سێ، ماڵمان گوازتەوە هەولێر – چونکە باوکم نەقلی ئەوێ بوو! چاوەڕێمان نەکرد تا نەتیجەکە وەرگرم. بەیوخەننام گوت، کە نەتیجەکانمان هاتنەوە، بۆم وەرگرە و بۆم ڕەوانەی هەولێر بکە.

لە هەولێر، لە گەڕەکی تەیراوە... لە خانوویەکی قوڕ و بچووک و لە ئاخیر ئاخیری کۆڵانە پیسەکانی ئەو ناوچەیە کە تازە خەڵک دەستیان دابووە خانوو دروستکردن، باوکم ژوورێکی بۆ گرتبووین، تەنانەت ئاوی بەبۆڕی و بەللوعەشیان نەبوو. بیرێکی ئاو لە ناوەندی حەوشەکە لێ درابوو. خاوەن ماڵ و ئێمەش، لەو بیرە ئاومان دەخواردەوە! من زۆر پەست بووبووم و دەمگوت چۆن ئێمەت هێنا ئێرە! وتی کوڕم، هەرچەند ڕۆژێکە... وا لە (مصیف) کەپرتان بۆ دەکەم، دەتانبەمە ئەوێ... بزانە چەند خۆشە! باوکم ئەوسا لە هەولێرەوە نەقلی (مصیف صلاح الدین) کرابوو.

سینەمای (صلاح الدین)یش ئەو ساڵ ئیشی کرد و فلیمی (یوم سعید)ی محمد عبدالوهاب پیشان دەدرا. منیش زۆرم حەز دەکرد ئەم فیلمە ببینم چونکە گۆرانی زۆر خۆشی تیادا بوو کە من هەندێکیانم لەبەر کردبوو وەختێ کە لە مووسڵ بووم لە ماڵی باپیرم، لەو چایخانەی ژێر شوقەکەی ئێمەی تێدا بووین – مەبەست ماڵی باپیرم – هەروەها کاتێ کە شەوان لە یانەی کۆیە لەگەڵ هورمز ئیشمان دەکرد لای باوکی... چونکە ئەسکەندەر نادییەکەی بە(تعهد) گرتبوو. جا ئەو شەوە، ٤٠ فلسم لە دایکم وەرگرت و فیلیپی برام لەگەڵ خۆما برد و چووینە سینەما، هەردووکمان بەو ٤٠ چل فلسە – فیلیپ هێشتا منداڵ بوو. پارەیان لەو وەرنەگرت. بۆ بەیانی، باوکم هات بەپاسێکی ئەو زەمانە کە بۆدییەکەی لە دار دروست دەکرا، لەگەڵ خۆیا هێنا و خێرا کەلوپەلی ماڵمان تێ پەستا و یا الله بەرەو (مصیف صلاح الدین). من یەکەم جارم بوو ئەو ناوەم گوێ لێ بێ بۆ شوێنێک لە ڕێگادا، باوکم کورتە باسێکی (مصیف)ی بۆ کردم... ئەمە شوێنێکە لەسەر چیای پیرمام، هوتێل و خانوو دروست کراون چونکە شوێنێکی فێنکە. باخچە و گوڵیان لە ژێر درەختەکانی بەڕوو چاندووە و حەوزی بچووکی ئاویان دروست کردووە و کورسی و تەختیان لە دەورەیان چەسپاندووە بۆ ڕابواردن... تەنانەت (٩ نۆ) قەسری جوانیشیان بۆ وەزیرەکان دروست کردووە و (بلاط)ی مەلیکیشیان دروست کردووە لەگەڵ قەسری (وصی عبدالاله)... بۆ ئەوەی هاوینان، بێن لێرە چەند ڕۆژێ ڕابوێرن. ئەوە بوو گەیشتینە دامەنی چیا و سەیرم کرد وا لۆری و ترومبێلی بچووک هەندێک سەر دەکەون و هەندێک دێنە

خوارەوە، بەلۆفە و پێچەکاندا! بەڕاستی دیمەنێکی جوان بوو. یەکەم جار بوو بەچاوم ببینم چۆن ترومبێل بەسەر چیا دەکەون. لە (بانەمان) دابەزین و لە چایخانەکە ئاوی ساردمان خواردەوە لەگەڵ چای... ترومبێلەکەش، سایقەکە هەر خەریکی بوو ئەویشی فێنک دەکردەوە و ئاوی لە جۆگەکە بەتەنەکە بەسەر مەکینە و بۆدی دادەکرد، تاکو لە سەرکەوتن نەوەستێ و تووشی تەئخیر و موشکیلە نەبین. سەیرێکی قەڵاکەی بانەمانم کرد... ئەوسا ئاوەدان بوو... هەندێ ئافرەت و منالّ، بەجەڕەکەوە دەهاتنە خوار بەرەو رووبارەکە... پیاوێکیش لەسەر سەکۆیەک، لە ژێر دیواری قەڵا جوانەکە، دانیشتبوو... دیار بوو بالیف و ڕایەخ ڕاخرا بوون، چونکە ئەودیوی بەرامبەرمان سێبەر بوو.



وێنەی قەڵاکەی "بانەمان"ی ئەمڕۆ، بێ کەس و بێ ناز!

سەرەتا کە ترومبێلەکەمان لە یەکەم لۆفە بایداوە و بەسەر چیا کەوت لە هەنگاوی یەکەما، هەندێک ترساین! بەڵام دیمەنی شاخ و داخی دەوروبەرمان... تا سەر دەکەوتین، دیمەنەکان دەگۆڕان و شتی ترمان دەبینی، کە گەییشتینە ناوەڕاستی قەدی چیا، لە پەنجەرەکەوە سەیرمان کرد هەولێر لە دوورەوە زۆر ساف و جوان دیار بوو...

ترسمان نەما تا گەیشتینە دوا لۆفە، کە ئیتر ترومبێلەکە ڕاست و ڕاست دەڕوا... لۆفەکەش زۆر لێژە... سەیارەکە سەبر دەڕۆیی و هەموو هێزی بوو... لێرەدا کە سەیری دواوەم دەکرد... زێی کەلەکمان دەدیت لە ناوەڕاستی هەندێ کەلێن گردۆلکەکان بەدیار دەکەوت... بەلای ڕاستیشەوە هەموو چیا بوو... دەشتی هەولێر و دەوروبەری، لە دواوەمان وەک بەهەشتێک بوو... ترسم نەما، دڵم لە خۆشییانا خرپەی دەکرد و



وێنەی "هەولێر" لە سالانی چلەکانا، گەر لە پیرمامەوە تەماشات کردبایە



هەڵدەپەڕی. گەیشتینە سەرەوە... هەموو درەختی گەورەی بەڕوو لەوبەر و لەمبەری جادەکە، لە خوارەوە ڕوا بوون.

بەڕاستی ئەو ئازاری لەش و ماندوو بوونی چاو و مێشک و (قلق)ی دەروونیم نەمان... و هەستم بەخۆشی و کامەرانی کرد. لە تەنیشت یەکەم بینایە بەلای ڕاستمانەوە... (مخفر شرطه مصیف صلاح الدین)ی لەسەر لەوحەکەی بەردەرگای نووسرا بوو. باوکم وتی: ئەمەیە (قشلە)مان. من لێرەم، ئینجا ڕێگەی بەسایەقەکە نیشان دا! کەمێک خوارتر ڕۆیشتین، چەند دوکان و چایخانەیەکی لێ بوو! پێی وت کە لە جادە بچێتە دەرەوە بۆ لای ڕاست: ڕێگایەکی خۆڵ و بەرد بوو، خواروخێچ... بەناو پنجی بەڕوو و مازیدا ڕەت دەبووین... ئینجا مەکینە (مولدە)ی کارەبامان بینی... دوو مەولیدەی زۆر گەورە لەسەر چوار تایەی گەورە و بڵند... یەکیان کاری دەکرد. باوکم وتی: ئەوە مەکینەی کارەبایە بۆ هەموو (مصیف) – بەڵام زستانان کار ناکەن. ئێرە لە تاریکیدا دەمێنێ – چونکە کەس نامێنێ، بەغەیری ئێمەی شەش پۆلیس و قادر باشچاوەش و چایخانەکە!

لە خوار بەنگەڵەکەی مەولیدەکان، کەپری ئێمە بوو. ترومبێل وەستا و ئێمە دابەزین. بەڕاستی کەپرێکی گەورە و خۆشی بۆ دروست کردبووین، مام ئیسرائیل – هەزار سڵاو لە گیانت بێ! هێشتا چرووەکە تەڕ بوو بۆنێکی زۆر خۆشی چرووی دار بەڕووی لێ دەهات. بەتانۆکێکی ڕێکوپێک چنراو دەورە درا بوو – دەرگایەکی دار و تەنەکەشی بۆ دروست کردبوو، ڕووی بەرەو ڕۆژئاوا بوو.



وێنەی برا و خوشکەکانم، لە ناوپنجی بەڕوو، لەبەردەم کەپرەکەمانا وەستاون لە سالی ١٩٤٨، چونکە لە سالی ١٩٤٦ تا ١٩٥٠ هەموو هاوینان ماڵمان دەبردە "مەسیف" و بەزستان دەگەڕاینەوە هەولێر، چونکە من لە "سانەوی" هەولێر دەمخوێند. منالە بچووکەکە ناوی "ئەدمۆن" بوو ساڵی ١٩٥٢ لە کەرکووک وەفاتی کرد. لە ڕاستەوە ماری، تیمە، وەردیە – فیلیپ لە دواوە وەستاوە

چەند کەپرێکی تریش هەر لە دەوروپشتی ئێمە بوون کە پۆلیسەکانی دیکە، ئەوانەی ماڵ و خێزانیان هێنا بوو، تیایاندا دەژین. لە لایەک، ئەو ژیانە بۆ پۆلیسی خاوەن خێزان و هەژار، وەک ئێمەمانان، لە ناحیەی (اقتصادی) زۆر باش بوو. سێ چوار مانگ کرێی خانوویان نەئەدا... لە گەرمای هەولێر ڕزگارمان دەبوو. یەعنی (اصطیاف)مان بەبەلاش دەکرد. کەپرێک لە هەورازمان بوو، ماڵی سایقی تانکەری ئاو بوو کە سەیارەکە ئی ئیدارەی (مصایف) بوو – ناوی وەستا قەریۆ بوو. ئاشووری بوو. ناوی ئەصلی قریاقوس بوو! ئەوانە بوونە ئاشنامان. کیژێکی (مراهقە)ی جوانکیلەی هەبوو، ناوی (ڤیکتۆریا) بوو...

یەک دوو ڕۆژ دەچوومە پیاسە بەتەنیا... ئێواران دوو دوو سێ سێ... یا بەگرووپ گەشتیارەکان (مصطافین)م دەبینی، بەکوڕ و کچەوە... جلی جوانیان لەبەر... دەم بەپێکەنین و بێ خەم و خەفەت... لە بەسرا و مووسڵ و بەغداوە هاتبوون. لە هوتێلەکە...یا بەخێزانەوە لە ناو خانووە جوانەکانی لە بەرد و چیمەنتۆ دروست کرابوون... دەژیان. شەوان... لە تارمە (هەیوان)ەکانیماڵیان دادەنیشتن و بەخواردنەوە و پێکەنین و گوێ گرتن لە مۆسیقا، تا درەنگ دەمانەوە... منیش، لەوبەری جادەکە... لە ناو باخچەیەکا، لەسەر یەکێک لە کورسییەکان دادەنیشتم و سەیرم دەکردن.

سەربەن... (مصیف) بەشەو سارد بوو، بەڕۆژ فێنک. هەندێ جار نیوەڕۆ... چەند گەنجێک: کوڕ و کچ، لە ژێر یەک لەو کەپرانەی لەسەر باخچە خنجیلانەکان کرابوون، لە دەورەی حەوزێکی بچووکی ئاو دادەنیشتن و ئامێری مۆسیقای وەک عوود و کەمان و تەپڵ و ئەکۆردیۆنیان لێ ئەدا و سەمایان دەکرد و گۆرانی عەرەبی خۆشیان دەگوت: وەک: غنی لی شوی شوی (ئوم کلسوم) و (حول یا غنام حول)ی (نەجاح سەلام) و (عمی یا بیاع الورد)ی (خضیری ابو عزیز). ئەوەندە ئینسیجامیان دەکرد لەگەڵ یەک و وات ئەزانی گوێت لە ڕادیۆیە نەک لە تیپێکی مۆسیقای بچووکی (حەقیقی) لە بەردەمتا. ئەوسا زانیم گۆرانی لەگەڵ مۆسیقا چۆن دەگوترێ! باوکم وتی: ئەو (مصطاف)ە جوانانە هەموویان (جوون!) یەعنی (یهود). هەر ئەوان زەنگین و مۆسیقاژەنن و گۆرانی دەڵێن و بەکامەرانی دەژین.

ڕۆژێک باوکم ئێوارە کە هاتەوە ماڵ، وتی ئیشێکی خۆشم دۆزیتەوە بۆ تۆ و بۆ فیلیپ. وتم چییە؟ وتی: هەردووکتان لە دائیرەی بەرید (پۆستەخانە) کە بەرامبەر مەخفەری شورتەیە بە(اجور)ی ڕۆژانە ئیش دەکەن. تۆ لەسەر (بدالە) و برات پۆستەچی. کاغەز کە



لە بۆ گەشتیارەکان دێ، ناو و عینوانی لەسەرە... بۆیان دەبات! زۆر نین. لەوانەیە ڕۆژی کاغەزێک یا دوو یا سێ مەکتوب زیاتر نییە. تۆش، من بە(شێخ عبدالرحمن)م گوت... گوتی با بێ من فێری دەکەم چۆن لەسەر (بدالە)کە کار بکات.

ئەوە بوو، ڕۆژی دواتر، بەیانی چووینە دائیرەی (برق و برید)ی مەسیف. بینایەکە، پێشەوەی کە هەر یەک ژووری بەڵام بەپێچ بوو. کە لە دەرگای دەرەوە دەچوویتە ژوورەوە، لە بەرامبەرت یەکسەر ژووری Call office بوو، واتا تەلەفۆن بۆ قسەکردنی هاووڵاتیان، لە ژوورێکی بەتەختەی سووری جوان دروست کرابوو لەسەر دەرگاکەشی نووسرا بوو (تکلم الاهليين). ئینجا دەبووایە بەلای ڕاست بڕۆی... دوو سێ مەترێک، لەوێ بەرامبەر پەنجەرەیەکی جوان بەشیشی لەسەر مێزێکی ساجی سوور... لە پشت شیشەکانەوە بەدیوی ناوەوە، بەدالەکە بوو... تەنها ١٢ دوانزە ڕەقەم بوو. هەر هەندی ڕادیۆیەکی ئەو زەمانەی بوو... ڕادیۆکان ئەوسا گەورە بوون. ئینجا لەوێوە ئیتر هاووڵاتی بۆی نەبوو بەدەرگا تەسکەکەی تەنیشت مێزی بەدالەکە بچێتە ژوورەوە.

لەوێ ژوورەکە پێچی دەکرد... دەبووە زاویە قائمە بەرەو لای چەپ. ئینجا لەوێ (مستەفا بەگ) لەسەر مێزێک دادەنیشت کە ئەو بەڕێوەبەر بوو. جیهازێکی (برق)یش لە بەردەمیا بوو. بروسکە ئەو کاتە بەو جیهازە دەنێردرا... نەک بەقسە. لە پشت مستەفا بەگ دۆڵابێکی گەورە هەبوو دابەش کرابوو بەچەند خانەیەک، لەسەر هەر خانە ناوی شارێک لەو شارانەی پۆستەی بۆ دەنێردرا: وەک هەولێر – کەرکووک – بەغدا – مووسڵ – حەریر – شەقڵاوە – ڕواندوز... نووسرا بوو. مستەفا بەگ لە دائیرەی بەریدی هەولێر مووەزەف بوو. هاوینان دەبووە بەڕێوەبەری دائیرەکەی (مصیف). مستەفا بەگ ماڵیشی هێنا بوو... دەرگایەک لە دواوەی، لە هەمان ژووری دائیرە، هەبوو، بەوێدا دەچووە ماڵەوەی کە بەشی دووەمی بینایەکە بوو... تایبەت بوو بۆ خێزانی بەڕێوەبەری دائیرەی (برید و برق)ی مەسیف. مستەفا بەگ دوو کوڕ و کیژێکی هەبوو. کوڕە گەورەکەی ناوی (مصلح) بوو، ١٠، ١٢ ساڵان بوو چاوەکانی خێل بوون.

کاک موصلح لە زانکۆ دەرچوو بەشی کوردی، لە حەفتاکان... و دوایی بوو بەبەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیری کوردی لە بەغدا... ناوی خۆی لێ نابوو (مصلح مصطفی جلالی) – لە حەفتاکان گۆڤاری (کاروان) و (ڕەنگین) لەو دەزگایەی ڕۆژنامە و بڵاوکردنەوەیە، بەناوی (امتیاز)ی ئەو دەردەچوون.



موسڵیح مستەفا جەلالی – بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی تا ساڵی ١٩٨٩ ئێستا لە ژیان نەماوە خوا لێی خۆشبێ.

یەک دوو ڕۆژ (شێخ عبدالرحمن)، موەزەفی سەر بەدالەی هەولێر، کە بەموەقەتی، لەگەڵ کاک مصطفی بەگ نێردرابووە مەسیف. منی فێر کرد چۆن وەڵامی خەڵک لە بەدالەکە بدەمەوە و چۆن ئەو خانووە یا ئەو ڕەقەمەی دەیانەوێ، بیاندەمێ. لەگەڵ من، برادەرێکی تریش، ئەویش وەک من بە(اجور یومیة) تەعین بوو لەسەر بەدالە... ڕۆژی بە(٢٠٠ فلس)، ناوی (عەلی) بوو... سەعاتچی بوو لە هەولێر، (عەلی سەعاتچی).

فیلیپ هەر بەناو (موزع برید) بوو، ئەگینا مەکتووبەکانیش من دەمبردن بۆ خاوەنەکانیان... چ لە هوتێلەکە، یان لەو خانووانەی بەکرێیان گرتبوون... ئەدرێسەکانیان ئاسان بوو. بەس ناوی ئەو کەسەی بۆی ناردراوە و شوێنی: ئەگەر ئوتێل بووایە، ڕەقەمی ژوورەکە دەنووسرا، ئەگەر خانووش بووایە ژمارەی خانووەکە بنووسرابا... تەواو. خانووەکان هەموو ژمارەیان هەبوو.

لەم هاوینەدا، نوری سەعید و چەند وەزیرێک هاتنە مەسیف و لە گەرمای بەغدا هەڵاتن بۆ چەند ڕۆژێ. ئەمە وابزانم لە لایەکەوە خۆیان وا نیشانی خەڵک دا کە ئەوان حەز لە (مصایف)ی خۆمان دەکەن... ئەگینا خۆ دەیانتوانی بچنە نزیکترین و خۆشترین شوێن بۆ ڕابواردنی هاوین کە ئەویش (جمهوریەتی لوبنان) بوو. بەڵام ئێرەیان پێ باشتر بوو.

ڕۆژێک کاغەزێکی (مسجل) واتا بەژمارە و بە(برید)ی تایبەت نەک بەپۆستە و بەریدی ئاسایی (اعتیادی)، هات لەگەڵ کیسەی (برید)ی بەغدا. کە کردمانەوە ئەو کاغەزە لەگەڵ (وصل)ی موسەجەل لە کیسەکەدا بوو، لەگەڵ بەریدی تر. مستەفا بەگ ئەدرێسەکەی خوێندەوە، زوو لەسەر کورسییەکەی ڕاست بۆوە وەک ئەوەی دووپشکی پێوەدابێ. وتی کوڕە ئەمە بۆ نوری پاشایە – یەکسەر دەفتەر (سجل)ی تایبەت بەم جۆرە مەکتوبانەی کردەوە و ڕەقەم و ئەدرێسەکەی نووسی و دایە دەستم و وتی: ها... بڕۆ زوو... هەر ئێستا... بەغار بیبە و بەدەست نوری پاشا... بەشەخسی خۆی بدە و لێرە لەسەر ئەم وەسلە (وصل)ە با ئیمزا بکات و وەصلەکە بهێنەوە هەڵبەتە کارەکەم جێبەجێ کرد و زوو گەڕامەوە.

جارێکی تر بەیانی زوو بوو، بروسکەیەک هات و بەجیهازی بەرق (برق) مستەفا بەگ



وەری گرت و دیسان بۆ نوری سەعید بوو. لە ناو زەرفێکی دانا و تفێکی لە زەرفەکە دا و قایمی کرد و لەگەڵ دەفتەری (استلام البرقیات)ی دا دەستم و دیسان بەغار بردم، لە دەرگام دا... دەرگای باخچەی پشتەوە دەرگای سەرەکی... ئی پێشەوە تەنها بۆ میوانی گەورە و کەسایەتی ناودار لەوێوە دەچنە ژوورەوە... کارەکەر و پۆلیس و پۆستەچی و زبڵچی و باخچەوان لە دەرگای دواوە دێنە ژوور. پۆلیسەکە هات و پرسی: «ها إبنی شترید؟» گوتم: «هاي برقیة للپاشا». سەیرم کرد لە باخچەکەوە، پاشا لەسەر کورسییەک بەم بەیانییە دانیشتبوو، دشداشەیەکی تەنکی سپی لەبەر بوو و بەنەعلەوە لاقی لەسەر لاق دانا بوو! قاوەی دەخواردەوە ئەویش لەوێوە وتی «شکو؟» وتم (پاشا برقیە) بەڵام پۆلیسەکە گەیاندبوویە لای. دەفتەرەکەی بۆ ئیمزا کردم و بۆی هێنام و گەڕامەوە دائیرە.

لە دائیرەی بەرق و بەرید و تەلەفۆن زۆر شت: سەیر و خۆش و ناخۆش تووش دەبووین! بەڵام ئیشەکە زۆر خۆش بوو... لە ١٩٤٦دا، مانگی ئاب ڕۆژێک من خەفەری بەدالە بووم. لە بەغداوە (ندا)یەکم بۆ هات لە (مجلس الوزراء) بۆ ماڵی وەزیری ناودار (عبدالاله حافظ) کە دۆستی نوری سەعید بوو. ئەو کاتە (بێ ئیش بوو)... نوری سەعیدیش لە وەزارەتا نەبوو. وەزارەت گۆڕا بوو. ئەرشەد العمری (تشکیلی) کردەوە... ئینجا لە (ندا) تەلەفۆنییەکە، بەدالەی بەغدا وتی (انطینی بیت معالی عبدالاله حافظ)... یەکسەر تەلەفۆنەکەم بەستەوە (ربط)م کرد و دەستم لەسەر لای دەمی تەلەفۆنی خۆم دانا و گوێم گرت لە قسەکان. حەپەسام کە بیستم ئەوی لە بەغداوە قسە دەکا سەرەک وەزیران بوو. جا بەچاکی گوێم دا گفتوگۆیەکە، (تقریباً) لە بیرم ماوە: سەرەک وەزیران وتی: (صباح الخیر) ئەو وەڵامی دایەوە: (صباح الخیر مولانا... شلونکم) سەرۆک وتی «إنشاالله الجو زین عدکم بالمصیف؟» وتی: «والله طیب... لیش ما تتشرف فد چم یوم؟» ئەو وتی: «باختصار عزیزي أبو... (ناوەکەم لە یاد نەماوە)... طبعا سمعت، سیدي الوصي کلفني بالوزارة. فانا خلیت (التموین) لجنابک. حاول تجي... بس براحتک». ئیتر (عبدالاله) دیار بوو زۆر کەیفی هات و وابزانم وەخت بوو بفڕێ!!



عەبدولئیلاھ مانگی ئاب ١٩٤٦ بوو بەوەزیری تەموین

زۆربەی گەشتیار (مصطاف)ەکانی ساڵانی ١٩٤٦ و ٤٧ و ٤٨ جوولەکە بوون. بەڕێوەبەری هەموو دائیرەی (مصایف) لە عیراق (جوو) بوو. ناوی (نعیم) بوو. دائیرەی لە مەسیف هەبوو.

کابرایەکی کەڵەگەت بەڵام دەوری ٤٥ ساڵ دەبوو... سەری نیوە (اصلع) بوو... چاویلکەی هەمیشە لە چاو بوو. بەڵام چالاک و خەمخۆری ئیشەکە بوو... زۆر جوان دەیبرد بەڕێوە... ئاهەنگی خۆشی بۆ موستافەکان ڕێک دەخست... دانس و سەما و گۆرانی، لەسەر (مسبح)ەکە – تا درەنگی شەو.

یەکێک لەو جوولەکانەی هەموو هاوینێک دەهات ناوی (ئەلبێر شوحێط) بوو. (مادام لاوی)، ئافرەتێکی جوانی باڵا بەرزی لەش و ئەندام پتەو و سینگ و مەمکی تورت و لەگەڵ ڕۆیشتنا، یارییان دەکرد و هەڵدەزەقینەوە لە ژێر کراسە تەسک و تەنکەکەی. ئەم (مادام لاوی)یە لەگەڵ (زید احمد عوسمان)ی هەولێری زۆر دۆست بوو... شەوانە دەبینران پێکەوە، قۆڵ لە ژێر قۆڵ، دەست لە ناو دەست... یا لە ژێر درەختێکی بەڕووە... لە تاریکییا لەسەر زەوی لێی دادەنیشتن و...).

ڕۆژێک یوخەننا لە کۆیەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی: تۆ لە (ریاضیات) ئیکمالی، دەبێ بۆ ئیمتیحان بێی. من زۆر خەفەتم خوارد. بەمن بووایە ساقیط بامایە و نەک (اکمال). من (ریاضیات) چ نازانم. دەفتەر و کتابم نەماوە. کێ دەرسم پێ بلێ؟ نزیکی ئیمتیحان چوومە کۆیە و ئیمتیحانەکەم گوازتەوە بۆ هەولێر. لە هەولێر (تصدیق) کرا و گەڕامەوە مەسیف – بزانن چەند بێ خەم بووم لەم ئیمتیحانە! عەسرێ، لە بەردەم دەرگای مەخفەری پۆلیس لەگەڵ باوکم وەستام تاکو بەسەیارەیەک بمنێرێتە هەولێر. چوومە هەولێر، بەڵام لە گیرفانەکانم گەڕام، بۆم دەرکەوت هەویەکەی ئیمتیحانم لە بیر چووە لە ماڵەوە، لە (مصیف)!. دەفەرموو!! پارەشم نەبوو! دنیا تاریک داهات. چی بکەم؟. چووم لەسەر ڕێگای مەسیف، لە لای بانزینخانەکە... کە ئەوسا هەر یەک بانزینخانە هەبوو لە هەولێر بەدەست ئیشی دەکرد! کابرای لەسەر پەمپەکە بوو، دەسکی پەمپەکەی دەهێنا و دەبرد و بانزین بەصۆندەکەدا دەچووە ناو تانکی ترومبێلەکە!.

ئەم بانزینخانەیە، لە ژێر قەڵات بوو، لەو فولکەیەی نزیک (فندق سندباد)ی جاران و لە بەرامبەر (حەمام)ە دێرینەکە! زۆری نەبرد، لۆرییەک هات و دەستم لێ هەڵبڕی و خوای کرد شوفێرەکە بۆم وەستا. وتم دەچیتە مەسیف؟ یەکسەر وتی سواری سەرەوە دەبی؟ چونکە لە پێشەوە جێم نییە. نەفەرێکی تری لە تەنیشت بوو! وتم قەیناکا و یەکسەر بەسەر بۆدی لۆری کەوتم و لۆری پڕ بوو لە گونیەی پڕ! نازانم چییان تێدا بوو! لۆری بزووت و ڕۆیشتین. دنیا تاریک بوو لەسەر یەکێک لەو گونیانە دانیشتم. پاش ماوەیەک... هەر دەستم لەو خرار و گونیانە دەدا... شتێکیان تێدا بوو، هەستم کرد نەرمە. لەگەڵ پەنجەکانم



کە بەتوندی و بەزەبر لە گونیەکانم دەچەقاند، پەنجەکانم لە شتێکی نەرم دەچەقین... وام کرد گونیەیەکم هەر بەنینۆک و بەپەنجەکانی دەستم کون کرد، دەستم گەیشتە شتەکە... هەندێکم دەرهێنا... سەیرم کرد خورمایە! ئەهە... باوکە ڕۆ! من چەندم برسی بوو؟ مەپرسن! سەرتان نەیەشێنم، تا تێر بووم، بەو شەوە، لەسەر لۆرییەکە، خورمام خوارد ئەمما خورما! ئەوەندە خۆش و بەتام و تازە بوو! منیش، هەر لە منداڵیمەوە و تاکو ئەمڕۆش زۆر حەز لە خواردنی خورما دەکەم، جا هەر وا بەخاوی، یا بەزستانان، لەگەڵ هێلکە لە ڕۆندا بکرێتە (خورما و ڕۆن)... قەت لێی وەڕس و تێر نابم! گەیشتمە مەسیف، لە بەردەرگای مەخفەرەکە دابەزیم و سوپاسی سایقەکەم کرد و بەغاردان چوومەوە کەپرەکەمان... باسەکەم بۆ کردن و بیتاقەکەم دۆزییەوە و خستمە گیرفانم و دیسان باوکم لەگەڵما هاتە پێش مەخفەرەکە – دیسان پاسێکی تەختەدار هات باری هەڵگرتبوو... خاوەنی کەلوپەلەکەش سوار بووبوون و باوکم بەسایقەکەی وت جێم بۆ بکاتەوە... سوار بووم و دیسان، بەرەو هەولێر – باوکم وتی ئەمشەو بڕۆ ماڵی (مام پولص)ی ئەجزاچی... یانی (صیدلی). تاکە ئەجزاخانە لە هەولێر بوو ناوی (صیدلیة الشمال) بوو، خاوەنەکەی کابرایەکی ئاسووری بوو ناوی (پولص) بوو... ئاسوورییەکان پێیان دەگوت: (هەکیم پۆلص)... واتا پولص دختۆر! ئەو شەوە لە ماڵی مام پۆلص دابەزیم و خزمەتێکی باشیان کردم... بەیانی زووش خێزانەکەی – خوا عافوویان کات – چایە و قەیماغ و کەرە و نانی گەرمی بۆ ئامادە کردبووم. نانی بەیانیم خوارد و خواحافیزیم لێیان کرد و چوومە (قاعە)ی ئیمتیحان کە لە (ممر)ەکەی سانەوی کۆنی هەولێر بوو – کە تاکە سانەوی بوو، بەرامبەر سەرا کۆنەکە!



وێنەی "پۆلص"ی خاوەن ئەجزاخانە "سەیدەلیە"ی "الشمال" لە هەولێر – یەکەم ئەجزاخانە و یەکەم ئەجزاچی لەم شارە

هیچی وام وەڵام نەدایەوە... چونکم نەمخوێندبوو. گەڕامەوە ماڵەوە... ئەو ساڵەش دائیرەکەمان... (پۆستەخانە) تا نزیکی پاییز هەر مایەوە... لە دوا دوا مانگی تشرینی یەکەم، ئیتر کەس لە (مصیف) نەما... ئوتێل قەپاتی کرد. خانووەکان بەتاڵ بوون... مەسیف سارد بوو... هەر کەس گەڕایەوە شار و شوێن و کاری خۆی. مستەفا بەگیش لە کۆتایی تشرینی یەکەم، کارەکانی خۆی (تصفیە) کرد و بەماڵەوە گەڕایەوە هەولێر... ئێمەش هەروەتر! ئەم ساڵە باوکم لە عەنکاوە ژوورێکی بۆ بەکرێ گرتین لە خانووێکی قوڕ کە خاوەنەکەشی، کۆنە پۆلیس بوو، ناوی (گۆگە بەیتوون)

بوو. دوو کوڕی هەبوو و کچێک. کوڕی گەورەی، چاوێکی کوێرە بوو... ناوی یوسف بوو، بانگیان دەکرد (ئووسە). کوڕەکەی تری لە قوتابخانە بوو، پۆلی سێ بوو وەک من، لە هەولێر دەیخوێند، ناوی (پۆلص) بوو.

(مصیف صلاح الدین) لە ساڵی ١٩٤٦ - هاوینێ - لەم بینایانە پێکهاتبوو کە لە خوارەوە وەسفیان دەکەم. ئیدارەی هەموو (مصیف)یش لە بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتییەوە، لە بەغدا، کە سەر بە(مصلحة سكك حديد الحكومة العراقية) بوو. تەنانەت لەسەر هەموو کەلوپەل و سەیارە و مەکینەکانی کە لەم (مصلحة)یە دابوون و سەر بەوێ بوون، لەسەریان چوار پیت (حرف) دەنووسرا: ئەوانە بوون (س. ح. ح. ع) واتە (سكك حديد الحكومة العراقية)...

١- کە دەگەیشتیە تەوقی سەری چیاکە، بەرامبەر بەو چاکەی لە لای چەپەوەیە کە گوایا (مەرقەدی پیرمام)ە، کە چیایەکە بەناویەوە ناسراوە، لە لای دەستە ڕاستت بینایەکی جوان لەسەر شکلی نیو چوارگۆشە بوو. ئەمە کە دەچوویتە ژوورەوەی بەردەرگا سەرەکییەکەی کە لە ناوەڕاستی بەشی سەرەوە بوو، (ممر)ێکی دوو لا بوو - بەلای ڕاست و چەپییەوە. جا لە ناو ئەم (ممر)ە دەرکەی ژوورەکانی نووستن بوون. ئەمە کەواتە تەنها شوێنی نووستن بوو بۆ ئەو گەشتیارانەی دەهاتنە هوتێلی (صلاح الدین - یان ئوتێل پیرمام) - ئەمما (بار) و گازینۆ و هۆڵی خواردن و مطعم و شوێنی دانیشتن... تاد، ئەمە بینایەکەی تر بوو، بەرامبەر ئەم شوێنە، لەوبەری لای چەپی جادە سەرەکییەکە... بەچەند قادرمەیەک بەسەر دەکەوتی... ئینجا چەند درەختێکی بەرووی گەورە سێبەریان بەسەر بەشی پێشەوەدا وەک خەیمەیەک، بڵاو کردبۆوە... بایەکی فێنک هەمیشە دەهات لە نێو درەختەکان... ئینجا لە تەنیشتیانەوە (بار)ێکی ڕێکوپێک... هەموو جۆرە خواردنەوە و کحولیات و ساردەمەنی تێدا بوو... چەند (بۆی) ڕێکوپێک و بەجلی (موەحد) پانتۆڕێکی ڕەش و چاکەتێکی سپی و بۆینباغی ڕەش... لە خزمەتت دادەبوون.



ئەمەش وێنەی منە سواری ئەسپەکەی باوکم بوویم لە بەردەم مەخفەرەکەی مەسیف سەلاحەدین ساڵی ١٩٤٨، کاتێ باوکم لەوێ پۆلیسی سوارە بوو

٢- ئینجا کە لە شەقامەکەی بەردەمی هوتێلەکە، بەرەو



هەوراز - واتا بەرەو ڕۆژئاوای - بچووبای، کەمێک بەولاتر بەلای دەستە چەپ، قەسرێک هەبوو، ژمارەی (٧) حەوت بوو. لەم قەسرە ئەو هاوینە تاجرێکی جوولەکەی زۆر دەوڵەمەند و ناسراوی لێ بوو، ناوی (ئەلبێر شووحێط) بوو... نازانم خەڵکی بەسرا بوو یا بەغدا، بەخاووخێزانەوە، سێ مانگەی هاوین مانەوە. زۆر جار کاغەزی بۆ دەهات، من بۆیانم دەبرد. کابرایەکی کەڵەگەت و ڕێکوپێک و پۆشتەی ٤٠ - ٤٥ ساڵان.

٣- بەلای ڕاستی شەقامەکە، خانوویێکی تر بوو ژمارە (٦) هەمان نەخشە (خەریتە) بوو، بەڵام کەمێک دوور بوو لە شەقامەکە و... لە ناو دار و درەختان شاردرابۆوە. ئەوەیان، ماڵی (دختۆر)ی تایبەت بە(مصیف) بوو.

٤- ئینجا بەرەو سەرەوەتر بچووبای، قەسری ژمارە (٥) لە لای دەستە ڕاست بوو، ئەویش کەمێک بەلادا بوو، نەک یەکسەر لەسەر جادە!.

٥- بەرامبەر ئەم خانووە، لەسەر گردێک، (بلاط الملكي) دروست کرابوو. لە حەفتاکان بووبووە (فندق) دوای هەندێ دەستکاری - لە ساڵی ١٩٤٨ - ٤٩ بووە (مستوصف صلاح الدين) - هاوینی ١٩٤٨/١٩٤٩ من وەک (فەڕاش) کارم کرد تیادا.

٦- هەر لە پشت ئەم (بلاط)ە، (نۆ ٩) قەسر (قصر)ی وەک یەک، یەک لە دوای یەک، بەرەو خوار، بۆ لای باشوور شۆڕ دەبوونەوە... بەرەو هەولێر! دەرگای سەرەکی هەر قەسرێک تانۆکێکی مورتک بوو... ئینجا باخچەیەکی گەورەی ڕێک و ڕێگایەک بەناوەندیدا بۆ دەرگای سەرەکی خانووەکە دەچوو، ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگاکەش فریز چاندرا بوو. ئەم خانووانە هەموویان ڕوو لە ڕۆژهەڵات بوون... مەتبەخ و مەخزەن و ژووری (حرس) و ئەوانە، لە لای پشتەوەیان بوو... ڕوو لە ڕۆژئاوا. ئەمانە پێیان دەگوتن (قصور الوزراء). هەر وەزیرێک



ئەم وێنەیەم لە سەربانی "البلاط الملكي" لە مەسیف سەلاحەدین گرتووە، لە ساڵی ١٩٤٨. لە دواوەم، لە خوارەوە ڕیزە خانووەکانی بەناو "قصور الوزراء" دیارن. ٩ خانوو بوون وەک یەک.

بهاتبایە مصیف، لە یەکێک لەو قەسرانە دادەبەزی، بەڵام قەسری ژمارە (١) هەمیشە حیجز کرا بوو بۆ (نوری سەعید)، جا بهاتبا یان نەهاتبایە... ئەوە بەتاڵ دەمایەوە.

٧- بەرەو هەورازتر بچووبای... کەمێک دوور و هەوراز ڕێگاکە بەناو عەردێکی پان و بەرین و چۆڵدا دەڕۆیی، ئەوبەر و ئەوبەری پنجی مێو (ترێ) بوو، تا دەگەیشتیە (قصر)ی (طە الهاشمی)... ئێستا لەگەڵ بینایەکی (سەتەلایتی کوردستان TV) لێکدراوە (ساڵی ٢٠٠٢).

٨- لەوێشەوە، هەر بەهەمان شێوە، بەناو پنجی مێوان و ترێ ڕەشدا دەڕۆیشتی تا دەگەیییە دوا قەسر کە (قصر)ی (وصی عبدالالە) بوو. خانووێکی بچووکی ڕێک و خەریتەیەکی (بسیط) و (مریح)... ئەغلەب هۆڵەکە بەرەو ڕۆژئاوا... پەنجەرە و ڕووناک بوو.

٩- ئینجا بگەڕێینەوە شوێنی ئەوەڵمان... فولکەکەی (مخفر) بەرەو شەقڵاوە بڕۆین. بەرامبەر (مخفر شرطة مصیف صلاح الدین) وەک پێشتر گوتم، دائیرەی (البرید والبرق والتلفون) بوو کە من و فیلیپی برام هاوینان لەوێ بە(اجور یومیة) دادەمەزراین وەک (مامور بدالە و موزع البرید).

١٠- کەمێک خوارتر، بەلای ڕاست، بانزینخانە بوو. پەمپێکی هەبوو، بەدەست ئیشی دەکرد. بەتەنەکەی سەرمۆریش بانزین و نەوتیان دەفرۆشت. بینایەکە هەر یەکسەر لە تەنیشتی خوارەوەی مەخفەرەکە بوو.

کەمێکی تر بەرەو خوارتری بانزینخانەکە، بەلای ڕاستەوە، گەر بەرەو شەقڵاوە بچووبای، بەنگەڵەیەکی گەورە هەبوو، دوو مەولیدەی زۆر گەورەی کارەبایان لە ژێر بەنگەڵەکەدا دامەزراندبوو. ئەم مەولیدانە کارەبایان دەدایە هەموو ماڵ و هوتێل و شەقامەکانی مەصیف، بەس لە کاتی مانگەکانی هاویندا. کە پاییز دادەهات، مەولیدەکان دەرگایان لەسەر دادەخرا حەرەسێک بەماڵ و مناڵەوە، لە خانووێکی بچووک ئاگاداری دەکردن. بەزستان کارەبا نەبوو. کەسیش نەدەما لە (مصیف). تەنها پۆلیسەکان و حەرەسەکانی خانووەکان دەمانەوە لەگەڵ ماڵی کاک فەتاح ئاغای کۆڕێ کە ئەو هەر لەوێ نیشتەجێ بوو بەزستان و بەهاوین، چونکە ئەو لێپرسراوی ئەمن و خامۆشی مەسیف بوو بەهەموو دامودەزگا و ئوتێل و کەلوپەل و خانووەکان... تاد. هەروەها لە خانووێکی حکومی، لە پشت مەخفەرەکەوە، بۆ لای جادە قوڕەکەی سەری ڕەش، (مراقب زراعي) لێ دەژیا، ئەندازیارێکی کشتوکاڵی بوو ناوی (سەلیم حەننا جابرۆ) خەڵکی تلکێف بوو.



لە تەنیشتی ئەم، خانووێکی تریش (مراقب غابات)ی لێ بوو ناوی (عەباس) بوو. کابرایە ڕەشی قژ بەلوول و (مجعد) و بەژن باریک و درێژ بوو. چەند ناشیرن بوو، ئەوەندە مرۆڤێکی بەزەوق و ڕوو خۆش و قسە خۆش بوو. زستانی یەکەم، کە لە قوتابخانە دەوامم نەکرد، لە لای ئەو بە(اجور یومی) قەیدی کردم بە ٢٠٠ فلس ڕۆژانە. بەدرێژایی زستان مانگی (٦ شەش) دینارم وەردەگرت، خوا خێری بنووسێ، کە یارمەتییەکی زۆر باش بوو بۆ خێزانمان...

دیسان بگەڕێمەوە بۆ سەر جادەی شەقڵاوە. لە خوار مەکینەکانی کارەبا، چایخانەیەک هەبوو، بینایەکە حکومەت دروستی کردبوو، واتا عائدی (سکک) بوو بەڵام بەتەعهد دەدرایە خەڵک.

لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی هاوینان و زستانێک لەوێ بووم، کابرایەکی خەڵکی ئەو ناوە بەکرێی گرتبوو ناوی (قادر چایچی) بوو. لە خوارتری چایخانەکە، دیسان دوکانێکی حکومی لێ بوو کە ئەم بینایاتانە: بچووک و گەورە، هەموو حکومەت دروستی کردبوون بەبەردی داتاشراو و چیمەنتۆ. ئەم دوکانە (حانووت) بوو... شتی وەک مەشروبات و جگەرەی بیانی، وەک گرێڤن و پلایەرز و بلاک ئەند وایت... و قووتوی (معلبات)ی ماسی و گۆشت و بسکویت و چەرەز و... تاد، لێ دەفرۆشرا. ئەوەش هەر بەهاوینان هەبوو. زستان دائەخرا. بەڵام چایخانەکە زستانانیش هەر هەبوو... حەرەس و پۆلیس و سایەق سەیارەکانی لە شەقڵاوە بەرەو هەولێر دەچوون، یا بەپێچەوانەوە... لەم چایخانەیە ئیسراحەتیان دەکرد و خۆیان گەرم دەکردەوە. مصیف زستانانی ئەو ساڵانە زۆر سارد بوو، کەم وا دەبوو بەفری لێ نەبارێ!

لە خوارتری حانووتەکە، ئینجا دوا بینایە بوو، بینایەی دائیرەی (مهندس المصایف)یان پێ دەگوت و لەسەر قطعەی بەردەرگای نووسرا بوو. ئەمە خانووێک بوو... هەیوانێک کە دوو سێ ژوور دەرگاکانیان لەو هەیوانەدا بوون. پشتەوەی ئەم دائیرەیە زەوییەکی گەورە بەسیم و درکی ئاسن دەورە درا بوو. ئەمە (کۆگا – مخزن)ی دائیرەکە بوو. هەر شتێکی پێویستی کارەکانیان بووایە هەبوو: بزمار و بورغی و مشار و چەکوچ... تاد، شتی نەجارێ. هەروەها کەلوپەلی ئاسنگەری، کەلوپەلی پێویست بۆ سەیارەکانی دائیرەکە: لۆری و پیکاب و صالۆن و تراکتەر و... هەموو جۆرە (وسائط النقل) کەلوپەلی لەم مەخزەنە هەبوو و بەبانزین و ڕۆنی مەکینە و نەوت و سی ئۆیل و... تاد. چەند مانگێکیش لەم مەخزەنە کارم کرد وەک (مأمور مخزن). هەموو شتێکم بەدەستەوە بوو. هاوینان

ئاسنگەر و دارتاش و فیتەر و سایق لە مووسڵ و هەولێرەوە دەهاتن بەمەعاشی مانگانە ئیشیان دەکرد. تەنها دەست و بازو و هێز لە خۆیانەوە بوو... هەموو شتێکی پێویستییان پێی هەبووایە... لە مخزن هەبوو.

سایقەکان دائیمی بوون. زستانان دەچوونەوە دائیرەی ڕەئیسی کە لە مووسڵ بوو.

ئا لێرە خانووبەرە... لە لای ڕاستی جادەکەی شەقڵاوە تەواو... لەوێوە بەولاوە ئیتر دار و پنج و درەختی سروشتی دەستیان پێ دەکرد. بەرامبەر بەمانە... لەوبەری جادەکە... چۆڵ بوو... جگە لە بینایەکەی (برید) هیچ خانوو و دوکانیشی لێ نەبوو... هەموو درەخت و غابات بوو.

ئەمە بوو وەسفی (مصیف صلاح الدین) لە ساڵی ١٩٤٦ تا هاوینی ١٩٥٠. لەو ساڵەوە ئیتر ماڵمان لە هەولێرەوە گوازتەوە کەرکووک و چیتر نەهاتمە ئەم ناوە تا ماوەی چەند ساڵێک! ئینجا لە پاشان مەگەر بەسەفەر و سیاحەت و سەیران بهاتابام لەگەڵ برادەران!

وەک پێشتر وتم: گەشتیار (مصطافە)کانی مصیف لە ساڵانی ١٩٤٦ و ٤٧ و ٤٨ و ٤٩ش، زیاتریان (جوو) بوون. هەموو هاوینان دەهاتنە ئێرە، چونکە دیمەنی جوان هەبوو، فێنک بوو... خانووی پاک و لە بەرد دروستکراوی ڕێکوپێک هەبوو... ڕابواردنی خۆش هەبوو شەوانە لەسەر ڕۆخی (مەلەوانگە - مسبح)ەکەی مەسیف ئاهەنگ و (دانس)... واتا سەمای غەربی لەسەر مۆسیقای گرامۆفۆن هەبوو... بەڕۆژ، بەسەیارەکانی (مصایف) سەیران و سەفەراتیان بۆ ڕێک دەخرا... دەچوون تا درەنگی شەو دەگەڕان... تا حاجی ئۆمەران و... شەقڵاوە... هەروەها ئێرە هەرزانتریش بوو لە ئەوروپا... بۆیە ڕوویان لێرە دەکرد!

کەپرێکی قشتیلەی جوان، لەسەر حەوزێکی ئاو، کەمێک بەولاوەی دائیرەکەمان (دائیرەی بەرید)ەوە بوو... شەوانە چەند گەنجێکی جوولەکە و مووسڵاوی و بەغدایی مۆسیقاژەن، چەند کیژ و کوڕیان دەهێنا ئەوێ و دەستیان دەکرد بەبەزم و ئاهەنگ تا درەنگی شەو گۆرانی و مۆسیقایان لێ ئەدا: یەکێک عوودی لێ ئەدا، یەک کەمانچە و یەکێک دومبک... مەپرسە چەند خۆش و بێ (نشاز) مۆسیقا و گۆرانی ئەو کاتە کە باو بوون لێیان ئەدا و کچ و کوڕەکانیش گۆرانییەکانیان دەگوت: لە بیرمە گۆرانی (حول یا غنام)ی گۆرانیبێژی لوبنانی (نەجاح سەلام) و گۆرانی (عمی یا بیاع الورد)ی حضیری





من لەناو جۆلانەیەک لەناو یاریگە و باخچەی منداڵان لە مەسیف سەڵاحەدین – ١٩٤٨

ابو عـــــزیز و گـــــۆرانی (یم العبایە)ی بەدریە ئەنوەر و (یابو الزلف یابوی)ی سیهام رفقی و (یا جارحة گلبی) نەجاح سەلام و (یا جارة الوادي) محەمەد عــــــــەبدولوەهاب، زۆر بەڕێکوپێکی هەمـــوو شـــەو دەیانگوتن. جا منیش بەهێواشی دەچووم... لە نزیکیان دادەنیشتم لە ژێر دار بەڕووێک و گوێم لێ ڕادەگرتن! چەندم حەز دەکرد لە ناویانا بامایە و لەگەڵیانا گۆرانیم بگوتبا! بەڵام... چۆن! ئەوان لە کێ و منی هەژار و کەساس و کرێکاری بەرید لە کوێ!! من زیاتر بۆ دیتنی ئامێرەکان دەچووم... تاکو بزانم عــــوود چۆنە... چۆنی لێ ئەدەن... دەنگی چۆن دەردەچێ! هەروەها کەمانچە کە وەک ئالەتێکی پڕ لە سیحرم دەهاتە پێش چاو! من شمشاڵێکی ئاسنم هەبوو... دەگەڕامەوە کەپرەکەی خۆمان و لە ڕقان شمشاڵم لێ ئەدا!



حضیری ابو عزیز

کاری سەر بەدالەم زۆر پێ خۆش بوو! ئافرەت و کچی جوان دەهاتن، داوای قسەکردنیان دەکرد لەگەڵ خزم و کەس و دۆستانیان لە بەغدا و بەسرە و مووسڵ... منیش داواکانیانم بۆ جێبەجێ دەکردن و (نیدایە)کەم بۆ وەردەگرتن. هەندێ جار گوێم لە قسەی کچەکان ڕادەگرت کە لەگەڵ دلدارەکانیان گفتوگۆی دلدارییان دەکرد، زۆرم سوو دەبۆوە و خەفەتم دەخوارد... بۆچی من کیژێکی ئاوا ناسک و جوان نییە دلداریم لەگەڵدا بکات؟. لەبەر ئەوەش کە لە هەموو ماڵەکان (خانووەکان)ی مصیف تەلەفۆن نەبوو، بۆیە، یا دەهاتنە دائیرەی بەرید، یا هەر لە هوتێلەوە قسەیان لەگەڵ خزمانی دوور دەکرد. خاوەن ئوتێل پارەی لێ دەستاندن و بۆی دەناردین، بۆ بەرید!

هاوین نزیک بوو تەواو بێ و بەسەرچێ، لەپڕ شەوێک کە لەسەر بەدالەکە بووم، زەنگەکەی هەولێر لێی دا و کە وتم (هەلۆ)، گوێم لە دەنگی (یۆخەننا)ی کوڕی مام گەوریل بوو، لە کۆیەوە قسەی دەکرد. دوای چاک و خۆشی وتی: ئەزانی تۆ (اکمال)ی لە

دەرسی (ریاضیات)؟ وتم: نەوەڵڵا. وتی: دەخۆت ئامادە کە و هەفتەیەکت ماوە، فریای خۆت کەوە، وەرە ئیمتیحانەکە بدە و بگەڕێوە!

چەند بە(ئاسانی!)!. ئاوا بەدوو قسە... ئیمتیحانم دا...؟ کوڕە کاکە ئەوە ئیمتیحانە! بەکەلۆریایە! بیرکردنەوە بێ سوود بوو. بەدایک و باوکم وت. ئەوان، بەستەزمان و ئومی و نەخوێندەوار بوون! چوزانن چی بکەن بۆم؟ من بڕیارم دا... بۆ ڕۆژی پاشتر، بەیانی زوو چوومە هەولێر. لەوێوە چوومە کۆیە و هەر ئەو ڕۆژە... عەریزەم دایە بەڕێوەبەری قوتابخانە... داوام کرد، لەبەر بار و زرووفی (عائلی)م، ئیمتیحانەکەم بۆ هەولێر بگوازنەوە. داوایەکەم جێبەجێ کرا و گەڕامەوە هەولێر و بردمە (سانەوی). لەوێش بەڕێوەبەر قبوولّی کرد و (هەویەیەکی) نوێیان دا من بۆ (اشتراک) کردن لە (امتحانات الدور الثاني) لە ساڵی ١٩٤٦ - زۆر لەسەری ناڕۆم - (امتحان) هات و بەشداریم کرد و هیچم نەزانی و (ساقط) بووم (پێشتر ئەم بیرەوەرییەم بەتەفاسیل کرد). کە دەوام دەستی پێ کرد، من لەبەر کارەکەم لە بەرید و حەزم کرد مانگەکە تەواو کەم و تا دوا ڕۆژی دەوامی دائیرەی بەرید بمێنمەوە... تاد مەعاشەکەم بەتەواوی وەرگرم.

پاییز داهات و دامودەزگا و بەرید و ئوتێل چۆڵ بوون و (مصطافەکان) گەڕانەوە... مصیف چۆڵ بوو... پۆلیس کەپرەکانیان تێک دان و چیلکە و دارەکانیان بەلۆری و بەپاسی تەختە دار، بردەوە هەولێر بۆ زستان، بۆ نان کردن و ئاگرکردنەوە بۆ خۆ گەرم کردن.

منیش ئیشم تەواو لەگەڵ دایکم و براکانم هاتینەوە عەنکاوە. بۆ بەیانی چوومە لای بەڕێوەبەری قوتابخانەی سانەوی هەولێر... تاکە سانەوی بوو، لە تەنیشت دائیرەی (برید و



دائیرەی بەرید و بەشێکی سانەوی هەولێر ساڵی ١٩٥٠ ئەو جادەیەش بۆ مووسڵ دەچێ.

لەم وێنەیەدا دائیرەی "برید و برق و تەلەفۆن"ی هەولێر دیارە لەلای دەستە ڕاستی ڕەسمەکە و بەدوو سێ پیپلیکان بەسەر دەکەوتی بۆ ژوورەوە. لە دوای ئەم بینایە و لە تەنیشت دارتێلەکە، واتا عەموودی تەلەفۆنەکە، شوورەی باخچەکەی قوتابخانەی سانەوی "تاقانە" لە هەولێر دیارە. ئەم درەخت و باخچەی لای چەپیش لە فولکەکەی بەردەم بەلەدیە و سەرای کۆن بوو



برق و تلفون)ی هەولێر بوو، باخچەیەکیان لە مابەینا بوو. بینایەیەکی زۆر جوان و ڕێکوپێک بوو... ژووری زۆر هەبوون... هەیوانێکی درێژ لە بەردەم ژوورەکانا بوو لەمسەر تا ئەوسەری بینایەکە... وتم هاتووم دەوام بکەم! پێکەنی! ناوی سەیید ئەحمەد بوو. وتی: کوڕم دەوام دەستی پێکردووە و شوێنمان نەماوە. تۆ (راسب) بووی. لە (صنفی) سێیەم جێ نەماوە!

ئەوەی ڕاستی بێ، منیش سارد بووبوومەوە و دەوم بە(پارە) بووبوو و حەزم لە خوێندن نەبوو! هەر جەنابی مودیر وای وت، من گەڕامەوە دواوە و چوومە دەرەوە... لێی نەپاڕامەوە! ئەگەر باسی خۆم و بۆچی درەنگ هاتم بۆم کردبایە و کەمێک بپاڕابامەوە... لەوانە بوو... زۆریش ئیحتیمال هەبوو وەرم بگرێ! سەیید بوو. بەڕەحم بوو!

بۆ ڕۆژی دواتر، لە عەنکاوە نەمام. ماڵەوەم بەجێ هێشت و چوومەوە لای باوکم و پێم وت... وتم درەنگ چووم و لە قوتابخانەکە شوێنی من نەماوە! باوکم زۆر خەمی خوارد... وتی: سبەی من ئەچم بۆ لای! دەچمە هەولێر! چۆن قبوڵت ناکات! منیش وتم: بابە... سوودی نییە! مامۆستایە و ڕاست دەکات! سووچی منە! من کەمتەرخەمیم کرد... با ئەمساڵ لێرە بم... لەگەڵ تۆ لە قشلە دەنووم... بەشکم ئیشێکیش بدۆزمەوە! باوکم قەناعەت پێ هێنا و وازی لە چوونی بۆ هەولێر هێنا! باوکم کلیلی عەمباری (جۆ)ی وڵاغەکانی لە لا بوو! لە (قوللە)کەی قوژبنی لای ڕۆژهەڵاتی بینایەی قشلەکە... عەمبارەکە بوو. لە پێش عەمبارەکە ژوورێکی بچووک بوو... هەردووکمان ئەو زستانە لەو ژوورە ژیاین. من لە لای (عباس افندی) ناوێک (مراقب غابات) بوو، بەڕۆژانە، وەک کرێکار دامەزرام، ڕۆژی بەچوار پەنجایی... (واتا ٢٠٠ دوو سەد فلس) کە مانگی دەیکردە (٦ شەش) دینار!! واتا دینارێک لە مووچەی باوکم کەمتر بوو! یارمەتییەکی باش بوو بۆ خێزان!.

(عباس افندی) کابرایێکی باش بوو... بە ڕوحم بوو! کە زانی من پۆلی ٣ سێی (متوسطە)م... وتی: تۆ هەر لە لام دانیشە. مەچووە دەرەوە لەگەڵ باقی (عەمەلەکان). ئەوان ڕۆژانە لە بەیانییەوە دەردەچوون... ئەویش لەگەڵیان، خەریکی (بەڕوو) چاندن بوون لە چیاکە! جار جارە ئەو دەگەڕایەوە ژوورەکەی لە بەرئاگردانەکە دائەنیشت و منی دەکردە (مراقب) و دەیگوت لەسەریان بوەستە، تەنها بۆ ئەوەی بزانن یەکێک هەیە ئاگاداریانە... تەمبەڵی نەکەن!

زستانەکەی (مصیف) زۆر سارد و ڕەشەبا و بەفر و بارانێکی زۆری بەسەرمانا باراند!

شەوان تاوێک دەچوومە چایخانەکە، هەندێ کرێکار و شوفێر لە دەورەی سۆبەی دارەکە کۆ دەبوونەوە و بەدەم (جغارە) و چای خواردنەوە، قسە و باسی فەلاحەتی و چاندن و... تاد... دەکرا. من لە لای ڕادیۆکە دادەنیشتم کە بەپاتری گەورە ئیشی دەکرد... چونکە مەکینەکانی کارەبا لە کارکردن وەستا بوون و وەستا (حەننا بەحری)ش وەک موەزەفەکانی تر، گەڕابۆوە مووسڵ. کە کەس نەدەما و خەوم دەهات، خواحافیزیم لە وەستا قادری چایچی دەکرد و بەرەو قشلە، بەسەر دەکەوتم و دەچوومە ژوورەکەمان. ئەگەر زووبایە، باوکمم دەدیتەوە لای ئەو چوار پێنج پۆلیسەی کە لە (مخفر)ەکە مابوون - ئەوانیش دەورەیان لە جیهازێکی قەوان دەدا کە پێی دەگوترا (سندوقی قەوان - یان گرامافۆن) و گوێیان دەدایە قەوانی کاوێس ئاغا و... تاد. ئەگەر درەنگیش بووایە، سەیرم دەکرد باوکم خۆی داپۆشیوە و پرخە پرخی ژوورەکەی پڕ کردووە! هەزار ڕەحمەتت لێ بێ باوکە گیان... چەندم خۆش دەویستی و چەند تۆ منت خۆش دەویست! بەم جۆرە، ئەو ساڵەی دیراسی ١٩٤٧/١٩٤٦ من دانیشتم و نەچوومە خوێندن! هەستی ئەوەم نەدەکرد... ساڵێک دواکەوتن، بۆ دوارۆژم، چەند خراپ بوو!

عەبباس ئەفەندی لە لایەن حکوومەتەوە تەعین کرابوو و مەعاشی لە حکوومەت وەردەگرت سەرە مانگان. خۆی دەچووە هەولێر، قائیمەی مووچەی خۆی و ئێمەی کرێکارەکان دەهێنا لەگەڵ پارەکە و ئینجا یەکە یەکە بەسەرمانی دابەش دەکرد. بەڵام یەکێکی دیکە هەبوو لە لایەن (سکک)ەوە تەعین کرابوو، ناوی (سليم حنا جابرو) بوو، خەڵکی (تلكيف) بوو، مەسیحی بوو. ئەمەیان بەناونیشانی (مراقب زراعی) دامەزرا بوو. ئەویش خانووێکی درابوویێ هەر لە ڕیزی مەخفەری پۆلیس لەسەر جادەی کە بۆ (سەری ڕەش) دەچوو، لە خوار خانووەکەی (عەبباس ئەفەندی) بوو. لە دوای خانووەکەی (سليم ئەفەندی) ماڵی بەڕێز (فەتاح ئاغای کۆڕێ) بوو. ئەویش هەر بەجلی ئەفەندییان: قات - چاکەت و پانتۆڵ و قەرەوێتی، لەبەر دەکرد - هەرسێکیان برادەر بوون و شەوانە، یا لە ماڵی فەتاح ئاغا یا لە ماڵی سەلیم ئەفەندی دادەنیشتن - سەلیم و عەبباس عارەقیان دەخواردەوە... فەتاح ئاغام نەدیت بخواتەوە. سەلیم ئەفەندی زستانان دەڕۆیشت، لەگەڵ باقی موەزەفەکانی دائیرەی (سکک) کە ئیشوکاری (مصيف)یان ڕادەپەڕاند و جێبەجێ دەکرد. بەڵام (عەباس ئەفەندی) زستانیش دەمایەوە. ئەو ساڵە کە من لەگەڵیا، لە (مصيف) مامەوە، چەند گونیەیەک (بەڕوو)ی کڕی و هەموو ڕۆژێک، لە بەیانییەوە، بەخۆی و بەکرێکارەکانییەوە، دەچوون ئەو دنکە (بەڕوو)یانەیان دەچاند.



قۆڵتێکی ٢٠سم بەقازمە یان پێمەڕە، هەڵدەقەند و هەر چاڵەی ٣ - ٤ بەڕوویان فڕێ دەدایە ناویەوە و بەخۆڵ پڕیان دەکردەوە.

لە عەنکاوەش، هەردوو براکانم (فیلیپ و طیمە) لە قوتابخانەی سەرەتایی عەنکاوە دەوامیان دەکرد... تاکە قوتابخانە بوو لە گوندەکە و مامۆستا لۆقا دمیانوس بەڕێوەبەری بوو. مامۆستا لۆقا، یەکەم تەعینی لە کۆیە بوو، لە بیرمە لە پۆلی دووەمی سەرەتایی، لە حەوشەکەی (حەمەشین) بووین، دەرسی حیسابی پێ دەگوتین. هەموو ڕۆژێ دەبووایە لە دەرسی ئەو، هەستین (جدول ضرب) بڵێینەوە، لەبەر... واتا دەبووایە دەرخی کەین... وەک بولبول، یا وەک (محفوظات) دەمانگوتەوە! ئەوی لەبەری نەبووایە، (فەلاقە)ی دەکرد بەدەستی خۆی! بۆیە تاکو ئێستاش من ئەو (جدول الضرب)ەم وەکو ئاو لەبەرە... و لە حیساب کردن قەت هەڵە ناکەم! هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، خوایە! دوو هەفتە جارێک یا باوکم یا من دەچووینەوە عەنکاوە... شەوێک دەماینەوە... هەندێ نان و شتی پێویستی تر، ڕۆژی دوایی دەمانهێنایەوە! باوکم چێشتی لێدەنا بۆ هەردووکمان، لە ژوورەکەی ناو قوولەی قشلەکە دەمانخوارد... زستان تەواو، هاوین داهات و (مصيف) پاک کرایەوە و حەرەسەکان خانووەکانیان بەجێهێشت و ماڵ و مناڵەکانیان بردەوە گوندەکانی خۆیان: گەلیاوا یا کۆڕێ... مەسیفیش، دیسان، ئامادە کرایەوە بۆ پێشوازی کردن لە گەشتیاران.

ئوتێل، بەهەردوو بەشییەوە: بەشی دانیشتن و خواردن و خواردنەوە و بەشی نووستن... بۆیاغ کرایەوە و پاک کرایەوە. بەڕێوەبەری هوتێل و کارمەندان و (بۆی) و (طباخ) و قاپ شۆر و... تاد هەموو ئامادەکران و هەر لە مانگی حوزەیرانەوە، گەشتیار و (مصطافين) دەستیان کرد بەهاتن... بەڵام دیار بوو جوولەکە کەم بوون... چونکە هاوینی ساڵەکە... جوولەکە دەستیان کرد بەعیراق بەجێهێشتن و بەرەو فەلەستین، کە دەوڵەتی ئیسرائیل، لە بەشێکی دامەزرا... جا جوولەکەی عالەم ڕوویان دەکردە ئیسرائیل و لەوێ دەبوونە (هاووڵاتی) نیشتمانێکی تازە کە (بەریتانیا) و (ئەمەریکا) لە عەردی فەلەستینیان پچڕاند و بۆیان کردنە (دەوڵەتی ئیسرائیل).

لەم هاوینەدا لە (مخزن)ی دائیرەی (سکک) دامەزرام وەک (مأمور مخزن). هەموو شتێک لە ژوورەوە و لە دەرەوە، لە ساحەکەی کە بەسیم دەورە درابوو، تەسلیم بەمن کرا بەژمارە و حیساب. ئینجا هەرچی پێویستی بەهەر شتێک هەبووایە: لە بزمارەوە... تا بەنزین و نەوت و ڕۆنی مەکینە و ترومبێل... و تایە و چووپ و چەکوچ و مشار و تەختەدار و عەرەبانەی (کەناس) و زبڵچی و کوورەک (واتا خاکەناس) و قازمە و تەنەکە

و بەرمیل و... تاد... دیسان بەژماردن تەسلیمی خاوەن حاجەتەکەم دەکرد و لێم دەستاندنەوە ئێوارە... دوای تەواوبوونی کارەکانیان!

ئیدارەی (مصیف)یش گۆڕا. ئەندازیارێکی تازە، وەک لێپرساو (مدیر)ی (مصایف)مان بۆ هات ناوی (مهندس یوسف ناصر) بوو، خەڵکی مووسڵ بوو. باوکیشم دیسان هەر لە شوێنی جاران، کەپرێکی بۆ کردین و چوو دایکم و خوشک و براکانی هێنانەوە و من زۆر پێیان شاد بووم!

کارم لە مەخزەنەکە خۆش بوو. زۆر برادەرم لە حەرەسەکانی کۆگاکە بۆ پەیدا بوو، وەک: مام قادر کە حەرەسی ئێشکگری دائیمی بوو... ژوورێکی بچووکی لە خوارەوەی سیمەکە هەبوو... هەروەها کاک عەبدولرەزاق و براکەی کاک فەتاح، ئەوانیش حەرەسی دائیمی بوون لە نێو ساحەکەی کەوا ئەو هەموو کەلوپەلەی تێدا بوو! دیسان شوفێرەکانی هەموو (مصیف) لە لای من بەنزین بەتەنەکە و ڕۆنیان وەردەگرت و بووینە برادەر. ئاسینگەر و دارتاش (نەجار)مان هەبوو. لە نەجارەکان یەکێک ناوی (وەستا مەولوود) بوو، خەڵکی هەولێر بوو، زۆر ئیشکەر بوو، خۆشیان دەویست. دەست و پەنجەی ڕەنگینی هەبوو. بووینە برادەر. چونکە ئەو شوێنی کارکردنی هەر لە تەنیشت کۆگا داخیلەکە بوو کە من زۆربەی کاتم لەوێ دەبووم. جا زۆر دەچوومە لای کاک مەولوود و لە لای دەوەستام و سەیرم دەکرد لە کاتی ئیشکردنی. هەروەها کاک عەبدولرەزاق و جاروبار براکەی کاک عەبدولفەتاح (ئەویش ئێشکگر) بوو لە شوێنێکی هاوینەهەوارەکە، دەهاتنە لام و پێکەوە ڕادەوەستاین و قسە و فشە و گاڵتەمان دەکرد.

ڕۆژێک کەمێک نەساغ بووم... چوومە (مستوصف)ەکە، کە لە بینایەکەی (بلاط الملکی) بوو... چونکە ئەم بینایە چیتر وەک (بلاط) بەکار نەدەهێنرا! بەشێکی کرایە (مستوصف) و لایەکەی تری هەندێ مووزەفی دائیرەی (هندسه)، هەر یەک دووێک، لە ژوورێک دەنووستن...

دختۆرەکە ئەرمەنی بوو، ناوی (ییرڤانت) بوو... بەژنی کورت بوو بەڵام خڕوپڕ بوو... تەوقی سەری پرچی تێدا نەما بوو... لووس بوو... تەنها دەورووپشتی سەلکی و سەر گوێچکەکانی پرچی ڕەش هەبوو... زۆر بەتەمەن نەبوو، بەڵام ژنێکی هەبوو، تا بڵێی جوان بوو! لەش و جەستەیەکی مەیلەو پڕ و نەرمونیانی هەبوو... دەموچاوی سوور و سپی، ڕوومەت سێوی لا سوور، قژی سەری جوان و درێژ و بەڕەنگی خەنەی قاوەییێکی کراوە... خەڵکی (مصیف) شێت بووبوون بۆی، بەمنیشەوە!



وتم دختۆر، زگم دێشێ و (قەبزم!)... ئەویش لەسەر کورسی و مێزەکەی دانیشتبوو خەریکی نووسین بوو... فەڕاشێکی دیانی هەبوو، خەڵکی لای بەعشیقە و ئەو ناوە بوو... نەخوێندەوار بوو... دەبەنگ بوو! دختۆر بەبێ ئەوەی خۆی ماندوو کات و فەحسم بکات، بەفەڕاشەکەی وت (ئیشارەتیشی بۆ کۆمەڵێک شووشە (بطل) کە لەسەر ڕەفتێک دانرابوون... بەرامبەر مێزەکەی دختۆر، هەریەکە و هەندێ ئاو... یا دەرمانی شلەی جیا جیایان تێدا بوو... ئاماژەی کرد و وتی لە هۆ و شووشەیە پەرداغێکی بۆ تێکە... لە (دهن الخروع)...

کابرای فەڕاش چووە لای یەک لە بوتلەکان و ڕووی لە دختۆر کرد و دەستی لەسەر شووشەکە دانا و پرسی - بەعەرەبی - «من هذا البطل، دکتۆر؟». دکتۆرەکە، بەبێ ئەوەی سەر هەڵبڕێ... وەڵامی دایەوە: «ئی... ئی».

کابراش پەرداغێکی بۆ پڕ کردم و دامێ و منیش پێشتر (هیندیاغی)م خواردبوو... لە مناڵی و لە گەنجایەتیش و تامەکەیم دەزانی چۆنە و تاڵ نییە! وامزانی هیندیاغییە فڕم کرد، بێ ئێوە ناخۆش، و (چعب ابیض)م کرد! واتە هەمووم خواردەوە... یەکسەر دەموچاوم گرژ کرد چونکە زۆر تاڵ بوو! بەدکتۆرم وت: - بەعەرەبی - دکتۆر... هذا شنو؟ شگد مُرّ؟! واتا ئەوە چییە؟ چەند تاڵە؟... دختۆر، بەم قسەیەم، وەک بڵێی بەئاگا هات و هەستی کرد کە هەڵەیەک... موشکیلەیەک ڕووی داوە. خێرا هەڵسایەوە سەرپێ و بەکابرای فەڕاشی وت: «لە کام شووشەت بۆی تێکرد؟» ئەویش، پەنجەی بۆ شووشەکە درێژ کرد و وتی: ئا لەمە، دکتۆر! خۆت نەت فەرموو؟ کە دختۆر تەماشای لێبلەکەی سەر شووشەکەی کرد، تێکچوو و هاواری کردە سەر کابرا و بەعەرەبی وتی: «ولەک زمال... هذا هیندیاغی؟ ولک ملعون الوالدین... هذا دهن کافور. أشسویت؟»... کابرا هەندێ قسەی کرد و پرتە پرتی دەکرد، بەڵام دکتۆر گوێی نەدایێ و خێرا دەستی کرد بەهاتوچۆی خێرا خێرا لە ناو ژوورەکە... بۆ لای ئەم دۆڵابە و بۆ لای ئەم ڕەفتە و شووشەیەک لەولا و بوتڵێک لەملا و سۆندە و ئاو و خوێ... و نازانم... هەر مەشغووڵ و مشەوەش بوو! منی درێژ کرد لەسەر قەریوڵەکەی نەخۆشان و من وتم: دکتۆر... اکو شی؟ وتی: لا... لا... ابنی! لاتخاف ماکو شی! من درێژ بووم... بەڵام هەستم بەشتێک کرد لە ناو زگما خول دەخواتەوە و... گەدە و هەندێ شوێنی لەشم ژانیان دەکرد و خەریک بووم لە خۆ بچم! سەرم بەگێژەوە دەهات!

دختۆر خێواوکێکی کرد و صۆندەیەکی هێنا سەرێکی دایە دەستم و وتی: ئەمە قووت دە! من پرسیم: چۆن؟ وتی: وەک خواردن. چۆن شتێ دەخۆی؟ لە دەوتی نێ و وردە وردە

صۆندەکە قووت بدە! وام کرد و صۆندەکەم قووت دا و هەستم کرد ئاو وا دەڕژێتە ناو مەعیدەم... و لەپڕ ڕشانەوەم هات و دختۆر زوو صۆندەکەی کێشایەوە و تەنەکەیان لە بەردەمم دانا و ڕشامەوە! ئەم شتەی دوو سێ جار دووبارە کردەوە ئینجا من زۆر بێ ئاگا بووم. وەختێک بەئاگا هاتمەوە... گوێم لە دەنگە دەنگی خەڵک بوو لە پشت پەنجەرەکەوە... هاواریان دەکرد... «وەڵڵا شتێکی لێ بێ... دەتکوژین!»

باوکیشم لە دەرەوە وەستا بوو... دختۆر هێنایە ژوورەوە و لە لایەکی دانا لەسەر کورسییەک! ئینجا... یوسف ناصری بەڕێوەبەری دائیرەی (مصایف) هات، بەخۆ و بەشەپقەوە و گۆچانە کەشخەکەی دەستی و یەکسەر بەئینگلیزی لەگەڵ دکتۆر دوا. من تێگەیشتم کە پێی وت: خۆت ئامادە بکە و لەگەڵ سەیارەیەک بڕۆن بۆ مووسڵ!... بەڵام دکتۆر ییرڤانت وتی – (بەئینگلیزی و من تێگەیشتم!) نەخێر! نابێ! لە ڕێگا دەمرێ... He'll die» من زۆر ترسام و بەدختۆرم وت: دختۆر... راح أموت؟ ئەو، بۆ یەکەم جار زەردەخەنەی نیشان دا و پێی وتم: لا ابنی لا، انشاءالله ماتموت!»

ئیتر زۆر لەسەری ناڕۆم، دختۆر تا ئێوارە خەریکم بوو، بەحوقنەو دەیڕشاندمەوە و... دەرزی لێ ئەدام! ئێوارە... من خۆم زانیم باشترم! کە مەترسی نەما! دختۆر هەناسەی هاتەوە بەر و بەدوو سێ کەس لەسەر سەدیە منیان بردە دەرەوە و بۆ ترومبێلەکەی دختۆر خۆی! منی بردەوە، ماڵەوەمان... واتا کەپرەکەمان! لەوێ لەسەر تەختەکەی خۆم و لە ناو جێگا پاک و تەمیزەکەم درێژیان کردم و دختۆر سەلامی لە دایکم کرد و باوکم لەگەڵمانا بوو... زوو، بەزمانی ئاسووری، پێی وت: مەترسە! هیچ مەترسی نەماوە و دختۆر سەلامەت بێ، ڕووحی کڕییەوە!

ئیتر هەموو بەیانییەک دختۆر، پێش ئەوەی بچێتە دەوام، جارێ سەری لێ ئەدام. بوتڵێک شیری تازەی بۆ دەهێنام... لە لام دائەنیشت... قسەی خۆشی بۆ دەکردم و بەپێکەنینی دەهێنام! یەک دوو جار ژنە جوانەکەی هاتە لام و لەگەڵ دایکما قسەی بەئەرمەنی بۆ دەکرد، چونکە دایکم، هەندێکی لە زمانەکە تێ دەگەیشت و دەزانی. چەند جارێ یوسف ناصر لەگەڵ دختۆر دەهاتە لام.

فیلیپی برامیان تەعین کرد وەک کرێکار، ڕۆژی بە ٢٠٠ فلس. لە ماڵی دختۆر کاری پاککردن و قاپ شووشتن بوو. منیش هەموو ئەو ڕۆژانەی لە ناو جێگا مامەوە کە زیاتر لە مانگێک دەبوو... بۆم حیساب کرا و مەعاشیان نەبڕیم. زوو زووش دیاری و پاکەتی (بسکیت) و بوتڵی شەربەتیان بۆ دەهێنام.



بەڵام یوسف ناصر، ئەو دختۆرەی لە (مصیف) نەهێشت و گەڕاندیەوە بەغدا. دکتۆرێکی تریان نەقڵی مصیف کرد ناوی دکتۆر (کەمال) ناوێک بوو. پیاوێکی کەڵەگەت و قەڵەو و سوور و سپی... دەم بەپێکەنین و عەرەب گوتەنی (أريحى) بوو. کە دەهاتە موستەوسەفەکە... هەر لەگەڵ من و (مضمد)ێکی خەڵکی خانەقین ناوی (محمد افندى) بوو... دکتۆر زۆر نوکتە و قسەی خۆشی دەکرد و تەعلیقی لەسەر ئەم و ئەو لێ ئەدا. ئەو برینپێچە (مضمد)ە... سەید ئەحمەد (يا محمد افندى)... چاکم لە بیر نەماوە، زۆر سوودم لێی وەرگرت. فێری کردم چۆن، بۆ نموونە، دەرمانی کۆخە بگرمەوە... چۆن دەرمانی مەلاریا و (كنين) و حەبی فلان نەخۆشی کامەیە... و (ئینگلیز دووزی) کە دەرمانێکی (مسهل) بوو بۆ ئەوانەی (قبوضيه)تیان هەبێ زۆر باشە!... کاکم سیدارەیەکیشی لەسەر دەنا و دەموچاوی ڕەش و ناشیرین بوو... مناڵەکانیشی وەک خۆی، ڕەق و لاواز و ڕەشتاڵە بوون! بەڵام کابراییێکی زۆر بەدین بوو. قەت، وەک دەڵێن، سەری بچووبا نوێژی نەدەچوو... کتێبی دینی وەک (قورئانی پیرۆز و دلائل الخیرات وسیره بن هاشم و تەفسیر الجلالين)ی هەمیشە لە ژێر سەری بوو، لەو ژوورەی کە پێی درابوو لە دەرەوەی بینایەکەی (مستوصف)ەکە... وەکو پێشتریش باسم کرد، ئەم بینایە دروست کرا بوو بەناوی (البلاط الملكى)، ئەگەر مەلیک یا (وصى) بهاتبانە (مصيف) لەو باڵەخانە دادەبەزین... کە زۆر (بسيط)یش بوو.

## گەڕانەوەم بۆ قوتابخانە لە (ثانوية اربيل) لە پۆلی (٣ی) ناوەندی دەوامم کرد

هاوینی ١٩٤٧یش کۆتایی هات... پاییز داهات... ئەو ساڵەش هاوینمان بەڕێ کرد و مەسیف وردە وردە خەڵک دەگەڕانەوە و مانگی تشرینی یەکەم تەواو نەبووبوو کەس نەما بوو. ئوتێل و بەرید و دائیرەی هەندەسە... هەموو دەرگاکانیان داخست و موەزەفە ئەسڵییەکان گەڕانەوە شاری مووسڵ و بەغدا و... عەمەلە و کرێکار و کەنناس و نەجارِ و حەدادیش هەروەترا!. پۆلیسەکانیش ماڵ و منداڵیان بردەوە خوارەوە... ئێمەش چووینەوە عەنکاوە و خانووێکی دیکەمان بەکرێ گرت خاوەنەکەی ناوی (حەنۆ قجی) بوو... لە خوار گردەکەی کە پێی دەڵێن (قصرە) و کە قەبرستانی گوندەکەیە... جیرانمان ماڵی (شەبۆ مرێ) لە لای ڕاستمان و ماڵی (بطرس)ی پۆلیسی برادەری باوکم لە دەربەندی گۆمەسپانەوە، مێردی (سەحۆ)... بەرامبەرمان، لەسەر جادەکەی کە بۆ جۆگەی ئاو و کارێز دەچوو ماڵی خواجە یوسف بوون... ئەوە دەوڵەمەند بوو، زەویوزاری زۆری هەبوو مەڕوماڵاتی زۆر بوو. خانووەکەمان دوو ژووری درێژ و بەرین، لە دوای حەوشێکی بچووک بوون. ژووری یەکەم ئێمەی تیا بووین، ئەویتر پیرەژنێکی ئاسووری هات و لێمانی گرت... خۆی و کوڕێکی بوو، ناوی ژنەکە (گۆزەل) بوو، ناوی کوڕەکەی (ئیرەمیە) بوو. مێردێکی پیری هەبوو بەڵام لە بەغدا، لە یانەی (علویە)، وەک چێشت لێنەر (طباخ) کاری دەکرد لەگەڵ کوڕێکی گەورەی. کوڕەکەی لەگەڵمانا بوو کە ناوی (ئیرەمیا) بوو... شێتۆکە بوو!

ئەو ساڵە ١٩٤٨/١٩٤٧ لە پۆلی سێیەم دەوامم کرد لە سانەوی هەولێر... لە عەنکاوە تەنها یەک قوتابخانەی سەرەتایی لێ بوو. ئەوی شەشی تەواو کردبایە و حەزی کردبا بەردەوام بێ، دەبووایە لە هەولێر، کە لێرەش یەک تاکە سانەوی لێ بوو، دەوام بکات. ڕۆژی دەوامی یەکەم کۆمەڵێک قوتابی بووین بەرەو هەولێر کەوتینە ڕێ بەپێیان، چونکە ترومبێل و تەکسی هێشتا نەبوون. ڕێگای عەنکاوە و هەولێر زۆر خراپ بوو... خۆڵ و بەرد و چاڵ و تاسە بوو.

ڕۆژانی یەکەمم، هەوڵم دا ئەوانەی لەگەڵما لە پۆلی سێی (متوسطە) بوون بیانناسم و... بەم جۆرە، دوای یەک دوو هەفتە بووین بەبرادەری یەکتر و... ئەوانی دیکەشم ناسین. ئیتر هەموو بەیانیان هەریەکە و لە گەڕەکی خۆیەوە، بەرەو ڕێگاکەی هەولێر دەڕۆیشتین لە دەرەوەی گوند یەکترمان دەگرتەوە و ئیتر بەکۆمەڵ... یان دوو دوو... سێ سێ... دەڕۆیشتین بەڕێوە... بەقسەی خۆش و نوکتە و باسی فلان و فلانی دییەکەمان دەکرد... ناوە ناوەش من



گۆرانییێکم دەگوت، ئەوان چەپڵەیان لێ ئەدا... تا دەگەیشتینە قوتابخانە. بەڕێوەبەری قوتابخانە، مامۆستای پەروەردەکار و بەشیدەت و بەڵام (نظامی)، خوالێخۆشبوو (عوسمان قۆجە) بوو. ئەم مامۆستایە... لە سەرەتا، چەند مانگێک دەرسی مێژوو (تاریخ الحدیث)ی پێ دەگوتین، دوایی کردیانە مودیر. مامۆستای جوغرافیە، خەڵکی کەرکووک بوو وردیلە و لاواز بوو دیار بوو نەخۆشییەکی هەبوو... ناوی مامۆستا عەزیز دامیرچی بوو...

مامۆستای (جبر) خەڵکی مووسڵ بوو ناوی (صدیق خلیفە) بوو. ئەو ساڵ یەکەم جار بوو من زانیم (جبر) یانی چی و پرسیارەکان چۆن (حل) دەکرێن و زۆر باش لەسەر دەستی ئەو مامۆستایە دەرسەکە تێگەیشتم، ئەگەرچی مامۆستایەکی (مۆن) بوو، ڕۆژێ زەردەخەنەیەکمان لەسەر لێوانی نەدی!.

مامۆستای (فیزیا)مان ناوی (سەعید خضر) بوو، دانەری کتێبی (جداول اللوغاریتمات) بوو، زۆر زیرەک و ڕوو خۆش بوو. مامۆستای ئینگلیزیمان، لە سەرەتادا، عەنکاوەیی بوو، ناوی (عبدالاحد فرنسیس المالح) بوو. ئەمە لە ئینقیلابەکەی ١٩٦٣ حەرەس قەومی موجریمەکان، لە بەغدا گرتیان و کوشتیان، بەتۆمەتی شیوعییەت... برایەکی هەبوو ناوی (مەتی فرەنسیس) بوو، قوتابی بوو لەگەڵمانا، لە پۆلی سێیەم.

مامۆستای زمانی عەرەبی، مامۆستا (صلاح خالص) بوو... لە مامۆستاکانی تر: عەلی حسێن کەسرە (ریاضە – وەرزش) و (جەواد ڕەسوول) ڕەسم و... هەروەها چەند مامۆستای دیکە هەبوون جارێ دەرسیان نەئەداینێ... دوایی لە پۆلی چوار و پێنج هاتنە لامان وەک مامۆستایان (نەشئەت محەمەد سەفوەت و جەمیل ڕەشید العمادی و مستەفا شەعبان... ئەوانەی کۆچی دواییان کردووە... هەزار هەزار سڵاو لە گیانی پاک و ڕووحی شیرینیان بێ... زۆر مامۆستای بەڕاستی خاوەن عیلم و ئەدەب و ئەخلاق و نیشتمانپەروەر بوون. ئەوانەی ماون یارەبی تەندروستیان باش بێ و تەمەنیان درێژ و بەخێر و بەرەکەت بێ، خوای گەورە یارمەتییان بدات ڕەزیل نەبن لە تەمەنی پیرییاندا...

لە قوتابییە عەنکاوەییەکانی لەگەڵما هاتوچۆمان دەکرد:

١- یوسف حنا عەسکەر      پۆلی سێ بوو لەگەڵما.

٢- یوسف منصور      پۆلی سێ بوو لەگەڵما.

٣- یوسف گورگیس      پۆلی سێ بوو لەگەڵما.

٤- مەتی فرەنسیس المالح  پۆلی سێ بوو لەگەڵما (برای مامۆستا عبدالاحد) بوو.

برادەرێکی دیکە هەبوو بەڵام لە پۆلی دووەم بوو زۆر خۆشەویستم بوو ناوی (عبدالمسیح گورگیس) بوو، برایەکی مامۆستا بوو، ئەمڕۆش ماوە تەمەنی درێژ بێ ناوی (پطرس گورگیس)ە. بەڵام عبدالمسیح زوو مرد و جوانەمەرگ بوو... هەزار ڕەحمەتی لێ بێ.

هەروەها برادەرێکی دیکەم ناوی (گۆرگیس شابۆ) بوو ئێستاش ماوە... ئەمە پۆلی دووەم بوو - برازای قەشە سوورە بوو - (قەشە پۆلص عوجمایە) چونکە سوورە و ڕدێن مەیلەو زەرد و سوور بوو، بەکوردی ناویان نابوو (قەشە سوورە).

کاک گۆرگیس لەو ماوەیەی ئەم ساڵ (کە ساڵی ٢٠٠٢)ە من ئەمە ئەنووسم، خێزانەکەی (کەتێ خان) کۆچی دوایی کرد و کاک گۆرگیس بەتەنیا ماوە... منالەکانی هەموو لە هەندەرانن...



لە هاوڕێکانم لە عەنکاوە، لە چەپەوە: گۆرگیس شابو عوجمایە چاکەتی ڕەشە، من، یوسف مەنسور، بهنان عەی بەگ، ئەوەی دانیشتووە، قوتابی نەبوو. لە ساڵی ١٩٤٩ لە سەفەرێکمان بۆ کەرکووک، وێنەکە گیراوە



من لەگەڵ هاوڕێ عەنکاوەییم یوسف مەنسور - پۆلی سێ بوو لەگەڵمان - ئەم وێنەیەمان لە کەرکوک ساڵی ١٩٤٩ گرتووە.





وێنەیەکی تر، دوو لە برادەرە عەنکاوەییەکانم و من لە سەفەرێکمان بۆ ماڵی مامم لە کەرکووک، ماڵی بنیامین گرتوومانە: لە ڕاستەوە کاک "جۆرج بویا کوندا"، "عەبد دنحا" - و ئەوی دیکە منم.

جۆرج مامۆستا بوو - لە پێش وەجبەی ئێمە (لە هەولێر) قوتابخانەی تەواو کردبوو. ئەوی دیکە، کاک عەبد دنحا، قوتابی نەبوو - فیتەر بوو لە کەرکوک - زۆر برادەر بووین. ئەغلەب ڕۆژان، لە ساڵانی پەنجاکان، کە ماڵمان گواستەوە کەرکوک و، عوود فێر بووم، دەچوومە لای، لە ژوورێک دەژیا، زگورتی بوو. مەشروب و مەزەی دەکڕی و پێکەوە ڕامان دەبوارد.



وێنەیەکی تر لەگەڵ برادەرەکانی دێی عەنکاوە، کە زۆر ئینسیجامم کردبوو، زۆرم خۆش دەویستن، ئەم وێنەیە، کە لە تەنیشت جۆگە ئاوەکەی عەنکاوە وەستاوین و من لاسایی هونەرمەندی میسری، مۆنۆلۆجیست (شکۆکۆ) دەکەم. لە تەنیشتم کاک گۆرگیس شابۆ، دەستی درێژ کردووە بۆ لای من، ئەوەکەی تر کاک (یوسف حنا عسکر)ە، پۆلی سێ بوو لەگەڵمانا، ئەوی ئاخیری لای ڕاستمان، خوالێخۆشبوو (عبدالمسیح گورگیس)ە. عبدالمسیح و گورگیس شابو عوجمایە پۆلی دوو بوون. بەڵام، هەر پێکەوە پیاسەمان دەکرد لە عەنکاوە و ڕامان ئەبوارد. ئەم وێنەیەش لە بەهاری ساڵی ١٩٤٩ وەرگیراوە... شوێنەکەش نزیکی ڕێگای کارێزەکەیە کە لە دوامانەوە دیارە... ئەو کارێزە جۆگەیەکی گەورەی ئاوی لێ دەهاتە دەرەوە و یەکسەر بۆ ناو گوندی عەنکاوە، بەناو زەویوزاری

عەنکاوەییياندا دەهاتە خوار و ئینجا لە ناو دێ جۆگاکە بەپێچاوپێچی بەناو گوندەکەدا دەسووڕایەوە... بەیانیان زوو... کیژ و ئافرەتانی گوند بەجەرە و سەتڵ و تەنەکە، ئاویان لێ هەڵدەگرت بۆ خواردن... چونکە، کە خەڵکەکە بەخەبەر دەهاتنەوە، ئیتر ئاوەکە بەرە بەرە پیس دەبوو... تا ئێوارە... لەو ماوەیە ئاویان لێ هەڵدەهێنجا بۆ کوڵ و حەمام و جل شووشتن و پاککردنەوە!

پۆلی سێی قوتابخانەکەمان... واتا سێی ناوەندی (متوسطە) دوو شوعبە بوو. شوعبەی (أ) و شوعبەی (ب) من و باقی برادەرە عەنکاوەییيەکان هەموومان لە شوعبەی (ب) بووین و ژوورەکەی پۆل (صنفە)کەمان لە دەرەوە بوو، لە حەوشەکە بەلای چەپەوە بەنیسبەت هاتنە ژوورەوەی حەوشی قوتابخانە لە دەروازەی دەرەوە. لە لای ڕاست باخچەیەکی خنجیلانە و هەندێ درەختی لێ هەبوون و حەوزێکی ئاویشی تێدا بوو.

بۆیە ئێمە کە لە دەرگای دەرەوە دەچووینە حەوشی قوتابخانە، یەکسەر بۆ لای چەپە دەڕۆیشتین بۆ ژوورەکەمان. دوو ژوور بوون هەر ئەو ساڵە دروست کرابوون. ئەمما ژوورەکەی دیکەی تەنیشتمان، بۆ پۆلی یەکەم تەرخان کرابوو. قوتابیانی پۆلی سێیەمی – شوعبەی (أ) لە ژوورەوەی بینایەکە بوون، بەرامبەر ژووری بەڕێوەبەر، کە ئاخیر ژوور بوو کە لە هەیوانە درێژەکە دەچوویتە ژوورەوە و بەلای دەستە چەپتەوە... ژوورەکەش لە قوژبنی دەستە ڕاست بوو. پۆلی سێی (متوسطە)ی شوعبەی (أ)یش، بەرامبەری بوو لە قوژبنەکەی لای چەپتەوە.

عەنکاوە گوندێکی سادە و ژیانێکی زۆر سادەی تیادا دەژین. خانووەکانی هەموو بەقوڕ دروست کرابوون. کووچە و کۆڵانی خواروخێچ و تەسک لە نێوان خانووەکان هەبوون. سەبارەت بەخەڵکەکە زۆر قانیع بوون... گشتیان بەکشتوکاڵ... چاندن و دروێنە و مەڕومالات بەخێوکردن بەڕێوە دەچوون... عاقارێکی پان و بەرینی هەبوو...

هەموو ڕۆژی شەموان خەڵکەکە... ئافرەت و مناڵ خۆیان دەشوشت و پاک دەکردەوە... ڕۆژی یەکشەممە... هەموو دەچوونە کەنیسە... یەک تاکە کەنیسەی لێ بوو... بەناوی (مار گورگیس) کە لە تەنیشت گردەکەی (قصرە)یە و ئەم (قصرە)ش قەبرستانێکی زۆر کۆنە... ئێستا لە شوێنە قەدەغەکراوەکانە... و حکوومەت بەشوێنەواری کۆنی دەژمێرێ... بەڵام تاکو پەنجاکان، مردوویان لەو خۆڵە دەشاردەوە.

چوار چایخانە هەبوو... پیاو و مامۆستا و قوتابییە گەورەکانیش لەوێ ڕایاندەبوارد



زۆربەی بەیاری (کۆنکان و بیست و یەک و دۆمینە و ئەزنیف). ئێمەی قوتابیان و زۆربەی مامۆستاکان لە چایخانەی (هورمز سەیدە) دادەنیشتین... من هیچ یارییەک تا ئێستاش نازانم. بۆیە... هەر کتێبێکم بەدەستەوە دەبوو، لە لاپەڕگەیەک دەمخوێندەوە. لەگەڵ مەکتەبەی (سەربەستی) کە خاوەنەکەی مەلا ڕەئوف بوو، ئیشتراکم کردبوو. هەموو هەفتەیەک دەچووم... چ گۆڤاری میسری بهاتبایە، بۆی دائەنام: الکواکب، الهلال، روایات الهلال، المصور... جگە لە ڕۆژنامەکانی عیراقی و کتێبیش وەک یوسف السباعی و نجیب محفوظ و احسان عبدالقدوس و طە حسین و ڕۆمانەکانی کە لە زمانی ئینگلیزییەوە کرابوونە عەرەبی و کتێبی مێژوویی و تا ئەمڕۆش (ساڵی ٢٠٠٤) بەردەوام کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەموو دەکڕم و مەکتەبەکەم ئاوەدان بووە.



لە قوتابییەکانی پۆلی سێیەم کە پێکەوە بووین، ساڵی ١٩٤٧/١٩٤٨ ئەو ناوانەم لە بیرە، جگە لە عەنکاوەییيەکان، کە پێشتر ناوم هێنان:

١- کەمال مستەفا – موراقیبی پۆلەکەمان بوو – لە ساڵی ١٩٥٢ بەولاوە لە کەرکووک لە دەورەیەکی مامۆستایان، خۆی و کاک شێخ فاتح محەمەد و عبدالرحمن عبدالله کوبەچی – هەرسێک لە ماڵمان، لە کەرکووک دەژین، ژوورێکم دابوونێ... هەرسێکیان (تخرج)یان کرد و بوونە مامۆستا و گەڕانەوە هەولێر.

٢- موحسین حمدامین دزەیی.

٣- فاتح شێخ محەمەد.

٤- نهاد نورالدين اغا.

٥- معروف رؤوف.

٦- عبدالرحمن عبدالله کوبەچی.

٧- عبدالرزاق الدباغ.
٨- محمد شێخۆ.
٩- تحسين نورالدين.
١٠- انور عزيز اغا دزەیی.
١١- عبدالله عزيز اغا دزەیی.
١٢- خالص جواد.
١٣- بشير چيچو.
١٤- خالد لفته (عەرەب بوو).
١٥- عبدالرحمن نوری قصاب.
١٦- علی حسن رضا.
١٧- احمد شيخ عبدالكريم.
١٨- جلال غريب.



وێنەی سەیرانێکمان بۆ سەرچنار، لە سلێمانی لە مانگی حوزەیرانی ١٩٥٢ لەگەڵ برادەرە عەنکاوەییەکان

هەندێک لەو قوتابییانە لە شوعبەی (أ) بوون... ئێمەی شوعبەی (ب) بووین ئەوانەی کۆچیان کردووە، هەزارەها سڵاو لە گیانی پاکیان بێ. بەڕوحم و دڵسۆز بووین... لە بەهەشتی خوا دان، ئینشاءالله. تەمەنی درێژ و تەندروستی باشیش داوا دەکەم بۆ ئەوانەی لە ژیانا ماون... یا ڕەبی هیچ گیروگرفت و ناخۆشی نەبینن!

من لە گوندی عەنکاوە، بەگەنجێکی دەنگخۆش و مەقامزان و گۆرانیبێژ ناسرام. بۆیە لە هەموو بۆنەی بووک گواستنەوە بانگ دەکرام و گۆرانیم بۆ دەگوتن.



وێنەیەک لەگەڵ هاوڕێی عەنکاوەییم کاک گۆرگیس شابو عوجمایا لە سەفەرێکمان بۆ کەرکووک، لە ماڵی مامم دابەزیبووین. ئەم وێنەشمان لەسەر گردەکەی (تاڵم تەپە) گرتووە (١٩٤٩/٥/٩)

بۆ ئەوەی لە گوندەکە تووشی (ملل) نەبم و بزووتنەوەیەکی هونەری دەست پێ بکەم و خۆم و ئەو بەهرەی (دەنگ و گۆرانی)یەی هەمە بەو خەڵکە خاوەن زەوق و سادەیە بناسێنم، لەگەڵ برادەرانی قوتابخانە، ئەوانەی ڕۆژانە پێکەوە دەچووینە هەولێر





وێنەم لەگەڵ چەند برادەرێکی خەڵکی سلێمانی و عەنکاوە لە سەرچنار – ١٩٤٩

و دوای نیوەڕۆ دەگەڕاینەوە، دەستم پێ کرد. جارێ وەک هەنگاوی یەکەم، هانی چوونە سینەما و دیتنی فلیمی خۆش و بیستنی مۆسیقا و گۆرانی لەو فلیمانەم دان! قسەم بۆ کردن... وەک سەرەتای ئەو هەنگاوە... هەر جارەی یەک دوو لەو قوتابییانەم هان ئەدا، لەگەڵما بێن و بچن بۆ سینەما. گۆرگیس شابو و عەبدولمەسیح و مەتی فرەنسیس... چەند جارێ پێکەوە چووینە بینینی یەک دوو فلیمی میسری کە فەرید الاطرش و اسمهان و محمد عبدالوهاب و ليلى مراد... گۆرانییان تێدا دەگوت. ئینجا... ڕۆژانی هەینی یەک دوو کەسیان دەهاتن لەگەڵما بۆ چایخانەی (حسن ڕەزا) لە ژێر قەڵات، بۆ گوێگرتن لە ڕادیۆ. چ بەرنامەی (گۆرانی داواکراو)ی بەغدای عەرەبی... یا قەوانی کوردی لەسەر گرامافۆن!

هەروەها ئاهەنگی (حضيری ابو عزيز)مان گوێ دەدایێ کە ڕاستەوخۆ بڵاو دەکرایەوە لە ڕادیۆی بەغدا، لە ڕۆژانی هەینی.

هورمز سەیدەی چایەچی زۆری کەیف بەدەنگم و گۆرانیم و بەزمەکانی دەمکردن، دەهات. وتی وەرنە چایخانە دانیشن بۆ خۆمان، منیش لەگەڵتان، ڕادەبوێرین، دوای چۆڵ بوونی چایخانە... هەر واشمان کرد. شەوانی زستان درێژ بوون. عەنکاوە کارەبای نەبوو. تەنها یەک ڕادیۆش لە هیچ ماڵێک یا چایخانەیەک نەبوو. من، لە ماڵەوە (صندوقی قەوان = یان گرامافۆن)مان هەبوو. قەوانم هەبوو. هەندێکیشم لە لای (عبدالرحمن عبدالله کوبەچی)، کە قوتابی بوو لەگەڵما، ئەویش گرامافۆنی هەبوو، دەمهێنان، بەتایبەتی قەوانەکانی محەمەد عبدالوهاب و فريد الاطرش... ئەم عبدالرحمانە و برادەرێکی بەناوی (عبدالسلام...) زوو زوو دەهاتنە عەنکاوە بۆ سەردانی من و دەمانەوە تا درەنگ. گوێمان دەدایە قەوان و خۆشمان ڕادەبوارد تا عەسر دەچوونەوە هەولێر. جا، شەوەکانی عەنکاوە دەبووایە شتێ بکەین بۆ خۆ خافڵاندن. هەندێ شەو هەر وا بەبێ ئامانج لە کووچە و کۆڵانە تاریک و قوڕ و چڵپاو... دەسووڕاینەوە... یا لە چایخانەکەی (هورمز سەیدە = هورمز باڕە) دادەنیشتین، عارەقمان دەخواردەوە و من گۆرانیم دەگوت!

ئینجا لە شەوانی جەژن لە ماڵی یەکێکیان ئاهەنگێکمان بۆ خۆمان ڕێک دەخست و شەوەکەمان بەیاری و تەمسیل و چیرۆک ڕادەبوارد. من تەمسیلی کۆمیدیم پێ خۆش بوو. یەک دوو جار، تەمسیلی یەک پەردەم دەنووسی، دەورەکانم دابەش دەکردن و بۆ شەوی جەژن، لە ماڵمان، پەردەمان دروست دەکرد و شانۆگەرییەکەمان تەمسیل دەکرد.



ئەم وێنەیەم لە کاتی گوتنی گۆرانی "مۆنۆلۆج"ێکی "شکوکو" ئاسا، لە سەیرانێک. لە عەنکاوە بۆم گیراوە بەهاری ساڵی ١٩٤٩

لە ڕۆژانی بەهار، ڕۆژانی هەینی، خواردن و مەشروب و گرامافۆنەکەم لەگەڵمانا دەبرد و دەچووینە سەیران بۆ سەروچاوەی جۆگە ئاوەکە... کە کارێزێک بوو لە لای باکووری - ڕۆژهەڵاتی گوند، لە ناو زەوییەکی پان و بەرین، ئەو ئاوە ساف و شیرینە دەهاتە دەرەوە لە کونێکی گەورە، کە پیاوێکی پێوە دەچووە ژوورەوە ئەگەر کەمێک خۆی بچەماندبایە. لەوێ لەسەر گیاکەی دەوروبەری دادەنیشتین و بەخۆشی، تا ئێوارە ڕامان دەبوارد.



وێنەی دیمەنێکی تاکە گازینۆ کە لەسەر ئاوەکەی سەرچنار، لە سلێمانیدا، هەبوو لە ساڵانی پەنجاکاندا، کەوا خەڵک لە جەژن و ڕۆژانی پشوو و یان بۆ سەیران ئا لێرە دادەنیشتن. وێنەکە لە هاوینی ١٩٥٥ گیراوە



**(إحصاء) سەرژمێری گشتی دانیشتوانی دەوڵەتی عیراق ساڵی ١٩٤٧):**

لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵە (١٩٤٧) حکوومەت ئاگاداری دەکرد بەڕادیۆ و بەڕۆژنامەکان و بەیان لە موتەسەڕیفەکان کەوا لە ١٩ی ئەو مانگە (تشرینی یەکەم) - منع التجول - دەبێ نابێ خەڵک بچنە دەرەوە... دائیرەکان و قوتابخانەکان هەموو دادەخرێن و دەبێ هەرکەس لە ماڵی خۆی بێ، بەنیازی تۆمارکردنی ژمارەی نفووسی عیراق. کەوادیریان لە قوتابییان و لە موەزەفان ئامادە کرد و لیستە و (قوائم)ی بەناوی (الاحصاء العام لنفوس العراق لسنه ١٩٤٧) ئامادە کران. ئەوە بوو لە ڕۆژی ١٩ی مانگی تشرینی یەکەم، هاتوچۆ بەهەموو شێوەیەک و بۆ هەموو کەسێک لە هەموو عیراق قەدەغە کرا. ئێمەش لە گوندی عەنکاوە، ئەو مەراسیمەمان پێ خۆش بوو - تاکو ئەوانەی کاری تۆمارکردنیان پێ سپێردرا بوو، پەیدا دەبوون، خەڵک لە بەردەرگای حەوشە ڕادەوەستان و ئەوانی ئەوبەری کۆڵان لەگەڵ ئەوانی ئەمبەری کۆڵان لەگەڵ یەک قسەیان دەکرد... نەدەچوونە لایان.

ئەو ڕۆژە ئێوارە، حکوومەت سوپاسی میللەتی عیراقی کرد کە (اطاعە)ی یاسا و (نظام)یان کرد و (احصاء) سەرکەوتووانە کۆتایی هات. لە پاش ماوەیەک، لە بڵاوکراوەیەکی گشتی حکوومەت ژمارەی نفووسی عیراق ئاشکرا کرا کە: (٤,٨١٤,١٢٢) چوار میلۆن و هەشت سەد و چواردە هەزار و سەد و بیست و دوو کەس بوون. سەیریش ئەوە بوو، ژمارەی (مێ)یەکان - الاناث - لە نێرینەکان زیاتر بوون - نێرینە ژمارەیان: ٢,٢٥٨,٩٧٥ کەس بوون، یانی کەمتر لە نیوەی کۆی گشتی!.



یەکێک لە دیمەنە خۆش و جوانەکانی لە عەنکاوەم بینی کاتی مەڕ دۆشین بوو. کە ئێواران، ئەو ئاژەڵانە لەگەڵ شوانەکانیان لە لەوەڕگاکان دەگەڕانەوە، لەو ساحەیەی خوار گردی (قصره - واتا قەبرستانەکە) لە شوێنی جۆخینان بەهاوینان، ئا لێرە ژن و کیژۆڵەی گەنج و شۆخ بەمەنجەڵەکانیانەوە، چاوەڕێی مەڕەکانیان دەکرد. کە دەگەیشتینە ئەوێ، ئیتر هەر ژنێک و کچێک مەڕێک یا بزنێکی

دەگرت و شوانێک سەری ئاژەڵەکەی دەگرت و ئەویش دەیدۆشی... بارە بارِ و هەرای مەڕومالآت و بەرخ و کاوڕەکان کە چاوەڕێی دایکیان دەکرد بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشی خۆیان شیری دایکیان بمژن و بخۆن، سەیرانێک بوو، خۆشییێک بوو... وەک خۆی نەبوو!

خۆ کاتی دروینەوەی دانەوێڵە: گەنم و جۆ... ئەویش تامێکی تری هەبوو، خۆشتر! لە عەنکاوەش نیسکی باشی لێ دەچێنرا. جا کە کاتی دروێنەی دەهات، فەریکە نیسک خواردن لە لایەن کچان و کوڕان و گەورە و بچووک، عادەتێک بوو لە بیر ناکرێ. دەتدیت هەریەکە و یەک باقە (دەسکە) فەریکە نیسکی بەدەستەوەیە و دەڕوا و نیسک دەخوا! من لە کۆیەوە دەمزانی فەریکە نۆک دەخورا... عادەتێک بوو، زۆریشی حەز لێ دەکەم، تا ئەمڕۆش... لە مەوسیمی خۆیدا، زۆر جار دەیخۆم! بەڵام فەریکە نیسکم نەدیبوو و نەمخواردبوو تا لە عەنکاوە بینیم!

جارێکیان، من لە سەیرانێک لەگەڵ هەندێ برادەران، خواردبوومەوە و... کە هاتینەوە گوند، یەکسەر چوومە ماڵی کاک (یوسف حنا عسکر)، کە قوتابی بوو لەگەڵما و، ئەو ئێوارە ساواریان بۆ کرێکارەکانیان لێنابوو... ئەوانەی دەغڵەکەیان بۆ دروو بوونەوە. ئەوێ ڕۆژێ. کە چوومە حەوشەکە... کرێکارەکان بەئەڵقە دانیشتبوون چاوەڕێی خواردن بوون! من چوومە سەر مەنجەڵە ساوارەکە و مەنجەڵەکەم فڕاند. چوومە قوژبنێکی حەوشەکە و لێی دانیشتم لەسەر زەوی و بەدەست، دەستم کرد بەساوار خواردن! ژنەکان بەپێکەنینەوە و بەمناڵان بەهەڵڵا دەیانگوت... فلان مەنجەڵی لەسەر ئاگر فڕاند!

ئینجا بووە نوکتە و پێکەنینێک، کرێکارەکان کە زۆربەیان کرمانجی گوندەکانی دەوروبەری عەنکاوە بوون، دیمەنەکەیان لە لا سەیر بوو! برسیشیان بوو. شتەکەیان زۆر بەسەیر هاتە پێش چاو! دوایی خاوەن ماڵەکە بۆیان ڕوون کردنەوە... کە من کێم و لەم جۆرە بەزمانە بۆ ڕابواردن و پێکەنین ڕاهاتووم لەگەڵ ماڵە عەنکاوەییەکان!

لە قوتابخانە... قوتابییەکانی لە سیاسەت کاری نهێنییان دەکرد، بووبوونە سێ بەش: بەشێک پارتی بوون، بەشێک شیوعی بوون، بەشێکی کەم (اخوان المسلمین) بوون... ئەوانیتر (مستقل) بوون. من، بەش بەحاڵی خۆم، لە سەرەتا، لەگەڵ هیچ کامێکیان نەبووم. حیزبایەتیم بەشتێکی سەیر تەماشا دەکرد و لە سیاسەتەکانیان حاڵی نەدەبووم.

یوسف حنا عسکر، لە ڕێگای هاتوچۆمان بۆ گوند... بۆ عەنکاوە، منی دەگرت و هەر لە هەولێرەوە تا عەنکاوە باسی (شیوعییە)تی بۆ دەکردم.



لە قوتابخانە، کاک ئەنوەر عەزیز دزەیی و براکەی (کاک عەبدوڵڵا) «عەولا پاشا»، هەردووک خوایان لێ خۆش بێ، باسی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیان بۆ دەکردم... من، بەڕێزەوە لە قسەکانی هەردوو لا گوێم دەدانێ چونکە هیچیان لێ تێنەدەگەیشتم. شوکور بۆ خواش کە (اخوان المسلمین)ەکان بەلاما نەدەهاتن چونکە دەیانزانی (من) (مەسیحی)م! ئەگەرچی یەکێک لە ئەندامە دیارەکانیان، برای بەڕێز کاک شێخ فاتیح شێخ محەمەد و هەمزە عوسمان هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویستم بوون، بەڵام هەرگیز باسی حیزبییان بۆ نەدەکردم!... بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ و بۆم ڕوون بۆوە، لە قوتابخانەکە ئەو زەمانە لە ١٩٤٨ و ٤٩... لایەنگری حیزبی شیوعی زیاتر بوون لەوانی تر! عەنکاوەییەکان هەموو مەیلی شیوعییەتیان هەبوو... من لە ئەوەلەوە ئاگاداری ئەمە نەبووم تا کاک یوسف حەننا عەسکەر ئەمەی بۆ ڕوون کردمەوە و... بەبەڵگە و موناقەشات!

یوسف حەننا ساڵێکی ڕەبەق، لە ڕێگای هاتوچۆمان بۆ هەولێر - عەنکاوە، ڕۆژانە، منی بەلایەک دادەبردم و هەر باسی (شیوعییە)تی بۆ دەکردم و دەیویست (کەسبم) کات.

ساڵی دواتر، بیروڕام کەوتە سەر ئەو مەسەلەیە و ئیتر بووم بە(شیوعی). بەڵام، بەڕاستی بەڕاستی، هیچیشم لێ نەدەزانی و حەزم لە سیاسەت نەبوو. کەچی هەر پێم خلیسکا! نەک هەر ئەمە... خەلیەیەکی سێ نەفەریشم پێ سپێردرا... سێ قوتابی عەنکاوەیی... یەکێکیان کاک گۆرگیس شابۆ بوو، من بوومە لێپرسراویان و ئیتر هەموو هەفتەیەک کۆبوونەوەم لەگەڵدا دەکردن... بەڵام هەر بەپیاسە... یا لەسەر ڕێگای کارێز... یا لە دەشتەکەی دەوروبەری (مار شمۆنی)... ئەو شتانەی کاک یوسف دەیویست قسەیان لێ بکەین... گفتوگۆمان لەسەریان دەکرد! ئەم کارە بەردەوام بوو تا دوای ئەوەش کە ماڵمان لە عەنکاوە بار کرد و من (تخرج)م کرد لە پێنجی سانەوی و گوازتمانەوە کەرکووک. ساڵی ١٩٥٠ لە کەرکووک کاک ئەندریا فەتوحی پێوەندی پێ کردم. ئەم باسە لە پاشتر، بەدرێژی باس دەکەم.

## بەزمی دزینی مریشک

بەزمێکی خۆشی عەنکاوەی سەردەمانی ساڵانی چلەکان، دزینی مریشک بوو! حەکایەتی من و چۆن مریشکێکم دزی بەمجۆرە بوو:

شەوی جەژن بوو – ئێمە، گرووپەکەی خۆمان، واتا گۆرگیس شابۆ، یوسف حەننا، عەبدالمسیح گۆرگیس و دوو سێ گەنجی تر، ویستمان ئەو شەوە رابوێرین. عارەق و مەزەمان کڕی بە(ئیشتراکی) و لە ماڵی برادەرێکمان، لە ژوورێک لێی دانیشتین – دەستمان کرد بەخواردنەوەی عارەقی قاچاغی عەنکاوە و سەرمان گەرم بوو و دەستمان کرد بەگۆرانی وتن... و هەڵپەڕین...

کاتێکم زانی عبدالمسیح، ڕەحمەتی لێ بێ، خوای لێ خۆش بێ، وتی: کاکە... ئێمە مریشکی باشمان هەیە. لە سەربانەکەمان ژوورێکی بچووکیان بۆ کراوە و بڕۆن سەربان و سەربان، دەستت درێژکە و ملی یەکێکیان بگرە و بیهێنە... با ئەمشەو بیکەینە ساوار و بیخۆین! ئەوانی تریش هانیان دام: بڕۆ... مەترسە... ئێستا هەموو نووستوون! ماڵیشیان نزیکی ئەو ماڵەی لێی دانیشبووین بوو. هەڵسام چوومە سەربان و لەوێوە... بۆ ماڵی ڕەحمەتی کاک گۆرگیس... کۆلیتی مریشکانم دیت و بەهێواشی چوومە لای. مریشکەکان زانییان: هەندێکیان، دەستیان کرد بەهێواشی: قو قو قو... قو قو قو... دەنگیان دەهات... منیش لە کونی دەرگاکەیانەوە، لە ناو تاریکایی دەستم درێژ کرد و ملی یەکێکیانم گرت... هاواری کرد: قیق! قیق! من هێنامە دەرەوە و سەربان و سەربان ڕام کردەوە و مریشکەکەم لە ژێر چاکەتم نا... گوێم لێ بوو... ژن و پیاوەکان لە ماڵی کاک عبدالمسیح وەئاگا هاتن و دەنگە دەنگ پەیدا بوو! زانییان مریشکیان دزرا. بەڵام من دوور کەوتبوومەوە و گەیشتمە شوێنەکەمان و دابەزیم، بەمریشکەوە! هەموو لە قاقای پێکەنینیا دا و عافەریم... عافەرییان لێم کرد! لە پێش هەمووشیانەوە... عبدالمسیح خۆی. وتی: وەڵڵا بابە ئازای... وتم: کوڕە ئازای چی... هەندەم نەما بوو لە سەربان بکەومە خوارەوە و ئاشکرا بم!

مریشکەکەیان سەربڕی. بەڵام ئەو شەوە درەنگ داهات و ماندوو بووین و هەریەکە چووینەوە ماڵی خۆمان! بۆ ڕۆژی دوایی کە پشووی جەژنیش بوو، ڕۆژێکی هەتاو و بەهار بوو! کردمانە سەیران و لە دەشت ساوار بەمریشکمان خوارد! کەچی لە هەموو عەنکاوە، ئاشکرا بووم، کە ئەوشەوە من مریشکم دزیوە و هەر باس باسی من و مریشکەکە بوو! ئینجا مامۆستا (پطرس گورگیس)ی برای عبدالمسیح، دەستخۆشی لێ کردم و



بەپێکەنینەوە وتی: کوڕە عافیەتتان بێ! جا من قەسیدە شیعرێکم هۆنییەوە بەم بۆنەیەوە، بەعەرەبی، لە ژێر ناونیشانی (سرقة دجاجه في ليلة عيد) کە شیعری حەلەق و مەلەقم تیایدا نووسیبوو. هەموو قافیەی بەیتەکان بەپیتی (ق = قاف) کۆتایی دەهات. وەک: قیق، پیق، ڕەفیق... تاد. لە شوێنێکی تر هەمووی دەنووسمەوە.

لە مانگی مارت (اذار)ی ساڵی (١٩٤٧) وەزارەتێکی نوێ تەشکیل کرا بەسەرۆکایەتی (صالح جبر).

لە ناو حزبییەکان و لە کۆبوونەوەکان ئیشاعات پەیدا بوو دەیانگوت... ئەم وەزارەتە تازەیە، کاری نوێکردنەوەی (معاهدە) کۆنەکەی نێوان عیراق و بەریتانیای پێ دەسپێردرێ! میللەتی عیراق بەگشتی... ڕۆشنبیر و خەڵکی سیاسی و... ڕۆژنامەکان داوای هەڵگرتن و لابردنی موعاهەدەکەیان دەکرد کە بەیەکجاری، نەک نوێکردنەوەی.

لە وەزارەتەکەی (صالح جبر)دا، مەسیحییەک هەبوو: خوالێخۆشبوو: یوسف غەنیمە بوو، بووە وەزیری مالیە – مەسیحییەکان و ڕۆشنبیرەکانیان ئەوەیان پێ خۆش بوو. کابرایێکی ئایین پەروەر بوو... هەروەها لەم وەزارەتە دوو وەزیری کورد هەبوون: بەڕێز جەمال بابان، وەزارەتی (عەدل)ی پێ سپێردرا و وەکیلی وەزارەتی (اقتصاد)یش بوو. هەروەها بەڕێز تۆفیق وەهبی بەگ کرایە وەزیری (معارف) – واتا (پەروەردە).

بەڵام هەر لە دوای دامەزراندنی ئەم وەزارەتە، لە ئێران قازی محەمەد و قازی سەدر و قازی سەیفە کە سێ قارەمانی کوردی ئێران بوون و کۆماری مەهابادیان لە کوردستانی ئێران دامەزراندبوو، هەرسێکیان لە ئێران ئیعدام کران – لە ٣١ی ئاداری ١٩٤٧.

لە قوتابخانە و لە ناو قوتابییە حیزبییەکان و ئەوانەی لە سیاسەت زیاتر ئاگادارن... ئەمەیان بۆ ڕوون دەکردینەوە و حکوومەتی ئێرانیان تاوانبار دەکرد... بۆیە جارێ ئەوەندە بایەخ بەهاتنی (صالح جبر) وەک سەرۆکی وەزیران، نەئەدرا. دیسان باسی چوونی مەلا مستەفا، دوای تێکچوونی کۆماری کوردی لە مەهاباد، بۆ ڕووسیا لەگەڵ هەڤاڵەکانی... بەیان دەرچوو بەنهێنی دابەش دەکرایە سەرمان.

لەو ساڵە پێنج حیزبی (علنی) هەبوون:

١- حزب الشعب: عەزیز شەریف سەرۆکی بوو.
٢- حزب الاتحاد الوطني: عبدالفتاح ابراهیم سەرۆکی بوو.
٣- حزب الاستقلال: محمد مهدی کُبّە سەرۆکی بوو.

٤- حزب الاحرار: تۆفیق السویدی سەرۆکی بوو.

٥- حزب الوطنی الدیمقراطی: کامل الچادرچی سەرۆکی بوو.

حیزبی شیووعیش و حیزبی پارتی بەنهێنی کاریان دەکرد.

حیزبەکان هەریەکە و ڕۆژنامەی خۆی هەبوو. وەکو ڕۆژنامەی (صوت الاهالی) کە سەر بەحیزبی (وطنی دیموقراطی) بوو. ڕۆژنامەی (صوت الاحرار) سەر بەحزب الاحرار بوو. ڕۆژنامەی (الاستقلال) سەر بەحیزبی (استقلال) بوو.

حیزبی (شیووعی) ڕۆژنامەی (القاعدە)ی دەردەکرد بەنهێنی: هەندێ جار بە(ڕۆنیۆ) و جاروباریش بە(دەست) و بە(کاربۆن) دەنووسرا و (استنساخ) دەکرا. هەر لەو ساڵەدا بڕیاری دابەشکردنی (فلسطین) و کردنی بەدوو پارچە... بەشێک بۆ جووەکان و ناوی دەوڵەتەکەیان لێنا (اسرائیل). بەشەکەی تریش بۆ فەلەستینییەکان: دیان و ئیسلام. بۆیە لە هەموو عیراق خۆپیشاندان بەرپا بوو... (مظاهرات) دەستی پێ کرد دژی بڕیاری (تقسیم فلسطین)... ئینجا بەرە بەرە شیعاراتەکان بۆ لای (إلغا)ی موعاهەدەی نێوان عیراق و بەریتانیاش دەچوون، چونکە بەریتانیا ئەو بڕیارەی دابەشکردنی فەلەستینی دەرکرد کە بەناوی (وعد بلفور) مەشهوور بوو.

لە پێشتر حکوومەتی عیراق و بەریتانیا، لە ژێرەوە بە(نهێنی) دانوستانیان هەبوو سەبارەت بەداوای ئینگلیز بۆ نوێکردنەوەی (معاهدە)ی ٣٠ حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٠.

بەڵام لە زەمانی ئەم وەزارەتە بەئاشکرا، لە مانگی مایسەوە (مفاوضات)ی سەرەتایی دەستی پێ کرد. خەڵک نارەزایی خۆیان دەردەبڕی چ لە ڕۆژنامەکان و چ لە چاپخانە و قوتابخانە و... لە شەقام... بەئاشکرا!

ئەوە بوو لە مانگی تەمووزی ئەمساڵ (١٩٤٧) وەصی عەبدولئیلاه زیارەتی (لندن)ی کرد.

من درێژە نادەم بەڕووداوە ناخۆشەکان... دەڵێم وەفدی عیراق بەسەرۆکایەتی (صالح جبر) چووە لەندەن و دەست کرا بەوتووێژ لەگەڵ ئینگلیزەکان، عیراقییەکان قەت ڕازی نەبوون... هەموو ڕۆژ (مظاهرات) هەبوو.

هەر لە سەرەتای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٨ ئەم خۆپیشاندانانە زیاتر و گەرمتر دەبوون. وای لێهات لە هەندێ کۆلیجی بەغدا خوێندن وەستا، وەکو کۆلیجی (حقوق)، بەئەمری وەزیری (معارف)... کێ بوو؟ تۆفیق وەهبی بەگ!. تۆمەتەکەش ئەوە



بوو، هەمیشە، کە قوتابییەکانی کۆلێجەکان، مێشکیان پڕ بووە لە (مبادئ هدامة)...

لە لەندەن، (معاهدە) کە ئیمزا کرا و عیراقییەکان هەر بەمەیان زانی، ئاگر لە شەقامەکان بەربوو! مەبەستم خۆپیشاندانی گەرم ڕووی دا - تا ئەو کاتەی حکوومەت مەجبوور کرا لە کار بکشێتەوە و سەرۆکی وەزیران (صالح جبر) گەڕایەوە لەندەن و (استقالە)ی پێشکەشی (وصی) کرد. لە ١٩٤٨/١/٢٧. دیارە کە خۆپیشاندانەکانیش زۆر لە قوتابیان و لە پۆلیس کوژرا و بریندار بوون. ئینجا وەزارەتێکی هێمن بەسەرۆکایەتی (محمد الصدر) تەشکیل کرا... و خەڵک بڵاوەیان لێ کرد! لە وەزارەتی (صدر) سێ وەزیری کورد بوون:

١- جەلال بابان - وەزیری مواصلات و اشغال.

٢- عومەر نظمی - وەزیری عدلیە.

٣- داود حەیدەری - وەزیری بێ وەزارەت.

دەبێ بڵێم کە لە سانەوی هەولێریش، قوتابی و هەندێ لە مامۆستایانیش لەگەڵ هەستی هەموو عیراقییەکان بوون. کورد، عەرەب، ئاسووری، تورکمان... هەموو چینەکان و قەومیاتەکان...

کە بیستمان لە بەغدا کوژراو هەیە لە قوتابیان، لێرە ڕۆژی پاشتر، کە وابزانم لە دوا دوای مانگی کانوونی دووەم بوو، لە قوتابخانە هاتینە دەرەوە و دروشم ئامادە کرابوو لافتەکان نووسرابوون... یەکسەر بەرز کرانەوە و چووینە بەردەرگای سەرا... واتا (متصرفیة). تەنها چەند شەقاوێکیش بوو مەسافەی نێوان دەرگای قوتابخانەمان و دەرگای بینایەکەی سەرا. ئەگەرچی سێ حیزب بوون، بەڵام هەموو دژی موعاهەدەکە بوون: لافتەی حیزبی (اخوان المسلمین) لێی نووسرا بوو (نرید السلاح ایتها الحکومة)، لافتەی شیوعییەکان نووسرابوو (علی صخره الاتحاد العربیة الکردیة تتحطم مؤامرات الاستعمار) و ئەوە شیعاری پارتیش بوو... هەردوو حیزب لە کاتی پێویست پشتی یەکتر بوون. شیعارێکم دێتە گوێ، دەیانگوت (نرید الخبز ایتها الحکومة...) بەڵام بەڕاستی نازانم کامە بوون و سەر بەکام حیزب بوون کە وایان هاوار دەکرد.

بۆ ڕۆژی دواتر، مامۆستای بەڕێوەبەر، مامۆستا عوسمان قۆجە، لە حەوشی مەکتەب کۆی کردینەوە و وتەیەکی کورتی دا و وتی: «کە ئێمە هەموو موتەئەسرین ئەم ڕووداوانە ڕوویان دا لە بەغدا و قوتابی و خەڵک کوژران و بریندار بوون... من نەسیحەتتان دەکەم،

ئێوە دوور بن لە سیاسەت... ئێمە بەدوای عیلم و ڕۆشنبیری عەودال دەبین... بخوێنن... خۆتان ماندوو کەن بۆ ئەوەی پاشەڕۆژتان ڕووناک و باش بێ بۆ خێزانەکانتان، لە تەنگانە قورتاریان کەن، بۆ خۆشتان بەدوای داهاتووی خۆتان هەنگاو بنێن...»».

ئەمری وەزارەتمان پێ گەیشت کە لەمڕۆوە تا ئاگادارییەکی تر (الی اشعار آخر) قوتابخانەکان دابخرێن و خوێندن بوەستێ! ئێمە حەز ناکەین بەو شتە! بەڵام سەبەبیش هەیە. وەزارەت چاکتر دەزانێ. بۆیە ئێستا کتێبتان هەڵدەگرن و دەڕۆن، خواتان لەگەڵ بێ... تا پێتان دەگەینەوە هەمووتان سەلامەت دەبن انشاالله».

لە قوتابییە پێشڕەوەکانی حیزبی شیوعی کە قیادەی موزاهەراتەکانی دەکرد، بەڕێز جەوهەر عەزیز دزەیی بوو. کاک خالص جەوادیش بەمەزەندەی خۆم لێپرساوی قوتابخانەکە بوو وەک نوێنەری حیزبی شیوعی. ئەو لەگەڵ یوسف حەننا دەمدیت پیاسە دەکا... ڕەنگە (تعلیماتی) دەدایێ... ئینجا یوسفیش پێی ڕادەگەیاندین، لە عەنکاوە.

ڕابەر و پێشڕەوی قوتابییە (اخوان)ەکان، کاک هەمزە عوسمان بوو. لافتەکەیان تیایدا هاتبوو (نرید السلاح ایتها الحکومة... عاشت فلسطین) شێخە شەل، مەسئوولی شیوعییەکانی هەولێر بوو... مەکتەبەی هەبوو، لە ژێر فندق فرح، لە ژێر قەڵات، ئێستا دیوارە... نامیلکە و ڕۆژنامەی نهێنی حیزبی شیوعی لە لای ئەو بڵاو دەکرانەوە.

ئەو ساڵەشمان بەڕێ کرد و لە ئیمتیحانی بەکەلۆریای پۆلی سێیەم، دەرەجەی باشم هێنا و شکور ناجیح بووم بۆ پۆلی چوار کە دەیکرد یەکەمی سانەوی.


بطاقة جواز الإشتراك فى الامتحانات العامة
١٩٤٧ - ١٩٤٨
الدراسة المتوسطة
الاسم واسم الاب واللقب اندريوس اسرائيل
الرقم الامتحاني ٤٨٢٢ مديرية مدرسة ثانوية اربيل
المدرسة ثانوية اربيل العدد
اللواء اربيل
التاريخ ٥/٢٢
ناجح في المعدلات السنوية التاريخ ٥/٢٢
الصف الثالث المتوسط مدير

ئەوەش هەمان بیتاقەی تاقیکردنەوەی بەکەلۆریای پۆلی سێی ناوەندی هەولێرە، بەهۆی ئەم بیتاقەوە بەشداریم لە (امتحانی وزاری ساڵی ١٩٤٧ – ١٩٤٨) لە هەولێر کرد و لە دەوری یەکەم ناجیح بووم.



لە هاویندا دیسان باوکم ماڵەوەمانی بردە سەربەن، واتا (مصیف صلاح الدین) و کەپری بۆ کردین... هاوینێکی خۆشمان لەوێ ڕابوارد و دیسان من لە (برید) دامەزرام، لەسەر (بداله)کە. ئەو ساڵ ئیتر بۆ فیلیپ چ ئیش نەبوو.

دیسان جوولەکە دەهاتن و (مادام لاوی) زووترین کەس بوو دەهات و بەڵام ئەو ساڵ کەمتر جوو هاتن. لە دانیشتوانی بەسرە و بەغدا زیاتر خەڵکانی غەیرە جوو دەهاتن.

ماڵی (عبدالاله حافظ) وەزیری تەموین هاتن. خێزانەکەی کە لە پارەوە باوکمی ناسیبوو، تەلیفۆنی بۆ (قادر باشچاوەشی) مەخفەر کرد و وتی وەکو پار، هەموو بەیانییان با مام ئیسرائیل بێ و ئەسپەکەم بۆ بێنێ و، لەگەڵما (ریاضة الصباح) دەکەم. جا هەموو بەیانییان باوکم ئەسپێکی بۆی ئامادە دەکرد و خۆشی سواری ئەسپی خۆی دەبوو، بۆ خانمی، خێزانی (عبدالاله حافظ)ی دەبرد... ئیتر ژنە پێش دەکەوت و باوکم لە دوای... بۆ ناو ئەو چیا و دۆڵ و ناو دارستانانە... تا نزیکی نیوەڕۆ، دەیگەڕاندەوە ماڵەوە. بەشەوان، وەک جاران، لە ژێر دیواری (برید) دادەنیشتم و سەیری گازینۆیەکەم دەکرد و حەسوودیم دەبرد بەو ئافرەتە جوانە دەست و باسک ڕووت و سینگ نیوە ڕووت و قژی جوان ڕێکخراو و دەنگ و پێکەنینە ناسکۆڵەکانیان دەهاتە گوێم... لەسەر مێزەکان، سێ سێ چوار چوار و بەکۆمەڵ گەنج و پیاو و ژن دادەنیشتن، تا درەنگ مەشرووباتیان دەخواردەوە... قسەی خۆش و پێکەنینیان هەندێ جار زۆر بەرز دەبۆوە... لەولاشەوە، لە ڕادیۆکە دەنگی گۆرانی خۆشی محەمەد عەبدولوەهاب و فەریدولئەترەش و ئەسمەهان و سیهام رفقی و حضیری ابو عزیز و سەلیمە پاشا... دەهاتە گوێم و بەو دیمەنە جوانە و ئەو ئاوازە خۆشانە وام ئەزانی کە لە خۆم کەسێکی تر کامەرانتر نییە.

کە هاوین تەواو بوو، ماڵمان هێناوە عەنکاوە... ئەمجارەیان خانووێکی دیکەمان بەکرێ گرت، لەودیوی گوند، بەرامبەر زەویوزاری لای باکووری گوند... لە خوار گردی (قصرە)، خاوەن ماڵەکە مجێوری کەنیسە بوو، کابرایێکی پیر بوو ناوی مام (حەنۆ قجی) بوو. دوو ژوور و حەوشێکی بچووک و ژوورێکی بچووکیش لە ژێر هەیوانەکەی لای دەرگای حەوشی لێ بوو... کاتی خۆی بۆ ئاژەڵ و مەڕ و مریشک و شتی وا دروست کرابوو... ئەو ژوورە هەر بەتاڵ مابۆوە... کەڵکی دانیشتن و ژیان تیایدا نەبوو چونکە زۆر پیس کرابوو بەئاژەڵ و مریشک و جووجکە... دوو ژوورەکەی تر درێژ و پان و پاک بوون... یەکەمیان ئێمەی تیا بووین، ئەوەکەی تر، پیرەژنێک ناوی (گۆزەل) بوو، ئەویش ئاسووری بوو، کوڕێکی گەنجی بەقەد منی هەبوو... بەڵام نەخوێندەوار بوو... قوتابخانەی سەرەتاییشی تا پۆلی دوو

زیاتر نەخوێندبوو، ناوی (ئیرەمیا) بوو. باوکی و برایێکی لە خۆی گەورەتر، لە بەغدا ئیشیان دەکرد لە یانەی (علویە)... چێشت لێنەر و قاپ شۆر بوون... ئەوان کرێی خانوو و برێ پارەیان بۆ (گۆزەل) و کوڕەکەی دەنارد، مانگی جارێک یان دوو مانگ جارێک، پێوەی گوزەرانیان دەکرد!

لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵەی (١٩٤٩) - ڕاستتر لە سەعات (٣,٣٠ سێ و نیو)ی ڕۆژی ١٩٤٩/٦/٦ و دوای تەواوبوونی دروستکردنی (سککە)ی شەمەندەفەر، لەو ڕۆژەدا بۆ یەکەم جار، شەمەندەفەر لە ویستگە (محطە)ی هەولێرەوە شوتە (هۆرن)ی لێدا و بەرەو کەرکووک، یەکەم سەفەری دەستی پێ کرد. خەڵکی هەولێر ڕژابوونە (محطە) و سەیری ئەو ڕێوڕەسمەیان دەکرد و منیش لەگەڵ هەندێ برادەران لەوێ بووین. شتێکی یاخود دیمەنێکی جوان بوو لە بیرم ناچێ. ئەوانەی بۆ یەکەم جار شەمەندەفەریان دەدیت، سەیر بوو ئەو دەعبایە، وەک مار دەخزی، بەڵام زۆریشیان بەلاوە، دیمەنێکی خۆش و جوان بوو!

کە لە سانەوی هەولێر دیراسەت دەستی پێ کرد، تەنها پۆلی چواری (زانستی - عیلمی) هەبوو. هەموومان ئەوانی لە پۆلی سێیەکان، کە (دوو شوعبە بووین)، ناجیح بووین، هەموومان لە بەشی عیلمی وەرگیراین. من هەوەسم بەئەدەبی دەهات. بەتایبەتی کتێبی (کیمیا)م کە بینی، زۆر گەورە و ئەستوور بوو، زراوم لێی چوو! من لە پۆلی دووەمی ناوەندی کە لە کۆیە بووم، ئەم مادەیە قەت تێنەگەیشتم و حەزم لێی نەکرد و مامۆستا شەوکەت، بەجرە جرِ (٥٠ پەنجا)ی بۆ دانابووم، ئەویش بۆ بەرژەوەندی خۆی. چونکە خەڵکی سلێمانی بوو و دەچۆوە ئەوێ لە هاوینا. بۆیە کەسێکی لە دەرسی خۆی (اکمال) نەدەکرد تا دەوری دووەم نەیەتەوە و قوتابییەکان ئیمتیحان بکاتەوە. بۆیە پێم ناخۆش بوو لە بەشی زانستی دەوام بکەم و ئەمزانی ئەگەر بەشی ئەدەبی نەکرێتەوە، من لە سەری ساڵەوە خۆم بە(راسب) ژماردبوو. دیار بوو هەر من نەبووم. ژمارەیەک لە قوتابی، ٢٠ بیست کەسێک دەبووین، عەریزەیەکمان دایە بەڕێوەبەری پەروەردە (معارف) و داوامان کرد بەشی (ئەدەبی)مان بۆ بکەنەوە... دوای مانگێک دەوام... و بگرە و بەردە و (کتابنا وکتابکم)... ئەمری کردنەوەی بەشی (وێژەیی - ئەدەبی) هات. هەموومان هەلهەلەمان لێدا لە خۆشیانا و خێرا کتابەکانی عیلمی کە ئیدارەی سانەوی پێی دابووین... گەڕاندمانەوە... ئینجا پاشی یەک دوو هەفتەش، کتێبی بەشی ئەدەبی هات و بەسەرماندا دابەش کران و بەم جۆرە ئێمە، ئەو بیست قوتابییە یەکەم قوتابیانی بەشی



ئەدەبی سانەوی هەولێر بووین کە ئەو ساڵە، بۆ یەکەم جار، لە هەولێر کرایەوە، ساڵی دیراسی ١٩٤٨/١٩٤٩ - ژوورێکیان داینێ، کە دوا ژوور بوو لە ئاخیری هەیوانە درێژەکەی، بەلای ڕۆژهەڵاتەوە... چونکە قوتابخانەکە وا دروست کرابوو... لە ڕۆژئاواوە ڕاکشا بوو بۆ ڕۆژهەڵات... ژوورێکی بچووکیش بوو، هەر لە ناو ژوورەکەمان دەرگای ژوورێکی تری تێدا بوو پێیدا دەچوویە (مرسم)ی مامۆستا جەواد ڕەسول... هەزار ڕەحمەت لە گۆڕ و لە ڕۆحی بێ.

کتێبەکانی بەشی ئەدەبیم سەیر کرد، هەموویان خۆش بوون و شتی عیلمی تەنها کتێبی (ریاضیات و جبر) بوو... شێوەکەی ئاسان بوو، لەگەڵ کتێبی (العلوم العامة) کە زۆر خۆش و ئینشائی بوو زیاتر لەوەی عیلمی بێ - بۆیە زەوقم هاتەوە و یەکسەر دامنا کە ئەمساڵ بەپلەیەکی زۆر باش ناجیح دەبم... هەرواش بوو - سەیریش ئەوە بوو، لە برادەرە عەنکاوەییەکانم، ئەوانەی لە سێ ناجیح بوون بۆ چوار، هیچێکیان نەهاتنە بەشی ئەدەبی: ئەوانە بوون عەنکاوەییەکانی چوونە بەشی زانستی و لە ئاخیریش هەرسێکیان یا چوار بوون - پێنجی سانەوییان پێ تەواو نەکرا و شەهادەی سانەوییان نەبوو!! بەشەهادەی سێ وەزیفەیان وەرگرت... قوتابییەکانی لە بیرم ماون ئەوانە بوون:

١- یوسف حەننا عەسکەر - بووە موەزەفی (اشعە) - لە نەخۆشخانەی هەولێر-.
٢- هورمز سبی (یان سبۆ) - ئەویش بووە برینپێچ (مضمد) لە مستەوسەفی بەرامبەر سینەمای سەلاحەددین -.
٣- مەتی فرەنسیس - نەمزانی بوو بە چی - بەڵام سانەوی تەواو نەکرد.

لە قوتابییەکانی تری فەرعی ئەدەبی، ئەم ناوانەم لە بیر ماون:

١- مەعرووف ڕەئووف.
٢- موحسین حەمەدەمین دزەیی.
٣- ئیبراهیم مستەفا قەرەداغی (باوکی موتەسەریف بوو لە هەولێر) لەو ساڵەدا.
٤- نیهاد نورەدین ئاغا.
٥- ئەحمەد شێخ عەبدولکەریم.
٦- خالید لفتە (عەرەب بوو) دوایی چووە کۆلێجی عەسکەری...
٧- مەجید ئەحمەد ئاسینگەر - لە کۆیەوە هاتبوو.
٨- فاتیح ڕەسووڵ کەبابچی - لە کۆیەوە هاتبوو.

٩- بورهان شێخ نەجمەدین - لە کۆیەوە هاتبوو.
١٠- کەمال مستەفا.
١١- عەبدولڕەحمان عەبدوڵڵا کەبابچی.
١٢- فاتیح شێخ محەمەد.
١٣- جەلال غەریب.
١٤- حەمەدەمین عەبۆ ئاغا.
١٥- زەکەریا ئەمین.
١٦- .........

ڕۆژی کۆچی شاعیری کۆیەی مەزن، یونس ڕەئووف دڵدارم لە بیر ناچێ، وەک دوێنێ بێ، وا شریتەکەم لە پێش چاوە - ڕۆژی ١٩٤٨/١١/١٢، لە قوتابخانە بووین، مامۆستاکان وەک جەمیل ڕەشید عیمادی و وابزانم مامۆستا نەشئەت و هەموو قوتابییەکانی سانەوی، بەهەردوو بەشەوە و لەگەڵ ژمارەیێکی زۆری قوتابییەکانی ناوەندی، خەبەریان داینێ کەوا (دڵداری) شاعیر کۆچی دوایی کردووە و بچین بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی ناشتنی. لە بیرمە هەموو پێکەوە، مامۆستاکان لە پێشەوە، بەشەقامی سەرەکی هەولێر ڕۆیشتین و بەرێگاکەی سەر چایخانەی (حەسەن ڕەزا)، بەسەر قەڵات کەوتین و لە دەرگا گەورە تاقەکەی کە هێشتا وەک خۆی بوو، تێکنەدرا بوو، چووینە ناو قەڵات و لە لای مزگەوتەکە وەستاین. ئینجا کە مەراسیمی نوێژ و وابزانم هەر لەوێ کفن کرا و، هەڵگیرا لە ناو دارە مەیتەکە و یا الله... ئێمەش بەدوای جەماوەرێکی زۆر هاتبوون، لە ئەدیب و شاعیر و خەڵکی بازاڕ... بەرەو قەبرستانە سەرەکییەکەی هەولێر، کە لە پشت یانەی موەزەفانی ئەوسا بوو، دوایی تێکدرا، بەداخەوە... ئیتر لەو قەبرستانە، شاعیری کوردی گەورە... جوانەمەرگ دڵدار بەخاکی کوردستان سپێردرا، من حەزم دەکرد لە کۆیە بنێژرابایە.

حەکایەتی مردنەکەش ئەوەهایان بۆ گێڕاینەوە کە جەنابی شاعیر دوێنێ لە کۆیەوە هاتووە و بە شەو لە یانەی موەزەفان لەگەڵ برادەرێکی نان دەخۆن و ئینجا دەچنە سینەمای حەمرا. بەڵام فلیمەکەیان بەدڵ نابێ و دڵداریش هەست بەناڕەحەتی لە مەعیدەی دەکات و ئازاری دەدات، بۆیە دێنە دەرەوە.

برادەرەکەی لە نزیک (فندق فرح)، نزیک فولکەی چایخانەی حەسەن ڕەزا دەچێتەوە





شاعیر دڵدار

ماڵەوە و کاک دڵداریش بەجادەی سەرەکی شۆڕ دەبێتەوە بەرەو تەیراوە دەچێ کە ماڵی برای لەوێ بوون. بەڵام لە نیوەی جادەکە... دەکەوێ - خەڵک وا ئەزانن سەرخۆشە. دەیبەنە مەرکەز شورتە و لەوێ دەمێنێ... تا بەیانی، نایبەنە نەخۆشخانە! سەرماش دەبێ. هەروەها دەرکەوت کە بەخواردنەکەی (نادی موظفین) تەسەمومی کردبوو، ئیتر کۆچی دوایی کرد.



شاعیر ئەحمەد دلزار

شاعیرێکی شیعر ناسک و بەرز بوو - نیشتمانپەروەر بوو - برادەری زۆر نزیکی کاک دلزاری شاعیر بوو - ڕەحمەتی خوای لێ بێ و تا کورد و کوردستان مابێ... سروودی (ئەی ڕەقیب)ی دلدار هەر دەمێنێ و بەم سرووده یادی دڵداری جوانەمەرگ دەکرێ!

عادەت وایە - ئێستاشی لەگەڵدا بێ، کە مامۆستایەک دەبێتە (مدیر امتحان)ی بەکەلۆریا، لە شارۆچکەیەکی غەیری شاری خۆی، دەعوەت و دەعوەتکاری بۆ دەکرێ و هەر شەوە لە نادی یا لە ماڵی بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک دەعوەت دەکرێ لەگەڵ هەندێ دۆست و مامۆستای تر. لە بیرمە، ئەو ساڵەی دیراسی ١٩٤٩/١٩٤٨ - مامۆستا (مستەفا شەعبان = ئەزبەنی) کە مامۆستامان بوو، وانەی (احوال العراق)ی پێ دەگوتین - دەرسێکی ئاسان و خۆش بوو. کتێبەکەش هەر بەو ناوە بوو. باسی حاڵەتی عیراق و دامەزراندنی حوکمی مەلیک و باسی پەرلەمان و واقیعی اقتصادی عیراق... تاد، دەکرد.

لە کۆتایی ساڵی دیراسی، مامۆستامان (کاک مستەفا حەسەن شەعبان) بووە (مدیر امتحان)ی وزاری پۆلی شەش لە عەنکاوە. جا هاتە عەنکاوە و بەخێرهاتنیان کرد و شەوی یەکەم لە ماڵی مامۆستای بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی عەنکاوە، دەعوەتی بۆ کرا. سەیرەکە لێرەیە: ئەو مامۆستایە، واتا مدیری قوتابخانەکە... خاوەن دەعوەت، بەمنیشی وت دەبێ بێیت و دەعوەتی کردم. بەڵام من ڕەنگم زەرد و سوور هەڵگەڕا لە شەرمان! وتم چۆن بێم مامۆستا. ئاخر ئەوە مامۆستامە و دەرسمان پێ دەڵێ. چۆن لەگەڵیا جورئەت دەکەم لەسەر مێزێک دانیشم و مەشروب بخۆم و گۆرانیتان بۆ بڵێم!

مومکن نییە. ناتوانم بێم. دەبێ بمبووری. عوزرەکەم سوودی نەبوو! یەکسەر ئەو وتی: من بەمامۆستاتم گوتووە و ئەویش ئەزانی تۆ دەنگت خۆشە و حەز ئەکا لەگەڵیا دانیشی و گۆرانی بڵێی. خۆی مامۆستایەکی یەکجار ڕوح سووک و نەرم و موعەقەد نییە. ئەم عیلاقاتە لە لای ئەو شتێکی سروشتییە! سەرتان نەیەشێنم، شمشاڵێکم هەبوو (ئاسن) زۆر چاکم لێ ئەدا. لەگەڵ خۆما بردم و چوومە ماڵەکە... هەموو دانیشتبوون. لە لای مامۆستا مستەفا شوێنیان بۆ من جێ هێشتبوو. وەڵڵا ئیتر دانیشتم و گلاصیان بۆ دانام. وتم ناخۆمەوە. مامۆستا مستەفا، بەزەردەخەنەیەوە وتی: دەبێ بخۆیتەوە. شەرم لە من مەکە... ساڵێکی تر دەچیتە کۆلێج - وەک منت لێ دێ دەبیتە مامۆستا. هیچ (حرج)ی تیا نییە. پێکم بۆ کرا و ئیتر... دوای یەک دوو قومی بەشەرمەوە، قومەکانی تر... ئاسایی بوون... و تا درەنگ گۆرانیم بۆ گوتن بەعەرەبی و کوردی و ئاسووری و تورکی و شمشاڵیشم بۆ لێ ئەدان.

ڕێگای نێوان عەنکاوە و هەولێر زۆر خراپ و ناخۆش بوو. بەهاوین تۆز و خۆڵ و وشکایەتی و پووش و دڕک و چاڵ و بەرد بوو. بەزستانان قوڕێکی زۆر و لیچ... و گۆماو لێرە و لەوێ... نەماندەزانی چۆن بڕۆین بەڕێوە بۆ قوتابخانە... هەتا دەگەیشتینە کۆڵانەکانی هەولێر... قوڕ هەتا چۆکانمان و پەنتۆڕی هەموومانی داپۆشیبوو. لە حەوشی قوتابخانە دەبووایە قۆندەرە و پانتۆڕەکانمان بەئاوی بەلووعەکەی ناو باخچەکەی قوتابخانە، کە لە دەستە ڕاست بوو، چاک پاکیان کەینەوە و دەست و چاومان بشۆین. هەندێ جار درەنگ دەگەیشتینە ئەوێ و دەرسی یەکەم دەستی پێ کردبوو... جا هەر ئاوا نیوەی لەشمان تەڕ، دەچووینە ژوورەوە... لەسەر ئەو حاڵەش، ڕۆژێکیان، بەرەو بەهار دەچووین، یەک دوو گوڵە نیسانم لە یەخەی چاکەتم دا... کە گەیشتمە قوتابخانە... دەرسی یەکەم (تاريخ الحديث)مان هەبوو، مامۆستا عوسمان قۆجە، پێش ئەوەی بکرێتە (مدير) پێی دەگوتین. کە منی دیت چوومە ژوورەوە... سەیرێکی کردم و سەری خۆی کەمێک نوی کرد و سەیری گوڵە نیسانەکەی یەخەمی کرد و ئینجا ڕاست بۆوە و سیدارەکەشی لەسەر سەری بوو و عەینەکەکەشی لە چاو، دەستی هێنا و برد و وتی: جای متأخر و شايل بستان ورد على صدرك؟... قوتابییەکان پێکەنین! ئینجا وتی: تفضل استريح. لا تتأخر بعد. شيل الورد من چاكيتك!

ڕووبار (بەست)ێک هەبوو کە ئێستا گوندی (کوران)ی عەنکاوەی لە لێواری خوارووی هەڵکەوتووە... لە بەهاران دوای باران لێمان دەبووە (زێ)یەکی سەربەخۆ! ڕۆژی وا هێستر



و گوێدرێژیش لێی نەئەدا. ناچار دەگەڕاینەوە ماڵەوە... بۆ عەنکاوە، دوای ماندووبوون و بڕینی مەسافەیەکی زۆر لە ڕێگاکە، لە ناو قوڕ و چلپاو...

بەڵام لە مانگی نیسان ئەو دەشت و دەرە هەموو دەبووە سەوزاییەک پڕ لە گوڵە حاجیلە و گوڵە نیسان و کنێر و لاولاو و دەیەها جۆری تر... زەرد و سوور و مۆر و شین... جا خۆشترین پیاسە بوو لە عەنکاوە کە دەچووینە هەولێر، یا لە گەڕانەوە، دوای نیوەڕۆ!


ئەوا من و (بنیامین)ی ئامۆزام لەسەر کوورەکە وەستاوین.

گوندی کوران، لەسەر ڕێگای عەنکاوە دامەزرا بەناوی کوورەکەی وەستا (عەبدۆک) کە لەو شوێنە لە ساڵی ١٩٤٩ دروستی کرد، وەک لەم وێنەیەدا دیارە.

ئەگەر لە سینەمایەک فلیمێکی خۆش ئیشی کردبا، ئەوە من و گۆرگیس شابۆ و هەندێ جار عبدالمسيح... ئەوانە زیاتر زەوقیان هەبوو، لەگەڵما دەماینەوە تا عەسر... دەچووینە سینەماکە و لە دوای دیتنی فلیمەکە... ئینجا دەگەڕاینەوە گوندەکەمان.

کچ و کوڕ لە عەنکاوە جۆرە ئازادییەکیان هەبوو بۆ برادەرایەتی کردن... چ بۆ ڕابواردن... یا بەنیازی خێزان پێکهێنان و بوون بەهاوسەری یەک. بۆیە دڵداری شتێکی ئاشکرا بوو...

لەو ماوەیەی ئەو دانیشتنەمان لە عەنکاوە، بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٤٨ەوە کە لە خانووەکەی (حەنۆ قجی) بەکرێ دانیشتین، بەبێ ئاگا... بێ بڕیاری خۆم... کەوتمە داوی دڵداری و کچێک و دووانم هاتنە سەر ڕێگا! بەڵام هەڵبەتە من جارێ هیچم نەبوو... پێکهێنانی خێزان و ژنهێنان... وەک دووری عەرد و ئاسمان لێم دوور بوو... هەر بیرم لەم لایەنە نەکردبۆوە... چونکە مومکین نەبوو! ئاخر هێشتا سانەویم تەواو نەکردبوو. جارێ زگم بەچاکی تێر نەدەبوو! یەک (عانە = عانە ٤ فلس بوو) لە باخەڵی دایکم یا باوکم نەبوو! کیژەکانیش ئەوەیان دەزانی. بەڵام پێوەندییەکان لە نێوانمانا بەردەوام بوون و خۆش بوون... خۆشییەکەش لەوەدا بوو دوو کیژم بەجارێ خۆش دەویستن! هەردووکیشیان منیان خۆش دەویست! هەردووکیشیان ئاگاداری ئەوە بوون. ئینجا ناوە ناوە هورمزی کوڕی (شەبۆ مرێ)ی جیرانم، کوڕێکی گەنجی بێ کار بوو... هەواڵی بۆ دەهێنام دەیگوت: (بۆ نموونە):

ئەمڕۆ هەردووکیان، لە کاتی (گیشە) کۆکردنەوە... دەمەقاڵەیان بوو! هورمز، خوای لێ خۆش بێ - لەو ساڵانە وەفاتی کرد - ڕۆژانە دەهاتە لام - ماڵمان لە تەنیشت یەکدی بوون - کچەکان چییان کردبا و گوتبا، خەبەرەکانی بۆ دەهێنام: هەندێ جار یەکێکیان، دەنکە (معجون)ێکی لە ناو پارچە قاقەزێک، لەگەڵ هورمز، بۆی دەناردم - من نەمدەخوارد! (مەعجوون، جۆرە شیرنەمەنی بوو لە ئارد و شەکر دروست دەکرا و وەک کەلابەردێکی خڕ بەڵام سپی لە ناو ئارددا، لە ناو سینییەک دەفرۆشرا).

ئەو کیژانە... مێردیان کرد و ماڵ و منداڵیان بوو!... ئێواران، بۆ خوێندن و ئامادەکردنی (واجب)ی قوتابخانەم، یان دەچووم لە ژێر دیوارەکەی (مارشمۆنی)، بەرامبەر (قەصرە) دائەنیشتم، یان پیاسەم دەکرد، بۆ لای کارێز، جۆگە و جۆگە دەڕۆیشتم. کە دەگەڕامەوە، دوای سەعاتێک یان دووان، واجباتەکانم ئامادە و تەواو کردبوو! هەندێ جار، لە تەنیشت مارشمۆنی ڕەت دەبووم بۆ لای قەرسیل و دەغڵەکانی کە لە (ئاقار)ی گوند چاندرا بوون، لەسەر ڕێگای گردە جووتیار... یان بەحرکە و دوور دەکەوتمەوە، وەختێ ڕووی خۆم وەردەگێڕایەوە و کە بۆ گوند بگەڕێمەوە، سەیرم ئەکرد، لە دوورەوە... واتا لە لای (مارشمۆنی)یەوە، ئاوا کیژێک بۆ لای من دێ - من لەگەڵ خۆما پێدەکەنیم. دەمزانی ئەوە خۆشەویستەکەمە... منی دیت دیار بوو، بۆیە هات بۆ لام. دەگەیشتە لام و پێدەکەنی و یەک دوو قسەمان دەکرد، ئینجا لە ناو قەرسیلەکە دادەنیشتین و باسی خۆشەویستی و دڵدارییمان دەکرد! تا درەنگ دەمایەوە و ئینجا پێکەوە دەگەڕاینەوە، ڕێگاشمان یەک بوو - ئەو تا نزیکی ماڵمان دەهات و ئینجا بەناو کۆڵانێکی لە لای ڕاستی خانووەکەمان خواحافیزیمان لەیەک دەکرد! جیا دەبووینەوە. برادەرەکانی عەنکاوەییم، ئەو حەکایەتەی منیان دەزانی. جار جارە بەڕوویاندا دەدامەوە و یان لە سەیران و لە دانیشتنە خۆشەکانمان، بەغەمز و لەمز، یەک بەوەکەی تری دەگوت، بەدەنگێکی وا کە من گوێم لێ بێ: «ئەزانی، فلان، ئەم بەیانییە (فلانە)م دیت، جەڕە لەسەر شان، بەرەو جۆگەی ئاو دەچوو؟...».

لەو ماوەی ئەم سێ ساڵەی لە سانەوی هەولێر بووم، دەرفەتێکی زۆر چاک بوو بۆ من، بۆ خوێندنی کتێب و گۆڤاری جۆراوجۆری عەرەبی و کوردی وەک: گەلاوێژ - الهلال - روايات الهلال - الكواكب - آخر ساعة - المصور - هەروەها ڕۆمان (روايات)ی ئیحسان عەبدولقدوس و نەجیب مەحفووز و یوسف سباعی و تۆفیق الحكيم و تەها حسێن... ئەمانە هەمیشە لە مەکتەبەی (سەربەستی) کە مەلا ڕەئووفی خاوەنەکەی، بۆی هەڵدەگرتم... حەزێکی زۆرم کەوتە سەر خوێندن... جگە لە کتێبەکانی قوتابخانە...



لەوانەی لە قوتابخانە دەمانخوێندن کتێبی ئەدەبی عەرەبی، کۆن و نوێ، کە لە پۆلی چوار و پێنج دەمانخوێند و کتێبی (ديوان الادب)یش کە تەواوکەری کتێبە ئەدەبییەکان بوو زۆر، بەعیشقەوە قەسیدەکانم دەخوێندەوە و ئەزبەرم دەکردن... تا ئەمڕۆش زۆربەیانم دێتەوە یاد و دەریاندەبڕم لە کاتی کە باسیان لێوە بکرێ.

ساڵی دواییم لە سانەوی، ساڵی دیراسی ١٩٤٩/ ١٩٥٠ ماڵمان گوازتەوە هەولێر، لە گەڕەکی تەیراوە خانووێکی بچووکمان بەکرێ گرت، دوو ژوور لە سەرووی حەوشەکەوە بوون، هەیوانێکی بچووکیشیان لە پێشەوە بوو. شوێنی دەکەوتە ئەو شەقامە سەرەکییەی تەیراوە کە لە لای هەولێرەوە... لە لای قوتابخانەی سانەوی کچان بەلای باکووردا دەڕوا تا نزیکی کۆتایی شەقامەکە، نزیک بینایەکەی کە لەم ساڵانەی حەفتاکان و هەشتاکان دائیرەی (تەجنید)ی تێدا بوو... ئێستا ئەو جێیە پێی دەڵێن (تەجنیدی کۆن)... دوای ماڵی ئێمە بەدوو سێ ماڵی تر... خانوو و شەقام و دوکان نەبوو... هەموو دەشت بوو چۆڵ بوو... ساڵانە بەگەنم و جۆ دەچێنرا تا نزیکی ئاقاری عەنکاوە... ئەوەش بۆ من شتێکی زۆر باش بوو! زۆر کەیفم بەو دەشت و دەرە... بەتایبەتی لە بەهارا... هەوەسم دەهات و دەچوومە دەرەوە و کتێبێکم لەگەڵ خۆما دەبرد و لە ناو قەرسیلەکان... لەسەر ڕێگا تەسکەکانی نێوان دەغڵ و دانەکان پیاسەم دەکرد، یا لە ناو گیا و گوڵدا پاڵم دەدایەوە و دەمخوێند. هەرچی دەمخوێند لە مێشکما دەچەقا و دەچەسپا... چ کتێبی قوتابخانە... یا کتێبی (مطالعەی خارجی)... وای بابە... ژیانێکی سادە و خۆش بوو! باوەڕ بکە زۆربەی ئاوازی گۆرانییەکانی عەرەبی: (فريد الاطرش و صباح و عبدالوهاب)م کردبوونە کوردی و لە پیاسەکانما لەگەڵ خۆما ناوە ناوە، بۆ مێشک حەساندنەوە، دەمگوتن.

لە ماڵەوەش (گرامافۆن)مان هەبوو و قەوانی خۆشی عەرەبی و هیندی و ئینگلیزیمان هەبوو، لە کاتی دوای نان خواردن و حەسانەوەی دوای خوێندن گوێم لەو قەوانانە ڕادەگرت چونکە ڕادیۆمان نەبوو. تەزووی کارەبا هێشتا لەم بەشەی هەولێر - لە گەڕەکی تەیراوە نەبوو و نەگەیشتبووە لای ئێمە! هەندێ جار لە لای خوالێخۆشبوو (عبدالرحمن عبداللەی کوبەچی) کە هاوڕێم بوو و لە پۆلی خۆم بوو و قەوانی خۆشی فەرید و عەبدولوەهابی هەبوو، لە دوای دەوام، لەگەڵیا دەچوومە ماڵیان، لە گەڕەکی عەرەب بوو لە کۆڵانەکەی پشت دوکانەکانی سەر شەقامی سەرەکی هەولێر بوو، چەند قەوانێکم دەهێناوە ماڵەوە و چەند ڕۆژێ لە لای خۆم دەهێشتنەوە و گوێم لێیان ڕادەگرت تا لێیان تێر دەبووم، ئینجا دەمبردنەوە بۆی!

جا کە سانەویمان تەواو کرد، ئێمە ماڵمان گوازتەوە بۆ کەرکووک، ئەم (عبدالرحمن)ە و کاک کەمال مستەفا کە ئەویش هەر لەگەڵمانا بوو موراقیبی پۆلەکەمان بوو و لەگەڵ کاک شێخ فاتح هاتنە کەرکووک بۆ دەورەیەکی کورت بۆ ئەوەی ببنە مامۆستای سەرەتایی. ئەوە بوو ژوورێکمان لەو خانووەی کە بەکرێمان گرت لە کەرکووک، گەڕەکی بەگلەر، دایە ئەو سێ برادەرەم. ئیتر زۆربەی کاتمان بەیەکەوە ڕادەبوارد، بەتایبەتی بەشەوان.

ئەوان هەرسێکیان، تا دەورەکەیان تەواو بوو لە کەرکووک و (تخرج)یان کرد، هەر لەگەڵ ئێمە بوون. دایکم و باوکم و برا و خوشکەکانیشم زۆریان خۆش دەویستن. دایکم و باوکم هەمیشە بەکوڕی خۆیانیان دەژماردن.

لەو سێ گەنجە... برادەری قوتابخانە و دۆستی ماڵ... تەنها (عەبدولڕەحمان) ناپەسەند دەرچوو کە بووە مامۆستا لە هەولێر و ژنێکی مووسڵاوی بەناوی (کتبیە) هێنا، من و خێزانەکەشم لە کۆیەوە گوازترایینەوە هەولێر... خێزانم و خێزانی عەبدولڕەحمان... واتا (کتبیە) پێکەوە مامۆستا بوون، لە ساڵانی شەستەکانا، لە قوتابخانەی (سەفین)ی سەرەتایی کچان، کە ئەوساکە لە شوێنی هوتێلی (شیراتۆن)ی ئێستا بوو، تێکدرا! جا ئەو ئافرەتە نامەردە و مێردە توڕەهاتەکەی کە وەک برام حیسابم بۆی دەکرد، لە زەمانی





لەم دوو وێنەیەدا کە لە ماڵی ئێمە لە کەرکووک ساڵی ١٩٥٠/١٩٥١ گیراون لە جەژنێکدا:

وێنەی یەکەم:

کەمال و فیلیپ–ی برام وەستاون من و عەبدولڕەحمان و شێخ فاتح و مامۆستایەکی هاوڕێم کەرکووکی بوو "مدحت"ی ناو بوو نان دەخۆین.

وێنەی دووەم:

لە ڕاستەوە عەبدولڕەحمان، من، هورمز ئەسکەندەر گوایا نەی لێ دەدا، لە دواوەی تیمەی برام، کاک مدحەت و هێلین–ی کچە پلکم مناڵ بوو. هەر دەهاتە لای باوکم



موتەسەریفی تاوانبار و موجریم و دوژمنی کورد و کوردستان (بدرالدین علي) کە (تۆپیوە) و ئەلحەمدولیللا بەدەستی پێشمەرگەی کورد، لە بەردەم دەرگای ماڵی خۆی، لە بەغدا، تۆپاندیان و ناردیانە (جهنم و بئس المصیر)... ئەو سێیانە... (سێکوچکەی شەڕ) دەگەیەکی خراپیان لێ داین، لە کاتی خۆی، لەم بیرەوەرییانەم باسی دەکەم و خەڵکی هەولێر و دۆستانم چاکی دەزانن!

بەیانییانی ڕۆژانی (هەینی)م تەرخان کردبوو بۆ ئیسراحەتی لەش و مێشکم – ئەگەر فلیمێکی خۆش هەبووایە لە سینەما، دەچوومە بینینی فلیمەکە – ئەگەر نەء، ئەوا دەچوومە چایخانەی حەسەن ڕەزا (مەچکۆی ئیمرۆ...) بۆ گوێگرتن لە هەندێ گۆرانی.



وێنەی چایخانەی حەسەن ڕەزا لەژێر ئووتێل فەرەح لە ساڵانی چلەکان

چونکە هەموو بەیانییانی هەینی بەرنامەی (گۆرانی داواکراو) لە بەشی عەرەبی، ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا بڵاو دەکرایەوە... جا لەبەر ئەوەی لە ماڵەوەش ڕادیۆمان نەبوو... هەر کارەباشمان نەبوو، وەک پێشتر باسم کرد لە گەڕەکی (تەیراوە) هێشتا هێڵی تەزووی کارەبا نەگەیشتبووە مەنتیقەکەی ماڵمانی لێ بوو.

بۆیە دەچوومە چایخانە و چایەکم دەخواردەوە بەعانەیەک سەعاتێک گوێم دەدایە گۆرانی. لە سەعات ١٠,٠٠ی تەواویش ئاهەنگی گۆرانی (حضیری ابو عزیز) دەستی پێ دەکرد، هەموو بەیانییانی هەینی، ڕاستەوخۆ و بۆ ماوەی نیو سەعات، گۆرانی (ریفی) وەک مەوال و عەتابە و بەستەی خۆشی خۆی دەگوت، کە ئەوسا ئەم هونەرمەندە زۆر خۆشەویست بوو لای خەڵکی بەغدا و عیراق بەگشتی و تەنانەت لە کوردستانیش ئاشقانی دەنگی و جەماوەرێکی زۆری هەبوو.

ئینجا سەعات ١١,٠٠ دەچوومەوە ماڵەوە – مەسافەکەش دوور بوو لە چایخانەوە تا ماڵمان کە لە ئاخیر ئاخیری شەقامە سەرەکییەکەی تەیراوە بوو، نزیک ئەو شوێنەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن – تەجنیدی کۆن –، کە لە دوای ماڵی ئێمە، دوو سێ ماڵی تر هەبوون...

دوای ئەوان یەکسەر دەشت و زەوی بەگەنم و جۆ چاندراو دەستی پێ دەکرد تا عەنکاوە و تا گوندەکان و ئاقاری گەزنە و بەحرکە و... هتد.

دەوامی قوتابخانە دوو دەوام بوو، بەیانییان ٤ چوار دەرسمان دەخوێند و ٢ دەرسی تریش دوای نیوەڕۆ! تەنها یەک قوتابخانەی سانەوی هەبوو لە هەولێر، واتا لە یەک بینایە لە پۆلی یەکی ناوەندی (متوسطە)وە تا پۆلی پێنجی ئامادەیی (اعدادیە) قوتابی دەوامیان دەکرد...

بینایەکەش زۆر جوان و ڕێک بوو و هەر بۆ قوتابخانە دەشیا و جوان بوو، ئەم بینایە لە زەمانی کۆنەوە مابۆوە و بەڵام تێکیان دا و ئەو بینایەی (محافظە)ی ئێستایان لە شوێنی دروست کرد... وەک ئەوەی چ جێی تر نەبوو، لەو هەموو شارە بۆ دروستکردنی بینایە بۆ پارێزگا!! جا هەستان ئەو قوتابخانە توراسەی کوردەواری و هەولێرییان تێکدا!! ئاوا بۆ تێکدان، حکومەتی بەعسی عیراقی زۆر ئازا بوو بۆ نەهێشتنی هەر ئاسەوارێک کە کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان شانازییان پێوەی دەکرد!




ئەو گۆڕەپانەی ترومبێلەکانی لێ وەستاون، شوێنی سانەوی هەولێرە دوای تێکدانی، تەلاری "پارێزگای" نوێی لێ دروست کرا



وێنەی باڵەخانەی پارێزگای "محافظە"ی نوێی هەولێر کە لە جێی قوتابخانەی "سانەوییە" دێرینەکەی هەولێر، بەرامبەر "سەرا" دێرینەکە، دروست کراوە.



لە هاوڕێیەکانم کە لە پۆلی چوارەمی وێژەیی (ئەدەبی)ی لە سانەوی هەولێر پێکەوە بووین لە ساڵی دیراسی ١٩٤٨/١٩٤٩ کە لە یادمن:

١- ئیبراهیم مستەفا قەرەداغی - کوڕی بەڕێز مستەفا قەرەداغی موتەسەریفی هەولێری ئەوسا بوو.
٢- محەمەدئەمین عەبدوڵڵا (کوڕی عەبۆ ئاغا).
٣- مەعرووف ڕەئووف.
٤- نیهاد نوردەین ئاغا.
٥- کەمال مستەفا (برای ڕەفیق مستەفا)ی سینەمای سەلاحەددین (موراقیبی پۆلەکەمان بوو).
٦- جەلال غەریب.
٧- خالید لەفتە (لە برا عەرەبەکان بوو).
٨- مەجید ئەحمەد ئاسینگەر - کۆیی بوو.
٩- فاتیح ڕەسووڵ کەبابچی - کۆیی بوو.
١٠- بورهان شێخ نەجمەدین - کۆیی بوو.
١١- عەبدولرەحمان عەبدوڵڵای کوبەچی.
١٢- فاتیح شێخ محەمەد.
١٣- ئەحمەد شێخ عەبدولکەریم.
١٤- موحسین محەمەدئەمین دزەیی.
١٥-
١٦-

مامۆستاکانی دەرسیان پێ دەگوتین ئەوانە بوون:

١- نافع الدباغ - موسڵاوی بوو - عەرەبی.
٢- ئەحمەد عورەیقات - فەلەستینی بوو - ئینگلیزی.
٣- عەبدولعەزیز دامیرچی - کەرکووکی - جوغرافیا و مێژوو.
٤- نەشئەت محەمەد سەفوەت - هەولێری - علوم عامە.
٥- جەواد ڕەسووڵ - ڕەسم.
٦- عەلی حوسێن کەسرە - وەرزش.
٧- مستەفا شەعبان - ئەزبەنی بوو - احوال العراق.
٨- یەعقووب قەساب - بەغدایی بوو - ریاضیات.

٩- بەڕێوەبەر مامۆستا عوسمان قۆجە بوو.

لە بیرمە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کاتی دەرس خوێندن دابووین و مامۆستا لە لامان بوون، چەند پۆلیسێک لەگەڵ بەڕێوەبەر هاتنە ژوورەوە و هەرسێ قوتابییە کۆییەکانیان بردن... ئیتر نەماندیتنەوە ئەو ساڵە، تا دوایی زانیم کە گیرا بوون... و بۆ ساڵی دیکە بەردرا بوون... کە چوومە کۆلیجی (دار المعلمين العالية) لە دوای ساڵی ١٩٥٠، کاک مەجید ئەحمەد و شێخ بورهانم دیتن لەوێ... بەیەک شادبووینەوە.

هاوینەکەی دیسان بەماڵەوە چووینەوە (مصيف).

بەڵام پێش کردنەوەی قوتابخانەکان، گەڕاینەوە و لە هەولێردا ماینەوە - باوکیشم نەقلی مەرکەزی هەولێر بۆوە -کەواتە ساڵی ١٩٤٩/ ١٩٥٠ من لە پۆلی پێنجی سانەوی دەوامم کرد، چونکە (ناجح) بووم لە چوار. هەمان قوتابی و هەمان مامۆستاکان دەرسیان دەدایین.

بۆ جەژنی سەری ساڵ، فیلیپی برام، کە ئەو کاتە لە I. P. C لە کەرکووک کرێکار بوو، هاتە هەولێر بەمۆڵەت (اجازە) و پێکەوە لەگەڵ برادەرە عەنکاوەییەکان شەوی جەژنمان ڕابوارد لە ماڵی یەک لەو برادەرانە، لە عەنکاوە. من بەشمشاڵ و گۆرانی و دواییش بەیاری تر شەوەکەی نیوەی ڕۆیی... ئینجا هەندێکیان دانیشتن دەستیان بەیاری (٢١) بەکاغەزی قومار (پەپازا) کرد فیلیپیش لەگەڵیان دانیشت - تا بەیانی... بەیانی چووینە کەنیسە و ئینجا من و براکەم گەڕاینەوە هەولێر بۆ ماڵەوە.





کەرکووک ساڵانی چلەکان و پەنجاکان

دیوی ڕۆژئاوای قەڵای کەرکووک لەسەر زێی "خاسە صو"



## ماڵمان گوازتەوە بۆ کەرکووک

ئەو ساڵە - ١٩٥٠ - باوکم خۆی فنیش کرد، واتا لە پۆلیسایەتی دەرچوو - جا کە نزیکی ئیمتیحاناتی سەری ساڵ بووین و نەتیجەم وەرگرت کە دەرەجەکانم باش بوون و بۆ ئیمتیحانی (بکلوريا) قبووڵ کرام، بەعادەتی قوتابیانی پۆلی سێی ناوەندی و پێنجی ئامادەیی بەرەڵڵا دەکران، چونکە (منهج)یان تەواو دەکرد... ئەو ماوەیەی دەمایەوە، لە قوتابخانە وازیان دەهێنا، دەوامیان نەدەکرد. خۆیان بۆ تاقیکردنەوەکانی (وزاری - بەکەلۆریا) ئامادە دەکرد. ئیتر باوکم ڕۆژێک ترومبیلێکی هێنا، لە پاسەکانی دار بوو، کەلوپەلەکانمان بار کرد و بەخۆشمان یا ئەڵڵا، بەرەو کەرکووک، هەولێرمان بەجێهێشت. لە کەرکووک ژوورێکمان بۆ گیرا بوو، کۆشک بوو، لە گەڕەکی (بەگلەر) نزیک باخچەکان... بەلای ڕاستی شەقامەکەی کە بۆ کۆمپانیا دەچوو واتا بەرەو (تالم تەپە) خێزانێک گرتبوویان، ئافرەتێکی زۆر ژیکەڵە و جوان و لەش و ئەندام و ڕوومەت ڕێکوپێک، کە مێردی تووشی نەخۆشی وەرەم (السل الرئوي) بووبوو و ناردبوویانە بێروت - ئەو ژنە لەگەڵ برا و خوشکی مێردەکەی، هەرسێک پێکەوە دەژین. ژنەکە ناوی (کریستینە) بوو، ئاشووری بوون.

من لە سەرەتا زۆر پەست بووم لەو ژوورە بەتەنیا... بێ هاوڕێ... هەر لەگەڵ دایک و باوک و براکان... کاتم بەخواردن و نووستن بەسەر دەبرد. هەمووشمان بەتاڵ بووین و بێ پارە و پوول... ماڵی مامم یارمەتییان ئەدایین.

بەڵام خۆم زۆر باش ئامادە کرد بۆ ئیمتیحانەکە.



بطاقة جواز الاشتراك في الامتحانات
١٩٤٩ - ١٩٥٠
الدراسة الاعدادية - الفرع أدبي
الاسم واسم الاب واللقب
الرقم الامتحاني ٦٢٩
المدرسة ثانوية اربيل
التاريخ
اللواء اربيل
ناجح في المعدلات السنوية
التاريخ
الصف الثاني الاعدادي (الخامس الثانوي) مدير

وێنەی بیتاقەی بەشداربوونم لە ئیمتیحانی گشتی "وزاری - یاخود بەکەلۆریا"ی پۆلی پێنجەمی سانەوی، ساڵی خوێندنی ١٩٤٩ - ١٩٥٠ لە هەولێر

رۆژی زیاتر لە ٨ سەعات دەمخوێند. کتێبەکانم دووجار و سێ جار پێداچوومەوە و ماددەکانم زۆر باش هەزم کرد و ئەزبەرم کردن.

دوو ڕۆژی مابوو بۆ ئیمتیحان، چوومەوە عەنکاوە و لە ماڵی کاک (گۆرگیس شابو عوجمایە)ی هاوڕێم دابەزیم – برادەرەکان دەیانزانی کە دەگەڕێمەوە. ئیتر بەڕۆژ دەمانخوێند، هەریەک بۆ خۆی، لە لایەک – من دەچوومە دەشتەکەی خوار ماڵی گۆرگیس، کە هەر لە ڕۆژ ئاوای عەنکاوە بوو... کەندێکی لێ بوو... خۆم لەو کەندە مات دەکرد و لەسەر زەوییەکە ڕادەکشام و (مراجعە) و پێداچوونەوەی دەرسەکانم دەکرد. یا دەچوومەوە دەشتەکەی لای (مار شمۆنی) لە باکووری گوندەکە، کەمێک بەولای (قەسرە و قەبرستانەکە)، بەڕێگای بەحرکەدا دەڕۆیشتم، لە هەمان کات کە دەمخوێند، تارمایی کچە خۆشەویستەکانیشم دەهاتنە پێش چاوم... ئەوان نەیاندەزانی من هاتووم.

بەشەوان، هەر شەوە یەکێک لە برادەرەکانم دەعوەتیان دەکردم و لەگەڵ منیش باقی برادەرەکانی تر – سەیریشە هیچ ئیمتیحان و تاقیکردنەوەی ڕۆژی دواییمان نەدەهاتەوە بیر، یا خەمی بۆ بخۆین! هەمووومان، وەک بڵێی (علی اهبة الاستعداد) بووین بۆ ئیمتیحان. بۆیە شەوەکەمان بەخواردن و چەپڵە و گۆرانی ڕادەبوارد. بۆ بەیانیش هەریەکە لە لایەکەوە، لە گوند دەردەچوو بەرەو هەولێر، بەپێیان، بەڕێ دەکەوتین و لە ڕێگادا، یەکترمان دەبینییەوە و دەبووینە گرووپەکە... تەنها ئەوانەی خوارەوە بووین کە ئەو ئیمتیحانە وەزاریەمان هەبوو (واتا ئیمتیحانی پێنجی سانەوی):

١– بەخۆم.

٢– یوسف حەننا عەسکەر.

٣– هورمز سبۆ (یان سبی).

٤– یوسف مەنسوور.

٥– مەتی فرەنسیس (المالح) –

لەوانەش تەنها من بەشی وێژەیی (ئەدەبی) بووم. چوارەکەی تریان بەشی (عیلمی – زانستی) بوون.

حەوت ڕۆژم ئاوا بەسەر برد. ڕۆژی هەشتەم دوعاخوازیم لە ماڵی کاک گۆرگیس و برادەران کرد و هاتمە هەولێر و بۆ گەراجی کەرکوک و بەتاکسی گەڕامەوە بۆ کەرکووک –

ئینجا لە چاوەڕوانی (نەتیجە)ی ئیمتیحان دابووم و حەزم دەکرد زوو ئەو ڕۆژە بێت و



نەتیجەم وەرگرم ئەگەرچیش زۆر دڵنیا بووم لە سەدا سەد ناجیح دەبم. بەڵێ – هەر واش بوو – نەتیجەکان کە هاتن، بۆیان ڕەوانە کردم و ئەلحەمدولیلا ناجیح بووم و دایک و باوکم زۆریان پێ خۆش بوو.

باوکم و فیلیپ لە لای کابرایەکی (قۆنتراتچی) کاریان دەکرد... کرێکاری گێچ و چیمەنتۆ و خشت... خانووی شەریکەی بە(تعهد) گرتبوو... ڕۆژانە کرێکار بە ٤ چوار پەنچایی و یا ٥ پێنج... ئەوپەڕی ٧ درهەمیان وەردەگرت –

هاوینەکەم هەر بەخوێندنی کتێب و گۆڤارەکانم و ڕۆژنامەشم دەکڕی وەک: الكرخ، العالم العربي، البلاد... الندیم (ئەمەیان ڕۆژنامەیەکی ژیکەڵە و خۆش بوو... تەنها ئەدەبی و هونەری و بابەتی گشتی) بڵاو دەکردەوە لەگەڵ وێنەی جوان...

بەڵام (کریستینە)ش مەساحەییەکی زۆری لە مێشکم داگیر کردبوو. ئەم ئافرەتە وا ناسک و شۆخە... شلوملە... ئەو ڕوومەتە خڕ و تەڕە، ئەو لێوە پڕ شەکرە و شیرە... ئەو قژە ڕەشە درێژەی بەسەر شان و مل و سینگەدا دەهات و دەچوو... لە پەنجەرەکەی سەرەوە، کە کورسییەکەمم لە لایەوە دانا بوو، چاوێکم لە کتێب دەبوو، چاوەکەی ترم هاتوچۆی کریستینەی موراقەبە دەکرد. ئەویش بەهەستی خۆی دەیزانی من شەیدای بوویم... بەهەستی خۆی هەستی دەکرد وا لە پەنجەرەکەوە سەیری حەوشەکە دەکەم و ئەگەرچی ئەو سەیری نەدەکردم و چاوی هەڵنەدەبرییە سەرەوە، بەڵام چاک دەیزانی وا من وەختە شێت بم بۆی... ئیتر لە نێوان ژووری دانیشتنی خۆیان و مەتبەخ، کە چەند مەترێک دەبوو هەر دەهات و دەچوو و گۆرانی دەگوت و سینگ و لەش و کۆئەندامی لەشی بەشێوەیەکی (إغراء) و سەرسەرییانە دەبزواند... زیاتر من ئاگرم لە گیان و لەشما بەردەبوو.

مێردی دوور... بێ منداڵ، شووبراکەی لە دەرەوە لە ئیش، خوشکی برای هەر وا لە شوێنێکی تر لە دەرەوەی ماڵ، باشە، من چی دەکەم لە سەرەوە؟ بۆ ناچمە لای و (مغازلە)ی بکەم؟ من شەرمم دەکرد بچمە خوارەوە لەگەڵ ئەوەشا کە دەمزانی ئەو بەهەمموو دڵ و هەست و جەستەوە چاوەڕێی ئەوەیە بچمە لای... کە دەمزانی یەکسەر خۆی دەهاوێتە باوەشمەوە! بەشەو لە سەربان دەنووستین: دوو بان بوون. بانی یەکەم ئێمە... خێزانی ئێمە... دایکم و باوکم و منداڵەکان لەسەری دەنووستین... من چارپایەم بەتەنیا بوو. لەسەر ڕێگای ئەوان بووم کە دەهاتنە سەربان و بەسەر قادرمەیەکی تر دەکەوتن و دەچوونە سەربانە بەرزەکە... بانی کۆشکی ئێمە! ئەوان هەرسێکیان، هەریەکە و لەسەر چارپایەی خۆی خەویان لێ دەکەوت.

چەند جارێ، هەستم دەکرد، لە تاریکی شەوا، تارمایی، لەسەر سوانەکەی لای منەوە، دیار دەبوو... دەنکە نۆکـێکی ناو (چەرەس)ی کـە دەیخـوارد، یان دەنکە چەگلێکی (بەردێکی زۆر بچووکی) فڕێ دەدایە سەر لێفەکەم لە خوار سەرمەوە...

درێژە بەو باسـە نادەم و تەنهـا دەڵـێم، نێـوانمان زۆر خـۆش بوو لە دواییـدا... بەیەک گـەیشـتنەوەمـان لە ژووری ئەوان، یان ئەگـەر دایکم و منداڵەکـان لە مـاڵـەوە نەبوونایە، بەهەنجـەتێک بەسـەر دەکـەوت و دەهاتە لامەوە!... یادت بەخێـر کـریستـینا! نازانم مـاوی نەماوی... ئەزانم مێردەکەی، خوا عـەفووی کات، هەر لە لوبنان بەنەخۆشی (سیل) کۆچی دوایی کرد، دوای ئەوەی ئێمە لەو خانووە دەرچووین و خانووێکی ترمان گرت و بەتەنیا گرتمان هەر بۆ خۆمان، لە تەنیشت (حمام علی بیگ) لە گەڕەکی بەگلەر... ئەو خانووەی کە پێشتر باسم کرد کە ژوورێکمان بەکرێ دایە سێ هاوڕێ قوتابییەکانی هەولێریم.

کە سەیری وەزعی گوزەرانی خێزانەکەمم کرد زۆر خراپ بوو... ئەوە باوکم دەوری پەنجا ساڵ تەمـەنیەتی و دەچێتـە سەر ئیشی کـرێکاری وا کە لە توانای ئەودا نییە... فـیلیـپی براشم لە I. P. C دەرکرا... تەمبەڵ بوو... کەمتـەرخەمی دەکرد لە کارەکانی! ئینگلیزەکانی لێپرسراوانی وی بەگـشـتی ئینگلیز ڕقـیـان لەو کـەسانە دەبێ کە ئیشـوکاریان بەچاکی جێبەجێ ناکەن.

بۆیە بیـرم کـردەوە ئەو ساڵـەی ١٩٥٠ لە شوێنێک، چ لە I. P. C یا لە بازاڕ کـارێکی موناسیب بەپلەی خوێندنم - خەریجی سانەوی بووم - بدۆزمەوە و یارمـەتی خێزان بدەم و هەوڵدەم پارە و پوولێکیان مانگانە بۆ پەیدا کەم. ساڵـێکی تر بچمە بەغدا و وەسیقەکەم تەقـدیمی (دار المعلمین العـالیـة) بکەم. پێـوەندیم بەهەندێ خزمان و دۆستان کرد بۆ ئەم مەبەستە...



سیروان میخائیل "میکائیل"
مووسڵ ١٩٣٠/٢/٥

پاش مـاوەیەک، بەواسیـتـەی خـوالێـخـۆشبـوو، سـیـرۆن (مـایکل)، برای مامـۆژنم، واتا خاڵـی بنیامـینی ڕەحمـەتی ئامۆزام و مامۆستا مەتی دەرمەن، کە ئێستا لە هەولێرە... مـامـۆسـتـای زمـانی E بوو، خـانەنشین کـراوە... جـا ئەو خزمەمان - واتا کاک سیرۆن - ناردی بەشوێنما. کە چوومە مـاڵـیـان وتی: حـەز دەکـەی وەک مـامـۆسـتـای قـوتابخـانەی سەرەتایی، لە قـوتابخانەی سەرەتایی ئاشووری، کە نزیکی ماڵـتانە، دەوام بکەیت؟



چۆن نا کاک سیرۆن! من خوا خوامە هەر کارێک بێ بیکەم - جا مـامـۆستـایەتی؟ ئەوە هەر یەکێکە لە خەونەکانم: خەونم دەبینی ببمە مامۆستا.

هەفـتـەیەک پێش کـرانەوەی قـوتابخـانەکـان، (رابی بریمون ئۆراها) سـەرۆکی دەسـتـەی بەڕێوەبردنی قـوتابخـانە و کەنیسـەی ئاشووری ناردی بەشوێنمـا کە بچـمـە قـوتابخـانە بۆ کۆبوونەوەی مـامـۆسـتـاکان و دەستەی بەڕێوەبردن و باسکردنی دەرسەکان و دابەشکردنیان بەسەر مـامـۆسـتـایان. قـوتابخانەکە ناوی (المدرسة الاثوریـة الاهلیة) بوو، لە حەوشێکی کۆنی مولکی یەک لە پیاوە دەوڵـەمەندەکانی کەرکووک بوو لە پشت حەمامی عەلی بەگ، لە نزیک مـاڵـە تکریتییـەکان بوو - جۆگە ئاوێک کە لە گەڕەکی (شاطرلو)وە بەرەو خوار دەهات، لە بەردەم دەرگای حەوشەکەی قوتابخانە، کە دەرگەیەکی لەسەر شێوەی تاق بوو، ئاوەکەی بەرەو خوار... بەرەو بازاڕی قۆرییە دەخزی-.

چوومـە ئەوێ، لە حـەوشـەکـە شـانۆیەک بەتەخـتـە دار... ڕێکوپێک دروست کرابوو... کـە ئەوەم دیت زۆر دڵـخـۆش بووم. چونکە بەخـۆمم وت: ئەوە جـێـی تۆیە تۆ بەهرەی هونـەریت هەیە. دیارە لێرە ئەو جۆرە بەهرەیە بایەخی پێ دەدرێ. من لەناوەڕاستی چلەکانا هاتبوومە ماڵـی مامم لێرە لە کەرکووک و بیستبووم کە بزووتنەوەی هونەری شانۆ و شانـۆگەری زۆر پێشکەوتووە و هەموو ساڵێک چەند (تەمسیل) ێک بەزمانی ئاسووری دەکرێ.

لەسەر شانۆ کورسیمان بۆ دانرا بوو... ڕابی بریمۆن شەماشە یوخەننا - ژمێریار و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن و ڕابی جبرائیل بەڕێوەبەری قـوتابخانە و چەند مامـۆستایەکم ناسی... یەکترمان ناسی لەو ڕۆژە: ٣ ئافرەت بوون: ماری و ئێڤلین و فلۆرانس...

ئەوانی تر پیاو بوون. ئەوانە بوون هەموو مامۆستاکان:

١- بەڕێوەبەر، وەک ناوم هێنا، ڕابی جبرائیل بابەکە بوو. کابرایێکی ڕۆشنبیر و بەتەمەن بوو... سەری مزاشی بوو... چاویلکەی ڕەشی هەمـیشە لە چاو بوو. چاوێکی کوێر بوو. بەڵام جگە لە زمـانی دایک - ئاسـووری - زمـانی عـەرەبی و ئینگلیـزی و تـورکی و فـارسی و کـوردییش دەزانـی - نووسین و خـوێندن. مـوتالا - مطالعـە -ی بەزۆری ئینگلیـزی بوو. چەند شانۆگـەرییـەکی شەکسـپـیری گۆڕیبۆوە سەر زمـانی ئاسووری و گەنجە ئاسوورییەکان پەیتا پەیتا ئەو چیرۆکانە، ساڵانە، نماییشیان دەکردن... سیرۆن - مـایکل - ئەکـتـەرێکی زۆر بەتوانا بوو لە بواری تـەمـسـیلی کـۆمـیـدی - . دەوری (شایلۆک) لە شانۆگەری (بازرگانی ڤینیسیا - تاجر البندقیە)ی چەند جارێ نواندبوو و سەرکەوتووانە جێبەجێی دەکرد و ناوبانگی دەرهێنا بوو.

ڕابی، بەزوبانی ئاشووری و کلدانی بەمانای (مامۆستا) دێت. ڕابی جبرائیل کیژێکی لە پۆلی پێنجەم بوو لەو قوتابخانەیە، زۆر زیرەک بوو، زۆریش جوان بوو - ڕابی دەرسی زمانی ئینگلیزیشی دەگوتەوە.

٢- مامۆستا ودیع - خەڵکی مووسڵ بوو، زۆر بەتەمەن بوو و خانەنشین بوو لە لایەن حکوومەتەوە. بەڵام لە قوتابخانە ئەهلییەکان دەیتوانی و مانع نەبوو بەکرێی (اجور)ی مانگانە یا (محاضرات) دەرس بڵێتەوە.

ئەم مامۆستایە پسپۆڕ بوو، هەر لە قوتابخانەکانی مووسڵەوە، تەنها پۆلی یەکەمی وەرگرتبوو. جا لێرەش، دەرسی پۆلی یەکی وەرگرت.

٣- مدحەت عبدالواحد - ئەمە خەریجی سانەوی ئەو ساڵە بوو، وەک من، نەچووە چ جێگەیەک. موافقەی لە بەڕێوەبەری (معارف)ی کەرکوک هێنا و بەسەر قوتابخانەکەدا (فەرز) کرا. ئەوەل جار دەستەی بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕازی نەبوون و پێیان ناخۆش بوو. حەزیان نەدەکرد، غەیری مەسیحی بێتە ناو قوتابخانەکە، چ وەک قوتابی یا وەک مامۆستا. بەڵام کە دەوامی کرد مرۆڤێکی زۆر لایق و بەئەخلاق و خوورەوشت جوان بوو. من زۆرم خۆشویست ئەویش لەگەڵما بووە برادەر. ئیتر زۆربەی کاتی دوای دەوام پێکەوە لە شارەکە ڕامان دەبوارد و پیاسەمان دەکرد و کتێبمان دەگۆڕییەوە دەمانخوێندن و موناقەشات لە نێوانمانا پەیدا دەبوو.



ئەم وێنەیەی کە لێرە داماناوە، ئەوسا پێشکەشی کردم و لە دواوەی وێنەکە، بەعەرەبی نووسیویەتی، «أهديها الى من احبني فأحببته من صميم قلبي منذ التقائي (وابزانم - لقائي - ڕاستترە) معه.

الى اخي الودود اندريوس. اهدي هذه الذكرى الخالدة اليك عسى انها تذكرك بايامنا الحلوة والساعات الجميلة التي قضيناها في حياتنا التدريسية، في المدرسة الاثورية - ١٩٥١/٧/٢٨»

المخلص
مدحت
(ئیمزا)



هەڵبەتە منیش وێنەی خۆمم بەهەمان شێوە و لە هەمان ڕۆژ پێشکەشی کرد - یادی بەخێر لە هەر شوێنێکی بێت! بەڕێوەبەر و باقی مامۆستاکانیش، ئافرەت و پیاو، زۆری لێ ڕازی بوون.

٤- فلۆرانس - کیژێکی ئاسووری بوو، سانەوی تەواو کردبوو، تازەش شووی کردبوو.

٥- ماری ئیبراهیم - خەریجەی سانەوی بوو.

ئاسووری بوو - باوکی دەرمانخانە (صیدلیة)ی هەبوو لە کەرکووک، نزیک گەراجەکانی کۆیە و هەولێر، لەسەر شەقامی کە دەچوو بۆ لای چایخانەی مەجیدیە - وابزانم ناوی (الصيدلية الشرقية) بوو.

٦- ئیڤلین القارس - ئەمەیان دەرچووی (فنون المنزلية) بوو، بەمەزەندەم!! باوکی کابرایەکی (هیندی) بوو، لەمێژ بوو لە کۆمپانیای نەوتی I. P. C ئەندازیار بوو... لە عیراق ژنە ئاسوورییێکی هێنا بوو... هەر لە کەرکووک دەژین. ئەم کچە لە ساڵانی شەستەکان شووی کرد بەکابرایەکی (موسڵاوی) کە ئەویش هەر فەرمانبەر بوو لە I. P. C. بەداخەوە دواتر بیستم کە بەخۆی و بەخێزانییەوە لە ڕێگای کەرکووک - سلێمانی بەترومبێلی خۆیان تووشی کارەساتی تامپۆنێک دەبن و هەردووک گیانیان لە دەست دەدەن!. بەداخەوە.

٧- شەماشە هورمز - ئەمەش پیاوێکی ئایینی بوو، شەماشە بوو، عەرەبی نەدەزانی... تەنها وانەکانی (دین)ی دەدایەوە بۆ هەموو پۆلەکان - دەرسی ئاینی مەسیحی! خاوەن سمێڵێکی زۆر ڕەش و گەورە بوو... من و کاک مەدحەت، لە بەینی خۆمانا، کە باسی ئەومان دەکرد، ناومان لێنابوو: (شەماشە ابو الشوارب)-!



لەم وێنەیەدا کە لە بەهاری ساڵی ١٩٥٤ لە باخچەکانی دێی (قەرەهەنجیر)ی لە سەر ڕێگای کەرکووک - سلێمانییە، گیراوە لە کاتی سەیرانێکمان بۆ ئەو شوێنە خۆشەدا.

لە وێنەکەدا: ڕابی بریمۆن ئوراها - پاڵی بەدرەختەکەی

دەستە چەپ داوە کە چاکەتێکی پێوە هەڵواسراوە و ئەوا پێدەکەنێ و سەیری کامێرا دەکات – منیش بەکراسێکی سپی، لە ژێر دوو درەختەکەی نزیک یەکن دانیشتووم و پاڵم پێوەیان ناوە و برادەرێک وا لە هەوراز سەرما وەستاوە لەگەڵ دوو درەختەکە. ئەوانی تر چەند برادەرێکی ئاسوورین لە فەرمانبەرەکانی کۆمپانیای نەوت I. P. C –

کاتێ دەوامی قوتابخانە دەستی پێ کرد، من بەهەموو حەز و ڕەغبەتەوە یەکەم ڕۆژ چوومە نێو پۆلەکان: قوتابییەکانم زۆر خۆشویستن: جوان پەروەردە کرابوون، لە ساڵانی پێشتر! ڕێزی مامۆستایان زۆر دەگرت، بچووک و گەورە! بێ دەنگی لە کاتی وانە فێربوونیان دەپاراست – قوتابخانەکەیان پاک ڕادەگرت و یارمەتی فەڕاشەکەیان دەدا، کە ئافرەتێک بوو ناوی (ئیمامە) بوو، مێردی مردبوو، یەک دوو منالی بێ باوکی بەخێو دەکردن بەمووچەی فەڕاشی... ئێمەش یارمەتیمان ئەدا.

من هێشتا قوتابی بووم، حەزم دەکرد ببم بەمامۆستا! ئەوەتا بوومە مامۆستا! ئەگەرچی ڕەغبەتی من ئەوە بوو کە ببم بەمامۆستای قوتابخانەی سانەوی و دەرسی ئینگلیزی بلێمەوە. بەڵام لەم قوتابخانەیەدا دەرسی (حساب و هەندەسە) بۆ پۆلی شەشەم و دەرسی عەرەبی بۆ پۆلی چوار و پێنجەم و دەرسی ئینگلیزی بۆ پۆلی دووەمم دەگوتەوە و زۆریش کامەران بووم و سەرکەوتووش بووم لە کارەکانم. هەروەها سروود لە هەموو پۆلەکانم دەگوتەوە.

هەر لە یەکەم ڕۆژ لە ڕیزی بەیانی، بەڕێوەبەر ڕابی جبرائیل وتەیەکی دا و بەخێرهاتنی قوتابیانی کرد و هەروەها بەخێرهاتنی مامۆستایانیشی کرد. یەکە یەکە ناوەکانی بەقوتابییەکان ڕاگەیاند. ئەوانیش چەپڵەیان بۆ لێ ئەداین. دەرسی یەکەم هیچمان نەگوت – هەریەکە چووینە ژوورێکی پۆلێک – دەرسی دووەم لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبردن، کە هاتبوون بۆ دیتنمان و یەکترناسین، لە ژووری ئیدارە دانیشتین و گوێمان گرت لە هەندێ خاڵی گرنگ سەبارەت بەقوتابخانەکە و کارەکانی پێویستە لەسەرمان جێبەجێیان بکەین – قوتابخانەکە تێکەڵ بوو – کیژ و کوڕی گەورەیان تێدا بوو – ڕابی بریمۆ هەندێ ئامۆژگاری پێشکەش کرد – بەتایبەتی داوای لەو مامۆستایانەی دەرسەکانی پۆلی شەشمان وەرگرتبوو، کە خۆمان باش ماندوو کەین و واجبیان زۆر بدەینێ و هانیان بدەین بۆ خوێندن، چونکە ئەوان (امتحانی بکلۆریا)یان هەیە. هەروەها بەتایبەتی ڕووی لە من کرد و وتی ئێمە خۆشحاڵین بەوجوودی تۆ لەم قوتابخانەیە و دەبێ جموجوڵەی هونەری بایەخی پێ بدەی و ئێمە ئامادەین بۆ هەر شتێکی پێویستت پێی هەبێ!



دوای ماوەیەک دەوام کردن و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستا (وەدیع)ە موسڵاوییەکە، دەرکەوت کەوا ئەو عوودێکی هەیە و ئەزانێ عوود بژەنێ. من بۆ ئەو ڕۆژە دەگەڕام! ئیتر لە یاخەی نەبوومەوە تاکو من و مەدحەتی دەعوەت کردین عەسرێک بۆ ماڵیان، کە لە قەڵات بوو، بچین بۆ چای عەسر لەوێ بخۆینەوە و گوێمان لە عودەکەی بێ.

ئەوە بوو بۆ عەسرێ چووینە ماڵی مامۆستا وەدیع و خێزانی و منالەکانی: دوو کوڕی گەنجی هەبوو، گەورەکە ناوی (حیکمەت) و ئەویتر (خەلدون) بوو، پێشوازییان لێ کردین و پاش کەمێک چای و کولیچە هات و خواردمانەوە و ئینجا مامۆستا هەستا عودەکەی لەسەر کانتۆرێک بوو، هێنایە خوارەوە و دانیشت، عودەکەی لە باوەشی گرت و دەستی کرد بەلێدانی. چاکی دەژەنی بەڵام شێوە کلاسیکییەکە بوو کە عودژەنە موسڵاوییە کۆنەکان پێی ناسرا بوون... زۆر سادە و سانا و خۆرسکی عودەکەی دەژەنی و گۆرانی مووسڵاوی لەگەڵ دەگۆت بەقوڕگە پیرەکەی کە جگە لە پیری، جگەرەشی تا ئەو کات دەکێشا. گۆرانی وەک: (حبون الله ولا تقولون) و (كم ياردلي ياردلي سمره قتلتيني)... بۆ گوتین.

لە دوایی وتی من ئەو عودە دەفرۆشم و ئەگەر کەس هەبێ بیکڕێ. من وتم: مامۆستا من ئەیکڕم، بەچەند؟ یەکسەر وتی: بە(٣) سێ دینار. یەکسەر منیش ڕازی بووم و هیچ موعامەلەم لەگەڵیا نەکرد... ئەوە بوو هەر ئەو کات، کە زیارەتەکەمان تەواو بوو، هەڵساین و دوعاخوازیمان لێی کرد و هاتینە خوار لە قەڵاکەی کەرکووک و ئەمجارە من ئەو ئامێرە سیحراوییەم هەڵگرتبوو و زۆر خەنی و شاد و کەیف خۆش بووم. ئەم خەونەم هاتە دی کە هەر لەو ڕۆژەی، لەو ساڵەی کە من لە پۆلی یەک و دووی قوتابخانەی سەرەتایی بووم لە کۆیە و مامۆستای نەمر (جەلال حەویز) دەهاتە ژوورەوە بەعودەوە و سروودی (ئێمە کە منداڵ و نەوجەوانین)ی فێر دەکردین، من لە خەون... خۆم دەدیت وا عود لێ ئەدەم.

## چۆن فێرە عود لێدان بووم

لە ساڵی ١٩٥٠ لە کەرکووک مامۆستایەکی مۆسیقاری (عودژەن) هەبوو - وابزانم خەڵکی بەغدا بوو - سەرپەرشتی تیپی مۆسیقای (شرقی) دەکرد کە شەوانە لە (ملهی کرکوک) مۆسیقایان بۆ گۆرانیبێژەکان لێ ئەدا. لە هەمان کاتیش، بەڕۆژ، هەر لەو ئوتێلەی لێی دابەزیبوو کە وابزانم (فندق کرکوک) بوو، یەکسەر بەدیواری چایخانەی مەجیدییەوە نووسا بوو، واتا لەسەر شەقامی (مجیدیە) بوو، لە نێوان باخچەی یانەی فەرمانبەرانی کەرکووک و چایخانەی مەجیدییە بوو. لە بەرامبەری، لەوبەر جادەکە، دائیرەی پۆستە و تەلەگراف بوو، ئا لەو ئوتێلە مامۆستای ناوبراو (جۆرج الخیالی) دەرسی مۆسیقای فێر دەکرد بۆ ئەو کەسانەی حەزیان دەکرد فێرە مۆسیقا و عودژەنین بن، کە منیش یەکێک بووم لەو گەنجانە.



ماوەی دوو مانگێک لە لای (جۆرج الخیالی)، هەموو عەسرێک (دوای دەوامی قوتابخانەم)، دەچوومە ئوتێلەکە و بەنۆتە عودی فێری من و برادەرانی دیکەی دەکرد. ئەم جۆرج الخیالیە چاوەکانی کزبوون، چاویلکەی مەیلەو ڕەشی لە چاو بوو... بەڵام پۆشتە بوو... زۆر لە هونەرمەندانی بەغدا و گۆرانیبێژ و ئاواز دانەری ئەوسا لەسەر دەستی ئەو مامۆستایە فێرە عود ژەنین بووین، یەکێکیان هونەرمەند (محمد نوشی) بوو کە دوایی بووە ئاواز دانەرێیک زۆر باش و گۆرانییەکانی شێوەی میللی و شەعبی بوون و پشتی بەمەقام و فۆلکلۆر و ڕەسەنایەتی ئاوازی عیراقی دەبەست.

جۆرج الخیالی گەڕایەوە بەغدا... منیش هەر خۆم بەپرۆڤەکردن و مەشقکردن و خوێندنی کتێبی جۆراوجۆری لەسەر مۆسیقا وەک کتێبەکەی لە بابەت (الموسیقي الشرقیة) کە لە دانانی کەمانجەژەنی بەناوبانگی ساڵانی ٤٠ چل و پەنجاکان بوو ناوی (سامی الشوا) بوو. ئیتر بەرە بەرە لەو ئاهەنگە گۆرانییانەی بانگهێشت، دەعوەت دەکرام عودەکەم دەبرد و بەعودەوە گۆرانیم دەگوت و هیواداریش بووم، کە بچمە بەغدا و زیاتر مۆسیقا بخوێنم!

لەو ساڵەشدا، ساڵی ١٩٥١ و ١٩٥٢ بەولاوە، لەگەڵ هەندێ برادەری دیکەی



هونەرمەندی مۆسیقاژەن تیپێکی مۆسیقامان پێکهێنا بەناوی (تیپی مۆسیقای قوتابخانەی ئاسووری لە کەرکووک) و لە هەموو ئاهەنگەکانی گشتی و بۆنە نەتەوەیی و بووک گواستنەوە، ئێمە مۆسیقامان لێ ئەدا و تەنانەت مۆسیقای ڕۆژئاواییشمان دەژەنی بۆ ئەوەی (دانس) واتا سەمای لەسەر بکەن.



لقطة وذكريات

هذه الصورة التقطت عام ١٩٥٠ تظهر فيها اول فرقة موسيقية تأسست في المدرسة الاشورية بكركوك. واعضاؤها كما في الصورة . ١) بول مرقس عازف البانجو رئيس الفرقة . ٢) وليم عازف الاكوردیون . ٣) اندريوس اسرائيل (باكوري) عازف العود . ٤) عمانوئيل مرقس عازف الفيوليت . ٥) البرت عازف الدرم ٦) والعازف ادور درمو .

وقد تواصلت هذه الفرقة في نشاطاتها منذ تاسيسها لغاية اواسط السبعينات ، عندما امر النظام الفاشي بغلق المدرسة . مدير هذه الفرقة كان الاستاذ جبرائيل بابله والذي كان الى جانب ذلك ضليعاً في العديد من اللغات ومنها العربية والكردية والفارسية والتركية والانگليزية الى جانب لغة الام حيث ترجم مسرحيات عديدة الى لغة الام كما كان يعد برامج للحفلات التي كانت تقيمها المدرسة وبنجاح كبير على مستوى المحافظة .. وبالمناسبة الفرقة المذكورة هي اولى من قدمت النشيد الوطني المشهور ([illegible]) حيث كان هذا النشيد يقدم يومياً من قبل تلاميذ المدرسة في الاصطفاف الصباحي ويصاحبها في الايام الاعتيادية الاستاذ اندريوس اسرائيل بعوده .

ڕۆژنامەی بهرا ژ ٦٠ لە حوزەیرانی ١٩٩٥

لە قوتابخانەی سەرەتایی ئاشووری ئەهلی، چەندین چالاکی هونەریم پێشکەش کرد و خەڵکی کەرکووک و ئاسوورییەکان بەتایبەتی زۆر ڕێزیان لێم گرت و دەستەی بەڕێوەبەرایەتیش یارمەتییان ئەدام بۆ دابینکردنی پێویستییەکان.

لەو چالاکییە شانۆییانە، چیرۆکێکی تەمسیلی بوو بەزمانی عەرەبی ئەدەبی بەناوی (شمعدان القس) کە لە چیرۆکەکەی نووسەری بەناوبانگی فەرەنسیم وەرگرت کە بەناوی (البؤساء)ی (ڤیکتۆر هۆگۆ) - من ئەو فەسڵەی پێوەندی هەبوو بەپەنابردنی (جان ڤالجان)ی پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆ ماڵی قەشەکە و دوای ئەوەی کە قەشە بەخۆ و بەخوشکییەوە خزمەتی دەکەن و خواردنی دەدەنێ، چونکە چەند ڕۆژ بوو لە بەندیخانە هەڵاتبوو و برسی بوو - هەروەها جێگای نووستنی بۆ دابین دەکەن لە ماڵەکەیان. بەڵام ئەو کابرایە بەیانی زوو هەڵدەستێ، پێش ئەوەی خاوەن ماڵ ئاگایان لێی بێ، شەمعەدانێک دەدزێ و دەڕواتە دەرەوە... کەچی، پۆلیس دەیگرن و دوای سۆراخ پێیان دەڵێ لە ماڵی فلان قەشەی دزیوە.

پۆلیس دەیهێنن بۆ لای قەشەکە، کەچی ئەو نایەوێ ئازاری بدەن و بیبەنەوە بەندیخانە، پێیان دەڵێ: نەخێر نەیدزیوە... من دامێ بچێ بۆ خۆی بیفرۆشێ و چەند ڕۆژێ بەو پارەیە بژێت.

ئەم تەمسیلەم ئامادە کرد و ڕۆڵەکان (دەورەکان)م دابەشی سەر قوتابییەکان کرد: یەک لەوان (ماری) کچی مامۆستای ڕابی جبرائیل بوو کە دەوری خوشکی قەشەم دا پێی. کچێکی تر کە هەر لە پۆلی ماری و ڕەفیقی بوو، ڕۆڵێکی ترم دایێ... ناوی (ئەرپێنەک)

بوو. ئەم شانۆگەرییە لە ئاهەنگی سەری ساڵی قوتابخانەدا لەگەڵ هەندێ گۆرانی و سەمای تر کە هەمووی من ئامادەم کردبوون، لەو ئاهەنگە پێشکەش کران بۆ دایک و باوک و خزم و کەسی قوتابیان و مامۆستاکان کە لە ئاهەنگی (تخرج)ی منداڵەکانیان ئامادەبوون.

هەروەها چیرۆکێکی تەمسیلی عەرەبیمان تەقدیم کرد بۆ دانیشتوانی شاری کەرکووک و لە هۆڵی قوتابخانەی سانەوی کەرکووک و لەسەر شانۆی هۆڵەکە بۆ ماوەی ٣ سێ ڕۆژان نمایشمان کرد - ناوی تەمسیلییەکەم لە بیر نییە بەڵام چیرۆکەکە باسی گەنجێک دەکا کە هەر خەریکی ڕابواردن و تێکەڵ بوون لەگەڵ برادەری خراپ و ڕابواردن لەگەڵ ئارتیست و ئافرەتی بەدخوو بوو، پارەی لەم و لەو قەرز دەکرد بەتایبەتی لە جوولەکەیەک بۆ ڕابواردنەکانی. جا خوشکێکی ناوی (فاطمە) دەبێ، ئەویش لەبەر وەزعی خراپی خێزانی و هەژاری تووشی کاری خراپ دەبێ و بۆ پارە پەیداکردن ڕێگای بەدڕەوشتی دەگرێ، بەڵام بەدزی، بێ ئەوەی برا و دایک و باوکی ئاگادار بن جا بەتەسادوف ڕۆژێک ئەو گەنجە کە لە ڕێگای ڕاست لایدابوو، دەچێتە یەکێک لەو ماڵانەی ئەو ئافرەتە خراپانە، کە بۆ پارە پەیداکردن، خۆیان تەسلیمی پیاوان دەکەن، یەک لەوان خوشکەکەی دەبێ کە (فاطمە)ی ناو بوو. ئیتر کە دەیبینێ لەوێ و سەرخۆشیش دەبێ، دەیناسێتەوە، یەکسەر بەچەقۆ دەیکوژێ.

شایانی باسە لەم شانۆگەرییە من دەورم بینی کە یەکێکیان ڕۆڵی جوولەکەکە بوو کە ئەو گەنجە هاتبووە لای هەندێ پارەی لێ وەرگرێ و جووەکە مومانەعە دەکا، لە ئەوەڵەوە نایداتێ. بەڵام دوایی گەنجەکە ئیقناعی دەکات. حیکمەتی کوڕی مامۆستا (وەدیع) دەوری (فاطمە)ی وەرگرتبوو. خۆی گەنجێکی سوور و سپی و چاو شین و باڵا ڕێک و جوان بوو، بۆ دەوری (کچ)مان هەڵبژارد. مامۆستا وەدیع، خۆی (مولەقین) بوو، دەچووە ناو ژوورێکی بچووک لە ژێر تەختەکانی سەر شانۆ و لە کونێکەوە کە بەرامبەر بەئەکتەرەکان دەیڕوانی و لە پێش شانۆکەدا بوو، بەدرێژایی پەردەکانی شانۆ لەوێ دائەنیشت و وشە وشە لەگەڵ ئەکتەرەکان، لە ناو کتێبەکە دەورەکانی بۆ دەخوێندن و ئەوانیش بەرامبەر بەخەڵکەکە قسەکانیان دەکرد، چونکە لەوانە بوو جاروبار وشەیەکیان لە بیر چووبایە... مامۆستای (ملقّن) زوو، بەدەنگێکی لەسەرەخۆ و بەهێواشی، وشەکە و ڕستەکەی دەخوێندەوە، ئینجا ئەکتەرەکە بەردەوام دەبوو.

جگە لە تیپەکەی قوتابخانەی ئاشووری کە لەگەڵ ئەو برادەرانەی ئاسووری پێکمان



هێنا، لە لایەکی ترەوە، لەگەڵ هونەرمەندانی شاری کەرکووک کە ئەوساکە لەگەڵ هونەری گۆرانی خەریک بوون و ناویان هەبوو، تیپێکی (شرقی) دیکەمان کۆ کردەوە و چالاکییەکانی شاری کەرکووکی قەڵا و قۆریە، بۆ ئاهەنگەکانی کورد و تورکمان و عەرەب ئامادە دەبووین و شایی و بەزمی ئەوانیشمان دەڕازاندەوە: ئەوانەی لە بیرمن ناویان:

١- ئیلهام مەردان - جوانترین کەمانجەی دەژەنی -

٢- ساطع کوپرلو - گۆرانی فرید الاطرش و تورکمانی دەگوت و کەمێک عودیشی لێ ئەدا.

٣- مەمەد قەڵایی - عودێکی زۆر جوانی لێ ئەدا و قۆریات و گۆرانی تورکمانی ڕەسەن و بەئاوازی خۆشی دەچڕی -

٤- دایی قادر - لە ئێمە بەتەمەنتر بوو - تەپڵێکی باشی لێ ئەدا و خاوەن زەوق و خۆش مەشرەب بوو -

٥- فایق نەجار - قۆریات و گۆرانی تورکمانی دەگوت.

٦- مەجید...... ناوی باوکی یا لەقەبەکەیم لە یاد نەماوە... حەزی لە گۆرانی ریفی عەرەبی دەکرد و دەیگوتن لەگەڵ مەقاماتی عێراقی.

٧- عەبدولواحید کوزەجی ئۆغلی - گۆرانی و قۆریاتی تورکی زۆری دەزانی و لە کەرکووک، لە دیوەخانەی ناوداران و ماڵە موەزەفە گەورەکان ناسرا بوو... هەمیشە ئێمە لەگەڵیا مۆسیقامان لێ ئەدا.

بەخۆشم عودم لێ ئەدا و گۆرانی کوردی و ئاسووریم دەگوت لەو سەیران و ئاهەنگ و دانیشتنی دیوەخانان. لە زۆربەی ماڵی مەسئوولەکان و گەورە پیاوەکانی شار لە دیوەخانەکانیانا زوو زوو بەیەک دەگەییشتنەوە و شەوی خۆشیان ڕادەبوارد و ئێمەش میوانی شانازییان دەبووین: شامیل یەعقووبی، خوای لێ خۆشبێ، ئەنور ئاوچی، کامیل تیکریتی هەروەتر و، چەند ماڵێکی تر کە ناویانم لە بیر چووینە... ئێمەیان زۆر ڕێز لێ دەگرتین... و جوانترین خزمەتیان دەکردین لە کاتی دانیشتنیان و ڕابواردنیان، هەزارەها سڵاو لە گیانیان بێ. شاری کەرکووک شارێکی هێمن بوو... هەموو دانیشتوان ژیانێکی ئاسوودە و خامۆش و لەگەڵ یەک بەخۆشی دەژین... جیاوازی نێوان ئەم و ئەو، یا هەڕەشە لە یەکتر کردن زۆر زۆر کەم بوو... دەگمەنیش بوو. بەڵام دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز ئیتر وەزعەکە لە هەموو لایەک تێکچوو و ناخۆشی و حیزبایەتی و چینایەتی دەستی پێ کرد لە

دوای ساڵێک لە تەمەنی شۆڕشەکە... پێی ناوێ من باسی بارودۆخەکە بکەم. چونکە ئێمە – الحمدلله – لە کەرکووک نەمابووین – من بووبوومە مامۆستا لە کۆیە و ماڵمان گوازتبۆوە بۆ کۆیە – تەنها، برایەکم، تیماتیۆسی، لەوێ مابوو لە سینەماکەی I. P. C میکانیک بوو... بێ دەخلیش بوو... ڕووحی هونەریشی هەبوو... ئاشقی دەنگی (محمد عبدالوهاب) بوو. هەموو گۆرانییەکانی لەسەر قەوان کڕیبوو، لە ماڵەوە هەر خەریکی گوێگرتن لە قەوانی ئەو هونەرمەندە و ئوم کەلسوم و ئەوانی تر دەبوو، کە لە ماڵەوە بووایە.



وێنەمان لە سەیرانێک بۆ دەوزێی "زاب" – کە ڕۆژئاوای کەرکووک/بەهاری ١٩٥٧
لە ڕاستەوە:
١– فازڵ مەجید – مەسیحی و ژمێریاریی پۆلیسی I.P.C. بوو.
٢– خۆم "باکووری"
٣– ئەنوەر ئاوچی: تاجر و زەوقانی هەر لەگەڵ ئێمەدا دەبوو.
٤– ئێلهام مەردان: چاکترین کەمانجەژەن بوو لە کەرکووک.
٥– .........



وێنەیەکی دیکە هەمان گەشتی سەر زاب.
لە ڕاستەوە:
١– هورمز ئەسکەندەری وێنەگر، ئەم وێنانەی بۆ گرتووین و زۆر برادەرم بوو.
٢– ئەنوەر ئاوچی.
٣– فازڵ مەجید.
٤– من "باکووری"
٥– ئیلهام مەردانی – کەمانجەژەن
٦– .........



شایانی باسکردنە، ئەغلەب ئەو دانیشتنانە و سەیرانانەمان، خوالێخۆشبوو (فازڵ مەجید)ی کاتبی دائیرەی پۆلیسی نەوت بوو ڕێکی دەخست و یەکە یەکە کۆی دەکردینەوە و هەر بەترومبێلی خۆی دەیبردین. زۆر بەزەوق بوو، حەزی لە مەجلیسی گۆرانی و (طرب) دەکرد. هەموو ڕۆژانی هەینی، ئەو سەفەرەیەکی بۆمان ڕێک دەخست و دەچووینە دەرەوە، بۆ دەوروپشتی کەرکووک، بۆ لای ئاگری (باباگوڕگوڕ) وەیا دەشتی دەوروپشتی (K.1) و (نومرە ٨) و (I. P. C) و گردەکانی سەر ڕێگای هەولێر – کەرکووک... تاد.



ئەم وێنەیەش هەر لە هەمان ڕۆژ و سەیران، کاک هومزی وێنەگر، بۆی گرتم وا لەسەر ڕۆخی زێ وەستاوم و سەیری سروشتی بەهار و ئاوی نزیک کەرکووکی دڵی کوردستان دەکەم. لە بەهاری ١٩٥٧ گیراوە

سالانی پەنجاکان، هێشتان (قەوان) و گرامافۆن باو بوون و خەڵکەکە کاتی خۆشیان پێ بەسەر دەبرد. وێنەی (تیماتیۆس)ی برای بچووکترم، لە کاتی ڕابواردنی ڕۆژانەی لەگەڵ دەنگی گۆرانیبێژانی عەرەب (محمد عبدالوهاب و فرید الاطرش و اسمهان و أم



تیماتیۆس / کەرکووک – ١٩٥٥



وێنەیەکی پروپاگەندەی قەوان، کاتی خۆی لەسەر کیسی قەوان چاپ کرابوو

کلثوم)... تاد. کە لەسەر (قەوان) گۆرانیان هەبوو. زۆربەی قەوانەکانیش لە کۆمپانیای قەوانی (کایرۆفۆن) تۆمار کرابوون کە (محمد عبدالوهاب) خاوەنی بوو، بەخۆی وێنەکە لە ساڵی ١٩٥٥ یا ١٩٥٦ گیراوە، لە ماڵمان، لە کەرکووک. ئەم گرامافۆنەش بەکارەبا ئیشی دەکرد، نەک بە(قورمیش).

دوو وێنەی تر لە سەیرانەکانی بەهارانی دەشت و دەری دەوروپشتی شاری کەرکووک، لە پەنجاکان کە ماڵمان لەوێ بوو: ١- وێنەی یەکەم، لەگەڵ (رابی بریمۆن) سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبردنی کەنیسە و قوتابخانەی ئاسووری و چەند برادەرێکی تر، لە ناو باغەکانی دێی (قەرەهەنجیر) لە نێوان کەرکووک و سلێمانی - لە بەهاری ساڵی ١٩٥٤ گیراوە. ٢- وێنەی دووەم لەگەڵ ژمارەییێک برادەری تورکمانی گەڕەکی (تالم تەپە)ی نزیک حەمامی عەلی بەگی کۆن - لە سەیرانێک بۆ ناو دەشت و گیا و گوڵی لاچەپێک، لەسەر ڕێگای هەولێر - کەرکووک -.



وێنەی ژمارە "١"

لە ڕاستەوە: ١- خۆم. ٢- ڕەحمەتی حوسێن عەلی - برادەرێکی زۆر بەزەوق و جیرانی نزیکم بوو، خۆشترین کاتم لەگەڵیا ڕابواردووە هەر لە ساڵی ١٩٥٠ کە ناسیم تا کۆچی دوایی کرد، هەر لە پەنجاکان...

٣- وەستا فەوزی بەرگدروو. پیاوێکی خۆش مەشرەب و خاوەن زەوق - خۆی لە بەغدا دەژیا و دوکانی (خیاطە)ی گەورەی هەبوو، لەسەر شەقامی ڕەشید لە ژێر شوقەکانی نزیک (سید سلطان علی)، و مەحەلێکیشی لە کەرکووک هەبوو - کە ئەو دوو کەسەی تر



وێنەی ژمارە "٢"



کە لە وێنەکەدان خەلفە و شاگردینە و دوکانەکەی کەرکووکیان بەڕێوە دەبرد. وێنەکەش لە بەهاری ساڵی ١٩٥٣ گیراوە.

لە قوتابخانەکەمان، ژمارەیەکی باش شانۆگەریمان پێشکەش جەماوەری کەرکووک کرد. هەندێ لەو (کۆمیدیا)یانەی لەسەر شانۆی ئەو قوتابخانەیە پێشکەشمان کردن لە ماوەی ساڵانی پەنجاکان، ئەوانەی خوارەوەم لە بیرە، جگە لەوانەی باسم کردن، لەوەوپێش:



لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئاسووری کەرکووک هاوینی ١٩٥٣ وێنەم لە کاتی سەرخۆشیمدا مۆنۆلۆجێک بەسەر مەیخانەکەدا دەڵێم لە کۆمیدیای "گازینۆی پشیلەی ڕەش"دا.

١- (گازینۆی پشیلەی ڕەش): لە نووسینی خۆم. هەروەها خۆم ڕۆڵی سەرەکیم وەرگرتبوو کە بەناوی (سوقریطوس) بوو - باسی مەشرووب خواردنەوە و سەرخۆشی و ئەنجامی ئەم جۆرە خووڕەوشتە ناسازە. شایانی وتنە، کە لە هەریەک لەو کۆمیدییانە، ماوەیەکم بۆ گۆرانییێکی لەسەر شکلی (مۆنۆلۆج)م بۆ خۆم دەخستە ناو چیرۆکەکە و لەگەڵ حیوار و سیناریۆکە دەگونجا و بەعودەوە دەمگوت!

٢- (تارمایی «وە یاخود ڕووحی» دایک) لە نووسین و دەرهێنانی، نووسەری شاعیری ئاشووری ئەوسا، کاک (یوئەو توما) - ئێستا (ساڵی ٢٠٠٢) وا لە ئوسترالیایە. ڕۆڵی سەرەکی ئەم شانۆگەرییە (کۆمەڵایەتی و کۆمیدیایی) من وەرمگرتبوو - دیسان ناوەڕۆکی چیرۆکەکە لە دەوری (عادەتی خراپی مەشروب خواردنەوە)دا بوو و نیشانی ئەدا چۆن ئەم خووە نائاساییە دەبێتە هۆی تێکدانی ماڵ و خراپ بوونی وەزعی خێزان. ئەم تەمسیلە زۆر ناوبانگی سەند و حەوت شەو لە حەوشی قوتابخانەی ئاسووری پێشکەش کرا و هەموو شەو جەماوەرێکی زۆر دەهاتنە بینینی - لەم شانۆگەرییەشدا ژمارەییێکی زۆر لە هونەرمەندی گەنج، نێر و مێ و منداڵ، لەگەڵما بوون و بەشداریان کردبوو. ئەم شانۆگەرییە لە (٥ پێنج) پەردە - فصل -دا پێکهاتبوو. وەک لە وێنەی (دعایە)کەی لێرەدا نیشانم

داوە، کە کاتی خۆی بڵاوکرایەوە، ژمارەیێک کادری هونەری (فنی)ش دەستێکی باڵایان هەبوو لە سەرکەوتنی شانۆگەرییەکە - وەک نووسراوە لێرەدا:

١- بەڕێوەبەری شانۆ - سیرۆن مایکل

پێشتر باسی ئەم هونەرمەندەم کردووە کە تەمەنێکی درێژی لە پێشخستنی شانۆی (ئاسووری) تەرخان کردووە و بەسەر بردووە وەک ئەکتەرێکی لێهاتووی بەهرەداری کۆمیدیا -

٢- ماکیاج و جلوبەرگ - شاول حزیران.

٣- ملقن: ئیشا عەسکەر.

٤- بەڕێوەبەری مۆسیقا - عبدالاحد لازار.

ئەمە وێنەی ناو و ئەکتەرەکان و وێنەیان و کارەکانی دیکەی شانۆ و لە دوایشیدا، کورتەیەک لە چیرۆکی شانۆگەرییەکە دەکات کە بەناوی "ڕۆحی دایک"



(١)





(٢)



(٣)



(٤)

## چاوپێکەوتنم لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو (ڕۆحی الخماش)

لە سەفەرێکمدا بۆ بەغدا، چوومە شوقەکەی وەستا فەوزی بەرگدروو، لە شوێنەکەی خۆی کە لەسەر شەقامی (ڕەشید) بوو بەلای ڕاستی ئەگەر لە (باب الشرقی) بەرەو (حافظ القاضی) بچیت. لەسەر دوکانەکانیش، شوقەکەی وەستا فەوزی بوو – وتی هەڵسە بچینە لای (ڕۆحی الخماش)، لە تەنیشتمانە و (تعارف)ی لەگەڵ بکە – من روحی الخماشم زۆر خۆش دەویست وەک هونەرمەندێکی مۆسیقازان و گۆرانیبێژ. هەمیشە گوێم دەدایە ئاهەنگەکانی لە ڕادیۆی بەغدا. جا زۆرم پێ خۆش بوو بیبینم... کە وەستا فەوزی وای گوت، زۆر کەیف خۆش بووم و هەڵساین چووین، هەر بەناو کۆریدۆرێکدا، دەرگایەک کرابۆوە وەستا وتی: فەرموو برۆ ژوورەوە... ئەمە شوقەی مامۆستا (ڕۆحی)یە – ئەویش بەدواما، چووینە ژوورەوە... بەڵام ڕۆحی لە ژوورەکە نەبوو – وەستا فەوزی دووجار، بەدەنگێکی بەرز بانگی کرد: – استاذ روحی! استاذ روحی! مامۆستا دیار بوو لە سەربان بوو سەیری سەر شەقامی ڕەشیدی دەکرد، وەڵامی دایەوە وتی: «–نعم. نعم – جیت، اسطا فوزی» – دەنگی ناسییەوە – ئینجا هاتە خوارەوە و وەستا فەوزی منی پێشکەش مامۆستا کرد و وتی: هذا استاذ(فلان) وهو من الفنانین ویعزف عود، ارید تتعارف ویا...

منیش زوو دەستم درێژ کرد و تۆقەمان کرد و پێم وت: «انا من المعجبین بک، استاذ روحی واسمع اخبارک واغانیک... الله یطول عمرک».



روحی الخماش

ئینجا باسی عوودمان کرد و کاک (وەستا فەوزی) هەر گوێی لێمان بوو، چ قسەی نەدەکرد. ئینجا مامۆستا عوودەکەی هێنا دەرەوە و دایە دەستم و وتی هەندێکمان بۆ لێدە بزانم چۆنی.

منیش وتم بەڕاستی من حەزم دەکرد پێت بڵێم ئەگەر بتوانی و ئەزیەت نەبێ هەندێکم گوێ بدەیتێ لە عوود ژەنینم تا بزانم ڕای جەنابت چی دەبێ، بەڵام شەرمم لێت دەکرد. ئیتر ئەو پێکەنی و من دەستم کرد بەعوود ژەنین، بەڵام هەموو هۆشی خۆم لە لای پەنجە و دەست و ژەنینەکەم بوو تاکو جوانترین (ژەنین) بێ و ڕەخنەم لێ نەگرێ. لە بیرمە هەندێ (تقاسیم)م لێدا لە مەقامی (ڕاست) کە زۆر باشم دەزانی.



کە لێ بوومەوە و سەیری دەموچاوی مامۆستام کرد، پێدەکەنی و دەستی بۆ درێژ کردم. من وام زانی عوودەکەی دەوێت و عوودەکەم بۆی درێژ کرد، بەڵام ئەو دەستی ڕاستی گرتم و تۆقەی لەگەڵما کرد و وتی ئافەرین... زۆر باشە و (العزف نظیف – ماکو نشاز) و زۆر تەشجیعی کردم. وەستا فەوزی زۆر کەیفی هات و ئەویش هەندێکی مەدح کردم و وتی: من کە دەچمە کەرکووک هەر هەوەسم بەگۆرانی و عوودەکەی دێت و پێکەوە سەیران دەکەین. منیش دەعوەتی مامۆستام کرد ڕووم کردە کاک فەوزی و وتم: وەستا، جارێک مامۆستا ڕۆحی بێنە کەرکووک لەگەڵ خۆت با هەندێ سەیرانمان لەگەڵدا بکات. مامۆستا ڕازی بوو وتی کەوا زۆر حەز دەکات بێتە لامان. ئینجا عوودەکەی وەرگرت و پێنج دەقیقەیەکی لەگەڵ عوودەکەی، چەند ئاوازێکی زۆر خۆشی بۆ لێداین و وتم بەڕاستی مامۆستا، ئیبداع ئەکەیت لە عوودا. وتی: برام ئەمە ٢٠ بیست ساڵ دەبێ من خەریکی مۆسیقا و گۆرانیم. تۆش، پاش ٢٠ بیست ساڵ لە منیش چاکتر دەبیت، ئینشاڵڵا! کە بەهار داهات، لە ڕۆژێکی نیسانی ساڵی ١٩٥١ بوو ئیدارەی قوتابخانە بڕیارمان دا سەیرانێک ڕێکخەین بۆ لای (پردێ = ئاڵتون کۆپری) و مامۆستاکان و قوتابییەکان بەشداری بکەن. ئەوە بوو ئارەزووەکەی خۆمان بەقوتابیان ڕاگەیاند ئەوانیش لە ئێمە زیاتر حەزیان لەو جۆرە چالاکییە دەکرد.



وێنەیەکی سەیرانەکەی قوتابخانەی ئاسووری بۆ ئاڵتون کۆپری. لەلای ڕاست: مامۆستا مەدحەت وەستاوە و منیش لە خوارتر، لە دواوەی، بە سیدارەوە، شمشماڵ دەژەنم لەگەڵ هەندێ قوتابی – بەهاری ساڵی ١٩٥٠ وێنەکە گیراوە

لە ڕۆژی کە بڕیار بوو سەیرانەکە بکەین، ڕۆژ خۆش بوو... چەند پاسێکی ئەهلی، ئەوانی تەختەدار بەکرێمان گرتن و هاتنە بەردەرگای قوتابخانەکە و ئیتر قوتابیان بەخۆ و بەخواردنیان سواربوون و بەڕێ کەوتین تا ئەو شوێنەی کە مەبەستمان بوو، لە نزیک ڕۆخی (زێی خواروو – الزاب الاسفل) لە ناو مێرگ و گوڵزارێک لە نێوان دۆڵێکی درێژ کە لە مابەینی دوو گردۆڵکە بوو... چادرمان هەڵخست و قوتابییەکان هەر گرووپێک، چەند برادەر و خزمی یەکتر لە لایەک ئاگریان کردەوە و چایان لێنا و یاری تۆپانێیان دەکرد. ئێمەی

مامۆستاکانیش یەک یەک، دوو دوو، لە ناویان دەسووڕاینەوە و لێمان دەپرسین ئەگەر هیچ پێویستییەکیان پێ دەوێ... یاخود یارمەتییەک... کیژەکان زیاتر خەریکی ئاگر کردنەوە و چێشت گەرم کردن و تکە و گۆشت برژاندن بوون.

لێرە و لەوێش، ئێمەیان دەعوەت دەکرد بۆ چای خواردن یا شیشێک گۆشتی برژا... تاد. دوای نیوەڕۆ، هەور پەیدابوون و گرمە گرم دەستی پێ کرد و ئینجا گەواڵەیەک هات بەڕەشەبا و بارانێکی زۆرەوە - هەموو چووینە ژێر ڕەشماڵێک ئەو ڕۆژە درەنگ گەییشتینەوە کەرکووک، بۆیە لە بەردەم قوتابخانەکەمان، دەیان لە باوک و برا و دایکی قوتابیان وەستا بوون، چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد و نیگەرانی خۆیان دەردەبڕی. ئێمەش هۆیەکەمان بۆ ڕوونکردنەوە... بەڕاستی زەمانێک و ژیانێکی خۆش و پڕ لە متمانی و ئاشتی و شادی و خۆشی بوو.

بۆ هاوینی ئەو ساڵە، دوای تەواوبوونی ساڵی خوێندنی ١٩٥٠ - ١٩٥١، بڕیارم دا وەزیفەیەک لە I. P. C بدۆزمەوە. بەمامۆستا بریمۆن و هونەرمەند سیرۆن و چەند کەسانێکی دیکەم گوت کە یارمەتیم بدەن و ئەگەر بیستیان شوێنی بەتاڵ - شاغر - هەبێ و کارمەندێکیان پێویست بێ، ئەوا من حەز دەکەم لە کۆمپانیای نەوت کار بکەم. ئەوە بوو کتێبێکی فێربوونی حیسابی (شلن)ی ئینگلیزیم کڕی. ئەم کتێبە زۆر گرنگ بوو. ئەو کەسەی ئارەزووی هەبووایە لەو کۆمپانییانە دابمەزرابایە، ئەبووایە حیسابی پارە (عُملة)ی بەریتانیای زۆر چاک بزانیبا - واتا پاوەن و تەقسیماتی پاوەن بۆ عوملەی هەرە بچووک، کە پێیان دەگوت (فارذینگ). ماوەی مانگێک زیاتر، لە ماڵ بووم و کەم دەردەچووم، هەر خەریکی مەشقکردن بووم لەسەر مەسائیلی حیساباتی ناو کتێبەکە تاکو وەک ئاو خواردن هەموو جۆرە مەسەلەیەکم زانی چۆن ئەنجامی (نتیجەی) زۆر باش و ڕاست دەربێنم.

ڕۆژێکیان، پێیان گوتم کە لە بەشی کۆگاکان (STORES DEPT.) وەزیفەیەک هەیە و یەکێکیان پێویستە بەمەرجێک حیسابی عوملەی (پاوەن) و بەشەکانی باش بزانێ - هەر خێرا، ڕۆژی پاشتر چوومە دائیرەی (توظیف) کە لە هەرێمی (بابا - یاخود ستاپلاین) بوو، داوام پێشکەش کرد - سەرۆکی شوعبە (زاتیەی - توظیف) کابرایەکی ڕوو خۆش بوو، مەسیحی خەڵکی قەڵات بوو کە بە(قەلعە گاور) مەشهوور بوون، عەریزەکەی لێ وەرگرتم و گوتی فلان ڕۆژ، سەعات ئەوەندەی بەیانی، بڕۆ بۆ دائیرە (STORES DEPT.) لەوێ تاقی دەکرێنەوە، چەند کەسێکی دیکەشت لەگەڵە!



ڕۆژی مەوعیدەکە چووم، بینیم، جگە لە من ١١ یانزە کەسی تر بۆ هەمان وەزیفە هاتبوون. بەکورتی، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە، تەنها وەڵامەکانی من هەموویان، لە سەدا سەد ڕاست بوون و کابرای ئینگلیزەکە، دەستی لە پشتم دا و ئافەرینی لێ کردم - دوای یەک دوو ڕۆژ و پاش تەواوکردنی موعامەلەکەم، لە بەشی کۆگاکانی کۆمپانیاSTORES) DEPT.) دەوامم کرد و زۆر کەیفخۆش بووم چونکە مەعاشێکی باش وەردەگرم، سێ ئەوەندەی لە مامۆستایەتی وەرمدەگرت. شایانی وتنە، (بنیامین)ی ئامۆزاشم هەر لەم شوێنە، لە (مخازن)، لەمێژ بوو، کاری دەکرد. بەڵام ئەو لە دەرەوە بوو، لە ساحەیەک کە کەلوپەلی پێویستی بۆ کارەکانی کۆمپانیای لێ بوو. من لە ژوورەوە، لە قاعەیەکی گەورە، کە نزیکی ٣٠ - ٣٥ کەس، هەریەک لەسەر مێزێکی تایبەت و کورسی تایبەت دانیشتبووین. سەرۆکی ئەم بەشە، کابرایێکی ئاسووری بوو ناوی (رابی شەمرۆ) بوو، بەتەمەن بوو. بەڵام ئینگلیزییەکی زۆر چاکی دەزانی و پسپۆر بوو لە کارەکەی و سەرپەرشتی هەموو بەشەکانی دەکرد و ئەو لێپرسراوی سەرەکی بوو لە نێوان ئینگلیزەکان کە لێرە بەرپرسی بوون و، ئێمەی موەزەفە عیراقییەکان. لەم قاعەیە: کورد هەبوو، ئاسووری و ئەرمەنی و عەرەب و تورکمان و کلدانی هەبوون. بەڵام هەموو، وەک برا لەگەڵ یەک پێوەندیمان توند بوو.

لێپرسراوی سەرەکی ئینگلیز بەنیسبەت ئەم دائیرەیە ناوی (مستر چووتەر) بوو. یەکێکی تر ناوی (مستر رولنستن) بوو... لەگەڵ دووانی تریش، ئەبووایە لە سەعات شەشی بەیانییەوە تا سەعات سێ، یا چواری ئێوارە وەک مەکینە کار بکەین. یەک سەعات، هەبوو بۆ ئیسراحەت و نانی بەیانی خواردن - ئیشەکەم خۆش بوو، مەعاشم نزیکی ٤٠ چل دینارێک بوو، پارەکە زۆر بوو. حاڵەتی خێزانیمان کەمێک گەشایەوە و باشتر بوو. هەموو بەیانییان دایکم دەچووە بازاڕی قۆریە و یەک عەلاگەی ئەوسا کە لە پەلکی دارخورما دروست دەکران وەک (حەسیر) دەچنران، پڕی دەکرد لە گۆشت و سەوزە و شتی پێویست. خواردنمان چاکتر بوو. هەموو ڕۆژ، نیوەڕۆ برنج و مەرەگەی پڕ لە گۆشتمانی بۆ لێدەناین! لەو کۆمپانیایە، ئەوانەی لە ناوچەکانی دەرەوەی شار کاریان دەکرد، کە زۆربەی هەرە زۆری کرێکار و موەزەف و حەرەس و پۆلیس و لە هەموو شاری (کەرکووک)ەوە بوون، ئەبووایە، سەعات ٥,٣٠ پێنج و نیوی بەیانی لە (محطە)ی شەمەندەفەر، لە نزیک گردەکەی (ئالم تەپە) یاخود باڵەخانەی (Training Centre) ئامادە بن تاکو بەقیتاری I. P. C بیانباتە ستاپلاین... لەوێوە ئیتر هەریەک بەخۆ و



وێنەی "رابی شەمرو"ی بەڕێوەبەری "شعبە"... یان بەشی "نووسین" و "زاتیە" کۆگاکانی کۆمپانیای نەوت "I.P.C" لە کەرکووک، لەگەڵ چەند کارمەندێکی ئەو دائیرەیە، واتا "STORES DEPT". لە چەپەوە: ١- مام دەرمان - مامی من، بەردەست (فەڕاش) بوو. ٢- ...؟. ٣- یووئەو بێجان - لەسەر مەکینەی چاپ - کات بوو. ٤- رابی "مامۆستا" شەمرو: لێپرسراو "یان بەڕێوەبەری" دائیرەکە بوو. ئەم وێنەیەش لە ساڵی ١٩٥٧ لەبەردەم دەرگایەکی دائیرەکە گیراوە.

بە(سەفەرتاسە)کەیەوە، بەپێیان دەچووە شوێنی کارەکەی - جا ئەوانی ماڵیان دوور بوو، لە قەڵات بوو، ئەبووایە پایسکلیان هەبێ و بەپایسکلەکەیان بگەنە ئێزگەکەی شەمەندەفەرەکە - لەوێ شوێنێکی تایبەت ئامادە کرابوو بۆ ئەو پایسکلانە، دەبووایە لەوێ بەجێی بێڵن و سواری شەمەندەفەر بن تا بیانباتە شوێنی کارەکەیان کە ماڵیشیان نزیک بووایە، وەک من، ئەوا هەر بەپێیان پیاسەم دەکرد و زوو خۆم دەگەیاندە (محطە)کە و سواری شەمەندەفەر دەبووم.

ئینجا ئێوارەش کە (شووتی) لێ ئەدا و دەوام تەواو دەبوو، دیسان هەزارەها کرێکار و موەزەف ڕوویان لە (محطە)ی (بابا) لە ستاپلاین دەکرد و شوێنێکیان بۆ خۆیان دەگرت تا کەس نەدەما، ئینجا قیتارەکە فیکەکەی خۆی لێ ئەدا و، بەرەو کەرکووک دەگەڕاینەوە.

بەڵام هەڵسانەکەی بەیانییان زۆر ناخۆش بوو بۆ من. دەبووایە پێش پێنج لە خەو هەڵسم و جلم لەبەرکەم و غاردەم، بەپێیان، تا بگەمە قیتارەکە - ئەگینا ئەو ڕۆژە بە(غائب) دادەنرام. غائیبی بێ هۆ و بێ سەبەبیش، بەتایبەتی لەبەر تەمبەڵی، لە لای لێپرسراوە ئینگلیزەکان ڕقیان لێی دەبۆوە - چەندەها کرێکار دەرکراون لەسەر ئەم جۆرە دواکەوتن و تەمبەڵییە و تەئخیر بوون.





شەمەندەفەرەکەی I.P.C کە کرێکار و کارمەندەکانی کۆمپانیای لەکەرکووکەوە دەبردە شوێنی کارەکانیان، بەیانییان و، ئێواران دەیگەڕاندنەوە



لور دکاش لە گەنجێتی



بەشارە واکیم

ڕۆژانی هەینی و (عطلە) یا دەچوومە سینەما، ئەوساکە زۆرم حەز لە فلیمەکانی عەرەبی دەکرد و بەتایبەتی ئەو فلیمانەی گۆرانی و سەمای (شرقی)یان تێدا بووایە، وەک فلیمەکانی: فرید الاطرش و صباح و محمد عبدالوهاب و محمد فوزی و بشارە واکیمی (کۆمیدی) و ئیسماعیل یاسین و سامیە جەمال و تحیە کاریوکا و لیلی مراد و شادیە و عەزیز محمود و انور وجدی و أم کلثوم و یوسف وەهبی و شکوکو و (لور دکاش) کە گۆرانییەکی زۆر بەناوبانگی هەبوو، زۆر لێ دەدرا لە ئێزگەکانی عەرەبی و لەندەن، ناوی گۆرانییەکەی (أمنت باللە) بوو. گۆرانییەکانی (اسمهان)یش یەکجار خۆشم دەویستن هەروەها وەدیع صافی.

هەروەها لە گۆرانیبێژە عیراقییەکان هەوەسم دەهات بە: عەفیفە و رضا علی و گوبانچی و سەلیمە پاشا و زهور حسین و نەرجس شەوقی و نەهاوەند و حضیری و ڕۆحی الخماش و، یوسف عومەر و ناظم الغزالی و لەمیعە تۆفیق و محەمەد کەریم و مائیدە نەزهەت و وەحیدە خەلیل و ئەحلام وەهبی.

لە هاوڕێکانی تر ئەوسا لە کەرکووک کە لە سەیران و ڕابواردنەکانمان ئامادە دەبووین و، کەیفیان بەمن دەهات:

١- فازل مەجید - باسم کرد پێشتر.

٢- مامۆستا زوهدی - ژمێریار (محاسب)ی بنکەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەوت (مدیریة شرطة النفط) بوو. ئەم برادەرە زەوقانی بوو. کاتێ خۆی لە تیپی تەمسیل لەگەڵ (حقی الشبلی)دا بووە و زۆر شوێن و شار گەڕاون و تەمسیلیان تێیدا کردووە، وەک هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و بەغدا.

٣- مفەوەزی پۆلیس (حوسێن شێروانی) لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکووک بوو، بەواسطەی کاک فازڵ مەجید بووینە برادەر. ئیتر زۆربەی دانیشتن و سەیرانان، ئەگەر خەفەر یا (واجب)ی نەبووایە، لەگەڵمانا بەشداری دەکرد و قسەی زۆر زۆر خۆش بوون.

٤- دیسان لە کەرکووک، لە ساڵی **١٩٥٢** لەگەڵ ئەفسەری عەسکەری (رئیس) وەحید حوسێن بامەڕنی یەکترمان ناسی بەهۆی برادەرێکی خۆم ناوی (سەید کەمال) بوو.

سەید کەمال لەگەڵ کاک وەحیدیش ناسیاوییان هەبوو. کاک وەحید و براکەی کاک فەخری بامەڕنی و خوشکەکەی و خێزانی، ماڵێکی زۆر بەزەوق بوون و حەزیان لە ڕابواردنی شایی و هەڵپەڕکێ و گۆرانی کوردی بوو. کاک وەحید هەر بیبیستبا دەنگ خۆشێک هەیە لە فلان شوێن، تەعقیبی دەکرد و دەبووە برادەری و دەعوەتی دەکردە ماڵیان و گوێی لە گۆرانییەکانی دەبوو. بەخۆشی دەنگی زۆر خۆش بوو. سەید کەمال باسی منی بۆ ماڵی وەحید کردبوو - ئەویش پێی گوتبوو ڕۆژێک بیهێنە ماڵمان. سەید بەمنی گوت - ڕۆژێک پێکەوە چووین - لەوێ، لە ماڵی خۆیان، تەرتیباتی خواردنەوە و مەززە ئامادە کرا. ئینجا عوودێکیشیان هەبوو. هێنایان بۆم - ژێیەکانیم کۆک (نصب) کرد و دەستم کرد بەعوود لێدان و گۆرانی وتن. ئیتر هەر مەپرسە چەند خۆشمان ڕابوارد. کە هەڵسام بڕۆم، وتیان دەبێ زوو زوو بێیت. بەڵام ئەوان زووتر هاتنە ماڵمان - ئیتر لەگەڵ دایکم و باوکم و براکانم دانیشتین و بووە ئاهەنگێکی یەکترناسین - تا ئەمڕۆکەش (ساڵی ٢٠٠٢) هەر برادەرین...

کاک وەحید بووە (رئیس اول و مقدم و عقید) هەر لە کەرکووک بوو. زۆر جار کە دەعوەت دەکرامە ئاهەنگێک، دەچووم کاک وەحید و خوشکی (سەبریە خان)م دەعوەت





وێنەی کاک حوسێن شێروانی لە حەفتاکاندا بووە بەڕێوەبەری پۆلیسی "مدیر الشرطە"ی هەولێر ئەم وێنەیە لە چۆمان گیراوە کاتی لەگەڵ وەفدی حکوومەتی عێراق بۆ موفاوەزات هاتنە کوردستان

دەکردن و دەمبردنە ئاهەنگەکە و من لەوێ عوودم لێ ئەدا و گۆرانی هەڵپەڕکێی کوردی و لاوک و بەستەم دەگوت، خەڵکەکە هەڵدەپەڕین... بەڵام کاک فەخری برای، چونکە نابینایە و هەردوو چاوی لە منالییەوە نەخۆشی (خرووکە) لێی داون و کۆری کردبوو... لەبەر ئەوە نەدەچووە دەرەوە - هەوەسیشی بەعوود دەهات تەنانەت لێی داوا کردم فێرە عوودی بکەم. منیش زۆر جار کە دەچوومە ماڵیان، لەگەڵیا خەریک دەبووم و ئەساسیاتی عوودەکەم فێر دەکرد.

لە پاشان کاک وەحید گواسترایەوە بۆ بەغدا و لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی **١٩٥٨** کرایە بەڕێوەبەری ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا - فورسەتیش بوو، جاروبار گۆرانی بۆ براکەی فەخری لە ئێزگە تۆمار دەکرد. ئەوە بوو (فەخری بامەڕنی)ش بوو بەگۆرانیبێژی ئێزگە، ئەگەرچی دەنگی خۆش نییە... بەڵام ئەدای باشە و نشاز ناکا و ئاوازی تورکی و فۆلکلۆر زیاتر لە گۆرانییەکانیدا بەکار دەهێنێ. جا پێش ڕۆیشتنیان بۆ بەغدا، کاک وەحید وێنەیەکی خۆی و هەموو ئەندامانی خێزانەکەی پێشکەشی کردم. جا کە چوومە بەغدا بۆ خوێندن، زۆر جار، شەوانی هەینی دەچوومە ماڵیان، وەک برا و خوشکی ماڵی خۆم بوو. بەشەو دەمانکردە ئاهەنگ و گۆرانی. کاک وەحیدیش دەنگی زۆر خۆش بوو و لاوکی خۆشی دەگوت.



وێنەی برادەری زۆر خۆشەویستم کاک
وەحید حوسێن بامەڕنی کە لە کەرکووک،
لە ١٩٩٠/٥/١٥ پێشکەشی کردم، ئەم
ڕستەی لە دواوەی وێنەکە نووسیوە:
"اهدی تصویرنا للاخ العزیز اندریوس
للذکری ارجوا "دەبوایە بنووسرێ: ارجو"
قبولها.
١٩٥٠/٥/١٥
ئیمزا
وحید حسین

لە ڕاستەوە:

١- کاک فەخری بامەڕنی (چاویلکەی ڕەشی لە چاوە).

٢- سەبریە خانی خوشکیان.

٣- خێزانی بەڕێز کاک وەحید (دایکی زیرەک).

٤- کاک وەحید.

٥- زیرەکی کوڕی کاک وەحید - کوڕی گەورەیەتی. ئەویش لە پاشان بووە ئەفسەر.

٦- ڕێبەر کوڕی ناوەندییەتی.

٧- گوهدار (گوێدار) کوڕی بچووکی.

لە بەغداش، تاکو پێش ڕاپەڕین، کە دەچوومە بەغدا، شەوێک دەبووایە هەر بچمە ماڵیان و ئینجا زۆر خۆشمان ڕادەبوارد و باسی ڕۆژانی کەرکووکمان دەکرد. ئەگەر بچووبامە بەغدا و نەچووبامە لایان و پێیان زانیبام، کاک وەحید گلەیی لێ دەکردم بەکاغەز (نامە) نووسین:

٥- هەروەها یەکێک لە برادەرە خۆشەویستەکانم کە ئەویش بەهۆی (فاضل)ەوە ناسیم، کاک (نەجیب)ی خاوەن کۆگای مەشرووب فرۆشتن بوو. دوکانەکەی یەکسەر بەرامبەری چایخانەی ئەحمەد ئاغا بوو، لەسەری بازاڕی قۆریە.

٦- شوکور حەلاق - ئەوەش گەنجێکی زۆر بەزەوق بوو - زوو زوو دەعوەتی دەکردمە



ماڵیان و لەگەڵ چەند برادەرێکی تر بەخواردن و خواردنەوە و گۆرانی و عوود شەومان بەسەر دەبرد. برایەکی هەبوو هێشتا قوتابی بوو - بەهۆی دانیشتنی لەگەڵمانا، هەوەسی چووە سەر عوود. کە پۆلی سێی تەواو کرد، چووە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و دوایی بوو بەعوودژەنێکی زۆر باش و کە تەلەفزیۆنی کەرکووک دامەزرا بوو بەئەندامی تیپی مۆسیقای تەلەفزیۆن - ناو...

٧- معاونی پۆلیس خەلیل ئیبراهیم - ئەمەیان لە بەغدا نیشتەجێ بوو. زوو زوو دەهاتە کەرکووک. جا تا ئیجازەی تەواو دەبوو هەر لەگەڵ گرووپی ئێمەی ڕادەبوارد و کاک فازڵ مەجیدی زۆر خۆش دەویست.

٨- ئەنوەر ئاوچی - باسم کردووە پێشتر و وێنەمان هەیە. لە بەغداش کە قوتابی بووم، دەمبینی.

٩- گۆرانیبێژی ئاسووری ڕەسەن (تۆماس یوومارەن) کە لە بیستەکانا قەوانی بەزمانی ئاسووری دەرهێناوە و گۆرانی بەتامی وەک: (هۆی وازۆ)ی گوتووە لەگەڵ لاوک. ئەم (تۆماس)ە لە زۆر شوێن دەعوەت دەکرا و پێکەوە دادەنیشتین و گۆرانیمان دەگوت - دوایی کاک وەحید، کە پێشتر لە کەرکووک ناسیبووی، ناردی بەشوێنی بۆ ئێزگە لە بەغدا و لاوکێک و بەستەیەکی بەکوردی بادینی بۆ تۆمار کردووە.



وێنەی هونەرمەند "رەزا عەلی" لە چەپەوە، بەجلی کوردی لەگەڵ دوو هونەرمەندی دیکە: ئەنوەر شێخانی و هاماز.



عەفیفە ئەسکندر



مامۆستا حەقی شبلی



گۆرانیبێژی عێراقی مائیدە نەزهەت



گۆرانبێژی میللی "ریفی" عێراقی
وەحیدە خەلیل



مەقامبێژی ئاسووری "تۆماس یوماران" لە پشتەوەیە و شەوکەت رەشید لە تەنیشتەوە تەپڵ "دومبلە" لێ دەدا لە ئاهەنگێک لە کەرکووک.





ئەم وێنەیە لە ئاهەنگێکی گشتی گیراوە لە ١٩٥٩/٥/٢١ لە قوتابخانەی ئاسووری کەرکووک
ئەو کەسانە دیارن:
لە ڕاستەوە: تەیمەی برام، یوحەننا و سیرۆن: ئەکتەر" لە دوای "بارِ"ەکە وەستاون، چوارەم کەس هونەرمەند و گۆرانیبێژی ناسراو "ئەلفرێد جۆرج"ە.

١٠- لە برادەرە کۆنەکانی قوتابخانە لە کۆیە، ئەندریا کوڕی مام فەتتووحی، لە قوتابخانەی سەرەتایی ماوەیەک پێکەوە بووین... بەڵام من کە چوومە (متوسطە)ی کۆیە، ئیتر (ئەندریا)م نەدیتەوە. مام فەتووحی، باوکی، دوکانی هەبوو لە بازاڕی خوارێ، شەکر و چا و سابوون...ی دەفرۆشت. نەنکی ئەندریا، (هەتەشۆنێ)ی ناو بوو، مامانی دەکرد. مامانی ئێمەش بوو. من و براکانم ئەو مامانی دایکم بوو، بەڵام خوشکەکانم، ماریە و وەردیە، (پلە وارێ)ی هەرمۆتەیی مامانیان بوو. چونکە نەنەی ئەندریا، پلکە شۆنێ، کۆچی دوایی کردبوو - ڕەحمەتی خوایان لێ بێ هەموویان.

ئەم برادەرەم، ئەندریا فەتتووحی، کە لە کەرکووک، لە شەریکە دامەزرام، ڕۆژێک لەناکاو هاتە ماڵمان... زۆرم پێ خۆش بوو ئەو برادەرە کۆنە ببینمەوە. هەروەها دایکم زۆری هەواڵی ماڵەوەیانی لێ پرسی و لە باوک و دایکی و براکانی... ئەندریا لەگەڵما زۆر دانیشت... وردە وردە لەگەڵما چووە ناو باسی (سیاسی)یەوە. باسی نەوتی عیراق و چۆن دەوڵەتە ئیستعمارییەکان عیراقیان داگیر کردووە، ئەگەرچی بەناو سەربەخۆیە؟ باسی ئینگلیزەکانی I. P. C کرد و چۆن کرێکارە عیراقییەکان وەک خزمەتچی خۆیان

موعامەلەیان دەکەن و ملیۆنەها پاون واریداتی نەوتمانە بەڵام سەیر دەکەی چۆن مەعاشێکی کەمتان دەدەنێ. ئینجا باسی گاورباغی و کارەساتی کوشتنی کرێکارەکان و برینداركردنی (بنیامین)ی ئامۆزام! وردە وردە هاتە سەر باسی حیزبی شیوعی عیراقی و چۆن هەوڵ ئەدا کە ئیستیعماری ئینگلیزی ڕسوا دەکات و بەپشتیوانی (ئیتیحادی سۆڤێتی) دەبێ ئیستیعمار بوخچەی هەڵبگرێ و بڕوا و، وارداتی نەوتمان بۆ وڵات و گەلی عیراق بەتەواوی بۆ بەرژەوەندی میللەت سەرف بکرێ و سوودی هەبێ.

لەم قسانەی و لە زیارەتەکانی دوای ئەو ڕۆژە، کە ناوە ناوە دەهاتە لام و بەشەو، بۆم دەرکەوت کاک ئەندریا (شیوعی)یە... و ڕەنگە مەرکەزێکی باشیشی هەبێ لە حیزبەکەیا.

پاش ئەوەی برادەرایەتییەکەمان پتەوتر بوو، ئەندریا ڕۆژێک هات و هەستم کرد ئاسایی نەبوو تۆزێ شڵەژا بوو. دانیشتین دیسان و، دوای هەندێ گفتوگۆی بێ مانا... دەستی برد بۆ ناو باخەڵی، لە ژێر کراسەکەیا و شتێکی دەرهێنا... زەرفێکی کاغەزی بۆر، دەستی بردە ناو زەرفەکە دەفتەرێکی دەرهێنا! من وامزانی دەفتەرە! کەچی دەرچوو مەلزەمەیەک بوو کە بەقەدەرایی دەفتەرێکی ٢٠ - ٣٠ وەرەقە دەبوو - کە لەسەر مێزەکەی دانا و بەرگەکەی، کە هەر ئەویش وەرەقەییێکی دەفتەرەکە (یاخود مەلزەمەکە بوو) وەک بەرگی پێشەوەی بوو، لەسەری بەقەلەمی ڕەشی ئەستوور وشەی (القاعدە)ی لە ناوەڕاستی بەشی سەرەوەی ئەو بەرگە نووسرا بوو... لەملا و لەولای ئەم وشەیە، نووسرا بوو (وطن حر، شعب سعید) - لە خوار ئەمانە، لە نێوان دوو خەت (هێڵی) ئاسۆیی بەپانایی وەرەقەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ و نزیک یەک بەشێوەی متوازی کێشرا بوون - لە نێوانیانا، لە لای ڕاست وشەی (العدد...) نووسرا بوو... ژمارەکەیم لە بیر نییە. لە لایەکەی تر - لای چەپ - مانگ و ساڵ نووسرا بوو...

ئینجا لە خوار ئەم دوو هێڵە، ناوەڕۆکی مەلزەمەکەی لێ نووسرا بوو. چەند عینوانێک بوون - لە بیرمە یەکەمیان لە بابەت نەوتی عیراق و ئیستیعمار بوو...

کاک ئەندریا وتی: ئەمە چاپەمەنی ڕۆژنامەی حیزبی شیوعی عیراقییە - لەبەر ئەوەی مەکینەی چاپی نییە، بەڕۆنیۆ دەنووسرا و، - بەڵام لەم ماوەیە دەست بەسەر ڕۆنیۆکە و ئەوانی لە شوێنەکەش بوون، گیران و بردیانن... ناچار دەبێ ئێستا بەدەست و بەقۆپیە - کۆپی - بنووسرێتەوە - من پێکەنیم و ئەمزانی ئەم شتە هەیە و ڕوودەدا هەمیشە لەوەتی لە ساڵانی دوای چلەکانا کە لە هەولێر بووم، چاوم بەم چاپەمەنییە بەدەست نووسراوە کەوتبوو. وتی: جا دەبێ تۆش یارمەتیمان بدەیت و بەقەدەر توانا چەند نوسخەیەکمان بۆ



بنووسیتەوە. پێکەنیم و وتم: ئاخر چۆن ئەزانی من جاسوس نیم و سبەینێ بەگرتنت نادەم، تۆ داوای ئەم (شتە!) پڕ مەترسییەم لێ دەکەیت. ئەویش بەزەردەخەنەیەکەوە وتی: تۆ لە لای حیزب ناسراوی... و - ڕابردووت - لەگەڵیا ڕوون و پاکە... ئەگەر هەر کەسی تر بووایا، لەوانە بوو متمانەم پێ نەکردایە و ئەم داوایەم لێی نەکردایە. تۆ شتێکی تری - ئەوە ناکەیت. وتم: کوڕە ئاخر تۆ سبەی گیرای و ئیعتیرافت لەسەر کردم، خۆ خۆم و ماڵەکەم کوێر دەبێتەوە و من یەک ڕۆژ لە حەپسخانە ناتوانم بمێنمەوە... نەوەڵڵا سەعاتێکیش ناتوانم! یەکسەر ڕۆحم دەردەچێ و دەمرم: من لەبەر خێزان و دایک و باوکم، ئەمە دوو ساڵە پێم نەکرا بچمە کولیە لە بەغدا، چونکە ماڵمان بێ کەسە. باوکم پیرە - براکانم هیچ نازانن... کار و پیشەیان نییە پێوەی بەڕێوە بچن! هاتم لە I. P. C دامەزرام. تۆ بەم داوایەت لەوانەیە هەم ئیشەکەم لە دەست بڕوا و فەسڵ بکرێم و هەم حەپس دەکرێم!

وتی: تۆ ترسنۆک نیت. ناوی خوا بێنە و چەند ڕۆژێکی تر دێمەوە نوسخەکان دەبەم و دابەشیان دەکەم... چونکە دەبێ ڕۆژنامەکە لە کاتی خۆی بگاتە دەست کەوادیر و خوێنەر و دۆستانی حیزب!

سەرت نایەشێنم! ماوەی ساڵێک، ئەندریا دەهات و ژمارەی دیکەی دەهێنا و من شەوان هەر کارم نووسینی ڕۆژنامەی (القاعدە)ی حیزبی شیوعی بوو - حەوت حەوت کاغەزی سپیم لەسەریەک دائەنا و لە ژێر هەر کاغەزەش کاربۆنێک و ئینجا هەر بەقەڵەمی (قۆپیە)ش دەبووایە زۆر دەستم قورس بووایە لەسەر کاغەزەکە بخزیبا تاکو ئاخیر وەرەقەش جوان دەرچووبایە و بخوێنرابایە. کاک ئەندریا، لە ساڵی **١٩٥٣** بەملاوە نەمبینییەوە و پاشان بیستم (خەلیەیەکی) حیزبی شیوعی لە کەرکووک دەستگیر کراون... زوو ئەندریام هاتە بیر!

لێشتان نەشارمەوە، تا ماوەی دوو سێ مانگ ترسی ئەوەم بوو ڕۆژێ یا شەوێ پۆلیس بەسەرم دابدەن و بەکەلەمچە بمبەنە پۆلیسخانە و تەحقیقم لەگەڵدا بکەن! چونکە بەخۆمم دەگوت: ئەگەر زۆر ئەزیەتی بدەن، بەخوا ناوم دەهێنێ!

هێشتان مامۆستا بووم لە قوتابخانەی ئەهلی ئاسووری لە کەرکووک، ماڵی مامم (دەرمەن: یاخود دەرمان) بڕیاریان دا کە کچی مام گەوریل (ناجیە یان ناجۆ) بخوازن بۆ (بنیامین)ی ئامۆزام...

پاییز بوو ساڵی ١٩٥٠ خەبەر نێردرایە (کۆیە) بەم هەواڵە... ئەوە بوو لە ڕۆژی بڕیار درا کە وەفدی خوازبێنی – منیشی لەگەڵدا بووم – بچین بۆ کۆیە، بۆ ماڵی گەوریل (یاخود گۆرییل) – ترومبیلێکی لاندرۆڤەر بە(خصوصی) گیرا بەکرێ و کەوتینە ڕێ:

ئەوانی کە ڕۆییشتین ئەوانە بووین، جگە لە خۆم:

١– بنیامین (زاوا).

٢– ئەپرم کوڕی مام ئەرموش.

٣– ڕۆزەی خێزانی ئەپرم.

٤– صەررەی خوشکی ئەپرم.

٥– جۆرج – گیورگیس (خزمان بوو).

٦– دایکی زاوا – مامۆژنم.

٧– (ئەننا)ی خوشکی زاوا... ئامۆزام.

لە ڕێگا تا کۆیە بەگۆرانی و شمشاڵ لێدان – من لێم ئەدا – و چەپڵە و هەلهەلە ڕامانبوارد – هێشتا عوودم نەدەزانی لێدەم. تەق تەق، بە(دوبە – وەک کەلەک بوو) بەخۆمان و جانتا و جلوبەرگ و سەیارەکە و هەندێ خەڵکی تر، هەموو پەڕینەوە ئەوبەری زێی تەق تەق ماڵی بووک، واتا ماڵی مام گۆریل، لە حەوشی ماڵی (مەلا سابیر)ی



لەسەر دووبەکەی تەق تەق – من پشتم لە کامیرایە و شەپقەم لەسەرە – مامۆژنم و ڕۆزەی خوشکی زاوا – پاییزی ١٩٥٠





لەسەر دوبەکەی تەق تەق – لە ڕاستەوە: سایەقی لاندکرۆڤەرەکە – زاوا "بنیامین". یوحەننا برای بووک، من بە شمشاڵەوە و جۆرج لە تەنیشتمان، ڕۆزە، سەررە.
١٩٥٠

بەقاڵ بوون، لە گۆڕەپانێکی گەڕەکی قەڵا گۆڕەپانی جاسم ئاغا، کە دوکانی ڕەحمەتی (عەیشێ قادریشی) لێ بوو، هەروەها سەردەمێکی زووتر دوکانێکی دیکەشی هەبوو خاوەنەکە ناوی (مام برایم) بوو – کوڕێکی هەبوو ناوی (زاهیر) بوو، فەڕاشی قشلە بوو.

گەیشتینە ماڵی گۆریل و هەلهەلە دەستی پێ کرد – ژوورە بچووکەکەیان پڕ بوو لە خزم و جیران – مەسەلەی خواستنی کچە تەواو بوو، بڕیارمان دا هەر ئەو ڕۆژە بووک ببەینە کەرکووک و یەکسەر مارە بکرێ و ئاهەنگەکە ساز بدرێ. نیوەڕۆمان خوارد و پیاسەیەکمان بۆ هەرمۆتە کرد و لە ماڵی (وارێ) و سەرو پێکێکی عارەقی قاچاغمان بۆ کرا... و من چاک گەرم بووبووم و بەدەم و بەشمشاڵ هەر لێم ئەدا و شایی و هەڵپەڕکێیەکی خۆشمان دابەست لە گۆڕەپانەکەی بەر ماڵی (وارێ). خەڵکی هەرمۆتەش بەشداری ڕۆژی خۆشی و ژن خواستنیان بۆ بنیامین، کرد.



لە ڕاستەوە: من، زاوا، بووک، سەررە، "خوشکی ئەپرم"، هەندێ هاووڵاتی هەرمۆتە.
١٩٥٠



له ڕاستەوە: من، ئیلیشوە "خێزانی مام وەردەی پۆلیس" هەندێ کیژ و ژنانی هەرمۆتە، دانیشتووەکان: ئەپرم و یوحەننا

دوای ئەوە دیسان بەهەمان شێوە گەڕاینەوە کەرکووک بەڵام ئەمجارە (بووک) و برا و خوشکیشمان لەگەڵ خۆمانا هێنان:

هاتینەوە هاتینەوە

بووکمان هێنا و هاتینەوە

ڕۆژی پاشتر، لە یانەی ئەهلی ئەرمەن، کە نزیکی گەڕەکەکەی پشت بازاڕی قۆریە بوو، ئا لەوێ ئاهەنگی (بنیامین و ناجیە)مان کرد.

بەم جۆرە بوون بەژن و مێرد و هاوسەری یەکتر.



وێنەی "بنیامین"ی ئامۆزام و ناجیە خان "یان ناجۆ"ی هاوسەری، لە سەربانی ماڵیا لەگەڕەکی "بەگلەر"، لە کەرکووک، لە دوای چەند ڕۆژێکی ئاهەنگەکەیان. ساڵی ١٩٥٠ وەرگیراوە.



(نائب ضابط) حەمە عەلی (محمد علی) و خێزانەکەی (صبریە خان) خێزانێکی بچووک - هەر ژن و مێردەکە بوون - حەمە عەلی مرۆڤێکی ڕێک و زۆر لاواز بوو، هەمیشە دەم بەزەردەخەنەوە بوو، ژنەکەشی، زۆر قەڵەو بوو، بەڵام هەردووک زۆر پێکەوە کامەران بوون و گونجاو بوون لەگەڵ ژیانێکی سادە...

ئەو خێزانە، حەمە عەلی و سەبریەی هاوسەری، برادەری زۆر خۆشەویستی ماڵی کاک وەحید بوون - هەمیشە دەهاتنە ماڵیان و تا درەنگ دەمانەوە. ئەوان ژوورێکیان بەکرێ گرتبوو... دوور لە ماڵی کاک وەحید -



وێنەی سەبریە خانی خێزانی حەمە عەلی لەسەر کورسی دانیشتووە. حەمە عەلی عوودەکەمی بەدەستەوەیە و من وا شتێک دەخۆم. لە دەعوەتێکی ماڵی کاک حەمە عەلی. کەرکووک ١٩٥٣/٦/٥

سەبریە خانی خوشکی کاک وەحید لاواز بوو، کەچی سەبریەی حەمە عەلی قەڵەو بوو. جا بانگمان دەکردن بە(سەبریە قەڵەو یان سەبریە لاواز؟) ئەوانە، ئەگەرچی، (مادّیاً)، دیار بوو، وەزعیان ئەوتۆ لەبار نەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەمەش زۆر قانیع بوون و باش گوزەرانیان دەکرد. تەنانەت هەندێ جاریش، ماڵی کاک وەحید و منیشیان دەعوەت دەکردینە ماڵی خۆیان و شەومان بەخۆشی و خواردن و گۆرانی ڕادەبوارد -

کاک وەحید و خێزانەکەی و کاک فەخری، بەڕاستی کوردپەرست بوون! کاک فەخری دەیەها شیعری جگەرخوێن و ئەحمەدی خانی لەبەر بوو. تەنانەت ڕۆژێ قەسیدەکەی بەناوی: (زولەیخا)ی هەموو بۆ گوتم. هەر لەبەر: چونکە خۆی نابینا بوو - هەردوو چاوی، بەنەخۆشی (خرووکە) تێکچوو بوون. منیش هەموو قەسیدەکەم نووسییەوە بەو ئومێدەی، ڕۆژێ، ئاوازێکی بۆ دابنێم، کە دەڵێ:

دوهی سپیدێ لە سەربانی من جانەک دیت شخەڤ رابو

م تەخمین کر: زولێخا بوو

زولێخا بوو سیفەت حوری وەکی رۆژی لمن رابووری

چوو سەر رەخێ ئاڤا ژووری چ حال بۆ من نەهێلا بوو...

........................

حەمە عەلی و ژنەکەشی زۆریان حەز لە گۆرانی کوردی سۆرانی و بەتایبەت (سلێمانی) دەکرد لەگەڵ گۆرانی و بەستە کۆنەکان.

کاک وەحیدیش دەنگی زۆر خۆش بوو. لاوکی (عەبدالی)ی دەگوت، ئەمما گوتن!... هەروەها لاوکی (مەترانۆ)شی زۆر ڕێکوپێک دەگوت و وەسفی حەکایەتەکەی جوان، دەکرد.



هەموویان حەزیان لە ئاهەنگەکانی (دانس پارتی) یانەی ئاسوورییەکان و ئەرمەنییەکانیان دەکرد، کە ژن و منداڵ و پیاو پێکەوە بەسەما و دانس و گۆرانی و هەڵپەڕکێی ئاسووری و کوردی و ئەرمەنی، شەوانی خۆشیان ڕادەبوارد. منیش کردبوومە عادەت، لە هەر یانەیەک لەوانە، دەعوەتم بۆ هاتبایە، ماڵی کاک وەحید، هەموویان، یا هەندێکیان هەر لەگەڵما دەهاتن و دەمبردن... بۆ ئاهەنگەکە - وەک ئەو وێنەی سەرەوە کە لە ئاهەنگێکی یانەی (ئەرمەنییەکان) لە کەرکووک لەگەڵ خێزانێکی ئەرمەنی دانیشتووین: من و سەبریە خان و ماری خوشکم، هەرسێکمان وا لە پێشەوە، لەسەر مێزەکە دانیشتووین.

کاک وەحید لەساڵی ١٩٥٣ گوازترایەوە وەزارەتی دیفاع، لە بەغدا و ماڵیشیان گوازتەوە ئەوێ. ئیتر هەر جارەی بچووبامە بەغدا، سەردانم دەکردن و لە لایان دەمامەوە. هەروەها، هەر چەند جارێکی کاک وەحیدیش، بە(مهمة رسمیة) بهاتبایە کەرکووک، دەهاتە لام، سەردانی دەکردین. هەندێ جار لە (نادی الضباط) دادەبەزی بۆ خەوتن، بەڵام بەڕۆژ، دوای تەواوکردنی کارەکانی خۆی کە پێی دەسپێردرا، دەهاتە لام و پێکەوە



ڕاماندەبوارد. هەندێ جاریش دەعوەتی دەکردم بۆ یانەی ئەفسەرانی کەرکووک، بەهاوینان، بەڕاستی باغ و باخچەی گەورەی پڕ دار و درەخت و گوڵی جوان و فریزی ڕێک و پاک، لەوێ تا درەنگی شەو دەماینەوە.

خێزانێکی دیکەی برادەرانی ماڵی کاک وەحید حوسێن، ماڵی محەمەد ئەفەندی بوو، (مأمور نفوس)ی شاری (طوزخورماتو) بوو. ناوی محەمەد دەروێش بوو، خوای لێ خۆش بێ. لە خانووێکی گەورە لە (طوز) دەژیا، خۆی و ژنەکەی و خوشکێکی ناوی (حیاة) بوو لەگەڵ برایەکی.

جا هەندێ جار، بەتایبەتی لە جەژنان، ڕێک دەکەوتن کەوا ماڵی کاک وەحید لە بەغداوە بچنە لایان، لە (طوز) ڕۆژانی جەژنەکە لەوێ ڕابوێرن - دۆستی زۆر خۆشەویستی یەکدی بوون. جا لەو حاڵەتانە، پێش جەژن، ئەگەر بڕیار درابایە، ئەوا بێ باکووری نەیاندەخوارد! کاک وەحید یان بەبروسکە، یا بەپارچە کاغەزێک بەدەست یەکێک، ناسراوێک، یانیش هەر بەپۆستە، بۆی دەناردم کە تیایدا دەیگوت: ئێمە یەکەم ڕۆژی جەژن دەچینە (طوزخورماتو) بۆ ماڵی محەمەد ئەفەندی - تۆش، بەشەمەندەفەر، وەرە، لە وێستگەکەی (طوز) - محطه طوز - چاوەڕێت دەکەین.

جا ئەوە دەکرا. ئێوارە لە کەرکووکەوە سواری قطارەکە دەبووم، بۆ نزیکی نیوەشەو دەگەیشتمە لایان، سەیرم دەکرد وا کاک محەمەد ئەفەندی و کاک وەحید لە چاوەڕوانم دان. ئیتر عوودەکەم بەدەستەوە، بەگەڵیان دەکەوتم، هەر بەپێیان، بەقسە و پێکەنین ڕێگاکەی نێوان (محطه)ی شەمەندەفەر و ماڵی کاک محەمەد ئەفەندیمان دەبڕی، کە زۆریش دوور بوو، ماوەیەک بەچۆڵاییدا دەڕۆییشتین تا دەگەیشتینە شار. ئەوسا حەماڵ و تاکسیش نەبوون...

دوو سێ ڕۆژی زۆر خۆشمان بەسەر دەبرد. بەڕۆژ هەندێ جار، دۆڵمە و تەرتیباتیان دەکرد، ئیتر بەماڵ و مناڵەوە دەچووینە ناو یەکێک لەو باخچە خۆشانەی (طوز) و لێی دادەنیشتین، تا درەنگی شەو دەگەڕاینەوە ماڵەوە. دوا ڕۆژی جەژن، ماڵی کاک وەحید بەرەو بەغدا و من بەرەو کەرکووک، (پایدۆس)مان لێی دەکرد.

هەروەها لە کەرکووک هاوڕێیاتیم لەگەڵ برادەرێکی زۆر چاک و دڵپاک و بەزەوق پەیدا کرد کە ناوی (فاضل مجید) بوو. کاک فازیل، کاتبی سەر مەکینەی چاپی دەست بوو (کاتب طابعە) لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی نەوت (مدیریة شرطة النفط)، کە دەکەوێتە

سەرەتای ڕێگای سەرەکی کە داخیل بەناوچەی کۆمپانیای نەوت I. P. C دەبیت، بەلای ڕاستەوە، بەرامبەر باڵەخانەی (مرکز التدریب Training centre) - ئەو کوڕە، تەمەنی ٣٠ ساڵێک دەبوو، بەڵام ژنی نەهێنا بوو. هەوەسی بەژیانی بەرەڵڵایی دەکرد و کەچی برای لە خۆی گەورەتری (نەجیب)ی ناو بوو، ژنی هەبوو ماڵێکی خنجیلانەی پێکهێنا بوو. فازیل تەنها دایکێک و خوشکێکی عازەبیشی لەگەڵدا دەژیان و ماڵیان لە (قەڵا) بوو، هەرکە سەردەکەوتین، دوای بڕینی پردە گێچەکە، کە هەر ئەو پردەش هەبوو لەسەر زێی (خاسە صو)، بەلای ڕاستەوە خانوویان ئی خۆیان بوو، نزیکی ماڵی هونەرمەندی تورکمانی، قۆریاتبێژ، مەمەد قەڵایی بوو.

لەگەڵ فازیل و ئیلهام مەردانی کەمانجەژەن و کاک زوهدی - بەڕێوەبەری حیساباتی پۆلیسی نەوت - هەروەها برادەرانی دیکە وەک ئەنوەر ئاوچی و نەجیبی عەرەق فرۆش و دایی قادری تەپڵ ژەن... دەیەها سەیران و سەفەرمان کرد لەو ماوەی دە ساڵەی لە کەرکووک بووم، هەروەها دەیەها ئاهەنگ لە ماڵی موتەسەریف (شامیل یەعقووبی) و دەوڵەمەندەکانی بنەماڵە (نەفتچییەکان) و برادەرە تکریتییەکان - کە هەندێکیان لێپرسراوی گەورە بوون لە I. P. C، بەشداریمان دەکرد و لەگەڵ گۆرانیبێژانی کەرکووک سادەترین و کامەرانترین ژیانی برایەتیمان ڕابواردووە...

برادەرێکی کاک فازیل مەجید و کاک زوهدی، معاونی پۆلیسی (شرطه الجوازات) بوو لە بەغدا، ناوی (معاون خەلیل ئیبراهیم) بوو. هەموو جارێک بهاتبایە کەرکووک، کاک فازیل میواندرییێکی پیاوانەی دەکرد و هەموو کاتەکانی دوای دەوام، لەگەڵ یەک بوون و، شەوەکەش منیان دەعوەت دەکرد بۆ ئەو جێگایەی لێی دادەنیشتن، چ لە ماڵی برادەرێک یا لە سەیرانێک، یا لە ئوتێلێک... خۆشترین سەفرەمان لەگەڵ کاک فازیل مەجید و هەندێ هاوڕێی تر، ئەو سەفرەیە بوو کە چووینە بەغدا، بۆ ئامادە بوون و دیتنی ئەو ئاهەنگ و مەراسیمانەی کە هەموو عیراق خۆی ئامادە کردبوو بۆ ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ گێڕان بەبۆنەی (تتویج)ی مەلیک فەیسەڵی دووەم، کوڕی مەلیک غازی، خوایان لێ خۆش بێ، کە لە ڕۆژی (٢ی مانگی مایسی) ساڵی ١٩٥٣ بڕیار بوو بەڕێوە بچێت. چونکە لەم ڕۆژەدا، مەلیک فەیسەڵ تەمەنی دەبووە (١٨ ساڵ)ی تەواو، چونکە تا ئەو ڕۆژە، لەجیاتی مەلیک، خاڵی - برای دایکی - حوکمی عیراقی دەکرد و ناوی (عەبدولئیلاه) بوو، پێیان دەگوت (سموّ الوصي الأمين، عبدالاله المعظم).



پێشتر کاک فازیل (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) هەموو شتێکی بۆ ڕێکخستبوو... منیشی ئاگادار کردبۆوە لەوەی کەوا دەبێ لە دائیرەکەم، لە I. P. C، مۆڵەتی ڕەسمی وەرگرم و جانتام ئامادەکەم، ڕۆژی (١ی مایس) دوای دەوامی من و ئەوان، بەسەییارەیەکی تایبەتی، بەڕێ دەکەوین بۆ بەغدا. ئەوە بوو، ڕۆژی ١ی مانگ، دوای دەوام، هاتنە دوام، لە ماڵەوە و منیشیان هەڵگرت و یەکسەر ڕێگای بەغدامان گرتە بەر. ئەو زەمانە، جادەی قیر نەبوو. تەنها تاکو گوندی (تازخورماتو) کە تەنها چارەکێک یا ٢٠ دەقیقە مەسافە بوو لە کەرکووکەوە... تاکو ئەوی یەک ساید، جادەیەکی تەسک قیرتاو بوو. لەوێوە ئیتر بەناو خۆڵ و دار و بەرد و سایق دەبووایە ڕێگا بۆ خۆی بدۆزێتەوە... خۆ لە دوای قەزای (طوزخورماتو)، کە دەشتی (ئینجانە)یان پێ دەگوت، زۆر جاران، شوفێرەکان ڕێگایان ون دەکرد، لەبەر نەبوونی ڕێ و شوێنێکی تایبەت... لە زستانانیش، قوڕ و چڵپاوی ئەم ناوە، جگە لە لۆری و پاسەکانی تەختە و پیکابی بەرز، ترومبێلە قەمەرە بچووکەکان زۆر جار لە نێو قوڕا دەچەقین و ناوچەکەش چۆلایی بوو یەک دانە خانووشت چاو پێ نەدەکەوت تاکو کەسێکی تیا بێ بەهاناتەوە بێ.

من و فیلیپی برام، لە سەفەرێکی تر، دواتر باسی دەکەم، شەوێک تا بەیانی، کە بەتاکسییەک لە بەغداوە دەچووین بۆ کەرکووک، لەم ڕێگایە ماینەوە و ترومبێلەکە لە قوڕدا چەقی و بۆمان دەرنەهات!

لەو سەفەرەی کە باسی سەرەکیمە لێرە کەوا لەگەڵ فازیل و هەڤاڵانی تر دەچووینە بەغدا، زۆر نەڕۆیشتین، گەیشتینە ڕووبارێک، کە هێشتا پردی لەسەر نەکرا بوو، هەر دەبووایە لە ئاوەکە بدەین. ئاویش زۆر بوو چونکە بەفر لە چیاکانی کوردستان توابۆوە و دەشتوایەوە و ئاوی زێ و ڕووبارەکان زیادیان کردبوو، کە ئەوەش یەکێکیان بوو!

نەفەرەکان هەموو دابەزین و بەپێیان لە ئاویان دا بەخۆ و بەقۆندرە و پانتۆڵەوە. بەمنیان وت تۆ بمێنەوە دامەبەزە. بەڵام کە ترومبێلەکە گەیشتە ناوەندی ڕووبار، ئاوەکە، لە هەموو لایەکەوە هاتە ناو سەیارەکە و کوژایەوە. ئینجا مەجبوور بووم، منیش دابەزیم و بەپێیان پەڕیمەوە! لەوبەر چەند شوان و گاوانێک پەیدا بوون، عەگالیان لە سەر بوو! داوای یارمەتیمان لێ کردن بۆ ڕاکێشان و پاڵدانی ترومبێلەکە! دیار بوو پارەیان دەویست! فازیل پێی وتن: قەیناکا بۆمان دەربێنن، هەقتان دەدەمێ! ئەوە بوو دوویان لە پشتەوە پاڵیان دا و دوو سێیەکیشیان لە پێشەوە ڕایانکێشا، تا - بە چ حاڵێک - دەریانهێنا.

لەوبەر ئینجا شوفێرەکە هەر خەریکی بوو... پلاک و پلاتین و دیلکۆ و نازانم چی بەپەڕۆیەک وشک دەکردنەوە... دوای ماوەیەکی زۆر، سەیارەکە کەوتەوە گەڕ و سوار بووین و بەرەو بەغدا ڕۆیشتین! دیسان لە دەشتی (ئینجانە) و لە دوای گردەکانی (حمرین)، لە چەند شوێنێک، لە قوڕ و لیچاو، دەچەقی و منداڵی دیکەی عەگال بەسەر، زوو ئامادە دەبوون و مەبلەغێک پارەیان داوا دەکرد و بۆیان دەردەهێناین...

لە دوای چەند سەعاتێک و ماندووبوونێکی جەستە و دەروونیمان، چووینە ناو بەغدا... شەویش داهاتبوو... بەدرێژایی ئەو شەقام و کۆڵانانەی لە ناویانەوە دەڕۆیشتین بەترومبێلەکەمانەوە: گەنج و مناڵ و ئافرەت، گۆرانییان دەگوت و چەپڵەیان لێ ئەدا و لە هەندێ گۆڕەپان شایی بەسترا بوو بەزوڕنا و بەدووزەلە و چەپڵە شاییان دەکرد. فولکە و مەیدانەکان بەوێنەی مەلیک و وەصی و بەگوڵ و کاغەزی دیکۆری ڕەنگاوڕەنگ ڕازاندرابوونەوە - لەسەر بینایە بەرزەکان و لەسەر حەوزی منارەکان گلۆپ و فانۆس و گلۆپی کارەبایی ڕەنگاوڕەنگ هەڵواسرا بوون و ئاسمانی شاریان ڕووناک کردبۆوە... بەڕاستی عیراقییەکان چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیان دەکرد... بەو شەوە هەموو ئوتێلەکان گەڕاین، ژوورمان بەدەست نەکەوت لێی دابەزین و بحەسێینەوە!

تەلەفۆنیان بۆ برادەرمان، معاون خەلیل کرد، کە ئەویش ئاگادار بوو کە ئێمە دێین و چاوەڕێمان بوو! پاش ماوەیەک هاتە ئەو جێیەی تەلەفۆنەکەمان بۆی کرد و وتی وەرن، شوێنێکی ستراتیژیم بۆتان ئامادە کردووە بەمیلۆن دینار بەدەست ناکەوێ! بەدوای سەییارەکەی ئەو، کە سەییارەی پۆلیس بوو، ڕۆیشتین تا گەیشتینە مەیدان و بەشەقامە پانەکەی کە بەرەو (فولکەی باب المعظم)ەوە دەڕوا، کەمێک ڕۆییشتین، ئینجا لە بەردەم وەزارەتی دیفاع، بامانداوە و بۆ لای ڕاست، لە تەنیشت قوتابخانەی المستنصرية - دڵنیاش نیم لە ناوەکەی، بەڵام ڕەنگە ئەوە بوو ناوی - ئێستا نەماوە... وەختێک بینایەیەکی گەورەی لێ دروست کرا بۆ دائیرەی (اسالة الماء) -. جا لە تەنیشت ئەم قوتابخانەیە، ئوتێلێکی دەرەجە (دە) و هەورازتر، ناوی (فندق الرشيد) بوو، دابەزین و چووینە ژوورەوە. خاوەنەکەی (معاون خليل)ی دەناسی. بەڵام ئەویش سوێندی خوارد کە هیچ ژووری نەماوە. دوا جار وتی: مەخزەنێکمان هەیە، بەڵام پیس و پۆخڵە و چارپایەشمان نییە... دەبێ لەسەر عەرد بنوون... وتمان باشە، ئێمە ڕازین! کابرا یەک دوو فەڕاشی نارد بەو شەوە، چاک پاکیان کردەوە و هەندێ بەتانییەیان ڕاخست و لێی دانیشتین، بێ بالیف. کاک خەلیل وتی ئێوە دانیشن. من نیو سەعاتێک دەچم و دێمەوە!



ئێمە ڕاکشاین، ماندوو بووین. من هەر خەوم لێ کەوت - کاتێک بەخەبەریان هێنام، کاک خەلیل هاتبۆوە و یەک دنیا خواردن و خواردنەوە و مەزەی هێنا بوو. ئەوە بوو لێی دانیشتین!

ئەو شەوە، تا بەیانی شەقامەکەی بەردەم ئوتێلە (بۆگەنە)کەمان، هەر هەرا و بەزم و تەپڵ لێدان و هاوار و گۆرانی وتن بوو... پۆل پۆل گەنج و پیر و ئافرەت، لەسەر شەقامەکە، بەرەو لای ڕاست، واتا بۆ لای سەرەوە کە دەڕۆییشتن بەرەو مەیدان و شەقامی ڕەشید، یاخود بەرەو لای چەپ، واتا لە لای شەقامی ڕەشیدەوە دەهاتن و بۆ لای (باب المعظم) دەچوون و بەچەپڵەڕێزان و وا تێبگەم نیوەیان مەست و سەرخۆش بوون... بەڵام، بەڕاستی، خەڵکی بەغدا، مەلیک فەیسەڵی دووەم، ئەو مەلیکە مناڵەیان زۆر خۆش دەویست و چاوەڕێ بوون (فەیسەڵی دووەم بکرێتە مەلیک).



بەیانی زوو ئێمەش هەڵساین و شتێکمان خوارد و هەر لە ئوتێلەکە، پالکۆنێکی هەبوو (واتا شرفە) دەیڕوانییە شەقام و مەیدان و هەموو لایەکمان زۆر بەچاکی دەدیت. معاون خەلیل وتی: بەقسەم دەکەن نەچنە دەرەوە. هەموو شتێک دێتە بەردەمتان و لێرەوە مەواکیبەکان تێدەپەڕن، بۆ بەرلەمان. خۆی ڕۆیشت ئێمەی بەجێهێشت چونکە لە (انذار) بوو. ئێمەش وامان کرد و هەر لە سەربانەوە و لە پالکۆنەکەوە سەیری عالەم و خەڵکمان دەکرد. کاتێکمان زانی چەپڵە و هوتافات بەرز بۆوە و (عەرەبانەی مەلیک)، کە چوار، یا پێنج ڕیزی چوار چوار ئەسپی هەموویان یەک ڕەنگ و یەک قەوارە و ڕەشیق و بەدەن جوانی سپی پاک، ئەو عەرەبانەیان ڕادەکێشا. مەلیک فەیسەڵی دووەم لەسەر پێیان، ڕاوەستا بوو، دار عەسای پاشایەتی بەدەستەوە بوو، بەدەستەکەی تریشی سڵاوی بۆ خەڵک دەکرد و دەم بەپێکەنین بەجلی (مارشالی - عەسکەری - خاکی) زۆر جوان و لێوەشاوە بوو - بەڵام کەمێک کورت بوو بەباڵا. کەچی (وەصی عەبدولئیلاه) لە تەنیشتی ڕەق وەستا بوو سەیری پێشەوەی دەکرد و لە دواوەی عەرەبانەکەش چوار پێنج ئەفسەری گەنجی قشتیلە

لەسەر دەعامیـەیەکی تایبـەتی عـەرەبانەکە وەسـتا بوون - لە پێش عـەرەبانەکـەش چەند ڕیزێکی (مـۆتـۆرسـایکل) چوار چوار، یەک لە دوای یەک، هەریەکـەش پۆلیـسێکی لە (فصیل)ی (حرس الملكي) سواری مۆتۆڕەکە بوون - ئەسپەکانیش هەریەکە، سەربازێکی حەرەسی مەلیکی - سواریان بووبوون! بەرەو پەرلەمان دەڕۆیشتن. بەرلەمانیش زۆر دوور نەبوو، ئەو شەقامەی لە بەردەم ئوتێلەکەمان کە بەرەو هەوراز - ڕۆژهەڵات - دەڕۆیی، دوای سەد مەترێک یا کەمێک زیاتر، بەلای ڕاستدا دەسووڕانەوە، بۆ شەقامی ڕەشید نەدەچوون! کە (عربة الملكية) ڕەت بوو، سەیارەیەکی درێژی (ڕۆلز ڕۆیس)ی ڕەشی تەنتە، بەڵام بێ چادر یاخود بێ بان (بێ سقف) - هات، سەفیری بەریتانیا، لە کوشنی پشتەوە دانیشتبوو،...

ئینجا دوای ئەو، ما باقی وەفدەکانی کە لە هەموو وڵاتانی دنیاوە هاتبوون، یەک لە دوای یەک، هەریەکە و پاشا، یا سەرۆک جمهوری، یا ئەمیر و سەرەک وەزیران، بەجلی تایبەتی وڵاتەکەیان، لە بەردەممان تێپەڕ دەبوون... بەڕاستی شوێنەکەمان، وەک لەو وێنەی پێشتر دیارن، هەموو شتێکمان زۆر چاک و بەڕوونی لێ دیار بوو. ڕەنگە ئەگەر لە خوارەوە و لەسەر شەقام یان ڕەسیفەکە وەستابایین، ئاوا وەفدەکانمان باش نەدەدیت!

کە وەفدەکان تەواو بوون، ئینجا هاتینە خوارەوە و وتمان با پیاسەیەک بەشەقامی ڕەشیددا بکەین و بزانین چی هەیە چی نییە؟ و هەندێ وێنەشمان گرت ئی (مەواکیبەکانی میللی) نەک هەر (ڕەشید)، هەموو کۆڵان و جادەی لابەلا و فولکەکان... لە هەموو لایەک خەڵک گیڤەیان دەهات: چەپڵە و هەڵپەڕکێ و گۆرانی و سەمای تاک تاک و گرووپ گرووپ، بارِ و مەیخانە و گازینۆ و باخچە گشتییەکان و سینەماکان... هەر بەنیادەم بوو و کەیف خۆش... سەرخۆش... مەی نۆش... هەلهەلەی ئافرەتە بەغدادییەکان دەچووە حەفت تەبەقەی ئاسمان... ئینجا بەشەو، لە شەقامی (ئەبونەواس) (یاری و تەقەمەنی ئاگرین (العاب نارية) دەستی پێ کرد، لەمبەر زێی دیجلە، بەسەر دیجلەدا، ئەستێرە ڕەنگاوڕەنگەکانی یارییە ئاگرینەکان، لە ئاسمان دەدرەوشانەوە، تا دەکوژانەوە و دەکەوتنە ناو ئاوی زێ. دەیەها وێنەی مەلیک فەیسەڵی دووەم، بەو ئەلعاب ناریە، لە ئاسمان دروست دەبوون بەتیشکی تەقەمەنییە ڕەنگاوڕەنگەکان، بەخۆ و بەسیدارە و ئەستێرە و نیشانەکانی سەر شان و سینگ و دەست و باسکی... زۆر جوان دەدرەوشایەوە و لە ئاسمانا، پێدەکەنی و سەیری دانیشتوانی بەغدای پایتەختی دەکرد و (لسان حاله) دەیگوت (سوپاستان دەکەم)...





ئەم وێنەیەشمان لە (فندق ڕەشید)ەکەی خۆمان گیراوە، ڕۆژی **٣**ی مایس بەهەمان موناسەبەی (تتویج). ئەوەش لە ژوورێکی تر، کە خاوەنی هوتێلەکە، ڕۆژی پاشتر، کە بەتاڵ بوو، بۆ ئێمەی حیجز کرد و کاک خەلیل دەعوەتی کردین و خواردن و بیرەی (فەریدە)ی سارد و عارەقی موستەکی (B. G. S)ی بەریتانی و مەزەی باش، بۆ نیوەڕۆ، هەر لە ژوورەکەمان دانیشتین، چونکە ئەو دەبووایە مەغریبێ بڕواتەوە واجیبی خۆی -

ئێمەش بۆ شەو، لەسەر داوای کاک فازیل، پیاسەیەکمان بەناو کۆڵانە پیس و بۆگەن و پڕ میزی (گۆگ نەزەر) کرد و فازیل مەیلی هەبوو (تبیاتەیەک)ی خۆش بکات. بۆیە دەگەڕاین، لەو ماڵ بۆ ئەم ماڵ... تا ئافرەتێکی دۆزییەوە کە بەدڵی بوو و لەگەڵیا موعامەلەی شەوەکەی کرد و ئەوە بوو، ئەو لەوێ، ئەو شەوە مایەوە و ئێمەش لەوێ دەرچووین و چووینە شوێنی ڕابواردنی دیکەی بەغدا.

(ئەم وێنە فۆتۆگرافییانە، من بەکامێراکەم، گرتمن بەبۆنەی «تتویج»).



وێنەی خۆمە، لەبەردەم یەک لە مەوکیبە شەعبییەکانی ڕۆژی ٤ی مایس لە شەقامی ڕەشید بەبۆنەی "تتویج"ی مەلیلک فەیسەڵی دووەم - ساڵی ١٩٥٣



وێنەیەک دیسان، لە شەقامی ڕەشید و موکیبێکی لەسەر شێوەی کیسەڵ، بەبۆنەی تەتویج ٤ی مایسی ١٩٥٣



وێنەیەکی تر، مەوکیبێک لەسەر شێوەی "تاج" مەلیکە و چەند پۆلیسی "مەلیکی" لەم لاو، لەو لای وەستاون ٤ی مایس ١٩٥٣ لە سەربانەوە وێنەی مەلیک و لافیتە و شیعارات دیارن



وێنەی مەوکیبێکی دیکەی ڕۆژی "تتویج"ی مەلیک فەیسەڵ "٢" لە شەقامی ڕەشید، بەلەنجە دەڕوا و جەماوەر دەوریان داوە.



لە دوا دوای پاییزی ١٩٥١ و سەرەتای ١٩٥٢، دوای ئەوەی ئاشنایەتیم لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردی کاک کامیل ئەمین و عادیل عیرفان و ڕەفیق چالاکم پەیدا کردبوو، هەر کاتێ بچووبامە بەغدا، بۆ جێبەجێکردنی هەندێ ئیشی تایبەتی خۆم... سەرم لە ئێزگە دەدا و ئاهەنگێکم لە گۆرانی پێشکەش دەکرد. لەو دەرفەتەی (تەتویج)ی مەلیکیش، سەرێکم لێیان دا و هەر بەتەسادوف ئاهەنگێکی ڕاستەوخۆی تایبەت بەبۆنەکەیان پەخش دەکرد. یەکسەر کاک کامیل وتی: ئێمە ناردمانە دوات بۆ ئەم ئاهەنگە. وتم: کاکە گیان باوڕت بێ، من هەر خۆم هاتووم بێ ئەوەی کەس پێم بڵێ و ئەوەی جەنابتان ناردووتانە پێم نەگەییووە. جا ئەو وتی: باشە ئێستا جارێ خۆت ئامادەکە، ئەوە، پەخش بەردەوامە لە ستۆدیۆ، بەرنامەکە ڕاستەوخۆیە و دوای ئەم بڕگەیە تۆ بچۆرە ژوورەوە و شتێ بڵێ، بۆ بۆنەی تەتویج.

وێنەکەش چەند گۆرانیبێژێکی ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا، لە ساڵانی ١٩٥١ بەولاوە تاکو ساڵی ١٩٦٠).



گۆرانیبێژ: "محەمەد وەندی" دەنگی زۆر خۆش بوو لە گۆرانی بەتایبەتی "لە رومیا"



بولبولی جوان و خۆشخوانی ئێزگەی کوردی لە پەنجاکاندا لە بەغدا: فەوزیە محەمەد



حەسەن زیرەک



حەسەن جەزراوی



نەسرین شێروانی

ئەوە بوو کاک عەلی مەردان ئاهەنگێکی تەواو، لە مەقام و بەستەی تەواو کرد و هاتە دەرەوە لە ستۆدیۆ، من چوومە ژوورەوە، سەیرم کرد هونەرمەندانی دیکەش لەوێ بوون، هەموویان گۆرانی خۆشیان، تایبەت بەخۆیان پێشکەش دەکرد، ئینجا دەچوون لە ناو (کورسی) ڕادەوەستان و دەبوون بەکۆرس. خوایان لێ خۆش بێ: تایەر تۆفیق و ڕەسوڵ گەردی و مەحموود وەندی و... تیپی مۆسیقای خۆیان... بەڵام کە من گۆرانی خۆمم وت، خۆم عوودم لێ ئەدا، تاکو مۆسیقاژەنەکان، خێرا ئاوازەکە بێتەوە بیریان و ئینجا بەدوام کەون! بەڕاستی، ئاهەنگێکی هاکەزایی و ئیرتیجالی بوو، بەڵام وەختە بڵێم خۆشترین ئاهەنگی گۆرانی بەکۆمەڵ بوو و جوانترین ئاوازی فۆلکلۆری کوردی پێشکەش کران.

شایانی وتنیشە بۆ ئەو موناسەبەتە گەورەیە، پارەی باش تەرخان کرابوو بۆ هەموو لایەنێکی کە هەڵسابوون بەئامادەکردن یا دروستکردن یا ڕێکخستنی (مەواکب)ە جوانەکان و یا بەشداریان کرد لە خۆپیشاندانەکان یا لە ئاهەنگەکانی ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا، بەهەردوو بەشییەوە: عەرەبی و کوردی... و... تاد.

لە لایەکی ترەوە، بۆ من، لە شەریکە... لە I. P. C، کەرکووک، مانگی ئاهەنگێکیان بۆ دانابووم، هەندێکیان بەتەنیا، خۆم! هەندێکیشیان بەدووقۆڵی لەگەڵ خوالێخۆشبوو (ئیلهام مەردان) کە ئەویش کەمانجەژەنێکی لێهاتوو و ناسرا بوو لە کەرکووک، لە نێو تورکمانەکان بەتایبەتی، پێکەوە شەوانی (یانەی خۆشڕابواردن – النادی الترفیهی – Recreation Centre)ی سەر بەکۆمپانیامان دەڕازاندەوە بەپارچە مۆسیقای بەجووتە (عوود و کەمان) و، من گۆرانیشم دەگوت بەعەرەبی و کوردی و ئاشووری و تورکی...



دانیشتوان بەخاووخێزانەوە دەهاتنە ئەم یانەیە بۆ ڕابواردنێکی خۆش، بەتایبەتی شەوانی شەموان و یەکشەممە و پێنج شەموان و، هەمووشیان موەزەف و کارمەند بوون لە بەشە جیا جیاکانی ئەم کۆمپانیایە... بەڵام بۆ (بیانییەکان) کە زۆربەی هەرە زۆریان (ئینگلیز) بوون. خەڵکی بەریتانیا بوون... ئەوانە یانەی تایبەتییان هەبوو لە (بابا وێست) کە دەکەوێتە باکووری – ڕۆژئاوای شار، لە نزیک ئاگرەکەی (باباگوڕگوڕ)... ئەوان لە عالەمێکی تر دەژین... هەموو شتێکیان بۆ دابین کرابوو بۆ ڕابواردن: یانە، سینەما، شانۆ، سباق الخیل Races واتا پێشبڕکێی غاردانی ئەسپ، وەرزش و یاری تۆپی پێ و ئیستیعراز و سەیرانی بەکۆمەڵ... هتد.



I.P.C. RECREATION CENTRE, KIRKUK.

9th September,1952.

PROGRAMME - SEPTEMBER, 1952.

| | |
|---|---|
| Tuesday 9th. | Tombola. |
| Wednesday 10th. | Concan. |
| Sunday 14th. | Families evening. |
| Tuesday 16th. | Tawli Drive. |
| Saturday 20th | Gramophone recital presented by Mr. Aram A.Babukhian. |
| Sunday 21st. | Families evening. |
| Tuesday 23rd. | Tawli Drive. |
| Thursday 25th | Tombola |
| Saturday 27th. | Ud Recital by Andrews Khamoo. |
| Sunday 28th | Families evening. |
| Tuesday 30th | Tawli Drive. |

ESY.

Kamil Tikriti
Secretary.

وێنەی بەرنامەی یانەی (ترفیهی) Recreation Centre لە I. P. C کەرکووک بۆ مانگی ئەیلوول Septemberیساڵی ١٩٥٢ – وەک دیاریشە ئاهەنگەکانی من لە ڕۆژی شەمووی ڕێکەوتی ٢٧ی مانگە، بەئینگلیزی نووسراوە کە وەرگێڕانەکە بەکوردی ئاوایە:

(عـزف – لێدان) عـوود لە لایەن (ئەندریۆس خەممۆ) کـە ئەم ناوە، ئەو کـاتە، لە I. P. C لە دائیرەی تۆماری کۆمپانیا و لە ناو برادەرەکانم، باو بوو و پێی دەناسرام!



**I.P.C. RECREATION CENTRE, KIRKUK.**

**PROGRAMME FOR AUGUST, 1953.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1st August, 1953 | Saturday | Dance | 8.30 p.m. |
| 2nd " " | Sunday | Con-Can Drive | 9.00 a.m. |
| 6th " " | Thursday | Tombola | 8.00 p.m. |
| 8th " " | Saturday | Towli Drive | 8.00 p.m. |
| 13th " " | Thursday | Oriental Music By Sd. Elham & Anderuis. | 8.00 p.m. |
| 15th " " | Saturday | Private Party | 8.00 p.m. |
| 16th " " | Sunday | Con - Can Drive | 9.00 a.m. |
| 20th " " | Thursday | (Ud) recital by Sd. Elham & Anderuis | 8.00 p.m. |
| 22nd " " | Saturday | Tombola | 8.00 p.m. |
| 26th " " | Wednesday | Towli Drive | 8.00 p.m. |
| 29th " " | Saturday | Grammaphon recital | Y.Baijan |
| 30th " " | Sunday | Con - Can Drive | 9.00 a.m. |

ئەمەش وێنەی (کۆپی) بەرنامەکانی مانگی (اغسطس «ئاب»ی ساڵی **١٩٥٣**ی یانەی (ڕابواردن – ترفیـهی – (I. P. C)یە لە کەرکـوک و ئاهەنگەکـانم بەم جـۆرەن: ١٣ی مـانـگ: پێنج شـەممە: لەگەڵ کـاک ئیلهـام پێکەوەین – دیسـان لە ٢٠ی مـانـگ – پێنج شەممە: من و ئیلهام ئاهەنگەکە گەرم دەکەین.

شایانی تۆمار کردنە، من ئەو کاتە وەزیفەی (I. P. C)م بەجێ هێشتبوو و تەقدیمی کۆلیجی (دار المعلمین العالیة)م کردبوو و لە (دار المعلمین العالیة) قوتابی بووم. بەڵام کە هاوینان دەگەڕامەوە ماڵەوەمان، کە لە کەرکوک بووین، لە یانەکە هێشتا گوێگر و هۆگرانی مۆسیقا و گۆرانییەکانم لەگەڵما پێوەندییان و پێوەندی (ئیدارەی یانەکە) نەپچڕا بوو و دەیانزانی من لە هاوین لە کـەرکوکم... بۆیە ناومـیـان دەخسـتـە ناو پرۆگـرامی یانەکەیان. چونکە خێزانەکان و موەزەفەکان، بەتایبەتی کوردەکان کە لە I. P. C کاریان



دەکرد، گۆرانییە کوردییەکانمیان خۆش دەویست. باسی چوونیشم بۆ (کۆلێج)ەکەش، دواتر بەدرێژی باسی دەکەم.

لەم یانەیەدا، چالاکی جۆراوجۆری دیکەش دەکران و پێشکەش دەکران، وەک: (دۆمبەلە Tombola)، یان یاری (کـۆن–کـان– Con - Can Drive)، یاخـود هەندێ شـەو، بەتایبەتی هەر (سەرە مانگێک) ئاهەنگی (دانس – سەمای ڕۆژئاوایی) هەبوو کە لەسەر (قەوان – اسطوانات)ی تایبەت، کەوا مۆسیقای غەربییان لەسەر تۆمار کرابوون وەک مۆسیقای سەمای (تانگۆ)، (سامبا)، (ڕۆمبا)، (فۆکس تروت) و (شارلستون)... تاد، ئامادەبووانی یانەکە لەگەڵ خێزان و خزمانیان، دانسیان دەکرد!

لە سـاڵی ١٩٥١ بەمـلاتر، گـۆڤـارێکی زۆر جـوان و ڕێک و پڕ بابەتی بەنرخ، بەناوی (اهل النفط) دەرکرا و لە (بەیروت) لە چاپ دەدرا و سەرۆک نووسەرەکە ناوی (عبدالله المشنوق) بوو. زۆربەی نووسەرەکانی بۆ ئەم گۆڤارەیان دەنووسی، لە کارمەند و ئەندازیار و کرێکارانی کۆمپانیاکانی نەوتی عیراق بوون، I. P. C کە لە بنکەی سەرەکی لە کەرکووک بوون یاخود لە مەکتەبی I. P. C ڕەئیسی لە بەغدا، یانیش لە (وێستگە – محطە) جیا جیاکانی ئەم کۆمپانیایە لە سوریا و فەلەستین و لوبنان بوون – من، خۆشم، یەک دوو بابەتم تێیدا بڵاو کردەوە... یەک لە بابەتەکان، لە بیرمە، لە ژێر ناونیشانی (السرعة والعجلة) بوو. لە بەشەکانی گۆڤارەکە، بەشێکی تایبەت بوو بەچالاکی هونەری: گۆرانی و شانۆ و... هتد. لە یەکێک لە ژمارەکانیدا، وێنەیەکی مـەقامـبـێژی ڕەسـەنی کـۆیی، خوالێخۆشبوو (سێوە)ی نەمر بڵاو کـراوەتەوە، لە کـاتی تۆمارکردنی مەقامەکانی، لە سـتـۆدیۆی ئێـزگـەی کـوردی بەغدا، لە ساڵی ١٩٥٢.



وێنەی گۆرانیبێژی ڕەسەن و گەورە "خاڵە سێوە" لەگەڵ تیپی مۆسیقای ئێزگەی کوردی – بەغدا ساڵی ١٩٥٢

مـۆسـیـقـاژەنەکـان لە ڕاستەوە: ئەحمەد خەلیل – عوود/ مەحموود حیجازی – شـمـشـاڵ/ قـادر دیلان – کلارنێت/ ئیبراهیم محەمەد – جـومبـوش/ ناظم نەعـیـم –

کەمان/ عەبدولئەحەد جەرجیس – قانوون/ سەعید شابو – کەمان – وێنەکە لە گۆڤاری (اهل النفط) ژ – ۱۵، ساڵی ۲، ت ۱۹۵۲ وەرگیراوە.

ئەم وێنەیەش، لەگەڵ وتارێکی لە بابەت مۆسیقا و گۆرانی عیراقییە، لە لایەن مۆسیقار – کەمانچەژەن – (ناظم نعیم)ەوە نووسراوە، کە بەخۆشی لەگەڵ تیپەکەدا وێنەی هەیە، وا کەمانجە دەژەنێ لەگەڵ سێوە.

ئەم گۆڤارە، بەزمانی ئینگلیزیش دەردەچوو، مانگانە، لە لەندەن، بابەتی زۆر بەپێز و بەنرخی بڵاو دەکردەوە لە بابەت عیراق و نەوتی کەرکوک و مێژوو و شار و دیمەنی جوانی ئەو چالاکییانە، لەسەر کاغەزێکی سپی لووسی نایاب و وێنەی ڕەنگاوڕەنگی دڵڕفێن.



ئەم گۆڤارەش، چالاکییەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە (وزارة الاعمار)ی بەوردی و بەدرێژی لەگەڵ وێنەکان بڵاو دەکردەوە وەکو ئەم وێنەی بەرامبەر کە وێنەی سەددەی (دۆکان)ە، هێشتا لە کاتی دروستکردن دایە و، لەگەڵ باسێکی درێژی لەسەر ئەم پرۆژە گرنگەدا.

لە وتارێکی تری بەشە ئینگلیزییەکە، بەدرێژی باس لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتوچۆ (مرور)ی بەغدا دەکات لەگەڵ وێنەی جوانی شەقامی ڕەشید و پەیکەرەکان و چۆنیەتی کۆنترۆڵ کردنی هاتوچۆ، لە کاتێکا لە عیراق هێشتا ترافیک لایت (Traffic Lights) هەر بیریشی لێ نەکرابۆوە – دیارە پێویستی بەم پرۆژەیە نەبوو چونکە ژمارەی ترومبێلەکان ئەوەندە نەبوو کە موشکیلە دروست بکات. یەک پۆلیس لە هەر فولکەیەکدا، بەس بوو. سیاقەت و هاژۆژتن کارێک بوو دەبووایە مرۆڤی هوشیار و پەیوەست بەخاڵەکانی هاتوچۆ و پاراستنی (نظام). ئیجازەی سیاقەت نەدەدرایە هەر کەسێکی بێ! دەبووایە زۆر چاک لە کارەکە، لە لێخوڕین و زانیاری لە بابەت مەکینەی سەییارە و خاڵەکانی مرور زۆر چاک شارەزا بێ، ئینجا (ئیجازە)ی دەدرایێ.





وێنەیەکی شەقامی ڕەشید، لە ساڵانی پەنجاکان، لە گۆڤاری Iraq Petrolum وەرگیراوە. سەیری جلوبەرگ و شەپقەی "پۆلیسەکە" و شکل و مۆدێلی ترومبیلەکان، بەدیقەت بکە!

ڕۆژێکیان، لە ساڵی ۱۹۵۲ لە کەرکووک بووم هەر بەماڵ و خێزانمان...، شەماشە یۆخەننا، ژمێریاری دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانە و کەنیسەی ئاشووری لە کەرکووک، لە سەردانێکی بۆ لام وتی: ئەفسەرێکی کوردی سلێمانی، لێرە، لە کەرکووکە و ماڵ و منداڵیشی لێرەن – ناوی (فەخری)یە. ئەمە تەعاروفم لەگەڵیا کرد، پێش ماوەیەک و لە گفتوگۆی نێوانمان، پێی ڕاگەیاندم کەوا کیژێکی هەیە لە (سانەوی) لە کەرکووک دەخوێنێ. ئەو کیژەی حەزی لە خوێندن و لە مۆسیقایە. بۆ مەسەلەی خوێندن خۆی کتێبی زۆری هەیە و مەسەلەی خوێندن براوەتەوە... ڕۆژێ هەر خەریکی خوێندنی کتێب و گۆڤاری جۆراوجۆرە بەزمانی عەرەبی. بەڵام بۆ مۆسیقا، من کەس ناناسم، بیستوومە ئێوە باندی مۆسیقاتان هەیە. ئەگەر بکرێ یەکێک لەو مامۆستا مۆسیقارانە، لەجیاتی من تەکلیف بکەیت، هەفتەی، بەگوێرەی دەرفەتی هەبێ، بێتە ماڵەوە و موحازەرەیەکی بداتێ، هەر جارە. جا دوایی شەماشە یۆخەننا وتی من ناوی تۆم هێنا وەک مامۆستایەکی قوتابخانە و مۆسیقا و سروود. جا ئەگەر ڕات لەسەرە و حەز ئەکەی، من مەوعیدێکیان لەگەڵا ڕێک دەخەم و دەتبەم بۆ ماڵیان – ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو کاتە ئەوەندە (کاتی بەتاڵی = وقت الفراغ)م نەبوو – بەیانیان لە I. P. C دەبووم تا عەسر، نزیکی سەعات چوار – لەوێ دەهاتمەوە، ماندوو دەبووم – ئیسراحەتێکم دەکرد، ئینجا یەک دوو موەزەفی شەریکە دەرسی ئینگلیزیم دەدانێ، تاکو ئینگلیزییەکەیان باش بێ و ئینجا (امتحان)یان لە پێش بوو، بۆ سەرکەوتن لە وەزیفەکەیان بۆ پلەیەکی بەرزتر...، هەروەها هەمیشە لەگەڵ دەستەی مۆسیقا و شانۆ، بەرهەممان بەدەستەوە دەبوو و پرۆڤە و کۆبوونەوەمان دەبوو چونکە هەموو سەرەمانگێک، ئاهەنگێکی تەمسیل و مۆسیقامان ئامادە دەکرد و بە(بلیت) خەڵک

دەهاتن و پارەکەش بۆ کڕینی موستەلزەماتی کەنیسە و قوتابخانە و شانۆ... تاد. خەرج دەکرا... ئەوەم بۆ دۆستم، شەماشە یوخەننا، ڕاگەیاند... بەڵام هیوام نەبڕی و وتم ئەگەر فریا کەوتم و ئەو موەزەفانە خولەکەیان سەرکەوتووانە جێبەجێ کرد، ئەوا خۆیان دەڕۆن و چیتر نایەن. ئەوسا دەتوانم مۆسیقا بەو (خانمە) بڵێمەوە و من ئاگادارت دەکەم.



وێنەم لەکاتی پێشکەش کردنی گۆرانی لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئاسووری لە کەرکووک.

وێنەم لە یەکێک لە ئاهەنگەکانی ئاشوورییەکانی کەرکووک، کە هەموو سەرەمانگێک لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئاشووری ئەهلی، دەمانگێڕا، کە هەمیشە پێک دەهات لە دوو بەش: بەشی یەکەم بەشانۆگەرییەکی کورتی کۆمیدی دەستی پێ دەکرد و زۆربەیان خۆم دەمنووسین و سیناریۆم بۆ ڕێک دەخست و لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکە لە ئەندامانی (دەستە)کە، پێشکەشمان دەکرد.

بەشی دووەمیش مۆسیقا و گۆرانی بوو. مۆسیقا تیپی مۆسیقا لێی ئەدا و خەڵکەکە هەڵدەستان (دانس)یان دەکرد. ئەوی تریش گۆرانی بوو کە هەر خۆم بەئاسووری و کوردی و عەرەبی و تورکمانیش گۆرانیم لەگەڵ تیپەکە پێشکەش دەکرد.

دوای ماوەیەک، کاتم هەبوو لەگەڵ شەماشە یوخەننا چووینە ماڵی ئەو ئەفسەرە – خۆی لە ماڵ نەبوو. خێزان و کیژەکەی پێشوازییان لێ کردین و لە ژووری میوانان دانیشتین... قاوە هات و خواردمانەوە و ئیتر (شەماشە)ی هاوڕێم ئێمەی بەجێ هێشت. زانیم کیژەکە ناوی (نەسرین)ە. عوودی هەبوو، هێنای و دەستم کرد بەپێشەکییەک لە بابەت مۆسیقا و عوود ژەنین و جێی پەنجەکانی دەست و هەر شتێکی پێویست لە بابەت عوودەوە... ئینجا (پەیژە) وە یا (سلم)ی مۆسیقام بۆ نووسی (دۆ – ڕێ – می... تاد). لەسەر عوودەکەش (تطبیق)م دەکرد... تا ئەو بەشەی ئەو ڕۆژە چاک لێی تێگەیشت. ئیتر ئەوە بەردەوام بوو... هەر جارەی بچووبام، مەوعیدی دەرسی داهاتوومان ڕێک دەخست. لەو ماوەی کە من هاتوچۆی نەسرینم دەکرد... ئاهەنگێکمان بەدەستەوە بوو... کە ڕۆژی ئاهەنگەکە داهات، (نەسرین)م بردە ئاهەنگەکە و بڕگەکانی زۆر پێ خۆش بوون، لەگەڵ دایکم و برا و





خوشکەکانم، لەسەر مێزێک جێگام بۆ کردەوە و من خەریکی کارە هونەرییەکان بووم لەسەر شانۆ: کە ڕۆڵی خۆم تەواو کرد، هاتم لە لایان دانیشتم و لێم پرسی لە بابەت بڕگەکان و ئەویش دیار بوو کامەران بوو لە کۆتایی ئاهەنگەکە گەیاندمەوە ماڵیان.

قوتابییە مۆسیقارەکەم! لە پاشان کە من پێشتر لە (دار المعلمین العالیة) بووم، ئەویش هات و لە بەشی عەرەبی وەرگیرا. من پێش ئەو (تخرج)م کرد. ئەویش دوایی چووە (مۆسکۆ) وابزانم لە ساڵی ١٩٥٩ یاخود ١٩٦٠ و دکتۆرای وەرگرت لە (زمان و ڕێزمانی کوردی) – ئەمەش نموونەی کچە کوردێکی چالاک و ڕۆشنبیری بەڕێز – ئەمڕۆش، سوپاس بۆ خوا، وێنەی (دکتۆرە نەسرین فەخری) لە کۆمەڵگەی کوردەواری، لە کوردستان زۆرن و هەروا زۆرتریش دەبن و، هەریەک لە بوارێکدا خزمەتی گەل و وڵاتی دەکات.

گەنجێکی ڕۆشنبیری دیکە، کە لەگەڵیا (تعارف)مان کرد لە کەرکوک، کە پێکەوە لە I. P. C کارمان دەکرد، (کاک سەرگۆن دەرویش)ی ناو بوو. سەرگۆن کوڕی موختاری ناحیەی (کانی ماسی) بوو – هاتبووە کەرکووک بۆ تەواوکردنی خوێندنی و دۆزینەوەی وەزیفەیەک – ئەوە بوو خۆی و برایەکی دیکەی ناوی (یوئارش) بوو، خوشکیشیان لەگەڵ خۆیان هێنایە کەرکووک تاکو خزمەتیان بکات و ئەوان بچن بۆ ئیش. چێشتی بۆ لێ دەنان و جلیانی دەشووشت... تاد. خوشکەکەیان ناوی (وارینە) بوو، زۆر بەئەدەب بوو و ڕێزی لە میوانانی براکانی و دۆستەکانیان دەنا.

کاک سەرگۆن زۆر حەز لە مۆسیقا و گۆرانی بوو. بۆیە زۆرترین کاتی ڕۆژانی هەینی یا جەژن و عوطلەی تر، دەهاتە لام و پێکەوە سەیرانێکی دەوروپشتی کەرکووکمان دەکرد... یەک دوو خزم و دۆستی دیکەشی لەگەڵ خۆی دەهێنا کە ئەوانیش خەڵکی گوندەکەیان (کانی ماسی) بوون. ئیتر زۆر خۆشمان ڕادەبوارد تا ئێوارە.

لە زستانا، لە ژووری میوانانی ماڵی سەرگۆن دادەنیشتین. پێش نیوەڕۆ، منیش



وێنەی من بەکەمانجەوە لەگەڵ دۆستی خۆشەویستم کاک سەرگۆن دەروێش، لە سەیرانێکدا، لە ڕۆژێکی پشوودا، لە بەهاردا، لەسەر گردۆڵکەکانی نزیک "عرەفە" ساڵی ١٩٥٣



ئەم وێنەیەشمان کە هەمان "گرووپین" لە سەیرانێکی بەهاری ١٩٥٣ وەک لەسەری نووسراوە، بۆ هەندێ شوێنی دڵگیری پڕ گیا و گوڵی جوان، نزیک کەرکووک - دڵ و چاوی کوردستان



لەم وێنەیەشدا، کە هەر لەگەڵ کاک سەرگۆن و براکەی "یوئارش" لە سەیرانێکی دیکە، لە نزیک تانکییەکانی ئاوی سەرگردەکانی ڕێگای نێوان کەرکووک و هەولێرن. یەکەم کەس لە ڕاستەوە: "یوئارش"ە برای سەرگۆن. سێیەم کەس سەرگۆنە، چوارەم کەس "یوئاو داود بنیامێن"ی هاوڕێمە کە لە **I.P.C** پێکەوە لە "مخازن" بووین و پێکەوەش چووینە "دار المعلمین" و لە یەک ساڵ "تخرج"مان کرد. ئەو، دواتر، چووە ئەمریکا و لەوێ پەرەی بەخوێندنی دا



عوودەکەم دەبرد و نیوە ئاهەنگێکمان ساز دەدا! گۆرانی و عوود و عەتابە! مەستی و مەقام و مەوال!... ئینجا خواردنێکی چاکیشی بۆ ئامادە دەکردین! دوای ئەوەش نووستنێکی خۆش، تا شەو دادەهات!

لە مانگی تەمووز بوو، ساڵی **١٩٥٣**، کاک سەرگۆن وتی: **٢٠** ڕۆژ ئیجازەم وەرگرتووە، دەچمەوە کانی ماسی لەگەڵ وارێنە. جا دەعوەتت دەکەم و حەز دەکەم بێیت لەگەڵمانا و دێیەکەمان لە ناوچەیەکی زۆر خۆشە... زۆر کەیف دەکەین. کاک مەنسوور (منصور حنا جابرو) کە ئەویش گەنجێکی هاوڕێمان بوو، ئەویش لە بەشی (مخازن) بوو، لە **I. P. C**، ئەویش دەعوەت دەکەم. من سوپاسم کرد و زۆرم پێ خۆش بوو، چونکە، لە شاری مووسڵ، بەولاوە، ئەو شوێنانەم نەدیتبوو تەنها ناوم بیستبوون و خوێندبوون، وەک: سوارەتووکە و سەرسەنگ و ئامێدی و سۆلاڤ و... تاد. وتی باشە. سەرگۆن خەبەری ناردە گوندەکەیان، بۆ ماڵی باوکی و ئاگاداری کردن کە فلانە ڕۆژ دەچێتە سەردانیان و دوو هاوڕێی لەگەڵدایە. ئەوە بوو ڕۆژێک وتی: بەیانی سەعات... ئەوەند، ئامادە بە جانتات بێنە و بای **٣** سێ هەفتە جل و بێجامە و... چیت هەیە وەک پێویستی (سەفەر)، دێم بەترومبێل بەشوێنتا و مەنسووریش هەڵدەگرین... و یا ئەڵڵا!

بەیانییەکە سەیارەیەکی تەکسی تایبەت (خصوصی) لە بەردەرگامان وەستا و من چاوەڕێم دەکردن. ئیتر بەرێ کەوتین بەرەو هەولێر: من و سەرگۆن لە پێشەوە سوار بووین، لە دواوەش مەنصور و وارێنە و یوئارشی برای - لە هەولێرەوە بێ وەستان، چووینە مووسڵ. لە مووسڵ دابەزین و نانمان خوارد. ئینجا بەتەکسییەکی تر ڕوومان کردە شاخ و داخی کوردستان - گەیشتینە (دهۆک)، قەزایەکی بچووک، تەنها یەک شەقام بەناوەندیا ڕەت ئەبوو، ئەوەی کە لە مووسڵەوە دێ و بەرەو باکوور دەڕوا. یەک دوو چایخانە لەودیو و لەمدیوی جادەکە بوون، کەپری لە لقە درەختی دار بەڕوو، ئەوەی پێی دەڵێین (چروو)، دروست کرابوون. هاوین بوو، دانیشتین شتێکمان خواردەوە، سارد بوو یا چای بوو! ئینجا ڕۆیشتین. من هەر سەیری ئەمبەر و ئەوبەری جادەکەم دەکرد... لە هەموو لایەک شاخ و گرد و چیا و، جۆگە و ڕووبار و هەوایەکی خۆش و سازگار! ئای - چ دیمەنی خۆشە ئەم کوردستانە!! ئینجا گەیشتینە (سوارەتووکە) کە ئەم شوێنەش کرابووە شوێنێکی (گەشتوگوزار)... هەندێ خانووی بچووک، لێرە و لەوێ، هەبوون و ڕێگاکە بەپێچاوپێچ دەڕۆیی بەرەو خوار - لێرەش وەستاین ساردێکمان خواردەوە... پاشان کەوتینە سەر ڕێگای جەنەت! بەڵێ... لە ناو ڕاستاییەک دەڕۆیشتین، بەڵام لە ناو چیای بەرزی لوتکە لە

ئاسماندا غەرق بووبووین... تا چاو حوکم دەکات ڕێگاکە بەناو دۆڵ و کێوی سەرکەش و درەخت و داری سەروو و سنۆبەر... لە لای ڕاستمانەوە (کۆشکی مەلیک) و ئوتێلی سەرسەنگ بوون، کاک سەرگۆن هەمووی بۆ شەرح دەکردم... ئینجا بەرەو ڕۆژ ئاوابوون... گەیشتینە گوندی (بێد - یان - بێباد) - لێرە دابەزین کە دوا وێزگە بوو کە بەترومبێل بۆی هاتین - سەرگۆن وتی ئەمشەو لێرە دەنوین، ئینجا بەیانی زوو بەناو ئەو (گەلییەدا) بەولاغ سەردەکەوین بۆ سەر عمادیە... لەوێوەش بۆ کانی ماسی ئینشاالله. ئێوارە چێشت و خواردنمان بۆ هات، دیار بوو کاک سەرگۆن بیری لە هەموو شتێک کە پێویستە بۆ سەفەرەکەی کردبوو... پێشتر ڕایسپاردبوو کە لێرە، لەم دێیە بەشەو دەمێنینەوە... خواردنی شەو و بەیانی دووەم ئامادە بکرێ لەگەڵ سێ چوار ولاغ (ماین و هێستر)، بۆ هەڵگرتنی جانتا و شتومەک و بۆ سوار بوون - چونکە ڕێگای ترومبێل بۆ هیچ لایەک نەبوو... دوا شارۆچکەی سەر ئەم ڕێگایە، سۆلاف و ئامێدی بوو.

لەبەر ئەوە ماندوو بووین و ئەبووایە بۆ بەیانی، پێش ڕۆژ هەڵات بەڕێکەوین، شەو لە سەربان جێمان بۆ کرابوو، هەر زوو خەو بردینیەوە... زۆر فێنک و خۆش بوو نووستنی سەربان... بەیانی زوو کاتێک بەخەبەر هاتم لە دەنگە دەنگی کاروانچییەکان و هەڵسام و لە سەربانەوە سەیری خوارەوەم کرد، شت و نوێن و جانتاکانیان لەسەر پشتی دوو ولاغ بەستبۆوە و... ئەوانی دیکەش بۆ سوار بوون لەسەر پشتیان دۆشەگۆکە بەسترابوون! زوو هاتینە خوار و ماست و چا و سەرتووێکی نایاب و نازدارمان خوارد... و بەگەلی (شەریفە)، هەر بەرامبەر خانووەکەی ئێمەی لێ دابەزیبووین، لەوبەر جادەکە بوو... سەیرم کرد... ئەمما چۆن گەلییەک... هەردوو لا چیای بەرز... تۆزێ ئاسمان لە نێوانیانا... لە نێوان لوتکەکەیان دیار بوو... جارێ هەر بەپیاسە بەڕێ کەوتین... بەرە بەرە ڕێگاکە تەسک دەبۆوە... وای لێ هات دەبووایە یەک لە دوای یەک هەنگاو بنێین و بەدوای ولاغەکان بکەوین! ئەم بەستەزمانانەش باش ئاگاداری پێی خۆیان بوون! تێدەگەیشتن ئەگەر تۆزێک پێیان خوار دابنێن، یا بەردێک لە ژێر پێیان بخزێت، ئەوا دوا ڕۆژی ژیانیان دەبێ و بەغلۆربوونەوە لە نێو دار و بەردا، خۆیان لە بنی گەلییەکە دەدۆزیبەوە و پارچە پارچە دەبوون!

ئەگەرچیش زۆر هێواش بەرەو هەوراز دەڕۆیشتین و عارەقەمان دەکرد و ماندوو دەبووین، بەڵام من ئەوەندەم پێ خۆش بوو... ئەوەندە کامەران بووم، دەنگم بەرز دەکردەوە و گۆرانیم دەگوت... بەدەنگێکی وەک هاوارکردن لە خۆشیدا! ماشاالله خوایە لەم سروشتە دڵگیر و



ڕەنگین و دڵڕفێنە! من لە پێشەوە بووم! بارگیل و هێسترەکان و برادەرەکان، لە دواوە یان لەگەڵ خاوەن ولاغەکان، یەک لە دوای یەک دەڕۆیشتن! بۆیە، جار جارە دەوەستام و ئاوڕم لێیان دەدایەوە... ئەوەندە دیمەنێکی جوان بوو، مەپرسە! لە دوورەوەش، لە خوارەوەی گەلییەکە، گوندی (بێد)م لێ دیار دەبوو و لە دواوەش ئەو چیا بەرزانە پڕ درەخت و دارستانە! ئای... کە بەهەشتێک بوو، بەڵام لەسەر زەوی کوردستان!



ئەم وێنەیەمان گرت خۆمان: وێنەی (گەلیی شەریفە)... لە خوارەوەی دێی (بێد) دیارە. لە هەمان ڕۆژ کە چوومە کانی ماسی لەگەڵ کاک سەرگۆن، لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٥٣ بەکامێراکەمان، گرتوومە!

ئەم دێیە مێژووی زۆر کۆنە! کاتی خۆی لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم، کە (ئاسوورییەکان)، بەیارمەتی ئینگلیز، هێنرانە عیراق و ماوەیەک لە نزیک شاری (بەعقووبە) خیوەتگا (مخیم)ێکیان بۆ دامەزراندن و لەوێ نیشتەجێیان کردن، لە پاشان حکوومەتی عیراق دامەزرا و مەلیک (فەیسەڵ)ی یەکەم هەڵبژێردرا و بووە مەلیکی عیراق، لەگەڵ حکوومەتەکەی ڕێک کەوتن کە ئەو ئاسوورییانە لە باکووری عیراق، لە هەندێ گوند و شارۆچکە جێگایان بۆ بکرێتەوە و لەوێ بۆ خۆیان خەریکی کاری کشتوکاڵی بن. هەروەها ئەم گوندە، واتا (بێد) دەستنیشان کرا بۆ نیشتەجێ بوونی (مار شەمعوون)ی پاتریارکیان، بەخاووخێزانییەوە، کە پێکهاتبوو لە باوک و برا و خوشکی (سوورمە خانم). بۆیە، تا ئەو ساڵەش، کە ئێمە ئەو شەوە لەوێ ماینەوە، هێشتا ژمارەیەک لە خزمان و نەوەی ئەوانەی لەگەڵ (مار شمعوون)دا بوون، لەوێ مابوون و حەوابوونەوە و گوندەکە هەموو دانیشتوانی ئاسووری (یا ئاشووری) بوون.

نازانم چەند سەعاتمان پێ چوو تا گەیشتینە سەرەوە. لەسەر چیا، دەشتاییەک بوو، بەرەو باکوور لێژ دەبێتەوە! ئەم چیایە پێی دەڵێن (سەرعمادیە)... لە جوگرافیا، لە قوتابخانەی ناوەندی... (ئەم ناوە)م لە بیرە... خوێندوومانە!

جا لەو شوێنە پان و بەرینە سەربازگە (معسکر)ێکی عەسکەری (لیڤی) هەبوو

بەسەرپەرشتی ئەفسەرانی ئینگلیز. سەربازە (لیڤی)یەکان ئاسووری بوون و هەندێک ئەفسەری ئاسووریشیان تێدا بوون، دیار بوو یەکێکیان ناسیاو یا خزمی کاک سەرگۆن بوو و، سەرگۆنیش دەیزانی کە ئەو خزمەی یا ناسیاوەی لەوێیە، چونکە هەر لە گەیشتنمان بۆ سەر چیاکە و ڕێگاشمان هەر بەتەنیشت چادرەکانەوە بوو، سەرگۆن وتی با بچینە لای فلان ئەفسەر، دەیناسم، چایەک بخۆینەوە. ئەوە بوو، چووینە لای چادرەکەی ئەو کابرایە، ئەویش کە سەرگۆنی دیت، هات بەپیرییەوە و چاک و خۆشی کرد و تۆقەی لەگەڵ ئێمەش کرد و ئێمەی بردە ناو چادرەکەی. چای هەبوو، لە ناو کووپی تایبەت، چا و شیری بۆ تێکردین... بەڕاستی زۆر بەتام بوو! تاوێک ئیسراحەتمان کرد، کاروانچییەکان بەحەیوانەکانیەوە ڕۆیشتن لە پێشمانا بوون... ئێمەش خواحافیزیمان لەو برادەرە (لیڤی)یانە کرد و ڕێگامان گرتەوە بەر! دوای ماوەیەک، گەیشتینە ئاوێکی کەللەتەزین، بەجۆگایەکی پان و بەرین، زۆر بەخێرایی دەخزی و شەپۆڵی ساف و جوانی دروست دەکرد کە ئاوەکە لەسەر بەردەکانی ناو جۆگاکە هەڵدەزەقییەوە!

ئەم جۆگە ئاوە و کێڵگەکەی پێی دادەچووە خوارەوە و ئاوی ئەدا، ناوی (مێرگە جێیە) بوو – ئیتر لەسەر ئەم ئاوەش تاوێک دانیشتین و دوو سێ بوتڵە بیرەمان خستە ناو ئاوەکە، دوای دوو سێ دەقیقە وەک بەفراوی لێهات – سەرو بیرەیەکی تەزیمان خواردەوە...



ئەمەش وێنەی ئاوی جۆگەکەی (مێرگە جێیە)یە کە ئەوەتا کاک مەنسوور حەننا جابروی دۆستم و من، ئەو بیرە کەللە تەزێنە دەخۆینەوە دوای ئەوەی تاوێکی کەم خستمانە ناو ئاوە بەفراویەکە، لە سەفەرەکەمان بۆ (کانی ماسی)، لە مانگی تەمووزی ساڵی **١٩٥٣**.

دوای ئەو ئیسراحەتە، چووینە ناو کێڵگەکە، بۆ ماڵی خاوەنەکەی کە کابرایێکی ئاسووری بوو، ناسیاوی ماڵی کاک سەرگۆن، یاخود هەر خزمیان بوو. ئەو پیاوە خەریکی شەتڵە – سێو چاندن بوو. لێمان پرسی، وتی ئەوە پڕۆژەیەکی تاقیکردنەوەی چاندنی سێوی سووری لوبنانییە. هەریەک لە فەلاحەکانی ئەم ناوچەیە، ژمارەیەکی زۆر شتڵیان



داینێ کە شتڵی سێوی لوبنانییە، تاکو بیانڕوێنین لە زەوییەکانمان بۆ تاقیکردنەوە: ئایا لە کوردستان شین دەبن یان نەء؟ ئەمە لەسەر پێشنیازی (نووری پاشا) – واتا (نووری سەعید)ی سەرۆک وەزیرانی عیراق بوو.

کەواتە ئەو سێوە سوورە بەتامەی ئەمڕۆ دەیخۆین، لە بەرهەمهێنانی (مێشکی) نووری سەعید (پاشا) عاقڵ و سیاسەتمەداری عیراقییە، هەزار ڕەحمەتی لێ بێ!

دیسان ئەو کاکەیە، دار تووێکی زۆر زەبەللاح و گەورەی نیشان داین، جۆرە تووێکی ڕەشی پێوە بوو، ئەوسا، کە مانگی تەمووزیش بوو... ئەوەندە بەئاو و شیرین بوو، ئاوەکەی، کە دەتلووخایەوە، وەک دۆشاو بەدەستماندا دەچۆڕایەوە!



ئەم وێنەمان لە کێڵگەکەی مێرگەجێیە گرتووە، لەو جێگایەی تاقیکردنەوەی چاندنی سێوی لوبنانی تێدا دەستی پێ کرد. من بەعوودەوە، کاک مەنسوور و وارێنە و هێسترەکانمان لە دواوەمانن

کەوتینەوە ڕێ بەخۆ و بەوڵاغ و منیش عوودەکەم هەر بەدەستەوە بوو، دەترسام نەشکێ، زۆرم ئاگاداری دەکرد و زۆریش پێوەی ماندوو بووم! بەڵام چ بکەم، دەبێ بەسەلامەتی بگاتە گوندی (کانی ماسی)، ئەگینا دەعوەت کردنەکەم بێ تام و بێ مەعنا دەبێ!

ئەوەی لەم سەفەرەمدا بینیم و ئەو خۆشییەی چێژتم، هەرگیز لە یادم ناچێ. چونکە سەفەری بۆ گەشت و سیاحەتی ئاوا دوورودرێژ و لە ناو جەرگەی کوردستاندا، هەر لە کەرکووکەوە تا سەر حدودی تورکیا و ئێران، بەناو ئەو هەموو شاخ و داخە بەرز و ئەو گوند و دێهات و شارۆچکە و ئەو باغ و باغات و دارستان و ڕووبار و ئەو ئاوەدا نییە پڕ تامی ژیان و کامەرانی... دەڵێم سەفەر و سەیرانی وام نەکردبوو تا ئەو مانگی تەمووزەی ساڵی **١٩٥٣** سوپاسیش بۆ هاوڕێ و خۆشەویستم کاک سەرگۆن و بۆ باوک و بۆ دایک و برا و خوشکانی... بۆ خەڵکی کانی ماسی بەگشتی کە ئەوەندە ئێمەیان ڕێز لێناین و قەدریان گرتین. تەنانەت... هەندێ پیرەمێرد ناویان لێنام (بولبول هەزار)...

بەم جۆرە و، دوای بڕینی دوو سێ زنجیرە چیا، لە دوای ماندووبوونێکی زۆر و بەڵام خۆش و بەتام، بەرەو کانی ماسی نزیک بووینەوە و سواری هێسترەکان بووین چونکە مەترسی ڕێگای ناو شاخ نەما و گەیشتینە نێوان گرد و زەوی پڕ گیای سەوزی دەوروبەری دێیەکە، وەک لەم وێنەیەدا دیارە:



وێنەی کاک سەرگۆن و مەنسوور و خۆم لەسەر وڵاغەکانمان، لەکاتی نزیک بوونەوەمان لە دێی کانی ماسی لە مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٥٣

ئا لێرەوە ئیتر خۆمان ئامادە دەکرد بۆ چوونە ناو گوند – کە گەیشتینە سەر پردەکە، چەند کەسێک لە خزم و دۆستانی سەرگۆن و ماڵی بابی، کە موختاری گوند بوو، هاتبوونە ئەوێ بۆ پێشوازی کردنمان – ئەوە بوو دوا (برگـــــە) و مەرحەلەی سەفەرەکەمان بۆ دێی کانی ماسی... هەر ئاوەدان بێ یا ڕەبی...



ئەم وێنەیەمان لەسەر ئەو پردەیە کە دێی کانی ماسی دەبەستێتەوە بەڕێگای کاروان بەرەو ئامێدی و سوڵاف و جادەی سەرەکی بۆ دهۆک. ئەو پردە، خەڵکی گوند دروستیان کردووە بۆ خۆیان، لە ناوقەدی درەختی ئەستوور و لقە درەخت و گوریس... تاکو لە ڕێی هاتوچۆیان، بەسەریدا بپەڕنەوە... لە ژێر پردەکە، ڕووباری کانی ماسی دەرژێ بەئاوە سازگار و ساردەکەیەوە، کە خەڵکی گوندی خەنی کردووە... لەم ئاوە دەخۆنەوە و هەموو پێداویستی ژیانیان پێی دابین دەکەن... من و سەرگۆن و یوئارشیی برای و خەڵکی تر لەسەر پردەکە وەستاوین. مانگی تەمموزی ١٩٥٣.



لەم وێنەیەی خوارەوەشدا، کاک سەرگۆن بۆی گرتین کاتێ گەیشتینە دەوروبەری نزیکی کانی ماسی، گوندی باب و باپیرانی... لەم وێنەیەدا، کاک یوئارش، برای سەرگۆن بەسواری و شەپقەی لەسەرە و وڵاغێک ڕادەکێشێ و من دەستەسرێکم لەسەرم بەستووە، لەبەر زۆر ڕۆیشتنمان لە ژێر ڕۆژ و سەرم دەیێشا!



ئەو مانگەی تەمموزەی ساڵی ١٩٥٣ کە لە گوندی (کانی ماسی)م ڕابوارد، بەڕاستی یەکێکە لە خۆشترین و کامەرانترین ڕۆژانی ژیانم، کە لە ماڵی (مام دەروێشی) باوکی سەرگۆنی هاوڕێم و لەسەر دەعوەتی ئەو، پێکەوە بەسەرمان برد! تا ماوم سەرگۆن و باوکی و دایکی و براکانی و خزمانی بەتایبەتی و گشت دانیشتوانی ئەم ناحیە بەهەشتە... خۆم بەخزمەتکاریان دەزانم و لە چاکەیان دەرناچم و خۆشەویستیم بۆیان لەوپەڕی دڵسۆزیم و دڵپاکیمەوەیە بۆیان، هەتا هەتایە. هەموو ڕۆژێک سەیرانێکمان دەکرد بۆ لایەک... هەر شوێنی دەچووین، لەوی ڕۆژی پێشتر قەشەنگتر... جوانتر و سەرنج ڕاکێشەرتر بوو لەبەر سروشتی نایاب و دیمەنی دڵڕفێنی ئەو ناوچەیە!

هەروەها لەو مانگەدا دوو سێ ئاهەنگی بووک گواستنەوەمان بەشداری تێدا کرد... بەتایبەتی یەکێکیان کە بووکەکە لە گوندێکی نزیک بوو. لەگەڵ زاوا و ماڵی زاوا و خزم و دۆستانی بەدەهۆڵ و زوڕنا و هەڵپەڕین و چەپڵە و گۆرانی، تا گەیشتینە ئەوێ. لەوێش تا نانی نیوەڕۆ خورا، هەر عارەق و بیرە بەسەر خەڵکەکەدا دابەش دەکرا و هەموو مەست بووبوون... هەموو گۆرانییان دەگوت و لە بەردەم ماڵەوە هەر سەما و هەڵپەڕکێ و ڕەشبەڵەک بوو.

کە نیوەڕۆ خورا، ئینجا بووکی ڕازاوە و جوان، سواری وڵاغێک کرا لە دوای زاوا، لەسەر یەک ئاژەڵی فەقیر و هێمن... خەڵکەکەش لە دواوە، بەچەپڵە و دەهۆڵ و زوڕنا، بەدوایان کەوتبووین... لە ناو ئەو دار و درەخت و جۆگا و ڕووبار و ئەگەرچی ڕێگاکەش

بەرد و خۆڵ و کەستەک بوو، بەڵام وات ئەزانی لەسەر مافوور شەقاو دەنێین و لە بەهەشتێکی سەرزەمین ئاهەنگ دەگێڕین. ئەوەی لە بیرمە، زاوا ناوی (زەندۆ) بوو! نازانم ماوە... لە کوێیە!

کە گەیشتینەوە گوندەکەمان، لە ناو درەختان، لە شوێنێکی گۆڕەپان، کوڕ و کچ هەر سەمایان دەکرد و بەشایی و ڕەشبەڵەک پێشوازییان لەو حەشاماتە کرد. منیش هەر شاڵ و شەپکی تایبەت بەدانیشتوانی ئەوێم لەبەر بوو... هەر شاییم دەکرد. زۆرم پێ خۆش بوو! وا لە خوارەوەش چەند وێنەیەکی دیکەی ئەو موناسەبەتانە نیشان ئەدەم و دەچەسپێنم.



وێنەیەکی بووک گواستنەوە بۆ دێی کانی ماسی، لە دێیەکی تر لە نزیکەوە. زاوا "زەندۆ" سواری ئەم ئاژەڵە بووە و بووک لە دواوەی سوار بووە و من لە تەنیشتیانەوە بە "شاڵ و شەپک"ەوە و گۆرانی دەڵێم و "مەنسوور"یش بە شەپقەکەیەوە بەدواوەمە و، خەڵکەکەش بەپێ و بەسواری... وا لە دواوەمانەوە بەخۆشی و شادی، هەنگاو بەهەنگاو ڕێگا پڕ لە دار و بەردەکە دەبڕن – ١٩٥٣





دوای گەیشتنە ناو گوند و، دوای ئیسراحەتێک و خۆگۆڕینی کیژان و بوون و هەروەها گەنجان و زاوا، ئینجا لەبەردەم ماڵی زاوا، دەست دەکرێ بەشایی و ڕەشبەڵەک لەسەر ئاوازی زوڕنا و دەهۆڵ و گۆرانی فۆلکلۆریی شایی.

کاتێ من هاتبوومەوە کەرکووک، چونکە من قوتابی بووم لە (دار المعلمين العالية) لە بەغدا، بەڵام بەبۆنەی پشووی (عطلە) هاوین گەڕابوومەوە ماڵەوە. لە کەرکووک و (سەرگۆن)ی هاوڕێم دەعوەتی کردم بۆ ماڵیان لە گوندی (کانی ماسی).

هەر لەم گەشتەماندا، لەگەڵ سەرگۆن و براکەی (یوئارش)... چەند سەفەرێکمان کرد بۆ دێیەکانی کە ئاسوورییەکانیان تێدا نیشتەجێن، هەر لە کۆنەوە، وەکو گوندی (بێرۆ)، کە لەسەر سنووری تورکیایە و بەسواری وڵاغ بۆی چووین. لەوێ موختار و خەڵکی گوند پێشوازییان لێ کردین و نیوەڕۆیان بۆ ئامادە کردین و ماستاوی سارد و چای کوردەواری بەسەماوەر لێنرا... سەیرانێک بوو تا وەسفی کەم، ناتوانم هەقی تەواوی بدەمێ.



لەم وێنەیەدا، لە ڕاستەوە: کاک یوئاریش برای سەرگۆن، ئینجا سەرگۆن تفەنگی بەدەستەوە و ڕەختەیەکیشی لە سینگی هەڵواسیوە، ئینجا ئیختیارێکی گوند و ئینجا من، بەچاکەت و پانتۆڵ، لە تەنیشتماندا موختاری دێی "بێرۆ" لە هاوینی ساڵی ١٩٥٣، هەر لەبەردەم ماڵی موختار گیراوە

ئەم دێیــە شـوێنێکی سـەختی هەیە، لە ناوقـەدی چیـایە، وەک هەڵـواسـرا بێ، ئاوایە! خوارەوەی هەموو درەخت و ڕووبار و کانیاوە...

هەندێ جار سەرگۆن شتی... یا بیر و فیکری جوان و خۆش، بەڵام سەیری بۆ دەهات! وەک ئەوەی ڕۆژێ وتی: ئەمـڕۆ (عـارەق)مـان تەواو بووە. جـا وا لەسـەر ڕووبار، کەلوپەلەکەیان بردووتە ئەوێ، لەوێ عارەقی تازە دەردەهێنن!

(تێبینی – لە گوندەکان... هەر ماڵە بۆ خۆی عارەق و شەراب دروست دەکەن لەو ترێیە حەیاتەی هەیانە دەری دەهێنن!)

جا هەڵسـاین و چووینە سەر ڕووبار و لە تەنیشت مەنجەڵ و ئاگر و کەلوپەل و تریانە ترێ... جێمان بۆ ڕاخرا لە ژێر درەختێکی بەسێبەرێکی گەورە و... هەندێکی تر، هەڵمەکەی ترێ و مێوژە کوڵاوەکەی سەر ئاگرەکە... دەستی کرد بەهاتن، بەناو قامیشێکی سپی و پاک، بۆ ناو مـەنجـەڵێکی تر کـە لە ناو تەشـتـێکی ئاوی سـاردی وەک بەفـراو، کـە لە ڕووبارەکـەوە دەیانهـێنا، دانرا بوو! ئینجـا هەڵـمـەکە دەبۆوە شلە (سـائل) و دەتکایە ناو مەنجەڵەکە و دەچۆڕایەوە و دەبوو بەعـەرەق! چاوەڕێمان کرد تا بەقەد جامێک لەو عەرەقە کۆبۆوە، هەر بەجامەکە بۆیان هێناین و بۆیان لە پەرداغـەکان کردین!... بەم جۆرە، هەرچەند پێکەکـانمان تەواو دەبوون، بەجـام بـۆیان دەهێناین و ئەویش دەخـورایەوە... تا درەنگی شەوێکی مانگەشەو، ئێمە لەسەر ئەم ڕووبارەمان بەسەربرد بەگۆرانی و چەپڵە... لە بەردەم (کارگە!!)ی عارەق دروستکردن و هێنانە بەرهەم!



وێنەم بە شال و شەپک و تفەنگ و فیشەکدانەوە لەسەر ڕووباری کانی ماسی – تەمموزی ١٩٥٣





وێنەم بە جلوبەرگی ناوچەکە لەسەر ڕووباری "کانی ماسی" لە ئابی ١٩٥٤

دوو وێنەی خـۆم، بەشـاڵ و شـەپک لەسـەر دەسـتووری ئاشـووری، لەسـەر ڕووبارەکـەی گوندی کانی ماسی گیراون – لە هاوینی **١٩٥٣** و **١٩٥٤**.

بۆ جـاری دووەمیش، دیسـان کە گـەڕامەوە کـەرکووک لە (عطلە)دا، لە هاوینی سـاڵی **١٩٥٤** جـارێکی تر کـاک سـەرگـۆن دەعـوەتی کـردم بۆ کـانی مـاسی، جـێی مـاڵ و باوک و باپیرانی... تاکو پێکەوە دیسان هاوینێکی خۆش ڕابوێرین. بۆیە بەدرێژی باسی لێوە ناکەم و زۆر خۆشمان ڕابوارد تا گەڕاینەوە. ئەم وێنەیەش لە خوارەوە لە کاتی ئەو گەشتەیە و لە ڕێگای چوونمان، لە شارۆچکەی سیاحی، سوارەتووکە گیراوە:



ترومبیلەکە و خاوەنەکەی و ئینجا من بەعودەوە و سەرگۆن لە تەنیشتما، وارینەی خوشکی و ئافرەتێکی دیکەی خزمیان، لە "سوارە تووکە" ئەم وێنەمان گرت... لە ڕێگامان بۆ "کانی ماسی" لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٥٤

## بگەڕێمەوە بۆ کەرکووک

لەو ساڵانەی کە ئێمە بەماڵەوە لە هەولێرەوە چووینە کەرکووک، هورمزی کوڕی ئەسکەندەر... قوتابخانەی لە کۆیە بەجێ هێشتبوو... هەر تا پۆلی (٥) پێنجی سەرەتایی خوێند و کەوتە سەر کاری کاسبی. کابرایەکی خەڵکی تلکێف هاتبووە کۆیە، هێشتا ئێمە لەوێ بووین. ئەمە لە ساڵی ١٩٤٥ بوو. ئەم پیاوە وێنەگری فۆتۆگرافی بوو، کامێرایێکی گرتنی وێنەی موعامەلات و کاری ڕەسمی، ئەوانەی لەسەر سێ پایە، لەسەر ڕەصیف و یا کۆڵانێک دایدەنێن و ئەوەی پێویستی بەچەند ڕەسمێک هەبێ، بۆی دەگرێ و پێی دەڵێن کامێرای (تصوير شمسي) – لەبەر ڕۆژ دەگیرێ.

ئەو وێنەگرە، خەڵکی (تلکێف) بوو. (مەسیحی) بوو، بەتەسادوف ئەسکەندەر دەیباتە ماڵەوە، بەزەیی پێ دێ، فەقیر و هەژار بوو... بەتەمەن بوو. سیدارەیێکی ڕەشی لەسەر دەنا... جارێکی تریش هورمز دەیباتە ماڵەوە... ئیتر وای لێ هات بووە برادەر، وەک خزم. دیار بوو کەمێک (ملعوب و شەیتان و زمان لووس) بوو! کە ئێمە ماڵمان لە کۆیە بار کرد و چووینە هەولێر، لە ساڵی ١٩٤٦، هورمز، باوکی ئیقناع کردبوو، کامێرایەکە لە کابرا بکڕێت و ئەو ببێ بەوێنەگر... کابرا با بڕواتە شاری خۆی؟!

ئەوە بوو (ئەسکەندەر) کابرای تلکێفی ئیقناع کرد کامێرایەکەی بفرۆشێتێ و نرخێکی باشی دایێ بەمەرجێک هورمزی کوڕی فێرە وێنەگرتن بکات. ڕێککەوتن و کامیرایەکە بووە ئی هورمز و بەماوەیەکی کورتیش لەسەر دەستی وێنەگرەکە، کاک هورمز چاک فێر بوو. ئیتر تلکێفییەکە کۆیەی بەجێ هێشت!! شایانی گوتنە، ناوی ئەو وێنەگرەم نایەتەوە یاد، بەڵام ئەوەندە شەیتان و زمان لووس بوو، مام (گۆریل)ی پۆلیس، باوکی یۆخەننا، ناوی لێ نابوو (سێبەندی)! هەر لە پێش کابراش، هەندێ جار کە کۆدەبوونەوە، ئەو هەرچی بگوتبایا و مام گەوریل باوەڕی پێ نەدەکرد و پێی دەگوت (ولک دروح هەی سێبەندی). سەرەتا نەیدەزانی (سێبەندی) مانای چییە! بۆیە تووڕە نەدەبوو، بەڵکو پێدەکەنی. بەڵام کە لە کەسانێکی پرسی بوو و ئەوان واتایەکەیان بۆ لێکدابۆوە، چووبووە لای هورمز و ئەسکەندەری باوکی و گلەیی لە مام گەوریل کردبوو و گوتبووی وام پێ دەڵێ! بۆچی؟ من ڕازی نیم! بەڵام گەوریل ئەگەر پێکێکی بخواردبایە لەو دانیشتنەی ئەو غەریبەی لێ بووایە، لەجیاتی جارێ، سەد جاری پێی دەگوت!

هورمز وای لێ هات، بەکامێرای دیکەش، وەک بۆکسی ڕووسی و ئینگلیزی وێنەی



دەگرت و... وێنەی جوانیش. ئینجا ستۆدیۆیەکی کردەوە، نزیک دوکانی (یا نەزیف)ی کچی (عەیشێ قادر)ی دوکانچی کۆن، کە لە ساڵانی سییەکان و چلەکان، لە گۆڕەپانێکی خوارەوەی دائیرەی گومرگی کۆن، کە بۆ بازاڕ دەچی و، لە نزیک دوکانی (مەلا سابیر)ی باوکی حاکم فوئاد... ڕەحمەت لە گۆڕیان بێ هەموو ئەوانەی ئەمری خوایان کردووە –.

ئەو هەموو سەفەر و هاتوچووەی دەکرد بەو ڕێگا ناخۆشەی نێوان کەرکووک و کۆیە، یان هەولێر و کۆیە... چونکە هێشتا باسی قیرتاوکردنی ئەو ڕێگاوبانانە هەر لە گۆڕێ نەبوو... بەتایبەتی بەزستانان، هەندێ جار ترومبێل لە ناو قوڕا دەچەقی و دوور لە ئاوەدانی... ئیتر سایق و نەفەرەکان دەمانەوە یان بەپێیان دەچوونە نزیکترین گوند یا هەر ئاواییێکی بیانزانیبایە لەو دەوروپشتەدا هەیە. سەفەر هەمیشە بەجێب و لاندرۆڤەر دەبوو. ترومبێلی قەمەرە (صالون) کەم خۆیان لەم ڕێگایە دەدا... بەڵام هورمز وەڕس نەدەبوو و حەزی دەکرد لەگەڵما بێ.



ئەم وێنەیە لە حوزەیرانی ١٩٥٥، لەسەر ڕێگای نێوان کەرکووک و کۆیە، لە نزیک گوندی "ڕێدار"، کاک هورمز بۆی گرتووین: ماری و من و هورمز وەستاوین تیمەی برای لە من بچووکتر و کاک مەتی ئامۆزام و جانە تۆماس "مناڵەکە" دانیشتوون

چەندین جاریش لەو ساڵانە... کە دەچووینە کۆیە بۆ ماڵی ئەسکەندەر... ئیتر دایکی هورمز و باوکی زۆریان کەیف بەئێمە دەهات و بەگەرمی بەخێرهاتنیان دەکردین... چونکە ئەوان یەک تاقە کوڕیان هەبوو، لەگەڵ کیژێکی ئەوسا زۆر بچووک بوو ناوی (شوکریە) بوو. ئیتر ناوە ناوە ئێمەیان دەبردە سەیران بۆ حەمامۆک یا هەرمۆتە یا تۆبزاوە...

لە کۆیە، لەو سەفەرە، یەکەم جار (کاک محمد عبدالله)ی چایەچی، ناسراو بە(حەمە گەمحان) خۆی پێ ناساندم و موسەجیلەیەکی گەورەی بەکرەی جۆری (گرۆندیک) بوو، نیوەڕۆیەک هێنایە ماڵی هورمز، کە من لە لای میوان بووم، داوای کرد هەندێ گۆرانی خۆمی بۆ تۆمار بکەم.

هەروەها، مەلا حەوێز ئاغا و مەحموود



ئەمەش وێنەی پردێکی کۆنە، لەسەر ڕووبارێک لە نێوان شارۆچکەی ڕێدار و ناحیەی "تەق تەق" هەر لەو گەشتەمان کە بۆ کۆیە دەچووین، لە کەرکووکەوە، لەسەر دەعوەتی کاک هورمزی برادەرمان، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٥، کاک هورمز بەکامێرای خۆی گرتوویەتی.



محەمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە "حەمە گەمحان"ی خاوەن چایخانەی "لاوان" لە کۆیە – لە چایخانەکەیا و لەگەڵ ئامێری تۆمارکردنی دەنگ "مسجلە" – لە پەنجاکان

ئاغا، ناردیان بەشوێنما و دەعوەتیان کردم. بەشەو من و هورمز و عوودەکەم، چووین لە ماڵی مەلا حەوێز ئاغا، لە باخچەکەیا، دانیشتین و شەوێکی پڕ بیرەوەری منداڵیمان، چونکە مەحموود ئاغا لەگەڵ من، پێکەوە لە یەک قوتابخانە بووین، لە سەرەتایی، لە حەوشەکەی حەمەشین و ئینجا لە قوتابخانەی (اولی) کە لە ناو بازاڕ بوو، دواییش لە ناوەندی (متوسطە) هەر پێکەوە و لە یەک پۆل بووین. مەلا حەوێز و مەحموود ئاغا خاوەن زەوقن و شیعری نایابیان پێ خۆشە بەمەقام بگوترێن بەتایبەتی بەدەنگی هونەرمەند تایەر تۆفیق، کە شەوێکیان ئەویش ئامادە بوو لە دانیشتنێکمان لەو ماڵە ئاغایانەی بەڕێز و ناوداری کورد.





وێنەی ئەندامانی ماڵەوەمان، دایکم و برا و خوشکەکانم، لەگەڵ هورمز ئەسکەندەری وێنەگر، لە سەردانێکی بۆ لامان لە کەرکووک هاوینی ١٩٥٥ ئەو وێنانە و زۆربەی وێنەکانم ئەو، وەک وێنەگرێکی تایبەتی خۆم بێ، دەیگرتن



وێنەم لەگەڵ کاک هورمز لەبەردەم ژوورێکی ماڵەوە، من چای بەیانی "یا عەسر" دەخۆم. هورمز جگەرەی بەدەستەوەیە. هاوینی ١٩٥٥ دەعوەتی کردبووین.

کە هورمز دەهاتە سەردانمان لە کەرکووک، منیش زۆر خۆشحاڵ دەبووم و پێکەوە چەند ڕۆژێکی جوان و خۆشمان ڕادەبوارد... لە بەهاری ساڵی **١٩٥٢** جارێکیان کە ئەو هات، من دەعوەتێکم لە خزمێکمان، لە (حبانیە)وە بۆ هات، بچم ئامادەی بووک گواستنەوە بم بۆ کوڕەکەیان.



هەر لەو سەفەرەی هورمز دەعوەتی کردین لە کەرکووکەوە هاتینە کۆیە. وێنەکە لەسەر ڕووباری حەمامۆک، لە ناوچەی، کانی سۆرک – لەسەر ڕێگای "کوورەچیانە" ئەم شوێنە، من و هورمز، زۆرمان خۆش دەویست و دەیەها جار، هەر بەدووقۆڵی، لەسەر ئەم ئاوە، بەدەم خواردنەوە و ڕابواردنمان کردووە. هاوینی ساڵی ١٩٥٥ – هورمز، من، ماری، شمۆئیل



وێنەی من و هورمز لەناو باخچەکەی مەلەوانگە "مسبح"ی ئەفسەران، کە دەکەوێتە نزیک "مدخل"ی کەرکووک کە لە هەولێرەوە بهاتبای.
هاوینی ١٩٥٥




وێنەی قەڵای کەرکووک و پردە کۆنەکەی
١٩٥٠

جا من و هورمز پێکەوە چووین - بەشەو لەو (یانە)ی ئاهەنگەکەی تێدا دەکرا، مام (ئیشایا)ی، باوکی داود، کە ئامۆزای باوکمە، ئەو برگەکانی لە ناو مایکرۆفۆنەکە پەخش دەکرد. چەند کوڕ و کچێک، لە سووچێکی هۆڵەکە بەمام (ئیشایا)یان گوتبوو کە (من) گۆرانییەکی (فرید الاطرش)یان بۆ بڵێم و ناوی گۆرانییەکە (نجوم الليل)ە. جا بەلەهجەی میسری، حەرفی (ج: جیم) بە(گ) (تلفظ) دەکەن: دەڵێن (نگوم الليل) - مام ئیشایا هاتە لام، من لەسەر مایکرۆفۆن بووم و خەریک بووم عوودم لێ ئەدا. جا ئەو لە ناو مایکرۆفۆنەکە، بەدەنگی بەرز و بەزمانی ئاسووری پرسی: (ئەمە تەرجمە کوردییەکەیە):

- ئەرێ... فلان... گۆرانییێکی عەرەبی هەیە ناوی (یگوم بالليل)؟ ئەو وای گوت، هەرچی لەو هۆڵە گوێی لێ بوو، بەمنیشەوە، کەوتینە سەرپشت، لەبەر پێکەنین!

- وتم چی... چی؟ - (مەبەستم ئەوە بوو دووبارەی بکاتەوە) -

گوتی: وەڵڵا نازانم... هۆ و گەنجانە (بەدەست ئیشارەتی بۆیان کرد لە ناو هۆڵەکە)...



دەڵێن با گۆرانی (یگوم بالليل)مان بۆ بڵێ! ئینجا ئەمجارە، ئەوانی پێشتر گوێیان لێی نەبووبوو، ئەمجارە ئەوانیش و هەر هەموو هۆڵەکە بووە قاقای پێکەنین! ئینجا، کە هێور بۆوە... وتم:

- بەڵێ... ئێستا تێگەیشتم و بۆیان دەڵێم!

ئەم پیاوە... مام ئیشایا، مرۆڤێکی خۆش مەشرەب بوو، قسەکانی هەموو نوکتە و سەیروسەمەرە بوون... لە کانتین یا (NAFI) حەببانیە، کە سەر بەدارودەزگای مەعەسکەری عەسکەری (لیڤی) و ئینگلیزەکان بوو، لەوێ کاری دەکرد و ماڵی ئەوسا لە حەببانیە بوو...

بەداخەوە بیستم ساڵی پار، کۆچی دوایی کردووە! (ئەمڕۆ من ئەمە دەنووسم لە مانگی شوبات ساڵی ٢٠٠٤) -

جارێکیان لە بەغدا، دوای ئەوەی لەگەڵ کاک هورمز، لە (باڕ)ێکی خۆش، لە (ابو نواس) کاتمان بەسەر دەبرد و من لە بەشی ناوخۆیی (قسم الداخلي) (دار المعلمين العالية) بووم، هەڵسáین، کاک هورمز هەوەسی هەڵسا بوو، دەیویست بچێتە (گۆگ نەزەر) کە لە (مەیدان) بوو - من ئەم جۆرە ڕابواردنە لەگەڵ ئەو جۆرە ئافرەتانەم قەت و قەت پێ خۆش نەبوو. بۆیە، وتم - دەتگەیەنمە ئەوێ، بەڵام من لەگەڵتا نایەم بۆ ژوورەوە...

ئەوم گەیاندە بەر دەرگاکە چووم لە گازینۆیەک چاوەڕێم کرد.

## چوونم بۆ کۆلێجی (دار المعلمین العالیة)

لە ساڵی ١٩٥٢ بەولاوەتر لە شەریکەی نەوتی کەرکووک I. P. C مەوەزەفی بەشی (کۆگاکان) Stores Dept بووم – بەڵام نەمتوانی بەردەوام بم، دەوامێکی دوورودرێژ و بەیانی زوو لە خەو هەڵسان و غاردان تا بگەمە شەمەندەفەری کۆمپانیا و... تاد.

بۆیە وازم لێ هێنا و موعامەلەم کردبوو و وەسیقە و هەموو شتم کە لە (دار المعلمین العالیة) بخوێنم تەواو بوو. کاک جەوهەر خدر (هیرانی)ش، کە کاتی خۆی لە کۆیە، لە پۆلی (٥ پێنج)ی سەرەتایی، لە حەوشەکەی حەمەشین بوو، هاوڕێم بوو... جا ئەوسا، کە ئێمە لە کەرکووک بووین، ئەو مووەزەف بوو لە دائیرەی (برید و برق و تلفون)ی کەرکووک، کاک جەوهەر بووە کەفیلم. کەفالەتەکە بۆ (٦٠٠ شەش سەد) دینار بوو. هەموو موعامەلەکە ئەو برادەرە خۆشەویستەم بۆی تەواو کردم و هەرچی پارەی – باج – و شتی تریش کە پێویست بوو، وەک (پوول)... ئەو بەپارەی خۆی بۆی کڕیم... موعامەلەکە دا دەستم و بردم بۆ عەمادەی دار المعلمین العالیە و لە بەشی ئینگلیزی، ساڵی ١٩٥٢ دەوامم کرد – بەم بۆنەشەوە، کە هاتمەوە کەرکووک، بۆ موناسەبەتێک، شەوێک دەعوەتم کرد و لە یانەی I. P. C دانیشتین.



وێنەی ئەو دەعوەتەم بۆ هاوڕێی خۆشەویستم و "کەفیلم" بۆ دار المعلمین العالیة، کاک جەوهەر خدر هیرانی، لە یانەی I.P.C لە باخچەکەی دانیشتووین، لە هاوینی ساڵی ١٩٥٣. لە چەپەوە: کاک جەوهەر، ئینجا "تیمە"ی برام لە بەینمانا وەستاوە، ئینجا منم، ئەوی تەنیشتم برادەرێکمە ناوی "کارنیل" بوو، ئەرمەنی بوو، لە مخازن – Stores، لە یەک شوێن کارمان دەکرد – ئەو "کاتبی تابیعە" بوو... وابزانم باوکی ناوی بیدرۆسیان بوو.

لەم کۆلێجە بەشی ناوخۆ هەبوو بۆ قوتابیان. جا، سەرەتا، مانگێکی پێ چوو تا ئێمەی قوتابی نوێ لەوێ وەربگیرێین! ئەم مانگە، (کاک یوئاو داود بنیامین) کە ئەویش هەر لە کەرکووکەوە



هاوڕێ بووین و لە I. P. C لە یەک بەش، STORES مەوەزەف بووین، و هەردووکیشمان پێکەوە وازمان لە کۆمپانیا هێنا و لە (دار المعلمین العالیة)، لە بەشی زمانی ئینگلیزی وەرگیراین. جا، ئەو برادەرەم، لە ماڵە ئاسوورییەک، لە (کەمپی گەیلانی) ژوورێکی بەکرێ گرتبوو، منیش لەگەڵ کاک یوئاو، لەو ژوورە دەنووستین و بەڕۆژ دەچووینە دەوام! بەڕاستی زۆر یارمەتی دام. چونکە لە ناحیەی (ماددی)شەوە، من حاڵم زەبوون بوو! ئەو وەزعی دارایی باشتر بوو. بەڵام جار جارەش، من دەعوەتم دەکرد بۆ خواردنێکی مام ناوەندی لە (ابو نواس) و یەک دووجار دەچووینە مەلهایەکی هاوینی (ملهی الصیفي) لە نزیک باغی غازی (حدیقە غازی) بوو، لە (باب الشرجي)، کە ئێستا ئەم ناوچەیە بەشێکە لە (ساحة الطیران)... ناوی مەلهایەکەم لە بیر نەماوە، بەڵام من زیاتر ئەوێم پێ خۆش بوو چونکە دوو گۆرانیبێژی بەناوبانگی عەرەبی لەو مەلهایە، شەوان گۆرانی و (مواویل)ی لوبنانی و سووری و میسرییان دەچڕی: هونەرمەندە سوورییەکە ناوی (سلامە الاغوانی) بوو... ئەوی لوبنانییەکە ناوی (صلیبا القطریب) بوو... هەردووکیش کە دەهاتنە سەر شانۆ، عوودیان لەگەڵ ئاهەنگەکانیان لێ ئەدا لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەلهایەکە.



یەکەم سەیرانمان کە لە ساڵی یەکەمی خوێندنمان بوو لە "دار المعلمین العالیە"، لەگەڵ مامۆستامان "مس هێریک" چووینە "بەعقووبە" لە بەهاری ساڵی ١٩٥٣ لە وێنەکەی: لەلای چەپەوە: نیهایە مستەفا مەزهەر، حووری عەلی شەوقی، مامۆستا "مس هێریک".

ئەو ساڵەمان زۆر بەخۆشی لەو کۆلیجە ڕێکوپێک و جوانە ڕابوارد لەگەڵ برادەرە کورد و عەرەبەکانی دیکەمان. لە بیرمە، لە پۆلەکەمان چەند قوتابییەکی کچی کورد هەبوون، ئەوانە بوون:

١- حووری عەلی شەوقی – سلێمانی.

٢- نیهایەت مستەفا مەزهەر – سلێمانی.

٣- صنۆبەر صدیق (کچی حاکم صدیقی کۆیی بوو)!

جگە لەوان، هەندێ قوتابی تر ناویان دەهێنم کە عەرەبن، لە بیرمن، لە هەمان ژوور (پۆل)ەکەی ئێمە بوون:

٤- سابا عیسی زنانیری - ئەمە کوڕێکی ئوردنی بوو.

٥- صبا عبدالحمید الفاهوم - ئەمە کچێکی فەلەستینی بوو.

٦- یووئێل یوسف عەزیز - کوڕێکی مەسیحی مووسڵ بوو.

٧- جەودەت یەعقووب یۆنان - گەنجێکی مەسیحی مووسڵ بوو.

(وەک من عوود و کەمانچە)ی باش لێ ئەدا.

٨- خەلیل ئیبراهیم - کوڕێکی قسە خۆش و ڕۆح سووک بوو، بەغدایی بوو.

٩- ئیسماعیل القاضی - هەمان شت، بەغدایی بوو.

١٠- یوئاو داود بنیامین - ئاشووری کەرکووک بوو.

لەو مامۆستایانەی کە دەرس و موحازەراتیان پێ دەگوتین، ئەوانە بوون... هەمووشیان لە ئینگیلتەرەوە هاتبوون و پسپۆر و پرۆفیسۆری زۆر لێهاتوو بوون:

١- مادام بۆرۆس (یا بۆغۆس!) ئەمە فەرەنسی بوو - دەرسی فەرەنسی پێ دەگوتین.

٢- مستر ستیرلینگ - دەرسی (Phonetics) - واتا (التلفظ)ی پێ دەگوتین. هەر خۆیشی دانەری ئەو کتێبە بوو کە دەمانخوێند.

٣- مستر دیزمۆند ستیوارت - ئەمەش مامۆستایەکی گەورە و خاوەن ئەزموون بوو... لایەنگری مافی عەرەبەکان بوو... چەندین کتێبی هەیە وەک:

أ- کتێبێک لەسەر (هیرتزل) دووزەری یاخود دامەزرێنەری بزووتنەوە (صهیونی)یەت.

ب- ڕۆمانێک (روایة) بەناوی (The Bad Englishman).

٤- مستر نیم - ئەمە مێژووی ئەدەبی ئینگلیزی پێ دەگوتین.

٥- د. ثۆرنلی - دانەری کتێبی (Garmmar & Idiom) زمانەوانی ئینگلیزی دەگوتەوە.

٦- مستر هێریک - ئەگەرچی (کچ) بوو، شووی نەکردبوو - بەڵام بەتەمەن بوو... دیوانی شیعر و ئەدەبی بۆ دەگوتین.

٧- سەرەتای ساڵ ئافرەتێکی مامۆستای (مساعد)یش زمانی ئینگلیزی و خوێندنی E فێر دەکردین، ناوی (مدام رحمەتوڵلا) بوو - ئینگلیز بوو، بەڵام مێردەکەی (السید...



رحمةالله)، عیراقی بوو لە (مدیریة الموانيء) وابزانم، لە بەسرا، وەزیفەیەکی گەورەی هەبوو.



د. صفاء خلوصي

لە مامۆستا عیراقییەکان، کە هەندێکیان دەرسیان پێ داوین، جا لە پۆلی یەکەم، یا ساڵی دووەم و سێیەم... و چوارەم... ئەوانە بوون:

١- د. صفاء خلوصي - ترجمە.

٢- د. جعفر خياط - کتێبی مێژووی عیراق، لە دانانی خۆی (اربعة قرون من تاريخ العراق).

٣- د. نوری جعفر - کتێبی (جۆن دیوی) لە بابەت (علم النفس التربوي) دەدا پێمان.

٤- د. خالد الهاشمي - لە دوای نوری جعفر، ئەویش علم النفسی دەگوتەوە.

لە بەشی ناوخۆ (القسم الداخلي)، کە یەکەم و دووەم ساڵ تێیدا دەژیاین، خانووێک بوو لە گەڕەکی (وەزیریە) و نزیکی بەشی دیراسی بوو. تەنها ئەو سەددەی شەمەندەفەری بەسەردا تێدەپەڕی کە بۆ (جسر الصرافیە) دەچوو، ئەو سەددەیە لە نێوان قسمی داخلی و قسمی دیراسیمان بوو، دەبووایە بەیانیان بەسەریدا ڕەت بووباینە بۆ بەشی خوێندن. (نادی الطلاب)یش، هەر لەو مەجالە بوو، لەودیوی سەددەکە... لەم (نادی)یە دەیەها ئاهەنگمان دەگێڕا، من و جەودەت و برادەرێکی تر تەپڵی لێ ئەدا، ئەو ئاهەنگانەمان دەبردن بەڕێوە.



لەم وێنەیەدا: من کەمانچە دەژەنم، جەودەت یەعقووب عوود، ئەمەش لە سەیرانێک بوو کە قوتابییەکانی پۆلی یەک و دووی بەشی ئینگلیزی پێی هەڵساین و چووینە بەعقووبە و لەناو دارستانێک زۆر خۆشمان رابوارد - بەهاری ساڵی ١٩٥٤ لە چایخانەیەک ئەم وێنەیەمان گرت

لەو ژوورەی، کە لە بەشی ناوخۆ، من تێیدا دەژیم و دەنووستم، ئەو چەند قوتابییەشم لەگەڵدا بوون، ساڵی یەکەم:

١- حازم جواد - کوڕێکی بەغدایی بوو، لە حیزبی

(بەعس) ئەندام بوو... حازم لە ژێر دیواری ژوورەکە بوو... چارپایەکەی لە تەنیشتی لای چەپم بوو. دوای، ئەو کوڕە، لە ئینقیلابی ٨ شوباتی **١٩٦٣** بووە نائیبی سەرۆکی کۆمار (عبدالسلام محمد عارف) و وەزیری ناوخۆی عیراق. حازم لە بەشی (کیمیا) بوو.

٢- فوئادی کوڕی شێخ جەمالی نەقشبەندی، هەولێرییە و برادەرمە... پێکەوە (تخرج)مان کرد. ئێستا دراوسێمە لە شۆڕش و خانەنشینە.

٣- لە هەمان خانوو، بەڵام لە ژوورێکی تر، کاک ئیحسان فوئاد بوو. ئێستاش دکتۆرای هەیە و لە جامیعەی بەغدایە - پسپۆڕی زمانی کوردییە.



ئەم وێنەیەش لە گەشتێکی بۆ سەیران بۆ ناوچەی دیالە و بەعقووبە لە بەهاری ساڵی ١٩٥٤. ئێمەی قوتابییانی پۆلی دووەمی بەشی ئینگلیزی لە "دار المعلمین العالیة". لە وێنەکەدا قوتابی "جەودەت یەعقووب یونان" - موسڵاوییە، کەمان لێ دەدا و منیش عوود لێ دەدەم و گۆرانی دەڵێین.
لە ١٩٥٤/٣/٥ گیراوە

لەم وێنەیەدا ناوی هەندێ قوتابیان دەنووسمەوە کە لە بیرم ماون:

ئەو کوڕەی لە پێشەوەیە و پێدەکەنی و دانیشتووە، قوتابییەکی ئوردونییە، ناوی (سابا عیسا زەنانیری)یە. ئەوەی لە لای دەستی ڕاستییەوە دانیشتووە و هەردوو دەستەکانی لەسەر چۆکانی داناوە، ناوی (ئیسماعیل القاضی)یە و لە خێزانی ناوداری (آل القاضي) بەغدایییە. لە دواوەی ئیسماعیل، یەکەم کچ ناوی (سعاد فرج رزوق)ە، بەسراوییە. لە دواوەی سعاد، کیژێکی جوانی ئوردونییە، ناوی (نوال حشیشۆ)یە. ئەو گەنجەی لە دوای کچەکانەوە، بەتەنیا لە لای درەختە خورمایەکەیە، ئەوە (یوئاو داود بنیامین)ە و لە ئاشوورییەکانی کەرکووکە و زۆر برادەرم بوو، لە I. P. Cیش پێکەوە لە یەک دائیرە کارمەند بووین کە بەشی (کۆگاکان - STORES)یان ناوزەد دەکرد. لە ژێر درەختەکە، لە لای قاچی (یوئاو)ی ڕاست، قوتابی کوردی سلێمانی (حووری عەلی شەوقی)یە. ئەو کچەی پاڵتۆی سپی لەبەرە و پاڵی بەدرەختەکەوە ناوە، کچێکی فەلەستینییە، ناوی (صبا الفاهوم)ە و لە بنەماڵەی (فاهوم)ی فەلەستینییە و چەند لێپرسراوێکی فەلەستینی دەبنە خزمی ئەو کچە، کە یەکێکیان (خالید الفاهوم)ە. ئەو ئافرەتەی دیکەی پاڵی بەدرەختەکەوە ناوە و پرچی مزاشییە، ئەوە مامۆستامان بوو، ناوی (مس هێریک) بوو، خەڵکی بەریتانیا بوو، پرۆفیسۆر بوو لە ئەدەب، بەتایبەتی لە شیعر... لە لای ئێمەش چێژ وەرگرتن لە شیعری کلاسیکی پێ دەگوتین. دەبێتە ئەندامێکی خێزانی شاعیری ناسراوی ئینگلیزی چاخی پێش سەدەی بیستەکان، کە ناوی (جۆن هێریک) بوو. من بەعوود و جەودەت بە(کەمان) ئەوا ئاواز و گۆرانی خۆشیان بۆ لێ دەدەین بەعەرەبی و کوردی...، یوئێل یوسف عەزیز، سەری دیارە لە نێوان من و جەودەت ڕاوەستاوە (مکتوف الایدي!) - کوڕێکی ئاسووری مووسڵە. دوکتۆرای هەیە لە زمانی فەرەنسی... ئێستا لە زانکۆی مووسڵ، سەرۆکی بەشی (زمانە بێگانەکانە).



ئەمەش وێنەیەکی ترە لە هەمان سەیرانمان بۆ باغ و ناوچەی بەعقووبە، کە هەموومان ساڵی یەکەمین یا دووەمی بەشی ئینگلیزی لە (دار المعلمین العالیة) - لە ساڵی **١٩٥٣** گیراوە - لە مانگی مارت (بەهار).

مامۆستا (مس هێریک) کە مامۆستای ئەدەب و شیعر بوو، سەرپەرشتی ئەو سەیرانەی دەکرد.

جەودەت یەعقووب، هاوڕێی مووسڵاویم، کەمانجە لێ ئەدات. من دانیشتووم و عوود لێ ئەدەم. (یوئاو داود بنیامین) لە دواوەم خۆی چەماندووەتە سەر شانم. لە تەنیشت جەودەت، خەلیل ئیبراهیم وەستاوە، بەبلووزەوەیە، ئەو کیژەی لە گۆشەی لای ڕاستی وێنەکە، سەری دیارە، کچە کوردێکە ناوی (نهایە مصطفی مظهر)ە، خەڵکی سلێمانییە.



ئەم وێنەیە، لە مـــــانگی (نیـسـان)ی سـاڵی ١٩٥٥ لە (سلمـان پاک) لە سـەیرانێکی قوتابیانی بەشی (زمانی عەرەبی) گیراوە. من لە پێشەوە وەستاوم و عـەینەکی ڕەش (چاویلکە)م لە چاوە - ئەوەی لە لای دەسـتی ڕاستم وەستاوە... قـوتابی (جلال ایوب صبری)یە، ئێستا دکتۆرای هەیە، بە(د. جـلال الخـیـاط) نـاسـراوە. وا باو بـوو، لە هـەر بەشـێک لە بەشـەکـانی کۆلێجەکەمان، ئەگەر ئاهەنگێک، یا سەفرە (سەیران)ێکیان هەبووایە، منیان دەعوەت دەکرد، تاکو بەعوودەکەمەوە، سەیرانەکان زیاتر بەتام بن! لە دەستی ڕاستی وێنەکە، قوتابی هەولێری کاک مووسا خەلیلە. جا... تەنانەت لە کۆلێجەکانی دیکەش ناوی من و جەوەدەت بلاو بووبۆوە و هەمیشە لە ئاهەنگ و سەیرانەکانی خۆیان، دەعوەت دەکراین و بەدوو قۆڵی ئامادە دەبووین و وامان دەکرد کە زۆر لێمان ڕازی و مەمنوون بن. چونکە ئەو زەمانە، کەم کەس لە قوتابیان هەبوون لە هەموو کۆلێژەکان کەوا مۆسیقاژەن بن. گۆرانیبێژیان تێدا هەبوو، بەڵام مۆسیقاژەنیان نەبوو!

خۆشترین کات، بەڕای هەموو قوتابیانی ناو کۆلێژی ئێمە... ئەو (دە ١٠) دەقیقەی پێش خواردنی جەمی نیوەڕۆیان بوو، کە سەعات (١٢,٥٠ دوانزە و پەنجا دەقیقە)م مەبەستە. چونکە ئێمە خواردنمان سێ جەمە هەر لە (مطعم)ی کۆلێژەکە دەبوو. هەموو قوتابیان و مامۆستاکان، سەعات ١,٠٠ یەکی نیوەڕۆ، زەنگی لێ ئەدا، ئینجا دەچووینە ژوورەوە، بۆ ناو هۆڵە گەورەکەی (مطعم)ەکە. مێزی گەورەی لێ ڕیز کرابوون، بەچوار (سره = ڕیز). هەر مێزەی (١٠ دە) قوتابی لە دەورەی دادەنیشتن.

مێزی تایبەتیش بۆ مامۆستایان لەوسەری هۆڵەکە بوون. جا پێش زەنگ لێدان بە (١٠ دە) دەقیقە، دوا وانە (یا موحازەرە) تەواو دەبوو و هەموو قوتابیان دەردەچوون لە بەشی دیراسی و لەو (ممر)ەی لە نێوان بینایەی دیراسی و بینایەی (مطعم) بوو، کە ڕێگایەکی



قیرتاو کرابوو و لە لای ڕاستییەوەش باخچەیەکی گەورەی پڕ دار و درەخت و فریز و گوڵ بوو. ئا لەو باخچەیە و یا لەسەر ڕێگای هاتوچۆی بۆ خواردنگەکە، قوتابیان، دوو دوو، سێ سێ، چوار چوار... کوڕ و کچ و هەریەک هەڤاڵ یا دڵدار یا خۆشەویست لەگەڵیا، پیاسە دەکرا!



ئەم وێنەیە لە (مطعم الکلیـــة) وەرگیـراوە لە ڕۆژی ١٩٥٥/١٢/١٣ لە کاتی خواردنی جەمی نیوەڕۆ.

وێنەکە مێزی ئێمە نیشان دەدات. من لە سەرووی مێزەکەوە دانیشتووم و سەیری کامێرا دەکەم یەکسەر! لە تەنیشتی دەستی چەپمەوە، قوتابی ئاسووری، مووسڵاوی، یوئێل یوسف عەزیز، تەنها سەلکی دیارە و سەیری کامێرا دەکات. قوتابیەکەی ترکە باش دیارە هەر لە ڕیزی یوئێل، ناوی فوئاد داود سەلمانە. ئینجا لەم سەرەی مێز نزیکی کامێرا، ئاوڕی داوەتەوە و سەیری وێنەگر دەکات و دەویشی پڕ خواردنە، ناوی (ئیدریس ڕەزوقی النقاش)ە، ئەویش مووسڵاویە، پێدەکەنێ.

لە ڕیزەکەی بەرامبەر ئەو هەڤاڵانەم، تەنها قوتابی کاک ئیحسان فوئاد باش دیارە، خەریکی خواردنە، کوردە. ئەو کیژانەی لە پێشەوە دیارن، سەر بەمێزەکەی پێش مێزی ئێمەنە و لەگەڵما نین.

من و جەوەدەت و چەند قوتابییێکی کچ و کوڕی دیکە، لیژنەیەکمان پێکهێنا بوو بەسەرپەرشتی معاون عەمیدی کوللیەمان (د. راشد عبداللطیف) بوو. مەبەستمان سەرپەرشتی ڕۆشنبیری هونەری مۆسیقا بوو بۆ ئەو قوتابیانەی خو و هیوایەتی مۆسیقایان هەبوو، هەروەها سازدانی ئاهەنگ و ئامادەکردنی چالاکی جۆراوجۆری هونەری سەر شانۆ. ناوە ناوەش پسپۆڕێکی مۆسیقامان دەعوەت دەکرد بێت لە هۆڵی کۆلێژەکە (موحازەرەیەک) پێشکەش بکات لەسەر بابەتێکی مۆسیقا یا ئاهەنگێکی مۆسیقای کلاسیک مانگی جارێک، لەسەر قەوان پێشکەش دەکرا.



— بلغ مج...
لغاية شهر ايلول ١٩٢٥ر٢١ ك...
١٢ر٨٢٤ كتابا باللغة العربية ...
البقية فبلغات مختلفة .
— تشكلت لجنة الموسيقى والفنون
فى دار المعلمين العالية من الطلبة
اندريوس خمو وجودت يعقوب ونزار
عبد الوهاب والانسة سميرة عبد
اللطيف تحت اشراف معاون العميد
الدكتور راشد عبد اللطيف وقررت هذه
اللجنة اقامة حفلات موسيقية كلاسيك
فى قاعة الكلية كما ستنظم حفلات
غناء وتمثيل وعزف فى بداية كل شهر .
جريدة الاخبار ١١/١٢/٥٥

ئەم هەواڵەش لە ڕۆژنامەی (الاخبار)ی ڕۆژی ١١/١٢/١٩٥٥دا بڵاو کراوەتەوە، وێنەی هەواڵەکەش ئەمەیە کە لێرەدایە.

لەم کۆلێجە هەموو ساڵ، ڕۆژی (٥ی مایس) بەڕۆژی کولیەکە دانرا بوو ئاهەنگ و پێشبڕکێی وەرزشی دەکرا وەک لەم وێنەدا. من و جەودەت، لە ناوەندی ڕیزی یەکەم دانیشتووین و من چاویلکەی هەتاوم لە چاوە. ئەم



برادەرەم، جەودەت یەعقووب، حەزی لە کیژێکی قوتابی کردبوو ناوی (جۆزفین یەعقووب) بوو لە بەشی کیمیا بوو. ئەمانە هەردووک خوێندنیان لێرە بەجێهێشت و باوکیان دەوڵەمەند بوون. دوای مارەکردنیان و ئاهەنگی ژنهێنانی، جەودەت بەخۆ و بەژنەوە چوونە ئەمریکا و ئێستا لەوێ نیشتەجێن.



(Jerry Lebeck photo)
UEST MUSICIAN—Jaodat Yonan of Iraq, played before a
anding room only crowd at the International Festival at
onterey Peninsula College last Saturday. Yonan, now at
e Army Language School, was among a large number of
performers representing many nations of the world.

کاک جەودەت زوو زوو کاغەزی بۆ دەناردم و دەیگوت لەوێش وازی لە مۆسیقا نەهێناوە و لە ئاهەنگ و بەزم و بۆنەی ئەوی بەشداری دەکات و وێنەی خۆی بۆ دەناردم. ئەم وێنەی خوارەوەش کاک جەودەتە لە پێش مایکرۆفۆن، لە ئاهەنگێکی کە لە کۆلێجی (مونێری پێنینسولا، گیڕدراوە لە ڕۆژی ڤیستیڤاڵی جیهانی)

لە لایەنەکەی تری ژیانم جگە لە ژیانی قوتابیاتیم،



لە ئێزگەی ڕادیۆی عێراق - بەشی کوردی - لە بەغدا، ئاهەنگی هەفتانەم هەبوو کە ڕاستەوخۆ، پەخش دەکران - هەر هەفتەی بەردەوام ڕۆژێکم هەبوو، لە سەعات و دەقیقەی تایبەت، ئاهەنگەکەم دەستی پێ دەکرد. سەرەتا نیو سەعاتم بۆ دانرا بوو. بەڵام من مەقامم نەدەگوت، بۆیە داوام کرد لە کاک (کامل ئەمین) موشریفی ئێزگە، کە ماوەکەم کورت بکەنەوە بۆ ٢٠ دەقیقە، چونکە من (بەستە) دەڵێم. دواییش کردمانە (١٥ پانزە دەقیقە). هەر جارەش دوو یا سێ بەستەم پێشکەش دەکرد.

ئەو بەشەی کوردییە خزمەتێکی زۆری هونەری ئاواز و گۆرانی کردووە و سەدەها گۆرانی کۆن و فۆلکلۆر لە ئەرشیفەکەی پارێزراوە.

ئەوانەی لە پەنجاکانا لەو ئێزگەیە کاریان دەکرد، زۆربەیان لە دائیرەکانی جیا جیای حکوومەت کارمەند و موەزەف



بوون. بۆیە ئیزاعەکە دەوامی لە دوای نیوەڕۆ لە سەعات چوارەوە بەولاوە تا سەعات ٨ بەردەوام دەبوو.

١- مامۆستا کامیل کاکەمین سەرپەرشتی (موشریف)ی ئێزگە بوو.
٢- کاک عادیل عیرفان - بێژەر (مذیع).
٣- کاک ڕەفیق چالاک - بێژەر و ئەکتەر بوو.
٤- دوای یەک ساڵ یان دوو ساڵ، کاک حوسێن قەرەداغی هات وەک بێژەر دەوامی کرد تا شەستەکان لەوێ بوو.
٥- سەلاح عیرفان - وتاری هەبوو، دوایی بوو بەبێژەر...
٦- مامۆستا کەریم سەعید زانستی، موتەرجیم بوو.
٧- مامۆستا ڕەمزی قەزاز - موتەرجیم.
٨- مامۆستا ڕەئووف بەگ لە بەشی (ئەرشیف) بوو...

لە بیرمە مامۆستا کەریم سەعید زانستی، پارچە شیعرێکی نیشتمانی جوانی دامێ و

کردم بەگۆرانی، لەسەر ئاوازی مەقامی (حجاز کار کورد) زۆر خۆش بوو هەر هەفتەی جارێک، بەلای کەمەوە، پێشکەش دەکرا.

هەر بەهۆی چوونم بۆ ئێزگە، ئاشنایەتی و هاوڕێیاتیم لەگەڵ دەیەها هونەرمەندی گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنی کورد و عەرەب پەیدا کرد و کاتی خۆشمان پێکەوە بەسەر دەبرد لە کاتی هەبوونی ئاهەنگی گشتی لە هۆڵی (مەلیک فەیسەڵی دووەم) کە لە (باب المعظم) بوو نزیک وەزارەتی بەرگری. یا هەر لە ئێزگە لە ڕۆژانی جەژنی قوربان و ڕەمەزان و جەژنی (تەتویج)ی مەلیک فەیسەڵی دووەم... تاد، وەک هونەرمەندان: عەلی مەردان، ئەحمەد خەلیل (عوودژەن – دواتر بوو بەگۆرانیبێژ)، ئەڵماس محەمەد، نەسرین شێروان، فەوزیە محەمەد، شەماڵ سائیب، قادر دیلان، جەمیل بەشیر، ڕەفیق چالاک، حەسەن جەزراوی، حەسەن زیرەک، لە ساڵی ١٩٥٤ەوە هاتە ئێزگە (یان لە دوا دوای ١٩٥٣ بوو)، رضا علی، ناظم الغزالي، مائیدە نەزهەت و... زۆری تر لە هونەرمەندانی ئێزگەی ئەو ساڵانە، کە بەڕاستی ساڵانی (چاخی) زێڕینی گۆرانی عیراقی بوون چ کوردی و چ عەرەبی... هەروەها چاکترین ئاواز دانەر لەو ساڵانەی پەنجاکان پەیدا بوون!

من، هەمیشە، ئەو ڕۆژەی ئاهەنگم هەبووایە لە ئێزگە، زوو دەچوومە ئەوێ. بە(پاسی مەسڵەحە) لە وەزیرییەوە، ژمارە (٧) دەچوومە باب المعظم. لەوێش ئینجا سواری پاصێکی تر دەبووم کە بە(شارع) ڕەشیدەوە، بەرەو (صالحیە) دەچوو کە ئێزگەکەش هەر لەوێیە و تا ئێستاش هەر لەو شوێنەیە، کە (ئێمە ئێستا لە ساڵی ٢٠٠٤ داین، کە من ئەو بیرەوەرییانەم دەنووسم). لەگەڵ گۆرانییەکانم، خۆم عوودم لێ ئەدا، چونکە مۆسیقاژەنەکان هەموو عەرەب بوون، بەزەحمەت، بەبێ ئالەت، ئاوازە کوردییەکان فێر دەبوون. بەڵام من بەعوودەوە لەگەڵیانا، بەیەک دوو پرۆڤە، ئاوازەکەم باش فێر دەبوون.

هەروەها بۆ ئەوەی لە کاتی پەخش کە ڕاستەوخۆ بوو، هەڵە نەکەن...



ئەم وێنەیەم لە کاتی پرۆڤەکردندا لەگەڵ تیپەکەی ئێزگەی کوردی، بۆ ئاهەنگی ئەو ڕۆژە، کە ڕۆژی چوارشەممە بوو ڕێکەوتی ١٩٥٥/١٢/٢١ بوو.



شمشاڵژەن (ئایڤن بەهنام) و قانوونژەن (عبدالاحد جرجیس) و تەپڵ ژەن (ئیبراهیم خەلیل) دیارن. جا سەیری مایکرۆفۆنەکانی ئەوسای ئیزاعەش بکەن و لەگەڵ مایکرۆفۆنی ئێستای کە پێی دەڵێن (نێک مایک Neck Mick) کە لە یاخەمان قایم دەکەن هەندی دەنکە (نۆک)ێکە، بەراوردیان بکەن! بزانن گەیشتووینەتە چە زەمانێک و عەسرێکی پێشکەوتوو لە تەکنەلۆژیا و بەڵام دواکەوتوو لە هەموو شتێ: لە مافی مرۆڤ، کە هەمیشە و لە هەموو شوێن و کۆمەڵێک پێشێل دەکرێ، دواکەوتووین لە خوو و ڕەوشتی جوان بەدوو سەفاهەت و خیلاعەت و فەسادی ئەخلاقی و بێ ویژدانی مرۆڤی ئەمڕۆ... کە زۆر دوورن لە هەموو ئامۆژگاری و قانوون و نامووسی دیانەت و ئایینەکان... تەنانەت لە خوو و ڕەوشتی ئەو ئایینانەش کە ئیمانیان بەخوای خالیق نییە و گا پەرست و ئاو پەرست و بەرد پەرستن. ئەمڕۆ، لە چاخی بیست و یەکی زایینی، ساڵی ٢٠٠٤ داینە و لەو عیراقە بچووکە هەموو ڕۆژێ دەیەها کەس دەکوژرێن بەدەست خەڵکانی تیرۆریست کە بوویتە شتێکی یەکجار بێ عەقڵی و بێ هۆشی ئەو کەسانەی لەسەر هیچ و خۆڕایی، خەڵک بەکۆمەڵ دەکوژن! کوا داب و نەریتی کوردەواری و ئەخلاقی جوانی مرۆڤی کوردی بەشەرەف... ئەوانە لە چ دۆزەخێکەوە هاتوون کە وڵاتیان کردووە بەمەیدانی کوشتار...؟ ئاگر بەردانە ناو خەڵک و سەر بڕینی ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە! ئەمانە چ خوایەک دەپەرستن؟؟ نەخێر! ئەو کارانە تەنها شەیتانی لەعین فێری هەندێ کەسی دواکەوتوو... و ئەوانەی نەخۆشی دەروونییان هەیە... ئەوانەی دین و ئایین و شەریعەت و ڕێگای ڕاستی خوا ناناسن... بەدوای شەیتان کەوتوون! شەیتانی دوژمنی خوا و بەشەر و هەموو شت!!.

بەڵام هەر کۆتاییان دێت و ئەخلاق و ڕەوشتی ئاسمانی سەردەکەوێ! ئەوان بۆ ناو ئاگری دۆزەخ و جەهەنەمی (بلا نهاية) هەتا ئەبەد دەسووتێن و هاوار دەکەن... شەیتانیش، ئەو کات، بەهانایانەوە نایەت!

بەختم زۆر چاک بوو کە لە (دار المعلمين العالية) لەگەڵما، کاک مەجید ئەحمەد ئاسنگەر و کاک بورهان نجم الدين... قوتابی بوون، ساڵێک لە پێش من بوون. ئەوانە، بەتایبەتی کاک مەجید زۆر شیعری ناسکی بۆ دادەنام و منیش ئاوازم بۆیان دادەنا و دەمکردن بەگۆرانی خۆش، لە ئێزگە پێشکەشم دەکردن.

لە شیعرەکانی کاک مەجید ئاسنگەر ئەم گۆرانییانەم تۆمار و پێشکەش کردن، گەرچی ئێستا زۆربەیان نەماون!!



وێنەی ئاهەنگێکی گۆرانی هەفتانەم لە ئێزگەی رادیۆی کوردی بەغدا ساڵی ١٩٥٤.
١- خۆم بەعوودەوە. ٢- جوزیف کەمانجە. ٣- عەبدولئەحەد جەرجیس قانون. ٤- ئایڤن بەهنام شمشاڵ. ٥- ئیبراهیم خەلیل

١- مژدە لە گەلی یاران وا جەژنەیان هاتەوە.

٢- گوڵ و بولبول من و یار لە نێو باخێ بەختیار.

٣- نازەکەم چاوبازەکەم هەی نازەنین.

٤- من کوشتەی تۆمە ئەی یار.

٥- وەرە لام بژی خۆشەویستم بە.

٦- بەجێت هێشتم ئەی بێ وەفا.

٧- چاو جوان کیژێ جیرانم تۆی تەنیا دەزگیرانم.

لە شیعرەکانی کاک بورهان شێخ نەجمەددین بەرزنجی گۆرانی: (بەخێر بێیتەوە)م پێشکەش کرد لە ئاوازی خۆم.

هەموو شەوانی هەینی، واتا پێنج شەممە لەسەر هەینی، من و چەند برادەرێک دەچووینە مەلهایەک وەک (ملهی لیالي الصفا) کە لەوبەری جسری (صالحیة) بوو کە بۆ لای پەیکەری (مەلیک فەیسەڵی یەکەم) دەپەڕینەوە، لەوسەر، بەلای چەپی جسر دەسووڕاینەوە، مەلهایەکە لەوێ بوو. گۆرانیبێژی لوبنانی (نەهاوەند) هەموو شەوێک لەو مەلهایە گۆرانی دەگوت و خۆشترین گۆرانیشی (يابا يابا شلون عيون عندك يابه) کە لە ئاوازی گۆرانیبێژی، بەئەسڵ کورد، ڕەزا عەلی بوو - یا لە (پارادایس) کە (عەفیفە ئەسکەندەر) گۆرانی دەگوت، ڕامان دەبوارد. یاخود زۆر شەوانی هەینی دەچووینە شەقامی (ابو نواس) و (مەسگوف)ێکمان داوا دەکرد لەو ماسی فرۆشانە... ئینجا کە ئامادە دەبوو، خواردنەوەشمان دەکڕی و (بەلەمێک)مان بەکرێ دەگرت و لەسەر ڕووی ئاوی (دیجلە)ی خێر، ئێمەی دەبردە ئەوسەری بەغدا و دەیهێنایەنەوە سەرەکەی تری بەغدا... ئێمەش بەقسە و فشقیات و بەعوود و گۆرانی عەرەبی عیراقی و میسری و کوردی تا درەنگی شەو لەسەر ئەو بەزمە بەردەوام دەبووین.





بۆ جەژن و پشووی هاوین و نیوەی ساڵیش دەگەڕامەوە کەرکووک و لەگەڵ برادەر و خزمان ڕۆژان و شەوانی پڕ تام و چێژ و پاکی بێ گەردمان ڕادەبوارد.




لەو ساڵانە... فیلیپی برام و باوکم لە کۆمپانیای (KAT) کە ڕێگای سلێمانییان بەمقاوەلە لە حکوومەت وەرگرتبوو قیرتاوی (فنّي) بکەن. مەقەریان، بەشێک لە خیوەتگایەک، نزیک چەمچەماڵ بوو، هەندێکیشیان لە سەرچنار بوون. باوکم لە سەرچنار چێشتی بۆ لێدەنان، واتا (طبّاخ) بوو. فیلیپ (ملاحظ عمل) بوو لە سەر ڕێگا، لە نزیک دەربەندی بازیان، خانووێکی بچکۆلە، وەک (مەکتەب)ی کۆمپانیاکەی لێ دروست کرابوو، ئەو لەو مەکتەبە، ئیشی نووسین و سەرپەرشتی کاری کرێکارەکانی دەکرد.

خزمێکیشمان ناوی (جۆرج) بوو، ئەندازیاری/عیراقی ڕێگاوبانەکە و پردەکان بوو - وەکیلی ئەندازیاری کۆمپانیاکە بوو. جا جۆرج خانووێکی لە (چەمچەماڵ) گرتبوو. خێزان و منداڵەکانی بردبوونە ئەوێ. جا بۆ سەری ساڵی ١٩٥٦/١٩٥٥ لە شەوی کریسمس، سەیارەیەکی بۆ ناردم کە بچمە ماڵیان دەعوەتی کردم، من و برا و خوشکم و هەروەها ئەمیرە و باوکی، ئەوەش لەبەر خاتری من. هەروەها هەموو کارمەندە بێگانەکانی کۆمپانیاکە و فیلیپی برامی دەعوەت کردبوون. ئێمەش لە کەرکووکەوە بەلاندرۆڤەرێکی ئەو شەریکەیە، چووین! بەڕاستی سەفەرەکە زۆر خۆش و بەسوود بوو، بۆ من بەڕادان درا بوو! کاک جۆرج، هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، ئینگلیزییەکی باشی دەزانی! جا من گۆرانی فريد الاطرش و عیراقی و کوردیم دەگوت، ئەویش هەندێ وشەکانی بۆیان تەرجەمە دەکرد.

تاوێکیش، کاتی مەغریب، هەموومان بەسەر گردەکەی تەنیشت چەمچەماڵ کەوتین، ئەوسا دوور بوو، کەمێک، بەلای ڕاستی شارۆچکەکە بوو - جا من لە پێشەوە بەسەر دەکەوتم، لە دواوەش ماری و باقی کەسەکان. ئای چ ڕۆژانی خۆشمان ڕابوارد لەم سەفەرەماندا! سوپاس بۆ جۆرج!. سڵاو لە گیانی بێ. کابرایەکی بەزەوق بوو. بیری لە هەموو شتێک دەکردەوە و بەرێکوپێکی ئەنجامی ئەدا!

لە مامۆستا کەریم مستەفا (شارەزا) چەند شیعرێکم پێ گەیشت لەو ماوەی کە لە بەغدا بووم. خۆم کاغەزم بۆی دەنارد، ئەگەر پێویستیم بەشیعرێکی ئەو بووایە. جا بەگوێرەی داواکارییەکەم و وەسفەکەی کە من حەزم دەکرد گۆرانییەکە چۆن چۆنی بێ و باسی چی بکات، ئەویش زۆر باش، بەگوێرەی دڵم، بۆی دەناردم! کە دەچوومە کۆیەش خۆم لەگەڵ کاک کەریم پێوەندیم دەکرد و ئەو جۆرە شیعرەی بمویستبا یا خۆی ئەگەر هەیبا - حازر بەدەست -، لێم وەردەگرت کە دەچوومەوە کەرکووک یا بەغدا... ئامادەم دەکرد وەک گۆرانی و لە ئێزگە، لە ئاهەنگەکانی خۆم، پێشکەشم دەکردن: هەندێکیان ون بووین لە ئێزگە، ئەو شیعرانەی لە بیرم ماون و کردوومن بەگۆرانی ئەوانەی خوارەوەن:

١- جوانی.

٢- کیژۆڵەی ناسک.

٣-سروودی لە خەو ڕاپەڕە.

٤- ئەڵێن جوانە.

٥- سروودی: شاری کۆیە.

٦- نەورۆزە مەستم...



لە ساڵی ١٩٥٥، لە هاوینا و لە سەردانێکم بۆ کۆیە لەگەڵ ڕەحمەتی هورمزی کوڕی ئەسکەندەری وێنەگر...، پێوەندیم کرد بەشاعیری کۆیی، بەشاعیر کاک جەلال جۆبار... داوای هەندێ شیعرم لێی کرد... ئەوە بوو ڕۆژێک دەفتەرەکەی هێنا و پێکەوە چووینە باخچەیەکی نزیک و لە ژێر سێبەری هەندێ درەخت، لە ناو گیاکە دانیشتین و دەستی کرد بەخوێندنەوەی هەندێ لەو هەڵبەستانەی کە هۆنیبوونیەوە و لە نێو دەفتەرەکەیدا



بوون. ئەوی هەستی دەبزواندم و یەکسەر دەچووە دڵمەوە، دەمنووسییەوە بۆ خۆم. جارێکیش یا زیاتر خۆم بەنامە، بۆم نووسیوە و داوای شیعرم لێی کردووە و ئەویش یەکسەر بۆی دەناردم. لەو هەڵبەستانەی کاک جۆبار، کە کردوومن بەگۆرانی و لە ئێزگە تۆمارم کردوون، ئەوانەن:

١- بەهیوات گیانە.

٢- چنارۆک.

٣-



لەم وێنەیەدا: لە ڕاستەوە: ١- مامۆستا کەریم مستەفا شارەزا. ٢- من "باکووری". ٣- ئیسحاق خواجە ئەبرەهە لەسەر حەوزی ئاوی ناو حەوشی یانەی فەرمانبەرانی کۆیە، ساڵی ١٩٥٨ وێنەکە گیراوە.

هەروەها لە شیعری شاعیری ناوداری کوردی دیکەش، کلاسیکییەکان زیاتر، ئاوازم بۆ چەندین هەڵبەستی ئەوانیش داناوە: بۆ نموونە:

١- ساقی عەقیقی شەراب بنوێنە: شیعری (خەیام) و گۆڕینی بۆ کوردی لە لایەن خوالێخۆشبوو شێخ سەلام.

٢- نازانم تۆ چیت ئەی گیان - شیعری گۆران.

٣- بەئەبرۆت کوژراوم - شیعری سافی هیرانی.

٤- شادی قەلبی حەزینم - شیعری سافی هیرانی.

خۆشم دەستی شیعر نووسینم هەیە و لە سەرەتای پەنجاکانا دەستم کردووە بەشیعر نووسین بەکوردی و چەند پارچە هەڵبەستێکم لە گۆڤاری (پەیام) کە لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا دەردەچوو و ڕەحمەتی داماو - حوسێن حوزنی موکریانی، سەرنووسەری بوو، بۆمیان بڵاو کردووەتەوە: لەوانی لە بیرم ماون:

١- بەهار وا ڕۆیی هاتەوە هاوین...

٢- نەسرین وا بەهار گەڕایەوە...

شاعیرانی دیکە زۆریان شیعر داوە پێم و بۆیان ناردووم... زۆریانم کردوون بەبەستەی خۆش بەڵام وا چاوەڕێی دەرفەت و ڕوخسەتی منن تاکو رووناکی ببینن: منیش جارێ، لەو هەرایەی پەیدا بووە و ئەو هەموو گۆرانیبێژانەی لە لەنگە زۆر زۆرترن و ئەو گۆرانییە پروپووچانە، هەر شەرم دەکەم خۆم لە گۆرانی گوتن بدەم!

لە ساڵی ١٩٥٤ کاک قادر دیلان و کاک ولیەم یۆحەننا و بەهجەت ڕەشید و نەجات عەبدە و حاتەم سەعید و هادی عەنبەر و یەک دووانێکی تر، لە سلێمانی تیپێکی ڕێکوپێکیان پێکهێنا و لە موناسەبەتەکان و هەندێ شەو لە یانەی فەرمانبەران، ئاهەنگی گۆرانییان دەگێڕا... و ناویان بلاو بۆوە... دواتریش ناویان لە تیپەکەیان نا (تیپی مۆسیقای مەولەوی). ئەم تیپە بەیەکەمین تیپی مۆسیقای کوردی دەژمێردرێ لە هەموو کوردستان. بەڕاستیش هەوڵ و کۆششی ئەم گەنجە خوێن گەرمانە و خاوەن بەهرەی خۆرسکی هونەری مۆسیقا، ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە دانانی بناغەی مۆسیقای کوردی، کە لە پاشان هەر تەئسیری ئەوان بوو، گەنجی تریش بەدوای فێربوونی مۆسیقا کەوتن و پەنایان دەبردە بەر ئەم مامۆستایانە و ئەوانیش، خوا هەڵناگرێ، قەت درێغییان نەکرد لە فێرکردنی هەر کەسێکی ئەم خولیایەی لە مێشکدا پەیدا بووایە! بەتایبەتی مامۆستا ولیەم کە وەک خۆی دەڵێ، لە قوتابخانە سەرەتاییەکانەوە دەستی پێ کرد و ئینجا لە قوتابخانەکانی تر وەک ناوەندی و دواناوەندی و دار المعلمین و تا زانکۆی سلێمانیش دامەزرا...! هەروەها دەیەها گەنج لەسەر دەستی خوالێخۆشبوو قادر دیلان فێرە مۆسیقا بوون! ئەمە جگە لە دانانی دەیەها مۆسیقا بۆ گۆرانی تازە، بۆ گۆرانیبێژانی لاوی وەک: شەماڵ سائیب، عومەر ڕەزا، حەسەن زیرەک، عوسمان سابوونچی، عوسمان شارباژێری، عوسمان عەلی و حەمەی نێرگز... تاد.



## خزمایەتیم لەگەڵ کاک ولیەم یۆحەننای هونەرمەند

فیلیپی برام، خوای لێ خۆش بێ، لەو ماوەیە هاتبووە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار و بووبووە (فۆرمەن – ملاحظ) و هاتوچۆی ماڵی کاک ولیەمی دەکرد. ئەوە بوو هاتە لام لە بەغدا و داوای لێم کرد، کە وا بکەم کاک ولیەم ڕازی بکەم قبووڵ بکات کە (جۆلێت)ی خوشکی گەورەی بەشوو بدەن بۆ فیلیپ.

من هەڵبەتە، پێشتر لەگەڵ تیپی مەولەوی، زۆر پێوەندیم پتەو بوو. چونکە سەرۆکی تیپەکە لە سەرەتای پەنجاکان کە من بوومە گۆرانیبێژی ئێزگە، کاک قادر دیلان کە سەرپەرشتی تیپەکەی بەشی کوردی دەکرد و بەکلارنێت، بەشداری دەکرد لەگەڵ گۆرانیبێژان. نێوان من و ئەو و کاک شەماڵ سائیب زۆر پتەو و توند و خۆش بوو. کە قادریش ئێزگەی بەجێهێشت و چۆوە سلێمانی، منیش کە هاوینان سەرم لە باوکم و فیلیپ ئەدا، دەشچوومە لای کاک قادر و بەهجەت و کاک ولیەم. واتا ڕێگا مەیلەو خۆش بوو بۆ جێبەجێ کردنی داواکەی فیلیپی برام.



وێنەیەکی "فیلیپ"ی برام لە کارگە چیمەنتۆی سلێمانی ١٩٥٧

ئەوە بوو، بەو نیازەوە، ڕۆژێک چوومە سلێمانی و بەکاک قادر دیلانم گوت، ئەو ئاگادار بوو! فیلیپ پێی گوتبوو! کاک فیلیپ ئەوسا، لەسەر ڕێگای (دەربەندیخان) ئیشی دەکرد لەگەڵ ئەندازیارە فەرەنسییەکان. بۆیە لە دێی (عەربەت) خانووێکی خۆشی بەگەچ و بەرد دروستکراویان دابوویە تێیدا بژی و بحەسێتەوە، نزیک پرۆژەکەیان. عەمەلەیەکیش پێویستی بۆ دابین دەکرد وەک خواردن و پاککردنەوەی خانووەکە و... تاد. جا ئەو ڕۆژەی من گەیشتمە سلێمانی کاک فیلیپ هەموو تیپی مۆسیقای مەولەوی و من و حەسەن زیرەکیش کە بەتەسادوف لە سلێمانی بوو، هەروەها جەوادی شەفیق ئاغای تۆبزاوای/کۆیە، ئەویش لە خیوەتێک دەژیا، نزیک پردی قلیاسان و برادەری فیلیپ بوو، کاک جەوادیش لە هەمان پرۆژە کاری دەکرد – هەموومان ئەو شەوە



وێنەیەکی کاک ولیەم یۆحەننای هونەرمەند، لەکاتێکی ئینسجامێکی تەواو لەگەڵ "چەلۆ" و پرۆڤە کردن – ساڵی ١٩٥٥ لە ماڵی خۆیان، لە سلێمانی گیراوە

بەسەیارەی (جیب) چووینە خانووەکەی فیلیپ لە عەربەت. خواردن و عەرەق و مەزەی ئامادە کردبوو. ئیتر لێی دانیشتین تا بەرەبەیان... دەنگی حەسەن زیرەکیش ناوچەکەی پڕ کردبوو و وسکت نەدەبوو! خەڵکێکی زۆر، دوای ئەوەی گوێبیستی هەواڵی هاتنمان بوون... هاتنە ناو حەوشەکە و گوێیان لە مۆسیقای مەولەوی و گۆرانییەکانی زیرەک بەشەوقەوە ڕاگرتبوو!

بەشەوێکی درەنگ گەڕاینەوە سلێمانی و کاک ولیەم منی بردەوە ماڵی خۆیان و لە لای ئەو، لە ژوورە تایبەتەکەی، نووستم. ئیتر بۆ بەیانی باسەکەم بۆ دایک و باوک و هەموو خێزانەکە کرد و کاک ولیەمیش هەر ڕازی بوو. ئەوە بوو مەوعیدێکمان دانا کە بێین نیشان و خواستن و بردنی (جولێت) بەیەک ڕۆژ بکەین و بیبەین لەگەڵ خۆمان بۆ کەرکووک و لەوێ، لە کەنیسە، مارە بکرێن!

بەم جۆرە بوو ژنهێنانی کاک فیلیپ. ئینجا لە پرۆژەی دەربەندیخانەوە، کاری تەواو، هاتە سلێمانی و بەهۆی برادەران، بووە کارمەندی (ملاحظ) لە پرۆژە یا کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی.



وێنەی فۆتۆگرافی – کاک ولیەم بە"ئۆکوردیۆن" لەگەڵ هونەرمەندی مۆسیقاری رابەر کاک قادر دیلان، بەکلارنێت و هونەرمەندێکی دیکەی تەپڵ "ئیقاع" ژەن، لە ئاهەنگێکی خنجیلانە، لە یانەی فەرمانبەرانی سلێمانی، زستانی ساڵی ١٩٥٥





ئەوەی سیدارەی لەسەرە کاک فەخری بامەڕنی گۆرانیبێژە منیش وا لە گۆشەی لای چەپ سەیری کامێرا دەکەم

لە (دار المعلمین العالیە)ش ڕابواردنی خۆشم هەبوو لەگەڵ برادەران... بەتایبەتی لە کاری هونەری مۆسیقا و گۆرانی و نواندن (شانۆ و شانۆگەری). هەروەها لە کۆلێژەکانی تر، قوتابیە کوردەکانی ئەو کوللیاتانە، دەعوەتیان دەکردین بۆ ئاهەنگەکانی خۆیان وەک لەم وێنەیەی خوارەوە کە لە (شوباتی ١٩٥٧) کاتێ ئاهەنگێکی قوتابیان لە کۆلێجی (الاداب والعلوم) ساز درا، لە وێنەکەدا کاک (صنعان أمین) دیارە. جا من و کاک (فەخری بامەڕنی) ئامادەی بووین.



وێنەیەک لە چالاکییەکانی تیپە مۆسیقاییبەکەمان لە دار المعلمین العالیە، ئاهەنگێکی (یەکترناسینی قوتابیان) کە لە هۆڵی کۆلیجەکەمان بەڕێوە چوو. لەسەر شانۆ، لە لای چەپ جەودەت یەعقووب یۆنان، بە کەمان و من بەعوود و دوو قوتابی تر ئیقاعیان گرتووە.

لە خوارەوە، لە بەردەممان، لە لای چەپەوە مامۆستایەکی ئافرەتە، خەڵکی ئەڵمانیا بوو، خێزانی (دکتۆر جابر عومەر) بوو، لە (دار...) دەرسی زمانی ئەڵمانی دەدایەوە. مێردەکەشی، د. جابر، هەر لەم کۆلێژە موحازەراتی هەبوو لە (علم النفس التربوی) لە قوژبنەکەی لای ڕاستی وێنەکە، هونەرمەند کاک شەماڵ سائیب دانیشتووە و کتێبێکی بەدەستەوەیە و سەیری دەکات.

هەندێ جاریش لەو ئاهەنگانەی دەمانکردن، دەچوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، کە

نزیکمان بوو هەر لە (وەزیریە) بوو. لەوێ یەک دوو برادەرمان هەبوو لە بەشی مۆسیقا، من و کاک جەودەت دەعوەتمان دەکردن و دەمانهێنان بۆ بەشداری کردن لەگەڵمانا لە پێشکەشکردنی گۆرانی و مۆسیقاکان. جا پێش دەستپێکردنی ئاهەنگەکە، لەسەر گۆرانییەکان، کە هەندێکیان بەکوردی و ئاسووری بوون من دەمگوتن و، ئەوانی تریش عەرەبی بوون، پرۆڤەیەکی باشمان دەکرد.

لەم وێنەی خوارەوە یەکێک لەو ئاهەنگانەیە کە قوتابییانی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانمان لەگەڵدایە و یارمەتیمان دەدەن:



لە پێشەوە، لە لای ڕاستەوە، بەتەپڵ (ئیقاع)، قوتابی پەیمانگا (زەکی شەلەح) بەشداری دەکات. من بەعوودەوە و لە دواوەمان، لە لای چەپی وێنەکە کاک جەودەت بەکراسی سپییەوە، کەمانچە دەژەنێ، لەگەڵ دوو هاوڕێی قوتابی تر. ئەوەی ناوەند، ناوەکەیم لە بیر نەماوە. بەڵام ئەوەی لە لای ڕاستەوەیە، کەمانچەکەش بەعەکسەوە لێ دەدا، چونکە (چەپاوییە)، ئەوە ناوی (مونیر الوکیل)ە و دەبێتە خاڵی هونەرمەند کاک ولیەم یوحەننا. چەند ساڵێ لەمەوپێش، بەنەخۆشی (شەکرە) کۆچی دوایی کرد. ئەوەکەی تر، کە تەنها سەلکی دیارە لە پشت مێزەکەوە، ناوی (نزار)ە، قوتابی خۆمان بوو.

گەلێ جاری واش هەبوو دەچوومە ئێزگە و چەند مۆسیقاژەنێکی بەشی کوردیم دەهێنان لەگەڵ هەر گۆرانیبێژێکێ ڕێک کەوتبا لەوێ بمدیبایە، جا کورد بووایە یا عەرەب. زۆر بەدڵێکی فراوان و پڕ خۆشەویستی بۆ خۆم و بۆ بزووتنەوەی چالاکی هونەری لە نێوان قوتابییانی کوللیاتەکان، بەدەنگمەوە دەهاتن و دەعوەتەکەیان قبووڵ دەکردم، وەک لەم یەک دوو وێنەدا دیارە:





لەم وێنەیەماندا، لە ئاهەنگێکی خۆمان لە هۆڵی (دار المعلمین العالیە)، هونەرمەند (رضا علي)مان دەعوەت کردبوو، کە تازە گۆرانی (سمر سمر یا سمر)ی تۆمار کردبوو بۆ ئێزگەی بەغدای عەرەبی زۆریش ناوبانگی دەرکرد و گوێگرانی سەرتاپای عێراق خۆشیان دەویست، لە ئاهەنگەکەمان دوو سێ جار گوتیەوە لەسەر داوای قوتابییەکان. لە وێنەکەدا، ڕەزا عەلی بەعوودەکەی خۆی لە بەردەم مایکرۆفۆنەکەمان گۆرانی دەڵێ و منیش بەعوودی خۆمەوە لە دواوەی دانیشتووم لەگەڵ چەند قوتابی هونەرمەندی کۆلێجی خۆمان، یارمەتی کاک ڕەزا عەلی دەدەین.

سەیریش لەوەدایە، کە من گۆرانی (کوردی)م دەگوت، کۆرسێکم پێکهێنابوو لە قوتابییەکانی دیکە و پرۆڤەم لەگەڵیان دەکرد، ئینجا گۆرانییەکانمان لە ئاهەنگەکان، لەسەر شانۆ، لە بەردەم مایکرۆفۆنەکەمان پێشکەشمان دەکردن. ئەم وێنەیەی خوارەوە یەکێکە لەو پرۆڤانە:



لەم وێنەیەدا ئەو قوتابییانە یارمەتیم دەدەن وەک "کۆرس": لە ڕاستەوە: ١- عەلی محەمەد سەعید ئەلکەندی، خەڵکی "زەنجبار" بوو. ٢- عەبدولوەهاب عەبدولزەهرە - بەسرە. ٣- عیزەدین - کەرکووک. ٤- ناجی جەمیل - مووسڵ. ٥- مەتی دەرمان "ئامۆزام". ٦- شاکر عەبدولڕەسوڵ - نەجەف. ساڵی ١٩٥٦/١٩٥٧

ئەم وێنەیەی خوارەوەش یەکێک لە چالاکییە هونەرییەکانی لیژنەکەمان (لیژنەی چالاکی هونەری سەر شانۆ = لجنة النشاط المسرحي)یە، کە دیمەنێکە لە شانۆگەری... چیرۆکی



(قەیسەر و کلیۆپاترە)ی شەکسپیر، کە لە دەرهێنانی خوالێخۆشبوو، عەمیدی (شانۆ)ی عیراقی (حقی الشبلی) بوو و بەزمانی ئینگلیزی پێشکەشمان کرد، لە مانگی (مارت - اذار)ی ساڵی ١٩٥٤، کە دووەم ساڵم بوو لەو کۆلێجە! من و کیژێک کە ناوی (سلوی زکۆ) بوو، وا دیمەنەکە دەنوێنین. ئەم سەلوا زەکۆیەش لە بەشی ئینگلیزی بوو، ساڵێک لە پێش ئێمە بوو. کە (تخرج)ی کرد چووە مۆسکۆ، بڕوانامەی لە (ڕۆژنامەگەری - الصحافة) وەرگرت.

ئەمڕۆ (کە ئەوا لە مانگی مارت (ئادار)ی ساڵی ٢٠٠٤ و سبەینێ (٢١)ی مانگە و جەژنی نەورۆزمانە، ناوی ئەو ئافرەتە وەک، نووسەر لە ڕۆژنامەی (المدى) دەخوێنمەوە! ڕەنگە، ئەگەر ڕێم کەوتە بەغدا، بچم بۆ لای و چاک و خۆشییێکی لەگەڵدا بکەم و هەندێ باسی جارانی خۆمان و کوللیەکەمان و برادەرەکانمان بکەین.

لە هاوینان و پشووی نیوەی ساڵ و جەژنەکان، کە دەگەڕامەوە ماڵەوە... لە کەرکووک، ئینجا لەگەڵ گەنجە هونەرمەندەکانی ئاسووری و کورد و تورکمان، دەکەوتمەوە جموجوڵی چالاکی هونەری سەر شانۆ.. مۆسیقا... گۆرانی... تەمسیل... تاد.

لە پێشەوە و لە باسی گوازتنەوەی ماڵمان بۆ کەرکووک، بەدرێژی باسی ئەو چالاکییانەم کردووە و هەندێ وێنەشم لەگەڵ قسەکانم نیشان داوە: یەک دوو وێنەی دیکەشی لێرەدا، بەپێویستی دەزانم دایانبنێم و بڵاویان بکەمەوە:





ئەم وێنەیە، قشلە... یاخود بە"ئینزیباتخانە" ناسراو بوو، وەک نیمچە "مەعەسکەر"ێک بوو. دائیرەی تەجنید و گرتووخانەی "توقیف"ی سەربازی و خەفارات و زۆر بەشی دیکەی "عەسکەری" لێ بوو. لە زەمانی عوسمانییەوە دروست کراوە... بەرامبەر "نادی الضباط" بوو. ئەم وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چل و پەنجاکان... سەیری شەقامەکان بکە چۆن خۆش و ڕاست و پاک و چۆڵە... تاک و تووک سەیارە دیارن.



ئەمەش وێنەیەکی شانۆگەرییەکی کۆمێدییە لە نووسین و دەرهێنان و ڕۆڵی سەرەکی خۆمە بەناوی "سەرخۆشێک" لەم چیرۆکەش ناوم "سوقریطوس" بوو. بەزمانی ئاسووری و لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئاسووی، شەوی ٢/١-٨-١٩٥٣ پێشکەشمان کرد. سەرخۆشەکە، منم سیدارەی ڕەشم لەسەر کردووە



وێنەیەکی تر لە شانۆگەری کۆمیدی (سەرخۆشێک)، لە نووسین و دەرهێنان و دیکۆر و نواندنی خۆمە کە ڕۆڵی سەرەکی (سەرخۆشە)کەم وەرگرتووە – لە شەوی ١/٢-٨-١٩٥٣ لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئاسووری و بەزمانی ئاسووری، پێشکەشم کرد لەگەڵ هەندێ گەنجی هونەرمەندی ئاسووری. ئەوەی سیدارەی لەسەرە و سەرخۆش و لەسەر زەوی کەوتووە منم، لەگەڵ هاوڕێیەکی سەرخۆشی، وەک خۆم، پۆلیسێکیش هاتووە، لەسەر داوای (مەیخانچییە)کە، تاکو بمانباتە گرتووخانە!

لەو هاوینانە دەچوومە ئێزگە، بۆ بەغدا. بەڕەحمەت بێ، کامیل کاکەمین، ئەیزانی قوتابیم و لە هاویندا پێویستیم بەئیسراحەت و ڕابواردن لەگەڵ ماڵ و باوک و دایک و برا و خزمان هەبوو... بۆیە، لە کاتی ئاهەنگەکانم، گۆرانی تۆمارکراوی خۆمیان دائەنا و (هەفتانەکە) واتا پارەی ئاهەنگەکانم بۆ حیساب دەکرا. مانگی جارێک دەچووم، پێش یەک لە ئاهەنگەکانم بەڕۆژێک، جا ئاهەنگەکەشم دەکرد و پارەی ئاهەنگەکانی پێشووشم وەردەگرت و دەگەڕامەوە کەرکووک...

ئینجا دەچوومە سلێمانی... یا بۆ کۆبە کاک هورمز زوو زوو دەهات و دەیبردینە ماڵی خۆیان و هاوینێکی زۆر خۆشمان ڕادەبوارد بەسەیران و سەفەر.

لەم وێنەیەی خوارەوەش، کە لە ئاهەنگێکی (دار المعلمین العالیە) گیراوە، ساڵی ١٩٥٦ کە ئاهەنگی یەکترناسین بوو لەگەڵ قوتابییە (نوێ)یەکان و بەبۆنەی ساڵی نوێ... من لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی تیپی مۆسیقای ئێزگەم هێنا و یارمەتییان داین بۆ پێشکەشکردنی گۆرانییەکان: من و جەوودەتیش لەگەڵ تیپەکەی ئێزگە، ئەو بەکەمانجە و من بەعوود بەشدارمان دەکرد، چونکە ئێمە گۆرانییەکانمان ئامادە دەکرد و دەمانزانی ئاوازەکان چین و چۆنن... لە کاتی (عەزف) هەندێ وردە شتمان بەبیریان دەهێناوە. ئەندامانی تیپەکە لە ڕاستەوە، ئەوانە بوون:



١- ئیبراهیم خەلیل بەدەف، (ئیقاع) ڕزمەکە دەژەنێ. ئەو هونەرمەندە برای هونەرمەند ئەحمەد خەلیلە و کوردی خەڵکی زاخۆن.
٢- ئایڤن بەهنام – مەسیحییە و مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان.
٣- عەبدولئەحەد جەرجیس – مەسیحییە – قانوون دەژەنێ.
٤- من بەعوودەوە گۆرانی دەڵێم.
٥- جۆزێف یەعقووب – ئەرمەنییە، کەمانجە دەژەنێ.
٦- کابرای (چەلۆ) ژەنەکە، ناوەکەیم لە بیر نەماوە.



ئەم وێنەیە لە ڕۆژی ١٩٥٦/١/٥ گیراوە، لە ئاهەنگێ، لەسەر شانۆی دار المعلمین العالیة. تیپی مۆسیقای ئێزگەی ڕادیۆی کوردی، لەگەڵ باکووری، لە دار المعلمین العالیه

لە دواوەش (کۆرس)ەکە، قوتابییانی خۆمانن. دووەمیان، لە ڕاستەوە، مەتی ئامۆزامە. دیکۆرەکەش، هەر قوتابییانی هونەرمەندی شێوەکاری لە (دار) دروستیان کردبوو!

ئەمەی خوارەوەش وێنەیەکی دیکەی هەمان ئاهەنگە، ئاهەنگی لیژنەی چالاکی سەر شانۆ، کە بەسەرۆکایەتی معاونی (عمید)، دکتۆر ڕاشد عەبدوللەتیف بوو و من سەرپەرشتیم دەکرد بەهاوکاری و هاریکاری جەوودەت یەعقووب و سێ چوار قوتابی تر.

لەم وێنەیەدا، قوتابییەکی (کچ)، گۆرانی (یا ظالمني) ئوم کەلسوومی گوت... زۆر خۆش و ڕێکی گوت، هەموومانی سەرسام کرد... گۆرانی (یا ظالمني) هەر لەو دەمانە دەرچووبوو و زوو شوهرەتی وەرگرت و خەڵک خۆشیان دەویست.

تەنانەت من، خۆم، لە ئاهەنگێک لە (کلیة الزراعة) لە (ابوغریب) بۆ قوتابی و مامۆستاکانم گوت بەهاوکاری (جەوودەت یەعقووب)ی هاوڕێم... وەک ئاهەنگی (ام کلثوم) چەپڵەم بۆ لێ دەدرا لە دوای هەر (کۆپلێ)یەک!!

لەم وێنەیەدا، لە ڕاستەوە: جەوودەت بەکەمانجە، ئینجا من بەعوود، عەبدولئەحەد جەرجیس بەقانوون و جۆزێف بەکەمانجە، (باسمە)ش – ناوی کچە قوتابی گۆرانیبێژەکەیە

– لە بەردەم مایکرۆفۆنەکە، (یا ظالمني) دەڵێ، لە ڕۆژی ١٩٥٦/١/٥ کە بەبۆنەی ساڵی تازە ئەو ئاهەنگەمان ڕێکخستبوو و لەسەر شانۆی هۆڵی (دار المعلمین العالیة)ی خۆمان پێشکەشمان کرد.



لەسەر شانۆی "دار المعلمین العالیة" لە بەغدا قوتابی "باسمة" گۆرانی "یا ظالمني" دەڵێ: ١٩٥٦/١/٥



وێنەی ژمارە "١" پێنجەمین قوتابی، لەلای ڕاستەوە، مامۆستا "کەمال سەدیق"ی کۆییە "کۆچی دوایی کردووە" بەڕەحمەت بێ.



وێنەی ژمارە "٢" هەردوو قوتابی، کەوا: دووەم "سدیق سادق"ە و سێیەم "کەمال سدیق"ە، وەک مامۆستا، کۆچی دواییان کردووە و هەروەها هەردووکیان "کۆیی" بوون! خوایان لێ خۆش بێ.



ئەم دوو وێنانەی لێرەدان، ژمارە (١، ٢) لە ئاهەنگێکی (كلية الاداب والعلوم) لە بەغدا گیراون، کە ئێمە: هەندێک قوتابی کوردی (دار المعلمين العالية) و (کوللیەی ئاداب)، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٧، لەسەر شانۆی هۆڵی کۆلیجی ئاداب و علوم ئەوا هەندێ چالاکی، لە گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی پێشکەش دەکەین.

تەنانەت ئەو دوو قوتابییەی لە وێنەی ژمارە (١) جلکی (عەرەبی)یان لەبەرە و چەفیە و عەگالیان لەسەر ناوە کوردن... بەڵام بۆ نیشاندانی برایەتی (کورد و عەرەب) بەو جلکانە لەسەر شانۆ دابەزین. جێی داخە، دوو لەو قوتابیانە، دوای (تخرج)یان و بوونیان بەمامۆستا، پاش چەند ساڵێک، کۆچی دواییان کردووە: مامۆستایان: صدیق صادق و کەمال صدیق کۆیی.



وێنەیەکی دیکەی من و قوتابی (سلوی زەکۆ) لە شانۆگەری (قەیسەر و کلیۆپاترە)، کە ئێمەی قوتابیانی بەشی ئینگلیزی (دار المعلمين العالية) لەسەر شانۆی ئەم کۆلێژە، پێشکەشمان کرد، لە مانگی مارت ساڵی ١٩٥٤ ئەم (سلوی زەکۆ)یە دوای تەواوکردنی چوار ساڵی ئەم کۆلێژە، دەرفەتی بۆ هەڵکەوت و چووە (ڕووسیا) و لە زانکۆیێکی ئەوێ، بڕوانامەیەکی هێناوە لەسەر ڕۆژنامەگەری، (الصحافە)... ئێستاش، ناوی لەگەڵ نووسەرانی ڕۆژنامەی (المدى)ی دەبینم. (ئەم بەشە نووسینانە لە ساڵی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤دا وا دەیاننووسمەوە... جا سەیرە! بیرەوەرییەکان ئی ساڵانی پەنجاکانن... سەدەی بیستەم، بەڵام وا لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا، دووبارە دەیانگوازمەوە و دەیاننووسمەوە... و ڕەنگە لە چاپیشیان بدەم!!

مامۆستای پسپۆڕی زمان و زمانەوانی عەرەبی، دکتۆر عەبدولکەریم (الدُجيلي) لە ساڵی سێیەممان لە (دار المعلمين العالية) هەفتەی یەک موحازەرە دەهاتە لامان

بەمەبەستی ئەوەی شارەزایی پەیدا بکەین لەگەڵ هەندێ کەلێن و گۆشە و شتی نەزانراو لە ئەدەب و شیعر و زمانەوانی (عەرەبی). ئێمە لە بەشی ئینگلیزی بووین، دەبووینە مامۆستای زمانی ئینگلیزی، بۆیە، هەندێ قوتابیان بۆچوونیان ئەوە بوو کە ئەم موحازەرەیە زیادە و پێویستیمان پێی نییە! من و چەند قوتابییەک، من بەتایبەتی، هەر لە سەرەتای خوێندنم و بەتایبەتی لە مەرحەلەی (دواناوەندی) - کە لە بەشی (ئەدەبی) بووم، هەوەس و زەوقم لەگەڵ شیعر و ئەدەبیاتی زمانی عەرەبی هەبوو، بەهەموو دڵمەوە حەزم لەو سەعاتە دەکرد کە مامۆستا دوجەیلی دەهاتە لامان و زۆر جاران گفتوگۆش دەکەوتە نێوانمان.

جا ڕۆژێک، کاک هورمزی وێنەگری تایبەتیم، لەپڕ لە کوللیەکەمان پەیدا بوو، منیش بەهەلم زانی ئەم وێنەیەمان بۆ بگرێ لەگەڵ ئەو مامۆستایەم کە خۆشم دەویست!

لە ساڵانی پێشوو، پەنجایەکان و پێشتریش، لە سەدەی بیستەم، هەموو ساڵێک لە بەهارا، دوای بارانی زۆر و تاوانەوەی ئەو بەفرە زۆرەی لە کوردستان دەکەوت و کۆ دەبۆوە، شاری بەغدا و سەرجەم شار و شارۆچکە و کێڵگە و باخچە و دێهاتەکانی خوار بەغدا و باشووری عیراق ئاوی لافاو زەرەر و زیانێکی زۆری لەو ناوچانە دەگەیاند. بەڵام مەترسیدارترین لافاو، ئەوەی بەهاری ساڵی ١٩٥٤ ڕوویدا. ئەوە بوو کە بەغدا، بەهەردوو بەشی ڕوسافە و کەرخ زۆری نەما بوو بکەونە ژێر ئاو! ئێمە لە دار المعلمین العالیة قوتابی بووین. هەمووومان لەگەڵ دانیشتوانی ناوچەی وەزیریە و لەگەڵ (عەسکەر) و سەرجەم خەڵکان، لە ئینزاردا بووین. لە ناوەڕاستی مانگی (ئادار = مارت) ڕادیۆی بەغدا، سەعات لە دوای سەعات ئاگادارییەک بەناوی (نشرة اخبار الفیضان)ی بڵاو دەکردەوە و ئامۆژگاری و چۆنیەتی خۆپاراستن



وێنەی خۆم و ئامۆزام "مەتی دەرمەن" لەناو باخچەی کۆلیژەکەمان. مەتی دوو ساڵ دوای من هات "١٩٥٥"



و چی بکەن و چی نەکەن... تاد، بەهاووڵاتیانی ڕادەگەیاند. دوا چارە بۆ سووککردنەوە (تخفیف)ی شیدەتی لافاوەکە و مەترسی کەمکردنەوە لەسەر پایتەخت، لێپرسراوان و ئەندازیارانی پسپۆڕ بڕیاریان دا، لە سەرووی بەغداوە، نزیک (سامەڕا) و خوارتر، قەراخ و ڕۆخەکانی زێی دیجلە، ئەوانەی لە چەپەوەن، بیانشکێنن و بیانڕووخێنن، تاکو ئاوە زیادەکە بەو دەشتودەرە بڵاو بێتەوە و بۆ بەغدا نەیێت. ئەوە بوو ئەو ئاوە زیادە لە شێوەی زێیەکی دیکە... یا بەشکلی گۆل و دەریاچە بەرەو خوار هات تا گەیشتە لای ئێمە، وەزیریە. لێرەدا ڕۆخەکانی لای ئاوەدانی بەرز کرابوونەوە لە ساڵانی پێشووتر و ناویان لێنابوو (السدود الشرقیة) واتا ئەو بەربەستانەی ڕۆژهەڵاتی بەغدا. مەترسی بن ئاوی زێ کەوتنی بەغدا و خنکانی لە ژێر ئاو، ڕۆژ بەڕۆژ زیادی دەکرد، چونکە تا دەهات ئاو زیاتر دەبوو لەبەر ئەوەی کە لە مانگی چوار و تا مانگی پێنج بەفرەکان زیاتر دەتوێنەوە.



لە ڕاستەوە:
١- ئامۆزام "قوتابی" مەتتی دەرمان. ٢- دکتۆر عەبدولکەریم ئەلدوجەیلی. ٣- من "باکووری". ٤- هورمز ئەسکەندەری "وێنەگر" و هاوڕێ لە ١٩٥٦/١/١٨ لە باخچەی کۆلیژی "دار المعلمین العالیة" لە بەغدا، وەرگیراوە

باسی ئەم (فیضانات) و لافاوانە، لە چەندین سەرچاوەی مێژوویی بەدرێژی کراوە و لە کتێبەکەی نووسەری مێژووی عیراقی، خوالێخۆشبوو، (عبدالرزاق الحسني) کە بەناوی (تاریخ الوزارات العراقیة)یە، چاکی باس کردووە و باسی ئەوە هەبووە کە دانیشتوانی بەغدا با هەڵێن و شار چۆڵکەن... بەڵام وەزیری ناوخۆی ئەوسا، خوالێخۆشبوو (سەعید قەزاز) پشتگیری ئەو کارەی نەکردووە و بەتوندی ئاگاداری (وصي عبدالاله)ی خاڵی مەلیک (فەیسەڵی دووەم)ی کردۆتەوە و گوتوویەتی: نەکەن ئەم بەیانە بڵاو بکەنەوە، چونکە دەبێتە هۆی لەناوچوونی هەزارەها منداڵ و ژن و پەککەوتە لە ژێر پێی خەڵکی

هەڵاتوو... ژمارەی ئەم کوژراوانە زیاتر دەبێ لە ژمارەی ئەوانەی کە (ڕەنگە) لافاو بیانبا و بخنکێن. هەروەها زیاتر هانی دەزگا و عەسکەر و قوتابی و خەڵکی داوە نەهێڵن بەربەستەکان (سەددە)کان بڕووخێن یا کەلێنیان تێ بکەوێ... و ئەگەر شتی وا ڕوویدا زوو ئەو شوێنە چاک پڕ بکەنەوە بەکیسەی خۆڵ و زیخ! بەم جۆرە پایتەختی عیراق، ڕزگار بوو! هەر لەو ساڵەشەوە وەزارەتێک بەناوی (وزارة الاعمار) پێکهێنرا و لە بیرمە (طه الهاشمي) کرا بەوەزیری ئیعمار (ئاوەدانکردن) و یەک لەو پلانە گرنگانەی نەخشەیان بۆ دانرا و دەستکرا بەجێبەجێ کردنیان (مشروع الثرثار) لە نزیک (سامەڕا) و بەربەست (سدە)کانی دەربەندیخان و دۆکان، کە ئەوانە بوونە هۆی کەمکردنەوەی جەخت و کەمبوونەوەی ئاو لە زێی دیجلە و لقەکانی.



ئەم وێنەیە لە ٢٨ی مانگی مارت "ئادار"ی ساڵی ١٩٥٤ گیراوە لە تەنیشت کۆلێژی "دار المعلمین العالیه" کاتێ ئاوی لافاوی زێی دیجلە بەرەڵلای دەشتی هەوراز بەغدا کرا تاکو بەناو بەغدادا نەڕوا نیوەی خوارەوەی ئەو درەختانەی "غابة بغداد" لەژێر ئاون



وێنەیەکی دیکەی لافاوە گەورەکەی ڕووی دا لە عیراق، لە بەهاری ساڵی ١٩٥٤ کە بەغدا مەترسی لێ دەکرا ژێر ئاو بکەوێ، لە ١٩٥٤/٣/٢٨. لە وێنەکەدا (من – باکووری) و لەگەڵ دوو هاوڕێم لە (دار المعلمین العالیه) ئەو کۆلێجەی لێمان دەخوێند کەوا چەند مەترێک لەم بەربەستە (سەددە)یە دوورە کە ئێمە لەسەری دانیشتووین و سەیری ئاوەکە دەکەین کە وەک (دەریا) – بحر –ی لێ هاتووە و ئەو درەختانەی لە دوورەوە دیارن، ئەو دارستانێک بوو ناوی (غابة



بەغداد) بوو... وا لەم وێنە ژێر ئاوی لافاو کەوتووە... تەنها لق و پۆپی درەختە زۆر بەرزەکان دیارن.

جا سەیرەکە لەوەدا بوو، سەیرت دەکرد وا چەندین (مار)ی درێژ و گەورە و بچووک بەسەر ئاو کەوتوون و بۆ لای ئێمە دێن، تا بێنە سەر وشکایەتی، یاخود هەر ئاو و ئاو مەلەیان دەکرد و لەگەڵ شەپۆلی ئاوەکە دەخزین – هەروەها لانکی منالی تێکشکاو و سەگ و جورج و ژووژک و ڕێوی و جۆرەها ئاژەڵ و هەندێ جار لاشەی منالّ و ئافرەتیشی دەهێنا، چونکە ئاوەکە بەتەوژم و توند دەڕۆیی.

هاوڕێی منالّیم و ڕەفیق سونفم لە قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیە و هەروەها لە قوتابخانەی ناوەندی – متوسطەی کویسنجق – و خزمی نزیکیشم، کاک (یۆخەننا)ی کوڕی (گۆرییێل)ی پۆلیسی سوارە، لە کۆیە... وەک من خەریکی ڕابواردن و گۆرانی و خوێندن و گۆڤار و کتێب کۆکردنەوە نەبوو. ئەو زیاتر حەزی لە (پارە) پەیداکردن بوو. کرێکاری و قوڕکاری دەکرد... بۆ هەر شوێنێک دەچوو ئەگەر مەسەلەکە پارەی تێدابایە! خەمخۆر بوو، پشتی خارا بوو بەئیشکردن.

دایکم، کە هەندێ جار لە خۆ و لە بارودۆخی بێ پارە و پوول و گرانی، دەماری دەگیرا و پەست دەبوو، پێی دەگوتم: «تۆ پشتت سپییە». ئەم قسە نەستەقە لە زمانی ئاشووریدا هەیە. بەمرۆڤی تەمبەڵ دەڵێن «پشتی سپییە». واتا کار و ئیشی پێ ناکرێ، بەپێچەوانەش، بەو کەسەی وەک یۆخەننای هاوڕێم، لە کارکردن درێغی نەکا و لە ماندووبوون عێدز نەبێ و خۆی بهاوێتە (سەر چەقوو)، بەو جۆرە کەسانە دەڵێن (پشتی خاراوە). جا دایکم نموونەی یۆخەننای بۆ دەهێنامەوە: «بزانە! یۆخەننا چەند ئازایە؟ ناهێڵێ بێ پارە بن. لێرە و لەوێ ئیش دەکا و پارە پەیدا دەکا.»

منیش لەو جۆرە حاڵەتانە زگم بەخۆم و بەدایکم دەسووتا و بەیۆخەننام دەگوت: سبەی منیش دێم لەگەڵتا بۆ ئەو جێیەی دەچیت و ئیش دەکەم.» بۆ بەیانی زوو، جارێکیان، لەگەڵ یۆخەننا چوومە شوێنی دروستکردنی بینایەی نەخۆشخانەی کۆیە، کە لەسەر زەوییەکەی تەنیشت قوتابخانەی ناوەندی کۆیە، کە لە دەرەوەی شار بوو، نزیک قەبرستانی غەریبان، کاری تێدا دەکرا و عەمەلەکی زۆر ئیشیان لێی دەکرد. وەستایەکە عەرەبانەکی دایە دەستم و گوتی لەو بەردانە پڕکە و بیبەرە لای هۆو وەستایە... ئەوە بوو تا ئێوارە، ئەو ڕۆژە عارەبانەی بەردم کێشا... ئێوارە (٤ چوار) پەنجاییم وەرگرت.

بەیۆخەننام گوت، گەر لە برسا بمرم و ڕۆژی نیو دینارپشم بدەنێ نایێمەوە سەر ئەو ئیشە!

ساڵێکی تر دیسان، ڕۆژێ گوتم با لەگەڵ یۆخەننا بچم بۆ کرێکاری! ئەوسا بینایەی تازەی (إنحصار التبغ) - واتا کۆگای پاراستنی فەردەی (تووتن)یان دروست دەکرد، نزیک حەوزی بەللووعە، لەسەر شەقامی سەرەکی کە بۆ (ئاشان و حەمامۆک) دەچێ. دیسان بەعارەبانە بەردم کێشا تا ئێوارە و هەر (٤ چوار) درهەمم وەرگرت. ئیتر تۆبە! کورە - یۆخەننا - تۆ چۆن تەحەممول دەکەیت و تا ئێوارە - واتا ٨ سەعات بەرد یا قوڕ یا خۆڵ بکێشی؟؟ چۆن پشتت نایێشێ؟

ئەو هاوڕێیەم لە ساڵانی سەرەتای پەنجاکان بەولاوە، بەماڵەوە هاتنە کەرکووک. مام گۆریل لە پۆلیسی دەرچوو. من لە کۆمپانیای نەوت دامەزرابووم. یۆخەننا، لە کەرکووکیش هەر کرێکاری دەکرد لە لای وەستا هووبی قۆنتراتچی.

ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٥٥ بڕیار درا ژنی بۆ بێنن. کچێکی خزمی خۆیانیان بۆ خواست، (بەسێ)ی ناو بوو، تەمەنیان درێژ بێ، (ئەمڕۆش کە ئەو بیرەوەرییانە دەنووسم، لە ژیانا ماون و بەخۆ و بەمناڵەوە لە وڵاتی کەنەدا دەژین - ئەم نووسینەم لە مانگی ئابی ٢٠٠٤ دەنووسم).

جا لە شەوێکی زستانی ئەو ساڵە، ساڵی ١٩٥٥ لە گازینۆی (عەرەفە) ئاهەنگی بووک گواستنەوەمان بۆ کرد و من بەتەنها گۆرانیبێژی ئاهەنگەکە بووم و لە لایەن مۆسیقاشەوە، کاک ئیلهام مەردانی کەمانجەژەنم دەعوەت کرد و لەگەڵما کەمانی بۆ لێ ئەدام و یەک دوو برادەری دیکە دەف و دمبکیان لەگەڵما دەژەنی - هەندێ جاریش، هونەرمەندی لاوکبێژی گەورەی ئاشووری (تۆماس یوومارەن) لاوک و بەستەی لای وڵاتی خۆیان، گوند و دێهاتەکانی ئاشووری تورکیای دەگوت.



وێنەی ئاهەنگی بووک گواستنەوە بۆ هاوڕێم "یۆحەننا گۆریل" لە گازینۆی "عەرەفە". لە کەرکووک لە ساڵی ١٩٥٥ - کاک ئیلهام مەردان لە دەستە ڕاستم بەکەمانجە بەشداری لەگەڵما دەکرد.



ساڵی ١٩٥٤ لە مانگی تشرینی یەکەم و پێشتریش، بەریتانیا خۆی ئامادە دەکرد و کەلوپەلی دەنارده عیراق، بۆ بەغدا بۆ کردنەوەی پێشانگایەکی بازرگانی (المعرض التجاري البريطاني). ئەوە بوو بڕیار درا لە ڕۆژی ٢٥ی تشرینی یەکەم، ساڵی ١٩٥٤ بە(ڕەسمی) بکرێتەوە. هورمزی وێنەگری چالاک، شتی ئاوای لە ئاسمانا دەقۆستەوە! لەپڕ لە کوللیە، لە دار المعلمين العالية، پەیدا بوو! بۆ دوای نیوەڕۆ پێکەوە چووینە مەعرەزەکە، کەوا لەسەر پارچە زەوییەکی پان و بەرین، لە تەنیشتی لای ڕاستی بینایەی (ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا) بوو، ئا لەوێ دایانمەزراندبوو. ئەو ئێوارەیە نیوەی خەڵکی بەغدا لەوێ ئامادەبوون و، مەلیک فەیسەڵی دووەم و خاڵی (عەبدولئیلاه) و سەرەک وەزیران و وەزیرەکان و لێپرسراوانی گەورەی حکومەت و دیپلۆماسییەکان و سەفیر و سەدەها کەسایەتی ناسراو و بازرگانە زەبەللاحەکانی عیراق و دراوسێیەکانی، ئامادەی مەراسیمی کردنەوەی پێشانگایەکە بوون. ئینجا دوای بڕینی شریتی مەراسیمەکە... مەلیک و ئەو حەشاماتە و من و هورمزیش لە دواوەیان چووینە ژوورەوە. لە پاش تەواوبوونی کردنەوەکە و ڕۆیشتنی مەلیک و لێپرسراوەکان، ئینجا هاووڵاتیان بڵاوبوونەوە بۆ ناو پێشانگاکە و ئێمەش لەم شوێن بۆ ئەو شوێن پیاسەمان کرد و بەڕاستی پێشانگای ئاوا لە عیراق نەبوو و نەکرا بوو پێشتر. هەموو جۆرە کەلوپەلی تیادا پیشاندرا بوو بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێشەر ڕێکخرابوون، هەر لە دەرزییەوە، وەکو دەڵێن، تا ماشینی شەمەندەفەر و فڕۆکەی مەدەنی و بازرگانی و جۆرەها ترومبێلی قشتیلە و تراکتۆر و ئینجا جلوبەرگ و موعەلەبات و مەشروبات و تەنانەت بنێشت و چوکلێت و ترش و شیرن و... کە تینووشت بووایە، چەندین کوشکی بچکۆلە و قەشەنگ ئامادەبوون لە خزمەت هاووڵاتیان، بەخۆڕایی، هەر جۆرە ساردێکی حەزیان لێ بووایە دەیانخواردەوە.



وێنەمان، من لە ڕاستەوە بلووزەکەم لەبەرە و هورمز بەکراسەوەیە، لەناو پێشانگایەکەی بازرگانی بەریتانی، لە تەنیشت "نافوورە"کەی ناو مەعرەزەکە ...رتوومانە لە ڕۆژی کردنەوەی "١٩٥٤/١٠/٢٥".

گرنگترین شت کە لەم پیشانگایە عەرز کرا و بینیمان بەسەرسوڕمانەوە، دامەزراندنی تەلەفزیۆنێکی کامل و تەواو لە هەموو لایەنێکەوە و هەر لە هاتنە ژوورەوەی مەلیک فەیسەڵ لە دەرگای (مدخل)ی ئەو شوێنە، ئێمەی هاوولاتی لەسەر شاشەی چەندین ئامێری تەلەفزیۆن کە لێرە و لەوێ، لە ناو مەعرەزەکە دانرابوون، مەلیکمان بینی کە شریتەکەی بەمەقەس بڕی و ئینجا کە چووە ژووری تەلەفزیۆنەکە و سەیری ئامێرەکانی پەخش و ستۆدیۆی پەخشکردنی دەکرد، هەروەها بەم بۆنەیەوە تیپێکی مۆسیقا ئامادە کرابوو لەگەڵ گۆرانیبێژ (عەفیفە ئەسکەندەر) ڕاستەوخۆ، چەندین گۆرانی سووکەڵەی خۆش لە گۆرانییەکانی خۆی لەو ئاهەنگە، لە ستۆدیۆ بچووکەکە پێشکەش کرد و هەموومان لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکانی دەرەوە دەمانبینین... هەروەها وەک بیستمان، لە چەندین کۆگای گەورە و دوکانی ناو (شارع الرشید)، ئیدارەی مەعرەز تەلەفزیۆنی بۆ دانابوون و کە بەرنامەکان لە ستۆدیۆکەوە دەستیان پێ کرد، خەڵکی ناو بازاڕەکانی (شارع الرشید) هەموویان دەبینی و لە دەورەی تەلەفزیۆنەکانی ناو شار و لەبەر جامخانەکان، دەیانبینی. بۆ ئەو تەلەفزیۆنە، بەنگەڵەیەک بە(تووتیا)، بەجوانی ڕێکخرا بوو، چەند ژوورێک بوو، بۆ ستۆدیۆ و کۆنترۆڵ و ئیدارە و شوێنی بێژەر و... تاد.

جا دوای تەواوبوونی پێشانگاکە... دوای چەند هەفتەیەک، حکومەتی عیراق ئەو دەزگایەی تەلەفزیۆنەی لە مەعرەزەکە کڕییەوە بە(٦٠,٠٠٠ شێست هەزار دیناری عیراقی) و لە جێی خۆیان بەجێیان هێشت و لەو ماوەیە چەند کەسێکی میکانیکی و وێنەگری تەلەفزیۆنی و کاری دیکەی کە پێوەندی بەپەخشکردن و شتی تر هەبوو، مەشقیان بەچەند کەسێکی عیراقی کرد و دەورەیان بۆ کردنەوە و ئیتر دوای کۆتایی پێشانگایەکە، عیراقییەکان ڕۆژانە، بەشەو گۆرانی و مۆسیقا و هەواڵ و هەندێ فلیمی وەسائیقی و دوکومێنت کە لە بابەت عیراق و جموجۆڵ و چالاکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە... پەخش دەکرد. ئەمەش یەکەم تەلەفزیۆن بوو لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (الشرق الاوسط) کە لە بەغدا دامەزرا. تا ئەو کاتە لە هیچ پایتەختێکی دیکەی وڵاتە عەرەبەکان و دراوسێمان تەلەفزیۆن نەبوو.

***

سەبارەت بەمۆسیقا و دەنگخۆشی لە بنەماڵەکەمان دەڵێم: باپیرم، باوکی دایکم، ناوی (لازار) بوو. دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو. لە هەندێ دانیشتنی تایبەتی خێزانیی، لاوک و بەستەی شایی لای خۆیان، گوندە ئاشوورییەکانی تورکیای دەچڕی، ئەگەرچی زۆریش



بەتەمەن بوو، بەڵام دەنگی ناساز نەبوو. بەکرەیەکی بچووکی ساڵانی پەنجا و شەستەکانمان بۆ تۆمار کردووە و ماوە لە لام، جار جارە گوێی دەدەمێ و تەنانەت یەکێک لە بەستە خۆشەکانیم گوتووە کە گۆرانی (هەرێ مشکۆ)یە و لە ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی مۆسیقا، لەسەر شانۆ، لە هەولێر تۆمار کراوە بەدەنگ و وێنەی تەلەفزیۆنی.

هەروەها باوکم، لاوکی کاوێس ئاغا نەبوو نەیزانێ و زۆر خۆشی دەگۆتن و هەندێکیانم بۆی تۆمار کردووە... کە لە کاتی خۆی، لە چاخی قەوان، فێریان بووبوو.

طیمەی برام گۆرانییەکانی (محەمەد عەبدولوەهاب)، گۆرانیبێژی میسری گەورەی هەموو لەبەرن و جوانیان دەڵێ. ماری خوشکم، دەنگ و ئەدای لە گۆرانی خۆشە و لە ساڵی ١٩٥٨ لەگەڵ شەماڵ سائیب، لە ئاهەنگێکی تیپی مۆسیقای مەولەوی، لە سلێمانی، گۆرانییەکانی دەگێڕایەوە، ئەوانەی کە دەنگی ئافرەتیان تێدابوو، لەسەر شانۆ، لە بەرامبەر جەماوەر. خوالێخۆشبوو شەماڵ دوای ئاهەنگەکە زۆری سوپاس کرد و ستایشی (ئەدا)یەکەی کرد. هەروەها قادر دیلانی خوالێخۆشبوو، لە وتارێکی بەبۆنەی ئەو ئاهەنگانە و ڕۆڵی (ماری) لە گۆرانیدا باس کردووە و پیرۆزبایی لێ کردووە و هیوای خواستووە کە ئافرەت دەبێ ڕۆڵی خۆی، بەجورئەتەوە، دەرببڕێ، بۆ خزمەتی هونەر.

خۆ یوسفی برای بچووکمان (یوسف باکووری) هەموو دەیناسن و بەتایبەتی لە بەشداری کردنی تیپە (ڕۆژئاوایی)یەکەی کە لە ناوەڕاستی شەستەکان پێکی هێنا بەیارمەتی چەند هونەرمەندێکی دیکەی وەک مامۆستا جان تۆماس و جەلیل ئازید...، لە هەموو موناسەبەتی ڕەسمی و میللی و تایبەتیش... بەگۆرانی کوردی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەڵام بەئامێری گیتار و ئۆرگن و جاز و... تاد.



وێنەیەک لە ماڵەوە، لە کۆبەمان گرتووە، من لە ناو قەرەوێڵەکەم ڕاکشاوم و (دەف) لێ ئەدەم، یوسفی برای بچووکمان دەمامکی (شێرە یا پڵنگە) لە دەموچاوی لەبەر کردووە و شمشاڵ دەژەنێ و (ماری)ش کەمانجە دەژەنێ...

کە ئەم وێنەیەش دەبینم، هەموو جار، پێکەنینم دێت و بەیتە شیعرێکی عەرەبی هەیە لەمێژە لەبەرم کردووە، دەڵێ:

إذا كان رَبُّ البيتِ بالدفِّ ضارباً
فشيمةُ أهلِ الدارِ الرقصُ

چونکە ئەو بەیتە شیعرە لەگەڵ وێنەکە زۆر گونجاوە. ئەم وێنەش لە ژوورەکەمان، لە کۆیە گیراوە کە هێشتا زگورتی بووم و یەکەم ساڵم بوو لە کۆیە، وەک مامۆستا دامەزرابووم لە قوتابخانەی ناوەندی (متوسطە)ی کوڕان، ساڵی **١٩٥٧**.

ساڵی **١٩٥٥** ساڵی سێیەمم بوو لەو کوللییەی (دار المعلمين العالية) لە بەشی زمانی ئینگلیزی. دەوامم زۆر ڕێکوپێک و مادده و دەرسەکانم چاک دەخوێند کە هەموو کتێبەکان و مامۆستاکانمان ئینگلیز بوون بەسەرۆکی بەشەکەشمانەوە. جموجووڵێکی هونەری مۆسیقای باشیشمان لەو کوللییە دامەزراندبوو... قوتابییانی کچ و کوڕ لە ئاهەنگەکانی مانگانەمان و لە سەیرانەکان گۆرانییان دەگوت بەبێ حەساسیەت و شەرم کردن و عەمادەی کوللییەش تەشجیعی ئەو تێکەڵ بوونە ڕاستەقینەی دەکرد.




لەگەڵ ئێزگە نازدارەکەش، هەفتانە ئاهەنگم هەبوو... یەکسەر بلاو دەکرانەوە و لە هەر هەفتەش گۆرانییەکی نوێم ئامادە دەکرد و دەمگوت لە ڕۆژی ئاهەنگەکەما. هەندێ جار جگە لە ڕۆژی ئاهەنگم، ڕۆژانی دیکەیش دەچوومە ئێزگە، چونکە خۆشم دەویست و مامۆستایان: کامل کاکەمین، عادیل عیرفان، شێخ حسێن قەرەداغی، مامۆستا کەریم سەعید زانستی، کاک ڕەئووف بەگ و ڕەمزی قەزاز... و... ئەوانە زۆر یەکترمان خۆش دەویست و ئەگەر شتمان بەدەستەوە نەبووایە، لە چایخانە بچووکەکەی بەردەم ئێزگە ڕادەوەستاین و قسە و گفتوگۆ و گاڵتە و نوکتەی خۆشمان دەگێڕایەوە... جا لە چایخانەکەش سەیرت دەکرد وا لەوبەر جادەکە مامۆستا عەلی مەردان هات و جادەکە بە(حەزەر) واتا بە(حذر = ئاگا لەخۆبوون) دەپەڕییەوە، چونکە جارێکیان ترومبیلێک دەعامییەیەکی لێی دابوو و خستبوویە سەر جادەکە... بۆیە زۆر لە ترومبێل



دەترسا و دەڕەویەوە! وەک مەسەلە کوردییەکەی دەڵێ: ئەوەی ماری پێوەدابێ، لە گوریس دەترسێ!

جاری واش هەبوو لە شوێنێک دەعوەتمان بۆ دەهات، دەچووین و هەروەها هەفتەی ڕۆژێکیش کۆمەڵەی مۆسیقاژەنانی عیراقی (جمعية الموسيقيين العراقيين)، ئاهەنگیان هەبوو ڕاستەوخۆ لە ستۆدیۆی بەشی عەرەبی، کە تیپێکی مۆسیقای گەورەی لە خۆ گرتبوو و مامۆستا (مونیر بەشیر) سەرپەرشتی دەکرد. جا هەر هەفتەیەک ئەبووایە گۆرانییێکی کوردیش لە ناو بەرنامەکانیدا هەبێ. جارێک کاک شەماڵ وتی: ئەم هەفتەیە من و تۆ بەدوو قۆڵی، گۆرانییێک دەڵێین، بەڵام حەز ئەکەم بێیتە لام لە شوقەکەما تاکو ئامادەی بکەین و پرۆڤەش بکەین. ئاهەنگەکە جەمعیەتەکە ڕۆژانی چوارشەموان بوو. من ئێوارەی یەکشەممە بوو، چوومە شوقەکەی کاک شەماڵ، هەر بەپێیان لە بەشی ناوخۆی کوللیەوە، چونکە زۆر دوور نەبوو لێمان. شوقەکەی لە (شارع غازي) بوو بەڵام نەک لە لای (ساحة باب الشرجي) کە دوایی بووە (ساحة تحرير)، بەڵکو لە کۆتایی شەقامەکەی غازی بوو، بەرامبەر بنکەی ئاگرکوژێنەوە، کەمێک هەورازتر... مەبەستم پێش ئەوەی بگەیشتبامە شوقەکە، لە لای ڕاستم بنکەی ئاگر کوژاندنەکە بوو (دائرة الاطفاء)، ئینجا کەمێک زیاتر، لەوێ ڕەت ئەبووم، بەلای چەپمەوە، شوقەکە بوو لە قاتی دووەم بوو، بەعەقڵم. بینایەکانی ئەوسا، زۆر بڵند نەبوون: ئەوپەڕی **٣** سێ نهۆم دەبوون... کەم وابوو بینایەیەک لەو بەغدایە گەورەیە، چوار نهۆم بووایە.

جا چووم بەعوودەکەی خۆی (شەماڵ) هەندێکی لە گۆرانییەکە لێدا و لە بەردەمی، لەسەر مێزەکە، پارچە کاغەزێک دانرابوو، کە سەیرم کرد شیعرێک بوو، لە سەرەوەی نووسرا بوو (هەرێ لەیلێ) بەڵام ناوی شاعیری لەسەر نەبوو. یەکسەر دێڕی یەکەم دەستی پێ کردبوو.

هەرێ لەیلێ... هاوار لەیلێ... عەمرم لەیلێ...

نزیکەی سەعاتێک لە لای دانیشتم و جار بەجار من عوودەکەم لێی وەردەگرت و هەندێک زیادکردن یا گۆڕینی ئاوازی وشەیەک یا نیوە ڕستە شیعرێک... تا بەو شکلە دەرچوو کە خەڵک گوێیان لێ بوو، وەک گوتم یەکەم جار من و شەماڵ بەدوو قۆڵی لە ستۆدیۆی بەشی عەرەبی، لەگەڵ تیپەکەی مۆسیقای (جمعية الموسيقيين العراقيين) گوتمان، دوای ئەوەی یەک سەعات پێش پەخشی ئاهەنگەکە، لەگەڵ تیپەکە و کۆرسەکە،

کە کورسی ئێزگەی عەرەبی بوو، کوردییان نەئەزانی، رامان هێنان... ئینجا کاتی پەخش هات و لەتەک گۆرانییەکانی تر لە بەرنامەکە، ئەوەی ئێمەش (هەرێ لەیلێ) زۆر خۆش و ڕێکوپێک دەرچوو.

پاش ئەو ئاهەنگە، من گۆرانییەکەم گوت لە یەکێک لە ئاهەنگەکانما لە ئێزگەی کوردی، لەگەڵ تیپی ئێزگەی کوردی و کۆرسەکەم لە دار المعلمین العالیەوە هێنابوو چونکە لەوێ دەرفەتم هەبوو لەگەڵ ئەو برادەرانەم کە هەموویان عەرەب بوون، تەنانەت یەکێکیان خەڵکی (زنجبار) کە لە ئەفریقایە، بەڵام لێرە دەیخوێند لە بیعسە (بعثە) وەرگیرابوو کە لەسەر حیسابی حکومەتی عیراق بخوێنێ، تاکە ئەندامێکی کۆرسەکە کە کوردی دەزانی، قوتابی ئامۆزام کاک مەتی بوو.


لە جەژنی قوربان لە ساڵی ١٩٥٨ لە سلێمانی ئەم وێنەیە گیراوە

چاکیشمان کرد، داوام کرد گۆرانییەکەی (هەرێ لەیلێ) کە لە ئاهەنگەکەی خۆم پێشکەشم کرد، وتم بەلێپرسراوی (دەنگ و تۆمارکردن) کە تۆماری بکەن. ئیتر هەموو ڕۆژ لە بەرنامەکانیان، لە بەشی کوردی، پەخش دەکرا و گوێگر و عاشقی گۆرانییەکە کاغەزی زۆریان دەنارد و داوایان دەکرد. بەڵام کە من لە ئێزگە ڕۆیشتم، ساڵی ١٩٥٧ و لە کۆیە دامەزرام وەک مامۆستا، لەو ماوەیەدا، کاک شەماڵ ژمارەیەک لە گۆرانی نوێی خۆی یا لە ئاوازی قادر دیلان و نەجاتی عەبدە... لەسەر قەوانی کۆمپانیای (چەقماقچی) تۆمار کرد، کە یەک لە قەوانەکان، هەرێ لەیلێ بوو، لەگەڵ کۆرسی بەشی عەرەبی و تیپی مۆسیقای جەمیل بەشیر بۆیان تۆمار کرد.

جا بەداخەوەش دەڵێم، کاتێ شەماڵ قەوانەکانی تۆمار کرد، گۆرانییەکەی منی، کە پێش ئەو من لە ئێزگە تۆمارم کردبوو، بزری کرد و ونی کرد و چیتر، هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، گۆرانییەکەی (هەرێ لەیلێ) بەدەنگی منی ساڵی ١٩٥٥، لەو ئێزگەیە لێ نەدرا! چونکە (شەماڵی برادەر و ئازیزم) هەر لە ئێزگە مایەوە و دەستڕۆیشتووش بوو!



شایەدیش و بەڵگەش هەن کە گەلێک شتی وا کراوە و شریت و گۆرانی ئەو گۆرانیبێژانەی ئەو و یەک دوو کەسی تر لە ئێزگە، حەزیان لێ نەبایە... یان خاوەنی دەنگەکەیان خۆش نەویستبا، بەرهەمەکانیان بزر کردوون و لایان بردوون! بەهەرحاڵ هەزار ڕەحمەت لە گۆڕیان بێ و، من هەر بەهەڤاڵی شیرینی خۆمم حیساب کردوون و قەت و قەت، زیاتر لە ڕەحمەتیان بۆ نانێرم!

لە عوتلە (پشوو)ی هاوینی ساڵی ١٩٥٥ گەڕامەوە ماڵەوە لە کەرکووک... چەند ڕۆژێک ئیسراحەتێکی باشم کرد چونکە بۆ تاقیکردنەوەکان و ئیمتیحانی سەری ساڵ زۆرمان خوێند و ڕابواردنم بەلاوە دانابوو... بۆیە بەجەستە و مێشک و هۆش ماندوو بووم.

ڕۆژێک، هەر هەندەم زانی، کاک هورمز پەیدا بوو. تومەس چاوەڕێی ئەوەی دەکرد لە کۆیە، هەرکە من ئیمتیحانم تەواو بێ، بێتە سەردانم بۆ کەرکووک. ئیتر شەوێک مایەوە و ئیقناعی کردم کە بچینە کۆیە و دەعوەتی کردم. منیش، بۆ چوونم بۆ کۆیە، واز لە هەموو بەرژەوەندی و ئیش و کار دێنم! زوو ڕەزامەندی خۆم و سوپاسی خۆمم ئاراستەی کرد. جا ماڵی مامیشم یەک دوو کەسیان، چەند ڕۆژێک پێشتر ئاگاداریان کردبوومەوە کەوا قەولە بچن بۆ کۆیە، بۆ ماڵی (ڕۆمێ)، کچە گەورەکەی مامم، کە ئەو لە کۆیە نیشتەجێیە، مێردەکەی، تۆماس، لەوێ هێشتا پۆلیسە و کوڕەکەی (جان) دەخوێنێ لەوێ. ماری خوشکیشم خۆی ئامادە کرد و ئیتر هەموومان، ڕۆژی دوایی، بەترومبێلێکی لاندرۆڤەر کەوا کاک هورمز، لەسەر کیسەی خۆی بۆی هێنابین، هەموو سواربووین و من لە پێشەوە، دانیشتبووم و ماری لە تەنیشتم، ئەوانی تر، ماڵی مامم، هەموویان لە دواوە جێی خۆیان کردبۆوە. عوودەکەشم لەگەڵ بوو. لە ڕێگا، تا گەیشتینە نزیک شاری کۆیە، هەر گۆرانی و عوود و چەپڵە بوو. هەموومان کەیفخۆش بووین لەبەر ئەوەی بەرەو کۆیە دەچووین.


وێنەیەکی ئەو سەفەرەمان بۆ کۆیەیە کاتێ گەیشتینە دێی تەق تەق، وا لە چاوەڕێی "دوبەکە"داین تاکو لەوبەر بێتە ئەم بەرەو هەڵمان بگرێ بمانپەڕێنێتەوە لەسەر "زێ"یەکە. هاوینی ١٩٥٥

دایک و باوکی هورمز زۆر دڵخۆش بوون بەچوونمان، ئەوان هەر ئەو تاقە کوڕەیان هەبوو! جا دەیانزانی چەند منی خۆش دەوێ، لە برا زیاتر! تەنها لەگەڵ مندا کەیفخۆش دەبوو.



لەم وێنەیەدا، لە چەپەوە کاک هورمز، بەڕوو و بچمێکی زۆر کامەران وبەئیسراحەت لەگەڵمانا، من و ماری خوشکم، دانیشتووە و وا ئەزانێ دونیا ئی ئەوە و چش لە هەموو ناخۆشییەک. وێنەکە لە گەشتەکەمان بۆ کۆیە، لەسەر دەعوەتی کاک هورمز، لەناو یەکێک لە ڕەزەکانی زەیتوونی "هەرمۆتە" گیراوە، لە هاوینی ساڵی ١٩٥٥

لە کۆیە، وەک هەموو جارێ، بەسەیران لەگەڵ برادەران و شەوێک لە ماڵی (مەلا حەوێز ئاغا) دەعوەت کرام و کاک مەحموود ئاغاش هات و بەعوود و گۆرانی، لە باخچەکەیان، لەگەڵ ئاوازی ڕەسەن و بەستەی بەتام و قسە خۆشەکانی مەلا حەوێز ئاغا، هەستمان بەتێپەڕبوونی کات و سەعات نەدەکرد.

سەفەر و سەیرانی ڕۆژانەی من و (هورمز)یش، بۆ ناو ئەو باغ و باخچە و سەر ڕووبار و کانیلە و ناو دار و درەختان، هەر مەپرسە چەند دڵگیر و پڕ خۆشی... ئەوپەڕی کامەرانی بەمرۆڤ دەبەخشن.

وابزانم ڕۆژێک پێش تەواوبوونی ماوەی گەشتە خۆشەکەمان ڕابواردنی پڕ تامی ژیان و ڕۆژانی تەمبەڵی و بەهەراوهۆریای گۆرانی و چەپڵە و شایی کۆتاییەیان هات و مام ئەسکەندەری باوکی هورمز وتی: سبەی هەمووتان دەعوەتی منن بۆ تۆیزاوە. چوو بەماڵی براکەشی گوت کە ناوی (وەردە) بوو هەروەها ماڵی (تۆماس) و مام (ئیچۆ)ی کۆنە پۆلیس... ئیتر هەموو خزمان...!

ئەوە بوو بۆ سبەی چووینە تۆیزاو و دوای سەردانی مەزاری (مەربێنە قەدیشە)ی ناودێرە کۆن و دێرینەکە و پێکردنی مۆم و نوێژکردن لەسەر قەبرەکەی، هاتینە دەرەوە و شۆڕ بووینەوە ناو باخچە و ڕەزەکەی خوار دێرەکە، لە نزیک ڕووبارەکە جێگامان بۆ ڕاخرا و لێی دانیشتین.





وێنە لە سەیرانێک بۆ ناو ڕەزەکانی دەوری کۆیە. لە ڕاستەوە: کاک هورمز، ئینجا من، ئینجا ماری و دایکی هورمز. ئەو کیژە بچکۆلە، شوکریەی خوشکی هورمزە. کوڕە منداڵەکەش "جان تۆماس"ی کوڕی ئامۆزام "ڕۆمێ"یە.

ئەمەو دوای ئەو ڕۆژە خۆشانە کە لە کۆیەمان ڕابوارد و برادەرەکانی زەمانی قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیمان چاوپێکەوتن و ئەلحەمدولیلا، هەموو لەوپەڕی باشی دابوون و ئەو بووبووە موەزەف و ئەو بووبووە مامۆستا و... شەوان یانەی فەرمانبەران، کە دیوارێکیان لە بەینا بوو لەگەڵ سەرا دێرین و جوانەکەی کۆنی کۆیە... لە ناوەندی شار... دەڵێم ئێوارە تا درەنگی شەو، باخچەکەی بەهاوینان، گیڤە و زرینگەی دەهات... پڕ دەبوو لەو گەنجە دڵگەرم و پاک و بەزەوق.

بۆ بەیانی ڕۆژی پاشتر دوعاخوازیمان کرد و بەجێبێکی لاندرۆڤەر هەر بەڕێگای (تەق تەق) گەڕاینەوە کەرکووک.



کە گەیشتینەوە کەرکوک... چووینە ماڵمان کە گوازتبوویانە خانووێکی دیکە و لە گەڕەکی (بەگلەر) نەمابوون، چووبوونە گەڕەکی (جلوایی)... ئەم گەڕەکە لە خوار بەگلەرەوە بوو زۆرترینی دانیشتوانی، بەئەصل لە ئاسوورییەکانی گوندی (جیلوو)ی سەر بەناوچەی خوارووی تورکیایە... کە تیرەیەکی ئاسوورییەکانی تێدا نیشتەجێ بوون بەناوی (جلوایی)... واتا خەڵکی دێی (جیلوو)، دەناسران. بەڵام دوای جەنگی جیهانی

یەکەم، کە لە ١٩١٨ کۆتایی هات و تورکە عوسمانییەکان کەوتنە ناو ئاسووری و ئەرمەنییەکانی وڵاتی خۆیان و بەکوشتن و بڕین و فڕاندنی ژن و ئافرەتان، وایان کرد ئەو ئاسوورییانە بەهەڵاتن هەڵێن و ماڵ و حاڵ و باغ و باخچە و ئاژەڵ و کێڵگەکانیان بەجێ بهێڵن! جا زۆربەیان، دوای ئەوەی هاتنە عیراق، لە شاری کەرکووک، هەر لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی بیستەم، خانوویان کڕی و بەکرێ گرت و هەموویان لەو گەڕەکە حەوانەوە کە یەکێکە لە گەڕەکە هەرە کۆنەکانی دیوی (قۆریە)ی شاری کەرکووک.

جا ئەو خانووەی ماڵمان چووبووە ناویەوە، خێزانێکی خەڵکی (تلکێف)ی بەکرێیان گرتبوو لە خانووەکەی کەوا کابرایەکی تورکمانی کەرکووکی بوو... خانووەکە چوار ژووری تێدا بوو... دووانیان لە پێشەوە، لەودیو و ئەودیوی دەرگای حەوشەکە، ئینجا دوو ژووری دیکەش لە سەرووی حەوشەکە بوون! خانووێکی (شەرقی) بوو. دایکم دوو ژووری لای دەستە ڕاستی وەرگرتبوو یەک لەو ژوورانەی ژێر دەرگای حەوشە و یەکیش لەوانی سەرەوە. ماڵە تلکێفییەکانیش دوو ژوورەکەی تر!

ئەو ئێوارەیە، هەموو ئەندامانی هەردوو خێزان لە حەوش دانیشتبووین و کابرای تلکێفییەکە ناوی (ناصر) بوو، ژنەکەی (ڕۆزە) دوو کچی هەراشیان هەبوو، گەورەکەیان ناوی (سیهام) بوو تەمەنی ١٦ ساڵان دەبوو، ئەوی تر ناوی (ئەمیرە) بوو ڕەنگە (١٥ ساڵ) دەبوو. بێجگە لەوانەش چەند منداڵە ورتکەی دیکەشیان هەبوو... کچ و کوڕ.

باوکەکە لە کۆمپانیای نەوت I. P. C وەک (میکانیک) کاری دەکرد. هەر ئەویشیان بەو مووچەی وەری دەگرت، گوزەران و مەعیشەتی خێزانەکەی زۆر بەڕێکوپێکی بەڕێوە دەبرد. تەمەنی ٥٠ پەنجا ساڵ دەبوو، پرچی سەری ئەوی مابوو سپی بوو. ژنەکەی قەڵەو بەڵام جوان بوو، پرچی درێژ، دوو چاوی ڕەشی جوان و زەردەخەنەیەکی هەمیشە لەسەر لێوان بوو.

زۆری پێ نەچوو، کاک هورمز دیسان بۆمان پەیدا بوو. من پێکەنیم. گوتم کوڕە هێشتا ڕەنگە بۆمان لە ماڵتان، لە کوێیە نەبڕابێتەوە، تۆ هاتی! وتی: براله هیچ ئۆقرە ناگرم و زۆرم هەست بەتەنیایی دەکرد دوای ئەوەی ئێوە لە لامان ڕۆیشتن. شەرمم نەکردبایە، ڕۆژی پاشتر... پاش چوونتان، دەهاتم. ئیتر لەگەڵ پیاوەکە (کاک ناصر یوسف)یش بەیەکترم ناساندن و... شەوانە لەو حەوشە پێکەوە دادەنیشتین. هەردوو خێزانەکەش، لە خواوە، زۆر یەکتریان خۆش ویست. کچە گەورەکان لەگەڵ ماریە و وەردیەی خوشکەکانمان بوون بەهاوڕێ، منداڵەکان لەگەڵ یوسف... بەتایبەتی کوڕێکیان هەر لە تەمەنی یوسف بوو ٦



ساڵان دەبوو، بوونە برادەر و ئەو ساڵەش، بۆ یەکەم جار، پێکەوە لە قوتابخانەی سەرەتایی (قەید) بوون و دەوامیان کرد. دایکم و ڕۆزەش وەک دوو خوشکی ئازیز لە مەتبەخەکە، بەقسە و باس و خواسی خۆیان و یان بەڕاوبۆچوونیان سەبارەت بەم خواردنە یا بەو خواردنە... ساتەکانیان ڕادەبوارد.

شەوێک پێش ئەوەی هورمز بڕیاری دابوو بگەڕێتەوە کوێیە، هەندێ وێنەی (تایبەتی) بۆمان گرت کە یەکێکیان مێژووییە و هەردوو خێزان بەکاملی ئەندامەکان لە سووچێکی حەوشە دانیشتین و ئەو وێنە جوانەی بۆ گرتین:



دانیشتووەکان، لە ڕاستەوە: هورمز لە پشتەوەم دانیشتووە. من بەپێجامەیەکی "مقەلەم" ئینجا دایکم و ڕۆزە و مام ناسر.
ڕاوەستاوەکان، لە ڕاسەتەوە: ئەمیرە، ماری، سیهام، سەمیرە و وەردیە.
ڕۆژی ١٩٥٥/١٠/١١٠ لە حەوشی ماڵەوەمان لە کەرکووک ئەم وێنەیە، هورمز بۆی گرتین.

ڕۆژان هاتن و چوون، من دڵم کەوتە خرپە خرپ بۆ (ئەمیرە)کە... حەزم لێی کرد و هەستیشم دەکرد، ئەویش مەیلی زۆری هەیە لەگەڵما بکەوێتە قسە و نوکتە و... چەند جارێ، بەشەوان کە لە حەوشەکە دادەنیشتین، هەردوو خێزانەکان و بەتایبەتیش ئەگەر میوانمان هەبووایە، چ میوانی ئەوان، یان میوانی ئێمە... ئیتر لەو دانیشتنانە من عوودەکەم دەردەکرد و دەمانکردە چەپڵە و عوود لێدان و گۆرانی گوتن. ئەوان بەئاسووری و عەرەبی دەئاخافتن. کوردییان نەئەزانی، منیش بەعەرەبی و جار جارەش هەندێ ئاوازی کوردی، لەوانەی کە غەیرە کوردیش زەوقیان لێ وەردەگرن، ئەو گۆرانییانەم دەگوت...

پاش ماوەیەکی تر، ئیدی پێم نەکرا خۆم ڕاگرم و بەئەمیرەم گوت: «وەک دڵنیام و تۆ هەست دەکەی من دڵم لەگەڵ دڵتا جووتە و من تۆم خۆش دەوێ و حەز ئەکەم بزانم تۆ چۆن

هەست دەکەیت بەرامبەرم؟» ئەویش بەهەمموو دڵەوە گەشایەوە بەقسەکانم و گوتی «من حەزم دەکرد پێت بڵێم، بەڵام شەرم دای دەگرتم و چاوەڕێ بووم تۆ ئەو گرفتە و ئەو گرێیەم بکەیتەوە و...»

هەر ئەو ڕۆژە بەدایکمم گوت و گوتم من ئەوا دەوامی کوللیەم نزیک بۆتەوە... سبەی یا دووەی دەڕۆم، حەز ئەکەم بەدایکی ئەمیرە بڵێیی کەوا من (دەمەوێ) و بۆم (حیجز) کات و گفت بەکەس نەدات. ئەمیرەش لەگەڵمایە و ئێمە کۆکین لەگەڵ یەکا.

هەڵبەت دایکم ئەوەی ئەزانی کەوا من کەوتوومەتە داوی ئەمیرەوە. بەڵام ئەو حیسابەی نەکردبوو، کار بگاتە ئەو جێیەی کە داخوازی ئەمیرەم بۆ بکات. بەڵام وەعدی دامێ کە مەوزووعەکە، لە فورسەتێک، لەگەڵ (ڕۆزە) موناقەشە بکات.



وێنەی ئەمیرە لەگەڵ دایکم

کە چوومە بەغدا بۆ دەوامی کوللیە، کاغەزم بۆ ئەمیرە نووسی و لە ناو کاغەزەکەی کەوا بۆ ماڵەوەم نارد، لە هەمان (زەرف) دامنا... جا پوولێکی (پۆستە)شم لە ناو کاغەزەکەی ئەمیرە دانابوو بۆ ئەوەی کاغەزی تایبەتیم بۆ بنێرێ و پوولەکە حازر و ئامادەیە، لە زەرفەکەی بدات و لە دائیرەی (پۆستە) کە نزیکی قوتابخانەکەیان بوو و، بیهاوێتە ناو سندوقەکە. پاش چەند ڕۆژێ وەڵامەکەیم بۆ هات ئەوەندە دڵخۆش بووم، ئەوەندە گەشامەوە... ئیتر ئەو هەموو کیژانەی دەوروپشتم لە کۆلێجەکەمانم نەدەبینین لە پێش چاوم. هەر ڕوومەتی ئەو کچە جوان و خۆشەویستەم دەهاتە بەرچاو.

بۆ جەژنی سەری ساڵ، هاتمە کەرکووک! مەپرسن کە ئەو جەژنە چەند خۆش و دڵخۆشکەر بوو! من و ئەمیرەکەم، دەرفەتی زۆرمان بۆ ڕێک کەوت، لە ماڵ، یان لە دەعوەت و ئاهەنگەکانی سەری ساڵ، کە بەیەکەوە دانیشتین، بەتەنیا... ئینجا باسی خۆمان و دڵدارییەکەمان دەهاتە گۆڕێ و ناوە ناوەش بە(ماچوموچ) - وەک دەڵێن - گڵپەی دڵ و دەروونمان سارد دەکردەوە و دادەمرکاند!

ڕۆژێکیان من و دایکم چووینە ژووری دانیشتنیان، تەنها ڕۆزە لەبەر سۆبا دانیشتبوو... قاوەی بۆ کردین. من باسەکەم بۆ کرد وتم: «من، پەنا بەخوا، هەر لە کوللیە دەرچم و



تەعین بم بەمامۆستا، کچەکەت بەڕەسمی دەخوازم - و هیوام وایە ڕازی بن و ببێ بەهاوسەرم.» دایکی وتی: «ئێمە ئێستا بیری لێ ناکەینەوە. کچەکە بچووکە و تۆش ئینشاالله کە (تخرج)ت کرد... ئەوە ئەو کاتە بەدڵی تۆ دەبێ ئەگەر (نصیبت) بێ! بەم قسانە زۆر دڵخۆش بووم و زانیم کە ئەوان، مانیعیان نییە!



وێنەیەک لە سەربانی ماڵەوەمان لە کەرکووک گرتوومانە. لەلای ڕاستەوەم ئەمیرە وەستاوە و، لەلای چەپمەوە "ماری" خوشکمە. لە مانگی "ئەیلوول"ی ساڵی ١٩٥٥، پێش دەوامی ئەو ساڵەی کوللیەمانە، وێنەکەمان گرتووە.

خۆشەویستییەکەمان گەیشتە حەددێکی زۆر خۆش و بەتام... هەردووکمان زانیمان تامی ژیان چییە و چۆن دەبێ بژین پێکەوە... ئیتر لە بەینمانا و کە بەتەنیا دەبووین... چ پەردەیەکمان لە نێوانا نەما بوو. کاتێ، هاوینان لە سەربان دەنووستین، هەردوو خێزان، ئەوان لە سەرێکی بانەکە و ئێمە لە سەرەکەی تر... بانەکە فراوان و پان بوو... لێک دوور بووین، بەڵام چارپایەکەی ئەوم دەدی لە دوورەوە و هەستم دەکرد هەناسەی بەرەو من دێ و هەناسەی من بەرەو ئەو دەچێ و لەبەر شەوقی مانگەشەو سەیری یەکترمان دەکرد! هەر ئاهەنگ هەبووایە لە هەر شوێنێک، دەمبرد لەگەڵ خۆما لەگەڵ برا و خوشکەکانم. منیش هەر بۆ ئەو گۆرانیم دەگوت!



لە ئاهەنگی بووک گواستنەوە بۆ یەک لە برادەرەکانم، ئەم وێنەیەمان بۆ گیراوە، لەدوای دەربڕینی خۆشەویستی، لە نێوانمانا، لە یانەی موەزەفەکانی I.P.C – لە کەرکووک. لە ڕاستەوە: "تیمە"ی برام، ئینجا من، ئینجا ماری و دوایی ئەمیرە و خوشکەکەی سیهام. پاییزی ١٩٥٥



وێنەیەکی ئەمیرە، سیهام، ماری لەسەر کورسی دانیشتووە و عوودەکەمی بەدەستەوەیە

ئەو خۆشەویستییەم (ڕاست) بوو. بەدڵ و گیانەوە، ئەو کچەم خۆش ویست... خۆشەویستییەکەشمان تا ئەو ساڵەی لە کۆیە تەعین بووم وەک مامۆستا... بەردەوام بوو... بووە مایەی دروستبوونی چەندین ئاواز و گۆرانی دڵداری ڕاستەقینە و پڕ هەستی دڵێکی پڕ ئاوات و خۆشەویستی دوارۆژ!

جا، کاک مەجید ئەحمەد ئاسنگەر، لە (دار المعلمین العالیة) لەگەڵما بوو، بەڵام ئەو ساڵێک لە پێش من بوو! بەڵام زۆر پێکەوە پیاسە و قسەی خۆشمان دەکرد. هەر پێویستیم بەشیعرێک بووایە... حاڵەتەکەم بۆ کاک مەجید دەگێڕایەوە و داوام لێی دەکرد شیعرێکم لەسەر ئەو بابەتە بۆ هەڵبەستێ! بەم بۆنەیەوە داوام لێی کرد، ڕۆژێ، کەوا بەناوی (ئەمیرە) هەڵبەستێکم بۆ ڕێکخات. ئەوە بوو شیعرەکەی (ئەمیرەکەم)ی دامێ پاش چەند ڕۆژێک! منیش هەر خەریکی بووم کە ئاوازێکی خۆشی بۆ دابنێم! بەڵام... لەبەر ئەوەی بەینی من و ئەمیرە، ساردییەک ڕووی دا بەهۆی تەعین بوونم لە کۆیە و دەرچوونی ئەوانیش لە حەوشەکە و جیابوونەوە و دوورکەوتنەوەمان لەیەک، شیعرەکەم لادا و نەمکردە گۆرانی. ئەوە بوو کاک (فوئاد ئەحمەد) ئاوازێکی بۆ دانا پێش ئەوەی دەوام دەست پێ بکات، دیسان دەعوەتم بۆ هات لە کۆیەوە... بۆ کۆیە؟ من سەد جار ئامادەم!! بەسەر سەرم غارئەدەم بۆ شارە جوانەکەم!

کە گەیشتمە کۆیە، هەڵبەت لە ماڵی کاک هورمزی هاوڕێی ئازیزم دابەزیم. بەشەو چووینە یانە... ڕۆژی پاشتر دیسان کاک محەمەد عەبدوڵڵای چایەچی، ناسراو بە(حەمە گەمحان) بەخۆ و بە(موسەجیلە)کەی هات! دیسان چەند گۆرانییێکم بەعوودەوە، بۆی تۆمار کرد... ئێوارە کە بەلای چایخانەکەیدا ڕەت بووین، دیاربوو ئەو گۆرانییانەی نیوەڕۆ لە ماڵی هورمز تۆمار کردن، ئەوانەی لێ ئەدان لە چایخانەکەی.

شەوی دووەم مەلا حەوێز ئاغا ناردی بەشوێنم و زانیم (کاک تایەر تۆفیق)یش هاتووە



بەسەردان - جا ئەوە بوو ئەو شەوە زۆر خۆش، لەگەڵ مرۆڤی بەزەوق و عاشقی مەقام و گۆرانی ڕەسەنی کوردی، بەسەر چوو. ڕۆژی سێیەم مامۆستا (سابیر ئیسماعیل) هاتە لام و فەرمووی: سبەینێ سەیرانێکمان ڕێکخستووە و دەچینە تۆبزاوا. مامۆستات زەکی هەناری و مەلا حەوێز ئاغا و مەحموود ئاغا و ژمارەیەک لە گەنج و پیاوی خۆش مەشرەب لەوێ ئامادە دەبن. تۆش دەعوەتی و لەسەر شەرەفی هاتنی تۆیە، ئەم سەیرانەمان ڕێک خست.

بۆ ڕۆژی دوایی، مامۆستا سابیر بەجێبێکی گەورە و لەگەڵ چەند کەسێکی تر هاتنە لام و سواربووین و بەرەو باخچەکانی تۆبزاوا بەڕێ کەوتین. ڕێگاکەی هێشتا قیرتاو نەکرابوو پڕ بوو لە بەرد و شاخ و تاسە و خۆڵ و کەستەک و دڕک... بەڵام چونکە ئامانجمان ڕابواردنێکی خۆش، لە ڕۆژێکی خۆش و مێژوویی و کۆبوونەوەم لەگەڵ مامۆستاکانم و هاوڕێ و برادەرە کۆنەکانی زەمانی منداڵی و قوتابخانە و کوڕە گەڕەک، وام ئەزانی ترومبیلەکەمان بەسەر مافووراندا دەخزی و دەڕوا و هەر بەقسەی خۆش گەیشتینە شوێنی دانیشتن... بەڕ و مافوور ڕاخرابوون...

هەموو شتێک ئامادە کرابوو... ئیتر دانیشتین و زۆریان بەخێرهاتن کردین... جا دانیشتنەکە دەست کرا بەگۆرانی و بەعوود و بەهەڵپەڕکێ و خواردنی خۆش... تا درەنگی ئێوارە.



وێنەیەکی ئەو سەیرانەی باسم کرد، لە سەرەوە کەوا کاک هورمز وەک وێنەگرێکی بەزەوق و خاوەن بەهرەی فۆتۆگرافی هەمیشە ئامادە بوو و زۆر چوست و چالاک بوو و هیوایەتی مەجلیس و سەیرانی خۆش لەگەڵ مرۆڤی خۆش مەشرەب بوو.

لەم وێنەشدا (هاوینی ١٩٥٥):

ئەوەی لە پێشەوە ڕاکشاوە و سەیری کامێرا دەکات، ئەوە کاک تاهیر عەزیزە، دوکانچی بوو لەسەر شەقامی سەرەکی کۆیە - لە تەنیشتی لای ڕاستی، بەکراس و پانتۆڕ، کاک

سەلاحە، پێم وایە و، من سەر و دەموچاوم لە پشتەوەی دیارم. لە دواوەتری من، مامۆستا حەمەڕەش دیارە و ئینجا مەحموود ئاغا بەمشکیە ڕەش و نەخشاوەکەی دیارە. ئینجا مامۆستا سابیر ئیسماعیل لە تەنیشت مەحموود ئاغایە و پاشان قادر ئاغا و ئینجا مامۆستا زاهیر ئەحمەد هەناری... ئەوەی وەستاوە لە پشت کاک زاهیر، فۆتۆگرافیستمان، کاک هورمز ئەسکەندەرە. ئینجا لە تەنیشت هورمزەوە، مامۆستای گەورەمان زەکی ئەحمەد هەناری ئەویش وەستاوە و سەیری کامێرا دەکات و بەکامەرانییەوە، پێدەکەنێ. ئینجا لە خوار ئەوەوە، براکەی: مامۆستا عەبدولرەحمان هەنارییە و دوو سێ گەنجی دیکەی کۆیی، ڕەحمەتی خوایان لێ بێ ئەوانەی کۆچی دواییان کردووە و تەمەنی درێژ و تەندروستی باشیش داوا دەکەم لە خوای گەورە، بۆ ئەوانەی لە ژیانا ماون.



ئەمەش وێنەیەکی دیکەی هەمان سەیرانە لە باخچەکانی تۆبزاوای کۆیە، لەگەڵ مامۆستایان زەکی ئەحمەد هەناری کەوا دیارە لەو سەرەوە، لە پشتەوەی دانیشتووەکان، لەسەر پێ وەستاوە و سەیری کامێرا دەکات و زەردەخەنە پڕ خۆشەویستی بۆ هونەر و ئەدەب و مەجلیسی برادەرانی خۆش و بەزەوق، وا لەسەر لێوانی. ئینجا لە پێشەوە، مەلا حەویز ئاغا پشتی لە کامێرایە، بەڵام کاک زاهیر ئەحمەد هەناری و قادر ئاغا و مامۆستا سابیر ئیسماعیل و مەحموود ئاغا و مامۆستا حەمەڕەش و هورمز هەموویان، لە ڕیزی پێشەوەن و سەیری کامێرا دەکەن. من و کاک فتح الله و کاک تایەر عەزیز لە بەردەم مامۆستا زەکی دانیشتووین... لەولاترمان کاک عەبدولرەحمان هەناری دیارە.

وێنەی سێیەم کە لە هەمان سەیران گیراوە، لە هاوینی ساڵی **١٩٥٥** لە تۆبزاوای کۆیە، دیاربوو برادەران، دوای یەک دوو سەعات دانیشتن و چەپڵە و گۆرانی، ئینجا حەزیان لە تاوێک هەڵپەرکێ بوو. جا، هەموومان هەر بەپەجامە و کراسەوە، من بەعوود و گۆرانی و ئەوان بەهەڵپەرکێی جوانی کوردستانی... دوا ساتەکانی ئەو ڕۆژە خۆشە تەواو دەکەین.





شایانی گوتنە کەوا من، گۆرانی (هەی زێڕینێ)م لەو ڕۆژەی ئەو سەیرانە، دانا بەئاواز و بەهەڵبەستەوە.

واتا چیرۆکی دانانی گۆرانی (هەی زێڕینێ)، بەم شێوەی خوارەوە ڕووی دا و پەیدا بوو:

دوای دانیشتنێکی زیاتر لە دوو سەعات لەو شوێنە دڵگیرە و لەگەڵ خواردن و گۆرانی و عوود و چەپڵە و خۆشخوانی... ماندوویەتیمان پێوە دیار بوو... منیش عوودەکەم دانا و هەڵسامە سەر پێ و پێم گوتن: پیاسەیەک لەو ناوە و بۆ لای ڕووبارەکە دەچم! جا کە لێیان دوورکەوتمەوە، لەو تەلانەی بەرامبەرمان، مێگەلە مەڕێکی بچووک بەرەو خوار دەهات و دوو منداڵ، شوانکارەکانیان بوون، کوڕێک ژیکەڵە، ١٢ ساڵان یا کەمێک زیاتر، دارێکی بەدەستەوە بوو، بەدوای مەڕەکان، لەولا بۆ ئەملا دەچوو، لەو کاتە چەند بەرخۆڵەیەک، لە مێگەلەکە دەرچوون و بەدەم لەوەڕان، کەمێک دووورکەوتنەوە! کوڕە شوانکارەکە گازی کچەکەی کرد کەوا لە پێشەوە و لە لایەکەی دیکەی مێگەلەکە بوو و، هاواری کرد: «کچێ زێڕین... هۆ زێڕین... ئەو حەیوانانە واوە بینەوە.» کچەکە غاری دا و بەرخەکان نزیک من بووبوونەوە. کچەکە، هاتە نزیکم... حەپەسام! کچێکی جوانی، قژ قاوەیی مەیلەو زەردی، چاو شینی ڕوومەت سوور... گەردنێکی سپی و خڕ و ناسک، لەسەر جەستەیەکی قشتیلە و ڕێک... یەک تاقە کراسی لەبەردا بوو... چڵکن و دەلینگی دەرپێی نیوەچڕ بووبوون و دڕا بوون لەبەر هاتوچۆی ناو دار و بەرد و دڕکان!... سەیرێکم کرد و بەقسە ڕامگرت و گوتم: «ناوت زێڕینە؟» گوتی: «ئا». گوتم «ناوت جوانە و خۆشت جوانی! تەمەنت چەندە؟» گوتی «چی؟» گوتم: «عومرت چەند ساڵە!» گوتی: «نازانم»... گوتم «ڕەنگە عومرت هەر دوازدە ساڵ بێ... خوا یارمەتیتان بدات و بتپارێزێ». براکەی... کوڕەکەی تر بانگی کرد «کچێ زێڕین دەوەرە!» لێم پرسی: «براتە؟» وتی «ئا» وتم: «دەبڕۆ جوانەکە، بڕۆ ئاگات لە خۆت بێ!»

ئەو ڕۆژە من هەر (زێڕینم) لەسەر زار بوو! کە گەڕامەوە لای برادەران، گوتیان «چت بوو

لەگەڵ ئەو کچە شوانکارە؟» گوتم «فلانی – وەڵڵاهی جوانی وام نەدیوە و نابینم! پەکوو! ئەوە چییە؟ ئەو خوایە کاری چەند ڕەنگینە، شتی ئاوا دەخولقێنێ! خۆزگەم بەو کەسەی چەند ساڵێکی تر، زێڕینی بەنسیب دەبێ!» ئەوان پێکەنین... یەکیان گوتی: دەوەرە... وەرە گۆرانییەکمان لەسەر (زێڕین) بۆ بڵێ. یەکسەر هاتە سەر زارم و وتم «زێڕینەکەی تۆبزاوا؟»...

ئیتر ئەو شەوە، بەخۆم و بەعوودمەوە، هەر خەریکی هەڵبەست بووم... هەندێ ڕستەی سووک و ناسک کە لە شیعرەکانی فۆلکلۆری و هەندێ وشەی پڕ مۆسیقام ڕێکخستن و ئاوازەکەش هەر دوای دیتنی (زێڕین) لەسەر تەلانەکە، لە مێشکم دەزرینگایەوە! جا ئەو گۆرانییەی لێ دەرچوو:

| | |
|---|---|
| هەی زێڕینێ... زێڕینێ... | کۆیە خۆشە و بابچینێ |
| زێڕینەکەی تۆبزاوە | منی کردووە بەداوە |
| گەر ماچ کەم ئەو دوو چاوە | حەسرەتی دڵ نامینێ |
| ... تاد. | |

ئەوە بوو هەرکە گەڕامەوە بەغدا و لە یەکەم ئاهەنگی کە داهات، یەکەم گۆرانیم (زێڕینێ) بوو کە ڕاستەوخۆش پەخش و بڵاو کرایەوە... دواتر، لە ئاهەنگەکانی دیکەش، تا دوو سێ هەفتە، ئەو گۆرانییەیان لێم داوا دەکرد و دەمگوت، تا فورسەت ڕەخسا و تۆمارم کرد لەو پاییزی ئەو ساڵەی (١٩٥٥).

کە چوومەوە ئێزگە، سەیرم کرد هەندێ کاغەز (نامە)م بۆ هاتبوو... تیایاندا هەبوو تەنها (اعجاب) بوو، هەبوو شیعریان بۆ نووسیبووم و دەیانخواست ئاوازیان بۆ دابنێم و بیانکەم بەگۆرانی – هەشبوون، لە ناو ئەو نامانە، داوای (وێنە)ی خۆم و کورتەیەک لە (ژیان)میان بۆ بنێرم.

بەنیسبەت ئەوانەی داوای وێنەمیان کردبوو، بۆم ناردن... بەڵام شیعرەکان، ئی گەنجی هەرزەکار و موراهیق دیاربوون و پێدەچوون...! نە قافیەیان تەواو بوو، زۆریش وشەی عەرەبییان تێدا بوو... من هەڵسام بابەتێکم بۆ ڕۆژنامەی (ژین) نارد، بۆ سلێمانی، تیایدا هەندێ (خاڵ)ی پێویستم نووسی کە دەبێ (شاعیرەکانی) گۆرانی، پەیڕەویان بکەن و پشتگوێیان نەخەن: ئەمەش (وتارەکەمە) بەناوی (چیمان ئەوێ لە نووسەری گۆرانی): لە ژمارە (١٢٩٨) بڵاو کرایەوە ڕۆژی ١٩٥٦/٥/٣١.




ژینی ژمارە (١٢٩٨)
١٩٥٦/٥/٢١
لاپەڕە ٧ ژین

چیمان ئەوی لە نووسەری گورانی

باقەلەمي — باکوری

بە راستی گەلی سوپاسی ئو شاعرو نووسەرو گوی گرە خوشەویستەکان ئەکەم کە ناوە ناوە هەندي شعرو هەلبەستەي خویان بومان ئەنیرن بو ئەوەی ئاوازیان بو دابنین و بیانکەین بە گورانی تاکو لە ئیستگەی کوردی لە بەغدا بلاو بکرینەوە . بەلام گەلی جار ئەم هەلبەستانە بو گورانی دەست نادەن لە بەر گەلی کەمو کورتی وهەندي ئەسبابي (فني) تر .

وا من لە خوارەوە چەند ملاحظەیەك ئەنووسم کە ئو کەسانەي شعري گورانیمان بو ئەنووسن ئەبي لیان وورد بنەوە و بەیکیان بینن لە شعرەکانیان تاکو دەست بدات بو گورانی :

١ — داوا مان لی مەکەن کە شعرەکانتان لە سەر (فلان) ئاوازی عەرەبي — وە یا تورکی دا بگوتري ، چونکە ئم ئاوازانە کە زور بون ، تامیان نامینی .
من خوم هیچ حەز ناکەم کە گورانی کوردی بگوتري لە سەر ئاوازیکي غەیري کوردی . ئیمە خومان آواز دائەنین بو گورانیەکان .

٢ — اهتمام ئەبي بدریتە قافیە و وەزنی شعرەکان ، ئەگینا لەگەل (تامپوي) موسیقي ریك ناکەون .

٣ — تاکو بتوانن ووشەکان (کلمات) باشەعبی و ئاسانو جوانبن تاکو هەموو کەسیك تیان بگات . وە ووشەي غریب وەك فینوس و .. هتد

٤ — بەیتەکان خفیفو کورت بن

٥ — ووشەی (عەیب) خلاعي لە شعرەکانادا نەبن ، وەگەلی باسی ماچو سینگ و مەمکولە استعمال مەکەن .

بوزانین
باشماوەي
دفتري پولیسخانە
دو بەرەی ما لە کەی ئەدزن

لە خوێندن، بەکوردی و عەرەبی و تەنانەت ئینگلیزیش، هەرکە لە قوتابخانەی (ناوەندی) کۆیە قوتابی بووم، لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ – ١٩٤٦، حەز و ئارەزووم هەبوو... زۆریشم دەخوێندەوە! چونکە لەو ساڵانەدا ڕۆژنامە و گۆڤاری عەرەبی و تاک تاکە کوردیش زۆر بوون و دەهاتنە کۆیە. هەر ئەو هیوایەتەش هانی دام بۆ هەوڵدان بۆ نووسین... سەرەتا هەر بەعەرەبیم دەنووسی. شیعر یا پەخشانی کوردیم دەگۆڕییەوە سەر عەرەبی و دەمنارد بۆ ڕۆژنامەکان و هەمووشیان شتی منیان بڵاو دەکردەوە، چونکە نووسینەکانم مەرجە پێویستییەکانی نووسینی (باش)یان تێدا بەدی دەکرا. جاروبار شیعریشم دەنووسی. چەند شیعرێکم لە (گۆڤاری پەیام) بڵاو کرانەوە لە ساڵی ١٩٥٠ و ٥١ و تا گۆڤارەکە داخرا. هەروەها لە ڕۆژنامەی (الندیم) کە تایبەت بوو بەئەدەب و هونەر و هەواڵی سینەما و شانۆ... خاوەنەکەی ناوی (ناصر یوسف) بوو... هاتە لام، دوای بڵاوکردنەوەی بابەتێکم و وتی نووسینەکانم پێ خۆشە و حەز دەکەم بەردەوام بیت چونکە تەنها لە (کوردی)یەوە، ئەدەبی کوردی تەرجەمە دەکەی و بۆمان دەنێری! ئەو کاتەش، واتا لە ساڵی ١٩٥٠ و تا چوونم بۆ دار المعلمین العالیە، لە کەرکووک بووم، سەرەتا ساڵێک بوومە مامۆستای قوتابخانەی ئاسوورییەکان و ساڵی دواتر لە I. P. C وەک (موەزەف) دامەزرام، وەک پێشتر باسم کردووە، لەم بیرەوەرییانەم!

ئەمە و جگە لە نووسینی چەند شانۆگەرییەکی (کۆمیدی) و ئینجا خۆم و چەند گەنجێکی ئەوسا، لەسەر شانۆی قوتابخانەکەمان نمایشمان دەکردن.



وێنەی شانۆگەری
"سەرخۆش" سەرخۆشەکەش
منم. لەسەر شانۆی
قوتابخانەی ئاسووری لە
کەرکووک.
ساڵی ١٩٥٣



من الادب الكردي

النديم ٧/٤/٩٥١

أنا والبلبل

واه يا بلبل. كلانا مصاب بداء (هجر الحبيب)، كلانا ذائق جفاء وعدم وفاء الحبيب، مثلنا واحد فكل منا مصاب بجرح في الكبد لا يندمل. تعال إذن بقلب ملؤه الألم والمرارة نعزي بعضنا من ألم الحرمان وعدم وفاء الخلان.

اي بلبل .. ألست ذلك البلبـل الواله لوريقات خضرة تحمي النور بينها؟ أولست ذلك النفس البارد حيث كنت تمضي – حرقة الصيف الحار وزمهرير الشتاء وأعاصير الخريف – في انتظار قطرة من شفاه عشيقتك «النور»؟ وفي الربيع حيث كنت كالمنجم تراقب الكواكب لترى متى يهـل نجم سعدك، فتجعل ليلك نهـاراً؟ كنت تعتقد انك قـد اصبت بسهمك فكسرت شوكة الوفاء!

آه .. كيف ترك كل أيامك تلك سدى، وتفتح بهـبة من نسيم جديد!

يا أيها البلبل العاشق .. أنا الآخر مكسور الجناح لخيانة المحبوب .. كنت أعيش حراً سعيداً في قصر .. ومن دون علمي اصبت (بسهام) الجفون (وقوس الحاجب) في الصميم حيث أسرت مرغماً في سوق الحب.

واه ... واه بأي شكل اقلقت قلبي في ذلك السوق! مراراً – على أمل اللقاء – كانت تسحق رأسي تحت قدميها، وكانت كالمروحة تحرقني بسراج خديها، ولـكي تكتم صياحي من الالم كانت تقابلني بابتسامتها الخلابة فتأسر قلبي فأرى نفسي – أنا الذي لم تنبـه نائبة – في شقائي ذاك سعيداً. وقد كنت دوماً – في انتظار تفتـح زهرتي – حول بستان آمالي أغـدو واروح ظناً مني ان نجم طالعي قريب الهلال.

فعندما افقت وجدت نفسي مطروحاً دامياً بعدم وفاء من احببت والتي فتحت باب ذلك البستان الذي حرسته بروحي – إلى رقيب – على مصراعيه، حيث كان كامناً لنا عن كثب في انتظار هذا النوال يجر الحسرات ..

وێنەی نووسینێکم، کە لە ئەدەبی، پەخشانی کوردییەوە، گۆڕیوەتەوە بۆ عەرەبی، لە ژێر ناونیشانی (أنا والبلبل – واتا: من و بولبول)، لە ڕۆژنامەی (یا هەفتەنامەی – الندیم – بڵاو کرایەوە لە ١٩٥١/٤/٧، من ئەوسا: مامۆستا بووم لە قوتابخانەی ئاسوورییەکان، لە کەرکووک!

لە ئاهەنگەکانی سەری ساڵانیش، وەک عادەت بوو، ئاهەنگێکی گەورەی (تنکری) – واتا (خۆگۆڕین، بەجلوبەرگ و... تاد) بەجۆرێ نەناسرێی ڕێکمان دەخست و لە هۆڵەکانی کەرکووک سازمان ئەدا و تاکو بەیانی بەگۆرانی و مۆسیقا و (دانس = واتا سەمای ڕۆژئاوایی) لەسەر ئاوازی مۆسیقایە سادەکەمان... وەک ئاوازی: تانگو، سامبا، ڕۆمبا، شارلستۆن، فوکستروت و... تاد.





وێنەم لە ئاهەنگی سەری ساڵی ١٩٥٧/١٩٥٦... جلی (فاڵچی)م لەبەرە... ئاهەنگەکە بەعادەت، سەری ساڵان دەبووایە (تەنەکوری) بێ، واتە خۆت دەگۆڕی... چ بەجلوبەرگی جیا لە جلکی خۆت لەبەر دەکەی، یان بەمکیاج و یان بەهەر شێوەیەک بێ.

لەوێنەکەدا (ناوپەل)ی برادەرێک ناوی (یوئاو تۆما) بوو، ئەو سەرپەرشتی ئاهەنگەکەی دەکرد... من وا ناوپەلی دەستی... بەختی خۆی بۆ دەخوێنمەوە! هەڵبەتە قسەی سەیروسەمەرە و بابەتی (بەختێکی) سەیرم بۆیان دەخوێندنەوە کە دەبووە مایەی پێکەنین و فەوزا! لەم ئاهەنگەدا (ئەمیرە و خوشکی لەگەڵ ماڵی خۆمان)م بردبوون. زۆر پێکەنین. ئەم سەری ساڵەش هەلێکی باش بوو بۆ من کە لەگەڵ خۆشەویستەکەما چەند ڕۆژێک بەوپەڕی کامەرانییەوە ڕابوێرم و ئەو سستییەی لە بەغدا هەستم پێی دەکرد، دوور لەو، هەروەها هەست بەغوربەت کردن لە ماڵ و لە دایک و خوشک و باب و برا، لەو پشوویە زۆر شیرینەمدا، پەرت و بڵاو بۆوە و کە گەڕامەوە بەغدا، یەکسەر، گەرموگوڕ، کەوتمە سەر خوێندنی باڵاکەم لە لایەک، چەند ئاوازێکی پڕ هەست بەکامەرانی و خۆشی کردنم پێشکەش کرد لە ئێزگەکەی بەغدا، کە گۆرانی (بەخێر بێیتەوە) و گۆرانی (گوڵ و بولبول – من و یاد) کە ئەوەیان لەسەر ئیقاع (ڕتم)ی تانگۆ بوو... ئەمانەم ئەو سەردەمەی ساڵی تازەی ١٩٥٦ – پێشکەش کردن و گۆرانی (مۆژدە لە گەلی یاران وا جەژنەیان هاتەوە)ش – لە شیعری مامۆستا مەجید ئەحمەد ئاسینگەر خۆشترینی ئەو کۆمەڵە گۆرانییە بوو.

کە لە ساڵی سێیەم (واتا پۆلی سێیەم) بوو، لە بەشی ناوخۆ، لە ژوورێکی بچووک کە لە خانوویێک بوو، لە گەڕەکی (وەزیریە) و نزیکی بەشی دیراسیمان بوو، لەگەڵ دوو قوتابی، هەرسێکمان پێکەوە دەژیاین... ژوورەکەش لە نهۆمی سەرەوە بوو. دوو

قوتابییەکان، یەکیان ناوی (عصام عبد علي) بوو خەڵکی شارۆچکەی (خالص) بوو. ئەوی دیکە ناوی (جلال ایوب صبري) بوو، بەغدایی بوو. ئەوانە لە بەشی عەرەبی بوون. زۆریان شیعر و دیوانی شیعر و کتێبی ئەدەبی دەخوێندەوە. ئینجا بەشەوان، هەندێ جار کە لە خوێندن وەڕس دەبوون، داوایان لێم دەکرد تاوێک عوودیان بۆ لێدەم. ئینجا گۆرانیمان پێکەوە دەگوت و هەردووک، بەپێجامەوە هەڵدەستانە سەرپێ و لەسەر چارپەیەکەیان هەڵدەپەڕین و



وێنەیەک بەم بۆنەیەوە گرتوومانە لەکاتی جەژنی سەری ساڵی ١٩٥٦: لە ڕاستەوە: من، ئینجا ئەمیرە و دایکی و ئینجا ماری – لەگەڵ مناڵەکان: ئەوەی لای ڕاست "یووسف"ی برای بچووکمە.

(چەقەوانە) و چەپڵەیان لێ ئەدا و تێر تێر پێدەکەنین... بەم وێنەیە! ئەو دوو برادەرانە زۆر زیرەک بوون و بەپلەی (شرف) دەرچوون... بۆیە هەردووکیان خوێندنی باڵاشیان تەواو کرد و (دکتۆرا)یان وەرگرت لە (ئەدەبی عەرەبی). بەداخەوە (عصام) لە ساڵانی هەشتاکان بووە بەعسی... و زوو سەرکەوت و (صدام) لێی ڕازی بوو... کردیە (وزیر التعلیم العالی). لە ساڵی ، عصام – وەک وەزیر – چووە سلێمانی و بڕوانامەی دەرچوون (شهادات التخرج)ی ئەو ساڵەی زانکۆی سلێمانی، ئەو دابەشی کردن. بەڵام، وەک (رفیق)ەکانی دیکەی، صدام زوو لەناوی برد و توومەتی (خیانەت) و شتی وا، کە لەبەر ئەوەی چاوی بەرایی



لە هەمان دەرفەتی جەژنی سەری ساڵی ١٩٥٦ ئەم وێنەیەمان بۆ گیراوە: لە ڕاستەوە ئەمیرە، من لە ناوەڕاست بە جومبوشەکەمەوە ماری خوشکم لەلای چەپمەوە



نەئەدا. خەڵکی خاوەن بڕوانامە و شەهادەی بەرز لە دەورووپشتیدا هەبێ، ئەو گەنجە نازدارەی بە(ئیعدام) جەزا دا... و ئیعدام کرا. ئەمما جەلال، مایەوە و برایێکی لە حکوومەت وەزیر بوو... جەلال تێکەڵی سیاسەت نەبوو، لە ئەدەب و نووسین و وەک مامۆستای زانکۆی بەغدا بەردەوام بوو. دوا جار، من لە (مصیف سرسەنگ) شەوێک دیتم و چووم لەسەر مێزەکەی لە لای دانیشتم و زۆرمان باسی سەردەمی قوتابیاتی کرد. نازانم ئێستا ماوە و لە کوێیە!؟.



لە پێشەوەتر، لەم یادداشتەم باسی ئەو سەیرانانەم کردووە کە باو بوون لە کوللیەکەمان. هەر بەشێکی سەیرانیان هەبووایە، منیان دەعوەت دەکرد و دەبوومە (ضیف الشرف) – ئەم وێنەیەش سەفەرەیەکی (بەشی عەرەبی) بوو بۆ ناوچەی (سەلمان پاک)، ئەوا لە باخچەکانی داین. ئەو قوتابییەی لە لای ڕاستمەوەیە، چاک دیارە کراسی سپی و بۆینباغی بەستووە، ئەوە (جلال ایوب صبری)یە، لەبەر ئەوەی من، بەچالاکییەکانمەوە، قوتابییەکی دیار و ناسراو بووم لە لایەن سەرتاپای قوتابیان و (عمادەی) کوللیە، جاروبار، پەیامنێری ڕۆژنامە دەهاتن، ڕاپۆرتیان لە بابەت کوللیەکەمان و بەشەکانی و جموجۆڵەکانی زانستی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری دەنووسی و ئامادە دەکرد. جا لەو حاڵەتانەش، قوتابییە (دیار)ەکانیشیان دەهێنایە ئاخاوتن. لێرەدا وەڵامەکانی من و چەند قوتابییەکی تر، ساڵی ١٩٥٦.

لە ماوەی ئەو ساڵانەدا، کە لە بەغدا بووم، چەندین چیرۆکی کورت، بەزمانی عەرەبیم دەنووسی و بۆم بڵاو دەکرایەوە لە ڕۆژنامەکانی ئەوسا، کە زۆربەیان، هەفتانە، لاپەڕەیەکیان بۆ چیرۆکی کورت تەرخان دەکرد، وەک ڕۆژنامەکانی: (الیقظة، الاخبار، البلاد، الکرخ، العالم العربي، الندیم،...)... درۆش ناکەم ئەگەر بڵێم هەوێنی ئەم نووسینانەم و وەحی و ئیلهامی ئەو دڵدارییە و خۆشەویستییەم بوو لەگەڵ ئەمیرە. جا شایانی باسە کە ئەو چیرۆکانەم ئێستا لە لام ماون و هەروەها ناویان لە کتێبێکی عەرەبیدا هاتووە کە لە نووسینی نووسەری عیراقی (عبدالاله احمد)ە بەناوی (فهرست القصة العراقیة) و چیرۆکەکانی من لە ژێر ناوم (اندریوس) و (اندریوس خمو)دا هاتووە لە لاپەڕە (٨٤).



## هل تحبذ ان تأتى الطالبة الى الكلية وهى فى ملابس الزينـــة ؟

## الطالبة التى تأتى الى الكلية وكأنها ذاهبة الى حفلة رقص او سمر

## التعليم المختلط يحفز الطلاب والطالبات على المثابرة فى الدرس

اخترنا اربعة من طلبة دار المعلمين العالية فوجهنا اليهم الاسئلة الاتية :

١ – هل تعتقد او – تعتقدين – ان التعليم المختلط قد ادى رسالته فى الكليات ؟

٢ – لماذا اخترت الفرع الذى انت فيه على باقى الفروع .. ؟

٣ – هل تحبذ او – تحبذين – ان تأتى الطالبة الى الكلية وهى فى ملابس الزينة ام لا ؟

قالت الانسة صبيحة الخطيب – الثالث .. فرع الجغرافية –

لم يؤد التعليم المختلط رسالته وذلك لضعف النواحى التربوية البيتية والمحيط الاجتماعى العام والقيود العامة الاخرى .

وقد اخترت فرع الجغرافية لرغبتى فيه واستعدادى الذاتى له دون غيره واملى بدراسة الاسس الاقتصادية والظروف الطبيعية استطيع بعدها – ان وفقت – ان اقدم دراسة جديدة لاقتصاديات بلادى على اسس حديثة فى المستقبل .. اما عن السؤال الثالث فاقول ان الجمال الطبيعى يكمن فى الزى البسيط الذى ينم عن ذوق وحسن اختيار .

اندريوس خمو – الصف الثالث فرع اللغات الاجنبية

ج١ – اننى متفائل جدا من اداء التعليم المختلط فى الكليات رسالته خير اداء . بيد اننا لازلنا فى الدرج الاول من هذا السلم ولازالت التقاليد تؤثر فى نفوس قسم من طالباتنا وطلابنا بالرغم من انهم قد اجتازوا مرحلة من الدراسة تكفى لرمى هذه التقاليد البالية جانبا . ويظهر هذا جليا من سلوك بعض طالباتنا اللواتى يحجمن عن السير او التحدث مع زميل لهن وعكس ذلك فبعض طلابنا تظهر على وجوههم امارات الخجل والاضطراب عندما تحدثهم طالبة . ولكننا بصورة عامة نسير نحو التقدم فى هذا المضمار ولن نلبث ان نرمى عن كاهلنا رداء التقاليد البالية .

ج٢ – لقد اخترت فرع اللغات الاجنبية لرغبتى الجامحة فى تعلم اللغة الانكليزية والفرنسية لاننى والحق أقول – مغرم جدا بالادب ولا يخفى ان المنابع الادبية الغنية موجودة فى هاتين اللغتين . ولما كانت لى رغبة ملحة لان اقرأ لمشاهير ادباء الغرب بلغتهم التى كتبوا بها فقد اثرت هذا الفرع على فرع الاداب .

ج٣ – لا اشترط على الطالبة ان تحضر الى الكلية وكأنها تذهب الى حفلة رقص او سمر .. بل يكفى للطالبة فى معهد علمى ثقافى ان ترتدى زيا بسيطا نظيفا ، فان البساطة هى موضة العصر الحديث .

وفى رأيى ان المبالغة فى التجميل واختيار الثياب الفاخرة هو عمل خاص بالفنانات او نساء الطبقة الارستقراطية اللواتى لا عمل لهن سوى حديث

... الازياء والمجوهرات .

فاطمة الجسانى – رابع اداب

ج١ – التعليم المختلط قـ... رسالته فى الكليات .. وهـ... من الفائدة المتأتاة من هذا التـ... هى خير بكثير من التعلم غير... فالتجارب التى يكتسبها المتعـ... والاتصال بواقع الحياة يبنياز... من حياة فرد . وهذا مالا تـ...

البقية على ص ٨

## نظرات فى التعلم الابتدائى

له رۆژنامەی (الاخبار)ی رۆژی ١١/٥/١٩٥٦ بڵاوکراوەتەوە

↓ پاشماوەی وەڵامەکانی من





ئەم وێنەیەم لەگەڵ چەند قوتابی و هاوڕێی خۆشەویستم لە پۆلەکەمان، بەشی ئینگلیزی (دار المعلمين العالية) گرتوومانە لە کاتی پشوو (فرصة)ی نێوان موحازەراتەکان، لە بەردەم دەرگـایێکی بچـووکی پشـتـەوەی بینایەکـە، ژوورێکی بچـووکی لێ بوو، کـابرایەک کـردبوویە (چایخـانە) و چایەکی بەهێلی خـۆشی لێ دەنا و دەچووینە لای، سەرو چایەکمان دەخواردەوە: ئەو قوتابیانەش ئەوانە بـوویـن: لـە نـاو دەرگــاکـــە، چایەچییەکەیە، لە خوارەوەی ئەو: من بەکراس و بۆینباغ وەستاوم و ئیستیکانی چایم بەدەستەوەیە و لە تەنیشتم فوئاد داود سەلمانە. ئینجا لە خوار ئێمەوە، یەکەم (بەقاتەوە) خـالـیـد ئیـسـمـاعـیلە و دوا قـوتابییش کـە چاویلکەی لە چاوە، هاوڕێی دێرینم هەر لە کەرکـوکـەوە: ڕەحـمـەتی (یووئاو داود بنیـامین)ە، لە ئەمـریکا لە دوا دوای نەوەتەکـان، کۆچی دوایی کرد.

***

لە کۆلیج – مـامۆسـتاکانمان سەرتاپا ئینگلیز بوون – لەوانە یەکێکیان ناوی (مستر دیزمۆند ستیوارت) بوو – ئەدەبی ئینگلیزی پێ دەگوتین. گەنج نەبوو، لە دەوری ٣٠ سی ساڵ دەبوو. بەڵام کەڵەگەت و پرچی سەری زەرد و ڕوومەت لووسی سوور و سپی... پۆشتە و ڕۆشنبیر و ئەدیب و قسە خۆش بوو. چەند کتێبێکی تا ئەو ساڵانەی سەرەتای پەنجاکان بڵاو کردبۆوە. بەڵام گرنگترین ئەو کتێبانەی کتێبێکە بەناوی (هرتزل) کە ژیان و فەلسەفە و مەبادیئی زایۆنی دەگرێتە خۆ! جا لە دوا ساڵی ئێمە، واتا کە لە پۆلی سێ و ئینجا چووین بۆ چوارەم، لە نێوان ئەو دوو ساڵە کتێبێکی دیکەی دەرچوو کە لەسەر (عیراق)ە و ناوی (NEW BABYLON)ە واتا (بابلی ئەمڕۆ). هەمـوو لایەنێکی ئەم وڵاتە باس دەکا و زۆر بەکارامەیی شەرح و بەدرێژی لێی دەدوێ: سەرەتا باسی خێزانی پاشایەتی لە عیراق دەکات: باسی (وەصی عەبدولئیلاه) و مەلیک فەیسەڵی دووەم و... تاد. ئینجا باسی سیاسەت و وەزارەت و وەزیرە گرنگەکان و باسی کۆمەڵگەی مەدەنی عیراقی – بەغدا و مووسڵ و هەولێر و عەرەب و کورد و یەزیدی و مەسیحی... تاد.

جا لەم کتێبەیدا وێنەی فۆتۆگرافی زۆری تێدایە، یەک لە وێنەکان، کاتێ کە باسی (زانکۆی بەغدا) و کۆلێجەکانی دەکات، وێنەیەکی بۆ ژمارەیەک لە قوتابیانی خۆی، لە پۆلەکەمان، لە بەردەرگای کوللیەکەی بۆ گرتین و لە کتێبەکەی دا لە وەرەقەیەکی سپی لووس کە جیاوازە لەگەڵ وەرەقەی کتێبەکە... جا وێنەی ئێمە لە نێوان لاپەڕە (٣٦ و ٣٧) دانراوە و ژمارەی لاپەڕەی لەسەر نییە. لە خوار وێنەکەی ئێمەش وێنەیەکی لایەنێکی بەشداربووان و سەیرکەرانی پێشبڕکێی ڕاکردنی ئەسپ کە پێی دەڵێن (سباق الخيل) و بەئینگلیزی، لە ژێری نووسراوە (At the races).



یووئاو داوود، جوزفین یەعقوب، جەودەت یەعقوب، صبا الفاهوم، ئەندریوس باکووری، و قوتابییەکی تر لە تەنیشتم. لە کتێبی "نیوو بابیلۆن" وەرگیراوە

لەو بەشەی زمانی ئینگلیزی، بایەخێکی زۆر بەقوتابیان دەدرا سەبارەت بەفێری داب و نەریتی مرۆڤی ئینگلیز و خو و ڕەوشتی ڕۆشنبیران و مامۆستایان و قوتابیانی ئینگلیز و مامۆستاکانمان زۆر خەریک دەبوون لەگەڵمانا بۆ ئەوەی چاکترین زمانی ئینگلیزی فێر بین، خوێندنێکی چاک و ڕاست و ڕەوان و ئاخاوتنێکی پاک و ڕاست و ڕەوان، بەتایبەتی لە لایەن فۆنەتیکەوە و دەربڕینی دەنگەکان بەڕاسترین شێوە، هەروەک خۆیان، چۆن وشە و ڕستەکانیان (تلفظ) دەکرد، دەبووایە ئێمەش لە سەدا سەد وەکو ئەوان قسە بکەین. جگە لە خۆ ماندووکردنیان لە موحازەرات، یەک دوو شتی تر یا (هۆی دیکە)یان بۆمان ڕێکخستبوو لەم بابەتەوە. یەکێکیان ئەوە بوو: هەموو ئێوارەی چوارشەموان، دەچووینە (المجلس الثقافي البريطاني) کە نزیکی کوللیەکەمان بوو. لەوێ ئاهەنگێکی (مۆسیقای جیهانی)مان گوێ لێ دەبوو. جا هەندێ هەفتە لەسەر قەوان، لەسەر ئامێری (گرام)ی کارەباییمان گوێ لێ دەبوو کە لە لایەن بەناوبانگترین ئۆرکستراکانی وڵاتانی ئەوروپایی تۆمار کرابوون وەک ئۆرکسترای فیلهارمۆنێکی لەندەن و یا بەرلین یا تۆکیۆ یا نیویۆرک یا پاریس. هەندێ هەفتەش (پیانیست) واتا پیانۆژەن (بیاتریس ئۆهانیسیان)یان دەعوەت دەکرد کە پسپۆر بوو لە مۆسیقای جیهانی و لە



چەندین پایتەختەکانی ئەوروپا (پیانۆی ژەنیوە) و بووبووە بەناوبانگترین ئافرەتی پیانیست، لە ئەوروپا. ئەو (بیاتریسە)ش ئەوسا کیژێکی گەنجی باڵا بەرز و قژ زەرد و پێست سوور و سپی... بەکراسێکی شینی ئاسمانی درێژ، کە لەسەر پیانۆکە دادەنیشت و دەستی بەژەنین دەکرد هەموومان لەگەڵ شەپۆلەکانی مۆسیقای، لە ئاسمانا دەفڕین و لە دونیایەکی تر خۆمان دەدۆزییەوە.

ئینجا پشوویەک، لە دوای ئەو بەشە مۆسیقایەدا، دەبوو! لەو ئیسراحەتەدا کێک یا بسکویت و چای و شیر پێشکەش دەکرا – لەو دەرفەتەش مشتومڕ لە نێوان قوتابیان و مامۆستاکان... دەستی پێ دەکرد – دوای پشوو و ئیسراحەتەکە، پارچە مۆسیقایەکی تر عەرز دەکرا.

ڕێگەیەکی دیکەش، بۆ چاکتر ئاشنابوونمان بەدیالێکت و زمانی ئینگلیزی بەریتانیا، کە مامۆستاکانمان لەگەڵمانا پەیڕەوییان دەکرد ئەوە بوو: دوو هەفتە، یا سێ هەفتە جارێک، یەک لە مامۆستاکان دەیبردینە ماڵی خۆی، لە بەغدا و لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی بەیەکتری دەناساندین و ئینجا یەک دوو سەعات لە کەش و هەوایەکی (خێزانی)دا دەژین و گوێمان دەدایە قەوانێک بەزمانی ئینگلیزی و ئینجا موناقەشەیان لەگەڵمانا دەکرد لەسەر ئاوازەکە و مۆسیقاکە و... تاد.

هەروەها مانگی جارێک، لەگەڵ یەک لە سینەما باشەکانی بەغدا ڕێک دەکەوتن کە (فلانە) فلیمی سینەمای ئینگلیزی بینن و لە سینەما نیشانی بدەن و ئینجا چەند (لۆج)ێکیان بۆمان دەگرت و ئەو شەوەش دوو سەعاتێک لەگەڵ جوانترین و خۆشترین و بەناوبانگترین فلیمی ئەو ساڵانە دەژین. ڕۆژی پاشتر لە پۆلەکەمان موناقەشەمان دەکرد.

هەروەها هەفتەی جارێک، لەسەر سێپایەیەکی جوانی دار، لە ناو کۆریدۆر (ممر)ەکەی ژوورەکانی ئێمەی تێدا بوو، تازەترین گۆڤار و ڕۆژنامەکانی لە ئینگلتەرا دەردەچوون، لەسەر ئەو سێپایە هەڵدەواسران و دەبووایە بیانخوێنینەوە و هەندێ



بابەتیان لێ هەڵبژێرین و لە کاتی موحازەرەکان گفتوگۆیان، بەئینگلیزییەکی پارا و ڕاست، لەسەردا بکەین.

مامۆستامان (د. صفاء خلوصي) لە نووسینگەی (B. B. C) واتا ڕادیۆی بەریتانیا ، هەفتانە، وتارێکی لەو مەکتەبە بۆ تۆمار دەکرا و دەنێردرایە (لندن) و لەوێ، لە ئێزگە سەرەکییەکەی، پەخش دەکرا. جا ئەو بەڕێزە، هەر جارەش چەند قوتابییێکی لە (ئێمە) – کوڕ و کچ – لەگەڵ خۆیا دەیبردنە ئەو نووسینگەیە و لە ستۆدیۆکەیان، پێشتر (پرۆڤە)یەکی پێ دەکردین، وەک (لقاء = چاوپێکەوتن) و هەربەکەمان دەمانزانی چ دەڵێین! جا، هەر جارەی (منیان) لەگەڵ بوومایە، عوودەکەم دەبرد و بەعادەتی گۆرانییێکم دەگوت: د. خلوصي ئاوای تەقدیم دەکردم:

« –والآن معنا الطالب الفنان والموسيقي (اندريوس) وهو من الطلاب النشيطين في مجال الفعاليات الفنية في دار المعلمين العالية، و... مرحباً بك سيد اندريوس –، ماذا ستقدم لنا ، اليوم؟...»

ئیتر هەمیشە پارچە مۆسیقایەک و گۆرانییێکی عەرەبی و یەکی کوردیم دەگوت. دوای چەند ڕۆژێ گوێمان لە چالاکییەکانمان دەبوو لە ڕادیۆی (لەندەن).

ڕۆژی (١٩٥٥/٥/٢) لەگەڵ کاک وەحید حسێن بامەڕنی هاوڕێم و برادەری دێرین و خۆشەویستم، کە ڕۆژی پێشتر پێی گوتبووم بچمە ماڵیان تاکو بۆ بەیانی بچینە (حەبانییە) سەیری مەراسیمی تەسلیمی ئەو قاعیدە گرنگە بکەین، ئەوە بوو ڕۆژی ٥ی مایس بەسەیارەیەکی جێبی عەسکەری – چونکە خۆی ئەفسەر بوو، ڕوتبەی (زەعیم) بوو – چووینە حەبانییە و بۆ ئەو گۆڕەپانە پان و گەورەیەی ئامادە کرابوو بۆ ئەم موناسەبەتە. قەرەباڵغییەکی یەکجار خەڵک لە دەورەی ساحەکە وەستا بوون، ژن و پیاو و گەنج – شوێنی لێپرسراوان و وەزیر و گەورە میوانانی حکوومەتی عیراق و بەریتانیا لەسەر کورسی جێگایان بۆ کرابۆوە – ئێمەش شوێنێکمان دۆزییەوە و لەوێوە زۆر بەچاکی هەموو شتێکمان دەدی. لە ناوەڕاستی ساحەکە عەلەمی بەریتانیا لەسەر عەموودێکی بەرز دەلەرییەوە! ئەفسەر و سەربازەکانی بەریتانیاش لەولایەوە دانیشتبوون – بەرامبەریشیان، لە لایەکەی دیکەی گۆڕەپانەکە ئەفسەر و عەسکەری عیراقی دانیشتبوون.

پاش دەمێک، مەوکیبی مەلیک فەیسەڵی دووەم هات و سەفیری (باڵیۆزخانەی) بەریتانی و خاڵی مەلیک (عەبدولئیلاھ) و چەندین ترومبێلی پڕ لە گەورە لێپرسراوان، لە



هەردوو لاوە گەیشتنە ساحەکە و (سەلامی مەلیکی عیراقی و سەلامی ئیمپراتۆریەتی ئینگیلتەرە) لێدران و خەڵکەکە دانیشتن.

ئینجا سەفیری بەریتانیا هەڵسا و چووە سەر مایکرۆفۆنەکە و بەخێرهاتنی (جەلالەتی مەلیکی عیراق) و میوانانی کرد. دوایی خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ ئەو ڕۆژە مێژووییە کە بنکە (قاعیدە)ی حەبانیە تەسلیم بەحکوومەتی عیراق دەکرێتەوە و لە هەمان کات پیرۆزبایی مەلیکی بەریتانیای ڕاگەیاند بۆ میللەتی عیراق و پاشایان. دوای ئەو، وەزیری بەرگری عیراقی (وزير الدفاع)، ئەویش وتەیەکی پێشکەش کرد بەو بۆنەیەوە... ئینجا ژمارەیەک ئەفسەری بەریتانی هاتنە تەنیشت عەموودەکەی عەلەمی خۆیانی وا لە سەرەوەی بەستراوە، لە هەمان کات ژمارەیێکیش لە ئەفسەری عیراقی هاتنە لایەکەی دیکەی عەموودەکە. ئینجا مۆسیقای تایبەت لێدرا و ئینگلیزەکان وردە وردە بەهێواشی، عەلەمەکەی خۆیان هێنا خوارەوە و دوا بەدوای ئەوانیش، عیراقییەکان عەلەمی خۆیان هەڵواسی و لەسەرەخۆ، بەرزیان کردەوە و، ئیتر بووە چەپڵە و هەلهەلەی ژنان... و بەم جۆرە حەبانییە، کە ساڵەهای ساڵ بوو، ئینگلیز بەڕێوەیان دەبرد و بنکەی ستراتیجی بوو... بەنیسبەت ئەوان، لەو ڕۆژەدا کە تەسادوفی یادی (تتويج)ی مەلیک فەیسەڵی دووەمیش بوو، قاعیدەی حەبانییە گەڕایەوە باوەشی وڵاتی عیراق!

***

## تەلەفزیۆن لە عیراق

پێشتر باسی پێشانگایەکەی بازرگانی (تجاري) بەریتانیم کرد کە لە پاییزی ساڵی ١٩٥٤ لە بەغدا کرایەوە و گوتم کە لەو کەلوپەلە زۆر گرنگانەی پیشان دران و عەرز کرابوون، تەلەفزیۆنێکی کامل و تەواو بەهەموو بەشەکانییەوە: وەک ستۆدیۆی بێژەری و هەواڵ و گفتوگۆ و وتاری جۆراوجۆر خوێندنەوە و، ستۆدیۆی تایبەت بەپێشکەش کردنی ئاهەنگی مۆسیقا و گۆرانی و... تاد. هەر مەلیک فەیسەڵی دووەمیش بوو کە مەعرەزەکە و تەلەفزیۆنەکەی کردەوە و یەکسەر دەستی بەپەخشی گۆرانی کرد بەڵام پەخشەکە جارێ سنووری هەر تاکو (شارع الرشيد) دەچوو.

جا حکوومەتی عیراق، ئەو تەلەفزیۆنەی لە بەریتانیا کڕییەوە و ئیتر نەیانبردەوە. هەر لە شوێنی خۆی، دوای تەواوبوونی مەعرەز، مایەوە و هەندێ پێداویستی بۆ زیاد کرا و بەنگەلەیەکی گەورەی بۆ کرا و ئامێر و مەکینە و هەرچی هەبوو، مانەوە - کە هەموو شت ئامادە بوو و تەلەفزیۆن ناوی لێ نرا (تەلەفزیۆن بغداد)، چونکە جارێ هەر لە ناو سنووری شاری بەغدا زیاتر پەخشەکە نەدەگەیشتە دەوروپشتی پایتەخت. ئەوە بوو دیسان مەلیک فەیسەڵ لە ڕۆژی (٢ی ئایار «مایس»ی ساڵی ١٩٥٦، بەبۆنەی (تتویج)ی جەلالەتی «خۆی»، شریتی تەلەفزیۆنی «بەغدا»ی بڕی و تەلەفزیۆن لە عیراق، لە پێش هەموو وڵاتەکانی عەرەب و دراوسێ، دەستی بەکار کرد و بەرنامە و هەواڵ و... فلیمی پەخش دەکرد. عیراقییەکان - واتا بەغداییەکان دڵخۆش بوون بەو دەعبایە نوێیە... خەڵک لە چایخانان دادەنیشتن تا ماوەی پەخش تەواو دەبوو، ئەو چایخانەی تەلەفزیۆنی هەبووایە، کورسی بەدەست نەدەکەوت. هەموو شەوێکیش ئاهەنگێکی گۆرانی پێشکەش دەکرا کەوا ڕاستەوخۆ پەخش دەکرا. مەسەلەی ڤیدیۆ و تۆمارکردن هێشتا لە گۆڕێ نەبوو. جا شەوێک مائیدە نەزهەت، شەوێک ئەحلام وەهبی، شەوێک عەفیفە ئەسکەندەر و ئینجا (رضا علی) و یحیی حەمدی و ناظم الغزالي و لەمیعە تۆفیق و... بەڵام ئەستێرەیەکی گەشی نوێ لەو ساڵە پەیدا بوو، بووە ئەستێرەی تەلەفزیۆنی بەغدا... کچێکی جوانی ناسک و خڕپن، ناوی (عەزیمە تۆفیق) بوو، گۆرانییەکانی یەکسەر دەچوونە دڵەوە و خەڵک خۆشیان دەویست، وەک گۆرانی (هالولد الاسمر).

لەبەر ئەوەش کە زۆر داوایان دەکرد، ئیدارەی تەلەفزیۆنیش حەزی دەکرد خەڵک ستایشی کارەکانیان و بەڕێوەبردنی تەلەفزیۆن بکەن. بۆیە هەفتەی دووجار یا زیاتر





ئاهەنگی (عەزیمە تۆفیق) پەخش دەکرا، تا ماوەیەکی زۆر. ئەمەش وێنەی ئەو هونەرمەندەیە لە ئاهەنگێکی لە بەغدا ساڵی ١٩٥٦.

لە بۆ نەورۆز و بەهاری ساڵی ١٩٥٥، شاندێک (وەفدێک) مامۆستا و قوتابیانی (کوێت) بەسەردانێک گەیشتنە بەغدا و میوانی وەزارەتی (معارف)ی عیراقی بوون. جا (عمادە)ی ئێمە، (دار المعلمين العالية)، شەوی پێنج شەممەی ڕێککەوتی ١٧ی ئاداری ١٩٥٥، میوانداری کردن و ئاهەنگێکی خۆشمان بۆ ڕێکخستن. من و برادەرەکانم لە تیپی مۆسیقای خۆمان، ئی کوللیەکەمان - من و جەودەت و ئەوانی دیکە - بەگۆرانی خۆشی عیراقی ئەوسا کە باوبوون و کوێتییەکان عاشقی ئەو ئاوازانە بوون بۆمان گوتن. لە پاشا من بەتەنیا، هەندێ گۆرانیم گوت بەعوودەوە.



وێنەم لەسەر شانۆی "دار المعلمين العالية" لەو ئاهەنگەی کە پێشکەشم کرد بەبۆنەی هاتنی وەفدی کوێت بۆ سەردانی بەغدا، کە لە شەوی پێنج شەممە ١٩٥٥/٣/١٧ ئامادە کرابوو و، لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژی یەکشەممەی ١٩٥٥/٣/٢٠یش بڵاوکرایەوە.



جريدة اليقظة - شارع الرشيد ١٤٤/١ بغداد

صاحبها: سلمان الصفواني

رۆژنامەی (الیقظة)ی سلمان الصفوانی - بغداد

الاحد ٢٠-٣-١٩٥٥

# دار المعلمين العالية تحتفي

## باساتذة وطـــلاب الكويت

يحتضن وادي الرافدين منذ يومين ٤٨ استاذا وطالبا من اشقائنا في الكويت في زيارة مدرسية . وقد اعدت لهم وزارة المعارف ووزارة الاعمار منهجا حافلا يمكنهم من الاطلاع على معالم النهضة العراقية في شتى النواحي ويشاهدوا بام اعينهم مشاريع الري الكبرى . ودور الاثار والمعاهد العلمية وغيرها .

وفي مساء الخميس الماضي اقامت لهم عمادة دار المعلمين العالية حفلة عشاء فاخرة حضرها سعادة مدير المعارف العام الدكتور بديع شريف وكبار موظفي وزارة المعارف واساتذة الدار وجمع من طالباتها وطلابها وسعادة مدير ديوان وزارة الاعمار العام الدكتور جابر عمر .

وفي الساعة الثامنة دعي الجميع الى تناول العشاء في مطعم الدار على مقاصف مثقلة بما لذ وطاب من انواع المأكولات الفاخرة . ثم عادوا الى بهو الدار حيث اعد لهم منهاج خاص للتسلية تكلم فيه الطالب السيد دحام الكيال عن لجنة الضيافة العربية فقصيدة للسيد عصام عبد علي القيت عنه بالنيابة . فقصيدة للسيد حسن نجم البياتي للسيد نعمه رحيم العزاوي . ثم تكلم سعادة عميد الدار الدكتور السيد خالد الهاشمي ، وكانت الكلمات والقصائد تدور حول الترحيب باخواننا الاساتذة والطلاب الكويتيين وتبين الروابط الطبيعية الوثيقة التي تربط بين اجزاء الوطن العربي . وما يجب على ابناء العروبة حيال وطنهم الاكبر من توحيد وتحرير .

وتلا ذلك عزف موسيقي وغناء من فرقة معهد الفنون الجميلة . وهواة دار المعلمين العالية برآسة الطالب اندريوس وكانت حفلة ممتعة سر لها الجميع . واستمرت حتى منتصف الليل . وسنوا في القراء بما قيل في هذه الحفلة .



## ئاهەنگەکەی سەری ساڵی ١٩٥٦/١٩٥٧ی I. P. C لە کەرکووک

لەو ساڵە، من پۆلی چوارەمی (دار المعلمين العالية) بووم، چووبوومەوە ماڵمان لە کەرکووک بوو، بەبۆنەی جەژنەکە.

ڕۆژێک، یەک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەی موەزەفانی کۆمپانیای نەوت (I. P. C) هاتە ماڵەوە و گوتی: ئاهەنگێکمان هەیە بەبۆنەی سەری ساڵ و تۆش لەگەڵ حەسەن جەزراوی و نەسرین شێروان دەعوەت کراون بۆ بەشداریکردن. سەرۆکی دەستەی یانە منی ڕاسپارد کە پێتان بڵێم! من نەمزانی حەسەن و نەسرین هاتوونەتە کەرکووک و بەگەنجەکەم گوت: من حازرم، بەڵام کوا حەسەن و نەسرین لێرە نین... ئەوان لە بەغدان. کابرا گوتی: نەخێر هاتوون و من وامزانی لە ماڵی ئێوەن، چونکە ئەوان ڕایانگەیاندووە کە بێنە ئێرە و ئەوان لە لای تۆ دەبن! باوەڕ بکەن، ئێمە لەو مشتومڕە دابووین، سەیرم کرد عەرەبانەیەک لەبەر دەرگامان وەستا و نەسرین لێی دابەزی و دەستی حەسەنی گرتبوو و ئەویش بەئەسپایی، لەسەرەخۆ دابەزی و من پێشوازیم لێ کردن. کوڕەکە گوتی: ئەوە هاتن! من ئەڕۆم، دوایی دێم بەشوێنتان، بەترومبێل دەتانبەم. ئێمەش لە ژوورەکەی میوانان دانیشتین و من باسەکەم بۆیان کرد. حەسەن گوتی: بەڵێ ئەوا دەعوەتیان کردین و گوتیان باکوورییش لە کەرکووکە و ئەویش دەعوەت کراوە...!!

ئیتر، بەبێ درێژەدان، پاش سەعاتێک زیاتر، کوڕەکە هاتەوە بە(سەیارە) ئێمەی بردین بۆ یانەکە، کە لە تەنیشت یاریگەی (ملعب)ی I. P. C بوو، لە ناو باخ و دەشتاییەکەی پشت بنکەی پۆلیسی نەوت (مركز شرطة النفط). هەر چووینە ژوورەوە، چەپڵەمان بۆ لێدرا و زۆربەی دانیشتوان هەڵسانە سەرپێ... منیش لەجیاتی حەسەن و نەسرین، سەلامیانم وەرگرتەوە و دەستم بڵند کرد و سوپاس سوپاس...

دوای کەمێک ئیسراحەت، بێژەری ئاهەنگەکە هاتە پێشەوەمان و ساڵی تازەی هەموو لایەکی پیرۆز کرد و بەخێرهاتنی میوانان و ئێمەی هونەرمەندانیشی بەتایبەتی کرد... ئینجا یەکسەر دەستمان پێ کرد. تیپی مۆسیقاشمان لەگەڵدا نەبوو. حەسەن گۆرانییەکانی خۆی و نەسرینی بەعوود لێ ئەدا، ئەگەرچی عەزفەکەی باشیش نەبوو.



وێنەیەکی ئاهەنگی سەری ساڵی ١٩٥٦/١٩٥٧ لە مانگی دووەمی ١٩٥٧دا
لە یانەی موەزەفی ٤– لە ڕاستەوە: نەسرین شێروان، بێرج – تەپڵ لێ دەدا
"ئەرمەنی خەڵکی کەرکووک بوو، ئینجا حەسەن جەزراوی بەعوودەوە گۆرانی
دەڵێ و منیش بەژەنینی "کەمانجە" لەگەڵیا، وەستاوم.

بەڵام کە من دەهاتمە سەر شانۆی شوێنەکە و ئاهەنگی خۆمم پێشکەش دەکرد، هەر بەتەنها، بەعوودەوە، گۆرانیم دەگوت. لێ ڕاهاتبووم! ئەگەر پێویستیشم بەیارمەتی کۆڕس بووایە، نەسرین و دوو سێ کەسی تر کە گۆرانییەکانیان دەزانی، بۆمیان دەگێڕایەوە، وەک لەم وێنەی خوارەوەدا دیارە:



لەم وێنەیەدا، من بەعوودەوە گۆرانی دەڵێم:
بەکوردی و بەعەرەبی و بەتورکمانی و
بەئاسووری. هەندێ لەو "بەستانە"ش کە باو
بوون، دەیانزانین، ئەوا جوان و ڕێک و پێک
بۆمیان دەگێڕایەوە وەک "کۆڕس"





ئەم وێنەیەش، هەر هەمان ئەو شەوە، لەکاتی پشوودان، وێنەگرانی کە لەوێ ئامادەبوون، دەیانگرت بۆ ستۆدیۆکانیان، بۆ فرۆشتن... ئەم نوسخانە من چووم، دوای یەک دوو ڕۆژ، لە ستۆدیۆکان، وەرم گرتن بۆ ئەرشیفی خۆم.

## لەگەڵ حەسەن زیرەک و تیپی مۆسیقای مەولەوی

برای لە خۆم بچووکتر ناوی (فیلیپ) بوو، ڕۆژێک، لەپڕ هاتە لام، لە بەشی ناوخۆ (القسم الداخلي)، کاتێ هێشتا قوتابی کۆلێجی (دار المعلمين العاليه) بووم - لە بەغدا. دوای چاک و خۆشی و پرسین لە حاڵ و ئەحواڵی ماڵەوەمان: دایکم - باوکم... تاد. وتی هاتووم بۆ لای تۆ، وەک برای گەورەم، یارمەتیم بدەیت...!! پرسیم: چۆن؟ لە چی؟ وتی: بەکورتی: حەزم لە کچێک کردووە، لە سلێمانی، خوشکی گەورەی (ولیەم)ە. ولیەم و ماڵەوەیان، ناوبانگی تۆیان بیستووە و کچەش ناوی (جولێت)ە و پێ دەچێ ڕازییە لێم! جا دەبێ ولیەم ببینی، من دەعوەتتان دەکەم لەگەڵ جەماعەتی مەولەوی بۆ عەربەت. تۆش و لەگەڵ کاک قادر دیلان و ئەوانی تر، کە ئاگاداری مەسەلەکەن، من دڵنیام ولیەم داوای تۆ ڕەت ناکات!

جا ئەوە بوو، لە شوباتی ساڵی ١٩٥٦، بۆ پشووی نیوەی ساڵ گەڕامەوە کەرکووک. دیار بوو دایکم و باوکیشم ئاگایان لەو هەواڵە هەبوو - ئەوسا باوکم لە سەرچنار، بۆ جەماعەتی ئەندازیارە فەرەنسی و ڕووسییەکان، چێشتی لێ دەنا و وەک (طباخ) کاری دەکرد. فیلیپ، وەک (تایم کیپەر) - واتا لێپرسراوی کرێکارەکانی سەر ڕێگای نێوان (سلێمانی و دەربەندیخان) بوو. بۆیە لە دێی عەربەت، کۆمپانیاکە بنکەی دانا بوو و خیوەتگای یاخود (کامپ) سەرەکی لەوێ بوو - فیلیپیش هەر لەگەڵیانا، لە خانوویێک، بەتەنیا دەژی، کۆمپانیاکە بۆیانی دابین کردبوو.



وێنەیەک لەکاتی چوونمان بۆ سلێمانی لە شوباتی ١٩٥٦ لە ڕاستەوە: مەتی ئامۆزام، من و شوفێرەکەمان

لەو مانگەی شوباتە ساردە، بەتاکسییەکی تایبەت (فیلیپ) بۆی گرتین، کاک مەتی ئامۆزاشمان برد و بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتین (چووینە لای کاک قادر دیلان و برادەرانی تیپی مۆسیقای مەولەوی: ئەو باسەم پێشتر کردووە، بۆیە ئێستا یەکسەر باسی چوونمان بۆ دێی (عەربەت) و ئەو شەوە خۆشەی کە لەگەڵیان و بەئامادەبوونی حەسەن زیرەک بەسەرمان برد.



لە سلێمانییەوە بەدوو ترومبێلی جێبی (لاندرۆڤەر) ڕۆیشتین یەکیان (فیلیپ) و ئەوی تر کاک جەوادی شەفیق ئاغای تۆبزاوای کۆیە! چونکە لەو ساڵەدا - ساڵی ١٩٥٦، کاک جەوادیش، لە نزیک پردەکەی قلیاسان، خیوەتێکی هەبوو، ئەویش لەو کۆمپانیایەدا بوو و برادەری فیلیپ و جەماعەتی مەولەویش بوو. گەنجێکی ڕوو خۆش و خۆشەویست بوو. لە ڕێگا تا عەربەت، بەگۆرانی و چەپڵە و جار جارەش بەقسە و نوکتەی خۆش لە لایەن کاک قادر دیلان و نەجاتی عەبدە و بەهجەتی ڕەشید سەعاتچی، نەمانزانی چۆن و چەند زوو گەیشتینە عەربەت. بەتەسادوف ئەو ڕۆژەش هونەرمەند حەسەن زیرەک لە سلێمانی بوو، چونکە من و ئەو، بەشەمەندەفەر، لە بەغداوە پێکەوە هاتین - من لە کەرکووک دابەزیم و ئەو بەتاکسی هاتبووە سلێمانی. جا قادر دیلان تەکلیفی کردبوو بەناوی منەوە، کە بەبۆنەی، خواستنی خوشکی کاک ولیەم بۆ کاک فیلیپی برای باکووری، دەعوەتی کردبوو. جا ئەو شەوە لەو گوندە هێمن و لە ژێر باران و بەفر کە ئەو ڕۆژە هەر بەردەوام دەباری، ئێمەش لە خانووەکەی کاک فیلیپ، تا بەرەبەیان، شەوێکی لە مێژووی ژیانمدا، زۆر گەش و پڕ ئاوازی ڕەسەن و فۆلکلۆر، بەدەم و قورگی حەسەن زیرەک، بەسەرچوو، بەڵام لە دەفتەری یادگاریم، لاپەڕەیەکی دیار و مێژوویی بوو.



لەم وێنەیەدا من و کاک "مەتی" لە دێی عەربەت، فیلیپی برام بۆی گرتین، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٦ کاتێ دەعوەتی کردین و لەگەڵ حەسەن زیرەک و تیپی مۆسیقای مەولەوی و شەوێکی خۆشمان لەو خانووەی لە دواوەمان دیارە، بەسەر برد. لە وێنەکەدا، مەتی جومبوشەکەی منی بەدەستەوەیە.



وێنەی تیپی مۆسیقای مەولەوی لە ساڵی ١٩٥٥دا، لەکاتی مەشق و پرۆڤەکردنا. ئەندامەکانی، لە چەپەوە:

١- قادر دیلان – بەکەمانجە، سەرۆکی تیپەکە.
٢- بەهجەت ڕەشید سەعاتچی – کەمانجە.
٣- حاتەم سەعید – ڕتم، ئیقاع، تەپڵ.
٤- ئومێد مەدحەت – کەمانجە "بووە وەزیری تەندروستی حکوومەتی بەعس".
٥- هادی عەنبەر – عوود.
٦- نەجاتی عەبدە – شمشاڵ، نەی.



لەم وێنەیەدا، من لەگەڵ گۆرانیبێژی ناسراوی ئێزگەی عێراق – بەشی عەرەبی، کاک ڕەزا عەلی "ڕەزا عەلی"، لە ناوەڕاستی پەنجاکانا بۆمان گیراوە. چەند گۆرانییێکی خۆشی بڵاوکرایەوە و هەموویان یەکسەر دەکەوتنە سەر زاری خەڵک لەبەر ئاوازە ڕەسەنەکان و هەڵبەستە میللی و سووکەکانیان وەکو: گۆرانی "سەمەر سەمەر". هەروەها هەمان جۆرە ئاوازی سووک و خۆشی بۆ چەندین گۆرانیبێژی دیکە دانا، وەکو: نەرجس شەوقی، ئەحلام وەهبی، مائیدە نەزهەت و عەفیفە ئەسکەندەر...



## لە جەژنی نەورۆزدا

قوتابییە کوردەکان لە (دار المعلمین العالیة)، هەموویان خۆیان ئامادە دەکرد بۆ جەژنی نەورۆز. بۆ ڕۆژی جەژن لە یانەکەی کۆلێج کورسی و مێزەکانیان ڕێک دەخست و هیچ قوتابییەکی کورد، ئەو ڕۆژە نەدەچووە دەرسەکان. پشوودانیان دەدایە خۆیان! ئینجا لە (نادی)یەکە، کەوا لە پشت ئەو (سەددە)یە بوو کە لە تەنیشت (دار) بوو و سکەی شەمەندەفەری لەسەر بوو، ئەو شەمەندەفەرەی کە لە (باب المعظم)ەوە، بەسەر (جسر الصرافیە)دا، دەچووە لای کەرخ، بۆ وێستگەکەی ئەولا. کە (نادی قوتابیان) بوو، کۆ دەبووینەوە – ئینجا قوتابییە – برا عەرەبەکان دەهاتن بۆ پیرۆزبایی – چای و جگەرە و چوکلێت دابەش دەکرا. خەرجی مەسرەفەکەش، هەر لە قوتابییە دەوڵەمەند و بەتواناکان کۆ دەکرایەوە و پارەکە بۆ ئەو مەبەستە پیرۆزە سەرف دەکرا. هەروەها مامۆستا ئینگلیزەکان و فەرەنسییەکان دەهاتن و پیرۆزباییان دەکرد و دادەنیشتن لە لامان و گفتوگۆش لە بابەت جەژنەکەوە دەکرا و هەندێکیان، وەک: مستر دیزمۆند ستیوارت و دکتۆر صفاء خلوصی و جەعفەر خیاط، زانیاریان هەبوو بەڵام بەجۆرێکی تر... جگە لە زانیارییەکانی مستر ستیوارت، کە ئەو لە دەمی (کورد)ەکانی وەرگرتبوو و لە بابەتیشییەوە سەرچاوەی زۆری خوێندبوو. جا، من و برادەرە مۆسیقاژەنەکان، هەندێ گۆرانیمان دەگوت... من بەکوردی و ئەوان بەعەرەبی... تاکو نیوەڕۆ، ئینجا دەگەڕاینەوە ناو بەشی دیراسی.



وێنەیەکی تیپە مۆسیقاییە بچووکەکەمان لە کۆلێجی "دار المعلمین العالیة" لە ساڵی ١٩٥٥

## هێرشە سێ قۆڵییەکەی سەر (میسر)

لە پاییزی ساڵی ١٩٥٦، جەمال عەبدولناسر، سەرۆکی کۆماری میسر، کەناڵی (سوێس)ی خۆماڵی (تأمیم) کرد، بەپشت بەستن بەدەوڵەتی ڕووسیای سۆڤیێتی، کە ئەوساش سەرۆکی (مستر نیکیتا خرۆشۆڤ) بوو. ئەو ڕووداوە، دەوڵەتە (ئیستیعماری)یەکانی شڵەژاند - بەفیتی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا - ئیسرائیل دەستی کرد بەشەڕ و تەشقەڵە لەگەڵ میسر. بەریتانیا و فەرەنساش یارمەتییان دا. بەڵام خرۆشۆف، خێرا ئاگاداری (انذار)ێکی توندی دژی هەرسێ دەوڵەتەکە کرد و ڕایگەیاند کە ئەگەر (فوراً) دەست لە (میسر) هەڵنەگرن، ئەوا یەکیەتی سۆڤیێتی پشتگیری (جەمال عەبدولناسر) دەکات و دەچێتە شەڕەوە دژی هەرسێ دەوڵەت! ئەمەریکاش لەسەر زمانی سەرۆکی جمهووری ئەوسای، یەکسەر بەبرادەرەکانی ڕاگەیاند کە دەبێ شەڕ ڕاگرن!

لە هەموو دەوڵەتە عەرەبەکان، جگە لە عیراق و، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، خۆپیشاندان دژی دەوڵەتە دوژمنەکانی ئاشتی، بەرپا بوو. حکوومەتی عیراق، بەسەرۆکایەتی (نوری سەعید)، وەک لە گوێی گا نووستبن، خۆیان نەشڵەژاند! بەڵام، هەموو میللەتی عیراق، لە مووسڵەوە تا بەسرا، خۆپیشاندان دەستی پێ کرد. نوری سەعید، لە ترسان، بەیانێکی زەلیل و ساردی بڵاو کردەوە کە عیراق ڕازی نییە دەست لە (میسر) بدرێ!. عیراقییەکان بەوە ڕازی نەبوون! موزاهەرات بەردەوام بوو. پۆلیس و عەسکەر بزووتن و تەقەیان لە خەڵکەکە کرد و چەند قوتابییەک کوژران و بریندار بوون. هێزەکانی حکوومەت بۆمبای غازی فرمێسکی دەتەقاند... وەزارەتی (معارف) بڵاوی کردەوە کە خوێندن لە هەموو کۆلێج و قوتابخانەکانی عیراق ڕادەگیرێ تا ڕاگەیاندنێکی تر. ئیدارەی دار المعلمین العالیة، کرێی ڕێگا و سەفەری دایە ئەو قوتابیانەی لە شارەکانی تر هاتوون. لە بیرمە، ئێمەی قوتابیانی (کۆیە) لە هەموو قوتابییەکان زیاترمان وەرگرت، کە (دینارێک و ١٥٠ فلس) بوو.

منیش ئەو ڕۆژە ئاهەنگم هەبوو لە ئێزگە - نە پاسی (مصلحە) و نە تاکسی و نە عەرەبانەش نەبوو پێی بچمە (صالحیة). لێم دا، بەپێیان. بەڵام چی، تا گەیشتمە ئێزگە، فرمێسک وەک جۆگە، لە چاوما دەهاتە خوار و چاوم سوور هەڵگەڕا بوو.

کە چوومە ژوورەوەی ئێزگەکەمان، حوسێن قەرەداغی، بێژەر، منی دیت بەو حاڵە و بەپێکەنینەوە پرسی: «ئەرێ چییە، خێرە؟ بۆ دەگری برام.» کەچی خۆشی چاوی سوور



هەڵگەڕابوون! هەموو کەس لەو بەغدایە، ئەو ڕۆژە، دەگریا! بەدەست خۆی نەبوو! چونکە لە هەموو گەڕەک و جادەکان، پۆلیس و عەسکەر ڕایان دەکرد بەدوای خۆپیشاندەران و بۆمبای (فرمێسک ڕشتن)یان فڕێ دەدایە ناویان. ئیتر هەرچی بۆنی غازەکەی بکردبایە، یەکسەر چاوەکانی دەزوورانەوە و فرمێسک وەک باران، بەسەر دەموچاویدا دەهاتە خوار!

لە ئاهەنگەکەم بوومەوە و بەزەحمەت دیسان، گەیشتمە قسمی داخلی و جانتام هەڵگرت و چوومە وێستگەی شەمەندەفەری (باب المعظم) کە زۆر نزیکی دار المعلمین بوو. کە سەرکەوتم بۆ (فارگۆنێک) سەیرم کرد هەردوو بەڕێزان، کاک شەماڵ سائیب و ڕەسووڵ گەردی، دانیشتبوون و چاویان سوور بوو - پێم پێکەنین و لەسەر کورسییەکەی بەرامبەریان دانیشتم. کاک ڕەسووڵ و کاک شەماڵ، هەردووک ڕوح سووک و قسە خۆش، تا درەنگی شەو هەر نوکتە و پێکەنین و باسی ئەو و ئەومان دەکرد!

لە کەرکووک من و شەماڵ دابەزین. مام ڕەسووڵ مایەوە، ئەو بۆ هەولێر دەچوو. لە دەرەوەی (محطە)ش، کاک شەماڵ تاکسی گرت بۆ گەراجی سلێمانی و منیش خواحافیزیم لێی کرد و عارەبانەیەکم گرت بۆ ماڵەوەمان، بۆ گەڕەکی (شاترلو).

وابزانم دوو مانگ ماینەوە ئاوا بێ خوێندن تا سەرلەنوێ، قوتابخانەکان دەرگایان کرایەوە! بۆ منیش ئەو ماوەیە، وەک دوعام لە خوا کردبێ، ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخسا کە لەگەڵ ئەمیرەی خۆشەویستم، خۆشترین و کامەرانترین کات بەسەربەرین!

***

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧ بڕیاری وەزارەت دەرچوو بۆ دووبارە دەوامکردنی هەموو قوتابی و مامۆستاکانی سەرتاپای کۆلێژ و پەیمانگا و هەموو قوتابخانەکان. منیش دوعاخوازیم لە ماڵ و جیران و ئەمیرە کرد و گەڕامەوە بەشی ناوخۆیی خۆم، لە بەغدا - هەندێ قوتابی هێشتا نەگەڕابوونەوە - نزیکی چەند ڕۆژێکی پێ چوو تا دەوام بەچاکی دەستی پێ کردەوە. ئێمەش قۆڵمان لێ هەڵماڵی و بەخوێندن و وریایی تەواو (لانسمان) وەرگرت... تەنانەت ئێوارانی شەوانی هەینی، کە جاران بەڕابواردنی خۆش و سەیرانمان بەسەر دەبرد، ئەمجارە بەخوێندن و واجیباتمان جێبەجێ دەکرد. بۆ گۆڕینی شوێن و هەواش، تاکو لە وەڕس بوون دوور بین، دەچووینە چایخانە خۆشە هاوینییەکانی سەر زێی دیجلە، لە کۆرنیشەکەی شەقامی (ابو نەواس) و لەوێ دەمانخوێند، چونکە شوێنی گونجاو و دیمەنی سیحراوی زێ و کە لە کوانەکانی بەسەر ڕووی دیجلە هاتوچۆیان دەکرد و لەگەڵ دەنگی گۆرانی (ئوم کەلسووم و عەبدولوەهاب... تاد) بەتەواوەتی ئەوەی دەمخوێند،

دەچووە مێشکم و هەزمم دەکرد. لەگەڵ ئەوەش، جارێک یا دووان، پێش کۆتایی ساڵ و خواحافیزیمان لە یەکتر، چونکە ئەوە دوا ساڵمان بوو پێکەوە و دەمانزانی دوایی هەریەکمان دەکەوینە لایەک و شارێکی ئەو وڵاتە، بۆیە سەیرانمان کرد، بە(یەخت) لەسەر ڕووی ئاوی دیجلە و بەعوودەکەی من و گۆرانی بەکۆمەڵ، تا ئێوارە ڕامان دەبوارد.

وێنەی سەیرانێکمان کە بەم (یەخت)ە، لەسەر زێی دیجلە کردمان، پێش کۆتایی ساڵی



دوایيمان لەو کۆلێژە خۆشەویستەی کە چوار ساڵ لە جوانترین مەرحەلەی ژیانی گەنجایەتیمان تیایدا ڕابوارد و هەریەکمان، دەیەها هاوڕێ و خۆشەویستی بۆ خۆی دۆزیبیەوە. لێرەدا من بەعوودەوە لەگەڵ ڕۆیشتنی هێدی هێدی یەختەکە و خزینی بەسەر ئاوەکە و، دەنگی چرپە چرپی ئاوەکە و دەنگی خۆش و ناسکی ئەو کیژانە کە وەک کۆرس بوون، ئاوازەکانمان بەئاسمانی (ئەبو نەوواس)دا، بڵاو دەبوونەوە.

تاقیکردنەوەی سەری ساڵ هات، کە دوا ساڵم بوو - چوار ساڵی زۆر خۆشم لەم (دار المعلمين العالية)دا، بەسەربرد.



وێنەی من و جەودەتی هاوڕێم و قوتابیێکی تر لە یەکێک لە گازینۆکانی کۆڕنیشی "ئەبوو نەوواس"ی بەغدا لەکاتی خوێندن و خۆئامادەکردن بۆ ئیمتیحانی سەری ساڵی ١٩٥٧

وەک باسیشم کرد، خۆم زۆر چاک بۆ ئەو ئیمتیحانە ئامادە کردبوو. سوپاس بۆ خوا، دەرچووم بە سەربەرزی لە ئیمتیحانەکە و نومرەی باشم لە زۆربەی مادده (دەرسەکان) وەرگرت، وەک لەم (شهادەی دەرەجات)ی مندا کە وێنەکەیم لەگەڵ ئەو قسانەم بڵاو دەکەمەوە.





لەم وێنەیەدا من بە تەنیا، لە گازینۆیێکی "ئەبوو نەوواس"دا، دەخوێنم و خۆم ئامادە دەکەم بۆ دوا تاقیکردنەوە و ئیمتیحانی سەری ساڵی دواییم "ساڵی ١٩٥٧" لە دار المعلمين العالية.



خواردنەوەی "ساردێک" و خۆ فێنککردنەوە، لە کۆڕنیشی "ئەبوو نەوواس" - پێش ئیمتیحان.



دار المعلمين العالية ـ بغداد ـ العراق

استمارة الموضوعات

اسم الطالب : أندريوس اسرائيل حمو .
السنة الدراسية : ١٩٥٦ - ١٩٥٧

الصف والاختصاص : الرابع لغات - م -
الفصل الدراسي : الأول والثاني

التاريخ ٢٦ شباط ١٩٥٧

| | اسماء الموضوعات | الاستاذ | ساعات الاسبوع نظري | ساعات الاسبوع عملي | الدرجة الرقمية | الملاحظات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | تاريخ اللغة الانكليزية وفن | ستيرلنك | ٢ | | ٦٥ | |
| ١ | الادب الانكليزي | بلاومان | ٢ | | ٧٠ | |
| ٢ | اللغة الفرنسية | باروي | ٢ | | ٧٥ | |
| ١ | القواعد [illegible] | ترسن | ٢ | | ٨٧ | |
| | فلسفة التربية | نوري جعفر | ٢ | | ٦٨ | |
| | طرق تدريس خاصة (فن) | سميث | ٢ | | — | قرر القسم عدم اجراء امتحان |
| | العراق المعاصر | زكي صالح | ٢ | | ٧٥ | |
| | دراسات خاصة في الأدب | بلاومان | ٢ | | ٧٣ | ناجح |
| | علم الصوت | ستيرلنك | ٢ | | ٦٧ | |
| ١ | | | المجموع | | ٥٨٠ | |

المعدل ٧٢ ٤/٨ ٪

توقيع رئيس القسم : [signature]

توقيع المسجل : [signature]

الدكتور صديق الاتروشي

جا، لە ڕۆژێک لە مانگی مایس، دوای تەواوبوونی بەرنامەکان (مناهج)ی خوێندنمان و پێش ئەوەی دەست لە دەوامکردن بەردەین، ئەم وێنەیەمان گرت پێکەوە.

کە هەموومان، قوتابیانی دوا قۆناغ - پۆلی چوارەمی - بەشی زمانی ئینگلیزی و زمانە بیانییەکان - کە تەنها دوو شوعبە بووین. شوعبەی أ و شوعبەی (یا هۆبەی) ب - ژمارەمان بەتێکڕایی، ڕەنگە (٣٥ سی و پێنج) قوتابی بووین، وەک لەم وێنەدا، لەگەڵ چەند مامۆستایەکمان، لە ڕۆژی ٢٠/٥/١٩٥٧، هەر لە هۆڵی کۆلێژەکەمان، لەسەر و لە بەردەم شانۆی هۆڵەکە، بۆمان گیراوە.



لە خوارەوەش، بۆ مێژوو، ناوی ئەوانەی دێنەوە بیرم، دەیاننووسم:

١- لە لای ڕاستی وێنەکە، ئەوەی بە(قاتی سپی) وەستاوە و دەستەکانی لەسەر سینگی (بەستووە)، مامۆستای (فۆنەتیک)مان بوو، ناوی (مستر ستیرلینگ) بوو.

ئەوانەی لە ڕیزی یەکەمی خوارەوە دانیشتوون:

٢- قوتابییەکە بەکراسی سپی و قۆڵەکانی هەڵکردووە، نایناسم.

٣- لە تەنیشتییەوە، مامۆستاییەکە - نایناسم - دەرسی بەئێمە نەدەگوت.

٤- ئەوەی لە تەنیشت ئەم مامۆستایە وەستاوە، ناوی (سوعاد فەرەج ڕەززووق) بوو، خەڵکی (بەسرە) بوو. دەستی ناوەتە سەر شانی.



٥- قوتابی کە دانیشتووە و لاق لەسەر لاق و پێدەکەنێ، ناوی (سەمیرە عەبدولموتەلیب الناهی) بوو، خەڵکی بەغدا بوو.

٦- ئەوەی کە وەستاوە، قوتابی (موئەیەد عەبدوللەتیف)ە.

٧- قوتابییە کچەکەی دانیشتووە (لینگ لەسەر لینگ)، بەکراسی قۆڵ کورت و گوڵێکی لە لای چەپی کراسەکەی قایم کردووە، کیژێکی فەلەستینی بوو (صبا عەبدولحەمید ئەلفاهووم)ی ناو بوو، زۆر زیرەک و ڕۆشنبیر بوو.

٨- قوتابییە کیژەکەی دیکە، کەوا لەسەر پیپلیکانەکەی هەرە خوارەوەی شانۆ دانیشتووە بەکراسێکی شیک و جوانی قۆڵ کورت، ئەمەیان ناوی (ڕۆز باکۆس) بوو، پێم وایە، شیکترین و جوانترین کچەکانی ئەو (دەورە)یە بوو، بەڵام لە هۆبە (شوعبە)ی ئێمە نەبوو، لە هۆبەی (أ) بوو، خەڵکی بەسرا بوو.

(٩ و ١٠) ئەو دوو قوتابییە کچەی لە تەنیشت (ڕۆز) ڕاوەستاون نەمناسین.

بگەڕێمەوە لای ڕاست، دیسان:

١١- ئەوەی (قاتی ڕەشی) لەبەرە، لە سەرەتای ڕیزەکە، لە تەنیشت مستر ستیرلینگ، بەڵام دانیشتووە - مامۆستایە، بەڵام ناوەکەیم نایێتەوە یاد.

١٢- لە تەنیشت ئەو مامۆستایە، قوتابی کچ (حووری عەلی شەوقی)یە خەڵکی سلێمانییە.

١٣- لە تەنیشتی (حووری)، مامۆستامان (مس هێریک) سەری (سپی) بووبوو، بەڵام هەر (مس) بوو، شووی نەکردبوو! قوتابییەکەی تەنیشتی، ناوم هێنا لە سەرەوە، کە باسی ناوی ئەوانەی (لە پێشەوەن) نووسی. ناویشی (سعاد فرج رزوق)ە.

ئینجا ناوی ڕیزی یەکەم کە لەسەر ڕۆخی پێشەوەی (شانۆ)کە دانیشتوون، دەنووسم: لە ڕاستەوە:

(١٤ و ١٥) ئەو دووانە ناویانم لە بیر نەماوە، بەڵام ئەوەی دوای ئەوان، هاوڕێی زۆر خۆشەویستم و مۆسیقاژەنن.

١٦- کاک (جەوودەت یەعقووب یۆنان)ە، خەڵکی مووسڵە و ئێستا لە ئەمەریکا دەژی و پێشتریش باسم کردووە.

١٧- تەنیشت جەوودەت، قوتابی: (صاحب جەواد)ە - بەغدایی بوو.

١٨- ئەوجا (جەنابم) ئەندریۆس باکووری - بەپێکەنینەوە و زۆر کامەران و کەیفخۆش بووم. جۆتێ قۆندەرەی سپی هاوینیم لە پێیە و لەسەر یەکە پێلیکانەکەم داناون.

١٩- لە تەنیشتم یەک لە مامۆستا ئافرەتە ئینگلیزەکانە.

٢٠- لە تەنیشتییەوە، قوتابی (یوئێل یوسف عەزیز)ە، ئاشووری (موسڵ) بوو و، یەکەمی ئەو خولە بوو. دوایی دکتۆرای لە زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی وەرگرت و لە زانکۆی مووسڵ تەعین بوو.

٢١- قوتابی: فوئاد داود سەلمان، بەغدایی بوو.

٢٢- قوتابی: ئیدریس رەززووقی، موسڵاوی بوو.

ڕاوەستاوەکان لە ڕیزەکەی دواوە، لەوانەی کە دەیانناسمەوە:

٢٣- ئەوەی لە ناوەڕاست دایە و لە هەموویان درێژترە، ئەوە مامۆستا (مستر پلاومەن)ە و سەرۆکی بەشی ئینگلیزی بوو، لە دوای (دکتۆر ثۆرنلی) بۆمان هات. پێشتر د. ثۆرنلی سەرۆکی (Staff)ی بەشی ئینگلیزی بوو.

٢٤- لە تەنیشتی مستر پلاومەن، بەلای دەستی ڕاستی (خودی خۆی) قوتابی هاوڕێم (یوئاو داود بنیامین)ە، ئاشووری خەڵکی کەرکووک بوو.

٢٥- لە دوای یوئاو، قوتابی (ئیسماعیل القاضی)یە، بەغدایی بوو.

دوو قوتابییەکەی دوای (ئیسماعیل) نایانناسم. بەڵام دوای ئەو دوو قوتابییە.

٢٦- کاک (ئیحسان فوئاد)ە، خەڵکی سلێمانی بوو - بەڵام لە هۆبەکەی مندا نەبوو، لە شوعبەی (أ) بوو - بەڵام لە بەشی ناوخۆ (قسمی داخلی) لە دوو ژووری بەرامبەر یەک بووین - دواییش ئەو چووە مۆسکۆ و بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرت، لەگەڵ ژمارەیێک قوتابی دیکە، لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ - پیرۆزیان بێ.

ئاهەنگی (تخرج)مان لە باخچە خنجیلانەکەی هۆڵی (مەلیک فەیسەڵی دووەم)، لە (باب المعظم) کرا. هەموومان بەڕۆبی ڕەشی زانکۆیی (جامعی) ڕێک و جوان لە شوێنی تایبەت لە ناوەڕاستی باخچەکە دانیشتبووین، بەڕیز. لە دەوروپشتمانەوە، شوێنی میوانان و کەسوکار و خزمی (دەرچووەکان) ئامادە کرابوو. هەر قوتابییەک بۆی هەبوو (٢ دوو) کەس لە خێزانەکەی بێن بۆ ئاهەنگەکە. من دوو ئامۆزایانی خۆم هێنا بوو: کوڕێک ناوی (حەننا نمروود) بوو، کچەکەش (شەمێران ئۆراها = واتە ئیبراهیم) - کە ئەوانە، باوکیان واتا (نەمروود و ئیبراهیم) برا بوون و ئامۆزای باوکم بوون. ماڵیان لە (کەمپی گەیلانی)





مشهد عام لمتخرجي دار المعلمين العالية الذين تسلموا شهاداتهم مساء امس الاول

بوو - زۆر جاران، دەچوومە ماڵیان و شەوانی پێنج شەممە لەسەر هەینی لەوێ دەمامەوە - منیان زۆر خۆش دەویست.

ئەم وێنەیەی دەرچووانی خولەکەی ئێمە، لە زۆربەی ڕۆژنامەکانی ڕۆژی دوایی - ١٦ی حوزەیرانی ١٩٥٧ - بڵاو کرایەوە. من بەقەڵەم، دائیرەیەکم لەسەر وێنەی خۆم دروست کردووە، لە ناوەڕاستی بەشی لای ڕاستی قوتابییەکانم، وا سەیری میوانەکان دەکەم.

مەراسیمی (دەرچوون) بەم جۆرە بوو:

دوای چاوەڕوانیمان، کە لە ڕۆژی ١٥ی حوزەیران، دوای نیوەڕۆ بوو، (موکب)ی مەلیک، هاتنە ژوورەوە - هەموو خەڵکەکە هەڵسانە سەرپێ و چەپڵەیان بۆ مەلیک لێ دەدا و هەلهەلەی ئافرەتان، ئاسمانی پڕ دەکرد، تا مەلیک و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون لە سەرۆک وەزیر و وەزیر و سەفیرەکان گەیشتنە سەر شانۆکەی، لە پێشەوە، لە بەردەمان ئامادە کرابوو.

ئینجا وەزیری (معارف) - دکتۆر خەلیل کەننە، وتارێکی خوێندەوە لە پێش مەلیک، دوای ئەوەی سەلامی مەلیکی لێدرا. ئینجا (جەلالەتی) مەلیک فەیسەڵی دووەم، بڕوانامەکانی بەدەستی خۆی دابەش دەکرد - یەکە یەکە، کە ناومان بانگ دەکرا، دەچووینە

پێشییەوە و ئەو (شەهادە)کەی بەدەستەوە دەبوو، تۆقەی لەگەڵمانا دەکرد و بەزەردەخەنەیەکی بەدڵەوە، پیرۆزبایی لێ دەکردین و دەیگوت (مبروک)!.



ئەم وێنەیەم زۆر شانازی پێوە دەکەم، جەنابی مەلیک فەیسەڵی دووەم، لە ئاهەنگی دەرچوونمان لە ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٥٧، لە باخچەی هۆڵی (مەلیک فەیسەڵی دووەم - لە باب المعظم - بەغدا)

ئەو مەراسیمە بەڕێوە چوو، بەخۆی، دوای تۆقەکردن لەگەڵما و بەزەردەخەنەیەکی بەدڵەوە و پێم دەڵێ (مبروک) و بڕوانامەکەی دایە دەستم و، لە بەردەم دەیەها کامیرا و کامێرای تاکە تەلەفزیۆن لە بەغدا، وێنەکەمان بڵاو دەکرایەوە.

ئەوەی لە دوای مەلیک فەیسەڵ وەستاوە، ئەویش هەر بەڕۆبی (جامیعە)یە، دکتۆر ئیبراهیم شەوکەتە، کە ئەو ساڵە (عمید)ی کۆلێژەکەمان: (دار المعلمین العالیة) بوو.

دوای تەواوبوونی ئەو مەراسیمە و ڕۆیشتنی مەلیک و داروودەستەکەی - ئیتر خزمان و برادەران هاتن و تێکەڵ یەکتر بووین و هەر (خزم) بوو بەدوای (کوڕ یا کچ)ی دەگەڕا و ماچیان دەکردن و وەک دیمەنی مەڕ و بەرخی گوندم هاتە پێش چاو، کاتێ (بزن و مەڕ)ی دایک، واتا کە بەرخ و کارژۆڵەیان لە گوند بەجێ دەمێنن و ئەوان بەگەڵ شوانیان دەکەون و بۆ لەوەڕ دەچن. جا کە ئێوارە دەگەڕێنەوە، دەبێتە هەرا و باعە باعی بزن و مەڕ و بەرخەکانیان کە بەدوای یەکتردا دەگەڕێن، بۆ ئەوەی بەرخەکانیان (شیر) بخۆن!.

منیش لەگەڵ خزمان و هەندێ برادەران وێنەی (بۆ یادگار)یم وەرگرت، وەک ئەوانەی لە خوارەوە بڵاویان دەکەمەوە:





ئەمەش وێنەیەکی دیکەم، کە لە هەمان ڕۆژی ئاهەنگی دەرچوون (تخرج)مان گرت، دوای تەواوبوونی مەراسیمی دابەشکردنی بڕوانامەکانی دەرچوون:

وێنەیەکم لەگەڵ دوو گەنجی خزمی خۆم، کە دەعوەتم کردبوون بێن بۆ مەراسیمی ئاهەنگی وەرگرتنی شەهادەی دەرچوونم، چونکە ئەوانە نزیکترین خزمم بوون - یەکەمیان، کوڕەکە ناوی (حەننا نەمروود)ە، کچەکەش کە لە لای دیکەمەوە وەستاوە، ناوی (شەمێران ئیبراهیم)ە -.

ئەوانە، ئامۆزای یەکن - واتا باوکیان (حەننا و ئیبراهیم) برانە - لە هەمان کاتیشا باوکیان، هەردوو ئەو پیاوانە، لەگەڵ (باوکم)، دەبنە ئامۆزا - جا ئەوانە لە بەغدا، لە (کمپ الگیلانی) خانوویان هەبوو و لەوێ دەژین و من، لەو چوار ساڵەی لە بەغدا بووم، زۆر دەچوومە لایان و هیوایەکی (زەعیف) هەبوو کە من ئەو کچە بخوازم. بەڵام دوور بوو... ڕێک نەکەوت لەبەر گەلێک سەبەب.

***

بەم جۆرە کۆتایی دەهێنم بە بەشی یەکەمی ئەم بیرەوەرییانەم -

پەنا بەخوا و بەیارمەتی برادەران لە بەشی دووەم، باسی دامەزراندنم بەمامۆستا لە کۆیە، لە ساڵی ١٩٥٧ەوە تا...

تا ئەوەندەی کتێبەکەی بەشی دووەمیش هەڵگرێ.

# پێڕست


پێشەکی ........ 5
شوێن و مێژووی لەدایکبوون و بنەماڵە ........ 19
وەسفێکی ناوەوەی قشلە ........ 21
ژیانی خێزان و مناڵە ئاسوورییەکان لە قشلە ........ 30
گواستنەوەمان، بەخاووخێزانەوە بۆ هەولێر ........ 140
گەڕانەوەم بۆ قوتابخانە لە (ثانویە اربیل) لە پۆلی (٣ی) ناوەندی دەوامم کرد ........ 163
بەزمی دزینی مریشک ........ 175
ماڵمان گوازتەوە بۆ کەرکووک ........ 194
چۆن فێرە عود لێدان بووم ........ 203
چاوپێکەوتنم لەگەڵ هونەرمەندی ناسراو (رۆحی الخماش) ........ 213
بگەڕێمەوە بۆ کەرکووک ........ 261
چوونم بۆ کۆلێجی (دار المعلمین العالیە) ........ 267
خزمایەتیم لەگەڵ کاک ولیەم یۆخەننای هونەرمەند ........ 284
تەلەفزیۆن لە عیراق ........ 329
ئاهەنگەکەی سەری ساڵی ١٩٥٧/١٩٥٦ی I. P. C لە کەرکووک ........ 332
لەگەڵ حەسەن زیرەک و تیپی مۆسیقای مەولەوی ........ 335
لە جەژنی نەورۆزدا ........ 338
هێرشە سێ قۆڵییەکەی سەر (میسر) ........ 339